# چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم

بیرەوەریی ساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٨٢
بەرگی یەکەم ٢٠٠٩
ڕەشید ئەحمەدی

## نێوەڕۆک


پێشەکیی نووسەر ........................................................................ ٧
پێشەکیی ئەمیر قازی ................................................................... ١٥
پێشەکیی پەخشان ئەحمەدی.......................................................... ١٧
سەفەرێک بۆ "ئەودیو" .................................................................. ٢٠
کیوەرۆ و ژیانی ئاسایی .................................................................. ٢٤
چۆن بووم بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ......................... ٢٥
یەکەم سەفەرم بۆ شارە گەورەکانی ئێران ............................................. ٣٢
هاتنی د. قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق بۆ کیوەرۆ ....................................... ٣٥
قادر شەریف و کاروباری سیاسیی ڕۆژانەمان .......................................... ٣٩
سەفەرێک بۆ بانە ....................................................................... ٤١
گیرانی سمایلی قاسملوو ................................................................ ٤٢
پاییزی ١٣٣٨، کاتێ کەوتینەبەر پەلاماری ساواک .................................. ٤٨
داوای پەنابەری لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ..................................... ٥٣
کۆمۆن، شوێنی نوێی ژیانمان ......................................................... ٦١
باس لە هەواڵێکی گرنگ ................................................................ ٧٠
گواستنەوەی کۆمۆن..................................................................... ٧١
ژیانم لە مەروێ.......................................................................... ٨٣
بەشدارییم لە شۆڕشی ئەیلولدا ....................................................... ٨٧
ئالوگۆڕێکی دیکە لە ژیاندا............................................................. ١٠٢
قۆناغێکی دیکەی ژیان ................................................................ ١٠٨
گرژی و شەڕ لە نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسیدا.................................. ١٢٠
جاش لە بانە چۆن دروست بوو......................................................... ١٦٠
چۆن کەوتمە نێو بەندیخانەی زەنجان .................................................. ١٨٤
هاتنی تەلا خانمی ئامۆزام بۆ کوردستانی ئێران ...................................... ١٩٢
سەفەرێک بۆ تاران ..................................................................... ١٩٣
هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول......................................................... ١٩٦
سەرەتای کاری تازە و بیرەوەرییەک لە کاک سەلیمی ئەردەڵان ..................... ٢٠٣
سەرهەڵدان لە شارەکانی ئێران و بەشداریم لە شورای شاری بانە .................. ٢٠٩
شەهیدبوونی ئەحمەد خانی ئەحمەدی و ڕەحمان خاتونی .......................... ٢١٨
چلەی شەهیدانی بانە ................................................................. ٢٢١


هەواڵنامەی کتێب

سەفەرێکی سیاسی بۆ خڕی ناوزەنگ ........................................ ٢٢٤
ڕێکخستن و پێکهێنانی سەندیکای شۆفیران ........................................ ٢٢٦
دامەزرانی شورا لە شاری بانە ........................................ ٢٢٨
دەسپێکی کار لە پاسگاکان ........................................ ٢٣٠
ڕووداوێکی ناخۆش ........................................ ٢٣٣
سەرەتای حکومەتی مەهدی بازرگان ........................................ ٢٣٥
مەئموریەتێک بۆ کرماشان ........................................ ٢٣٧
یەکلابوونەوە و ساخبوونەوەی تاک و گروپە سیاسییەکان ........................................ ٢٤٠
شێوەی کارکردنم لە پاسگاکان ........................................ ٢٤٥
سەفەرێک بۆ شاری مەهاباد وەک هێزی شورا ........................................ ٢٤٦
هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ شاری سەقز ........................................ ٢٥٠
گرتنەوەی شاری بانە لەلایەن ڕێژیمەوە ........................................ ٢٥٢
پێناسەیەک لە کۆمیتەی شارستانی ئەو سەردەمە ........................................ ٢٦٦
دیدارێکی سەیروسەمەر لە گوندی ئاڵۆت ........................................ ٢٧٠
سەردانی دەفتەری سیاسی و وەرگرتنی حوکمی فەرماندەهێزی ........................................ ٢٧٤
مەئموریەتێک بۆ دیواندەرە ........................................ ٢٨١
گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان بۆ کوردستانی ئێران ........................................ ٢٨٩
کۆنگرەی چوارەمی حیزب ........................................ ٢٩٤
شەڕی یەک مانگەی شاری بانە ........................................ ٣٠٠
چی بەسەر شاری بانە هات ........................................ ٣٠٨
مەئموریەتێک بۆ کۆمیتەی شارستانی مەریوان ........................................ ٣١٠
سەردانێکی سەید ڕەسوڵ بۆ بانە و گەشتێکی سیاسی نیزامی ........................................ ٣١٨
هێندێ کێشە و گیروگرفت لە نێوان کۆمیتەی شارستان و هێزدا ........................................ ٣٢١
کێشەکانی کۆمیتەی شارستانی بانە ........................................ ٣٢٣
چوونم بۆ پیرانشار و سەرکەوتنێکی گەورە لە دوایین ڕۆژەکانم لە بانە ........................................ ٣٣٥
پیرانشار و ئەرکی نوێ ........................................ ٣٤١
کردنەوەی خولێک بۆ مامۆستایانی شۆڕش لەلایەن حیزبەوە ........................................ ٣٤٤
سەردان لە کۆمیتەی شارستانی پیرانشار ........................................ ٣٤٦
سەردانی دەفتەری سیاسی و ڕووداوێکی ناخۆش ........................................ ٣٤٧
شەڕی گردە سوور ........................................ ٣٤٩
کۆتایی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم ........................................ ٣٥٢

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکیی نووسەر

چەند ساڵێک بوو هەندێک لە هاوڕێیانم پێیان دەگوتم فڵانە کەس، ئەتۆ لەمێژە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی، خۆشیی و ناخۆشیی، هەوراز و نەوی و زیندان و چەرمەسەریی زۆرت لەو ڕێگەیەدا بینیوە و مێژووی ئەو حیزبە بۆتە بەشێک لە ژیانت، ئەوەی کە زۆر جار باسی ڕووداوکان لە تۆ دەبیسن تا ئێستا کەسی دیکەی هاوتەمەنی تۆ باسیان نەکردووە و لە هیچ شوێنێکدا نە بینیومانە و نە بیستوومانە، بۆیە زۆر کارێکی باشە ئەگەر قۆڵی لێ هەڵماڵی و هێندێک خۆت ماندوو بکەیت و وەک هەموو ئەو کەسانەی کە بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیونەتەوە تۆیش بینووسەوە. وەڵامەکەم لای خۆم ئاوایە، دەڵێم بیرەوەری ئەگەر ئەوە بێت کە مرۆڤ خۆی بکاتە قارەمان و لەپێناو بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیدا خاڵە نێگەتیڤەکانی خۆی کەمڕەنگ بکات و پۆزەتیڤەکانیشی پڕڕەنگ و هاوکات لایەنە لاوازەکانیش پاساو بدا و بیانشارێتەوە، ئەوە بێگومان مێژوو دەشێوێنێ و دەبێتە سەرچاوەیەکی لێڵ و چەواشەکراو بۆ مێژوو و دوارۆژمان، کە پێموایە ئەو نووسینانە لە زیان زیاتر سوودێکی تریان نییە. ئەگەر بیرەوەرییەکانیش بە ڕاستی و دروستی بنووسرێنەوە و مرۆڤ واز لە قارەمانبوونی خۆی بهێنی، ئەگەری ئەوەیش هەیە کە کەم کەس هەیە ماوەیەکی دووروودرێژ لە تێکۆشانێکی سیاسیدا بووبێت و هەموو کارەکانی بە قارەمانەتی و بێ هەڵە تەواو کردبێت. هەربۆیە خاڵی لاوازیش دێنە ژیانی سیاسییەوە و پێویستە چاو لەو کەسانەش بپۆشرێن کە لە نووسینی بیرەوەری و گوتنی ڕاستییەکاندا دژبەرایەتی دەکەن و تووشی هەڵچوون دەبن. جا ئەگەر بەو شێوەیە بیرەوەری بنووسینەوە بێگومان ئەو نووسینە گەلێک پیرۆزە و دڵنیام کە مێژوویەکی پوخت و ڕاستی لێ دێتە بەرهەم. بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار لەگەڵ خۆم کەوتوومەتە پرسیار و وەڵام. ئەی باشە ناکرێت مرۆڤ ڕچەشکێن بێت و لەپێش هەموو شتدا خاڵە لاوازەکانی خۆی بە ڕاستی و دروستی بنووسێت بۆ ئەوەی ئەو کات بتوانێ بە بوێرییەوە دەست بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان ڕابکێشی؟ جا بۆیە هاتمەسەر ئەو باوەڕە کە دەست بدەمە پێنووسە کۆڵەکەم و ئەوەندەی لە توانای نووسینمدا هەیە و ئەوەندەی لەبیرم ماوە بە ڕاستی و دروستی ژیاننامەی سیاسیی خۆم بنووسمەوە، کە بەشێکە لە ژیانی حیزبایەتیم و بەشێکیشە لە مێژووی گەلەکەم. دوای ئەم قسەوباسانە لەگەڵ خۆمدا، بەو ئاکامە گەیشتووم کە شتێک نەنووسم دوور بێت لە ڕاستی و بە هیچ جۆرێک بە لاڕێدا نەڕۆم. هیوادارم ناوی کەسانێکیش کە پێوەندییان بە باسەکانەوە هەیە و لە بیرەوەرییەکانمدا ناویان هاتوون و لەوانەیە بە جۆرێک لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا نەیەنەوە، دڵیان لێم نەڕەنجێت. چونکە من لە سەرەتاوە بەڵێنم دا کە مێژوو و ڕووداوەکان چۆنن ئاوایان بنووسمەوە. ئەگەریش لە درێژەی بیرەوەرییەکاندا سەرنج بدەی بۆت دەردەکەوێ کە من باسی خۆیشم لە هەموو ئەو شتانەی ڕوویانداوە نەبواردووە. خۆ دەبێ ئەوە قەبوڵ بکەی ئەمن خۆم خۆشدەوێ و بەرژەوەندیی خۆیشم لەڕێگەی ڕاست و دروستەوە زۆر

مەبەستە. بەڵام چی دەڵێی، مێژووی ڕووداوەکان غەیری ئارەزووی ئێمە هەموومانە. من بەشبەحاڵی خۆم ئارەزووم دەکرد مێژووی خەباتم پڕ بوایە لە کاری باش و خەڵکپەسند بەڵام چی دەڵێی کە ڕۆژگار مرۆڤ تووشی هەڵە و کاری ناپەسندیش دەکات. مرۆڤ هەموو کات قارەمان و بەهەست و ژیر نییە کە تووشی هەڵە و هەڵخلیسکان نەبێت. کەوابوو دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە مێژوو ناشاردرێتەوە و ون نابێ. دەبا قبوڵی ئەو ڕاستییانەش بکەین کە لە مێژووی ژیانماندا ڕوویانداوە، بەڵام با کۆمەڵێش بە چاوێکی دادوەرانەوە هەردوو لایەنی ڕووداوەکان بە باش و خراپەوە هەڵسەنگێنیت و هەر لایەک بە ڕادەی قورسایی خۆی حیسابیان بۆ بکرێت. چونکە بەداخەوە زۆر جار تەنیا لایەنە لاوازەکانی مرۆڤ باس دەکرێن و سەدان کار و ڕووداوی باشیش لە یاد دەکرێن و نایەنەبەر باس. بەو هیوایە هەموو لایەکمان ڕاستنووسینەوەی مێژوو لەپێش بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆمانەوە دابنێین. هیوادارم تۆ کە لە نزیکەوە لەگەڵ ڕووداوەکان بوویت و هەست بە کەموکووڕییەک یان شتێکی لەبیرکراو لەم کتێبەدا دەکەی یان کەسانێک کە لەنێو باسەکانی مندا بەشدار بوون بەڵام ناویان نەهاتووە، سوپاست دەکەم کە بە هەر شێوەیەکی گونجاو ئاگادارم بکەیتەوە. ئەگەر ژیان مۆڵەتم بدا لە بەرگی دووی بیرەوەرییەکانمدا چاپ و بڵاویان دەکەمەوە. پێویستە هەر لەم پێشەکییەدا ئەو خاڵە ڕوون بکەمەوە کە ئەم بیرەوەرییانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی لاوەتی، کە زیاتر لە بیری مرۆڤدا دەمێننەوە، و دوایش لە دۆستان و دەروبەریانم بۆم گەڕاوەتەوە و بۆیان باس کردووم. من لەم نووسینەدا باسی دەیان دانیشتن و کۆبوونەوەم لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی کردووە، لە دەیان شوێندا باسی بۆچوون و قسەی ئەم و ئەوم هێناوەتەبەر باس کە هەریەک لە زەمانێکی تایبەتدا بوون و بە ئەدەبیاتی تایبەتی سەردەم یان بە زاراوەی کوردستانی باشوورە ـ کە بەشێکی بیرەوەرییەکانم پێوەندییان بە ژیانی ئاوارەیی لەو بەشەی کوردستانە. دەمەوەێ بڵێم بەشێکی نووسینەکە بە شێوە ئەدەبیاتی سەردەمی خۆی نووسراوەتەوە. واتە ئەم بیرەوەرییانە بەشێکیان بە شێوە دەربڕینی ڕابردوو و هەندێکیشی بە شێوازی ئەمڕۆ و بەپێی توانایی خۆم نووسیومنەوە بەڵام بە دڵنیایییەوە جەوهەری قسەکان هەر ئەوەن کە نووسراون. ئەوەی کە جیاوازی هەیە بڕێک لە شێوەی ئەو ئەدەبیاتەدایە کە زووتر و لە دەورانێکی دیکەدا و بە ئەدەبیاتێکی ترەوە بەکارم هێناوە. شتێکی گرینگ کە جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە من لە پاییزی ١٩٨٧دا بە مەبەستی پەناخوازی وەک پەنابەرێکی سیاسی لە ئەوروپا هاتوومە تورکیە. لەو سەردەمەدا یاسای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەشی پەنابەران، وا بوو کە تێکڕای موشاویرەکانی، ئەوانەی کاروباری پەنابەرانیان ڕادەپەڕاند، هەموویان خەڵکی دەرەوەی تورکیە بوون، و موشاویرەکەی من کەسێکی فەرانسی بوو بە ناوی کۆشۆتۆ. ئەو کاتە بەهۆی دۆخی ئاڵۆزی کورد لە تورکیە کەمتر وا بوو پەنابەرانی کورد وەک کورد خۆیان لەلای پۆلیسی تورکیە بناسێنن. بۆیە من خۆم و خێزان و منداڵەکانم وەک خەڵکی خورەم ئاباد (شارێکی ئێران) لەلای پۆلیسی تورک ناساند. بەڵام لەلای یوئێن کێ بووم، چ لە باری ڕەگەزی نەتەوەیی و

چ لە باری سیاسی بێ کەم و زیاد خۆم بە مشاویرەکەم ناساند. هەر ئەوەش بوو کە دوای ماەیەکی کورت خۆم و خێزان بەگشتی وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتی سوید وەرگیراین. مەبەست لەم باسە ئەوەیە کە کاتێ موشاویرەکەمان هاتە شارەکەمان، نیدە، کۆمەڵێک دیکومێنت، وەک حوکمی فەرماندەهێزی، دەیان نامەی مەئموریەت لەلایەن دەفتەری سیاسی بە ئیمزای دوکتۆر قاسملوو، دەیان وێنە لەگەڵ پێشمەرگە و کەسایەتییەکانی نێو حیزب و کۆمەڵێک دیکومێنتی دیکە کە لە بیرەوەریی بەرگی دووەمدا پێویستە باس بکرێن، لەبەردەم موشاویرەکەمدا بە مەبەستی بەهێزکردنی پەروەندەکەم دانابوون، بەڵام ئەو گوتی ڕەشید، وەک ئێمە ئاگادارین شەوانە پۆلیسی تورکیە دەچنە ماڵی پەنابەران و ماڵەکانیان دەپشکنن بۆ دۆزینەوەی بەڵگە و شتی لەو شێوە بۆیە بە باشی نازانم ئەو بەڵگانە لای تۆ بن، چونکە تۆ لای پۆلیس کەسێکی دیکەیت. هەروەها گوتی من بە ئەمانەت لەگەڵ خۆمدا دەیانبەمەوە بۆ دەفتەری یوئێن و هەر کات ڕۆیشتی بۆ دەرەوە وەرە بۆلام وەریانبگرەوە. منیش ڕازی بووم بەڵام کاتێ ئێمە کاروباری پەنەبەریمان بۆ دەرەوە تەواو بوو و بلیتی فڕۆکە ئامادە کرا، لە شاری نیدەوە پۆلیسمان لەگەڵ هات بۆ ئانکارا تاکو ڕەوانەمان بکەن. پۆلیس لەگەڵمان هات بۆ یوئێن. داوام کرد بچمە لای موشاویرەکەم بەڵام پۆلیس ئیجازەی پێنەدام. گوتی پێویست بە تۆ ناکات، خۆم کارەکان دەکەم. لەڕاستیدا منیش نەموێرا بڵێم ئەمانەتەم لەلای موشاویرەکەم هەیە. هاوکات ئەوەندە لە ژیانی تورکیە و زوڵم و توندوتیژیی پۆلیسی ئەو وڵاتە ئەترسام و بێزار بووم کە ئارەزووم دەکرد هەرچی سەعاتێک زووتر لەدەستیان ڕزگار بم. بۆیە منیش هیچ پێم دانەگرت بۆ دیتنی موشاویرەکەم. ئێمەیان لە دەری یوئێن ڕاگرت، پۆلیسەکە خۆی چووە ژوورێ و پەروەندەدەی چوونەدەرەوەی ئێمەی هێنان و بردینیەوە بۆ هۆتێل. بەیانی زوو لەگەڵمان هات بۆ فڕۆکەخانەی ئانکارا و ڕەوانەی کردین. من زۆر پەرۆشی ئەو دیکومێنتانە بووم بۆیە لە ئیدارەی پەنابەران لە سوید باس کرد. داوای یارمەتیم لێکردن بۆ وەرگرتنەوەی دیکومێنتەکانم. ئیدارەی پەنابەران نامەیان بە ناوی ئیدارەوە بۆ نووسیم بۆ یوئێن لە تورکیە. وەڵام هاتەوە کە ئەو موشاویرە چەند حەوتوو پێش ڕۆیشتنی ئێمە لە تورکیە ڕاگوێزراوە و لەوێ نەماوە. دەبێ بڵێم بەداخەوە کە هیچ یەک لەو دیکومێنتانم دەست نەکەوتنەوە تاکو لە پاشکۆی بیرەوەریەکانمدا دابندرانایە. هەرچەند ئەو شتانەی کە من نووسیومن وەکو مەئموریەتەکان، حوکمی پلەی ئەرکەکانم و خزمەت لە شوێنی جۆراوجۆر، بەخۆشییەوە خەڵکێی زۆر و تەنانەت بەشێکی زۆریش لە پێشمەرگەکان چ لە ناوەوەی وڵات چ لە دەرەوە، ئێستا لە ژیاندان کە شاهیدی قسەکانمن. بەڵام خۆش بوو ئەگەر دیکومێنتەکانم لە پاشکۆی بیرەوەریەکانمدا هەبان. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵدا دەبم و هیوادارم بەڵکو لانیکەم هێندێ وێنە لای هاوڕێیان و ڕوونووسی ئەو دیکومێنتانەش ئەگەر دەستم پێیان ڕابگات لە ئەرشیڤەکانی حیزبدا، لە بەرگی دووەمی بیروەوەرییەکانمدا چاپیان بکەم.

ڕەشید ئەحمەدی –زستانی ٢٠٠٨ سوید

پێش ئەوەی بێمە نێو باسەکان، پێویستە خۆم بناسێنم. ناوم ڕەشید ئەحمەدی، کوڕی مەجید خان، مەجید خان کوڕی مەحموود خان و مەحموود خان کوڕی فەتاح خان بووە. لەنێو بنەماڵە و هاوڕێیان و نزیکانمدا پێم دەگوترێ کاک ڕەشید. هێندێ کەسیش وەک حەزی خۆیان پێم دەڵێن ڕەشید خان. خەڵکی شاری بانەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە مانگی ڕێبەندانی ١٣١٥ی هەتاویدا (١٩٣٧ ز) لە گوندی کیوەڕۆ لە بنەماڵەیەکی بەگزادە و خاوەن موڵک لەدایک بووم. لە پێناسی ڕەسمیدا ١٣١٦ نووسراوە کە بەلای خۆمەوە ١٣١٥ دروستە. بنەماڵەی ئەحمەدی بنەماڵەیەکی خاوەن موڵک و دەسەڵاتدار بوون لە بانەدا و بە ئەسڵ بەگزادەمان پێ دەڵێن بەڵام وشەی خان لەوێوە هاتووە کە لە شاری بانە لەنێو هۆزەکاندا هەر کەس لەو هۆزەدا توانیبێتی ببێتە سەرۆکهۆز پێی گوتراوە خان. هەروەها بە کوڕەکانیشی وتراوە خان. هەرچەند کوڕەکانیشی نەیاتوانیبێ بگەنە پلەی سەرۆکهۆزی بەڵام وشەی خان بۆتە پاشناویان. بنەماڵەی ئێمە باپیر و باپیرەگەورەمان سەرۆکایەتی هۆزیان کردووە. هەر ئاوا ناوی خانیش وەکو پاشناو بۆ ئێمە ماوەتەوە. باپیرم، مەحموودخان، سەرۆکهۆز بووە و بەدەستی جەللادەکانی ڕێژیمی ڕەزاشای پەهلەوی بە تاوانی داوای دەسەڵاتی ناوچەیی شەهید کراوە. لە سەردەمی باوکم و سەلیم خانی مامم‌دا کوردستان، بەتایبەت بانە، سیستەمی عەشایەری بووە و کەسێک کە حکومەت حیسابی بۆ کردبێت و لە بەرامبەر خۆیدا لێی ترسابێ ئەو توێژە بووە، واتە توێژی بەگزادە. توێژی ڕووناکبیر یان خوێندکار نەبووە. ئەگەر بووبێتیش زۆر کەم بووە و توانای نەبووە بەرامبەر بە سیستەمی دەوڵەتی و زوڵم و ستەم ڕاوەستێ. مێژوو نیشانی داوە کە لە کوردستاندا زۆرتر عەشایەرەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی ناوچەیی لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی سەردەمدا ڕاوەستاون. زۆر جاریش ڕابوون و شۆڕش لەلایەن عەشایەرەکانەوە، واتە ئاغاکانەوە بووە و ئەوان بوون کە ویستوویانە لەجیاتی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکەدا، خۆیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. عەقڵی ئەو سەرەردەم و بارودۆخەکە هەر ئەوەندەی توانیوە و زانیوە. بۆیە حکومەتی ئەو کاتی ئێران کە زەمانی ڕەزاشای پەهلەوی بووە هەر لەو سۆنگەوە بەشێک لە ئاغا بەدەسەڵاتەکانی شارەکانی کوردستان بەتایبەت شارەکانی سەرسنوور، بەرەو تاران و شارەکانی دیکەی ئێران لەژێر ناوی "تبعید" لە زێدی خۆیان دوورخستۆتەوە کە مەبادا دژی دەسەڵات سەرهەڵدان بکەن. ئەوە بوو لە مانگی ئازەر (سەرماوەرز)ی ١٣١٧دا حەسەن خان و عێزەت خانی کوڕی هەروەها دوو کەس لە نۆکەرەکانی بە ناوی میرزا شەریف و عەبدوڵڵا نازەنین و هەروەها سەلیم خانی مامم، و سەرجەم ئەم کەسایەتییانە لە بنەماڵەی ئەحمەدی، نەسروڵڵا خان و براکەی، فەیزوڵڵا خان لە بنەماڵەی ڕۆستەمی ڕەوانەی تاران دەکرێن، کە هەتا ساڵی ١٣٢٠ نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بانە. گەڕانەوەیان بۆ بانە لە لاپەڕەکانی دواییدا باس دەکەم. بەدوای ئەوەدا سەلیم خان کە چەند ژن و چەند منداڵی هەبوون، لەگەڵ ماڵی باوکم و مەحموود خانی برایان کە سێ برا بوون، لە گوندەکانی خۆیان ڕاپاندەگوێزن بۆ شاری بانە. بۆ ئاگاداری،

مەحموود خان لە سکی دایکیدا بووە کە مەحموود خانی باوکی شەهید کراوە. لە کوردستان باوە زۆر لەو منداڵانەی کە دوای نەمانی باوکیان لەدایکدەبن بە ناوی باوکیانەوە ناو ئەنرێن. ئەو کاتە باوکم سەرپەرشتی ئەم خێزانانە بووە. لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت دەستوری داوە کە هیچ جۆرە داهاتێکی سامان و دێهاتەکانیان پێ نەگات. حکومەت خۆی دەستی بەسەردا دەگرێت. لەو کاتەدا باوکم زۆر دەستکورت دەبێت و خزمەکانی یارمەتی ئەدەن. بەم حاڵە ژیان دەچێتە پێش هەتا شەڕی دووەمی جیهانی. ئەودەم باوکم ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی کیوەرۆ. کاتێ شەڕی دووەمی جیهانی دەستپێکرد، هەرچەند ڕەزاشا بە ڕواڵەت دەیگوت من بێلایەنم بەڵام لەڕاستیدا بووە هاوپەیمانی هیتلەر. هاوپەیمانانی دژی هیتلەر ئەمریکا، ئینگلیس و سۆڤیەتی پێشوو، هێرش دەکەنەسەر ئێران. سوپای ئێران زۆر زوو تەسلیمی سوپای هاوپەیمانان دەبێت. سوپای ڕووس دەکەوێتە بەشی ئازەربایجان و بەشێک لە کوردستان و دواتر دێتە شاری بانە. سەرکردەکانی پادگانی بانە دەسبەسەر دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن. سەربازەکانیش ئازاد دەکەن و دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. بەرپرسایەتی بانە دەدەن بە ژاندارمری و فەرماندەی مەرزبانی. پادگانی بانە لاواز دەبێت. حەمەڕەشید خان پێشتر خەڵکی بانە بووە، بەڵام لە باوک و باپیریەوە بەشە ملکی ئەو بنەماڵە کەوتۆتە ناوچەی شلێر، کە بریتییە لە گوندەکانی دارۆخان، وێنە، شیوەگوێزان و چەند گوندی بچوکی دیکە. ئەم هۆزە سەرجەم لە ڕابردوودا بە ناوی هۆزی بەهرامی ناسراون. ئێستا بەشێکیان وەک بنەماڵەی حەمەڕەشید خان لە ناوچەی شلێر لە قەزای پێنجوێن لە باشووری کوردستان دەژین، بەشیکیشیان لە بانەن. هەرچەند لەم ئاخریانەدا بوونە چەند دەستە و ناوی بەشێکیان بۆتە سەرحەدی و بەشێکیشیان عوسمانی، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی ناویشدا هەر حیسابی بنەماڵەی بەهرامی‌یان بۆ دەکرێت. گوتمان هاوپەیمانان ئێرانیان داگیر کرد و ڕووسەکان هاتنە بانە و ئەفسەرە گەورەکانیان بردن بۆ شاری ورمێ و پادگانیان بە ژاندارمری و مەرزبانی سپارد. حەمەڕەشید خان کە لە عێراق بوو و لە دارۆخان ئەژیا زۆرتر ئاگای لە بارودۆخەکە هەبوو. ئەوە بوو ناوبراو بڕیاری دا بچێت بۆ بانە و بە یارمەتی هۆزەکانی دیکەی بانە دەست بەسەر پادگانی بانەدا بگرێت. حەمەڕەشید خان بە یارمەتی هۆزی ئەحمەدی و هۆزەکانی دیکەی بانە پادگانی بانە دەگرێت. هەموو ئەو ئەفەراتەی لە پادگاندا بوون ئازاد دەکەن. حەمەڕەشید خان دەبێتە دەسەڵاتداری شاری بانە. بەهۆی گرتنی پادگانی بانە هۆزەکانی عەشایەر بوونە خاوەنی چەک و تەقەمەنیەکی زۆر، بۆیە توانیان هێرش بکەنە سەر سەقز و سەردەشت و دەست بەسەر پادگانەکانی ئەو دوو شارەشدا بگرن و شارەکانیش لە هێزی دەوڵەت ئازاد دەکەن. حەمەڕەشید خان وەک دەسەڵاتێکی ناوچەیی حکومەتی خۆی لەم سێ شارەدا دادەمەزرێنێت. پێشتر گوتم سەلیم خان و حەسەن خان و نەسروڵڵا خان و چەند کەسی دیکە لە هۆزەکانی بانە لەلایەن ڕەزاشاوە دوورخرابوونەوە بۆ تاران. سەلیم خان وەک پیاوێکی هۆشیار و لێهاتوو پێش هاوڕێکانی هەستی بە بارودۆخی ئێران کردبوو. ئەو کەڵک

لە شێواویی ڕێژیم وەردەگرێ و ئەتوانێ خۆی لە تاران ڕزگار بکات و بەرەو بانە ئەگەڕێتەوە. سەلیم خان هەر لە دەسپێکی گەڕانەوەی بۆ بانە دەکەوێتە بیری دەسەڵات لە بانە. بۆ ئەو مەبەستە هۆزەکەی خۆی کۆدەکاتەوە و ڕاوێژیان لەگەڵدا دەکات. جگە لە هێزی بەهرامی کە هۆزی حەمەڕەشید خان بوو لەگەڵ هۆزەکانی دیکەی بانەش قسە دەکا و پشتیوانیی هەموو هۆزەکانی بانە و بەشێک لە هۆزەکانی سەرەدەشت و سەقز بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. ئەم کۆبوونەوە و کارانە نزیک بە دوو مانگی پێدەچێت بەدوای گەڕانەوەی لە تاران. کاتێ سەلیم خان هێزی خۆی دەبینێ کە لە هێزی حەمەڕەشید خان زیاترە، ئەچێت بۆلای حەمەڕەشید خان و بە ڕاشکاوی پێی دەڵێت خان، من سوپاسی ئەوەت دەکەم کە لە نەبوونی مندا ئەو هیمەتەت کردووە و بە یارمەتی خزمانی من و هۆزەکانی دیکە شارەکانی بانە و سەقز و سەردەشتت ئازاد کردووە. ئەم هیمەت و ئازایەتییەی جەنابت جێگای پێزانینە. بەڵام بۆخۆت ئەزانی کە جەنابت خەڵکی ئێرە نیت و خاوەنی بانە ئێمەین و دەسەڵاتداریێتی ئێرەش مافی ئێمەیە. بەڵام بەهۆی ئەو هیمەت و لێهاتووییەی جەنابت پێم چاکە ئەم دەسەڵاتە لە نێوانماندا بەش بکرێت. حەمەڕەشید خان بەم قسەی سەلیم خان تێکدەچێ، بەڵام سەر خۆی ناهێنێ و لە وەڵامدا ئەڵێت بیری لێ دەکەمەوە و وەڵامت ئەدەمەوە. حەمەڕەشید خان بیر لە دەسەڵاتی سەلیم خان و خاوەنبوونی ناوبراو وەک مافی خۆی لە بانە و بیر لە شەڕی براکوژی دەکاتەوە و بەو ئاکامە دەگات کە ڕازی بە دەسەڵاتی هاوبەش بێت. بەم شێوەیە خان وەڵامی سەلیم خان ئەداتەوە و دەسەڵاتداریێتی بانە وەک یەک بەسەر یەکدا دابەش دەکەن. سەلیم خان ماڵێکی لە شاری بانە دەبێت بەڵام جێگای ئەسڵی خۆی لە گوندی زەرواوی سەروو دەبێت. سەلیم خان بۆ یەکەم جار لەم گوندە قوتابخانە دەکاتەوە. من یەکێک لە قوتابییەکانی ئەم قوتابخانە بووم. بە خزم و منداڵی خوی و کەسانی ئاواییەوە نزیک بە پازدە قوتابی دەبووین.

لە ساڵی ١٣٢٢ی هەتاویدا شێخ لەتیف، کوڕی شێخ مەحموودی حەفید، بەدوای شکستی حکومەتەکەی شێخ مەحمووددا ساڵانێک کە ناڕازی بووە لە حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق لەو هەلە کەڵک وەردەگرێت و دێت بۆ بانە. سەرەتا دەچێتە لای حەمەڕەشید خان. بەڵام بە باشی وەرناگیرێت بۆیە دەچێت بۆلای سەلیم خان. دوای ڕێزگرتنێکی زۆر لەلایەن سەلیم خانەوە بە ڕاوێژ و ڕەزامەندیی هۆزەکانی سەردەشت، شێخ لەتیف دەباتە سەرەدەشت و دەیکاتە حاکمی ئەو شارە. شێخ لەتیف بۆ پتەوبوونی پەیوەندی و خزمایەتی داوا لە سەلیم خان دەکات کە تەڵا خانمی کچی بە هاوسەری بداتێ. سەلیم خان ئەم داوایەی شێخ لەتیف قبوڵ دەکات. شێخ لەتیف یازدە مانگ لە سەردەشت ئەمێنێتەوە. لەو ماوەدا بابەعەلی شێخ ڕەئوف، خزمی شێخ مەحموود، دێ بەدوای شێخدا و دەیباتەوە بۆ سلێمانی. سەلیم خان لەو دەسەڵاتە هاوبەشەی لەگەڵ حەمەڕەشید خاندا، هاوبەشی هەموو ئەو گیروگرفتانە ئەبێت کە دێنە ڕێیان، بەتایبەت لە چەند پەلاماری هێزەکانی تارانەوە بۆسەر شاری سەقز. سەلیم خان لە مانگی پووشپەڕی ١٣٢٣ی هەتاویدا

بەهۆی ناسازییەکی گومانلێکراو کۆچی دوایی ئەکات. زۆر نابات بەدوای کۆچی سەلیم خاندا حکومەتی ناوەندی کە ئەو کات بەدەست محەممەد شا کوڕی ڕەزاشاوە دەبێت، هێرش دەکاتەسەر سەقز و بانە و کۆتایی بە دەسەڵاتی ناوچەیی ئەهێنێ. حەمەڕەشید خان کە توانایی بەرگری نابێت، تووشی دەمارگرژی و کارێکی زۆر نادروست ئەبێت و بڕیاری سووتاندنی شاری بانە دەدات. شاری بانە ئەسووتێ و خەڵکی بێ تاوانی ئەم شارە دەربەدەر ئەبن. حەمەڕەشید خانیش ئەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی دارۆخان لە قەزای پێنجوێنی سەر بە پارێزگای سلێمانی. مەجید خانی باوکم بە چەند مانگ پێش کۆچی دوایی سەلیم خان کۆچی دوایی دەکات. سەلیم خان براگەورە بوو. ئیتر ئێمە هەردوو بنەماڵەی سەلیم خان و مەجید خان بێ سەرپەرشت ماینەوە. منداڵەکانی ئەو دوو برایە هەموویان تەمەنیان لەژێر هەژدە ساڵەوە دەبێت. سەلیم خان و مەجید خان برایەکی دیکەیشیان بە ناوی فەتاح خان بووە کە پێشتر ناوی هاتووە، لەوان بە تەمەن بچوکتر بووە. دوای نەبوونی سەرپەرشت و کۆچی دوایی سەلیم خان و مەجید خان و هاتنەوەی دەسەڵاتی تاران بۆ بانە هەردوو بنەماڵە و بەگشتی هۆزەکانی دیکەی بانە تووشی ئاوارەیی بەرەو عێراق و شارەکانی دیکەی کوردستان دەبن. شێخ لەتیفی حەفید وەک وەفاداری و بوونی خزمایەتی لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە کاتێک هەواڵی ئەم لێقەومانە دەبیسێ بە هاوارمانەوە دێت و ئەوپەڕی یارمەتیمان دەدات. ماڵەکانمان باردەکات بۆ ناوچەی شاربازێر. بنەماڵەی سەلیم خان لە گوندی کەناروێ و ئێمەش لە گوندی بێوران خانوومان پێدەدرێت و نیشتەجێ دەبین. زستانی ئەو ساڵە، ١٣٢٤ی هەتاوی، لەو گوندانە ماینەوە. لەو ماوەدا حکومەتی ئێران لێبوردنێکی گشتی دەردەکات و داوا دەکات کە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر شوێن و جێگای خۆیان. ئێمەش بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بانە. بەڵام شێخ لەتیف داوای لە حەمە خان، کوڕی گەورەی سەلیم خان، کرد کە موافەقەت بکات کە شێخ لەتیف تەڵاخانم بە هاوسەری بگوزێتەوە ماڵی خۆی. هەروەک پێشتر باسم کرد، ئەم خزمایەتییە لەلایەن سەلیم خان، باوکی تەڵاخانم، و شێخ لەتیفەوە کراوە. ئێمەش هەردوو بنەماڵە گەڕاینەوە بانە. ماڵی سەلیم خان چوونەوە گوندی زەرواو و ماڵی ئێمەش کە بریتی بوو لە دایکم و براکەم، کە تەنیا ئەو برایەم هەیە بە ناوی کەریم، چووینەوە گوندی کیوەرۆ. ماڵی مەحموود خانی مامیشم کە چووبوونە گوندی نۆرک لە قەزای شاربازێر گەڕانەوە گوندەکەی خۆیان، ساڵوکی سەروو. بەم جۆرە لە ژیانی ئاوارەیی دەرباز بووین. ژیانی تازەمان کە بریتی بوو لە بێکەسی و نەداری، بۆ چەند ساڵ درێژەی کێشا. هەر چۆنێک بێت توانیمان ژیانێکی مامناوەندی دروست بکەینەوە. لەو ماوەیەدا مەلایەکمان هەبوو لە گوندی کیوەرۆ کە حوجرەی هەبوو و دەرسی بە فەقێیان دەگوتەوە. چوومە لای مامۆستا کە ناوی مەلا ڕەحیم بوو و جارێکی دیکە دەستم بە دەرسخوێندن کردەوە. چەند ساڵێک لای مامۆستا دەرسم خوێند و بە باشی فێری نووسین و خوێندن بووم. بۆ ئەو کاتەی ژیانم بەسم بوو، ئیتر پێویستیم بە بووژانەوەی باری ئابووری هەبوو کە لە زەمانی ئاوارەییدا هەرچی هەمانبوو لەدەستماندابوو. سەرلەنوێ بە هەوڵ و

هیممەتی دایکم ژیانمان دروست کردەوە. باری ئابووریمان تا ڕادەیەک بووژایەوە. ئەمە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی بوو. هەر لە پاییزی هەمان ساڵدا داوام لە دایکم کرد پێداویستی ژیانم بۆ دابین بکات هەتا لە شاری بانە درێژە بە خوێندن بدەم. دایکم زۆری پێخۆش بوو. بە هاوبەشی لەگەڵ برایم خان کوڕی سەلیم خان و حەمە خان کوڕی حاجی قادر خانی ئارمردە کە ئەو کات زیارەتی ماڵی خوای نەکردبوو و هێشتا نەببوو بە حاجی، ژوورێکمان لە شاری بانە بە کرێ گرت. برایم خان لەدوای شەڕی ناسراو بە "شەڕی سێ مانگە" لە شەڕی نێوان پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و هێزی پێشمەرگە لە شاری بانە خومپارەی بەرکەوت و شەهید بوو. ئەو ساڵە، ١٣٢٦، ئیمتحانم دا و لە کلاسی شەشی سەرەتایی وەرگیرام و بۆ ساڵی دوایی تا کاتی پشووی هاوینە کلاسی شەشەم تەواو کرد. ئەو کاتانە دەورەی سەرەتایی تا کلاسی شەش هەبوو. بەداخەوە لەو قوناخەدا کۆتایم بە خویندن هێنا. چەند کەسێک لە خزمانم کە لە من بەتەمەنتر بوون گوتیان تۆ ئیتر گەورە بووی، باوکیشت نەماوە، بۆیە پێویستە ماڵ و ژیانت ئیدارە بکەیت و لە بیری ژنهێنان و ماڵ و ژیانتدا بیت، و دروست نییە ماڵ و حاڵت بۆ دایکت بەجێ بهێڵی. دیارە ئەمەش بەشێک بوو لە کەلتوری ئەو سەردەمە، بەتایبەت لەنێو هۆزەکاندا. ئەم قسانە کارتێکەرییان لەسەرم دانا و ساڵی دوایی نەچوومەوە خوێندن. لەو بەشەی ژیانیش دەرباز بووم. کەوتمە بیری سەفەر و دێنیی خزمان و ژنهێنان و قۆناخێکی سەرووتر و خۆئیدارەکردن بە شێوەیەکی شیاوتر. دوای چەند سەفەر بۆ شاری بانە و چەند جارێك سەردانی خزمان و هاتنی ئەوان بۆلای ئێمە لە ماوەی چەند ساڵێکدا، کەوتمە قۆناخێکی دیکەی ژیانەوە. باری گوزەرانمان گەشەیسەند. ئەو شتانەی کە بۆ لاوێکی تازەپێگەیشتوو لە گوندێکدا خۆش بوون هەبوونی ئەسپێک، تفەنگ، دەمانچە، کەوی ڕاوی و ... بوون کە توانیم هەموو ئەمانە پێکەوەبنێم. هەروەها خانووەکەم نۆژەن کردەوە و میوانخانەیەکی باشم دروست کرد. ئیتر سەرەتای لاوێتیم بوو و حەزم لە سەفەر و نێو خەڵک دەکرد. لەم هاتوچوانەدا بۆ ماڵی خزمان جارێک چوومە گوندی سیچان (لە چەند کیلۆمەتری شاری بانە) بۆ دیدەنی خوالێخۆشبوو نەسروڵڵا بەگ. دوای چەند جار سەردان و دێنیی یەکتری، خزمایەتییەکەمان گەرمتر بوو. لە ئاکامدا لەگەڵ کچێکی نەسروڵڵابەگ بە ناوی نەسرەت ژیانی هاوسەریم دەستپێکرد. پەیوەندیی ژنومێردایەتی من و نەسرەت بوو بە دەستپێکێک بۆ خزمایەتییەکی گەرمتر و دڵخۆشیی هەردوو بنەماڵە. وەک عادەتی کوردەواریی ئەو سەردەمە لە پاییزی هەمان ساڵدا، واتە ١٣٣٢، زەماوەندمان کرد. بەدوای ساڵێك ژیانی هاوبەش کچێکمان بوو و لە خۆشەویستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کچەکەمان ناونا مەهاباد. لەو بەشەی ژیانیش دەربازبووم و چوومە قۆناخێکی دیکەی ژیانەوە.

## پێشەکیی ئەمیر قازی

خوێنەری بەڕێزی ئەو بیرەوەرییانە!
وەختێک کاکی نووسەر بەپێی ئاشنایەتیی کەون لە منی داواکرد کە پێشەکییەکی کورت بۆ ئەو کارەی بەڕێزیان بنووسم، بە پێخۆشبوونەوە ڕووم کردە سەر شاشە و سەفحەی کۆمپیوتەر بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکە کە جارێ چاپ نەببوو و نەهاتبووە سەر کاغەز. مخابن چاوی کزم ڕێی نەدەدا لە سەر شاشە بیخوێنمەوە، چونکە پاش ماوەیەکی کورت لە خوێندنەوە تێکەڵپێکەڵ و سەراوبن دەبوو. ناچار دەگەڵ کاکی نووسەر وا بە باش زاندرا من هەر ئەو بەشانە بخوێنمەوە کە خۆم بەپێی ئاشنایەتی و لەنێودابوون ئاگاداریم هەیە، باقیەکەی واز لێبێنم. بەو قەرار و مەدارە ملم لەو بەشانە نا کە دەبوو بیخوێنمەوە و لێیشی باخەبەر بووم. لە پێشەکی ڕا دەستمپێکرد.

سەرەتای ژیانی نووسەر، چلۆنایەتی وەزعی بنەماڵەیی، لێدوان لەسەر بنەمای بە مەبەستی شارەزابیدان بە خوێنەر هەروەک کورتەیەک لە مێژوو و لە هەڵسوکەوتی بنەماڵەی جێداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ من جێی پێخۆشبوون و ئاگاداری زیاتر بوو لەسەر مێژوو و کەسایەتییەکانی بنەماڵەی نووسەر و مێژووی ناوچەکە بەگشتی، کارێکی جوان و ڕێکوپێک لە کاکی نووسەرە، دەستخۆشی لێدەکەم.

لەمەڕ سەرەتای تێکۆشانی سیاسیی نووسەر هەر لە سەرەتای لاویەوە، ئەوەی من پێی گەیشتم ئەوەیە کە نووسەر ڕاستگۆیانە و بەوردی باسی کردوە و لێی دواوە. من خۆیشم لەو کەسانە بووم هەر لەو سەردەمەدا- درەنگتر یا زووتر- هەروەک نووسەر لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێکۆشاوم و بەپێی ئەرکی حیزبی و ڕێکخراوەییم ئەگەر چی دووراودوور، هەم کاکی نووسەرم ناسیوە و لە فیداکاری و لەخۆبوردوویی و گرنگی وی بۆ حیزب ئاگاداریم پێگەیشتووە و هەم لەنێو و لە ئەرکەکانی کادرەکانی حیزب لەو سەروبەندەدا زانیومەتەوە، لەو بارەیشەوە هەر دەستخۆشی لێدەکەم.

شتێکی دیکەی هەرە گرنگ لە ڕوانگەی منەوە کە بایەخێکی تایبەتی دەدا بەو بەشە ئەوەیە کە نووسەر سەرکەوتوانە و بە شێوەیەکی زۆر جوان و لێزانانە نێو و ژیانی کۆمەڵایەتی زەمانی تێکۆشانی خۆی لە هەردوو بەشی ئالان و ناوچەکانی شاربازێڕ لەمدیو و ئەودیو هێناوەتە سەر کاغەز و نووسیونییەوە کە لام وایە کارێکی بەنرخ و یەکجار جوانە. جا نازانم نووسەر ئەو هەموو حزوری زێهن و بیرهاتنەوەی لە کوێڕا هێناوە! هەر چۆنێک بێ کارێکی پێویست و شیاوی سپاسە.

لەسەر گیروگرفتەکانی ڕێکخراوەیی و ناکۆکییەکانی نێوخۆیی لە حیزبی دێموکراتدا، چ ئەو زەمان کە نووسەر هەر لە ڕۆژهەڵاتدا بووە و تێکۆشاوە، هەم ئەو دەوران کە ئاشکرا

بووه و وێڕای هاوڕێییانی ماڵ و ژیان و ناوچەی تێکۆشانی بەجێهێشتووه و کەوتۆتە باشووری کوردستانەوه و قەدەرێکی تەواو تووشی ژیانی "کۆمون" هاتووه لە شاری سلێمانی، ڕاستگۆیانە باسی لێوەکردوون. ئەگەرچی من جارێ نەگەیشتبوومە باشووری کوردستان بەڵام هەموو ئەو ئاگاداریییانەی نووسەر لەو دەوروبەرەدا پێیاندا هاتۆتەوه لە هاوڕێیانی ئەو کات و لە بەرپرسانی حیزبم زانیوەتەوه. بەتایبەتی ئاماژەی نووسەر بە کێشەی شەهید د. قاسملوو و شەهید ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی)، بەتەواوی و بەبێ گرێوگۆڵ سادقانە نووسراونەوه و ئاوها بووه کە لێرەدا باسی لێوەکراوه.

هەر بەو چەشنەیە بەسەرهاتەکانی دیکەی کە نووسەر لەسەر دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان چ بەسەر خۆی هاتبێ چ بەسەر حیزبی دێموکرات و بەرپرسانی ئەو کاتە، تا ئەوەی و ئەو کاتەی کە نووسەر چار نامێنێ جیا لە خۆبەدەستدانەوەی بە ڕێژیمی پاشایەتی ئێران، بەوردی و ڕاستگۆیانە هاتوونەتەوه بەر باس.

نووسەری ئەو گشتە بەسەرهاتانە وەک خۆیشی نووسیویەتی و دەڵێ، پاش ئەوەی بەردەست بۆتەوه بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ماوەیەک تووشی چەوتەرێگای خزمەت بە داگیرکەر هاتووه و لەو بارەوه خۆی سەرکۆنە کردووه. دیارە پاش ئاڵوگۆڕەکانی کە لەساڵی ۱۹۷۹ لە وڵاتی ئێراندا پێکهات، نووسەری ئەو بەسەرهاتانە لەسەرڕا داوێنی هیممەت و خزمەت بە خەڵکی خۆی لە کەمەر داوه و گەیشتە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی خۆی لەسەر گرتەوه و گەلێک بەرپرسایەتیی گرنگی وەئەستۆگرت لە بوارەکانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا، هەروەها پۆست و ئەرکی گرنگ و حەساسی وەئەستۆ گرت و بەڕێوەی برد. جا بە هەر ئاوایەک وەک گوترا بەسەرهاتەکان بەتایبەتی لەو دەوروزەمانەدا کە ئاگادار و لەبیرمن ورد و دەقیق نووسراونەتەوه، من هێندەم ئاگا لێیە و کارەکەش بە کارێکی باش و پڕبایەخ دەزانم، قەزاوەت و دادوەرییش بۆ خوێنەرانە.

ئەمیر قازی ۲۲-۱۲-۲۰۰۸

## پێشەکیی پەخشان ئەحمەدی

بەهاری ١٣٥٩ بوو. لە شارەکانی سەقز و سنە شەڕی کۆڵان بە کۆڵان دەستی پێکردبوو. لە بانە زۆربەی قوتابخانەکان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەو شارانە مانیان گرتبوو. ڕۆژانی خۆشی بەهار بە ناخۆشی تێپەڕ دەبوون. هەموو ڕۆژێک فانتۆم دەهاتنە سەر شار و بە کردنەوەی دەنگ خەڵکیان دەترساند. لەو ڕۆژانەدا بوو کە ئۆتوبوسێک لە کەلیخان، چیای بەرزی نێوان سەقز و بانە، کەوتە بەر پەلاماری فانتۆمەکان و بەشێکی زۆر لە موسافیرەکانی کوژران و بریندار بوون.

بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر شاردا کێشابوو. خەڵک دڵخۆش نەبوون. ئاشکرا بوو کات ڕووداوی ناخۆشی بەدواوە بوو، وا کە بەهاریش نەیدەتوانی شادی بۆ خەڵکی بێنێت. خەڵک کات و ساتیان بە چاوەڕانی ئەوەی کە شتێک دەقەومێت تێپەڕدەکرد.

باش لەبیرم دێ چواری بانەمەڕی ١٣٥٩ بوو لەگەڵ خوشک و برا بچوکەکانم بەڕێوە بووین بۆ سینەما. کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بوو، هەر ئەوەندەمان زانی پێنج هەلیکۆپتەر لە ئاسمانی شاردا کەوتنە فڕین. دوای نیشتنێکی کورت لە پادگاندا دیسانەوە هەستانەوە و پاش سووڕێک بەسەر شاردا دوور کەوتنەوە و شاریان بەجێهێشت. هێشتا یەکیان لە چاو ون نەبووبوو دەنگی دەسڕێژی چەکێک هاتە بەر گوێمان. هەر ئەوە بوو ئیتر پادگانی بانە شاری دایە بەر ڕێژنەی تۆپ و خومپارە. ئاپۆرای خەڵک لە شەقامەکانەوە خۆی بەرەو کۆڵانان دەکوتا. هەر هاوار و زریکەی منداڵ و گرمە وناڵەی بۆمبا بوو دەهاتە گوێ. گەیشتبووینە بەر دەرگای سینەما، لەگەڵ خوشک و براکانم دەستی یەکترمان گرت و بەخێرایی بەرەو ماڵ بووینەوە. لەو ماوە کورتەدا نێزیک بە سێزدە خێزان خزابوونە دوو ژێرخانی بچوکی خانوەکەی ئێمەوە. پیاوێک لە سەر پلیکانەکانی کە بۆ نهۆمی سەرێ کرابوو دانیشتبوو و بە هەر دوو دەست بە سەری خۆیدا دەکێشا و دەگریا. ژنەکەی چوو بەلایە و هەر دەیگوت پیاوەکە، عەیبە، بەسە حەیات بردین! کچەکەیان لەو بەرەوە دانیشتبوو، بێدەنگ چاوی بڕیبووە دایک و باوکی.
دایکم لە بیری ئەوەدا بوو ئەو خواردنەی بۆ شێوی سازکرابوو بهێنێتە خوارێ بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بتوانن نانێک بخۆن. هیچم بۆ نەدەخورا. بیرم دەکردەوە "ئایا ئەوە ئەو ڕۆژە بوو کە لێی دەترساین؟"، "چ ڕووداوێکی تر چاوەڕوانمان بوو؟"، "چیمان بەسەر دێت؟"
ئێستا ئیتر شەو بەسەردا هاتبوو. فانتۆمیش گەیشتنە ئاسمانی شار. گرمەی تۆپ و خومپارە ساتێکیش بێدەنگ نەدەبوو. خەڵک پۆل پۆل بەلای ماڵی ئێمەدا بەخێرایی تێپەڕدەبوون. چەند کەسێک لەو دراوسێیانی هاتبوونە ماڵی ئێمە سەریان لە درگاکە دەرهێنابوو و هەواڵی کەسوکاریان لێ دەپرسین. دەیانگوت شار خەریکە چۆڵی دەکات. ئێمە هەروا چاوەڕوان بووین. ژن و پیاو دەست لە سەر ئەژنۆ کز دامابوون. شەو دەرنگ

بوو. منداڵان لە ماندوویی خۆیاندا خەویان لێکەوتبوو. گەورەکانیش بێدەنگ بەدیاریانەوە دانیشتبوون. لەو کاتەدا فەرماندەی هێز هات. زۆر خۆشحاڵ بووین. بۆ یەکەم جار لە ماوەی ئەو شەوە ترسناکەدا بزەیەکی تێکەڵ بە ورە و شادیم لە سەر لێوی خەڵکەکە بینی. هەر هەموو کەوتنە قسە و پرسیار لێی. باوکم فیشەکدانی لە خۆی بەستبوو. چەند پێشمەرگەی لەگەڵ بوون. لە تاریکی ژوورەکەدا بە لایتەرێک یەک یەک هەر حەوت منداڵەکەی دییەوە. باوکم بۆی باس کردین کە ئێوارە بە تەلەفۆن هەوڵیان داوە لەگەڵ پادگان قسە بکەن بۆ ئەوەی تەقە ڕاوەستێنن، بەڵام ئاکامێکی نەبووە. تا ئەو کاتە پێشمەرگە دەستی نەکردبۆوە، بەڵام هەموو بەرزاییەکانیان گرتبوون. هەروەها حیزب و ڕێکخراوەکان کۆبوونەوەیەکی خێرایان پێکهێنابوو و تێیدا بڕیار درابوو کە پێشمەرگە لە وڵامدانەوە پەلە نەکات.

باوکم بە دایکمی گوت ئێوە دەبێ شار بەجێبێڵن. دایکم لە دڵدا زۆری پێ خۆش نەبوو، بەڵام سەیرێکی ئێمەی کرد و گوتی باشە. ئەوە سەرەتای شەڕێکی ٢٩ ڕۆژە لە شاری بانە و دەستپێکردنی ژیانی ئاوارەیی هەزاران بنەماڵەی کورد بوو. درێژەی ئەم بیرەوەرییانەم هاوینی ١٣٥٩ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستاندا بڵاوکرایەوە.

دیارە مێژووی کورد پڕە لە بیرەوەری و بەسەرهاتی سەرسووڕهێنەر کە بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانە بە نووسراوە دەست ناکەون زۆر زوو لەبیر دەچنەوە. هەر بەو هۆیەوە لە ڕووداوەکان ئەزموونی پێویست وەرناگیرێت و شتێکیان لێ فێر نابین. هەلومەرجی سیاسیی کوردستان وای کردووە کە کۆچکردن، ئاوارەیی و لێقەوماوی بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی گەلی کورد. چەندین نەسل لە ئاوارەیی و دوور لە وڵاتی خۆیان دێنە سەر دنیا. بەشێکی زۆر لە مێژووی کوردستان بە دەستی کورد نەنووسراوەتەوە. بۆ وێنە زۆر کەس کە لە ڕۆژئاواوە هاتوونەتە کوردستان دواتر بەسەرهاتی خۆیان وەک سەفەرنامەیەک نووسیوە، بەڵام زۆر کەمن ئەو کوردانەی کە بیرەوەرییەکانی خۆیان دەنووسنەوە. لە کۆی ئەو بیرەوەرییانەیە کە مێژووی گەلێک دەوڵەمەند دەبێت.

کاتێک باس لە مێژوو یان گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان دەکرێت، باس لە مێژوویەک دەکرێت کە مرۆڤ خۆی لە نێزیکەوە ئاگاداری ڕووداو و بەسەرهاتەکان بووبێت، یان ڕووداوەکە لە زمانی کەسانێکەوە دەگێڕێتەوە. لە هەر دوو حاڵەتدا نووسەر ئەمانەتدارە بە گەلێک، بە نەسلی داهاتووشیەوە. پاراستنی ڕاستییەکان بەو جۆرەی کە هەن بەبێ تێکەڵکردنی بیروڕای شەخسی و نووسینیان بە شێوەیەکی بێلایەنانە، ئەرکێکی مەزننە لەسەر شانی نووسەر.

زۆر خۆشحاڵ بووم کە باوکم بڕیاری دا بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە. ئەو بۆ ئەوەی ئەرکی ئەمانەتداری خۆی بەجێ هێنابێت، پێوەندییەکی زۆری گرتووە بە کەسانێکەوە کە

بە شێوەیەک بەشدار  یان ئاگاداری ڕووداوەکان بوون. بۆیە نێوەرۆکی ئەم کتێبە تەنیا قسەی تاکە کەسێک نییە، بەڵکو کەسانێکی دیکەیش کە خۆیان هاوبەش و شاهیدی ئەم مێژووە بوون.

خوێنەری بەڕێز، ئەم کتێبەی لەبەر دەستتدایە ژیان و بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکە. کەسێک کە لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە هەستی بە ژێردەستی و چەوساوەیی گەلەکەی کردووە و  تێکۆشاوە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر. بەشێک لەو بەسەرهاتانە ژیانی منیش دەگرێتەوە، هەر بۆیە پێم خۆش بوو ئەم پێشەکییە بنووسم. ئاواتەخوازم کات و ساتێکی خۆشتان هەبێت لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا. هیوادرم نووسەر لە نووسینی بیرەوەرییەکانی بەردەوام بێت. هەروەها بەو هیوایەی مێژووی کورد پڕ بێت لە بیرەوەری خۆش و دڵخۆشکەر.

پەخشان ئەحمەدی
بەهاری ٢٠٠٩ ئۆسلۆ

هەوالنامەی کتێب

## سەفەرێک بۆ "ئەودیو"

لە بەهاری ١٣٣٣دا حەمە خانی کوڕی سەلیم خان نامەیەکی بۆ ناردم و نووسیبووی ئەگەر پێتخۆشە خۆت ئامادە بکە با سەفەرێکی لای شێخ مەحموودی حەفید و شێخ لەتیفی خزممان و هەروەها سەردانی خوشکم تەلاخانم و عەزیمەخانم و دایکیان شانازخانم بکەین. سەفەری ئاوا بۆ وڵاتێکی دیکە و بۆلای خزمان بۆ من زۆر خۆش بوو. بەتایبەت زیارەتی شێخ مەحموودی نەمر کە وەك کەسایەتییەکی مەزن و سەردەمێک وەک سەرۆک و مەلیکی کوردستان ناودەبرا، بۆ من دیدارێکی تایبەت بوو. دیداری شێخ لەتیف و تەلاخانم و دایکی و عەزیمەی خوشکی و دیتنی شارێکی کوردستانی وەک سلێمانیش بۆ من لەگەڵ ئەو خزمانە زۆر خۆش بوو. هەموو خزم و هاوڕێ و خۆشەویستی یەکتر بووین. هەموومان پێکەوە بە سواری ئەسپ ڕێی سەفەرمان گرتەبەر. شەوی یەکەم چووینە ماڵی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا ئاغای مەروێ. قسەیەکی کوردان لە ناوچەی بانە و سلێمانی هەیە دەڵێ لە ئالان مەروێ، لە بانە شوێ. واتە مەروێ لە ئالان و شوێیش لە بانە خۆشترین گوندن لە زۆر بارەوە. مەروێ گوندێکی سەرسنوورە لە نێوان شاری بانە و سلێمانی لە ناوچەی ئالانی سەر بە قەزای چوارتا. ئێمە کە گەیشتینە ئەوێ عەبدوڵڵا ئاغا خۆی لە ماڵ نەبوو. ڕەحمەتی برایم ئاغای برای لە ماڵ بوو. زۆر ڕێزی لێگرتین و میوانداری کردین. ڕۆژی دوایی بۆ شەو گەیشتینە گوندی ئاوکورتێ و ماڵی عەلی ئاغا و مەحموود ئاغا. عەلی ئاغا مەشهور بوو بە عەلی پاشا. ئەم بنەماڵەیەش میوانداریيەکی گەرمیان کردین. دیوەخانێکی گەورەیان هەبوو. فەرش و کەلوپەلی زۆر جوان و ڕازاوەیان هەبوو. بۆ یەکەم جار مەکینەی کارەبام لەنێو گوندا لەو ماڵانە بینی. ئێوارێ کە مەکینەیان داگیرساند دەر و ژووری ڕووناک کردەوە. ئەو کاتانە بە تێکڕا خەڵک لە دێهات چرای لامپا، گڕسۆز و لەنتەریان هەبوو. لە هەندێ لە ماڵە ئاغاوەت چرای لۆکس (چراتۆڕی) هەبوون. ڕۆژی دوایی بۆ نیوەڕۆ چووینە گوندی دۆڵبێشک. لەوێش هەروەک عادەتی کوردەواری لە چەند ماڵ میوانداری کراین. ڕۆژی دوایی بۆ شەو چووینە ماڵی حاجی ئەحمەد لە گوندی سیرەمێرگ. ئەو گوندە بەشێک موڵکی شێخ لەتیفی تێدابوو. حاجی ئەحمەد نوێنەری شێخ لەتیف بوو لەو گوندە. ئەوانیش زۆر بە گەرمی وەریانگرتین و خزمەت کراین. بۆ بەیانییەکەی حاجی ڕووی کردە کوڕەکەی، کە ناوی کاک عومەر بوو، وتی کوڕم، خۆت حازر بکە و لە خزمەت ئەم ئاغایانەدا بچۆ بۆ ماڵی شێخ و هەتا ئاخری سەفەرەکەیان لە خزمەتیاندا بمێنەوە. عومەر لاوێکی زۆر ژیر و ڕێکوپێک و لە دڵان شیرین بوو. خاوەنی ئەسپێکی خۆشڕەنگ، تفەنگێکی برنەوی دارشووشە و دوو قەد فیشکدان و خەنجەرێکی دەسک سپی بوو. لەسەر بڕیاری باوکی هاوسەفەرمان بوو تاکو گەڕاینەوە بۆ وڵات. بەیانی ڕێکەوتین و بۆ نیوەڕۆ چووینە ماڵی تەلاخانم لە گوندی سیتەک. لە بەهاری ١٣٢٥ی هەتاوییەوە چاومان بە تەلاخانم نەکەوتبوو. ئەو کاتە شێخ لەتیف دوو ماڵی هەبوون، یەکیان لە سلێمانی و ئەوی دیکە لە گوندی سیتەک. تەلاخانم لە سیتەک دەژیا. ئەوەی

من بزانم شێخ لەتیف بەو هۆیە کە حکمەتی ئەو کاتی عێراق کۆنترۆڵی بەسەر دێهاتەکاندا نەبوو، ماڵێکی لە سیتەک هەبوو. شێخ لەتیفیش بۆ ئەوەی بنکەیەکی هەبێ بۆ کاروباری سیاسی و هاوکاری و حەوانەوەی کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان، سیتەکی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردبوو. دەتوانم بڵێم هەموو کات چەند کەسایەتیی هەڵاتووی سیاسی لەدەست داگیرکەرانی کوردستان لە سیتەک دەژیان. لەڕاستیدا باشترین بنکە بوو بۆ ئەو کەسایەتییانە کە لەلایەن شێخ لەتیف و تەڵاخانمی خێزانییەوە میوانداریی دەکران. تا دوایین دەسەڵاتی شێخ سیتەک وەک پێگەیەک وا بوو بۆ کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان. تەنانەت حیزبی شیوعی عێراقی و بەتایبەت بۆ کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند قۆناخدا. دوای چەند شەوێک مانەوە لە ماڵی تەڵاخانم بە باشی حەساینەوە. لەو ماوەدا یەکجار خۆشمان گوزەراند. بە ڕێگای دەباشاندا لە قەراخ شاری سلێمانی بە سواری ئەسپەکانمان بەرەو گوندی داریکەلێ، شوێنی ژیانی شێخ مەحموود، ڕێکەوتین و بۆ شەو گەیشتینە خزمەت شێخ. دیارە ڕۆژێک پێشتر هەواڵمان دابووە خزمەت شێخ کە میوانت دەبین و پێمانخۆشە بێین بۆ زیارەت. کاتێ کە لە ماڵی شێخ نزیک بووینەوە، دیتمان شێخ لە بەردەمی میوانخانەکەیدا وەستاوە و چاوەڕوانیی ئێمە دەکات؛ پێشوازی لێکردین و پێشمانکەوت بۆ ژووری میوانخانە و بەگەرمی هەموو لایەکمانی بەخێرهاتن کرد. خانوویەکی ساکاری هەبوو. دوای خواردنی نانی ئێوارە شێخ چەند پرسیارێکی دەربارەی هەڵسوکەوتی حکومەتی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ژیانی خەڵک لە حەمە خان کرد. حەمە خان بەگوێرەی شارەزایی خۆی ئەوەی زانی وەڵامی شێخی دایەوە. کاتێ شێخ ڕووی لە حەمە خان دەکرد بۆ ڕێزلێنان پیێ دەگوت خان. شێخ زۆرتر ڕووی دەکردە حەمە خان و جاروباریش ڕووی دەکردە هەموومان و ئێمەش جاروبار پرسیارمان دەکرد و زۆر بە ئارامی و ڕووخۆشییەوە وەڵامی ئەدایەوە. حەمە خان لە هەموومان بەتەمەنتر بوو، کوڕەگەورەی سەلیم خان بوو. شێخ وەکو پیاوێکی کۆمەڵناس حیسابی بۆ کەلتور و ڕەوشتی کوردان دەکرد. دوایی باسەکە گۆڕا و حەمە خان پرسیاری لە شێخ کرد و گوتی قوربان چۆنە کە وا ڕازی بوویت لەم گوندە چکۆلە کە لە چەند ماڵ زیاتر نییە، بژیت؟ دیارە ئەو کاتە چەند ماڵ زیاتر نەبوو. هەروەها حەمە خان پرسی کە بۆچی ناچی بۆ سلیمانی کە بۆ جەنابت لە زۆر بارەوە باشتر و خۆشترە. شێخ لە وەڵامدا فەرموویان خان، خەڵکانێکی زۆر لە کەسایەتییەکان لەسەر چالاکیی سیاسی و کوردایەتی خۆ لەدەست حکومەت دەرباز دەکەن و پەنادێنن بۆ ئێرە. منیش ئەگەر لێرە نەبم و لە سلێمانی بژیم ئەو پەناگەیە لەدەست ئەدەم. حکومەت لێرە ناتوانێ زۆر زەختم لەسەر بکا و دەتوانم یارمەتی زۆر لێقەوماوان بدەم و خۆیشم بە ئازادتر دەبینم. بچۆرە ئەو ژوورانەی دیکە دەبینی کۆمەڵێک کەسایەتی لێ هەن کە ئەوانە هەموویان لەدەست حکومەت فیرارن. بۆ بەیانییەکەی شێخ لەتیف لە سلێمانییەوە هات بۆلامان و زۆر بەگەرمی و ڕێزەوە هەموو لایەکمانی بەخێرهاتن کرد. ئەو ڕۆژ و شەوەی دوایی کە ماینەوە شێخ مەحموود زۆرتر باسی شەڕی ئینگلیزەکان و دوورخرانەوەی

بۆ هیندوستان بۆ دەگێڕاینەوە و زۆریش گلە و گازەندەی لە نەبوونی یەکێتیی نێو کوردان دەکرت کە بۆیە حکومەتەکەی سەری نەگرت. دەیگوت بەشێکی زۆر لە هۆزە کوردییەکان دژایەتییان دەکردم. ڕۆژی دووەم لەسەر داوای شێخ لەتیف گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. ئەمن جارێکی دیکە لە ساڵی ١٣٢١دا شێخ لەتیفم لە ماڵی سەلیم خان لە گوندی زەرواو دیبوو. ئەمە جاری دووەم بوو کە شێخ لەتیفم لە داریکەلی بینی. جەماعەتمان بە سواری جیپێک و قەمەرەیەک چووین بۆ سلێمانی بۆ ماڵی شێخ لەتیف و ئەسپەکانمان بە چەند کەسێکی داریکەلیدا گێڕانەوە بۆ سیتەک. لەو چەند شەوە لە سلێمانی هەر شەوە لە ماڵی شێخێک لە خزمانی شێخ لەتیف میوانداری دەکراین. لەوانە شێخ قادری حەفید، شێخ جەلالی حەفید، شێخ کەریمی حەفید و چەند کەسایەتییەکی دیکەمان بینین. ڕۆژیک شێخ لەتیف گوتی ئەگەر پێتان خۆشە دەچین بۆ ڕاوە پوڕ بۆ دەشتی زەڵم لە هەڵەبجە. پوڕ باڵندەیەکی جوانە کە لە ناوچەی بانە نییە بەڵام لە ناوچەی هەڵەبجە بەتایبەت لە زەڵم زۆرە. شێوەی وەکو مریشکی خۆماڵی وایە، جەستەی هەر بەقەد مریشکێکی مامناوەندیی خۆماڵی دەبێت. زۆرتر لەنێو قامیشەڵان و نزیك ئاو دژی. ئێمەش زۆرمان پێخۆش بوو بچین بۆ ڕاو. چەند جیپیان حازر کردن و چووین بۆ دەشتی زەڵم. سەرەتای بەهار بوو. ناوچەکە زۆر سەرسەوز و جوان بوو. بە تفەنگی تاپڕ چەند پوڕێکمان ڕاوکردن و گەڕاینەوە سلێمانی. ئەو شەوە میوانی شێخ ڕەئوف بووین. دوای چەند ڕۆژ دیداری خزمان و گەشتوگوزاری شاری سلێمانی لەگەڵ شێخ لەتیف گەڕاینەوە ماڵی تەڵاخانم لە سیتەک. شانازخانم، دایکی تەڵاخانم و عەزیمەخانم، لە گوندێک بە ناوی ئاڵەسیاو کە بەشێک موڵکی شێخ لەتیفی تێدابوو، دەژیا. ئەو بەشە زەویانە بەدەست ئەوانەوە بوون کە ژیانی ئەوانی پێ دابین دەکران. شێخ لەتیف و تەڵاخانم و ئێمە بە جەماعەت چووین بۆ دیدەنیی ئەم دایک و خوشکە. بە چوونەکەمان زۆر خۆشحاڵ بوون. باشترین میوانداری کراین. لە ئاڵەسیاو ڕۆژێک لەگەڵ شێخ لەتیف بە سواری ئەسپ و بە تاژی چووینە ڕاوی کەروێشك. سێ کەروێشکمان هەڵساندن و تاژیمان تێبەردان بەڵام نەیانتوانی کەروێشکەکان بگرن. بە دەستی بەتاڵ و بێ نێچیر گەڕاینەوە ماڵ. دیداری شانازخانمیش تەواو بوو. گەڕاینەوە سیتەک و بەیانی لە ڕێگای کەناروێ، سیرێ، سوورەدزێ و بۆ دوایین شەو هاتینە ماڵی خوالێخۆشبوو سەلیمی دەروێش ئاغای مەروێ لە گوندی سوورەبان لەسەر سنوور. دەبوو بۆ تێپەڕبوون لە سنوور لە چەمی چۆمان وەپەڕینایە. چەمی چۆمان ئاوەکەی زۆر بوو و بواری نەئەدا. لە سوورەبان حاجی کەریم ناوێک کە مەلەوانێکی باش بوو، لەگەڵ خومان هێنامان بۆسەر چەم. لەوێشەوە بە هاوکاریی خەڵکی چۆمان کە هەمووشیان مەلەیان دەزانی و زۆریش ئازا بوون بۆ پەڕاندنەوە و هاوکاریی خەڵک لەو سنوورەدا، بە یارمەتیی ئەوان و حاجی کەریم پەڕینەوە ئەوبەر چەم و گوندی چۆمان و لەوێشەوە گەڕاینەوە بۆ کیوەڕۆ -کە بە سواری ئەسپ سەعاتێکە. ئەو سەفەرەشمان کۆتایی هات. شتێکی کە جێگای باسە ئەوەیە کە کاتێك ئێمە ڕۆیشتین بۆ ناوچەی سلێمانی، واتە وڵاتێکی دیکە، دەبوو بەپێی یاسا ویزای ئەو وڵاتەمان وەرگرتایە و

پاسپۆرتی ئێرانێشمان پێبوویایە، بەڵام ئەو کاتە نە حکومەتی ئێران و نە حکومەتی عێراق ئەو دەسەڵات و کۆنترۆڵەیان نەبوو کە بتوانن ڕێگەیان لە و جۆرە ڕێبوار و سەفەرچییانە بگرتایە. ئێمە ئەو هەموو گەشت و گوزارەمان کرد، لە هەموو ئەو ماوەدا کەسێک لە ئێمەی نەپرسی ئەرێ ئێوە خەڵکی کوێن و بۆ کوێ دەچن، و هیچ پرسێکمانیش بە ئێران نەکردبوو کە دەچین بۆ سەفەرێکی ئاوا .

شێخ مەحموودی نەمر لە ١٩٥٦/١٠/٩دا کۆچی دوایی کردووە. شێخ لەتیف کوڕی شێخی نەمەر لە ١٩٧٢/٥/١٢دا کۆچی دوایی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

## کیوەرۆ و ژیانی ئاسایی

ژیانی ڕۆژانە بە کاروباری خۆمەوە دەچوەپێش. ڕۆژێک یادی خزمانی نەمەشیرم کرد. ئەو خزمانەم پێشتر لە شاری بانە و لە چەند شوێنی دیکەدا دیبوون بەڵام هێشتا نەچووبوومە ماڵیان. لەو دیدارانەدا هەستم دەکرد کە نزیکی و هاتوچوویان زۆر خۆش و بەسوودە، بۆیە بڕیارم دا بۆ دیدەنی خزمان سەفەرێکی نەمەشیر بکەم. کوڕەکانی خوالێخۆشبوو حەسەن خان، ڕەحمان خان، مەجید خان، عەزیز خان، عەلی خان حەمە خان و حەسەن خان بون. حەسەن خان دوایین منداڵی دوای فەوتی خۆی هەر بە ناوی خۆیەوە ناونراوەتەوە. حەسەن خان لە سکی دایکیدا بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. هەروەها حەسەن خان شەش کچی هەبوون، ستارە خانم، ساحەب خانم، تەلیعە خانم، مەعسوم خانم، ئافتاو خانم و ئێران خانم. حەسەن خان لەم کوڕانە گەورەتر دوو کوڕی دیکەی هەبوون. یەکیان عێزەت خان کە براگەورەی هەموان بوو لە نجنێی خوارو دەژیا. کوڕی دووەمی، عەبدوڵڵا خان، لە گوندی ئالۆت دەژیا. ئەم بنەماڵەیە لەنێو هۆزی ئەحمەدیدا بنەماڵەیەکی بەرچاو بوون، چ لە ڕووی ئابووری و پێشکەوتوویی کۆمەڵایەتی و چ لە بواری دەسەڵات لەنێو هۆزی ئەحمەدیدا. سەردەمانێک خوالێخۆشبوو حەسەن خانی باوکیان سەرۆکی هۆز بووە بۆیە بەوانیش دەگوترێت خان. دیارە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵ و شوێنی دیکەدا یەکترمان دیبوو و لە نزیکەوە یەکترمان دەناسی. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٣٣٣دا بەیانی زوو بە سواری ئەسپ وەڕێکەوتم و بۆ ئێواری گەیشتمە ماڵی خزمان لە نەمەشیر. ئەو کاتانە لە مابەینی گوندەکاندا سەفەر بە سواری ئەسپ و چوارپێی دیکە دەکرا. نە جادەی ماشین هەبوو و نە ماشینیش بەو شێوە هەبوون کە بۆ هاتوچوو سوودیان لێوەرگیرێن. ماشین تەنیا بۆ ڕێگای بانە-سەدەشت و بانە-سەقز کەڵکی لێوەردەگیرا ئەویش زۆر بە کەمی و تەنیا لە وەرزی وشکانیدا. کاتێ بەهۆی بەفر و بارانەوە زەوی دەبووە قوڕ و بەفری زۆر جادەکان دەوەستان و ئیمکانی هاتوچوو بە ماشین نەدەما. ئەو کات جادەکان هێشتا ئەسفاڵت نەکرابوون. سەفەرەکەم زۆر پێخۆش بوو. سەفەرێکی پڕدەسکەوت بوو و زۆر شتی نوێی لێ فێر بووم. ئەکرێت بڵێم ئەو کات کەم ماڵ هەبوو گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و کتێبی لێ بێت بەڵام ئەو خزمانە هەموو ئەم شتانەیان هەبوون. لەبیرم دێ لە میوانخانەکەیاندا گۆڤارەی "سفید و سیاه" و ڕۆژنامەی "اطلاعات"ی لێبوو. جگە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کتێبێکی زۆری هەمەچەشنە لە تاقەکاندا دانرابوون. شەوێک مەجید خان بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی و کۆمەڵێک کتێبی سیاسی کە بە نهێنی دانابوون پیشاندام. ئەم بنەماڵەیە ئەهلی خوێندنەوە و زانست بوون. عەلی خان و حەمە خان کە هاوتەمەنی من بوون لە براکانی دیکەیان بچوکتر بوون. ئەوان لە تەوریز دەیانخوێند. تەنیا لە پشووی هاویندا دەهاتنەوە نەمەشیر. سەفەرەکەی من لەو کاتەدا بوو کە ئەوانیش هاتبوونەوە نەمەشیر. مانەوەم لەوێ زۆر خۆش تێپەڕی و نزیکەی یەک حەوتووی خایاند. لەم برایانە عێزەت خان، عەبدوڵڵا خان، مەجید خان و حەمە خان و حەسەن خان کۆچی دواییان کردووە، ڕۆحیان شاد.

## چۆن بووم بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژێک مەجید خان و عەزیز خان گوتیان با بچین بۆ باغی. باغێکی زۆر تایبەتیان هەبوو کە بە باغی حەسەن خان بەناوبانگە. زۆر لە گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە ناوی ئەم باغەیان وەک باغی حەسەن خان لە گۆرانییەکانیاندا هێناوە. گۆرانییەکی کە من لەبیرم دێ ئاوا بوو: "کیژێ مەڕۆ جوانی، سێوی سەر دوکانی، باغی حەسەن خانی، بە ملوێنێک هەرزانی". هەر میوەیەکی کە لە هەوای بانەدا دێتەبەر لەو باغەدا هەبوو. وەك شاعیری فارس دەڵێ: "انچه خوبان همه دارند، تو تنها داری". مەجید خان و عەزیز خان لەو چەند ڕۆژانەدا زۆر کات دووقۆڵی قسەی سیاسییان بۆ دەکردم. باسی کوردستان و ئازادی و ژیانی خۆشتر و کۆمەڵگەی باشتریان بە زمانێکی سادە بۆ دەکردم. منیش قسەکانم لە ناخی دڵمەوە وەردەگرتن. وەک پێشتر باسی سەفەرێکم کردووە بۆ خزمەت شێخ مەحموود و شێخ لەتیفی کوڕی، لەو سەفەرەدا شێخ مەحموود باسی حکومەتەکەی لە ڕابوردوودا و شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکان و سەرنەکەوتنی و دوورخستنەوەی بۆ هیندوستان بۆ باس کردین. شێخ لەتیفیش پیاوێکی سیاسی بوو، زۆرتر لە دانیشتنەکانیدا پێکەوە باسی سیاسی و مەسەلەی کوردانی بۆ دەکردین. قسەکانی شێخ مەحموود و شێخ لەتیف و دواتریش مەجید خان و عەزیز خان بە شێوەیەك کاریان تێکردبووم کە منیش وەکو هەر تاکێکی کورد چالاک بم و بکەومە بیری ئازادیی و سەربەخۆیی وڵاتەکەم. سەرجەم قسەکان و هەڵسوکەوتی من ئەو ڕۆژە بەو قەناعەتەی گەیاندن کە بە ڕاشکاوی و شەفافتر قسەم لەگەڵدا بکەن. هەمان ڕۆژ مەجید خان ڕووی تێکردم و گوتی بەڕاستی ئەگەر کەسانێک هەبن بە کردەوە هەوڵ بۆ ئازادیی کوردستان بدەن، تۆ پێتخۆشە هاوکارییان بکەی؟ منیش بێ ڕاوەستان گوتم بەڵێ! دوای وەڵامەکەم، مەجید خان پرسی حازریت بە نهێنی کاری سیاسی بکەیت؟ گوتم بەڵێ! دوای ئەوە مەجید خان گوتی بڵێ سوێند بە قورعان، سوێند بە ویژدان بەڵێن ئەدەم کە دڵسۆز بم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوڵ ئەدەم بۆ پێکهێنانی ئامانجەکانی، کە بریتییە لە ئازادی و سەرفرازی و خۆشی بۆ خەڵکی کوردستان. منیش وتەکاکانی مەجید خانم دوپات کردەوە و بۆ یەکەم جار بە ناوی پیرۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا بووم و بووم بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. هەر لەوێ کەمێک ڕێنوێنی سەرەتایی کرام. دیارە تەنیا مەجید خان و عەزیز خان ئەندامی حیزب بوون، باقی براکانی دیکە ئاگایان لە کاروباری سیاسیی ئەوان نەبوو.

دوای گەڕانەوەم بۆ کیوەرۆ بۆ یەکەم جار هەر لەو گوندە، واتە کیوەرۆ، بەدوای چەند مانگ قسەوباس لەگەڵ چەند کەسێک کە باوەڕم پێیان هەبوو، ئامادم کردن بۆ پێکهێنانی شانەی حیزبی. لەو چەند مانگەدا توانیم سێ شانە پێکبهێنم. شانەیەک لە هاوڕێیانی جوتیار لە گوندەکانی زەڵێ و چۆمان، یەکێک لەو کرێکارانەی کە لە ماڵی خۆمدا دەژیان و دوو کەس لە هاوڕێیانی جوتیاری کیوەرۆ و شانەیەکیش لە گوندی ماڵتە و گڵەسوورە.

(کیوەڕۆ ئەو کات نزیک بە هەشتا ماڵ دەبوو کە جگە لە کیوەڕۆ وەک ناوەند، دابەش دەکرێت بەسەر هەشت گونددا کە بریتین لە هۆمەرەسیت، ساڵە، بەردەڕەش، سەرسووڵ، زەڵێ، چۆمان، ماڵتە و گڵەسوورە. هەر گوندێکیش لە چەند ماڵ پێکدێت). کاتێ ئەم کارانەم ئەنجام دان ڕاپۆرتی کارەکەم بە یەکێک لە هاوڕێیانمدا نارد بۆ مەجید خان. ئەو کات نەمدەزانی بەرپرسایەتیی مەجید خان چییە و شێوەی کار و جۆری کۆمیتە و پلەی کادر چۆنە. هیچم پێ نەگوترابوو و نەمدەزانی کارکردن و حیزبایەتی بە شێوەی ڕێکخراوەیی دەبێ چۆن بێت. تەنیا ئەوەی دەمزانی باوەڕێك بوو کە لە ناخمدا بەهێز بووبوو، لە بارەی کاری نێوخۆییەوە هیچ ڕێنوێنییەکم نەدرابوویە. بەدوای ناردنی ئەم ڕاپۆرتەدا بەهۆی هەمان هاوڕێ کە ڕاپۆرتەکەی بردبوو لە نامەیەکی پێچراوەدا وەکو قونچکی سیگار وەڵامم بۆ هاتەوە. یەکەم جار بوو نامەی لەو شێوە و بەو جۆرە پێچراو ببینم. سەرەتا نەمدەزانی نامەیە تاکو ئەو هاوڕێیە گوتی مەجید خان پێی گوتم ئەوە نامەیە و وەڵامی نامەی ئێوەیە و لە شوێنێکی باشدا هەڵیگرە و نابی دەست دوژمن بکەویت. هەروەها پێی گوتم ئەگەر تووشی عەجەمان بووم لەسەرخۆ بم و نەشڵەژێم و ئەگەر وا ڕێکەوت بیانەوێ بمپشکنن و پێم وا بوو نامەکە ئەدۆزنەوە دەبێ قووتی بدەم و نەهێڵم دەست عەجەمان بکەوێت. بەو شێوەیە وەڵام هاتەوە و نامەکەم خوێندەوە. نووسرابوو هاوڕێیەک لە ماوەی داهاتوودا -کە نە ڕۆژ و نە مانگ دیاری کرابوو- بە ناوی کاک هاشم دێت بۆلام. دوای سڵاو ئەم قسانەت [...] پێدەڵێ، تۆش ئاوای [...] وەڵام بدەرەوە. (ئەو قسانە نهێنی یەکترناسین بوون). ئەم هاوڕێیە کادرێکی حیزبە و قسەتان بۆ دەکات، ڕێنوێنی و شێوەی کارتان پێ ئەڵێت، جێگای باوەڕە و بە باشی ئاگاداری لێ بکەن. (کاک هاشم ناوی ڕاستیی بوو بەڵام لە ناوچەکەدا ناسراو بوو بە قادر شەریف). دوای هاتنی ئەم نامەیە کەوتمە چاوەڕوانییەکی زۆر سەیرەوە. ڕۆژانە سەیری ئەو ڕێگایانم دەکرد ئاخۆ ئەم کەسە کەی دێت. بیرم لێدەکردەوە ئاخۆ ئەم کەسە چۆن بێت، چی بڵێت، قسەکانی چۆن بن. کەمتر لە مانگی پێچوو ڕۆژێک لە ماڵەوە دانیشتبووم کەسێک لە خەڵکی ئاوایی هات و گوتی فڵان کەس، پیاوێک لەسەر حەوزی پیاوان دانیشتووە و پێی گوتم بە تۆ بڵێم کە بچیت بۆلای. گوتم نەتناسی، قیافەی چۆن بوو. گوتی نەوەڵڵا نەمناسی، پیاوێکی چکۆلەیە و قیافەشی هەروەک خەڵکی لای خۆمان وایە. هەستام و چووم بۆلای. سەیرم کرد پیاوێکی کورتەباڵا، ڕواڵەتێکی تەواو وەکو خەڵکی ئاواییەکەی خۆمان، لە قەراغ حەوزەکە دانیشتووە. کاتێ منی دیت هەستا و بەرەوڕووم هات و گوتی ئەتۆ کاک ڕەشید خانی؟ گوتم بەڵێ! سڵاوی کرد و دەستی درێژ کرد دەستمان لێکدایەوە و بەخێرهاتنم کرد و چەند قسەیەک وەکو ڕەمز لە نێواندا هەبوون پێی گوتم، منیش تێگەیشتم و گوتم بەڵی و بەو چەند وشە ڕەمزەی بەینمان منیش وەڵامم دایەوە. پاشان ئەملاولای یەکمان ماچ کرد و زانیم ئەوە کاک هاشمە کە زووتر مەجید خان بە نامە ئاگاداری کردبووم بەڵام هەروەک باسم کرد کاک هاشم لە ناوچەدا بە قادر شەریف ئەناسرا. فەرموویم کرد بۆ ماڵەوە. هەوڵم دا پێشم بکەوی، ئەو لە من بەتەمەنتر بوو، بە پێکەنینەوە گوتی خەڵکی ئاوایی

دەڵێن ئەم کابرا شڕە کێیە پێش ڕەشید خان کەوتووە، نابی، فەرموو پێشکەوە. لە باری ئەمنییەوە ئەو ڕاستی دەکرد کە نەدەبوو ئەوانە بناسرێن، دەبوو وەک خەڵکی خۆماڵی و کاسبکارێکی ناوچە بێنەبەر چاوی خەڵک. کاتێ چووینە ژووری بە دایکم گوت ئەو برادەرە هاوڕێیەکی خۆشەویستی منە. دایکم چەند هەنگاو چوو بەپیریەوە و بە ڕێزەوە بەخێرهاتنی کرد. هەروەک پێشتر باسم کرد بەشێک لە خزمەتکارەکانی نێوماڵ بووبوونە حیزبی و ئەوانیشم ئاگادار کرد و بە یەکترم ناساندن. ئەو شەوە کاک قادر شەریف کۆمەڵێک قسەی کرد کە قسەکانی سەرنجی دایکمی ڕاکێشابوو. بۆ بەیانییەکەی دایکم بە هێواشی پرسیاری لێکردم و گوتی ڕەشە، (دایکم بە نازناوی ڕەشە بانگی دەکردم) ئەو کابرایە قسەکانی جۆرێک بوون، وەک خەڵکی ساکار نەدەچوو. گوتم دایە، ئەو پیاوە سیاسییە. هێندێ شتم بە دایکم گوت، بەشی ئەوەندە کە وریا وەبێت، ئەوەشم پێگوت کە نابێ حکومەت بە هاتوچووی ئەم کەسە بۆلای من بزانێ، چونکە ئەگەر حکومەت بزانێ دەمانگرێت و زیندانمان دەکات؛ با تۆش ئەوە بزانی و وریا بە لێمان. دایکم لە وەڵامدا گوتی ڕۆڵە، خوا ئاگای لێتان بێت، ئێوەش بۆخۆتان وریا بن حکومەتەکە زۆر زاڵمە. ئەو سەفەرە کاک هاشم سێ ڕۆژ مایەوە. ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیمان کرد. هێندێ ئاگاداری لەسەر کاروباری ڕێکخستنەکان و هێندێ باسی سیاسی لەسەر بارودۆخی حکومەتی حەمەڕەزا شا و شێوەی کاری سازمانی ئەمنیەتی ئێرانی بۆ باس کردم. ڕۆژی دوایی توانیمان لەگەڵ هەر سێ شانەکەدا کە زووتر ئامادەم کردبوون کۆببینەوە و بۆ هەریەک سەرشانە و بەرپرسی بەشی ماڵی دیاری کران. ڕۆژی دوایی تەنیا بەرپرسی شانەکانمان بانگ کردن بۆ کۆبوونەوە. ئەم شانەیە وەکو کۆمیتەیەک دانرا کە بەرپرسایەتی هەر سێ شانەکە بکات. بەم شێوەیە کارەکانی ڕێکخراوەییمان تەواو کردن و کاک قادر شەریف گەڕایەوە. ماوەیەکی پێچوو، دەکرێت بڵێم دوو مانگ دواتر، نامەیەکم لەلایەن مەجید خان ـەوە بۆ هات کە تێیدا نووسیبووی کارمان پێت هەیە و پێویستە بێیت بۆ نەمەشیر. منیش بە بیانووی دیدەنی ڕۆیشتم بۆ نەمەشیر. شەو گەیشتمە ئەوێ. بۆ بەیانییەکەی من و مەجید خان، عەزیز خان، عەبدوڵڵای نازەنین بە بیانووی هەواخۆری و پیاسەوە چووینە گۆڕستانی ئاوایی کە هێندێک لە ئاوایییەوە دوور بوو. نزارێکی چڕوپڕ بوو. ئەگەر نەچووبایە نێوەوە لە دەرەوە کەس کەسی نەئەدی. کاتێ کە چووین چەند کەسی دیکەی لێ بوون، کەسیانم نەدەناسی جگە لە کاک هاشم. ئەو بە یەکتری ناساندین. گوتی ئەوە کاک ئەحمەد تۆفیقە (کە لە ئەسڵدا ناوی سەید عەبدوڵڵا ئیسحاقی بوو)، یەکی تریان مەلا ڕەحیمی وردی بوو کە دانیشتووی گوندی مەنیجەڵان بوو لە ناوچەی بانە. من ئەویشم تا ئەو کاتە نەدەناسی. یەکی دیکەی پێ ناساندم کە ئەویش ناوی میرزا حسێنی بەدیعی بوو. ئەویش دانیشتووی گوندی شوێ لە ناوچەی بانە بوو. ئەمە کۆبوونەوەی کۆمیتە بوو کە من بۆ یەکەم جار هاوبەشیم تێدا دەکرد. ئەو کات لە بانە دوو کۆمیتە هەبوون، کۆمیتەی شار و کۆمیتەی دێ، کە هەریەک بۆخۆی سەربەخۆ بوو بەڵام هاوکاریی یەکتریان لە کاتی پێویستدا دەکرد. کۆمیتەی دێ بریتی بوو لەو

کەسایەتییە بانەییانەی کە پێشتر ناویان هات و بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون. من لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ئەندامبوونم لە کۆمیتەدا بۆ درا و بوومە بەرپرسی بەشی ڕێکخستنەکانی ناوچەی دەشتەتاڵ، پشت ئاربابا و ناوچەی خێڵەڕەش. کۆبوونەوەکە چەند سەعاتی خایاند. زۆر قسەوباسی سیاسی، تەشکیلاتی، ئابووری و شێوەی کاری نهێنی و نهێنیکاری هاتنەبەر باس و لێکوڵینەوە کە بۆ من ڕوونکردنەوە و وریاکردنەوە و سوودی باشی تێدا بوو بۆ کاروباری داهاتووم. کۆبوونەوەکە تەواو بوو و تێکڕا بڵاوەمان لێکرد و هەر کەس بۆ شوێن و کاری خۆی گەڕایەوە. بۆ ڕۆژی دوایی بە کۆڵێ کار و ئەرکەوە گەڕامەوە کیوەڕۆ. ئەو کاتە وەکو لاوێک زۆر تامەزرۆ و دڵگەرم بە کار بووم بۆیە بەدوای گەڕانەوەمدا، بە ناوی دیداری ناسیاو و دۆستان سەردانی گوندی ئەنجێنە و بڵەسەنم کرد. لەم سەفەرەدا چەند هاوڕێیەکەم ئامادە کردن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا شانەیان بۆ پێک بهێنین بەڵام یەکەم جار تەنیا هێندێک ڕوونکردنەوە و ئاگاداریم دانێ بۆ ئەوەی ئامادەییان هەبێت بۆ داهاتوو. هەر لەو ساڵەدا دەستمکرد بە دیدار و سەردانی خزم و غەیرە خزم بۆ ئەوەی لەو دیدارانەدا کەسانێک بەرەو ئەو ڕێکخستنانە ڕابکێشم و خۆمان زیاتر و باشتر بەهێز بکەین. سەردانەکانی دیکەم بۆ ئارمردە و دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا خانی ئەحمەدی، لە گوندی ساڵوکی سەروو لەگەڵ ئەحمەد خانی ئەحمەدی و لە گوندی نێزەڕۆ لەگەڵ حسێن خانی ئەحمەدی بوو. سەرەتای دیدارەکانم تەنیا بەهۆی خزمایەتی و ناسیاوەتی لەگەڵ ئەم کەسانەدا بوو بە مەبەستی پێکهێنانی جێگە و پێگە لەنێو خەڵکدا. هەر ئەوەش بوو کە لە هەر کوێیەک خزمێک یان هاوڕێیەکی نزیکم هەبایە دەمتوانی ڕێکخستنی لێ دروست بکەین. بەو شێوەیە توانیمان بە خێرایی لەو گوندانەی کە ناویان هاتن شانەی حیزبی دامەزرێنین. لە ماوەی ساڵێکدا لە گوندەکانی ئارمردە، نیروان، گەرماو، تاژان، سیچان، خواجامیر، زەرواوی خواروو، بڵەسەن، ئەنجێنە، گەورەدار، زەربەنێ، بەلوە و کیوەڕۆ شانەی حیزبیمان دامەزراند و زۆریش چالاک بووین لە کۆبوونەوە و کاروبارەکانی حیزبدا. هەر ئەم چالاکیانە وایان کرد کە سەرنجی بەرپرسانی سەرووی حیزب بۆلای خۆم ڕابکێشم و لەلایەن کۆمیتەوە نامەی تەشویق و دەستخۆشانەم بۆ بێت. کاک قادر شەریفیش هەر دوو مانگ زووتر یان درەنگتر سەردانی دەکردین بۆ ئەوەی زیاتر بە کاروباری حیزبی و سیاسی شارەزامان بکات. هەر جارێک کە دەهات ئاگادارییەکانی حیزب و جارێکیش ڕۆژنامەی کوردستان کە چەند لاپەڕەی بچووک بوو بۆ دەهێنایین و ڕۆژانەیش لەگەڵ هاوڕێیان کۆدەبووینەوە و باسی سیاسیی بۆ دەکردین. لەم ماوەیەدا من لەڕێگەی خۆمەوە ئەویش بەو شێوە ڕێگارۆیشتن و نهێنیکاریانەی خۆیەوە سەردانی شانەکانمان دەکردن و بە شێوەیەکی ئەوتۆ هاتوچووەکانمان ڕێکخستبوون کە تەنیا لە کاتی کۆبوونەوەکاندا یەکترمان دەگرتەوە. قادر شەریف پیاوێکی زۆر نهێنیکار بوو، زۆر بە درەنگ شتی پێدەگوتین تا بەتەواوی دڵنیا دەبوو لێمان. بەڵام قسەکانی زۆر ئەندامانی شانەی ماندوو دەکردن. زۆر جار لە کاتی قسەوباسی سیاسیدا خەویان لێدەکەوت چونکە قسەکانی زۆرتر قسەی تودەیی بوون و بە زمانێک قسەی دەکرد کە

ئاسان نەبوو بۆ هاوڕێیان. لەڕاستیدا لە بەشێک لە قسەکانی حاڵی نەدەبووین. ئەویش کاتێ هەستی دەکرد کە هاوڕێیان وەنەوزیان ئەدا نارەحەت دەبوو و دەیگوت ڕفیق، من قسە بۆ ئێوە دەکەم! ڕۆژێک هاوڕێیەک بە ناوی کەریمی مەلاحسێن لە گوندی کیوەرۆ بە زمانی سادە گوتی کاک قادر، بەڕاستی ئێمە باسی کورد و کوردستانمان دەوێت، بۆ ئەوەش کار دەکەین، بەڵام تۆ هەمیشە هەر باسی ڕووس و کۆمۆنیست و "سەڵخوز و کەڵخوزم" بۆ دەکەی کە من بەڕاستی لێت حاڵی نابم و نازانم ئەو قسانە چین و ئەو قسانەش بەڕاستی بەکەڵکی ئێمە نایەن، بۆیە من بە قسەکانت ماندوو دەبم و خەوم لێدەکەوێت. بەدوای ئەو قسەدا کاك قادر لێمان تۆرا و کۆبوونەوەی بەجێهێشت. بەتەنیا ڕۆیی بۆسەر کانی و ئاوێک کە سەد مەترێک لە ئێمەوە دوور بوو. ئەو کاتە هاوین بوو، لە شوێنێکی دوور لە ئاوایی دانیشتبووین کە خەڵک نەمانبینێ. دوایی من چووم بۆلای و هەر چۆنێک بێ ئارامم کردەوە. هەرچەند هەموو هاوڕێیان و منیش قسەکانی ئەو هاوڕێیەمان پێ ڕاست و پەسند بوو و لێیشی حاڵی نەدەبووین، بەڵام من پێمخۆش نەبوو کە کاك قادر لێمان نیگەران بێت چونکە لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی هەڵسووڕ بوو و لەپێناوی گەلەکەیدا حەزی بە چالاکی و تیکۆشان دەکرد. بەڵام ئەو پێی وا بوو ئازادیی و بەختەوەریی گەلان لە سەرکەوتن و بوونی "اتحاد جماهر شوروی" دایە. کەوابوو دەبێ هەموو هەوڵەکان لەپێش هەموو شتدا هەوڵدان بێ بۆ خزمەت بە سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت. ئەو پێی وا بوو کە سەرکەوتنی سۆڤیەت سەرکەوتنی گەلانی بندەستە. (ئەم نووسینەی من لەسەر کاک قادر شەریف دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ۱۳۳۳ هەتا ۱۳٤۰، کە نەک قادر شەریف بەڵکو بەشی هەرە زۆری هاوڕێیانی ڕێبەریی حیزب بەو شێوەیە بیریان دەکردەوە بەڵام دوایی ئەم بۆچوونە و زۆر بۆچوونی دیکە بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی کوردەکان لە کوردستانی باشوور بەهۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی هێندێک گۆڕانیان بەسەردا هات کە کاك قادریش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بە بەشی خۆی گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هات. لە سەرەتای ئەم ئاڵۆگۆڕە فکرییەدا لە نێوخۆی حیزبدا گیروگرفت و کێشە سەریانهەڵدا کە حیزبی تووشی لاوازی و چەندفکری و چەنددەستەیی کرد و ساڵانێک حیزب بەو نەخۆشییەوە نالاندی. ئێستایشی لەگەڵ بێت ئەو ڤیروسە جاروبار سەرهەڵدات و زیان دەگەیێنێت بە حیزب کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەم). بەم جۆرە قادر شەریف درێژەی بە هاتوچوو دەدا. کار و چالاکییەکان ڕۆژبەڕۆژ باشتر و گەرمتر دەبوون. هەتا وەهای لێهات کە لە ۱۳۳٤دا گوتی دەبێ شوێنێك یان ماڵێکی ئەمین دابین بکەین بۆ حەسانەوەی جاروباری ڕۆژانەی کادرە نهێنییەکانمان. ئەم بڕیارە لە سەرەوەی حیزب درابوو. کاك قادر هەرگیز نەیدەگوت کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی. بەڕاستی منیش ئەو کاتە نەمدەزانی کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی بەو ناوانە هەن یان نا. ئەوەی من بزانم ئەو کاتە کۆمیتەیەکمان بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی نەبوو. لەبەرئەوەی حیزب هێشتا کۆنگرەی نەگرتبوو. هەروەکو سەرکردایەتی یان بە ناوی ڕێبەرایەتی چەند کەسێک لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاودا هەڵدەبژێردرابوون و کاروبارەکانی حیزبیان وەئەستۆدەگرت.

قادر شەریف زووتر بیری لە هاوڕێیەکمان کردبۆوە کە ناوی تۆفیق مستەفا، خەڵکی ئەنجێنە، کوڕی هاوڕێیەکمان بوو کە ناسراو بوو بە خاڵە مستەفای هەنجیرە ڕەشکە. هەنجیرە ڕەشکە ناوی مووچەکەیان بوو. ئەم خاڵە مستەفایە بە تەنیا لەو مووچەیە دەژیا کە زەویوزاری خۆی بوو. خاڵە مستەفا پیاوێکی زۆر باش و جێگای متمانە و خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بوو. ماڵەکەی لە مابەینی ئەنجێنە و کیوەرۆدا بوو، شوێنێکی زۆر لاچەپەک و باش بوو. خاڵە مستەفا چەند پارچە زەویی دیکەی کەمێک دوور لە ماڵی خۆیانەوە بەدەم کوێستانی گاکڕەوە هەبوو. ئەو شوێنە باشترین جێگا بوو بۆ شوێنی حەسانەوەی هاوڕێیانمان، بۆیە بڕیارمان دا کە خاڵە مستەفا ڕازی بکەین ئەو زەویانە بدا بە تۆفیقی کوڕی و ماڵی بۆ جیا بکاتەوە و تۆفیق بگوێزێتەوە بۆ ئەوێ. ئەو شوێنە ناوی لۆکەند بوو. لەسەر ئەو زەویانە بە پارەی حیزب و هاوکاری و هەرەوەزی هاوڕێیان و دۆستانی حیزب خانوویەکمان بۆ دروست کرد. حیزب تەنیا حەقی وەستاکاری بۆ دا. هاوڕێیان و دۆستانی حیزب کە باغی چناریان هەبوون هەر ماڵە چەند داریان پێدا. ئەم شێوە هەرەوەزی و هاوکارییە وەک دابێك بوو لە ناوچەکەدا. واتە هەر کوڕێک لە باوکی جیا دەبۆوە هاوکاری و کۆمەک دەکرا. تۆفیق تازە ژنی هێنابوو و منداڵێکی هەبوو. پیاوێکی چالاک بوو و زۆری حەز دەکرد کە تەواووەخت کاری حیزبی بکات. بەڵام بەداخەوە هیچ خوێندەواریی نەبوو. پیاوێکی زۆر سادە بوو. قادر شەریف کەڵکی لێوەردەگرت بۆ ناردنی نامە بۆ هاوڕێیان بۆ شوێنەکانی دیکە و هەروا دەینارد بۆ بانە بۆ ڕۆژنامە و کەرەسەی پێویست بۆ کاروباری حیزب و زۆر شتی دیکە، و زۆر جێگای باوەڕ و متمانەی بوو. پێش تەواوبوونی خانووەکە ڕۆژێک قادر شەریف و تۆفیق دوو کارتۆنیان لەنێو تەلیساندا هێنان. لێم پرسین ئەوە چییە؟ قادر شەریف گوتی ڕفیق، دوایی پێت دەڵێم! کارتۆنەکانمان لە جێگای ئەمین شاردنەوە. دوای حەسانەوە و خواردنی نانی نیوەڕۆ هەردوکیان ڕۆیشتن. من هێشتا هەر نەمدەزانی ئەم کارتۆنانە چییان تێدان. ئەو مافەیشم بە خۆم نەدا کە تەماشایان بکەم بۆ ئەوەی بزانم چییان تێدان. چەند مانگێک تێپەڕی هەتا خانووەکەی تۆفیق تەواو بوو. تۆفیق چووە خانووی تازەوە. ڕۆژێک قادر شەریف لەگەڵ کەسێکدا هات کە بە ناوی کاک حسێن و کادرێکی حیزبی بە منی ناساند. یەکەم جار بوو ئەو هاوڕێیە ببینم. ئەم کەسە سمایلی قاسملوو بوو کە دوای ساڵانێک زانیم. دواتر دێمەوە سەر ئەو بەشە کە چۆن و لە چ کاتێکدا سمایل لە ناوچەی بانە کەوتە داوی کاربەدەستانی حەمەڕەزا شاوە. ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە بوون. بۆ بەیانییەکەی قادر شەریف گوتی ئەو دوو کارتۆنەی کە هێناومانن با بچین بیانکەینەوە و تەماشایان بکەین. کارتۆنەکان کە زۆر قورس نەبوون هەر بۆخۆمان بردنمانە ژوورەکەی خۆم. سێقۆڵی کارتۆنەکانمان کردنەوە. دەزگایەکی تایپ و ڕۆنیویەک بوون. زووتر قادر شەریف هێنابوونیە ماڵی باوکی تۆفیق و لەوێشەوە لەگەڵ تۆفیق هێنایانن بۆلای من. ئەم دەزگایانە کە حیزب ئامادەی کردبوون بە چەند دەست گەیبوونە لای من. ئەوەی کە من بینم حسێن شارەزای ئەم دەزگایانە بوو و کاری پێدەکردن. بۆ نمونە لاپەڕەیەکی چەند خەتی لە نایلۆنێکی کە بەقەد لاپەڕەیەکی A٤ دەبوو بە

تایپەکە نووسی و دوایی ژێر ڕۆنیوکەی خست کە بە دست هەڵدەسووڕا و چەند لاپەڕەیەکی کۆپی کردن. بەلامەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. یەکەم جار بوو دەزگای وا ببینم. دڵم زۆر پێیان خۆش بوو. ئەوەی من ئاگادار بم ئەوە دەزگای چاپەمەنی ئەو کاتی حیزب بوو. پێشتر حیزبی توده کاروباری چاپەمەنی بۆ ڕادەپەڕاندین، تەنانەت ئەو تەمرانەی کە ئێستا ئارمی حیزبە و لەسەر نامە فەرمییەکانی حیزب دائەندرێن، حیزبی توده بۆی چاپ دەکردین. ئەو تەمرانە لەجیاتی ڕەسیدی مانگانە بوون کە نرخی پێنجقرانی و یەکتمەنییان هەبوون. ئێمەش دەماندان بە ئەندامان یان ئەو کەسایەتییە دڵسۆزانەی کە خۆیان سەربەخۆ یارمەتییان ئەدابن. دوای تاقیکردنەوەوی دەزگاکان ڕاوێستاین هەتا شەو داهات، ئەوجار قادر شەریف و حسێن هەریەکەی دەزگایەکیان بە کۆڵ هەڵگرت و ڕۆیشتن. بە منیان نەگوت بۆ کوێ دەچن بەڵام من دەمزانی کە ئەو دەزگایانە لە ماڵی تۆفیق دادەنێن. چەند مانگ تێپەڕی ڕۆژێک تۆفیق بانگی کردم بۆ ماڵی خۆیان. کە چووم دیتم قادر شەریف و حسێن لەوێ بوون. دیار بوو هەر ئەوان پێیان گوتبوو کە تۆفیق بانگهێشتنم بکات. خواردنێکی باشیان بۆ نیوەڕۆ لێنابوو. ئەوی من ئەو ڕۆژە هەستم پێکرد ئەوە بوو کە من بەوە بزانم کە شوێنی کارکردن بەو دەزگایانە بە شێوەی نهێنی و هەروەها جێگەی حەوانەوەی کادرەکان لەوەبەدوا ماڵی تۆفیق دەبێ و ئەو نهێنییە لە ناوچەی بانە تەنیا دەبێ من، تۆفیق و باوکی تۆفیق پێی بزانین. هەبوونی ئەو دەزگایانە تەنیا چەند کەسێك لە سەرکردایەتی حیزب، لەوانەی کە لە عێراق دەژیان و بۆ کاروباری حیزبی هاتووچوویان دەکرد و دەهاتنەوە، لێی ئاگادار بوون.

ئەو ڕۆژەش ڕابرد و گەڕامەوە ماڵێ. ڕۆژبەڕۆژ دڵگەرمتر دەبووم بە کارەکانم و بە چەند ڕۆژ جارێك ڕووم دەکردە لایەک و سەردانی برادەرانم دەکرد و ورەم بەرز دەکردنەوە و دڵگەرمم دەکردن بە پاشەڕۆژی خەباتەکەمان. دەکرێ بڵێم وەکو کادرێکی تەواووەخت کارم دەکرد. دیارە لە هەموو بوارێکدا ئیمکاناتی باشم هەبوو بۆیە زۆر دڵخۆش بووم بەو چالاکی و هەڵسووڕانە. بەهۆی دیدەنی و هاتوچووی خزمانەوە سەردانی گوندەکانی دیکەیشم دەکردن کە شانەی حیزبییان تێدابوون. جێگای هیچ گومانێک نەبوو کە لە هەر کاتێکدا بچوومایە بۆ سەردانیان زۆر بە ئاسانی و ئاسایی ئەو دیدارانەم دەرباز دەبوون و لەپاڵ ئەوەشدا بە نهێنی لەگەڵ شانەکانی حیزبی کۆبوونەمان پێکدەهێنا و قسەوباسی خۆمان دەکرد. دوای دروستکردنی ئەو خانووە بۆ تۆفیق و زیادبوونی هاتوچووی برادەران تا گیرانی سمایل لە بانە بەدەستی کاربەدەستانی ڕێژیمی شا، قادر شەریف ڕاستەوخۆ بۆخۆی بەبێ ئاگاداریی کادرەکانی کۆمیتەی بانە، سەردانی ئەو گوندانەیان دەکرد کە شانەی حیزبییان تیدابوون. کۆمەڵێک چالاکیی و ئاڵوگۆڕی کردبوون کە کۆمیتەی لێ ئاگادار نەکردبۆوە. لەو ماوە کارەیدا بەشێکی زۆری لە بەرپرسی شانەکان و بەشێکیش لە ئەندامانی بە سمایل قاسملوو ناساندبوو، بەڵام نازانم لە ناوچەکانی دیکە باردۆخی کاروباری چۆن بوو. بەم جۆرە ڕۆژگار دەهات و دەڕۆیشت و بە کار و چالاکی حیزبییەوە سەرگەرم بووم. بەڵام قادر شەریف گۆڕانی بەسەردا هات و لەوەبەدوا کەمتر سەردانی دەکردم و کەمتر ئەبینرا.

## یەکەم سەفەرم بۆ شارە گەورەکانی ئێران

عەبدوڵڵا خان، کوڕی حەسەن خان، لە گوندی ئاڵۆت دەژیا و دراوسێگوند بووین و هاتوچوومان بۆلای یەکتر هەبوو. جاروبار لە کاتی ڕاوەکەودا بەیەکەوە دەچووینە کوێستانی گاکڕ. لە بەهاراندا و لە کاتی گەرمێن و کوێستانی ئاژەڵی کێویدا بزنە کێوییەکان دەهاتنە ئەو کوێستانە و تا کاتی چوونە هەواری هەوارچییەکان لە کوێستانی گاکڕ دەمانەوە. دواتر بەهۆی قەرەباڵغی هەوارچییەکانەوە دەڕۆیشتن بۆ لەوەڕگەی دیکە. زۆر جار تووشی پۆلی زیاتر لە پەنجا سەر لەو بزنەکێوییانە دەبووین و ڕاومان دەکردن. جار هەبوو چەند سەرمان لێ ڕاودەکردن. لە هاویندا زۆرتر ڕاوی ماسیمان بە قولاپ و دەرمان دەکرد. دەرمان جۆرە گیایەکی تاڵ بوو کە لەگەڵ هەویردا تێکەڵمان دەکرد و دەم ئاوەکەمان دەدا و دوای تاوێك ماسی بەروپشت دەبوون. لەو دواییانەدا جاروبار دینامیتمان دەستدەکەوت و بۆ ڕاوەماسی بەکارماندەهێنا. بەم جۆرە هاوینان خۆمان بە مەلە و ڕاوەماسی دەخافلاند. عەبدوڵڵا خان نزیک بە پانزە ساڵ لە من بەتەمەنتر بوو. ساڵی ١٣٣٤ لە وەرزی هاویندا نامەیەکی بۆ ناردم کە تێیدا پێشنیازی کردبوو مەجید خانی برایشی ئامادەیە و پێیان خۆشە بەیەکەوە سەفەر بکەین بۆ شاری هەمەدان بۆ کڕینی هێندێ قاڵی بۆماڵی خۆیان و لەوێیشەوە بچین بۆ تاران بۆ گەشت و گوزار. بەڕاستی زۆر خۆشحاڵ بووم بەم نامەیەی عەبدوڵڵا خان و ئامادەیی خۆمم لە وەڵامی نامەکەدا بۆ نووسییەوە. خۆمان ئامادە کرد و چووینە شاری بانە. ئەمە یەکەم سەفەرم بوو بۆ ئەو شارە گەورانە و تا ئەو کات لە ئێراندا بۆ شاری گەورە لە بانە و سەقز زیاتر بۆ هیچ کوێیەک نەچووبووم. بانە ئەو کات شارۆچکەیەکی بچوک بوو. بە ماشینی باری هاتوچوو بۆ سەقز دەکرا، ئەویش زۆر کەم. لە ڕۆژدا یەک یان دوو ماشینی باری هاتوچووی سەقز و بانەیان دەکرد. کەسانێک زووتر جێگایان بگرتایە لە پێشی ماشینەکە و باقی خەڵکەکە لە سەر باری ماشینەکە سوار دەبوون. جادەی کەلیخان زۆر خراپ بوو. ساڵ نەبوو ماشینی لێ وەرنەگەڕێت و چەند کەسی لێ نەمرن. جادەکە زۆر باریک بوو. بە دەیان پێچی کورت و مەترسیداری تێدا بوون. ماشینەکانیش کۆن بوون و مۆتۆرەکانیان دەیانکولاند و گەرم دەبوون. بەهۆی هەورازبوونی جادەکە لە پێچەکاندا مۆتۆری ماشینەکان گەرمیان دەکرد. شاگردەکانیان دەبوو دابەزینایە و کۆتەرەدارێکی تایبەتیان پێبوو لە پشتەوە ژێر تەگەری ماشینەکەیان ئەدا بۆ ئەوەی بەدوادا نەیەنەوە و لە جادەکە نەترازێن. هەموو جارێکیش پێویست بوو شاگردەکان ئاویان لە ڕادیاتۆری ماشینەکە کردایە تاکو مۆتۆرەکەی سارد وەبوویایە، جا دەیتوانی درێژە بە ڕۆیشتنەکەی بدا. ئا بەو شێوەیە تا ماشینەکە دەگەیشتە سەر گەردەنە (بەرزایی کەلیخان) نەفەرەکانی بە پێیان دەگەیشتنە سەرێ. لەبەر خراپی جادەکە کەمتر خەڵک دەیانوێرا سواربن و ناچار دائەبەزین و بە پێیان بە ڕێگایەکی تایبەتدا کە زۆر هەوراز بوو ڕاست سەردەکەوتن بۆسەر گەردەنەکە. زۆر لە موسافیرەکان دەگەیشتنە سەر گەردەنە و

دەحەسانەوە ئەوجار ماشینەکە بە ناڵەناڵ دەگەیشتێ. ڕێگای بانە-سەقز ئەو کات شەست و پێنج کیلۆمەتر بوو، بەڵام بۆ ماشینی باری بەو شێوە ڕۆیشتنە زیاتر لە شەش سەعات ڕێگا بوو. ئێمەش بەم شێوەیە ڕۆیشتین بۆ سەقز. شەو لە موسافیرخانە (میوانخانە) ماینەوە. لە گۆشەیەکدا پرسیارم لە مەجید خان کرد و گوتم ئەرێ کاکە، ئێستا زۆر بەکەمی هاوڕێیان سەردانم دەکەن، تۆ چ هەواڵێکت هەیە؟ گوتی باوەڕ بکە بۆلای ئێمەش هەر بەو جۆرەیە، هۆیەکەیشی نازانم، خۆ کەسیان نابینم کە پرسیاری ئەو وەزعە بکەم. لەوانیش زیاتر شوێنی هاوڕێیانی سەرەوە نازانم تاکو ئاگاداری ئەو کەمترخەمیانەیان بکەم، هەر دەبێ چاوەڕوانی قادر شەریف بین ئاخۆ کەی سەرهەڵدەدا. بۆ بەیانییەکەی ڕۆیشتین بۆ سنە. شەو چووینە موسافیرخانەی زاگرۆس. ڕۆژی دوایی لە سنە ماینەوە و ئیسراحەتمان کرد. ڕۆژی دواتر چووینە گاراج، کۆمەڵێک ماشینی بێنزی زۆر کۆنی لێبوون کە بە دەستی دووەم هاتبوونە ئێرانەوە. ئەم ماشینانە جگە لە شۆفێر شەش کەسیان هەڵدەگرت. دوو کەس و شۆفێر لە پێشەوە و چوار کەسیش لە دواوە دائەنیشتن کە لەڕاستیدا جێگای پێنج کەس بوو بە شۆفێرەوە. بەرەو شاری کرماشان وەڕێکەوتین. ئە شەوە لە کرماشان ماینەوە. ڕۆژی دوای بە ئوتوبووس ڕۆیشتین بۆ هەمەدان. چەند ڕۆژێکیش لە هەمەدان ماینەوە. من و عەبدوڵڵا خان هەریەک چەند پارچە فەرشێکمان بۆ ماڵی خۆمان کڕی. هەمەدان و تەورێز باشترین بازاڕی فەرشفرۆشییان هەبوو، ئێستاش هەر وایە. دوای کڕینی فەرشەکان و تەحویلدانیان بە گاراج بۆ بانە، ئیتر دەستمان کرد بە گەشت و گوزاری شارەکە و دیتنی شوێنە خۆشەکانی شار، وەکو سینەما. ئەو کات هێشتا لە بانە سینەما نەبوو، دیتنی فیلمی سینەمایی بۆ من شتێکی تازە و سەرنجڕاکێش بوو. هەروەها پارکی بوعەلی سینا، بابا تاهیر هەمەدانی، دیتنی ئەو شوێنانە و باقی شوێنە خۆشەکانی دیکە وەک باغاتەکانی دەوروبەری شار کە ڕۆژانی پشوو خەڵک بۆی دەچوون بۆ سەیران و گەشت و گوزار، زۆر تایبەت بوون. ئێمە کە لە بانە ڕێکەوتین بۆ هەمەدان بڕیارمان دا دوای هەمەدان بچین بۆ تاران، بەڵام ئەو بڕیارەمان گۆڕی و لەجیاتی تاران چووین بۆ تەورێز. بەیانییەک سەعات هەشت بە ئوتوبووس بەرەو تەورێز ڕێکەوتین. لە قەزوین ئوتوبووسمان گۆڕی. قەزوین سێڕێیانی تاران-هەمەدان-تەورێز بوو. ئەو ئوتوبووسە لە تارانەوە دەهات کە ئێمە بۆ تەورێز سواری بووین؛ پڕ بوو لە خەڵک، کورسی بەتاڵ نەمابوو. ئێمە و زۆری کەسی دیکەش ماوەیەک بەپێوە و ماوەیەک لەسەر کورسیی بچکۆڵەی دار کە لەنێو ڕێگەی نێوان کورسییەکاندا دایاندەنان دانیشتین. ئوتوبووسەکە یەکجار کۆن و پەڕپووت بوو. چەند سەعاتی ڕۆژ مابوو لەوی سوار بووین، بۆ ڕۆژبوونەوە گەیشتینە تەورێز. بەڕاستی هەموو خۆشیی سەفەرەکەمان دایەوە و زۆر پەشیمان بووین لەو پەلەی کە کردمان کە نەوێستاین سوار ماشینێک بین کە لە سەر کورسی ڕەحەت دانیشین. تەجرەبەی سەفەرمان نەبوو. هەروەک پێشتر گوتم، یەکەم سەفەرم بوو بەرەو ئەو شارانە. دوو، سێ ڕۆژی پێچوو هەتا ماندوویی نێو ئەو ئوتوبووسە لە لەشمان هاتە دەر. چەند ڕۆژێک لە تەورێز ماینەوە. بەلامەوە شارێکی زۆر خۆش بوو. ئەوەی کە زۆر

سەرنجمی ڕاکێشا بوونی دوو شتی کۆن و نوێ بوو کە بریتی بوو لە فایتوون (گاری کە بە ئەسپ ڕائەکێشرا) کە وەك تاکسی کاریان دەکرد. زۆر جار ئەو فایتوونانە ڕکەبەری تاکسییە ئۆتۆمبێلییەکانیان دەکرد و لەوانیش زیاتر مشتری ڕووی تێدەکردن. بەتایبەت بنەماڵە خێزاندارەکان زۆرتر پێیان خۆش بوو بەو فایتوونانە هاتوچوو بکەن. ئەم فایتوونانە بە جوانترین و باشترین ئەسب ڕادەکێشران. ئەسپەکان بە گێزوگوڵینگە ڕازابوونەوە. گارییەکان چرا و بۆقی دەستییان تێدابوون. کورسییەکان لە پارچەی جوان و باش دروست کرابوون و دانیشتن لە سەریان خۆش و ڕاحەت بوو. پارکی شاگولی شوێنێکی خۆش و بەناوبانگی تەورێز بوو کە چەند کیلۆمەتر لە شارەوە دوور بوو. ڕۆژانی پشوو خەڵك بۆ سەیران دەچوونە ئەو پارکە. ئێمە دوو جار سەردانی ئەو پارکەمان کرد. جارێکیان بە فایتوون چووین و هەتا ئێوارە درەنگێک ماینەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی پشوو بوو. حەشیمەتێکی یەکجار زۆری لێ بوو. لە هەموو لایەکەوە دەنگی موزیک دەهات. خەڵک سەرقاڵ بوو بە دەیان جۆری یاری و شتی جۆراجۆرەوە. هەر کەسە بە شێوەیەک ڕۆژەکەی دەبردەسەر. ڕێستوران، کافە و شوێنی یاری و سەرگەرمی زۆری لێبوو. تەورێز لە باری شارستانییەت و گەورەیی شار و بوونی سینەما و هۆتێل و دوکان و بازاڕ و شوێنە گەشت و گوزارییەکان لە هەمەدان زۆر لەپێشتر بوو و چەند بەرابەریش حەشیمەتی هەبوو. ئێمە لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژانەدا کە لە تەورێز ماینەوە سەردانی زۆر شوێنمان کردن، وەک موزەخانە، کتێبخانە، بازاڕی تازە و کۆنی شار، باڵەخانە کۆنەکان کە وەک ئاسەواری کۆن مابوونەوە و بووبونە شوێنی سەرنجڕاکێشی توریست. بەم جۆرە ئەو سەفەرەش تەواو بوو و بەرەو بانە گەڕاینەوە. ڕووداوی خۆش و ناخۆش یەک لەسەر یەک تۆمار دەبوون کە هەموویان بۆ باسکردن نابن و ڕەنگە زۆریشم لەبیر نەمابن. بەڵام هێندێ شتی تایبەتی کە پەیوەندییان بە حیزب و خۆمەوە هەیە جێگای ئاماژەن و حەزدەکەم تا ئەو جێگایەی بەسەرهاتەکانم لەبیرماون و هێندێکیش بە هەوڵدان لە سەرچاوەکان بە دروستی بییاننووسمەوە بەڵکو بۆ مێژوویش کەڵکێکیان لێوەربگیرێت.

## هاتنی د. قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق بۆ کیوەرۆ

لە کۆتایی مانگی جۆزردانی ١٣٣٥دا ڕۆژێک نەمران دوکتۆر قاسملوو کە لە ناوچەی بانە بە کاک حەسەن دەناسرا لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە ئەویش لە بانە بە ئەحمەد تۆفیق دەناسرا، لەگەڵ قادر شەریف هاتن بۆ ماڵی من لە کیوەرۆ. پێشتر دوو جار کاک ئەحمەد تۆفیقم لە کۆبوونەوەی کۆمیتە لە نەمەشیر دیبوو و قادر شەریف هەموو جارەکان لەگەڵدا بوو. شەوی یەکەم هاوڕێیان هەموویان مانەوە. بۆ بەیانییەکەی قادر شەریف ڕۆیشت و کاک حەسەن و کاک ئەحمەد مانەوە. کاک حەسەن گوتی هاوڕێ، ئێمە چەند ڕۆژێک میوانی تۆ دەبین و چاوەڕوانی کەسێکین کە دێت بۆ ئێرە بۆلامان. دەبێ ڕۆژانە بچینە کێو بە بیانووی شتێکەوە و ئێواران بێینەوە بۆ ماڵ. شەوانەش پێویستیمان بە وریایی تەواو هەیە. گوتم ڕۆژانە بە ناوی ڕاوە کەو و کۆترەوە دەچینە کێوی. شەوانەش بەوپەڕی وریاییەوە ئاگاداریتان لێدەکەین. سێ هاوڕێ حیزبی هەر لە ماڵی خۆمان دەژیان، دوو هاوڕێیش لەنێو ئاوایی بوون. بە پێویستم زانی بۆ هاودەنگی و باری ئەمنیەتی هاوڕێیان ئاگاداریان بکەم کە بۆ بەرنامەی ئەو چەند ڕۆژە چۆن بکەین. دوو کەس لە هاوڕێیانی ئاوایی بە ناوەکانی کەریم ڕەحمانی، ناسراو بە کەریمی مەلا حسێن و مستەفا ڕەشیدپەنا، ناسراو بە مستەفای سۆفی مینە، کە خاوەن مووچە و مەزرا بوون، پێشنیاریان کرد کە پێیان خۆشە هەر ڕۆژە میوانی یەکێکیان بن. ئەو هاوڕێیانە کەپری هاوینەیان لەسەر مووچە و مەزراکانیان هەبوون کە جێگایەکی ئەمین و خۆش بوون و هاتوچووی کەسیان بەسەرەوە نەبوون. ڕۆژی یەکەم میوانی کاک مستەفا بووین و میواندارییەکی گەرم و کوردانەی لێکردین. دوای نانخواردن دەست بە باسی سیاسی کرا. دوکتۆر قاسملوو ئەو ڕۆژە بە زمانێکی سادە کە لێی تێبگەین، باسی ئابووری بۆ کردین کە زۆر سوودمان لێوەرگرت. باسەکەیمان زۆر پێ خۆش بوو. ڕۆژی دووەم میوانی کاک کەریم بووین، ئەویش هەر بە شێوەی کاک مستەفا میواندارییەکی گەرمی کردین. ئەو ڕۆژە کاک ئەحمەد تۆفیق بە کورتی باسی دامەزراندنی کۆمار هەتا تێکچوونی بۆ کردین. ڕوونکردنەوەیەکی زۆر باش و تایبەت بوو بۆ ئێمە، چونکە هیچ یەک لە ئێمە بەو شێوەیە ئاگامان لە دامەزران و نەمانی کۆمار نەبوو. بەدوای تەواوبوونی باسەکەدا کاک کەریم ڕەحمانی ڕووی لە جەماعەت کرد و گوتی بەڕاستی ئەم دوو ڕۆژە لە خزمەت هاوڕێیاندا زۆر سوودم وەرگرت و زۆر سوپاسی هاوڕێیان دەکەم کە ئێستا ئیتر باشتر دەزانم لەپێناو چیدا خەبات دەکەم. کاك کەریم لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی لێتان ناشارمەوە من کەمتر لە قسەکانی کاک قادر شەریف سوودم وەرگرتووە و بە کەمی لێی حاڵی دەبم، لەبەرئەوەی قسەکانی ئەو کەمتر قسەی کوردانەیە و ئەو بابەتانەی ئەو باسیان دەکات من پێموایە پەیوەندییان بە مەسەلەی کوردانەوە نییە. تەنانەت ڕۆژێک لێیشم عاجز بوو کە لە کاتی قسەکانیدا خەوم لێکەوت؛ گوتی هاوڕێ، من قسە بۆ ئێوە دەکەم، کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت و لێمان دوورکەوتەوە. دوایی کاک ڕەشید چوو بۆلای و ئاشتی کردەوە و هێنایەوە بۆلامان. کاتێ کاک کەریم ئەم قسەی گێڕایەوە، دوکتۆر قاسملوو و کاک ئەحمەد هەردوکیان دەستیانکرد بە پێکەنین و گوتیان کاک قادر هاوڕێیەکی باش و

چالاکـە و دەبـێ لەگـەڵی بـەحەوسـەڵە بـن لەبەرئـەوە ئـەو هاوڕێیـەمان جاروبـار بـێ حەوسـەڵەیی هەیـە. ئـەو دوو ڕۆژەیـش تـەواو بـوو. ڕۆژی دوایـی چووینـە کێوی گـردەڕەش کـە بەسـەر هـەموو کیـوەرۆدا ئـەیڕوانی و ئاگامـان لـە هـەموو هاتوچوویـەک بـوو. پێچەوانـەی کێوەکانی کوردستان، ئەو کێوە لـە بەرزاییەکانی هـیچ کـانی و ئـاوێکی لـێ نییـە بۆیـە ئێمـە ناچار بووین ئاویش لەگەڵ خۆمان بەرین. ئەو ڕۆژە وەک ڕاوچی گوزەراندمان. ڕۆژی چوارەم نەچووینە هیچ لایەک، چاوەڕوانی میوانی هاوڕێیـان بووین. پێشنیوەڕۆ کەسێک لـە کۆخی مێوەکـاژاو کـە کۆخێکی سـەر بـە گونـدی ئەنجێنەیـە، هـات و نامەیـەکی بچووکی پێچـراوەی حیزبییانـەی دەرهێنـا و دای بـە مـن و گـوتی پێیـان گوتـووم ئـەم نامەیـە هـی میوانەکانتـە. دوکتۆر قاسملوو گوتی بیدە بە من. نامەکەم دایـە دەستی و خوێندیـەوە و پاشـان گـوتی کـاک ڕەشـید، خـۆت وەپێچـە بـا بـڕۆین. هـەموو حـازر بـووین و ڕۆیشـتین بـۆ مێوەکـاژاو؛ بـە پێیـان سەعاتێک ڕێگا بوو. کاتێ گەیشتین چووینە ماڵی کاک مستەفا کـە بـە مستەفای سـەعەخولە بەناوبانگە. پێشمانکەوت بۆ خوارەوەی خانووەکـەیان بۆنێو باغەکـەی کـە پڕ لـە میوە و زۆر خۆش بوو. تـازە تـوو گـەیی بـوو و قەیسەکانیشـی لێیـان زەرد بووبـوو. هێنـدێکیان بـۆ خـواردن دەبوون کە لە خواردنیان سڵمان نەکرد. ئەو شوێنە جێگایەکی ئەمین بوو. هاتوچووی کەسی بەسەرەوە نەبوو. جێگاوبانیان تەرتیب کردبوو. میوانەکانی دیکە پێش ئێمە گەیبوونە ئەوێ. کاتێ گەیشتینە ئەو شوێنە، دیتم کاک حسێن کە سمایلی قاسملوو بوو لەوێیـە و خـاتوونێکی بەڕواڵـەت بیـانی و دوو منـداڵی چکۆڵـەی پێیـە و لـەوێ دانیشـتوون. کـاتێ ئێمـەیان دی بەپیرمانەوە هاتن. ئەو خاتوونە باوەشی بە دوکتۆردا کرد و بەگەرمی یەکتریان بـەخێرهاتن کرد. دوایی ئێمەشیان بەخێرهاتن کرد و تێکڕا دانیشتین. دوکتـۆر ڕووی تێکـردم و گـوتی ئـەو خانمە خێزانـی منـە و نـاوی نەسرینـە. بـە زمـانی فارسییش بـە نەسرین خـانمی گـوت ئـەو هاوڕێیـەش نـاوی کـاک ڕەشـیدە و هاوڕێیـەکی چـالاک و دڵسۆزی ئێمەیـە. بـەو شـێوەیە بـە یەکتری ناساندین و ئێمەش بە زمانی فارسی زیاتر لەگەڵ یەکدا دواین. نەسرین خـانم بـە فارسییەک قسـەی دەکـرد کـە دیـار بـوو فارسزمان نییـە و فێـری فارسـی بـووە. کـاک مسـتەفا میواندارییـەکی باشـی کـردین. دوای نـانخواردن ئـەمن بـەرەو کیـوەرۆ گەڕامـەوە. دوتـرا کـاک مستەفا بـۆی بـاس کـردم کـە چەنـد ئێسـتری بـۆ حـازر کردبـوون و جەماعـەت بەگشـتی بـەرەو گوندی شابەدین، کە گونـدێکی سەرسنوورە لـە کوردستـانی ئـەودیو، ڕەوانـەی کردبـوون. ئیتـر لەوێوە چۆن ڕۆیشتوون و بۆ کوێ چوون، نازانم.

پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە چەند کەسێک لە بیرەوەریی خۆیانـدا باسـی نەسـرین خـانم، هاوسەری دوکتۆر قاسملوو، دەکەن کە چۆن لـە تارانەوە هـاتووە بـەرەو باشووری کوردسـتان و شـاری سلێمانی. یـەکێک لـەو بەڕێزانـە مامـە غـەنی بلوریانـە. مامـە غـەنی لـە لاپـەڕە ١٩٣ و١٩٤ی ئاڵەکۆکدا بەم شێوە دەڵێ: "سمایل ژن و منداڵەکەی ڕەحمانـی قاسملووی گەیانـدبووە سـلێمانی و ڕەحمـانیش بـە یارمـەتی بنەماڵـەی زەرزا بـە شـنۆدا چووبـووە ئـەو جێیـە. لـە سلێمانی ژن و منداڵی قاسملوو گەڕابوونەوە چەکوسلاواکی و پاشانیش ڕەحمان خۆی چووبوو، بەڵام سمایل لەوێ مابۆوە. ئەحمەد تۆفیق کە دەبینێ سمایل بـە بێکـاری دەخولێتـەوە، داوای

لێدەکات و دەڵێ مرۆڤێکی خوێندەواری و باشترە تا کارەکەت جێبەجێ دەبێت بچی بۆ ناوچەی بانە. سمایل قاسملوو دەچێتە ناوچەی بانە و بە نازناوی حوسێن دەست بە کاری حیزبی دەکات".

کاک محەممەد خوسرەوی خەڵکی بانە لە کتێبی سەربردەی بانە و بەربناری سوورکێو لە لاپەڕە ١٨٦ی کتێبەکەیدا بەم شێوەیە ئەنووسێ: "هێنانی هاوسەری دوکتۆر قاسملوو بۆماڵی عەبدوڵڵا بەگ لە ڕەشەقەڵات. گوایە هاوسەری د. قاسملوو لەلایەن چەند کەسەوەوە هێندراوەتە ماڵی باوکم بەو مەبەستەی کە کارئاسانی بۆ بکا بەرەو عێراق، بەڵام وا دەردەکەوێ بەهۆی ئاڵۆزی و نالەباری وەختەوە ئەو ژنە ماوەی چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە و فێر دەکرێ هەر کەس ویستی قسەی لەگەڵ بکا وەڵام نەداتەوە و لە قسەشدا خۆی وەک کەڕولاڵ نیشان بدا. هەر بۆیە کاتێک ژنانی ئاوایی کە دەهاتنە ماڵی ئێمە و ئەو ژنەیان دەدی وەک کەڕولاڵ دەیانناسی. دایکم پێی دەگوتن ئەوە خزمێکی خۆمانە و بە ئەمری خوا شەو لە خەو ڕاپەڕیوە و قیژاندوویەتی، ئیتر هەم کەڕ بووە و هەم لاڵ. ئێستا دەمانەوێ ڕەوانەی لای شێخی کەوانەدۆڵی بکەین. توخوا ئێوەش دوعای بۆ بکەن بەشکم خوا ڕەحمی پێبکا و چاک ببێتەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا پیرەژنێک دەچێتە ماڵی ئێمە و ئەو ژنە دەبینێ و بە خەیاڵی خۆی چاکەی لەگەڵ دەکا، لێی دەچێتە پێشەوە و دوای هێندی قسەکردن لەگەڵیدا، لە وەرنەگرتنەوەی پرسیارەکانیدا تا هێزی تێدایە دوو زللە لەملاولای ڕوومەتی دەدا. ئیتر ژنە پڕ بە دەمی ئەقیژێنێ و پیرەژن هاوار دەکا سەگە لێی دوور وەکەون. ئیتر بە پەلە دایکم لێی دوور دەخاتەوە و دەڵێ وازی لێبینن. دایکم دەڵێ پورێ گیان، ئەوە کاری من و تۆ نییە، کاری مشایەخانە. ئیتر ئەو ژنە بەڕێ دەکرێ. ئەو کاتە ماڵی عەبدوڵڵا بەگ لە گوندی ڕەشەقەڵات بووە. ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەو ژنەدا بوون سەرەڕای دوو کچی خۆی بریتی بوون لە شەهید قادر شەریف و خوالێخۆشبوو فەقێ حەسەنی شوێی. ئەو خانمە بەهۆی خاڵە عەبەوە ڕەوانەی لای بەڕێز مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی دەکرێ. چەند ڕۆژێک لەوەبەدوا گوزارشی ئەم مەسەلەیە بە ساواک دەگات و لەو بارەوە چەند جار باوکم کەوتەبەر لێکۆڵینەوە ئەزیەت و ئازار و ماڵ پشکنین". بەدوای ئەم نووسینەدا تەلەفۆنم بۆ مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی کرد و لەسەر چۆنیەتی ئەم هەواڵە قسەمان کرد. بە پێکەنینەوە گوتی من هەرگیز شتی وام نەبیستووە و خانمی قاسملوویش بۆ ماڵی ئێمە نەهاتووە. ئەوەی بیستوومە هاتووە بۆلای ئێوە و لە ڕێگای تۆوە ڕەوانە کراوە بۆ ئەودیو. کاک محەممەد خوسرەوی کە دەیهەوێ مێژوو بنووسێتەوە پێوستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەوەی ئێستای هەیە و مێژوو بە "گۆیا" نانووسرێتەوە، کە یەکەم وشەی ئەم دەقەی بە گۆیا دەستپێکردووە. مێژوونووسین ئەرکێکی گران و سەختە و پێوستە مرۆڤ بە بەرپرسایەتییەوە مێژوو بنووسێت. ئەم کتێبانە بۆ دوارۆژ ئەمێننەوە و دەبنە مێژوو بۆ نەوەی داهاتوو. مرۆڤ نابێ بە بیستنی ڕووداوێک لە کەسێک هەروا زوو بینووسێتەوە. دەبێ بەڵگەی باوەڕپێکراوی هەبێ بۆ قسەکەی تاکو دڵنیا ئەبێت لەو مەوزوعە ئەودەم ئیجازە بە خۆی بدات مێژوو بنووسێتەوە. بەتایبەت ئاماژە بە سەفەری ئەم ڕێبوارە ئەکەم کە لە سەرەوە ناوی هاتووە. کاک

محەممەد دەنووسێ باوکم ئەم ڕێبوارەی ڕەوانەی بەڕێز مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی کردووە، لە کاتێکدا مەلا ئەبوبەکر کەسێکی نزیکی کاک محەممەدە و هەمیشە ئیمکانی ئەوەی هەبووە کە لەو مەوزوعەدا پرسیاری لێ بکات. بەڵام تاقەتی نەبووە ئەم پرسیارە لە ناوبراو بکات، بەڵکو هەروا زوو قەڵەم تاودەدا و کتێبی پێ ئەڕازێنێتەوە. کتێبەکەیەم خوێندەوە، زەحمەتی زۆری کێشاوە، بەڵام زۆر ڕووداوی وەک ئەمەیشی تێدایە کە هەر بە خەیاڵ و زەوقی خۆی و بێ پرسیار و لێکۆڵینەوە بە هەڵە و نادروست نووسیوە کە ئوباڵی مێژووی ئەچێتە ئەستۆ. کاک مەحەممەد دەنووسێ دوای ڕۆیشتنی ئەو ڕێبوارە ساواک پێ دەزانێ و چەندین جار باوکم دەکەوێتەبەر لێکۆڵینەوە و ئەزیەت و ئازار و ماڵ پشکنین. با کاک محەممەد بزانێ ئەودەم ئیدارەی ساواک لە بانە وجودی نەبووە. ئەو کاتە تەنیا ئیدارەی مەرزبانی و ئەفسەرێک بە ناوی شەهبازی وەک بەرپرسی گومرگ و نوێنەری روکنی دووی ستاد ئەرتەش بۆ کاروباری سیخوڕی لە بانە هەبووە. جێگایەتی ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە ساڵێک دوای هاتنی خانمی قاسملوو، سەروان شەهبازی سمایلی قاسملوو لە خوار گوندی نێزەڕۆوە دەگرێت و پاش چەند ڕۆژ ڕەوانەی سەقزی دەکات. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کاتەش هێشتا ئیدارەی ساواک نەهاتۆتە بانە. من بەوردی هاتنی خێزانی قاسملوو، گیرانی سمایلی قاسملووم لەم کتێبەدا نووسیوە. کاک محەممەد زۆر شتی دیکەیشی لە کتێبەکەیدا هەیە کە ڕاستی و دروستییان جێگای باسە، بەڵام لەبەرئەوەی نووسینەکەی من نووسینێکی مێژوویی نییە و تەنیا پەیوەندی بە ژیانی خۆمەوە هەیە، نامەوێ لەو چوارچێوەیە بچمە دەرێ. ئەم مەوزوعەش کە باسکرا پەیوەندی بە منەوە هەیە و پێویستە ڕاستی بکەمەووە. پێم چاکە ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە هەتا دەرچوونی ئەم کتێبەش مستەفای سەعید خولە، خەڵکی مێوەکاژاوی ئەنجێنە، بە خۆشییەوە لە ژیاندا ماوە و ئەگەر گومانێک لە نووسراوەکەی مندا هەیە دەکرێ لە کاک مستەفای سەعید خولە بپرسن بۆ ڕاستی و دروستی نووسراوەکەی من. لەوەش باشتر، نەسرین خانمی هاوسەری د. قاسملوو، خۆی لە ژیاندایە و ئێستا لە فەرانسە ئەژی و دەکرێت ئەم پرسیارەی لێ بکرێت. مەوزوعێکی دیکەی جێگای ئاماژە ئەوەیە کە کاک محەممەد ئەڵێت قادر شەریف و فەقێ حەسەنی لەگەڵ نەسرین خانمدا بوون، لە کاتێکدا سمایلی قاسملوو لە تارانەوە هێناویەتی تاکو شاری سەقز. مەجید خانی ئەحمەدی بە جیپێکەوە ئەچێت بۆ سەقز بەدوایاندا و لە سەقزەوە مەجید خان و سمایلی لەگەڵدا بووە تا بەردەم گوندی ڕەشەقەڵات. ئیتر پێشتر تەرتیباتی بۆ کراوە و فەقێ حەسەنی گوندی شوێی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی خەڵکی شوێ کە هەموویان هاوڕێ حیزبی بوون، ئێستر دەهێنن و بەرەو گوندی شوێ ڕێدەکەون. لە گوندی شوێ ڕاستەوخۆ دێن بۆ ماڵی مستەفای سەعید خولە لە مێوەکاژاوی سەر بە گوندی ئەنجێنە. کاتێ من و دوکتۆر قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق لە کیوەرۆوە چووین بۆ شوێنی ناوبراو خانمی قاسملوو لەگەڵ سمایل لەوێ بوون.

## قادر شەریف و کاروباری سیاسیی ڕۆژانەمان

ئەم هاوڕێییە هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٣٦ بەگەرمی هاتوچووی دەکردین، بەڵام بەداخەوە دوای ئەو ساڵە هاتوچووەکانی هەر دەهات و کەم دەبۆوە تا گەیشتە ئەو جێگایەی کە ساڵی ١٣٣٧ بۆ یەک جاریش کۆبوونەوەی کۆمیتەمان نەبوو. وەک لەبیرم مابێ لە هەموو ئەو ساڵەدا یەک جار هات، ئەویش داوای نەکرد کە کۆبوونەوەی کۆمیتە پێکبهێنین. هاتە کیوەرۆ بۆلای من و چووە نەمەشیر. لەوێش مەجید خان و عەزیز خان و عەبدوڵڵای نازەنینی دیبوو. ئیتر نازانم ئاخۆ سەردانی مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی لە دۆڵهەرزن و سەردانی میرزا حوسێنی بەدیعی لە شوێ کردبوو یان نا. ئەو کاتە شێوەی کارمان وا بوو کە هەر کات کادرەکان دەهاتنە ناوچەکە کۆبوونەوەی کۆمیتەمان دەکرد و هەر ئۆرگانە ڕاپۆرتی بەشی خۆی پێشکەش دەکرد. بەهۆی ئەوە کە تێکڕای حیزب لە خوارێ هەتا سەرێ نهێنی بوو هیچ ئۆرگانێکی خوارەوە نەیدەتوانی پەیوەندی بە ئۆرگانی غەیری سەرەوەی خۆیەوە بگرێت و هیچ سکاڵایەک نەدەگەیشتە سەرێ و هیچ کەرەستەیەکی پەیوندیگرتنیش نەبوو. کۆمیتە یان کەسێک بەتەنیا بەبێ بەشداریی کادری پەیوەندی هیچ چالاکییەکی بۆ نەدەکرا. کادری پەیوەندیی ئێمەش لە هەوەڵ تا ئاخر قادر شەریف بوو. دوای کەمکردنەوەی هاتوچووی قادر شەریف هیچ کادرێکی سەرەوە لەو کاتانەدا نەهات بۆلامان لەو ماوەدا کە پرسیاری ئەو وەزعەی لێ بکەین. هۆکاری ئەوەی کە قادر شەریف لە هاتوچوو و سەردانمان سارد بووبۆوە ساڵانێکی دواتر زانیم. ئەو کاتە هەستمان پێ نەکرد و تەنیا بە حیسابی کەمکاریی قادر شەریف یان لاوازی حیزبمان دادەنا، کە قادر شەریف بە دەسەڵاتی خۆی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمیتەی بەبێ ئاگاداری و پێ ڕاگەیاندن و هۆکارێکی تایبەت هەڵپەساردبوو و هیچ یەک لە ئەندامان ئاگادار نەبووین و نەمانزانیبوو و پێمان ڕانەگەینرابوو کە لەبەر چ هۆیەک هەڵپەسێردراوین. دواتر لە ساڵەکانی ئاوارەییدا لە سلێمانی لە شەخسی ئەحمەد تۆفیقم بیست کە بۆچی قادر شەریف هاتوچووی کەم کردبۆوە و کۆمیتەی هەڵپەساردبوو. دوای گرتنی سمایلی قاسملوو لە سلێمانی بە سڕوساردی و نەهاتنی قادر شەریف و نەبوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەم زانی، کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەم. ئێمە، ئەندامانی کۆمیتە، ئەو کاتە هەر ئەو خوێندنەوەمان لەسەر دەکرد کە بە هەر هۆیەکەوە بێ حیزب چالاکیی لاواز بووە. غەیری ئەوە هیچ هۆکارێک نییە کە قادر شەریف کەمتر دیارە. هۆیەکی دیکەیشی ئەوە بوو کە ساڵی دواتر بەهۆی هەلومەرجی عێراق کە لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا بەهۆی شۆڕشی عەبدوالکەریم قاسم گۆڕانی بەسەردا هات و هێندێ ئازادیی کاتی بۆ کوردەکانی ئەو بەشە هاتە ئاراوە، بۆ حەوانەوەی کادرەکانی حیزبی ئێمەش لەو بەشەی کوردستاندا بەهۆی دۆستانەوە بوارەکە لەبارتر بوو. ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستان ئیجازەی ڕەسمی بۆ کاروباری سیاسی پێدرابوو و لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بنکەی کردبۆوە. ئەگەر پێویست بوایە بۆی هەبوو لە شارە عەرەبییەکانیش بنکە بکاتەوە. بۆ

نمونه گەورەترین بنکەی پارتی و شەخسی بارزانی‌یش بە ماڵەوە لە بەغدا بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات و چالاکیی خۆی بە شێوەی ئاشکرا دەستپێکردبوو. خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ زۆربەی ئەو بارزانی‌یانەی کە بەدوای نەمانی کۆماری کوردستاندا ئاوارە بوون و کەوتنە وڵاتی سۆڤیەت، لەسەر داخوازی عەبدوالکەریم قاسم گەڕابوونەوە عێراق. ئەم ڕووداوانە جێگە و پێگەی بۆ هاوڕێیانی حیزبی ئێمەش خۆش کردبوو کە زۆرتر لەوێ ئەمانەوە و کەمتر بۆ کار و چالاکی دەهاتنەوە کوردستانی ئێران. لەم دواییانەدا زانیمان کە لە بارەی سەرنەدان و کەمترخەمی لە کاروباری حیزبی لە زۆر جێگای دیکەشەوە هاوار و گلە و گازندە لە هاوڕێیان بەرز بووبۆوە. بەڵام ئەوەی کە دواتر زانیمان هۆی ئەسڵی نەهاتنی قادر شەریف ئەوە بوو کە بەبێ ئاگاداری کۆمیتە هاتوچووی بەشێک لە هاوڕێیانی دەکرد. قادر شەریف بەدوای شارەزابوونی لە ناوچە و گوندەکان و ناسینی ئەندامانی شانەکان ڕاستەوخۆ زۆر جار بەتەنیا سەردانی دەکردن و بە هاوکاری چەند هاوڕێیەک چەند شانەیەکی تازەی ڕێکخستبوو کە ئێمەی لێ ئاگادار نەکردبۆوە. بەگوێرەی پرینسیپ دەبوو ناوی هەموو ئەندامان لە دەفتەری کۆمیتەدا بنووسرانایە و کۆمیتە ئاگای لەم چالاکییانە هەبوایە. ئەم کارەی قادر شەریف مەبەستێکی تایبەتی خۆی لەپشتەوە هەبوو. دواتر دەرکەوت بەو هۆیانەوە کە کادرەکانی دیکە لەم ساڵانەی دواییدا کەمتر دەهاتنەوە ناوچەکان ئەو هەلەی بۆ قادر شەریف ڕەخساند کە تووشی ئەو هەڵەیە و سەرەڕۆییە بێت. لە شوێنی خۆیدا بەوردی باسی دەکەم. ئەو کاتەی کە ئاوارە بووین بۆ کوردستانی عێراق، لە سلێمانی شادڕەوان ئەحمەد تۆفیق لە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو بارودۆخەی بۆ ڕوون کردمەوە.

## سەفەرێک بۆ بانە

پێم خۆشە ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە دوای چـەنـد مـانـگ لـە هـاتنی خـانمی دوکتـۆر قاسملوو چوومە بانە و لەوێ لەگەڵ مەجید خان یەکترمان بینی. پرسیاری خێزانی دوکتۆری کرد ئاخۆ لە هاوکاری و ڕەوانەکردنەکەی ڕازی بووە. من پێم وا بوو مەجید خان نەیزانیوە بەڵام ئەو بەم شێوەیە بۆی باس کردم. گوتی کاک حسێن، واتە سمایلی قاسملوو، لە تارانەوە بە هاوکاری هاوڕێیانی دیکە، خانمی دوکتۆر قاسملوویان هێناوە بۆ شاری سەقز کە زووتر منیش ئاگادار کرابووم و بە ماشینێکی جیپەوە چاوەڕوانیم دەکردن. کاتێ کە هاتنە شوێنی دیاریکراو سوارم کردن و بەرەو شاری بانە ڕێکەوتین. چەند کیلۆمەترمان مابوو بگەینە شاری بانە لە بەر گوندی ڕەشەقەڵات دابەزین کە پێشتر بەهۆی هاوڕێیانی گوندی شوێ تەرتیباتمان کردبوو و دوو نەفەر لە هاوڕێیانی شوێ دوو ئێستریان هێنابوو. نەسرین خانم و منداڵەکەی و کاک حسێن سواربوون و بەرەو شوێ ڕەوانەم کردن، منیش بەرەو بانە ڕۆیشتم. دیارە هەر ئەو شەوە ئەو دوو هاوڕێیانە لە شوێوە ڕێکەوتبوون کە بۆ بەیانییەکەی گەیبوونە مێوەکاژاو.

## گیرانی سمایلی قاسملوو

ڕەشەمەی ١٣٣٧ هەواڵی گرتنی سمایلی قاسملوو بڵاوبۆوە کە جێگای نیگەرانی هەموو لایەک بوو. هەر کەس لە ئاستی خۆی هەستی بە مەترسی دەکرد. چەند ڕۆژێک لەم هەواڵە ڕابورد، مەجید خان و عەزیز خان دێنە گوندی بڵەسەن. لەوێوە کەریم شەریفی خەڵکی بڵەسەن، ناسراو بە کوێخا کەریم، بەرپرسی شانەی ئەو گوندە، لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و دێن بۆ کیوەرۆ بۆلای من. پێم چاکە پێش ئەوەی قسەکانی مەجید خان لەسەر چۆنیەتی سمایل وەگێرم هێندێ ڕوونکردنەوەی پێویست بدەم. ئەودەم بانە شاروچکەیەک بوو، پادگانێکی هەبوو لە قەراخ شار کە زۆر جار یەک گوردان سەرباز و جاروباریش هەنگێک سەرباز و دەرەجەداری تێدابوون. مەرزبانی هەبوو کە فەرماندەکەی هەمیشە کەسێک بوو بە دەرەجەی سەرهەنگی. سەرهەنگ خانوویەکی لەنێو شاردا بەکرێ گرتبوو و لەگەڵ چەند دەرەجەدار و سەرباز ڕۆژانە لەو ئیدارەدا کاروباری (مرزبانی) یان بەڕێوەدەبرد. گورهانێکی ژاندارمریشی لێبوو کە چەند پاسگایەکیان لە دێهات هەبوو و سەرباز و ژاندارمری بەیەکەوە پاسگاکانیان ئیدارە دەکردن کە بە قسەی خۆیان کاری خەڵکیان جێبەجێ دەکرد، لە کاتێکدا هیچ کە گیروگرفتی خەڵکیان جێبەجێ نەدەکرد بەڵکو خۆیان یەک دونیا گیروگرفت بوون؛ کاریان ڕاوڕووت و خەڵک چەوسانەوە بوو بە سەدان شێوەی جۆراجۆر. ئەفسەرێک و چەندین سەرباز بەرپرسی بەشی گومرک بوون کە لەوەدەچوو لەپاڵ کاری گومرگی مەسئولیەتی (رکنی ٢ی ئیتلاعات) یشی بەئەستۆوە بوو. ئەو کاتە بانە ئیدارەی ساواکی لێ نەبوو. ئەوانیش خانوویەکیان لەنێو شاردا بەکرێ گرتبوو. ئەو خانووە هی حاجی کەریم بەگی کانیناو بوو. سەربازەکانی گومرک بۆ چاودێریکردنی ناوچەکە و بەرگری لە کاری قاچاخی جاروبار بە ڕۆژ و زۆر جاریش بە شەو سەر ڕێگا و شوێنە تایبەتییەکانیان دەگرت بۆ گرتنی ئەو کاسبانەی کە هێندێ کەلوپەل و شتی خواردەمەنییان لە عێراقەوە دەهێنا و خێرێکی کەمیان لێدەکرد بۆ بژیوی خێزنەکانیان. دیارە وەکو یاسای ئێران بەم شێوە کارە دەوترێت قاچاخچی، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە کارە دەیان ساڵە لەو سنوورە باوە و خەڵک بە شتێکی خراپی چاو لێناکات بەڵکو وەک کاسبی و پەیداکردنی بژیوی خێزان حیسابی لەسەر دەکات. ئەو کەلوپەل و مەوادە کە لە عێراقەوە دەهێنران پێداویستیی ژیانی خەڵکی بوو. بۆ نمونە ئەو کاتە چایەک کە بۆ خواردنەوە بەکەڵک بهاتایە یان سابوونێک کە کەڵکی جلشتن یان حەمامی پێوە بوایە و دەیان شتی لەو جۆرە لە شارەکانی کوردستانی ئێران دەست نەدەکەوتن. ئەوە تەنیا دوو نمونە بوون. هەروەک پێشتر باسم کرد، ئەو سەرهەنگە فەرماندەی هەموو ئەو ئۆرگانانە بوو. زۆر لە باسەکە دوور نەکەومەوە، مەجید خان هەواڵی گرتنی سمایلی بەم شێوەیە بۆ من گێڕایەوە. گوتی کاک محەممەدی کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی ئەودەمی بانە، ناردی بەدوامدا و گوتی سمایلی قاسملوو گیراوە. ئەوەش لە بیر نەچێت ئەودەم دوو کۆمیتە هەبوون، یەک لەنێو شار کە کاک محەممەدی

کەریمی بەرپرسی بوو. کۆمیتەیەکیش لە دێهاتی بانە کە مەجید خانی ئەحمەدی بەرپرسی بوو. هەر دووکیان سەربەخۆ بوون. کاک محەممەد بە مەجید خان ئەڵێت سمایل ئێستا وا لە خانووی گومرگدا لەژێر دەسەڵاتی سەروان شەهبازی، ئەفسەری ئیدارەی گومرگ، دایە و زیاتر لە بیست سەربازیش لەو خانووەدا دەژین. تا ئێستاش زۆرمان هەوڵداوە بەهۆی چەند کەسایەتیی شارەوە و هەروەها بەڵێنی پارەیەکی باشیشمان پێداون بەڵام حازر نەبوون ئازادی بکەن. ئیتر نازانم هۆیەکەی چییە. بەداخەوە تا ئێستا هەوڵەکانمان بۆ ئازادکردنی بێ سوود بوون. لە کاتێکدا خۆت ئەزانی کەم کار هەیە لەم وڵاتە بە پارە جێبەجێ نەکرێت. گیرانەکەیشی بەو شێوەیە بووە: فەرماندەی گومرگ، سەروان شەهبازی، بەیانییەک زوو بە خۆی و چەند سەربازێکەوە دەڕوات بەرەو گوندی نێزەڕۆ. لە گوند دەردەچێت تا دەگاتە شوێنێک بە ناوی نێزەڕۆ کۆن کە چوار پێنج کیلۆمەترێک لە گوندی نێزەڕۆوە دوورە. سەروان شەهبازی و سەربازەکان سەر ڕێگاکە دەگرن تاکو سمایل دێت، ئەوجار دەیگرن و لەگەڵ خۆیان دەیهێنن بۆ شار و بە هەموو ڕاستە خیابانی نێو شاردا دەیهێنن بۆ ئیدارەی گومرگ. کەسانێک لە خەڵکی شار کە ئەندامی حیزب بوون هەستیان کردبوو کە ئەو کەسە وەک کەسێکی سیاسی دەچێت بەڵام دروست نەیانزانیبوو کێیە. بەڵام ئەوەی کە خەڵک دەیانگێڕایەوە دیار بووە کە کەسێکی ئاسایی نەبووە، جلوبەرگێکی ڕێکوپێکی لەبەردا بووە. بۆ ئەوەی باشتر بزانین ئاخو هەواڵەکە چەندە ڕاستە ڕۆژانە لە هەورەبانی ماڵێکەوە کە بەسەر حەوشەی گومرگدا ئەیڕوانی تەماشامان دەکرد. ڕۆژێک دیتمان ئەوە سمایلە لە حەوشەکەدا پیاسە دەکات. ئیتر گومانمان نەما لە گرتنی سمایل. مەجید خان گوتی دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکەمان بۆ ئازادبوونی سمایل بڕیارمان دا بنێرین ئەحمەد خانی ساڵوک بە هاوکاری هاوڕێیانی گوندی شوێ کە ئەندامی حیزبی بوون، چەند تفەنگیان بۆ پەیدا بکەین. هەرچەند ناوچەکە لەلایەن حکومەتەوە بێ چەک کرابوو بەڵام زۆر کەس بە نهێنی چەکیان هەبوو. بڕیارمان دا کە ڕۆژانە بیاننێرین بۆسەر ڕێگای کەلیخان لە سەر ڕێگای بانە سەقز و بە شێوەی نهێنی چاودێری جادەکە بکەن و هەر کات جیپ یان هەر ماشینێکی سەربازی هات تەقە لە دەوروبەری ماشینەکە بکەن بەڵکو بتوانن سمایل ڕزگار بکەن. تەنانەت ئەو بڕیارەشمان دا کە ئەگەر هاتو لەو تەقە و لێکدانەدا سمایل نەیتوانی دەرباز بێ یان ماشینەکە نەیویست ڕاوەستێ تەقە لە ماشینەکە بکەن و ئەگەر سمایلیش لەو تەقە و لێکدانەدا بکوژرێت، لەپێناو پاراستنی بەشی زۆری ئەندامانی حیزب ئەو بڕیارەمان بە بڕیارێکی دروست دانا و لەسەری ساخ بووینەوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێمە کەوتینەخۆ بۆ ئامادەکردنی تیمی ڕزگارکەر، هەواڵمان زانی ئەوان بە ڕێگایەکی دیکەدا واتە ڕێگای بانە مەریوان سەقزدا کە نزیکەی سێ کیلۆمەتر لە بانەوە دوورە، بە دوو ماشین سەربازەوە بەرەو سەقز ڕەوانەیان کردبوو. ئەم هەوڵەشمان سەرنەکەوت. دوایین بڕیارمان ئەوە بوو کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە شارەکان و دێهات خۆمان بپارێزین تاکو هەواڵێکمان لە سەرەوە بۆ دێت. بەڵام نەمانتوانی هیچ بڕیارێک بدەین و تەنیا بەو ئاکامە گەیشتن

هەتا هەواڵێک لە هاوڕێیانی سەرەوە وەردەگرین ئەندامانی کۆمیتە بە تێکڕا بە شێوەی نیوەنهێنی لە ماڵی خزمان و دۆستان کات بەسەربەرین. هەروەک پێشتر باسم کردەوە، گەورەترین گیروگرفتی ئێمە ئەوە بوو کە ئەگەر کارێکمان بە ئۆرگانی سەرەوە هەبایە هیچمان بۆ نەدەکرا، لەبەر ئەوە ئۆرگانەکانی حیزب هەموویان نهێنی بوون و تەنیا پەیوەندیمان لەڕێگەی ئەو کادرە گەڕۆکانەوە بوو کە هاتوچوویان دەکردین. ئەوانیش وەک ویست و پێویستی خۆیان دەهاتن نەک وەک ویست و پێویستییەکانی حیزب. ئەو سەردەمە هیچ ئامێرێکی ئەوتۆیش نەبوو کە پەیوەندی پێ وەربگیرێت تەنیا پەیوەندی کادرەکان بوون ئەویش هاتن بەوان بوو نەک بە ئێمە. بەم شێوەیە ئێمەش وەکو کۆمیتەی دێهات (مەبەست هەموو بەرپێوەبەری ڕێکخستنەکانی دێهاتی بانەیە) بڕیارمان دا کە ئەو کەسانەی سمایل هاتوچووی کردوون و دەیانناسی ئاگاداریی خۆیان بن لە هاتوچووی شارەکان و وریا بن نەکەونە بەردەست دوژمن، هەروەک ئێوەش ئاگادار کران. تەنانەت لەنێو گوندەکانیشدا حیسابی خۆیان بکەن ئەگەر هاتو پیاوەکانی ڕێژیم هاتنە ئاوایی، خۆیان بەردەست نەخەن. پێم خۆشە ئاماژە بەوەش بکەم ئەو کاتە ئەحمەد خان ئەندامی حیزب و پیاوێکی ئازا و چالاکیش بوو. خوشکەزای مەجید خان بوو. دوای گرتنی سمایل لەلایەن ڕێژیمی شاوە ناوبراو لەگەڵ هەڤالانی لەسەر قسەی سمایل دوو ساڵ لە تاران زیندانی کران. مەبەست لە ناوهێنانی ئەحمەد خان ئەوەیە کە لە ژیانی ئەودا چەند ڕووداوی سیاسیی سەرنجڕاکێش هەن کە پێم چاکە هەر یەک لە شوێنی خۆیاندا باس بکەم. بۆیە ئەم بەشەیم لێرەدا کە جێگای خۆیەتی باس کردووە. بەدوای گیرانی سمایلی قاسملوودا هەروەک پێشتر باسم کردووە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب کە سمایل دەیناسین یان چووبووە ماڵیان بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدا ڕۆژانەیان بەسەردەبرد. بەم جۆرە نزیک بە دوو مانگ هیچ هەواڵێک لە سەرەوە نەهات. دوای دوو مانگ ڕۆژێک لە کاتی هەرە چاوەڕوانیدا نامەیەکی کۆمیتەم بۆ هات کە ئەمە نێوەڕۆکی بوو: پاش چاوەڕوانی، هاوڕێ قادر شەریف ئاگاداری کردین کە بەدوای گیرانی سمایلدا هەموو هەوڵێکمان خستەگەڕ تاکو بتوانین بەهۆی کەسوکاریەوە دیدار لەگەڵ سمایلدا پێکبێت بەڵکو لە وەزعیەتی ئاگادار بین، و بەخۆشییەوە توانیمان یەکێک لە کەسوکاری سمایل لەژێر ناوی (ملاقات) دیداردا بنێرین بۆ زیندان و دیداری سمایل بکات. لەو دیدارەدا سمایل ڕایسپاردووە کە من خۆڕاگر بووم و هیچ شتێکم نەگوتووە. هاوڕێیان دەتوانن بە دڵنیاییەوە کارەکانی خۆیان بکەن و منیش بەڵێنتان ئەدەمێ کە هەر خۆڕاگر دەمێنمەوە. لەوە زیاتر قادر شەریف هیچ قسەیەک و ڕێنوێنییەکی تایبەتی بۆ کۆمیتە نەبوو. ئێمە لە ئۆرگانی خوارەوە نە ئەزموونێکی وامان هەبوو نە ئاگایشمان لە شێوەی کاروباری سەرەوە هەبوو، لە کاتێکدا هەر لەو سەردەمەدا کادری دیکەش دەگیرێن وەک کاک جەلیلی گادانی و هاشم جەلالی. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ڕێبەرایەتیی ئەودەم بۆ ئاوا چاویان قونجاند و هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو و تەنیا چاوەڕوانی قەزاوقەدر بوون؟ پرسیارێکی دیکە بۆ هەمان ڕێبەرایەتی ئەوەیە کە بۆچی بیریان لەوە نەکردبۆوە کە کادرێکی وەک سمایل کە ساواک

باش دەیناسی و ئاگای لە ڕابوردوی هەبووە، هەروا بە ئاسانی کۆڵی لێدەدا و ئەو ئیمکانەشی بۆ ئەرەخسێنێ کە لە ماوەی دوو مانگدا کەسوکاری بتوانێ دیداری بکەن؟ لە کاتێکدا گیراوانی ساواک تا چەند مانگ لە زیندان (بازداشت موقت) ئەمانەوە و هیچ ئیمکان نەبوو هەروا بە ئاسانی دیداریان بکرێت. لەوەش زیاتر پرسیارەکە قووڵتر دەبێتەوە، چۆن دەبێت لە کاتی گیرانی کەسێکی وەک سمایلدا کە حیزب دەیزانی بەشێکی زۆری لە بەدەنەی حیزب و سەرکردایەتی ئەناسی هەروا بە ئاسانی بڕیار بدا و هاوڕێیان ئاگادار بکات کە سمایل قارەمان بووە و هیچ مەترسییەکیان نەبێت و هیچ ئەگەرێکی مەترسیان پێشبینی نەکردبێت؟ کاک جەلیلی گادانی لە لاپەڕە ۱۰۹ و ۱۱۰ی پەنجاساڵ خەبات، بەرگی یەکەم، لەسەر سمایل ئاوا دەنووسی: "ئێمە و باقی هەواڵان بەر لەوەی لە قزڵقەڵاڕا بە ماشین بمانگوێزنەوە بۆ فرۆکەخانەی نیزامی دۆشان تەپە و لەوێرا بە تەیارەی نیزامی بمانبەن بۆ تەورێز، پێشتر هیچ مەجاڵێکمان نەبوو بە دانیشتن و قسەکردن سمایل قاسملوو ببینین، چەند دەقیقە بۆ بەرەوڕوو کردنیش بۆ ناساندنەوەی من نە هیچ ئاکامێکی بوو، نە جگە لە یەکتر مۆڕبوونەوە چی تێدا دەکرا. لەو ماوەشدا کە من لە قزڵقەڵا بووم، جگە لە حەوتوویەک مانەوە لەژێر بورجێکی ناخۆشی گەرمی پڕ لە مشک، دوایەش ۱۱ ڕۆژی ژێر ئەشکەنجەی دوبارە کە هەموو جارێ بە ئامبولانس دەیانبردمە شار بۆ شوعبەی ساواک لە شەقامی سپەند و یەکسەر دەیانبردمە ژێرزەمین و وەرمدەگەڕانێ، باقیەکەی لە بەندیخانەی گشتی لەلای کاک عەزیز یوسفی و باقی بەندییەکانی غەیرە کورد بووم. سمایلیش لە تەواوی ئەو ماوەدا مەگەر بۆ ڕووبەڕووکردن، دەنا بە کەس نیشان نەدراوە و لە بەندی ئینفرادیدا بووە. کاک عەزیز کە چەند مانگ پێش ئێمە لە قزڵقەڵا بووە، جگە لە جارێک نەیدیبوو. ئەویش مەجالی قسەکردنی لەگەڵ نەبووە. لە ماشین و تەیارەی بەینی تاران تەورێزیش، پیاوچاکمان! زۆر لەگەڵدا بوون، نەدەکرا لەسەر شتی جیددی باس بکەین. کە گەیشتینە تەورێز و بردیانین بۆ بەندیخانەی ساواک، دەرکەوت بە پێچەوانەی ئەوی لە ئاسمانی تەورێز و ڕەنگە پێشتریش پێیان ڕاگایاندین، شەش هۆدەی تاکەکەسیمان بۆ چۆڵ کەن و هەر کاممان بەرنە جێگایەک، کارەکە جێبەجێ نەکرابوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هێشتا برایانی ئازەری لێمابوون کە کاریان ناتەواو بوو و بۆ تاران بەڕێ نەکراون. سەیر ئەوە بوو کە ویستمان بمانبەنە بەندەکان کە دەرکەوت دوو دانە زیاتر نییە کاک عەزیز لە پێشەوە بوو، سمایل لە نێوەڕاست و منیش لە دواوە. بە کاک عەزیزم گوت بەڵکو وا بڕۆین هەر سێکمان پێکەوە بکەوینە سلوولێک، بەپێی تەجرەبە دەشمانزانی کە ڕەنگە هەر ئەو ئێوارە جێگاکانمان جیا کەنەوە. بە ڕێکەوت ڕاست وا دامەزراین و ئەو سێ کەسەمان کەوتینە سلوولێک. لەوێ لەجیاتی لێک تووڕە بوون لەگەڵ سمایل بە نەرمی جووڵاینەوە و گوتمان کارەکە کراوە و نەدەبوو وا بکەی بەڵام ئێستاش ئەگەر لە وتەکان و ئەو هەموو شتەی گوتووتە پەشیمان بیەوە، بۆ ئێمە زۆر باش دەبێ و حوکمی خۆیشت سووکتر دەکەی. لە وەڵامدا زۆر ئاسایی و لەسەرخۆ گوتی پێم سەیرە ئێوە داوای ئاوا لە من دەکەن و دەوێرن شتی ئاوا بێننە گۆڕێ،

من لـە ڕۆژی هەوەڵدا بۆخـۆم بـە مـەیلی خـۆم بـێ ئـەوەی پتەیەکـەم لێدەن، هـەموو شـتم گوتـووە. پێم وایـە خزمـەتم کـردووە، ئـەو خەڵکـە لـەبـەر چنگـی کەسـانی وەکـو ڕەحمـان و عەبدوڵلا نەجات دەدەم. ئەوانە خەیانەت بە خەڵک دەکەن و بە منیشیان خەیانـەت کـرد و قەولیان پێدابووم بۆ خوێندن بمنێرن بۆ دەرەوە، ئەو کارەیـان نـەکرد، منـیش بـەم تـەرزە تۆڵەم لێکردنەوە".

مامە غەنی لە کتێبی ئاڵەکۆک لاپەڕەی ١٩٥دا ئاوا دەنووسێ: "سمایل لـە مـانگی ڕەشـەمەی ساڵی ١٣٣٧- مارسی ١٩٥٩، بـەهۆی ئاغایـەکی خـەڵکی نێزەڕۆ بـە نـاوی ڕەحمـان خـان لـە نزیـک گونـدی نەمەشـیر لــە بانــە لــە داوی مـەئمورەکانی مـەرزبانی دەکـەوێ." پێویسـتە ئەوەش ڕوون بکەمەمەوە کە ڕەحمان خان خەڵکی گوندی نێزەڕۆ نییە و دانیشتووی گونـدی نەمەشیرە. نەمەشیر لە بەخشداری کۆخان‌دایە و نێزەڕۆش لـە بەخشـداری ئـارمردە. ئـەم دوو گوندە زۆر لەیەک دوورن. جا ئەم هەواڵە هەڵەیە چۆن بۆ مامـە غـەنی گێڕدراوەتـەوە، مامەیش بێ سێ و دوو ئاوای دەنووسێ. کاک جەلیل گادانی وەک شاهیدحاڵ دەڵـێ سـمایل بە من و کاک عەزیزی یوسفی گوتووە من بە حەزی خۆم بـێ ئـەوەی پتەیـەکم لێدن هـەموو شتێکم گوتووە و و پێم وایە خزمەتم کردووە. ئەم شاهیدیەی کاک جـەلیل و دەیـان نمونـەی دیکە کە باسمان کردوون ئەوە دەسەلمێنێ کە سمایل بۆخۆی خۆی تەسلیم کردۆتـەوە نـەک گیرابێ، یان کەسانێک بەگرتیان دابێ. کەوابێ ناکرێت لە گرتنی سمایل‌دا کـەس تاوانبـار بکرێت کە بەداخەوە بێ بەڵگە غەنی بلوریان لە کتێبی ئاڵەکۆکدا و کاک خدر مەرەسەنـە لە کتیبی ڕاستییەکاندا کەسانێکیان لە بانـە بـە نـاڕەوا و بـێ بەڵگـە تاوانبـار کـردووە کـە گوایە ئەوان سمایل‌یان گرتووە و تەحویلی ساواکیان داوە. لـە کاتێکدا بـە شـاهیدی هـەموو خەڵکی بانە سمایل بەو شێوە گیراوە کـە مـن لێرەدا نووسیومە. وەک وتیشم ئـەو کـات لـە بانە ئیدارەیەک بـە نـاوی سـاواک نـەبووە. ئەگـەر سمایل بـە حـەز و ویسـتی خـۆی بۆخـۆی ڕاسـتەوخۆ خـۆی تـەحویل نـەداوە لانیکـەم ئـەیتوانی بـۆ دەرەوە ڕاسـپێرێ کـە بـە زۆری ئەشکنجە و لێدان خۆی بۆ ڕانـەگیراوە و لەسـەر هـەموو بەدەنـەی حیـزب ڕاسـتی گوتـووە، نەک ڕاسپێرێ و بڵـێ مـن قارەمـان بـووم و هـیچم نـەگوتووە، تـاکو حیـزب غـافڵگیری سـاواک نەبێت و بیرێک لـە داهـاتووی ئەندامـەکانی بکاتـەوە. دیـارە ئـەو کـارەی سمایل نیشـانەی دڵسۆزی و هاوکاری بووە بۆ ساواک. لەلایەکی دیکەشەوە من پێم وایە ئەو کاتە کـە سـمایل لە بانە بـە هـەر شێوەیەک کەوتۆتـە دەست مـەئمورانی شـا، هاوڕێیـانی بانـە ئامادەبیـان هەبووە بە هەر چەند پارە و بەرتیل بکرێت سمایل ئـازاد بکـەن و کەسـانێکی بـەناوبانگی بانەشیان ناردووە بۆلای سەروان شەهبازی و بـەڵێنی پارەی باشیان پێداوە. بـەڵام بـۆچی سمایلی ئازاد نەکردووە، شتەکە لەوە دەچێت کە سمایل پێشتر پەیوەندی هەبووە و شوێنی تایبەتی دیاری کردووە بـۆ خۆتەحویلـدان. چونکـە ڕاست شـەهبازی دەچێتـە ئـەو شـوێنە و زۆری پێ ناچێ سمایل دەگاتە ئەوێ. بە قسەی کەسانێک کە لە نێزەڕۆ دەژین و ئێسـتا لـە ژیانـدان، شتێکی دیکەش جێگای ئامازەیە کە وەکو عـادەت هەمیشـە ئـەو کـادرە گـەڕۆکانـە کـە هاتوچوویـان دەکـرد، جلوبـەرگی ئاسـاییان لەبـەردەکرد، وەك جلوبـەرگی خـەڵکی

گونـدەكان. بـەڵام ئـەم جـارە كـە سـمايل لـە عێـراق گەڕاوەتـەوە جلوبـەرگی گرانبـەها و شارستانیيانەی لەبەردابووە و جانتايەكيشی بەدەستەوە بووە كە جێگای سـەرنج بـووە، لـە كاتێكدا پێش ئەو سەفەرە هەرگیز بەو شێوە لە ناوچەدا هاتوچووی نەكردوە. ئەم نموونانـە وا نيشان ئـەدەن كـە سمايل وەكو حـەزی خـۆی، خـۆی بەدەستـەوە داوە. هـەروەها سـەروان شەهبازی نەيوێراوە بە پارە ئازادی بكات، چونكـە سمايل خـۆی نـەيويستووە ئـازد بكرێت. پێم خۆشە ئاماژە بەوەش بكەم، كاتێك بەڕێوەبەرايەتی ئیمكانی ئەوەی هەبوو پەيوەنـدی بـە سـمايلـەوە بگرێـت دەيشـكرا پەيوەنـدی بـە كـاک عـەزيزی يوسـفی و كـاک جـەليلی گادانیيەوە بگرێت بۆ باشتر حاڵيبوون و دڵنيايی لە بـارودۆخـی سمايل و تـەنيا بـە قسـەی خودی سمايل باوەڕيان نەكردايە. دەشكرێت بڵێين كاک جەليل هـەروەک خـۆی باسـی دەكـا ئـەی چۆن بـووە كاتێک كـاک جـەليـل هـەر لـە سـەرەتای گرتنـی سمايلـەوە لـە هەڵوێستـی سـمايل ئاگـادار بـووە بـۆچی كەمتـەرخـەمی كـردووە لـە مـاوەی گیرانـی سـمايل لـە مـانگی ڕەشەمەی ١٣٣٧ تاكو هێرش بۆسەر ڕێكخراوەكانی حیزب لە پاییزی ١٣٣٨دا كە زەمـانێكی كـەم نیيـە و دەكـرا بـە هـەر شـێوەی گونجـاو ڕێبـەرايـەتييان لـە بـارودۆخـی سـمايل ئاگـادار كردايـەوە، تـاكو حیـزب تووشـی ئـەو بـەڵا گـەورە نـەبوايـە، كـە بەشـێكی هـەرە زۆری ئەندامانی كۆميتەی ناوەندی و ئۆرگانـەكانی ديكـە لـەلايـەن ساواكەوە گيـران و بەشێكيش ئـاوارە بـوون كـە بـۆ سـاڵيانێك كاريگـەری لەسـەر لاوازی و هـەڵوەشـانـی حيـزب دانـا. دوای ئاگاداربییەكەی قادر شەريف لەسەر قارەمانبوونی سمايل كە پێشتر باس كراوە، بەداخـەوە كەمترخەمی لە كاروبارماندا دەستپێكرد، هەرچەند چالاكییەكی ئەوتۆيشمان نەمابوو. بە وتەيەكيش بە قسەی قـادر شـەريف و ڕاسپاردەی سمايل ئـەمين بووبووينـەوە. لەلايـەكيش زۆر بە باشی كەوتبووينە ژێر چاودێری ساواكەوە بەبێ ئەوەی ئێمە بۆخۆمـان هەستی پێ بكەين. هەر بەدوای ئەو وەزعەدا ڕۆژێك چووم بـۆلای تۆفیـق و پێم گـوت فكرێـک بـۆ دەزگـا چاپەمنييـەكان كـراوە يـان هـەر لێـرەن؟ لـە وەڵامـدا گـوتی لـەمێژە ئـەوان ڕاگـوێزراون بـۆ كوردستانی عێراق و هیچ شوێنەوارێكمان نەهێشتۆتەوە، تەنانـەت يـەک كوتـە كاغـەزيشـی لێ نـەماوە. ديارە ئـەوە كـارێكی بـاش بـوو كـە كرديـان، بـەڵام بريـا ئـەو بەهێندگرتنـەی بـۆ چەند ئامێر كرابوو ئەو حيسابەش بۆ گيانی سەدان ڕۆڵەی ئەو حيزبەش بكرايە.

## پاییزی ۱۳۳۸، کاتێ کەوتینەبەر پەلاماری ساواک

کـاتێ سـاواک هێرشـی بۆسـەر تـەشـکیلاتی حیـزب لـە هـەموو شـار و گونـدەکانی کوردسـتان لـە مانگی خەزەڵوەری ۱۳۳۸ لە یەک شەو و ڕۆژدا دەستپێکرد، دەکرێت بڵێین ساواک دەیزانـی ئـەو کەسانەی کە مەبەستی بوو بیانگرێت لـە کوێن. ئەگـەر کەسێکیش لـە شوێنێکی غـەیری ماڵی خۆیدا بووبێت حیسابی بـۆ ئـەو شوێنە کردبـوو کـە لـەوی بیگرێت، مەگـەر کەسێک شانسـی بیهێنایە و بەرنەکەوتایە. لەڕاستیدا چەند کەسێک نەبێت کە شانسیان هێنا و نەگیران ئـەوەی مەبەستیان بـوو لـە هێرشـی هەوەڵـدا کەوتنـەبـەر پـەلامار و گیـران. شـەوێک لـە شـەوەکانی حـەوتووی دووەمـی مـانگی خـەزەڵوەری ۱۳۳۸ دوای سـەعات دوازدەی شـەو لـە ژووری خـۆم هەڵیانسەندم و گوتیان کوێخـا کـەریمی بڵەسـەن هـاتووە و کـاری بـەپەلـەی پێت هەیـە. منیش خۆم پێچایـەوە و هاتمـە دەرەوە. دیتم کـاک کـەریم لـە بـەردەمی میوانخانەکـەمان وێستابوو. دوای سڵاو و بـەخێرهێنان گـوتی بەداخـەوە ئـەو ڕۆژە ناخۆشـەی کـە چەنـد مانـگ بـوو بیرمـان لێدەکردەوە ئێستا بە کردەوە هاتەدی. درێژەی بە قسەکانی دا و گـوتی ئـەمرۆ سـەرهەنگێک بـە ناوی سـەرهەنگ مودەریسـی بـە سـەد سـەربازەوە لای ئێـوارە هاتنـە گونـدی بڵەسـەن. لـە ماڵی ئێمە ئیستوارێک لەگەڵ دە سەرباز مانـەوە. سـەرهەنگ خـۆی و بـاقی سـەربازەکان ڕۆیشـتن بـۆ ئەنجێنـە. (ئەنجێنـە لـەنێوان گونـدەکانی بڵەسـەن و کیـوەرۆدا هـەڵکـەوتووە. بڵەسـەن بـە لای شاردا نزیکە و کیوەرۆ دروست خاڵی سەر سنووری کوردستانی ئـەودیو و ئەمدیوە). سـەرهەنگ کاتێ دێتە بانە هەست دەکات کە مەجید خان بە سەفەر هاتۆتە شار. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکردووە ساواک بەهۆی پیاوانی تایبەتی خۆیەوە هاتوچووی ئەندامانی لەژێر چاودێریدا بـوو، بۆیە زانیویەتی کە مەجید خـان وەک بەرپرسی کۆمیتـەی دێهاتی بانـە لـەنێو شاردایە، بۆیـە ئەنێرێت بەدوایدا. عێزەت خان، براگەورەی مەجید خـان، ئـەویش لـەو کاتـەدا لـە بانـە دەبێت. وەکو شـەرایەتی ئـەو کاتـە عێزەت خـان وەک کەسێکی دەستڕۆیشتوو و عەشایەر، سـەرهەنگ پێـی دەڵـێ دەمـەوێ ملاقـاتی قایمقامی چوارتـا بکـەم (چوارتـا قـەزایـەکی سـەر بـە پارێزگـای سلێمانییە) و پێم چاکە ئەتۆ و مەجید خـانی بـرات هاوسەفەرەم بـن. عێزەت خـان و مەجید خانیش دەڵێن بەڵێ. دەگەڕێمەوە لای کوێخا کەریم. کوێخـا کـەریم گـوتی دوای خـواردنی نـانی شەو سەرکار ئیستوار بە کوێخا ساڵح، ئامۆزای کوێخـا کـەریم، کـە خـاوەن دەسـەڵات و کوێخـای ڕەسمی حکومەت بووە، دەڵێ ئەم کەسانەم بەم ناوانـە بـۆ بـەیانی بـۆ حـازر کـە، کـاتێ جـەناب سەرهەنگ گەڕایەوە کاری پێیانە و چەند قسیەک هەیە بۆیان دەکات. کـاتێ کوێخـا سـاڵح ئـەم قسەی بۆ من گێڕایەوە زانیم وەزعەکە شتێکی دیکەیە، چونکە ئەم کەسانە هەموویان ئەندامی حیزبن و کەسانێکی ناسراویش نین کە سەرهەنگ کاری پێیان بێت. کوێخـا سـاڵحیش لایـەنگر و دۆستی حیزب بـوو. ئـەمن کـە ئـەم قسـەیـەم لـە ساڵحی ئامۆزام بیست، پێم گـوت ئەمـە داوی ئێمەیـە و مـن دەبـێ بچـم بـۆلای مەجید خـان لـە ئەنجێنـە و لـەو وەزعـەی کـە پێش هـاتووە ئاگاداری بکەم. ئیتر هیچ نەوێستام و ئەسپەکەم زین کرد و ڕۆیشتم بۆ ئەنجێنـە. لـەوێ چوومـە ماڵی مەلا عەزیز و پرسیارم کرد کە مەجید خـان لـە کوێیـە. مـەلا عـەزیز گـوتی مەجید خـان و

عێـزەت خـان لەگـەڵ جـەناب سـەرهەنگ میـوانی ڕەئـیس پاسـگان و لـە پاسـگان و بـاقی سـەربازەکان لـە مزگـەوت دانیشـتوون و لـە ئاواییـەوە نانمـان بـۆ بـردوون. کەسێکم نـارد بـۆلای مەجید خان بۆ پاسگا (بنکەی نیزامی) و پێم گوت بە پاسەوانی پاسگا بڵێ کـە کـارم بـە مەجید خانە. کاتێ مەجید خان هات بۆلات پێی بڵێ کوێخا کەریم کاری پێتە و دەڵێ هـەر ئێستا بێت بۆلام لە ماڵی مەلا عەزیز. ئەوەندەی پێنەچوو کە مەجید خان هات بۆلام. دیاربوو مەجید خـان بەو بانگکردنەی من تێکچووبوو و هەستی بە مەترسی دەکرد. زۆر بە شێواوییەوە گوتی ها کـاک کـەریم، چ خەبـەرە؟ منـیش وەزعەکـەم بـۆ گێڕایـەوە کـە ئیسـتوار داوای هاوڕێیـان دەکـات کـە سـەرهەنگ کـاری پێیانـە و منـیش دڵنیـام کـە سـەرهەنگ بـۆ گرتنـی ئێمـە هـاتووە و تـۆش وەکـو بەرپرسێک وەزعی خۆت ساخ وەکە، ئیمکانە هەر ئیمشەو هەر لێرە تۆیش بگرن. هـەتا ئێسـتاش کە نەگیراوی مەبەستیان ئەوەیە کە چوونیان بۆسەر هاوڕێیـانی ئەنجێنـە و کیـوەرۆ ڕێکبخـەن. بەدوای قسەکانی منـدا کـە لەسـەر تـەنورێک لـە پـەنای ماڵـەکـەی مـەلا عـەزیزدا دانیشـتبووین، مەجیـد خـان بـە بیسـتنی ئـەم قسـەیە تێـک چـوو و لـە ئاکامـدا دەسـتی بـە گیرفانیـدا کـرد و کۆمەڵێک نامە و تەمری حیزبـی دەرهێنـان و لـەنێو تەنورەکـەدا سووتاندمانن. دوای ئـەوە پێـی گوتم کاک کەریم، من ئەزانم کە عەزەی برام (مەبەستی عـەزیز خـانی بـرای بـوو) لـە نەمەشیر گیراوە، منیش ئەگەر هەڵێم دڵنیام لەژێر ئەشکنجەدا ئـەیکوژن. هـەرچی دەکـەم نـاتوانم بـەبێ ئەو هەڵێم. من خۆم ئەدەمە دەست قەدەر، بەلام تۆ بچۆ بۆلای کـاک ڕەشید و پێـی بڵـێ مەجید سلاوی هەیـە و دەڵێـت مـن لەبـەر عـەزەی بـرام نـاتوانم هـەڵێم و هـیچ بڕیـارێکم نییـە، تـۆش ئەندامی کۆمیتەی و هـەر بڕیارێـک ئـەدەی بۆخـۆت دەزانـی و بـرادەرانـی دەوروبـەریش ئاگـادار بکەنـەوە و چۆنتـان پـێ مەسـڵەحەت بـوو وا بکـەن. ئێسـتاش هـاتووم بـۆلای تـۆ، نـازانم تـۆ چ بڕیارێکـت هەیـە و چ بکـەین؟ دوای بیرکردنەوەیـەکی دووقـۆڵی بـەو ئاکامـە گەیشـتین کـە هاوڕێیان ئاگادار بکـەین. هەرچەنـد وەزعەکـە مەعلومـە کـە هـاتنی سـەرهەنگ مودەرەسـی بـە سەد سەربازەوە جگە لە گرتنی ئێمـە زیـاتر هیچـی دیکـە نییـە، مولاقـاتی قایمقامێکی عێراقـی کاری مەرزبانییە نەک سەرهەنگ مودەرەسی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک حیسـابات بکـەین مەبادا بۆ گرتنی ئێمە نەبێت و ئێمە لـەخۆوە هـەڵێن کـە لـە دواییـدا بۆمـان پاسـاو ناکرێـت. بـۆ ئاگـاداری، ئـەو کـات هێشـتا خـەڵکی ئـەو ناوچانـە نەچوبوونـە سـەربازی و زۆریـش لـە چـوونی سـەربازی بێـزار بـوون. هـەر ئـەو سـەعاتە هـەواڵم نـارد بـۆ هاوڕێیـان کـە لـە مـاڵی خۆیـان نەمێننەوە و هـەڵێن بـۆ ئـەودیو سنووری عێـراق، کێوێـک لـە بەرامبـەر گونـدی کیـوەرۆ بـە نـاوی جمگـان هـەبوو بێنـە ئـەوێ. منـیش هـەر ئەمشـەو دەگەمـە ئـەوێ. هـەر ئـەو کـات کـاک کـەریمم گێڕایـەوە و گـوتم بچـۆرە لای کـاک تۆفیـق و کـاک مسـتەفای بـاوکی و ئاگـاداری وەزعەکـە و بڕیارەکەیان بکـە، هـەروەها بچۆرەوە بڵـەسـەن و هاوڕێیـانی ئـەوێش ئاگـادار بکـە و هـەمووتان وەرەن بۆ ئەو جێگایەی کە دیاریمان کردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەتـەواوی بـە خـەڵکی بڵەسـەن، کیـوەرۆ و ئەنجێنـەمان ڕاگەیانـد کـە سـەرهەنگ مـودەرەسـی هـاتووە ڕەشـبگیر دەکـات و هـەر کەسـیان بەردەسـت کـەوێت دەیگـرن و دەیبـەن بـۆ سـەربازی. (ڕەشـبگیر واتـە هـەر کەسـی بەردەست کەوێ ئەگیرێ و کەسـی لـێ دەرناکـات). ئـەم تاکتیکـەی مـن بـۆ ئـەوە بـوو کـە ئەگـەر

هاتو سەرهەنگ بۆ گرتنی ئێمە نەهاتبوو، ئێمە هەڵاتنەکەمان دەکەینە بیانووی مەترسیی ڕەشبگیری سەربازی و دواتر هەر کەس دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی.

دەمەوێ ئاماژە بە ڕووداوێکی تاڵ بکەم بە نیسبەت خۆمەوە. کەسێک بوو بە ناوی شێخ ئەحمەد لە ساداتی گوندی شابەدینی سەر بە عێراق. پیاوێکی باش و قسەخۆش بوو، جاروبار بە دیدەنی دەهات بۆلام. بۆ بێشانسی ئەو شەوە میوانم بوو و لە میوانخانەکە نوستبوو. هەروەها کەسێکی دیکە بە ناوی ئاغاعەبە، خەڵکی شاری سەقز، میوانمان بوو. ئاغاعەبە کارمەندی دوخانیات بوو و هاتبوو کە نامەی ئیجازە بە توتنکارەکان بدا کە توتنەکانیان ببن بۆ دوخانیاتی بانە بۆ فرۆشتن. شتێکی دیکەش کە جێی ئاماژەیە، هاوسەرەکەم نوسرەت، لەگەڵ منداڵەکانم کە ئەو کات سێ منداڵمان هەبوون، چووبوونەوە بۆ دیدەنی ماڵی باوکی لە گوندی سیچان، لە دەکیلۆمەتری شاری بانە. لە کاتی خواحافیزە لە دایکم پێم گوت دوای ڕۆیشتنی من بچۆرە دیوەخان و بە ئاغاعەبە بڵێ ئەمشەو هەواڵمان بۆ هاتووە کە هێزێکی زۆر لە عەجەمەکان هاتوونە ئەنجێنە و گوایە هاتوون هەر لاوێکیان بەردەست کەوێ دەیگرن و دەیبەن بۆ سەربازی و لەترسی ئەوە ڕەشەی کوڕم و بەشێکی زۆر لەو خەڵکە هەڵاتوون. مەبەست لەو قسە بە ئاغاعەبە ئەوە بوو کە کاتێ سەرهەنگ هات و پرسیاری جەماعەتی کرد لە کوێن، بڵێن ئەو خەڵکە لەترسی چوونی سەربازی هەڵاتوون. هەروەها لە تێکچوون و ناڕەحەتی دایکیشم تێنەگات ئاخۆ چی ڕوویداوە. بە دایکم گوت بە شێخ ئەحمەدیش بڵێ ڕەشبگیرە و ڕەشەی کوڕم لەترسی سەربازی هەڵاتووە. عەجەم دێن بۆ ئێرە، باش وایە تۆش لێرە نەبیت چونکە تۆ عێراقیت و ئەتگرن، هەستە بڕۆ. هاوڕێیانی نێو گوندی کیوەرۆ کۆبوونەوە و خواحافیزەم لە دایکم کرد کە زۆر ناڕەحەت بوو و هەر دەگریا، چونکە دایکم ئاگای لە وەزعی ئێمە بوو و چاوەڕوانی وەزعێکی نادیاری بۆ ئەکردین. بەداخەوە دوای ڕۆیشتنی ئێمە دایکم لە ناڕەحەتی خۆی لەبیری دەچێتەوە بە شێخ ئەحمەد بڵێت کە هەڵێت، ئیتر ئەوەندەی پێ ناچێ کە عەجەم بەسەر ماڵێدا وەردەبن و زۆر قسەی ناخۆش بە دایکم دەڵێن. بۆ دۆزینەوەی بەڵگە دەچنە نێو ژێرخانەکەمان و چی دانەوێڵە (گەنم، جۆ، نۆک، ماش و هتد) هەبووە بەسەریەکدا تێکەڵیان کردبوو. ئیتر دایکم فریا ناکەوێت بە شێخ ئەحمەد بڵێ کە هەڵێت، بۆیە لەجیاتی من و هەموو هاوڕێیانی کیوەرۆ شێخ ئەحمەدی بێشانسیان گیر دەکەوێت و دەیگرن و زۆری لێدەدەن. ئەویش بێخەبەر لە هەموو شتێک. هەرچەند دایکم هاوار دەکات کە شێخ ئەحمەد میوانە و داوا لە سەرهەنگ دەکات کە ئازادی بکەن و ئەزیەتی نەکەن، بەڵام نەک گوێ لە دایکم ناگرن بەڵکو زۆر قسەی ناخۆشیشی پێدەڵێن. شێخ ئەحمەد لەسەر هەڵەوپەڵە و قسەگۆڕینی خۆی لە کاتی پرسیاری ساواکدا ساڵ و نیوێک لە بەندیخانەی تاران مایەوە. لە ماوەی چەند سەعات کەم و زیاد سەربازەکان هێرش دەکەنەسەر چەند شوێن، وەک زەڵێ، ماڵتە، چۆمان، گڵەسوورە و چەند شوێنێکی تر لە ئەنجێنە. پێش ئەوەی بچمەسەر باسی هەڵاتنەکەمان ڕوونکردنەوەیەک پێویستە. ڕەئیس پاسگای ئەنجێنە ئیستوارێک بوو بە ناوی زەرەندی و کوردیش بوو. قادر تەگەرانی کەسێک بوو کە خەڵکی کوردستانی عێراق بوو و لە ئەسڵدا

خەڵکی گوندی تەگەران بوو کە سەر بە قەزای شاربازێڕە. ئەم کەسە ئەو کات کاری قاچاخچییەتی دەکرد لە سنووری ئەنجێنە و زۆرتر هاتوچووی ماڵی خاڵە مستەفای هەنجیرە ڕەشکەی دەکرد. لەوێشەوە بەرەو دەشتەتاڵ و هەروەها بۆ ناوچەی بۆکان و مەهاباد. ئەو کەلوپەلەی دەیهێنا بریتی بوو لە شەکر، چایی، سابوون و کەلوپەلی لەو جۆرە کە پێویستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە بوو. ئەو سەردەمانە ناوبراو پیاوێکی باش بوو و خزمەتی هاوڕێیانی ئێمەی زۆر دەکرد و جێگای متمانە بوو، بەڵام سالانی دوایی گۆڕانی بەسەردا هات و نەک قازانجی نەبوو بەڵکو زۆر پێچەوانە شکایەوە. لەوە زیاتر نامەوێ باسی کەسایەتی قادر بکەم چونکە باسەکەی من ئەوە نییە. هەر جارێک کە قادر تەگەرانی کاروانەکەی دەهات بەهۆی خاڵە مستەفاوە دیاری و پارەی بۆ ئیستوار زەرەندی ئەنارد کە ڕێگا لە هاتوچووکردنی نەگرێت. زۆر جاریش یەکتریان دیبوو لە ماڵی خاڵە مستەفا و بەو هۆیەوە بەتەواوی بووبوونە دۆستی یەکتر. هەر لەپێناوی ئەو دۆستایەتییەدا هەر ئەو شەوە پێش هێرشی سەربازەکان ئیستوار زەرەندی هەواڵ دەنێرێت بۆ خاڵە مستەفا و دەڵی ئەگەر قادر تەگرانی لەو دەوروبەرەیە پێی بڵێ لەوێ نەمێنێ لەبەر ئەوە لە بەرنامەی سەفەرەکەی سەرهەنگ حاڵی نیم و نازانم چی بەدستەوەیە؛ ئەگەر لەوێیە پێویستە لەوێ نەمێنێ. ئەوەی کە جێگای ئاماژە و ڕێکەوتێکی سەیر بووە، هەر ئەو ئێوارەیە قادر تەگەرانی و قادر شەریف هەردووکیان لە کوردستانی عێراقەوە دێن بۆ ماڵی خاڵە مستەفا و لەوێ دەبن. کاتێ هەواڵەکە دەگاتە خاڵە مستەفا، قادر تەگەرانی و قادر شەریف هەردووکیان لەوی دەڕۆن. ئەم قسەیەم دوایی لە تۆفیقی کوڕی خاڵە مستەفا بیستووە کە ئەوان بەهۆی ئەو ڕاسپاردەیەی ئیستوار زەرەندییەوە پێش چوونی کوێخا کەریم بۆلای تۆفیق و گەیاندنی پەیامەکەی من هاتنی سەرهەنگیان بە هێزێکەوە زانیبوو. هەر ئەو کاتە قادر تەگەرانی بە خۆی و کاروانییەوە بەرەو مەهاباد و بۆکان دەکەوێتە ڕێ و قادر شەریفیش لە جیاتی ئەوەی بێت بۆلای من و بیرێک لە باردۆخەکە بکەینەوە بەرەو کوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی بێ موبالاتی و کەمترخەمییەوە کاک مستەفا و کاک تۆفیق کە زووتر دەبوو خۆیان دەرباز بکەن، کاتی ڕوونبوونەوەی بەیانی تۆفیق کە دەیەوی بڕوات، دەبینێت لە دوورەوە ئەوا کۆمەڵێک سەرباز بەرەو ماڵی تۆفیق دێن. تۆفیق هەڵدێ و خۆ دەخاتە شیو و دۆڵێکەوە تا لە چاویان ون دەبێت. لەو کاتەدا سەربازەکان هەست بە هەڵاتنی دەکەن و تەقەی لێدەکەن، بەڵام تۆفیق دەردەچێت و تەنیا بەهۆی گلۆربوونەوە و خۆتووڕدان کەمێک بریندار ئەبێت. بەڵام کاک مستەفای باوکی دەگیرێت و ساڵ و نیوێک لە بەندیخانەی تاراندا دەمێنێتەوە. لە هاوڕێیانی بڵەسەن، ئەنجێنە و کیوەرۆ تەنیا خاڵە مستەفا دەگیرێت. باقی هاوڕێیان هەموو بەرەو خاکی عێراق دەرباز بووین. کاتێ گەیشتمە ئەو شوێنەی کە زووتر وەك شوێنی تایبەت دیاریمان کردبوو بە ناوی جمگان، لە ئێمە زیاتر هاوڕێیانی کیوەرۆ کەسی دیکەی لێ نەبوو. زۆر نیگەران بووین. گوتمان دەبێ هاوڕێیان گیرابن کە تا ئێستا نەگەیشتوونە ئێرە یان چووبنە شوێنێکی دیکە. لەم قسە و باسانەدا بووین، دیتمان تاک و تەرا هاوڕێیان پەیدا بوون. بەم شێوەیە بۆ

ڕۆژبوونەوە زیاتر لە سەد کەس لاو و چەند کەسێک لە باوکی لاوەکان کۆبووینەوە. ئاگرێکمان کردەوە. هەر کەسە خواردن و پێخۆری خۆی هێنابوو و نانمان خوارد. زۆر نارەحەت بووین. نەماندەزانی پاشەڕۆژمان چۆن دەبێ. دوایی جەماعەتم کۆکردەوە و قسەم بۆ کردن و بۆم ڕوونکردنەوە کە غەیری ئەم جەماعەتە -مەبەست ئەندامانی حیزب بوو- باقی ئەتوانن بگەڕێنەوە سەر جێگا و ڕێگا و ماڵی خۆیان. مەسەلەکە سەربازی نییە بەڵکو ئەم جەماعەتە و هەزارانی وەک ئێمە ویست و داوایەکمان هەیە، ئەویش ئازادی و سەربەستی و ژیانێکی خۆشە بۆ گەلی کورد کە بۆ ئەم حکومەتە قابیلی قبوڵ نییە و دەبینن ئاوا بەم شێوە وەڵاممان ئەداتەوە. قسەی خۆش لەبیر نەچێت. لەو قسانەدا کەسێکی بەساڵاچوو، باوکی یەکێک لە لاوەکان، کە لەگەڵ کوڕەکەی هەڵاتبوو، گوتی قوربان، ئێوە لە حکومەت بە غایبین دەرچوون! ئێمەش لەسەر ئەو هەموو نارەحەتییەمان هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین و گوتمان ئەرێوەڵڵا مامە، ئێمە لە حکومەت بە خایین دەرچووین. بەو جۆرە جەماعەت هەر کەس بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە و ئێمەش هاوڕێیان بەرەو یەکەم گوندی سەر سنوور بە ناوی سوورەبان وەڕێکەوتین. جەماعەت بریتی بووین لە کوێخا ئەحمەد و براکەی حەمەئەمین خەڵکی بەردەڕەشی کیوەرۆ، کە بە ئەحمەد شاناز و مینە شاناز ناسراو بوون، هەروەها سەعید مەحموود خەڵکی ماڵتەی کیوەرۆ. ئەم سێ هاوڕێیە لە ماڵی مندا دەژیان. مستەفا ڕەشیدپەنا، ناسراو بە مستەفای سۆفی مینە، کەریم ڕەحمانی ناسراو بە کەریم مەلا حەسین، خۆم ڕەشید ئەحمەدی ناسراو بە ڕەشید خانی کیوەرۆ، محەممەد خدری دانیشتووی زەڵێ‌ی کیوەرۆ، ئەحمەد تۆفیقپور و مەحموود تۆفیقپور کە دوو برا بوون و دانیشتووی چۆمانی کیوەرۆ، مام ساڵح دانیشتووی چومانی کیوەرۆ، مام فەرەج دانیشتووی ماڵتەی کیوەرۆ، یونس مەلا مینە دانیشتووی گڵەسوورەی کیوەرۆ. هاوڕێیانی ئەنجینە بریتی بوون لە کاک عوسمان، حەمەمین عەبدوڵڵا، سەعید شەریفی، حەمە فەرەج، تۆفیق مستەفا. هاوڕێیانی بڵەسەن، کەریم شەمامی، کەریم ڕەسوڵی، ساڵح شەمامی، عەزیز خدری، محەممەد ڕەحمانپەنا، فەقێ ڕەحیم و کەریم شەریفی ناسراو بە کوێخا کەریم. ئەوەی لە بیرم مابێ هاوڕێیان تۆفیق مستەفا لە ئەنجێنە، کەریم ڕەسوڵی لە بڵەسەن و مام فەرەج لە ماڵتە دوای ماوەی دوو مانگ ژنومنداڵەکانیان بۆ هاتن بۆ سلێمانی. کاتێ چووینە گوندی سوورەبان، خەڵکی ئەم گوندە هاتن بەپیرمانەوە و ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتیان لێگرتین. خەڵکی ئەم گوندە ناسیاو و دراوسێ سنوورمان بوون. هەموو بە ناو یەکترمان دەناسی و باوک و باپیرانمان تاکو زەمانی ئێمەش هاتوچووی یەکترمان هەبووە و بەشی زۆری دانیشتوانی سنوورەکە خزمایەتی و ژنوژنخوازیمان لەگەڵ یەکتردا هەبووە. دوای حەسانەوە وەزعی خۆمانمان بۆ باس کردن. لە وەڵامدا گوتیان ئێمە زۆر بەداخین لەو وەزعەی بۆتان هاتۆتەپێش و ئامادەین بۆ هەر جۆرە یارمەتی و هاوکارییەکتان. سوپاسمان کردن و پێمان گوتن داوای ئێمە هەر ئەوەیە کە بنێرن بۆ گوندی سووەدزێ (چەند کیلۆمەتری سوورەبان کە بنکەی پۆلیسی عێراقی لێبوو) و ئاگادار بکرێن و بێن بەدەممانەوە، کە دەمانویست خۆمان تەحویلی حکومەتی عێراق بدەین و داوای پەنابەری بکەین.

## داوای پەنابەری لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم

موختار (کوێخای ڕەسمی حکومەت) بە ناوی حاجی غەفور لەسەر داوای ئێمە ڕۆیشت بۆ سوورەدزێ و دوای چەند سەعات لەگەڵ ڕەئیس مەخفەر و چەند پۆلیس هاتن بۆلامان. بەخێرهاتنیان کردین و ڕەئیسی مەخفەر گوتی هاوڕێیەکی ئێوە بە ناوی قادر شەریف شەوی ڕابوردوو هاتۆتە مەخفەر بۆلای ئێمە و چاوەڕوانی وەزعێکی دەکرد و نەیدەزانی چی ڕوودەدا. ئێستا لە ماڵی موختاری سوورەدزێیە و چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە وەزعی ئێوە بە چی دەگات. ڕەئیس مەخفەری پۆلیسی عێراقی داوای کرد کە یەکێک لە ئێمە وەک نوێنەر لەنێو خۆماندا هەڵبژێرین کە هێندێ قسەی گشتیی هەیە لەگەڵماندا بکات. هاوڕێیان بەتێکڕا منیان بە نوێنەری خۆیان دیاریکرد بۆ کاروباری داهاتوو. ڕەئیسی پۆلیس وەزعەکەی پرسیار کرد و دەیویست بزانێ بۆچی هێرش کراوەتەسەر ئێمە، بۆچێ هەڵاتووین و چۆن توانیومانە هەڵێین و چەند پرسیاری دیکەی لەو چەشنە. هەروەها ئێمە چ داخوازییەکمان لە حکومەتی عێراق هەیە. منیش ئەوەی زانیم بۆم باس کرد. گوتم ئێمە لەسەر سیاسەت و داوایەکی ڕەوا کە هەر ئێستا حکومەتەکەی ئێوە باوەڕی پێی هەیە و دانی پێداهێناوە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، ئاوارە بووین و کەوتووینەتەبەر هێرش. ئێمە داوامان لە حکومەتی عێراق ئەوەیە کە بە پەنابەری سیاسی وەرمانگرێت و پشتیوانیمان لێ بکات بۆ ئەو داوایەی کە لە حکومەتی ئێران هەمانە. ڕەئیسی پۆلیس کورد و خەڵکی ناوچە بوو و بە زمانی کوردی قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد. گوتی ئێوە میوانی ئێمەن، ڕێزتان لەسەر چاوان، بەڵام دەسەڵاتی من ئەوەیە کە ڕەوانەتان بکەم بۆ ناحیەی باسنێ، ئیتر ئەوان تەرتیباتی پێویستتان بۆ دەکەن. ئێمە بەگشتی لەگەڵ پۆلیسەکان ڕۆیشتین بۆ سوورەدزێ. لەوێ قادر شەریفمان بینی. زۆر نیگەران و ناڕەحەت دیار بوو. گوتی شەو لە ماڵی خاڵە مستەفا هەواڵیان دامێ کە هێزێک بە فەرماندەیی سەرهەنگ مودەرسی هاتۆتە ئەنجێنە و هەر ئێستا خۆت وەپێچە و دەرباز بە. منیش بەرەو سنوور گەڕامەوە و هاتمە سوورەدزێ گوتم بزانم سەرهەنگ بۆچی هاتووە و چی بەدەستەوەیە. ئێستا کە وەزعەکە ئاوایە ئێوە خۆتان تەسلیمی عێراق بکەن منیش دەچم بۆ سلێمانی بۆلای هاوڕێیان و ئاگاداری وەزعی ئێوەیان دەکەم بۆ ئەوەی کارئاسانیتان بۆ بکرێت. قادر شەریف ڕۆیشت. ئێمەش لەگەڵ چەند پۆلیس بەرەو باسنێ کەوتینە ڕێ. شەو گەیشتینە باسنێ و چووینە مەرکەزی ناحیە. مودیر ناحیە کورد بوو. ئەفسەرێکی پۆلیس بەرپرسی مەرکەز و پۆلیسەکان و کاروباری نیزامی بوو. ئەوانیش هەر ئەو پرسیارانەی پۆلیسی مەخفەری سوورەدزێیان لێ دووپات کردینەوە. شەو لە باسنێ ماینەوە و بەسەر خەڵکی ئاواییدا دابەشیان کردین. مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی باسنێ، فەتاح ئاغای کوڕی حەمەئەمین ئاغای گوندی زیبە بوو. فەتاح ئاغا لە ژنوژنخوازییەوە بووبووە خزم. کاتێ هەواڵی ئێمەی زانی هات بۆلام. دوای بەخێرهێنان گوتی پێم خۆشە میوانی من بیت. بردمیەوە بۆ ماڵی خۆیان کە ژوورێک بوو لەنێو مەدرەسەکەدا. شەوەکەمان بە قسە

بردەسەر. هەر یەک پرسیار و باسوخواسی ولاتمان لە یەکتر دەکرد. زۆرتر باسەکەمان لەسەر کوردستان و حیزبایەتی بوو. وەک من لە کاک فەتاح حاڵی بووم، بیرێکی ناسیۆنالیستی هەبوو. ئەو کاتە ئەندامی هیچ حیزبێک نەبوو. چەند جارێك لە قسەکانیدا پێی گوتم کاک ڕەشید، ئەم قسانەی تۆ قسەی ئەندامێکی حیزبی دیموکرات نییە، ئەم بیر و بۆچوونە ڕاست قسەی ئەندامێکی حیزبی شیوعییە. زۆرم پێ ناخۆش بوو کە وای پێ گوتم. لەڕاستیدا قسەی کاک فەتاح ڕاست بوو، چونکە ئێمە بە بیروباوەڕی تودەیی تا ئەو کاتە پەروەردە کرابووین بۆیە کاک فەتاح وای پێ دەگوتم. ئەو بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە لە عێراق و کوردستانی عێراق هاتبووە ئاراوە باشتر لە من جیاوازی بیری تودەیی و کوردایەتی دەزانی. حاشای لێ ناکەم ئەمن خۆم پێم وا بوو کە کوردایەتی ئەکەم و بیری نەتەوەییم هەیە، بەلام خۆی لە خۆیدا قسەکانی ئێمە زۆر دوور بوون لە بیری نەتەوەیی بەلام ئەو کاتە هەستم بەو شتە نەدەکرد، چونکە من ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووم نەک حیزبێکی کۆمۆنیستی. بەلام ئەودەم کادرەکانمان هەر باسی ولاتی سۆڤیەت و سیستەمی کۆمۆنیستی و تودەییان بۆ دەکردین. لە چەند شوێنێکی دیکە لەنێو بیرەوەرییەکانمدا دەگەمەوە بە کاک فەتاح و لە جێی خۆیدا باسی دەکەم. قسەی کاک فەتاح بەتەواوی دروست بوو. دوای ئەوە زۆر کەسانی دیکەی وەک کاک فەتاح هەمان بۆچوونیان هەبوو لەسەر من و هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە چووبووینە کوردستانی عێراق. جێگای ئاماژەیە ئێمە ئەندامانی حیزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران ئەو کاتە هەموو لەژێر کاریگەری بیری حیزبی تودەدا بووین، بۆیە خەڵکی کوردستانی عێراق پێیان دەگوتین ئێوە شیوعین. ڕاستییەکەی حیزبەکەمان تەنیا ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو دەنا لە ناوەڕۆکدا بیرێکی تودەیی هەبوو و ئەندامەکانی بەو بیر و ڕێبازەوە پەروەردە کرابوون. ئەکرێت بڵێم هێندێ لەو کادرانەی کە زۆرتر لە کوردستانی عێراق بوون گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو. یەک لەوان ئەحمەد تۆفیق بوو کە بارودۆخی سیاسیی عێراق و شۆڕشی ئەیلول کارتێکەرییەکی تەواوی لەسەر دانابوو. وەک من بزانم ئەحمەد تۆفیق هەر لە سەرەتاوە بناخەی بیری نەتەوەیی زۆرتر لە هاوڕێیانی دیکە تێدا بووە. هەر ئەوەش بوو کە کێشە و گرفتێکی زۆری لێ پەیدا بوو لەنێو کادر و ئەندامانیدا کە بووە هۆی لاوازبوونی حیزب، کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەم.

شەوێکیش لای کاک فەتاح گوزەرا. بۆ بەیانی هەموویان کۆکردینەوە و لەگەڵ چەند پۆلیسێک بە پێیان ڕەوانەی قەزای شاربازێر، چوارتا، کراین. بۆ ئێوارێ گەیشتینە چوارتا. بۆ ماوەیەک لە حەساری خانووی قایمقام حەساینەوە. ڕۆژ درەنگ بوو، کاتی ئیداری نەمابوو. موختاری چوارتا هات بەسەر مالاندا دابەشیان کردین. چوارتا وەک گوندێکی چەندسەد ماڵی وا بوو. شەقامێکی چەندسەد مەتری هەبوو لەگەڵ چەند دوکانێکی هەمەجۆر و چەند خانوویەکی دەوڵەتی. وەزعی ئیداراتی حکومی لە سوورەدزێ تاکو باسنێ و چوارتا لە حکومەت نەدەچوو، هیچ ئیمکاناتێکیان نەبوو. هەر وەکو پێشتر باسم کردووە لە هەموو ئەو شوێنانە بەهۆی موختارەوە لە ئاواییەکان لە مالان دادەمەزراین و

خزمەت دەکراین. ئەو شەوە من و چەند هاوڕێیەک چووینە ماڵی کەسێک بە ناوی دەروێشی حاجی محێدین کە باری ئابووری لەچاو خەڵکی چوارتا لە زۆربەی دانیشتوانی باشتر بوو. ناوبراو بەرپرسی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی چوارتا بوو. پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ بوو. خزمەتێکی کوردانەی کردین. زۆر لە بارودۆخی حکومەتی عێراق و هێزە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە کە زۆرتر حیزبی شیوعی و پارتی لە کوردستان هێزی بەرچاویان هەبوو، بۆی باس کردین. گلە و گازندەی لە حیزبی شیوعی زۆر هەبوو کە گوایە دژایەتی مەسەلەی کورد و پارتی دەکەن. ئەو قسانە بۆ ئێمە قسە و باس و ئەزموونێکی تازە بوون لە حیزبە کۆمۆنیستەکان. ژیانی شەوی چوارتایش تەواو بوو. نازانین ئاکامی خەونەکانمان چی دەبێت و لە کوێ و بە چ ئاقارێکدا ئەڕوات. بەیانی موختار هەموومانی کۆکردەوە و پێشمانکەوت بۆ ئیدارەی قایمقام. هەموو چووینە ساڵۆنێکی گەورەوە. قایمقام هات بۆلامان و بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و دوای کۆمەڵێک وشەی خانەخوێیانە و ڕێزگرتن، گوتی سەیارەتان بۆ حازر کراوە بچن بۆ مەرکەزی لیوا لە سلێمانی. خواحافیزی لێکردین و ڕۆیشتەوە ژوورێ. چەند پۆلیسێک هاتن و گوتیان فەرموون با بڕۆین. کاتێ هاتینە دەرەوەی خانووی قایمقامی، دیمان دوو پیکاپیار حازر کراون، سوار بووین و پۆلیسەکانیش بە سواری پیکاپێکی تایبەت بە پۆلیس بەدواماندا هاتن تاکو چووینە نێو حەساری سەرای سلێمانی. حەوشەیەکی گەورە لەگەڵ خانوویەکی زۆر گەورە کە ئیدارەی ئەمن، پۆلیس، قایمقامی مەرکەزی و شەخسی موحافیز هەموویان لەو خانووەدا کاریان دەکرد. سەرای سلێمانی لە ناوەندی شاردا هەڵکەوتبوو. هەر لەو حەسارەدا لەسەر زەویەکە کە چیمەنتۆ بوو دانیشتین. هەر لەو شوێنە نانی نیوەڕۆیان بۆ هێناین. نان و کەباب و ترێ ڕەشکەمان خوارد. ئەو ڕۆژە هیچ پرسیارێکمان لێ نەکرا، بەڵام دواتر زانیمان کە قادر شەریف کاتێ دەگاتە سلێمانی ئەحمەد تۆفیق لە وەزعەکە حاڵی دەکات. برادەرانی پارتی و ئەحمەد تۆفیق دەچنە لای موحافیز و لە حاڵ و وەزعی ئێمە ئاگاداری دەکەن، بۆیە قەناعتیان کرد کە بە زەمانەتی چەند برادەرێکی پارتی ئازادکراین و ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەو برادەرانە چووینەوە سەرا. ئەگەر زامنمان نەبوایە وەکو یاسا تا وەزعمان ڕوون دەبۆوە دەبوو لە بەندیخانە بماینایەوە. برادەرانی پارتی لە بارەگای خۆیان بۆ ماوەی مانگێک میواندارییان کردین. هەموو پێداویستییەکیان بۆ تەرتیب کردین. من بەشبەحاڵی خۆم هەمیشە ئەو ڕۆژانەم لەبیرە و پڕبەدڵ سوپاسیان دەکەم. بۆ بەیانییەکەی ئەحمەد تۆفیق و قاسم سوڵتانی کە لە کوردستانی عێراق بە کەمال ئەحمەد دەناسرا، هاتن بۆلامان و بەخێرهاتنیان کردین و زۆر قسەی پڕ لە هیوایان بۆ کردین و هیواداریان کردین بە دوارۆژێکی ڕوون و باش. ڕۆژەکانی دوایی هەر ڕۆژە چەند کەسێکمان بانگ دەکراین بۆ ئیدارەی سەرای سلێمانی. لیژنەیەک پێکهاتبوو لە قایمقامی مەرکەزی، نوێنەری ئەمن، نوێنەری عەسکەری و نوێنەری پۆلیس. ڕۆژانە چەند کەسێکمان دەچووینە لای ئەو لیژنەیە و هەموو جارێکیش ئەحمەد تۆفیق وەک نوێنەری حیزب لەو دانیشتنانەدا بەشدار بوو. لیژنەکە چەند پرسیاری ئاراستە دەکردین. لە

دەسپێکدا بە قورئان سوێندیان ئەداین کە درۆ نەکەین لە قسەکانماندا. ئێمەش سوێندمان دەخوارد. پاشان دەستدەکرا بە پرسیار و وەڵام. ئەحمەد تۆفیق وەکو شاهید و باوەڕپێکراوی حیزب قسەکان و ئەندامبوونی ئێمەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەسلماند. یەك لەدوای یەك دوای مانگێك مافی پەنابەری سیاسیمان بۆ هاتەوە. مافی پەنابەرییەکەمان کاتی بوو و شوێنی مانەوەمان سلێمانی بوو. یەکەم کەس من بووم کە چوومە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینە و هەروەها یەکەم کەسیش بووم کە بە پەنابەری سیاسی وەرگیرام. مووچەی مانگانەمان جیاوازیی تێدا هەبوو، بەرزترینیان مانگانەی من بوو کە مانگی ٣٠ دینار بوو، ئەوانی تر ١٥ تا ٢٠ دینار بوو. دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە و وەرگیرانمان وەك پەنابەری سیاسی، کاروباری ڕۆژانەمان کەوتەدەست ئیدارەی ئەمن. بەرپرسی ئیدارەی ئەمن و جێگرەکەی هەردووکیان کورد بوون. بەرپرسی ئەمن ناوی حسێن شیروانی بوو، جێگرەکەی ناوی محەممەد مەلوود بوو. هەردووکیان باوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتییان هەبوو. لەم ئاخریانەدا کە حکومەتی عەبدوالکریم قاسم لەگەڵ کوردان بەینی تێکچوو و لە بەڵێنەکانی بە گەلی کورد پەشێمان بۆوە، حسێن شیروانی بەهۆی ئاشکرابوونی پەیوەندی بە شۆڕش و بارزانی‌یەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستبەسەر کرا و بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلول لەسێدارەدرا. محەممەد مەولوودیش دوای چەند ساڵ لە زەمانی سەرۆکوەزیران عبدالرحمان بزازدا چاوم پێی کەوتەوە. من لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا لە ئەمنی عام لە بەغدا زیندان بووم. کاتێك بردمیان بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە، محەممەد مەولوودم بینی؛ زۆر کۆمەکی کردم کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەم. بەدوای ئەوەدا هەر ڕۆژ لە شارەکانی کوردستانی ئێرانەوە هاوڕێیان دەرباز دەبوون و خۆیان دەگەیاندە شارەکانی سەر سنوور و لەوێوە بۆ سلێمانی. دەکرێت سەرجەمی ئەم هاوڕێیانە نزیك بە ١٠٠ کەس بە ژن و منداڵەوە مەزندە بکەم. پێم خۆشە وەکو یادکردنەوەش بێ، ناوی ئەو هاوڕێیانە بهێنم کە لەبیرم ماون. یەکەم دەستە کە ئێمە بووین لە گوندەکانی کیوەرۆ، ئەنجێنە، بڵەسەن، هەروەک لە لاپەڕەکانی پێشودا باسم کردووە. بەدوای مانگێکدا بەرودوا هەر چەند ڕۆژ لە بانەوە ئەم کەسانەی دیکە بە ئێمە زیاد بوون: لە شار میرزا عەبدوڵڵا نەعلبەندی، (تێبینی: لەبەرئەوە لەوەدوا ناوی میرزا عەبدوڵڵا زۆر دێت، تەنیا بە ناوی میرزا دەینووسم). لە گوندی دۆڵهەرزن مامۆستا مەلا ڕەحیم وردی کە پێشنوێژ و مامۆستای ئەو گوندە بوو. لە گوندی ئارمردە عەبدوڵڵا خانی ئەحمەدی، عەبدوڵڵا مارف ناسراو بە عەبە ڕەشکەل، ساڵح پەراکەندە ناسراو بە ساڵح گزیر، عەبدوڵڵا ڕەنجدیدە، ساڵح ناوێک کە ناسراو بوو بە ساڵح کوێر، شێخ شەریف دانیشتووی کۆخی میرەوسوی ئارمردە، محەممەد حاجی شەریف و حەمە مەلا. ئەوەی لەبیرم بێت تەنیا عەبدوڵڵا خان ژن و منداڵی پێبوو. لە گوندی نیروان محەممەد سەلیمی و عبدوڵڵا خوسرەوی ناسراو بە عبدوڵڵا بەگ. لە گوندی تاژان محەممەد ساڵح کەریم، مەلا محەممەدی نەسروڵلایی و عەلی مەرجان. لە گوندی زەربەنێ دەروێش عوسمان و شەریف عەباس کە لەم دواییانەدا حەجی کرد و بوو بە حاجی شەریف. لە گوندی شوێ فەقێ

حەسەن و حەمەزارا، ئەویش دوای ماوەیەک ژن و منداڵی بۆ هات، ئەحمەد پیرۆز، حمەی شەریف ئاغا، ئەحمەد ساڵحی، ئەحمەد قالە ناسراو بە مەلا ئەحمەد، ڕەحمان هۆشمەند، خولە عاسی و حسێن کەریمی. لە شارەکانی دیکە ئەوەی من لەبیرم مابێ و بیانناسم لە سەردەشت عەبدوالخالق شافعی و سەعدون زەکی. لە شاری مەهاباد و دەوروبەر خەلیل سەدیقی‌ی هونەرمەند و گۆرانیبێژ، ڕەحمان ناسراو بە ڕەحمانی جەلیل کەڵەباب، هاشم حسێنزادە کە ناوی خۆی گۆڕی بە قادر حەسەن، قادر ئاغای چوارگا، ڕەشید ناسراو بە ڕەشە قاچاخچی و سلێمان موعێنی کە لە کوردستانی عێراق بە فایق ئەمین دەناسرا. لە شاری سنە برادەرێک کە زۆریش لێک نزیک بووین بەڵام بەداخەوە ناوەکەیەم لەبیر نەماوە و هیچ سەرچاوەیەکەم شک نەبرد کە پرسیاری بۆ بکەم و ناوەکەیەم بیربێتەوە. ئەوەندی من بزانم ئەو هاوڕێیە خزمی نیعمەتی‌یەکانی سنە بوو. لە شاری بۆکان هاشم جەلالی دوای چەند مانگ هات، لە جێی خۆیدا ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر ناوبراو هەیە کە پێوستە باس بکرێت. لە نەغەدە سەعید کوێستانی. سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی کە ناوم هێناون یەکترمان دەناسی، بۆیە ناویانم لەبیر ماون. ئەوانەی کە کۆچی دواییان کردوە ڕۆحیان شاد، ئەوانەش کە لە ژیاندا ماون یادیان بەخێر. زۆربەی ئەو هاوڕێیانە کە بیرەوەریی تایبەت بە خۆیان هەیە هەر یەک لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەم. هاوڕێمان عەبدوڵڵا مارف لە گوندی ئارمردەی بانە لە حەوتووی یەکەمی هاتنەکەیدا تووشی نەخۆشی ڕیخۆڵەکوێرە بوو و بردمانە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری کرا، بەڵام کۆچی دوایی کرد. هێندێ لە هاوڕێیان پێیان وا بوو کەمترخەمی لە نەخۆشخانە و پێڕانەگەیشتن یان هەڵەیەک لە نەشتەرگەرییەکەیدا بووە بۆیە فەوتی کرد، بۆیە دەیانویست لەو بارەوە سکاڵا بەرنە دادگا. بەڵام هاوڕێیانی پارتی ئەو کارەیان پێ باش نەبوو و پێشنیاریان کرد کە باشتر وایە ئەم کۆچە ناوەختەی هاوڕێمان بە شێوەیەکی بەرین و ڕێزگرتن لە شەهیدبوونی وەکو خەباتگێڕێکی نیشتمانی ڕووداوەکە سیاسی و گەورەتر بکرێتەوە. بۆیە لەسەر ئەو پێشنیارە بەرنامەڕێژییەکی باش بۆ بەخاکسپاردنەکەی کرا و لە هەموو شارەکانی کوردستانی عێراق تەنانەت لە دێهاتەکانیشەوە خەڵکێکی زۆر بەشدارییان کرد و لە گردی سەیوان، گۆڕستانی گەورەی شاری سلیمانی، بەخاکسپێردرا. سەرەتا ئەحمەد تۆفیق بەو بۆنەوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وتاری خوێندەوە. دوایی نوێنەری هێزە سیاسییەکانی کوردستان، نوینەری کۆڕ و کۆمەڵە و سەندیکا جۆربەجۆرەکان، هونەرمەندان و شاعیران هەر کەس وتاری خۆی پێشکەش کرد. ئەوەی کە زۆر هەستی بەشدارانی وروژاند و تەنانەت بەشێك لە بەشدارانی هێنایە گریان شیعرە بەسۆز و شۆڕگێڕانەکەی مامۆستا کامران بە نازناوی موکری، بوو. بە بەشداری هەزاران کوردی بەهەست و بەئەمەک ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی هاوڕێ عەبدوڵڵا مارف بەڕێوەچوو. چەند ڕۆژی دواییش خەڵک دەهاتن بۆ پرسە و سەرەخۆشی بۆلامان. ئەم ڕووداوەش لەسەر هێندێ کەسایەتی خێرخواز کاریگەری دانا و بە شێوەی جۆراجۆر یارمەتی دەکراین. ئێمە لە سەرەتاوە بۆ ماوەی مانگێک میوانی پارتی دیموکراتی

کوردستان بووین لە بارەگای تایبەتی ئەوان، کە ئەو کات محەممەدی حاجی تایەر بەرپرسی لقی سلێمانیی پارتی بوو. بەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئاوارەبوونی ئێمە بۆ کوردستانی عێراق نوێنەری گروپ و سەندیکا جۆربەجۆرەکان و نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان دەهاتن بۆ بارەگای پارتی بۆ بەخێرهاتن و سەردانمان. وەکو دیارییش یارمەتی ماڵی دەکراین. ئەم یارمەتییە ئەدرا بە برادەرانی پارتی بۆ پیاراگەیشتنی ژیانی ئێمە. کاتێ ئەم میوانانە دەهاتن زۆرتر من دەچووم بۆ بەخێرهێنان و دانیشتن لەگەڵیان. ڕۆژێک کاک تۆفیق مستەفا پێی گوتم کە کاک قادر شەریف ڕایسپاردووە ئاگادارم بکات کە من بۆم نییە بچم بۆلای ئەو میوانانە، چونکە من لەمێژە هیچ بەرپرسایەتییەکم نەماوە، تەنانەت لە بانەش ساڵێک بوو من و برادەرانی کۆمیتە بەرپرسایەتیمان لێ سەندرابۆوە و هەڵپەسێردرابووین. ئەندامانی تازەی کۆمیتە من و کاک حەمەزارای شوێ و کاک حسێنی بەدیعیی‌یە. ئێستا کە کاک حسێن گیراوە بەرپرسی کاروباری کۆمیتەی بانە ئێمەین. منیش لە وەڵامدا گوتم پیرۆزە، بەڵام من تا ئێستا بڕیاری بەو شێوەیەم نەبیستووە بۆیە لەو بارەوە لەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق قسە دەکەم، چونکە قادر شەریف دوو ساڵ دەبێ خۆی لە ئێمە شاردۆتەوە و کاروباری کۆمیتە بەڕێوە ناچێ. ئێستا دەردەکەوێ کە چ پیلانێکی بەدەستەوە بووە. ئێرەش بانە نییە، کەسانێکی لەو بەرەوسەرتر هەن کە پرسیاریان لێ بکەین و ئەگەر هۆیەک بۆ ئەم بڕیارە هەیە ئەوا فەرمانی حیزب بەڕێوەدەبەم. ئەحمەد تۆفیق زۆر ڕۆژان دەهاتە لامان و سەردانی دەکردین. ئەگەر ئەویش نەهاتایە ئەوا قاسم سوڵتانی کە ناوی خۆی ناونابوو کەمال ئەحمەد، دەهات. دوای قسەکانی کاک تۆفیق زۆر نارەحەت بووم، پێم وا بوو ئەو هەموو ڕێزگرتنەی من لە قادر شەریف و ئەو هەموو دڵسۆزییەم بۆ حیزب و گەلەکەم ئەمەیە پاداشەکەی کە حیزب و قادر شەریف ئەمدەنەوە. خۆ من کەسێک نەبووم کە لەڕووی ژیان و گوزەرانەوە کەموکووڕیم هەبووبێت بەڵکو کەسێکی خاوەن موڵک، خاوەن دەسەڵات و خاوەنی سەروەت و دارایی بووم، ئەوەی کە نەمبوو ئازادیی گەلەکەم و وڵاتەکەم کوردستان بوو. بۆ ئەو مەبەستەش ئەوە نییە من هەموو ئەو ژیانەم لەدەستداوە و لەو ڕێگایەدا حازرم لەگەڵ برایانی جوتیار لەسەر حەسیرێك و بە نان و ئاوێک لە ئاوارەیی و کوێرەوەری و بێ هیچ داوایەکی زیاتر لەپێناو ئازادیی و سەرفرازی گەل و نیشتمانمدا بژیم. ئەوەش کە ئاشکرا و ڕوونە لەو هاوڕێیانەی کە نزیکم بوون هیچیان بە ئەندازەی من زەرەر و زیانیان لە ژیانیان نەکردبوو. دیارە منەتم لەسەر کەس نییە، ئەوە بۆخۆمم کە ئەو ڕێگایەم هەڵبژاردووە، بەڵام ویژدان و دڵسۆزی و عەدالەتیش شتێکی باشە. ئەو شەوەم بەو جۆرە خەیاڵ و بیرکردنەوانە هەتا بەیانی بردەسەر. لێرەدا جێگای ئاماژەیە کە ئەحمەد تۆفیق وەکو کەسی یەکەم لەگەڵ چەند هاوڕێیەک بەڕێوەبەرایەتی ئەو سەردەمەی حیزبیان بە کردەوە لەئەستۆ بوو. لە سلێمانی خانوویەکیان بەکرێ گرتبوو و تێیدا دەژیان و هیچ یەک لە ئێمە بە شێوەی ژیان و خانووەکەی ئەوانمان نەدەزانی. ئەگەر کارێکمان هەبوایە هەر دەبوو چاوەڕوان بین ئاخۆ کەی دێن بۆلامان. چاوەڕوانی

تەواو بوو، ئەحمەد تۆفیق هات بۆلامان. دوای لێپرسین و چاکوچۆنی داوام لێکرد کە کارم پێیەتی و چەند قسەیەکەم هەیە حەز دەکەم بەیەکەوە دانیشین و بۆی باس بکەم. کاک ئەحمەد هەستا و گوتی با بچینە ئەو ژوورەی دیکە. بەیەکەوە ڕۆیشتین و دووبەدوو دانیشتین. بەوردی قسەکانی ڕۆژی پێشووی کاک تۆفیق و ساردی و سەرنەدان لە کۆمیتەی دێهاتی بانە لەلایەن کاک قادر شەریفەوە بۆ گێڕایەوە. کاتێ کە لە قسەکانم لێبوومەوە، کاك ئەحمەد لە وەڵامدا گوتی قادر شەریف ئەم دەستەگوڵەشی بە ئاودا داوە. بەڵێ ئەم هاوڕێ سەرەڕۆیەمان زۆر شتی وای کردووە. من کە ئێستا خۆم بە یەکێک لە لێپرسراوانی سەرووی ئەو حیزبە دەزانم ئێستا لە تۆی دەبیسم کە کۆمیتەی دێهاتی بانە هەڵپەسێردرابێ. ئەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو هاوڕێیەمان چەند سەرەڕۆیی و کاری ئاوای کردووە کە تازە زانیومانە و بڕیارمان داوە ئەو ڕۆژانە لەگەڵی دانیشین و حیسابی لەگەڵدا بکەین. پێم خۆشە شتێکت بۆ وەگێڕم کە دەریدەخات لەمێژە قادر شەریف مەبەستێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەم کارانەی کە کردوونی. ئەم هاوڕێیەمان ئەم کارانەی بە مەبستی بەرژەوەندیی خۆی ئەنجام داون. ئەگەر ئێمە تووشی ئەم هێرش و پەلامارەی ساواک نەبووینایە بڕیارمان بوو کە لەو نزیکانەدا کۆنگرە یان کۆنفرانسێکی بەرین بگرین بۆ پێداچوونەوەیەکی تەواو لە کاروبارەکانمان و دانانی سەرکردایەتییەکی نوێ. قادر شەریفیش لەو ماوەدا کە زۆرتر بۆخۆی لە ناوچەکەدا بووە بە هەلی زانیوە کە بە قازانجی خۆی کەڵک لە ئەندامانی سادە وەرگرێت بۆ ئەوەی لایەنگرانی خۆی زیاتر بکات بۆ بەشداری لەو کۆنگرە یان کۆنفرانسەدا تاکو دەنگی زیاتر بهێنێت و بگاتە پلەی ڕێبەرایەتی. بەڵام ئەو کارانە بە لەدەستدانی مافی کەسانی دیکە و دیاریکردنی کەسانی بێتوانا کارێکی خراپە و زیان بە بەرژەوەندیی حیزب و خەباتەکەمان دەگەیێنێ. ئێستا لەوەش سەیرتر شتێکم بیر هاتەوە؛ کاتێ بارزانی و هاوڕێکانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە ئێمەش بڕیارمان دا هەیئەتێکی حیزبیمان پێشوازیان لێ بکەن. هەواڵمان نارد بۆ هاوڕێیان لە کوردستان ئەگەر لە باری ئەمنیەتییەوە هەر یەکێک لە بەرپرسانی کۆمیتەکان یان جێگرەکانیان کە بۆیان دەکرێت بە نهێنی بیانهێنن بۆ بەشداری لەو پێشوازییەدا. کاتێ قادر شەریف هات من لە هاوڕێیانی بانە چاوەڕوانی کاک محەممەدی کەریمی و کاک مەجید خان و شەخسی تۆیشم دەکرد چونکە ماڵی ئێوە لەسەر سنوورە و ئەندامی کۆمیتەی و ئیمکانی هاتنت لە ئەوانی دیکە ئاسانتر بوو، بەڵام ئەوەی کە من بیرم لێ نەکردبۆوە ئەوە بوو کە قادر شەریف هاوڕێیان تۆفیق مستەفا لە ئەنجێنە و حەمەزارای لە شوێ هێنابوون. من لێم پرسی چۆنە کە ئەم دوو هاوڕێیەت هێناوە، ئەم دوو هاوڕێیە هیچیان خوێندەوارییان نییە، کادر نین و بەرپرسایەتییەکیان لە کۆمیتەدا نییە و کەسایەتییەکی بەرچاو نین لە ناوچەکەدا. لە وەڵامدا گوتی کاک محەممەدی کەریمی و کاک مەجید خان ئامادە نەبوون و منیش ئەم دوو هاوڕێیەم هێناون. هەر ئەو کات من لەم قسەی هاوڕێمان گومانم پەیدا کرد و بڕیارم دا کە خۆم ڕاستەوخۆ سەردانێکی بانە بکەم، بەڵام بەداخەوە گیروگرفت ڕێگەی نەدا و ئەو هێرشەی ساواکیش بەسەردا هات

و ئیتر سەفەرەکەم بۆ نەکرا. بەڵام دەبێ لەم ڕۆژانەدا لەگەڵی دانیشین و شتی دیکەش هەن لەگەڵیدا باس بکەین. هەر ئێستا ئەوە بە تۆ ڕادەگەیێنم کە تۆ نیگران مەبە، ئەتۆ بە کار و ئەرکەکانی خۆت هەروەک ڕابوردوو درێژە بدە، بڕیاری قادر شەریف بڕیاری خۆی بووە و قابیلی قبوڵ نییە. ئەوەی من بزانم کۆمیتەی دێهاتی بانە یەکێک لە چالاک ترین کۆمیتەکانمان بووە و ئێستاش تۆ هەر بە ئەندامی کۆمیتە ئەناسرێیت.

## کۆمۆن، شوێنی نوێی ژیانمان

نزێک بە مانگێک لە بارەگای پارتیداماینەوە. ئیتر مانگانەی پەنابەریمان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دەهات. هاوڕێیانی بەڕێوەبەرایەتی بڕیاریان دا کە مانگانەی هەموان بدرێت بە بەشی ماڵی (قاسم سوڵتانی) واتە کەمال ئەحمەد کە بەرپرسی بوو. لە مانگدا هەر یەکەی دوو دینارمان ئەدرایێ بۆ هێندێ خەرجی پێویست لە کاتێکدا مانگانەکەی من دووئەوەندەی مانگانەی هاوڕێیان بوو، بەڵام منیش هەر دوو دینارم وەردەگرت لە مانگدا. بەدوای هاتنی مانگانەکەمان هاوڕێیان کەوتنە بیری خانوویەکی گەورە کە جێگای هەموومانی تێدا وەبێت. ئەودەم گەڕەکێکی تەواو مەسیحینشین هەبوو لە سلێمانی. خێرخواز و پیاوچاکێکی مەسیحی بێ بەرامبەر خانوویەکی گەورەی پێشکەش کردین لە گەرەکی ئەسحابە سپی کە زۆر گەورە بوو و جێگای هەموومانی تێدا دەبۆوە. گواستمانەوە بۆ ئەو خانووە و ناومان نا "کۆمۆن". بۆ ڕاخەری ژوورەکان حەسیر و بۆ هەریەک لە هاوڕێیانیش لێفە و سەرینێکیان بۆ کڕین. کاک حەمەئەمین شاناز کە ئەندامی حیزب بوو و پێش ئاوارەبوونمان لە ماڵی ئێمەدا لە کیوەرۆ کاری ئاشپەزی بۆ دەکردین، قۆڵی هیمەتی هەڵماڵی و دەستیدایە خواردن دروستکردن بۆمان. بەتەنیا خواردنی هەموو ئەو جەماعەتەی دروست دەکرد. بەڵام هاوڕێیان هەر ڕۆژە چەند کەسێک بە نۆبە بەرپرسی پاکوخاوێنیی هەموو ژوورەکان و نان هێنان و هەڵگرتنی سفرە و چایی لێنان و شتنی قاپ و کەوچک و پێویستییەکانی ڕۆژانە بوو. ئا لەم کاتەدا منیش وەکو هەموو هاوڕێیان بەم ژیانە ڕازی بووم، لە کاتێکدا تەلاخانمی خێزانی شێخ لەتیفی حەفید کە ئامۆزام بوو و ماڵی لە سلێمانی بوو، چەند جار پێی گوتم من ڕازی نیم تۆ لە مەقەڕ بژیت، من ئەو هەموو ئیمکاناتم هەیە ژوورێکت تایبەت بۆ تەرخان دەکەم بۆ ئیستراحەتی خۆت و دەتوانی ڕۆژانە بچیت بۆلای هاوڕێیانت بەڵام شەوانە بو خواردن و ئیستراحەت دەبێ بێیتەوە بۆ ماڵی ئێمە. بەڵام من قبوڵم نەکرد و ژیانی بەکۆمەڵی نێو هاوڕێیانم هەڵبژارد و هەتا دوایین ڕۆژی تەمەنی کۆمۆن منیش وەکو هەموو هاوڕێیان لەوی مامەوە و نەچووم بۆ هیچ کوێیەک.

جێگای ئاماژەیە، هاوڕێیانی دەربازبوو لە شار و گوندەکانەوە بەرودوا دەهاتن بۆلامان. ئیتر بەتەواوی هەواڵی گرتنی هاوڕێیانمان زانی کە چ کەسانێکن. دوای چەند مانگ ئەشکەنجە و ئازار و لێکۆڵینەوەی سەرجەم هاوڕێیان و حوکمی زیندانی لە سێ ساڵ تا ئەبەد و ئیعدام، حوکمەکان لەلایەن دادگای نیزامی ئێرانەوە دیاریکران. دوایی بەهۆی تێکۆشانی هاوڕێیانی حیزبی و ڕێکخستنی ڕێپێوان و ناڕەزایییەتی لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت لە عێراق و کوردستانی عێراق و سەرجەم ئەو چالاکی و هەوڵانە حکومەتی ئێرانی ناچار کرد کە پلەی حوکمەکان دابەزێنێ. ئیعدامەکان بوونە ئەبەد و بەو شێوەیە دابەزین لە حوکمەکان هەموو هاوڕێیانی گرتەوە. لە دوو ساڵەکان تا ئەبەد، بەڵام دوای ساڵێک دوبارە کەوتنەبەر بەخشینێکی دیکە کە بەشێک لە هاوەڕێیان لە ساڵ و نیوی

یەکەمدا ئازادکران. بە وتەی ئەحمەد تۆفیق، شەخسی بارزانی لە هەموو بوارێکدا بەتایبەت لە بواری سیاسی و داواکردن لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بۆ فشارخستنە سەر ئێران بۆ کەمکردنەوەی حوکمەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئیعدامەکان هەوڵێکی زۆری دابوو کە ئاکامی باشی لەسەر حوکمی گشت بەندییەکان بۆ دابەزاندنی حوکمەکانیان هەبوو. ئەو هاوڕێیانەی کە لە بانە گیرابوون ئەم کەسانە بوون: لەنێو شار محەممەدی کەریمی، کەریم وسوقی، سمایل سەرشیوی، خەلیل دەوڵەتی، خەلیل ئەحمەدزادە و شەریف فەتاحی. لە دێهات، لە گوندی نەمەشیر مەجید خان ئەحمەدی، عەزیز خان ئەحمەدی. لە گوندی سوتوو مامە قالە ناسراو بە مامە قالە سوتوویی. لە گوندی ئەنجێنە خاڵە مستەفا ناسراو بە خاڵە مستەفای هەنجیرە ڕەشکە. هەروەک پێشتر باسم کردووە شێخ ئەحمەد خەڵکی شابەدینی کوردستانی عێراق لە ماڵی مندا گیرا. لە گوندی ساڵوکی سەروو ئەحمەد خانی ئەحمەدی. لە گوندی نێزەڕۆ حسێن خانی ئەحمەدی. لە گوندی دۆڵهەرزن مەلا کەریم، ناوبراو فقێ بوو و لەلای مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی دەرسی مەلایەتی دەخوێند. مەلا ڕەحیم خەڵکی گوندی مەنیجەلانە و وەکو پێشنوێژ لە دولهەرزن مەلا بوو، بەڵام لەو کاتەدا لە شوێنێک بووە کە بەردەستی جەللادانی ساواک ناکەوێت و بە جێگای مەلا ڕەحیم مەلا کەریم دەگیرێت. مەلا کەریم لەبەر ئەوەی لە زیندان کەس قسەی لەسەر ناکات و بە هەڵەش بە جێگای مەلا ڕەحیم گیرابوو، دوای مانگ و نیوێک ئازاد دەکرێت. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە سەرەتا لە هاوڕێیانی بانە محەممەد کەریمی، مەجید خان ئەحمەدی و کەریم وسوقی بانگ دەکرێن بۆ پرسیار و وەڵام. چەند ڕۆژ ئەشکنجە و ئەزیەت دەدرێن، دوایی لەبەر ئەوە سمایل قسەی لەسەر کردبوون ناچار دەبن دان بە پلەی مەسئولیەت و حیزبیبوونی خۆیاندا بهێنن. لەم دواییانەدا دوای ئازادبوونی جەماعەت و چوونەوەی من بۆ ئێران مەجید خان ئاوای بۆی باس کردم، گوتی کاتێ زانیم کە سمایلی قاسملوو هەموو شتێکی لەسەر گوتووین ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دراین و هیچ چارمان نەما مەجبور گوتم بەرپرسی تەشکیلات ڕەشید ئەحمەدی بووە کە ناوی هاوڕێیان لەلای ئەو بوون و من هەر ئەوانە دەناسم کە گیراون و ئەوانەش کە هەڵاتوون و بەو شێوەیە لە کۆڵم بوونەوە. منیش و کاک محەممەدی کەریمی و کاک کەریمی وسوقی کە ئەشکەنجەیەکی زۆر دراین تەنیا ناوی هەڵاتووەکان و ئەوانەی گیراون وەکو ئەندام باس کردوون لەبەرئەوە سمایل ناوی هەموو ئەو هاوڕێیانەی ئاشکرا کردبوو کە گیرابوون. من بە هاوڕێیانم گوت ناوتان ئاشکرا کراوە لەلایەن سمایلەوە، خۆتان مەخەنە ژێر ئەشکنجە با وەکو ئێمەتان بەسەر نەیەت چونکە لەدوای ئەشکنجەیەکی زۆر هەر ناچار دەبن کە ئەندامبوونی خۆتان قبوڵ بکەن، دەنا لە بانە ئەندامانی دیکەمان هەبوون کە نە ناسران، نە گیران و نە هەڵاتن. لە سەرەتای هێرشەکەدا بۆسەر هاوڕێیان، بۆ ماوەیەک خۆیان لەملا و لەولا حەشاردا تاکو دڵنیا بوون کە ئەوان نەناسراون ئیتر ئەاونە هەر کەسە بە هێواشی هاتنەوە سەر کەسبوکاری خۆیان بێ ئەوەی کەس هەستیان پێ بکات. هەروەها لە گوندی شوێ میرزا حسێن بەدیعی و کوێخا ئەحمەد خوسرەوی. لە

گوندی هەنگەژاڵ مامۆستا مەلا محەممەدی ئیمامی. ئەوەی من بزانم ئەم هاوڕێیانە کە لە بانە دەگیرێن، زۆربەیان کۆچی دواییان کردووە، ڕۆحیان شاد.

بگەڕێینەوە بۆ کۆمۆن. کۆمەڵێک لە هاوڕێیان بە مەبەستی فێربوونی نووسین و خوێندنی زمانی کوردی چووبوونە قوتابخانە و لە پۆلی پێنجی سەرەتایی شەوانە دەیانخوێند. من و میرزا دوو لەو قوتابیانە بووین. مامۆستاکانمان زۆر ڕێزیان دەگرتین و هەوڵیان ئەدا لەگەڵماندا فێری نووسین و خوێندنی زمانی کوردی بین. هەرچەند بەهۆی بڵاوکراوەکانی حیزبەوە هێندێک کوردی فێر بووبووین بەڵام ئەوە زۆر کەم بوو. ناوی دوو مامۆستام لەبیر ماون، مامۆستا عەبدوڵڵا ئەژدەر و مامۆستا عوسمان سەعید. مامۆستاکان هەردووکیان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. ئێمە ڕۆژانە بێکار بووین. ئەو بێکارییە ڕێوشوێنی خراپی لەسەرمان دانابوو. لەبەر بێتاقەتی و بێوازی هەریەک لە بیری ماڵ و منداڵ و ژیانی وڵات لەلایەکیش پاشەڕۆژی نادیار ڕۆژانە دەچووینە چایخانەیەک بە ناوی چاخانەی جومعە کە هەندێک لە خەڵکی سلێمانی ناویان نابوو چاخانەی ئێرانییەکان. بەشی زۆری هاوڕێیان بە ڕۆژ لەوێ کۆدەبوونەوە. لەلایەکی دیکەش هاوڕێیان کلاسێکی سیاسییان لە یەکێک لە ژوورەکانی کۆمۆن بۆ ئەو کەسانەی کە تازە هاتبوون بۆ سلێمانی بۆ پێکهێنابووین. مامۆستاکەی کاک هاشمی حوسێنزادە بوو، واتە قادر حەسەن. لەجیاتی مێژووی کوردستان ئیقلابی حیزبی کۆمۆنیستی چینی بە قەڵەمی "مائۆتسەتۆنگی؟" بۆ باس دەکردین و بە دەرس پێی دەگوتین. ئەو کلاسە و ئەو دەرسە بۆ ئەو کات و زروفەی کوردستانی عێراق زۆر باوی نەمابوو، بەڵام هاوڕێیان هەر بە گەز و ڕبەی کوردستانی ئێران دەیانپێوا. بەڕاستی کەمتر لە هاوڕێیان تاقەتی گوێگرتنیان هەبوو، بۆیە زۆرتر ڕوومان کردبووە چایخانەی جومعە، کە یەک لەوان بۆخۆم بووم. بەڵام ئێستا کە ئەم بیرەوەرییە دەنووسم بۆم پرسیارە ئاخۆ ئەحمەد تۆفیق ئاگای لێ نەبووبێ یان چۆنە کە هیچ فێربوون و کلاسێکی دیکە نەبوو کە پێمان بڵێن، یان کەس نەبوو لە هاشمی حوسێنزادە زیاتر؟ ئەوەی من بزانم کاک هاشم هەر ئەو دەرسانەی بە کەیف بوو بیانڵێتەوە و هەر ئەوەشی ئەزانی. یان ئەحمەد تۆفیق هاوڕێیانی دەناسی و نەدەکرا کتوپڕ هەڵویست بگرێت لە بەرامبەر بیری تودەییدا و نەیدەتوانی بیری نەتەوەیی پەرەپێبدات چونکە من دڵنیام کە ئەحمەد تۆفێق ئەو کاتە باوەڕی بە شتی وا نەبوو.

ژیانی کۆمۆن هەر دەهات و بەهۆی زۆربوونی هاوڕێیانەوە زەحمەتتر دەبوو. گیروگرفت، ناڕەزایی و پرتەوبۆڵە لە هەموو لایەکەوە سەریهەڵدابوو. ئا لەو کاتانەدا د. قاسملوو هات بۆ سلێمانی کە من تا ئەودەم نەمدەزانی لە کوێ دەژی و پلەوپایەی لە حیزبدا چییە. دیار بوو بە خێزانەوە لە بەغدا دەژیا. کاتێ هات بۆ سلێمانی قسە و قسەڵۆک زۆر بوون. وا دەرکەوت ئەحمەد تۆفیق سەردانی د. قاسملووی بۆ کۆمۆن پێ خۆش نەبوو. تەنانەت چەند هاوڕێیەک قسەی ناخۆشیان بە د. قاسملوو گوتبوو. ئەو ئێوارەیە کە دوکتۆر هات بۆ کۆمۆن من لەو کاتەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی دیکە لە فێرگە بووم و دەرسی کوردیمان دەخوێند. کاتێک هاتینەوە هاوڕێیان وەزعەکەیان بۆ گێڕاینەوە و گوتیان بڕیاردراوە

کۆبوونەوەیەکی بەرین پێکبێت بۆ هەموان و هەردوو هاوڕێیان کاک دوکتۆر و کاک ئەحمەد بەشدار دەبن و قسەمان بۆ دەکەن. هەر شەو پێمانگوترا بۆ بەیانییەکەی کەس نەچێتە دەرەوە و هەموو حازر بین. لە گەورەترین ژووری کۆمۆندا کۆبووینەوە. هەر چۆنێک بێ بە پاڵەپەستۆ دامەزراین. دەوروبەری پەنجاه هەتا شەست کەس ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووین. نەمران جیابەجیا هاتنە ژووریٚ. دیار بوو بەیەکەوە نەهاتبوون و لەوە دەچوو هەر یەک لە شوێنێکەوە هاتبن. لە سەرەتاوە دوکتۆر قاسملوو قسەی کرد و لە قسەکانیدا ئەحمەد تۆفیقی بە پیاوێکی سەرەڕۆ و تەکڕەو ناساند و گوتی ئەحمەد تۆفیق ئەو ماوە هیچ پرس و ڕایەکی نەکردووە و تەنیا وەکو خۆی هەستاوە بە ئەنجامی کارەکان و ناتەوای زۆرە لە کارەکانیدا کە بە زیانی حیزب تەواو بوون. ئەمە کورتەی قسەکانی بوو و بۆ بەشی زۆری قسەکانی بەڵگەی دەهێنایەوە. دوایی ئەحمەد تۆفیق گوتی ڕەحمان قاسملوو ڕاست ناکات، ناوبراو بە هۆیەکەوە کە جێگای گومانی حیزب بووە، هەڵپەسێردراوە و نێردراوە بۆ وڵاتێکی دەرەوە بۆ ماوەیەک تاکو بزانین ئەو گومانەی لەسەریەتی دەڕەوێتەوە یان نا. دیارە من وەکو کەسی یەکەمی ئەو حیزبە مەسئولیەتم لەئەستۆ بووە و بە باشی ئەرکی خۆم ئەنجام داوە. ئەحمەد تۆفیق لە درێژەی قسەکانیدا گوتی قاسملوو تودەیی‌یە، لێرەش دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و هاوکاری حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی تودەی ئێران دەکات لە بەغداد، ئەوەش بۆتە هۆی ناڕازیبوونی برادەرانی پارتی و شەخسی مەلا مستەفای بارزانی لە حیزبی دیموکرات. من کەسێکی وام وەک حیزبی دێموکرات قبوڵ نییە و بەو شێوە بیرکردنەوە زیانی گەورە بە حیزبەکەمان دەگەینیێ. لێرەدا کاک دوکتۆر زۆر ناڕەحەت بوو و قسەکەی لە ئەحمەد تۆفیق بڕی و گوتی ئەحمەد ڕاست ناکات، ئەگەر من هەڵپەسێردراوم بۆچی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی حیزبم بۆ هاتووە بۆ دەرەوەی وڵات؟ ئەگەر پێویست بێ ئەوا ئەو ڕاپۆرتانەتان پیشان ئەدەم. ئەحمەد گوتی فەرموو نیشانی بدە! دوکتۆر لە وەڵامدا گوتی ئێستا پێم نییە، ئەگەر لازم بوو ئامادم نیشانیان بدەم. هەروا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەگەر گومانم لەسەر بووە چۆن بووە حیزب منی ناردووە بۆ وڵاتێکی سۆسیالیستی کە دۆستی ئێمەن، بەڵام ئەوان ئاگادار نەکراون لەو مەسەلەیە. ئەو کارە دوورە لە ئوسولی دیپلۆماسی و خیانەتە بەو وڵاتە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە من بۆ کاری دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات بووم و پەیوەندیم بە حیزبی تودەوە بە ئاگاداری حیزب بووە و خۆیشم بە تودەیی نازانم، و دوای ماوەیەک هاتوومەوە بەغدا. بەدوای قسەکانی دوکتۆردا دەنگەدەنگ زۆر بەرز بۆوە لە هەردوو لا و خەریک بوو کۆبوونەوەکە تێکچێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت کەوتینە نێوان و بێدەنگمان کردن. دوای کۆمەڵێک باس و لێکۆڵینەوە ئەحمەد تۆفیق پێشنیاری کرد کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دیاری بکرێت بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانی هەردوو لا و بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕابوردووی کارەکان لەڕێگەی ئارشیڤەوە. دوکتۆریش ئەوەی پێ زیاد کرد بە سەردان و پرسیار لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی تودەی ئێران لەسەر کەسایەتیی هەردوو لا. ئەحمەد تۆفیقیش ئەوەی

دوباره پێی زیاد کرد کە سەردانی پارتی دیموکراتی کوردستان و تایبەت شەخسی مەلا مستەفا بارزانی. لەسەر ئەو ئەساسە لیژنەیەك دیاری کرا کە بریتی بوو لەم کەسانە: لەلایەن ئەحمەد تۆفیق ـەوە، سلێمان موعێنی و کەمال ئەحمەد، واتە قاسمی سوڵتانی. لەلایەن دوکتۆر قاسملوو، یوسف رێزوانی و عەبدوڵڵا عێزەتپور. منیش بە تێکرای دەنگی هاورێیان لەلایەن ئەندامانی تەشکیلاتەوە هەڵبژێردرام. ئەم پێنج کەسە وەک لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دیاریکراین. جێگای ئاماژەیە کە کاک سەعید کوێستانی و من کە ئێستا هەردووکمان نیشتەجێی سویدین، پێش لە چاپدانی بیرەوەرەبییەکانی بە ناوی "ئاورێک لە بەسەرهاتی خۆم" لە ماڵی کاک سمکۆی عیسازادە لە شاری لینشۆپینگ لە سوید یەکمان گرتەوە و وەکو دیدەنی هەردووکمان میوانی کاک سمکۆ بووین. هەروا کە قسەوباسی کۆنمان بۆ یەک دەگێڕایەوە من باسی ئەو لیژنەیەم بۆ کرد کە چووینە بەغدا و چۆن هەڵبژێردراین و ئەندامانی لیژنەکە کێ بوون و چمان کرد. ئەمن بەو شێوەیە کە لێرەدا نووسیومە بۆم گێڕایەوە، بەڵام کاک سەعید زووتر لێرە و لەوێ هێندێ شتی لەو بارەوە بیستبوو و بە باشی نەیدەزانی کە وەزعەکە چۆن بووە و ئاگای لە کاروباری ئەو لیژنەیە نەبوو بۆیە زۆر بەوردی گوێی بۆ گرتم و تەنانەت جارێکی دیکەش بە تەلەفۆنی لەو بارەوە پرسیاری لێکردم و بۆ جاری دووەم تەلەفۆنی هەر بەو شێوەی کە نووسیومە بۆم گێڕاوەتەوە. کاک سەعید بەبێ ئاماژە بە سەرچاوە، لەلایەکی دیکەشەوە وەکو خۆی بە شێوەیەکی دیکە لە لاپەڕە ٥٢ی کتێبەکەیدا نووسیویەتەوە: "ئەندامانی کۆڕ بریتی دەبن لە عبدوڵڵای عیزەت پور و کاک یوسف ریزوانی، لەلایەن دوکتۆر قاسملوو، کاک هاشم حوسین زادە و کاک قاسم سوڵتانیان، لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە دیاری دەکرێن، کاک ڕەشید خانی کیوەرۆشیان پێوە زیاد دەبێ." لە کاتێکدا من بەم جۆرەم گوتبوو کە ئێستاش هەروام نووسیوە چونکە ئەوەدەمیش دڵنیام کە هەر ئەوەم لەبیر بووە کە ئێستا نووسیومە کە لەلایەن ئەحمەد تۆفیقـەوە کاک سلێمانی موعێنی و کاک کەمال ئەحمەد واتە قاسمی سوڵتانی دیاری کران نەک هاشمی حسێنزادە. هەروەها منیش لەلایەن ئەندامانی حازر لەو کۆبوونەوە هەڵبژێردرام نەک بە وتەی کاک سەعید "کاک ڕەشید خانی کیوەرۆیشی پێوە زیاد بوو". دوای دیاریکردنی لیژنەکە حەوتوویەکی پێچوو هەتا ئامادەکاریمان بۆ کرا و چووین بۆ بەغدا. وەک لەبیرم بێت کاک یوسف رێزوانی و کاک عەبدوڵڵا عێزەتپور لە بەغدا بوون، تەنیا کاک کەمال ئەحمەد و کاک سولێمان موعێنی و من لە سلێمانییەوە ڕۆیشتین و شەو چووینە هوتێل رشید کبیر. دروست نازانم سەعات چەندەی شەو بوو کە خانمی قاسملوو زەنگی لێدا و داوای منی کردبوو. دوای سڵاو و ئەحواڵپرسی گوتی چەند ڕۆژێکە لە موخابەراتی عێراقیەوە ئاگادارکراوین کە لە عێراق بڕۆین و سبەینێ دوایین ڕۆژی مۆڵەتمانە و دەبێ لە عێراق دەرچین. دیارە ئەمە دەستێکی لەپشتەوە هەیە و ئێوەش وەک لیژنەی لێکۆڵینەوە هاتوون بۆ بەغدا. ئەگەر تواناتان هەیە لانیکەم تا ئاکامی لێکۆڵینەوە و سەفەرەکەی ئێوە کارێکی وا بکەن کە ئیجازەمان بدەن ئێمە لە عێراق بمێنینەوە. دوای تەلەفۆنەکە منیش بە هاوڕێیانم گوت کە خانمی دوکتۆر ئاوا

دەڵێت. کاک کەمال ئەحمەد گوتی بەیانی لەگەڵ کاک ئەحمەد قسە دەکەین. بەیانی ئەحمەد تۆفیق هات بۆلامان و قسەی تەلەفۆنەکەی خانمی دوکتۆرمان بۆ باس کرد و لە وەڵامدا گوتی ئێمە دەسەڵاتی موخابەراتمان نییە. ئیتر ئێمە لە کاک دوکتۆر بێخەبەر بووین و ئەوەی کە مەعلوم بوو هەر هەمان بەیانی کە ڕۆژەکەی نازانم بەڵام لە مانگی مارسی ١٩٦٠دا بوو کاک دوکتۆر خۆی و خانمی عێراقیان بەجێهێشت و بەرەو چیکوسلۆڤاکی ڕۆیشبوون. ئێمە ئەو ڕۆژە حەساینەوە و هێندێکمان چووینە دەرەوە بۆ گەشتوگوزار و دیتنی شاری بەغدا. ڕۆژی دوایی ئەحمەد تۆفیق تەرتیبی دیداری لای بارزانی بۆ کردبووین و چووینە لای بارزانی. زۆری ڕێز بۆ دانایین. بارزانی بۆخۆی باسی دوکتۆر قاسملووی دامەزراند. ئێمەش لێمانپرسی کە حکومەتی عێراق بۆچی ویزای لێسەندەوە و ناچاری ڕۆیشتنی کردووە لە عێراق. لە وەڵامدا گوتی من ئاگام لەوە نییە کە حکومەت بۆچی مافی نیشتەجێبوونی لێسەندۆتەوە، بەڵام من شەخسی خۆم لە هەڵسوکەوتی دوکتۆر قاسملوو ڕازی نیم چونکە دوکتۆر لایەنی هەمزە عەبدوڵڵا و حیزبی شیوعی عێراقی دەگرێت و دژ بە پارتی‌یە. لەو بارەیەوە نزیک بە سەعاتێک قسەی کرد کە هەمووی گلەوگازندە لە دوکتۆر قاسملوو بوو. جێگای ئاماژەیە ئەو کاتە هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی بوو. بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لایەنێک بوون. هەمزە عەبدوڵڵایش خۆی و لایەنگرەکانی لایەنێک بوون. هەمزە عەبدوڵڵا بە ڕەوتی چەپی پارتی ئەناسرا و لایەنگری لە حیزبی شیوعی عێراقی دەکرت. بارزانی و ئێبراهیم ئەحمەد و مام جەلالیش بە ڕەوتی ڕاستی پارتی ئەناسران و حیزبی شیوعییان قبوڵ نەبوو. ئەم وەزعەی نێو پارتی کارتێکەری لەسەر هاوڕێیانی ئێمەش دانابوو. ئەحمەد تۆفیق لایەنگریی لە ڕەوتی ڕاستی پارتی دەکرد. دوکتۆر قاسملوویش لایەنگری لە ڕەوتی چەپی پارتی دەکرت. کێشمەکێشمی ئەم گەمە سیاسییە وای کرد کە باڵی ڕاست سەرکەوێت و ئاکامەکەی بەوە تەواو بوو دوکتۆر قاسملوو لە عێراق دەرکرێت و هەمزە عەبدوڵڵایش لە سکرتێری پارتی وەلابنرێت. دیداری بارزانی‌یش تەواو بوو. بارزانی تەلەفۆنی بۆ عەونی یۆسف، کە ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی و وەزیری (اسکان و اشغال) بوو، کردبوو کە کاتمان بداتێ و سەردانێکی بکەین بۆ ئەوەی یارمەتییەکمان بدات. لە کاتی دیاریکراودا چووینە لای وەزیر عەونی یۆسف. دوای سەعاتێک دانیشتن و پرسین لە بار و گوزەرانی ئەو هاوڕێیانەی کە لە کۆمۆنی سلێمانی دەژیان، بڕیاری دا دووسەد پەتووی سەربازیمان بدەنێ لەگەڵ هەندێ خواردەمەنی. شایانی باسە پەتووەکان ئەوەندە خراپ و بێکەڵک بوون کە بۆ بەخۆدادان بەکارمان نەهێنان. هاوڕێیانی سلێمانی کەس حازر نەبوو پێیان بنوێ، بۆیە بەسەر حەسیرەکاندا ڕامانخستن کە دیسان لە تەپوتۆز زیاتر سوودیان لێ نەکەوتەوە. بەدوای ڕۆیشتنی دوکتۆر قاسملوودا کاری لیژنەکە کە پرسیار و لێکۆڵینەوە بوو ڕاوەستا. ڕۆژێک بڕیارمان دا سەردانی بارەگای پارتی بکەین کە زووتر ئەحمەد تۆفیق ئاگاداری کردبوون. ئەوە بوو ئێوارەیەک چووین بۆ بارەگای پارتی. ئیبراهیم ئەحمەد پێشوازی لێکردین. یەکەم پرسیاری ئەوە بوو ئاخۆ هاوڕێیانی پارتییان لە سلێمانی

هاوکاری پێویستیان کردووین یان نا. کاک سلێمان موعێنی لە وەڵامدا گوتی زۆر سوپاسی ئێوە و ئەوانیش دەکەین کە بە حەق ئەوەی یارمەتی بێ دریغیان نەکردووە لە هەموو بوارێکدا، بەڵام من ماوەیەک درەنگتر لە هاورێیان هاتووم و کاک ڕەشید پێش هەموان هاتووە و باشتر ئاگای لێ هەیە. منیش لە وەڵامدا گوتم هاوڕێیانتان لە سلێمانی مانگێک لە خانوو و پێداویستیی ژیان هەموو شتێکیان بۆ تەرتیب کردین، هەروەها بۆ کاروباری ئیداریش لە سەعاتی یەکەمدا هاتن بە هانامانەوە و زەمانەتی هەموو هاوڕێیانیان کردین کە جێگای سوپاس و پێزانینمانە. ئەوەندەی پێنەچوو کەسێک هاتە ژوورەوە و بەخێرهاتنێکی گەرمی جەماعەتی کرد و کاک ئیبرایم ئەحمەد ئەو کەسەی پێناساندین و گوتی هاوڕێیمان جەلال تاڵەبانییە. نازانم هاوڕێیانی دیکە بەڵام من یەکەم جار بوو کە جەلال تاڵەبانی ببینم. پیاوێکی زۆر بەحورمەت و قسەخۆش و دەمگەرمم هاتە بەرچاو. دانیشتنەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی سەردان و دیداردا بوو و هیچ باسێکی سیاسیی تایبەتمان نەکرد کە پەیوەندی بە نێوان دوو حیزبەوە هەبێت. دوای یەک سەعات سەردانەکەمان تەواو بوو و ڕۆیشتین. شتێکی کە جێگای ئاماژەیە ئەویە کە کاک کەریم حیسامی لە لاپەڕە ٨٩ی بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی "دوای گەڕانەوەی سەردانی دوکتۆر قاسملوو لە کۆمۆنی سلێمانی کۆمیتەیەک لە پێنج کەس پێکدێنن کە بچنە بەغدا لەگەڵ من و کاک ڕەحمان قسە بکەن. ئەندامانی کۆمیتە بریتی بوون، لە سولێمان موعێنی، ئەحمەد تۆفیق، عەوڵای عێزەتپور، یوسفی ریزوانی و ڕەشید خانی کیوەرۆ، ئەوانە هاتنە لای من بەڵام ئەحمەد تۆفیقیان لەگەڵ نەبوو. گوتیان کۆمیتەیەکمان پێکهێناوە کە لەم ناکۆکییە بکۆڵێتەوە. گوتم ئەگەر دەسەڵاتی ئەوەتان هەیە تاوانبار سزا بدەن، ئەحمەد تۆفیقیش ئامادە دەکەن لە کۆبوونەوەدا دانیشێ کە ئامادەم لەسەر ئەساسی ئەو نامەیە کە بۆ غەنی بلوریانم نووسیوە هاوکاریتان بکەم."
دەمەوێ دوو خاڵ ڕوون بکەمەوە. خاڵی یەکەم، کاک کەریم ناوی ئەحمەد تۆفیق وەکو یەکێک لە لیژنەکە ناودەهێنێ کە لەڕاستیدا کاک ئەحمەد یەکێک لەو کەسانە بوو کە لیژنەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات نەک ئەندامی لیژنەکە. دوبارەی دەکەمەوە ئەو کەسەی کە لای کاک کەریم لەقەڵەم کەوتووە بە جێگەی ئەحمەد تۆفیق، کەمال ئەحمەد بووە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە من ئەو کاتە ئاگام لە کاک کەریم نەبووە ئاخۆ لە کوێیە و نەیشمدەناسی و ئەو لیژنەیەش تەنیا لێکۆڵینەوەی لەسەر قسەی دوکتۆر قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق بووە نەک لەسەر کاک کەریم. منیش لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە ئەو ناویان دەهێنێ نەچوومە ماڵی کاک کەریم و لەو سەفەرەدا کاک کەریمم هەر نەدیوە. ئەگەر کاسانێکیش چووبن ئەوا من نازانم و ئاگام لێیان نییە. لەو ماوەی کە لە بەغدا ماینەوە ماموستا هەژارمان بینی. دەعوەتی کردین بۆ ماڵی خۆی و میوانداریەکی باشی کردین. شەوێکی زۆر خۆش گوزەرا. خوالێخۆشبوو ماموستا هیمن و کاک یوسفی ڕێزوانی بەشداری ئەو میوانداریە بوون. جێگای باسە کە ماموستا هەژاریش لە بەرنامەی کاری سیاسیی دوکتۆر قاسملوو ڕازی نەبوو. سەفەری بەغدا دوای حەوتوویەک تەواو بوو و

گەڕاینەوە سلێمانی. هاوڕێیانی حیزبی چاوەڕوانی ئاکامی سەفەری لیژنەکە بوون کە بۆیان باس بکرێت و لە ئاکامی سەفەری لیژنەکە ئاگادار بکرێن. ئەوە بوو ڕۆژێک کاک ئەحمەد هاوڕێیانی لیژنەکەی کۆکردەوە و داوای لێکردین باسی سەفەرەکە و بۆچوونی بارزانی بۆ جەماعەت وەگێڕین. کاک یوسف و کاک عەبدوڵڵا نەهاتبوونەوە سلێمانی و لە بەغدا مابوونەوە بۆیە تەنیا کاک سلێمان و کاک کەمال ئەحمەد و من بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بووین. یەکەم کەس من بووم کە وەڵامی کاک ئەحمەدم دایەوە. گوتم کاک ئەحمەد، پێش هەموو شتێك لیژنەکە دوو ئەندامی حازر نییە. ئێمە کاتێ گەیشتینە بەغدا دوکتۆر قاسملوو مافی مانەوەی لێ سەندرابۆوە و لە بەغدا ڕۆیشتبوو. ئیتر دوای ئەوە هەروەک بۆخۆیشت ئەزانی ئێمەش کاری پرسیار و لێکۆڵینەوەمان ڕاوەستا و تەنیا قسەکانی ئەو یەک سەعاتەی بارزانی بوو کە بە بۆچوونی من هەر ئەوە بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین لەسەر بڕیارێک ساخ وەبین. من بەشبەحاڵی خۆم بەو دەلیلانەی کە باسم کردن ئامادە نیم بێم بۆ کۆبوونەوە و قسە بکەم. بەدوای قسەکانی مندا کاک ئەحمەد لە ڕواڵەتی دیار بوو کە لە قسەکانم ناڕازی بوو. دیارە ئەو کاتە زۆری بۆ گرنگ نەبوو کە ئەگەر ئێمە ئامادەی کۆبوونەوە نەبین لەبەر ئەوەی دوکتۆر قاسملوو وەکو ڕەکەبەرێک لە وڵات نەمابوو و هەروەها بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی پشتیوانییان لێدەکرد. ئەتوانم بڵێم ئەو کاتە کاک ئەحمەد تاکە دەسەڵاتی حیزب بوو، بەڵام پێیشی خۆش بوو قسەکانی بارزانیمان بۆ هاوڕێیان وەگێڕایە. کاتێک کۆبوونەوەکە نەکرا زۆریشی حیساب بۆ نەکرد. ئیتر بەدوای قسەکانی مندا کاک سلێمان و کاک کەمالیش بۆچوونیان وا بوو کە لە نەبوونی دوو هاوڕێکەی دیکەماندا پێویست بەو کۆبوونەوە ناکات. بەو شێوەیە دانیشتنەکەمان تەواو بوو. دوایی برادەران هەر کەس لەلای خۆیەوە لێرە و لەوێ پرسیاریان لێ دەکردین. من خۆم وەڵامم ئەوە بوو، گوتم کاتێ ئێمە گەیشتینە بەغدا دوکتۆر قاسملوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مافی مانەوەی لە عێراقدا لێ سەندرایەوە و ڕۆیشت بۆ دەرەوەی وڵات. بەو هۆیەوە ئێمەش هەموو کارەکەمان لە نەبوونی دوکتۆر قاسملوودا ڕاوەستا و یەکلایەنەش هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکرا.
چەند ڕۆژ بەسەر ئەمەدا گوزەرا. ڕۆژێک کاک ئەحمەد بانگی کردم و گوتی بەیانی ئەچین بۆ پرسە و سەرەخۆشی لە ئەحمەدئاوای هەڵەبجە، ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هەمان کاتدا ئەندامی کۆمیتەی (نقابە) سەندیکای کرێکارانی دەربەندی خانە و بە شێوەیەکی گومانـاوی تیرۆر کراوە. کۆچکردوو خەڵکی ئەحمەدئاوایە و لەوێ تەرمەکەی بەخاکدەسپێرین. ئامادە بە بۆ ئەو سەفەرە. بۆ بەیانییەکەی کاک ئەحمەد تۆفیق، کاک کەمال ئەحمەد، کاک سلێمان موعێنی و ئەمن چووین بۆ سەرەخۆشی. کاتێ ئێمە گەیشتین، نزیک بە دووسەد کەسێکی لێبوو. نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان و سەندیکاکان بەشدار بوون. کاک ئەحمەد بانگی کردمە گۆشەیەک و گوتی پێم چاکە تۆ پەیامی حیزب پێشکەش بکەیت. گوتم کاک ئەحمەد، تا ئێستا من لە هیچ کوێیەک لە شوێنی گشتیدا قسەم نەکردووە و بۆم زەحمەتە. لەلایەکیش هاوڕێیان هەموویان لە من

بەتواناترن و باشتر وایە یەکێکی دیکە پێشکەشی بکات. لە وەڵامدا گوتی دەزانم، بەڵام تۆش پێویستە تەمرین بکەی، بەتایبەت مراسمی ئیمڕۆ خەڵکی کەم لێیە. لەوەبەدوا ئەم جۆرە کارانت پێ ئەسپێردرێت، خۆم پەیامەکەم لە چەند دێڕی کورتدا بۆ نووسیوی و ئەتوانی چەند جاری بخوێنیتەوە و خۆت ئامادە بکەی. کاتێ داوای نوێنەری ئێمەیان کرد هیچ مەترسە بڕۆ پێشکەشی بکە، دڵنیام باشی دەخوێنیەوە. یەکەم جارم بوو و زۆرم بۆ زەحمەت بوو، بەڵام لەسەر داوا و هاندانی کاک ئەحمەد خۆم ئامادە کرد و چەند جار بۆ خۆمم خوێندەوە. کاتێ داوای نوێنەری حیزبیان کرد بۆ پەیامەکە، چووم و پەیامەکەم پێشکەش کرد. شانس هێنای بێ گیروگرفت خوێندمەوە. دوایی ئەحمەد تۆفیق گوتی نەمگوت مەترسە زۆر باش دەبێ، ئێمە زۆر لە خوێندنەوەی وتارەکەت ڕازی بووین.
مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی، خەڵکی گوندی مەنیجەڵانی سەر بە شاری بانە و ئەندامی کۆمیتەی دێهاتی بانە، کە پێشتر ناوی هاتووە، دوای ماوەیەک خۆشاردنەوە و ژیانی نهێنی ناچار بە ژیانی ئاوارەیی دەبێت و دێت بۆلامان لە سلێمانی. دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە ڕۆژێک لەگەڵ مامۆستا دووبەدوو لە دەرەوە پیاسەمان دەکرد. وەزع و هەواڵی هاوڕێیانی پرسی. گوتی کاروبار چۆن دەبینی؟ پێش هەموو شتێک وەزعی قادر شەریف و هەڵپەساردنی ئەندامانی کۆمیتەم بۆ گێڕایەوە لەگەڵ قسەکانی تۆفیق مستەفا کە وەک بڕیاری قادر شەریف لە بارەگای پارتی بە منی ڕاگەیاند. هەروا دانیشتنی خۆم لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و نەتیجەی قسەکانی کاک ئەحمەد و ناڕەزایی ئەویش لە قادر شەریف.
مامۆستا گوتی کاک ڕەشید، من لەمێژ بوو قادر شەریفم دەناسی و هەر ئەو چاوەڕوانییەم لێدەکرد. ڕاستییەکەی من لەم چەند ڕۆژەی کە لێرەم وەزعێکی ناڕوون و ناخۆش بەدیدەکەم، من بەشبەحاڵی خۆم چاوەڕوانی دواڕۆژێکی باش ناکەم. مامۆستایش دوای مانگێک وەکو ئێمە بە پەنابەریی سیاسی وەرگیرا و تێکەڵ بە ژیانی کۆمۆن بوو. لێرەدا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر قادر شەریف پێویستە. بە دوای پەیامەکەی قادر شەریف بەهۆی تۆفیق مستەفا و دانیشتنی من لەو بارەیەوە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و داوای ڕوونکردنەوە و هۆکارەکانی، ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ قادر شەریفدا کۆبوونەوە دەکات لەسەر ئەو وەزعەی کۆمیتەی بانە و چەند شتێکی دیکە کە ئەحمەد تۆفیق لە دانیشتنە دووقۆڵییەکەماندا ئاماژەی پێدا کە من نەمزانی چی بوون. کێشەیان لێ پەیدا دەبێ و قادر شەریف ئەتۆرێ و لە سلێمانی دەڕوات و دەچێ بۆ گوندی تەگەران. تۆفیق مستەفا و هاوڕێیەکی دیکەی خەڵکی ئەنجێنە بە ناوی سەعیدی شەریفی، هاوکاری نزیکی، لەگەڵی دەڕۆن. ئەو سێ کەسە هەتا کۆمۆن ئاشبەتاڵی کرد هەر لە تەگەران مانەوە و نەهاتنەوە کۆمۆن و تێکەڵاوی جەماعەتیان نەکرد.

## باس لە هەواڵێکی گرنگ

ڕۆژێک کەمال ئەحمەد ڕایگەیاند کە لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکی گرنگ هەیە بۆتان باس دەکەین. چەند ڕۆژ ڕابورد، شەوێک کۆیانکردینەوە. کاک ئەحمەد تۆفیق و کاک کەمال هاتن و پیاوێکی دیکەیشیان لەگەڵدا بوو. سەرەتا کاک ئەحمەد لەسەر تاوانەکانی حکومەتی حەمەڕەزا شا و جەلادەکانی ساواک ڕیزە قسە و باسێکی بۆ کردین. دوایی درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی ئەم برادەرەی کە ئێستا لەگەڵ ئێمە هاتە ژوورەوە کەسێکە لەوانەی کە ساواک ئەشکەنجەی داوە و ئێوە بە چاوی خۆتان شوێنەواری ئەشکەنجەکە لەسەر لەشی دەبینن. با بۆخۆی قسەتان بۆ بکات. ئەو برادەرە بەم شێوە دەستی بە قسان کرد: "من ناوم هاشم جەلالی‌یە، کادرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم، لەلایەن ساواکەوە ماوەیەک لەمەوپێش لە ناوچەی بۆکان گیرام و بردیانم بۆ تاران. لە سەرەتاوە نەیاندەناسیم و بە گومانەوە گرتبوویانم. هەرچەند زۆر ئەشکەنجە درام بەڵام هیچ شتێکم نەدرکاند. ڕۆژێک سمایلی قاسملوویان هێنا و ڕووبەڕوویان کردین. ناوبراو هەموو ڕاستییەکی لەسەرم گوتبوو. لە وەڵامدا گوتم من ئەم کەسە ناناسم، بەڵام سمایل گوتی من تۆ باش دەناسم، تۆ کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی و ناوت هاشمی جەلالی‌یە. بەدوای ڕۆیشتنی سمایل‌دا چەند جەلادێکی ساواک هاتن و بە چەند کەرەسەی ئەشکەنجەوە کەوتنە گیانم. بەڕاستی ئیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا، ئەوەی دەمزانی و دەمناسی بۆم باسکردن. ماوەی دوو حەوتووی پێچوو هەندێ برینەکانم چاک بوونەوە و پێم ڕادەگەیشتن. پێشنیاری هاوکارییان پێکردم و گوتیان ئەگەر کارمان لەگەڵدا بکەیت چیت لێمان بوێ بۆت ئەکەین و ئازادت ئەکەین، دەنا لەژێر ئەشکەنجەدا ئەتکوژین. ڕاستییەکەی زۆر ترسابووم لە ئازار و ئەشکەنجە، بۆیە قەولم پێدان کە کاریان لەگەڵدا بکەم بەو شەرتەی ئازادم بکەن. ئەوانیش قەولی ئازادکردنی مینان دا بەو مەرجەی کە بێم بۆ ئێرە بۆنێو ئێوە و هەواڵی ڕووداوەکانی ئێرەیان بۆ بنێرمەوە و هاوکارییان بکەم. هەروەها گوتیان ئێمە دوای چەند مانگ بە شێوەیەک خۆمان پەیوەندیت لەگەڵ دەگرین، تۆ چاوەڕوان بە. بەو جۆرە من چەند حەوتوویەک لە زیندان مامەوە و پاشان ئازادیان کردم و گوتیان بڵێ هیچم نەگوتووە بە دەلیلی ئەوەی نەناسراوم و ئازادیان کردووم." ئیتر هەستا و لە پشتێنی هەوراز خۆی ڕووت کردەوە. شوێنەواری ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو. لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی "هەروەک بەڵێنم بە هاوڕێیان داوە، هەروەها بەڵێن بە ئێوەش ئەدەم کە حازر نیم بە هیچ جۆرێک هاوکاریی ڕێژیم و ساواک بکەم و ئەو بەڵێنەی کە بە ساواکم داوە لە ترسی گیانی خۆم بووە و ویستم بە هەر جۆرێک بێت خۆم ڕزگار بکەم لە دەستیان. ئێستا کە ڕزگار بووم حازری هیچ هاوکارییەکی ساواک نیم و حیزبیش هەر کار و ئەرکێکم بۆ دائەنێت حازرم ئەنجامی بدەم. هەر تاقیکارییەکەم لەسەر دەکەن مافی خۆتانە، منیش حازرم هەموو تاقیکارییەکانی حیزب جێبەجێ بکەم تا ئەو جێگایەی متمانە بەدەست دەهێنمەوە."

## گواستنەوەی کۆمۆن

دوای چەند مانگ مانەوە لە کۆمۆن، هاوین هات و گەرما دەستیپێکرد. هاوڕێیان کەوتنە بیری گواستنەوە بۆ جێگایەکی باشتر. چەند خانووی موهەندیس و کرێکارەکانی کۆمپانیای چیمەنتۆی سەرچنار کە چۆڵیان کردبوون، دران بە ئێمە. ئەو خانوانە زۆر خۆش بوون. شوێنەکە هەندێ لە شارەوە دوور بوو. ئەو کات گەڕەکی سەرچنار تەنیا چەند ماڵێک و ئەو کارخانەی لێبوو. ئەو شوێنە بۆ ئێمە زۆر گونجاو و باشتر لەوی پێشوو بوو. ئێمە بەگشتی بە سەڵت و خێزاندارەوە گواستمانەوە بۆ سەرچنار بۆنێو ئەو خانوانە. ژمارەی خێزاندارەکانیش لەو ماوەدا زیادی کردبوو لەو ژمارەی کە پێشتر باسم کردووە. بەڵام لەبیرم نەماوە تێکڕا چەند کەس خێزانیان پێبوو. لە مانگی جۆزردانی ١٩٦٠دا تاکو مانگی خەرمانان لەو خانوانەدا ماینەوە. ژیانمان لە سەرچنار و ئەو خانوانەدا کۆمەڵێک شتی خۆش و ناخۆشی تێدا بوو. سەرچنار جێگایەکی زۆر خۆش بوو. ئێستا کە زۆر خۆشترە، ئەو کاتیش لەچاو سەردەمی خۆی  زۆر خۆش بوو. ڕێستۆران و شوێنی خواردن و خواردنەوەی باشی لێبوو. جێگایەکی خۆش بۆ سەیران و پشوودان بوو. سەرچاوەیەکی گەورەی ئاو لەژێر کارخانەی چیمەنتۆکەوە دەهاتەدەرێ و لە بەهاراندا بەقەد چۆمێکی بچووکی لێدەهات. زۆر ساڵیش ڕێکەوتووە کە لە کۆتایی وەرزی پاییزدا وشک بووە. ڕۆژانی پشوو خەڵکی سلێمانی و دەوروبەر بۆ حەسانەوە و سەیران دەهاتن بۆ نێو دارستان و سەرچاوە ئاوەکەی سەرچنار. هەریەک بە کار و یارییەکەوە خەریک دەبوون. بە خواردن، خواردنەوە، موزیک، هەڵپەڕین و هتد ڕۆژەکەیان دەبردەسەر. ئەو ئاهەنگ و سەیران و خۆشییە بۆ ئەو خەڵکە و هەروەها بۆ ئێمەش زۆر خۆش بوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بۆ ئێمە کە دەمانبینی لەنێو ئەو هەموو زەرد و سوور و کوڕ و کچ و منداڵە چاوڕەش و قژکاڵە جوانانەدا هەر چاوڕەش و قژکاڵەکانی ئێمە دیار نەبوون، ئەوە بیری ئێمەی دەبردەوە وڵات و ڕۆژەکەمان لێ تێکدەچوو. بەو شێوەیە ڕۆژە پشووەکان تەواو دەبوون و باقی کاتەکانی دیکەمان بە بێکاری و مشتومڕی سیاسی و ژیانی پڕ گیروگرفتەوە دەبردەسەر. پرسیارمان هەمیشە ئەوە بوو ئاخۆ ئەم ژیانە بێ بەرنامە و ئاڵۆزە تا کەیَ دەبێت و چەندە دەوام دەکات. سەرەنجام ئاکامی ئەم ژیانە خراپی لێکەوتەوە. چەند مانگی پێچوو هاوڕێیانی ئارمردە بەگشتی گەڕانەوە بۆ ئێران و خۆیان تەحویل دایەوە. هەندێک لە هاوڕێیان لە حیزبی شیوعی عێراقی نزیک بوونەوە و هاتوچوویان دەکردن. هاتوچووی ئەو هاوڕێیانە لەو کاتەدا بۆ ئێمە بە گران تەواو دەبوو، لەبەرئەوە ئەو کاتە حیزبی شیوعی متمانە و باوەڕی حکومەتی عەبدوالکریم قاسمی وەکو ساڵەکانی پێشووتر لەسەر نەمابوو. پەیوەندیی پارتی و حیزبی شیوعی‌یش زۆر سارد بوو، بەڵام حیزبی شیوعی لە سەرتای شۆڕشی ١٤ی تەموز تا ماوەیەک دەسەڵات و ڕێز و گوێلێگرتنی لە حکومەتەکەی قاسمدا هەبوو. بەڵام وەک برادەرانی پارتی دەیانگوت، قەت لەو کاتانەدا قسەیەکی خێریان بۆ کوردان نەکرد و هەمیشەش دژایەتی پارتی و داوا ڕەواکانی گەلی کوردیان کردووە. بیری نەتەوایەتی لای

ئەوان وەکو بیر و باوەڕێکی کۆنەپرستانە و وابەستەیی بە ئەمپەریالیزم ناودێر دەکرد. بۆ نمونە نەورۆزی ۱۹٦۰ پارتی و حیزبی شیوعی بە پێچەوانەی ساڵەکانی پێشوو ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵەیان بە جیاواز ڕێکخست. حیزبی شیوعی بەرنامەی نەورۆزیان لە گردی سەیوان بەڕێوەبرد و پارتی ئاهەنگی نەرۆزی لە کارێزی وەستا شەریف ڕێکخستبوو. ئێمە وەک حیزبی دیموکرات لەگەڵ هاوڕێیانی پارتی بەشداری ئاهەنگی نەورۆزمان کرد. شایانی باسە لەو بەرنامەیەدا هاوڕێیانی پارتی بێجگە لە چەندین بەرنامەی جۆراجۆر دوازدە ئەسپی چالاک و جوانیان هێنابوون بۆ یادکردنەوەی دوازدە سوارەی مەریوان و داوایان لە ئێمەش کرد کە دوو کەسمان بەشداری بکەین لە ڕمبازیکردن بە سواری ئەسپەکان. ئێمەش ئامادە بووین. بۆ ئەو کارە من و سەعید مەحموود دوو ئەسپمان وەرگرت و چووینە مەیدانی ڕمبازی. سەعید مەحموود سوارچاکێکی باش و ناسراو بوو، من لە ئەوەوە فێری ئەسپسواری و ڕمبازێن بووبووم بەڵام منیش قوتابییەکی خراپ نەبووم. سەعید مەحموود پێشکەوت و منیش بەدوایدا و باقی سوارەکان بەدوامانـدا ڕیزیان بەست. دەهۆڵ و زورنا لێدرا. توانیمان سەرنجی بەشداران بۆلای خۆمان ڕاکێشین. نیو سەعات مەیدانمان گەرم کرد. بۆ بەیانییەکەی ڕۆژنامەی ژین کە لە سلێمانی دەرئەچوو لەگەڵ دەنگوباسی ئاهەنگی نەورۆز وێنەی ئاهنگەکە و سوارەکان، بەتایبەت وێنەی من و سەعید مەحموودیان بەجیا چاپ کردبوو و بە مانشێتی گەورە نووسیبوویان لە بانەی حەمە خان و ڕۆستەم خان، شاری ئازا و سوارچاکان، دوو شۆڕەسوار بە ناوی ڕەشید ئەحمەدی و سەعید مەحموود بەشداری جەژنی نەورۆز و یادی دوازدە سوارەی مەریوانیان کرد. هەروەک پێشتر ئاماژم پێداوە حیزبی شیوعی لە گردی سەیوان بەرنامەی نەورۆزیان پیکهێنا. من وەک شاهیدێک لە گەڕانەوەمان بۆنێو شار گوێم لێبوو شۆفیرێکی تاکسی بۆ هاوڕێیەکی خۆی دەگێڕایەوە و دەیگوت من بە عەرەبی لە جامی (شووشە) ئۆتۆمبیلەکەم نووسیبوو "بێ کرێ بۆ گردی سەیوان" بۆ ئەوەی کە خەڵک زیاتر بێن بۆ ئاهەنگی حیزبی شیوعی. دیارە ئەو هەڵسوکەوتە شێوەی ئامۆژگاری و باوەڕی حیزبی شیوعی عێراقی بوو کە تەنانەت بە کوردی نووسین و بە کوردی قسەکردنیشی بۆ کوردەکان بە کۆنەپەرسیتی لەقەڵەم دەدا، بۆیە برادەری شۆفیرتاکسیی حیزبی شیوعی کە لە جامەی ئۆتۆمبیلەکەی بە عەرەبی نووسیبوو ئەم کردەوەی بە خەبات و هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە و باش دەزانی. لە کاتێکدا ئەو شۆفیرە کورد و خەڵکی سلێمانی بوو. ئەو شێوە بارهێنانە دژایەتی حیزبی شیوعی بوو لە بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کورد، ساردبوونەوەی پەیوەندی پارتی و حیزبی شیوعی، نزیکی و هاوکاری چەند کادر و ئەندامێک لە هاوڕێیانی ئێمە لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقی، کەمبوونەوەی متمانەی حکومەتی عەبدالکریم قاسم لەسەر حیزب بەهۆی نزیکی و پەیوەندی چەند کەسێک لە هاوڕێیانمان لەگەڵ حیزبی شیوعی و بە تێکڕا پشتتێکردنی عەبدالکەریم قاسم لە بەرەی ئازادیخوازان و گەڕانەوە بەرەو شۆڤێنیزمی عەرەبی و بە قەولی خۆیان ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەو نمونانەی کە باسم کردن هەر یەکەو بە بەشی خۆی هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە سەرجەم کاروباری ئێمەی پێ لاواز بێت.

ئەو وەزعە نائومێدی دروست دەکرد و ڕێگای خۆش دەکرد بۆ خۆتەحویلدانەوەی هاوڕێیان کە بە شێوازی جۆراوجۆر لەسەر کاروباری ئێمە کاریگەرییان دانابوو. ئەم ڕەوشە بوو بە هۆی ئەوەی کە یەک لەدوای یەک لەلایەن حکومەتەوە مافی نیشتەجێبوون وەک پەنابەر لە سلێمانی لە هاوڕێیان وەرگیرێنەوە و هەر یەکەو بۆ شارێکی عەرەبنشین بڕیاری گواستنەوەی بۆ بێت. ئەوەی من لەبیرم بێت یەکەم کەس لە گوندی شوێ لە بانە کاک فقێ حەسەن کە ژن و منداڵییشی پێبوو بڕیاری دوورخستنەوەی لە سلێمانی بۆ هات کە بچێت بۆ یەکێک لە شارە عەرەبنشینەکان. بەڵام ئەو حازر نەبوو بچێت. کاک ئەحمەد تۆفیق لەلای هەباس ئاغای سەرکەبکان لە قەزای ڕانیە جێگای بۆ پەیدا کرد و بردی بۆ گوندی سەرکەپکان. هەباس ئاغا سەرۆک عەشیرەتێکی بەنفوز بوو. حکومەتی ئەو سەردەمەی قاسم بەو ڕادەیە کۆنترۆڵی نەبوو کە بتوانێ لە پەنای هەباس ئاغادا بیگرێت. ئەگەر پۆلیس بچوونایە هەر دەچوونە دیوەخانی هەباس ئاغا و ئەویش دەیگوت لێرە نییە و بەوەندە تەواو دەبوو. جێگای ئاماژەیە زۆربەی پۆلیسی ئەو سەردەمە کورد و خەڵکی ناوچە بوون و زۆر پرکێشییان نەدەکرد لەو کارانەدا. من و میرزا دوای ماوەیەک چووین سەردانمان کرد. باری ئابووریی فەقێ حەسەن زۆر خراپ بوو. ئێمە لە ژیانی خۆمان مایەمان دانا و ئەوەندەی دەستمان ڕۆیشت یارمەتیمان دا. چەند ڕۆژێکی پێچوو دەنگۆی گواستنەوەی هاوڕێیان بۆ شارەکانی خوارووی عێراق زیادی کرد. ئەحمەد تۆفیق جەماعەتی کۆکردەوە و قسەی بۆ کردین. ڕەخنەی هەبوو لەو هاوڕێیانەی کە تێکەڵاوی حیزبی شیوعیان دەکرد. زۆر بە ئاشکرا گوتی من ناچارم ئەوانەی کە ئێستا هاوکاری حیزبی شیوعی دەکەن و کاتی وەرگرتنیان ئەمن وەکو نوێنەری حیزبی دێموکرات شاهیدی ئەندامبوونیانم لە لیژنەی پەنابەران بۆ داون و بەرپرسیاری ئەوانم وەک ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لەئەستۆگرتووە، ئیتر لەوەدوا بەرپرسیارەتی ئەو هاوڕێیانە وەک ئەندامی حیزب لەئەستۆ ناگرم. بۆیە تکاتان لێ دەکەم لەوە زیاتر کەسایەتیی و ئیعتباری حیزب مەهێنە خوارێ و واز لە تێکەڵاوی حیزبی شیوعی بهێنن. ئەوان بەکەڵکی ئێمە نایەن، ئەوی کە دۆستی ئێمەیە برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەوانیش لێمان بەگلەیین و ئەگەر بەو شێوەیە هاوڕێیان درێژە بدەن و بە خۆیاندا نەچنەوە برادەرانی پارتیش چی دیکە پشتیوانی و هاوکاریمان ناکەن و حکومەتی عێراقیش دەکەوێتە گومان و مافی نیشتەجێبوونمان لە کوردستان لە هەموومان دەستێنێتەوە و ڕەوانەی شارە عەربنشینەکانمان دەکەن تاکو باشتر بتوانن کۆنترۆڵمان بکەن. ئەوەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونمان. چەند هاوڕێیەک کە پەیوەندییان بە حیزبی شیوعی عێراقەوە هەبوو لەوێ دانیشتبوون، بەڵام هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، هیچ قسەیەکیان نەکرد و بێدەنگ بوون. لە بەرانبەردا مەلا ڕەحیمی وردی نە پەیوەندی بە حیزبی شیوعیەوە هەبوو تەنانەت شیوعییەکانی نەک قبوڵ نەبوو بەڵکو زۆریش دژیان بوو، هەروەها هاوکاریی و دۆستایەتیی برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرژەوەندیی حیزب ئەزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستایە سەر پێ و زۆر بەتوندی هەڵوێستی گرت بەرامبەر ئەحمەد

تۆفیق و تاوانی هەموو ئەو ناڕێکوپێکی و دوورخستنەوانەی برادەرانی بۆ شارە عەرەبنشینەکان لەئەستۆی ئەحمەد تۆفیق دانا و ناوبراوی تاوانبار کرد. ئەم هەڵوێستەی مەلا ڕەحیم ئەحمەد تۆفیقی نارەحەت کرد و لە بەرامبەردا ئەحمەدیش بەتوندی وەڵامی مەلا ڕەحیمی دایەوە و کۆبوونەوەکە لە جەوێکی ناخۆشدا بێ ئاکام تەواو بوو. لەبەرئەوە من ئەو هەڵوێستەی مەلا ڕەحیمم پێ دروست نەبوو لەدوای کۆبوونەوەکە پێمگوت ئەوە چ هەڵوێستێک بوو بەرامبەر کاک ئەحمەد گرتت؟ بە باوەڕی من هەرچەند بێ بەرنامەیی لە کاروباری هاوڕێیانی بەڕێوەبەریدا هەیە، ئەحمەد تۆفیق‌یش لەسەرووی هەموویانەوە بە بەشی خۆی تاوانبارە، بەڵام با ئەوەش بزانی کە هاوڕێیان هاوکاریی ڕێبەری ناکەن، تەنانەت بەشێک لە هاوڕێیانیش بوونەتە گیروگرفت بۆ ڕێبەری. بەڵام بۆ بیر لەو هەلومەرجە نالەبارە نەکەینەوە کە بەسەر حیزبدا هاتووە و ئێستا گەورەترین قورسایی لەسەر شانی ئەحمەد تۆفیق‌ـە. دەبینی کادرە بەوەج و بەتواناکانمان بەشی زۆریان لە بەندیخانەدان. ئەو بەشەیش کە لێرەن چەند کەسێکیان لە بەغدان و حازر نین بێنەوە ئێرە و بەشێک لەو قورساییە هەڵگرن. قادر شەریف‌یش خۆی تۆراندووە و پشتی لە کار کردووە و چۆتە تەگەران و دوو هاوڕێشی لەگەڵ خۆی بردووە. ئێمەش ئەگەر بڕیار بێت ئاوا هاوکاری بکەین کە هاوڕێیان هەریەک بە لایەکدا دایئەشکێنێ وەزعەکەمان خراپتر دەبێت. بە باوەڕی من بەتایبەت قسەی ئەمڕۆی ئەحمەد تۆفیق زۆر دروست و لە جێی خۆیدا بوو، شتێکی ناڕەوای نەگوت. ئەگەر سەرنج بدەیت برادەرانی پارتی ئەو هەموو ڕێز و حورمەتەیان بۆ داناوین، هاوڕێیانمان لە هەر کوێیەکی سنوورەکانەوە هاتوونە عێراقەوە دەسبەجێ برادەرانی پارتی پێشوازیان لێکردوون و یارمەتییان داون و بوونە زامنمان. جێگا و ڕێگای ژیانیان بۆ تەرتیب کردووین. تاکو دەستمان بە شوێنێک گەیوە لە هەموو بوارێکدا یارمەتییان داوین. لە باری بیروباوەڕیش لێک نزیکین و هەردوو لا داوایەکی وەک یەکمان هەیە. هەروەک خۆیشت ئاگات لێیە سەرەتا لەسەر متمانەی ئەوان بوو کە هەروا بە ئاسانی توانیمان مافی پەنابەری وەرگرین. بۆ یەک شەویش بەند نەکراین. برادەرانی پارتی بە هاتنمان وەکو برا و پشتیوان دڵخۆش بوون و هیوایان بە ئێمە زۆر بوو. بە وتەی خۆیان برا و پشتیوانێکیان بۆ زیاد بووە. ئێستا بە ئاشکرا هەندێک لە هاوڕێیان هاوکاری حیزبی شیوعی دەکەن. شیوعییەکانیش بێجگە لەوەی کە دژی پارتی و ئامانجەکانیانن دۆستی ئێمەش نین و حیزبی دێموکراتیان قبوڵ نییە و هیچ هاوکارییەکی ئێمەیان نەکردووە. ئەوەش کە نزیکی هەندێ لە هاوڕێیانی ئێمە دەکەن بە هاوکاری حیزب ناژمێردرێت بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی خۆیانە کە ئەیانەوێ بێنە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە و بە قازانجی خۆیان کەڵک لە هاوڕێیان وەرگرن. ئەم کارەی هاوڕێیان دژایەتی لەگەڵ پارتیدایە. لە لایەکی دیکەشەوە حیزبی شیوعی خەریکی لاوازکردنی ڕیزەکانی ئێمەیە و هاوڕێیانمان بەرەو خۆیان ڕائەکێشن و بە کردەوە دەیانەوێ گیروگرفتمان بۆ دروست بکەن. حیزبیش دەبێ لە بەرامبەر پارتییەکاندا وەڵامدەر بێت. هەروەها نوێنەری حیزب، ئەحمەد تۆفیق، لەسەر هەریەک لە ئێمە شاهیدی داوە کە ئەو هاوڕێیە ئەندامی حیزبی

دێموکراتە. ئێستا هاوڕێیان بە ئاشکرا لایانداوە و هاوکاری حیزبی شیوعی دەکەن. دەزگا موخابەراتییەکانی عێراقیش بەوە دەزانن. من جەنابت دەناسم لەگەڵ ئەم قسانەی مندای، بەڵام بۆم پرسیارە کە بۆ ئەو هەڵوێستە توندەت گرت؟ چونکە بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی تۆ پشتیوانی بوو لە کاری ئەو هاوڕێیانەی کە ئەحمەد تۆفیق لە کردەوەکانیان نارازییە کە بۆخۆیشیان جورئەتیان نەبوو هیچ بڵێن. مەلا ڕەحیم لە وەڵامدا گوتی بەڕاستی من لە هەندێ شێوەی ئێدارەکردنی نێو خۆمان و بێ موبالاتی بە هەندێ کەس لە ئەحمەد تۆفێق نارەحەت بووم و بەو جۆرە تووڕەیی خۆم دەربڕێ. دەنا پەشیمانم. دەبوو لە شوێنێکی تایبەت دووبەدوو لەسەر شتە تایبەتەکانی خۆم قسەم لە گەڵ ئەحمەد بکردایە. خۆ من ئەوەش باش ئەزانم کە ئەحمەد تۆفیق لە باری فکری و هەڵسووڕانەوە لە هەموان چالاکتر و باشترە.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە بەداخەوە زۆری پێنەچوو ئەو گیروگرفتانە و دڵنارەحەتی و پەلەکردن لە بڕیاردان، مەلا ڕحیمی وا لێکرد کە خۆی تەسلیمی ئێران بکاتەوە. جێگای ئاماژەیە مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی دوای چوونەوە بۆ ئێران جارێکی دیکە هاتەوە نێو کۆڕی خەبات و تێکۆشان. ئەم جارە لەو مەیدانەدا نەبەردانە و دڵسۆزانە مایەوە و لەپێناو ئامانجیدا کە خزمەت بە گەل و نیشتمان بوو گیانی فیدا کرد. لە جێی خۆیدا باسی شەهیدبوونی مامۆستا مەلا ڕەحیم وردی دەکەم. ئەو کاتەش ئەوانەی کە خۆیان تەحویل ئەدایەوە خەڵکی هەر شارێک بوونایە دەیانبردنە شاری مەهاباد بۆ بەشی (رکنی ٢ی ستادی ارتش)ی سەر بە سوپای مەهاباد کە سەرتیپ ورهرام فەرماندەی سوپا بوو. دوای هەندێ پرسیار و لێکۆڵینەوە ئازادیان دەکردن.

زۆری پێنەچوو کۆمۆن ئاشبەتاڵی کرد. چەند هۆکار بوونە هۆی ئەو ئاشبەتاڵە. یەکەم هۆی بنەڕەتی سەرەتای تێکچوون و پاشگەزبوونەوەی حکومەتی قاسم لە بەندی ٢ی دەستوری عێراق بوو کە بریتی بوو لەوەی کە کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا. ئەوەندەی پێنەچوو کە عەبدالکریم قاسم لە بڕیارەکانی پاشگەز بۆوە. ئەوە بوو بە هۆی بەهێندنەگرتن و ساردبوونەوە بەرامبەر بە مەسەلەی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق. هەر ئەوەش کاریگەری لە هەموو لایەنەکەوە لەسەر ئێمە دانا، وەک گواستنەوە بۆ شارە عەرەبنشینەکان، ڕاوەستانی مانگانە دوای شەش مانگ لە هاتنمان و پێنەدانی کار. ئەمانە هەموو هۆکار بوون بۆ هەڵوەشانی کۆمۆن. هۆکاری دیکە، بێ ئەزمونی ڕێبەرایەتی لە شێوەی ئیدارەکردنی کۆمۆن، نەبوونی بەرنامەیەکی دروست بۆ پەروەردەکردنی هاوڕێیان، نەدۆزینەوەی کار و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە. ئەو گرفتانە بوونە هۆی ئاشبەتاڵ. لە هەلومەرجێکی ئاوایشدا زەحمەت بوو کە هاوڕێیان بتوانن بۆخۆیان لە تارۆگە و لە شوێنێکی ئاوادا کار و بژیوی خۆیان پەیدا بکەن، مەگەر جەماعەتێکی زۆر کەم. ئەمە دەریخست کە هەر کەسێک توانی بژیوی خۆی بە هەر شێوەیەک دابین بکات و تا ئەو جێگایەی بژیوی خۆی پەیدا کرد لە گۆڕەپانەکەدا بمێننەوە. هەر کەسێکیش گەیشتە کۆتایی خەت، بە ناچاری خۆی تەسلیم بکاتەوە یان

ڕێگەی هەندەران بگرێتەبەر. یەکێک لە هەڵەکان و بێتوانایی ڕێبەرایەتی ئەوە بوو کە کاتێ هاوڕێیان مانگانەیان بۆ دەهات لەلایەن حکومەتەوە پارەکەیان لێ وەردەگیرا و بە پارەی خۆمان بەخێو دەکراین. ئیتر کاتێ پارە تەواو بوو نەیانتوانی لانیکەم ماوەیەکی کورت بە حیسابی حیزب یان پاشەکەوتی ئەو ماوە جەماعەت ئیدارە بکەن کە دەبوو لانیکەم چەند مانگ دوای مانگانەی حکومەت کۆمۆنیان بە هەر شێوەی گونجاو بەڕێوە ببردایە. بۆ نمونە ڕۆژێک کەمال ئەحمەد کە ئەودەم بەرپرسیماڵی بوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە کۆیکردینەوە و پێی ڕاگەیاندین کە هەتا مانگی داهاتوو حیزب ئەتوانێ ئەم شێوە ژیانە بەکۆمەڵییە ئیدارە بکات و دەبێ هاوڕێیان هەوڵ بدەن تا کۆتایی ئەم مانگە کارێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن و ئێمەش بە گوێرەی توانا هاوکاریتان دەکەین و هەر کەسێک ئەتوانێ لە شارەکانی دیکە غەیری سلێمانی یاخود گوندەکان بەهۆی خزم و ناسیاویانەوە ڕێگایەک بۆ ژیان بدۆزنەوە. هەروەها ئێمەش پێمان چاکە لە هەر کوێیەک بن پەیوەندیتان بە حیزبەوە هەبێت و حیزبیش هەوڵدەدات کە چەند هاوڕێیەک مەسئولیەتی ئەو پەیوەندییانەیان پێ بسپێردرێ تاکو کاروباری سیاسی و پەیوەندیی نێوان ئێوە و حیزب بەردەوام بێت. لەڕاستیدا ئەم پەیامە لەلایەن بەڕێوەبەرییەوە پەیامی ئاشبەتاڵ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێیان خۆڕاگرییان پیشاندا و هەر کەس بە شێوەیەک کەوتە ڕێکخستنی ژیانی خۆی تا ئەو جێگایەی ئیمکان بوو لە مەیدانی خەباتدا بمێنێتەوە. ئەوە بوو بەشێکمان لە شار و گوندەکانماینەوە. من خۆم یەکێک بووم لەوانە کە دوای ئاشبەتاڵی کۆمۆن ماوەی ساڵونیوێک لە سلێمانی و لە گوندی مەروێ لە ناوچەی ئالان مامەوە. لەو ساڵونیوەدا هیچ کەس پەیوەندی لەگەڵ نەگرتم تا شۆڕشی ئەیلول دەستیپێکرد. منیش وەک کوردێک بەشداریم لەو شۆڕشەدا کرد، کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەم. پێم خۆشە ئەو ڕاستییەش ڕوون بکەمەوە کە ئەحمەد تۆفیق کەوتبووە هەلومەرجێکی زۆر سەختەوە. بەشێکی زۆری هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی کەوتبوونە بەندیخانەی حەمەڕەزا شاوە. بەشێکی دیکە لە ئەندامان بەدوای ئەو هێرش و پەلامارەی ساواک بۆسەر حیزب کە ئاشکرا نەبوون و نەگیران بەرەو پاشەکشە بوون لە کاروباری حیزبیدا و خۆیان بێدەنگ و مات کردبوو. بەشێک ئەوانە بوون کە پێش ئێمە هاتبوونە کوردستانی عێراق. ئەوانیش بەهۆی ئاڵۆزی بیروڕای چەپڕەوانە لەگەڵ یەکتر نەیانەدەتوانی کار بکەن. لەو کاتەدا ئێمەش وەک قورساییەك کەوتبووینە سەر شانی ئەحمەد تۆفیق و گیروگرفتمان زۆر بوو. ئەو جەماعەتەش، واتە ئێمە، هەموو بێ ئەزمون بووین و نەماندەتوانی بەشێک لەو قورساییە هەڵگرین و یارمەتی بدەین. بەڕاستی ئەحمەد تۆفیق تەنیا بوو، دەنا پیاوێکی ئازا، خاوەن بیرێکی نەتەوەیی، دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان و ماندوویی نەناس بوو. ئەم بێکەسی و هەلومەرجە نالەبارە کە بۆی پێشهاتبوو تووشی هەڵچوون و بڕیاری نادروست و هەڵەی دەکرد. هەر ئەوەش بوو کە لەو بەشە زەمانییەدا سەرکەوتوو نەبوو. دوای ئاگادارییەکەی کەمال ئەحمەد سرتە و پرتە، نارەزایی و ڕۆیشتنەوەی بەکۆمەڵ بە تەسلیمبوونەوە دەستیپێکرد. دەتوانم بڵێم لە

سەرەتای زستانی هەمان ساڵ، واتە ١٩٦٠، ئەوەی من ئاگام لێی بێت و لەبیرم مابێ جەماعەتێکی زۆر کەم لەو قۆناخەدا ماینەوە کە بریتی بوو لەم کەسانە: هاوڕێیانی کیوەرۆ، ماڵتە، زەڵێ و چۆمان بەکۆمەڵ ڕۆیشتن بۆ گوندی دێرێی خواروو، سەر بە ناحیەی باسنێ لە قەزای شاربازێر. لەوێ خانوو و هەندێ زەویوزاریان لە ئاغاکانی ئەو گوندە وەرگرت بەڵام ساڵ درنگ بوو و نەیانتوانی کشتوکاڵ بکەن. ساڵی دواتر توانیان هەندێ تووتن و ماش و نۆک بەرهەم بێنین. دیارە ئەوانەی کە مانەوە هیوایەکیان مابوو بە دوارۆژێکی باشتر و ڕێگەچارەیەک بۆ خۆڕێکخستنەوەی حیزب، بەڵام ئەوانی تر کە هیوایان نەمابوو حیزبیش پەیوەندی لەگەڵ نەگرتنەوە. ئەوە بوو لە سەرەتای زستانی هەمان ساڵدا خۆیان تەسلیم بە دەوڵەت کردەوە. لەنێو ئەو هاوڕێیانەدا سەعید مەحموود، خەڵکی ماڵتەی سەر بە کیوەرۆ، خۆی لەو هاوڕێیانە جیاکردەوە و چووە لای شاناز خانم، خەسووی شێخ لەتیف حەفید، و ماوەی چەند ساڵ لەوێ مایەوە و هاوکاری حیزبی دەکرد. سەرئەنجام تووشی ناهومێدی بوو و خۆی تەسلیم کردەوە. لە هاوڕێیانی ئەنجێنە سەعید شەریفی، تۆفیق مستەفا، حەمەی مینەمەولوود کە بە حەمە فەرەج ئەناسرا، لەگەڵ هاوڕێیانی بڵەسەن کوێخا کەریمی شەریفی، کەریم ڕەسوڵی و ساڵح شەمامی تا دەسپێکردنی شۆڕشی ئەیلول خۆیان ئیدارە کرد و بژیوی خۆیان تەرتیب کرد. کاتێ شۆڕش دەستیپێکرد و ئەحمەد تۆفیقیش هاوکاری بارزانی و شۆڕشی کرد ناوبراوان گەڕانەوە لای ئەحمەد تۆفیق و وەک پێشمەرگە بۆ ماوەیەک بەشداری شۆڕشی ئەیلولیان کرد. بەڵام هاوڕێیان پێش ئەوەی ئەحمەد تۆفیق لە شۆڕشی ئەیلول بەتەواوی بکەوێتە پەراوێزەوە، جیابوونەوە و لە گوندی گرگاشێ دانیشتن. پەراوێزبوونی ئەحمەد تۆفیق لە جێ خۆیدا باس دەکەم. ئەو هاوڕێیانەش دوای ئەوە ناهومێد بوون لە شۆڕش و حیزب خۆیان تەسلیمی ئێران کردەوە. جێگای ئاماژەیە کە ساڵح شەمامی بەتەنیا مایەوە و کەوتە داوی قادر تەگەرانییەوە. ناوبراو لەگەڵ قادر تەگرانی و چەند کوردی کوردستانی عێراق لە جووڵانەوەیەکی گومانلێکراودا بەدەست حکومەتی عێراق تێداچوون. عەبدولخالق شافعی و سەعدون زەکی، هەردوو خەڵکی سەردەشت، لە سلێمانی لە گەڕەکی جوولەکەکان خانوویان بەکرێ گرت و ماوەیەک لە سلێمانی بە چاوەڕوانی مانەوە، دواتر ڕۆیشتن بۆ قەڵادزێ و ماوەیەکیش لەوی بوون. سەرئەنجام ئەوانیش خۆیان تەسلیمی ئێران کردەوە. میرزا و ئەمن، خەڵکی بانە، لە گەڕەکی سابوونکەران خانوویەکمان مانگی بە پێنج دینار بە کرێ گرت. خەلیل سدیقی لە سەرەتاوە هاتە لای من و میرزا و میوانمان بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو لەگەڵ ڕەحمانی جەلیل کەڵەباب کە هەردووکیان خەڵکی شاری مەهاباد بوون، ئەوانیش خانوویان بە کرێ گرت. کاک ڕەحمان لە بازاڕ کاری دەستفرۆشی دەکرد. پیاوێکی زەحمەتکێش بوو. بەشی بژیوی خۆی و کاک خەلیلی پەیدا دەکرد. ئەوانیش دوای ماوەیەک مانەوە لە سلێمانی سەرئەنجام خۆیان تەسلیم کردەوە. قادر حەسەن (هاشم حوسێنزادە) باری ئابووری زۆر خراپ بوو. مەجبور بوو هەر ماوە میوانی یەکێك لە هاوڕییان بێت و نەیدەتوانی هیچ کارێکیش بکات. بەهۆی تودەیی بوونیشیەوە ئەحمەد

تۆفیق لێی ڕازی نەبوو و یارمەتی نەدەدا و لە ئەنجامدا توانای ئەو ژیانەی نەما و خۆی تەسلیم کردەوە. کاک ڕەشید قاچاخچی وەزعی ئابووری باش بوو. کاسپی دەکرد لە سنوورەکانی قەڵادزێ و سەردەشت و کەلوپەلی لە ئێرانەوە بۆ دەهات و دەیفرۆشت و لە بەرامبەردا لە عێراقیشەوە کەلوپەلی بۆ ئێران دەناردەوە. ئەوە بوو ناوبراو بێجگە لە ژیانی خۆی یارمەتی بەشێک لە هاوڕێیانیشی دەدا. وەک بزانم یارمەتی ئەحمەد تۆفیق و جەماعەتی سەرەوەشی ئەدا و مروڤێکی دڵسۆز و باش بوو. هاوڕێیان هەموو لێی ڕازی بوون. سەرەتا سلێمان موعێنی ماوەیەک ڕۆیشت بۆ قەڵادزێ، کاتێ هاتەوە ماوەی مانگێک لای من و میرزا میوان بوو. دوایی چووە لای کاک خەلیل و کاک ڕەحمان بەڵام لای ئەوان ئەوەندە نەمایەوە. ئەوەندەی من بزانم زۆر نزیک بوو لە ئەحمەد تۆفیق و تێکەڵ بە بەرنامە و ژیانی ئەوان بوو، کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوان بێ خەبەر بووین. دوای خەباتێکی سەخت و بێوچان لە بەرنامەی سەفەرێکی سیاسیی نهێنیدا بۆ کوردستانی ئێران لەگەڵ خەلیل شەوباش، خەڵکی بانە، بەهۆی کەسێکی گومانلێکراو بە ناوی قادر تەگەرانی کە جێگای باوەڕی کاک سلێمان بووە لە نێوان سلێمانی چوارتادا سدیقە ئەفەندی ناوێک کە فەرماندەیەکی شۆڕشی ئەیلول بوو لەو سەفەرە ئاگادار دەکاتەوە و دەیانگرن و تەسلیمی سەرکردایەتی پارتییان ئەکەن و بە شێوەیەکی نهێنی شەهید کران و تەنیا جەنازەکەی سلێمان موعێنی درایەوە بە ڕێژیمی شای ئێران. لە جێگایەکی دیکەدا بەڵگەی باشتر و ڕوونتر هەیە بۆ ئەوەی کە قادر تەگرانی ساواکیشی لەو سەفەرە ئاگادار کردۆتەوە. ئەگەر بەر دەستی سدیقە ئەفەندیش نەکەوتنایە ڕۆژی دوایی بە زیندوویی دەکەوتنەبەر دەستی ساواک. سەعید کوێستانی وەک لەبیرم مابێ تەنیا وەکو سەردان هاتە کۆمۆون و لە شوێنێکی دیکە دەژیا. ناوبراو زۆرتر بیروباوەڕی تودەیی بەلاوە پەسند بوو. کاک ئەحمەد تۆفیقیش زۆر دژی ئەو بیرە بوو. بە پێچەوانە ئەحمەد تۆفیق زۆرتر بەلای بیری نەتەوایەتیدا دایئەشکاند. ئەم جیاوازیی بیروڕایە هۆکارێک بوو کە ئەم دوو هاوڕێیە خۆشییان لەیەک نەدەهات و قسەی باشیان بۆ یەکتر نەدەگوت. هەرچەند من ئاگام لە کاک سەعید نەما بۆ کوێ چوو و چی کرد، بەڵام وەکو لە هاوڕێیانم بیستووە تا ساڵانێک لە مەیدانی خەباتدا مایەوە، سەرئەنجام ئەویش بە ئاخری خەت گەیشت و گەڕایەوە بۆ ئێران بەڵام ناوبراویش لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٥٧دا جارێکی دیکە تێکەڵ بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆوە و تا پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە ڕۆیشت. میرزا لە بازاڕ لەلای کابرایەکی جوملەفرۆش (کۆفرۆش) کاری دەکرد و مانگی دوازدە دیناری وەردەگرت. منیش هەواڵم بۆ دایکم نارد کە دوو پارچە فەرش و دەستێک نوێن و هەندێ زەخیرەی خواردن بەتایبەت برنج و ڕۆنی حەیوانی و چەند شتێک کە لە عێراق گران بوون لەگەڵ هەندێ پارەدا بۆم بنێرێ. زۆری پێنەچوو ئەو شتانەی داوام کردبوون بە کەسێکدا بە ناوی ڕەشیدی سۆفی مینە، خەڵکی کیوەرۆ، بۆم هات بۆ سلێمانی. دوای ئەوەش بە چەند مانگ جارێک دایکم زەخیرە و پارەی بۆ ئەناردم. ڕەشیدی سۆفی مینە عادەتی بوو ساڵانە چەند جار بە مەبەستی کاسپیکردن و

کڕینی کەلوپەل هاتوچووی سلێمانی دەکرد و شارەزای ڕێگاوبان و هاتنە ژوورەوەی نێو شاری سلێمانی بوو.
دوای ئاوارەبوونی من کەریمی برام دەگرن و دەیبەن بۆ سەربازی. هەرچەند لە یاسای سەربازیی ئەودەمی ئێراندا تاقەکوڕ بە دایک و باوک دەبەخشرا و نەدەبرا بۆ سەربازی بەو مەرجەی دایک و باوک تەمنیان لە سەرەوە بوویایە، بەڵام لە کردەوەدا گوێیان بەو یاسایە نەدەدا و ٢٤ مانگ سەربازییان بە کەریم کرد. من هەر ئەو برایەم هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا بۆی باس کردم کە بە چەند مانگ جارێك ئەگوێزرایەوە سەربازخانەیەک و لە ماوەی خزمەتی سەربازیدا چەند شار و پادگانیان پێکردووە هەتا دەورەی سەربازیەکەی تەواو دەبێ. ئەم ئەملاولا پێکردنە تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە برای منە و گومانیان لەسەری هەبووە. دایکم لە نەبوونی ئێمەدا سەروەختی کاروبارەکانی دەکرد. زۆر سوپاسی ئەو دایکە بەتوانایە دەکەم کە تەواوی ژیانی پڕ بوو لە ڕەنج و کوێرەوەری لەپێناو ئێمەدا. ئەو زۆر ئازایانە بەگژ ڕۆژگارە سەختەکاندا دەچۆوە و هەمیشە بەورە و بەتوانا بوو. ئەو کاتە نوسرەت و سێ منداڵم لە کیوەرۆ بەسەر دایکمدا بەجێهێشتبوون. لەگەڵ ئەوەدا منیشی لە سلێمانی بەخێو دەکرد. من هەر لە تەمەنی منداڵیدا باوکم کۆچی دوایی کرد و دایکم بوو بە سەرپەرست و جێگای باوکیشی بۆ گرتینەوە. بەڵام تووشی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری بووین بەهۆی ئاوارەبوون لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و هەروەها گرتنەوەی شاری بانە و سەندنەوەی دەسەڵاتەکەی حەمەڕەشید خان و سەلیم خان لەلایەن سوپای حەمەڕزا شاوە و هێرش بۆسەر ناوچەی بانە. ئێمەش وەک هەموو خەڵکی بانە تووشی ئاوارەیی بووین بۆ کوردستانی عێراق و بەتەواوی ژیانمان گۆڕانی بەسەردا هات. حکومەتی ئێران لێبوردنێکی گشتی دەرکرد. ئێمە دوای ساڵێك ئاوارەیی هاتینەوە بۆ کیوەرۆ و لەوپەڕی هەژاریدا بووین بەڵام بە هیمەتی دایکم ژیانمان بۆ دروست بۆوە. دایکم توانی بەسەر ملک و دێکەمان، کیوەرۆ، ڕابگات و باری ئابووری بە شێوەیەکی شیاو و باش ڕێکبخاتەوە. بەم جۆرە و لە ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەریدا گەورەی کردین، بەڵام کاتێ تەمەن چووەسەر و هاتمە ئەوەی کە بیحەسێنمەوە، دوبارە بەهۆی حیزبایەتی و کوردایەتییەوە تووشی ئاوارەیی بووم و ساڵانێك بەجێمهێشت و ئەرک و قورسایی ژیان و بەڕێوەبەردنی ماڵی لەسەر مایەوە.
لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی هاوڕێیەکی خەڵکی شاری سنەم کردووە کە لە بنەماڵەی نیعمەتی‌یەکانی سنەیە بەڵام ناوەکەیەم لەبیر نەماوە. ئەو هاوڕێیە لە دەرمانخانەی نووری عەلی لە سلێمانی کاری دەکرد و بەو شێوەیە بژیوی خۆی دابین دەکرد. هەتا سەرەتای پاییزی ١٩٦١ ئاگام لیێ هەبوو ئیتر نازانم چیێ لێهات. هاشم جەلالی لە دەربەندی خان کاری دەسکەوت و لە ئێمە دابڕا و نەمانزانی چی لێ بەسەرهات. ئەوەی من بزانم ئەویش خۆی تەسلیم کردەوە. لەوە زیاتر هیچی لێ نازانم. کاک محەممەدی حاجی سەعید، خەڵکی سەردەشت و کاک عبدوڵڵا عێزەتپوور بەدوای ڕۆیشتنی دوکتۆر قاسملوودا بۆ دەرەوەی وڵات ئەوانیش ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات. کاک یوسف ڕێزوانی

تـوانـی تـەسـکـەرە (ناسـنـامـەی عێراقــی) دەربهێنــی و مـاوەیــەک لــە بـەغـدا و مـاویــەک لــە سلێمانـی کـاری کـرد و هـەتا شۆڕشـی گـەلانـی ئێـران لـەوێ مایـەوە، ئـەو کاتـە هاتـەوە بـۆ کوردستانـی ئێـران و هاوبـەشـیی شۆڕشـی کـرد لـە حیزبـی دێمـوکراتـی کوردسـتانـی ئێـراندا. سەرئەنجام ئەویش لەم دوایانەدا هاتـە وڵاتـی نـۆروێژ و هـەر لـەوێش کـۆچی دوایـی کـرد. قاسم سوڵتانـی ماویـەک چووە لای حیزبـی شیوعی عێراقـی، لـەوێش دەوامـی نـەکرد و دواتـر خۆی تـەسلیمی ئێران کردەوە. لەگەڵ ئیسمایل عارف، یەکێک لە ئەندامی لقی بەڕێوەبەری پـارتـی دیمکراتــی کوردسـتان، لقــی سـلێمانـی و سـەرۆکـی نـەقابـەی کرێکـارانـی سـلێمانـی، یەکترمان دەناسی. لە هـاوینـی ١٩٦١دا ڕۆژێـک لـە بـازاڕ بینـیم، دیـار بـوو ئاگـای لـە بـاری گوزەران و نـەداری ژیانمان هەبوو. پێی گوتم هـەر چـەنـد لـە برادەرانتـان پێیـان خـۆش بـێ ئـەتوانم بۆ ماوەی مانگونیوێک تا دوو مانگ کارتان لە ئیدارەی مالاریا بـۆ تـەرتیب بکـەم و لە دێهاتـەکانی ناوچەی شارەزور کار بکەن. ئەتوانی برادەرانت ئاگادار بکەی کە سبـەینێ بێن بۆ ئیدارەی مالاریا. ئەو کاتە هاوڕێیـەکی ئـەوتۆ لـە سلێمانـی نـەمابوو جگـە لـەوانـەی پێشتر ناوم هێنان. ئەوەی کە ئەو ڕۆژە بینیمن کـاک عـەبـدوالخالق و کـاک سـەعدون بـوون. قسـەکانی ئیسـماعیل عـارفـم پێڕاگـەیانـدن و پێمگـوتن ئـەگـەر ئێـوەش کـەسـانێکتان لــە هاوڕێیان دی پێیان بڵێن کـە ئـەگـەر پێیانخۆشـە بـا بـێن بـەیەکـەوە بچین کـار بکـەین. من بڕیارم دا ئـەو دوو مانگە کار بکەم و هەندێ قورسایی ئابووری لەسەر دایکم سووک بکەم و هەر چاوەڕوانیی ئەو نەبم. ئەوە بوو بەیانییەکەی چووم بۆ ئیدارەی مالاڕیا. هیچ کـەس لـە هاوڕێیان نەهاتبوون. کـاک ئیسـماعیل منـی لـە نزیکـەوە دەناسـی. ئـەو ناسینـە بـووە هـۆی ئەوە کە من وەک سەرکرێکار لە ئیدارەی مالاریا مانگـی بـە ١٨ دینـار دامـەزرێم. کارەکـەی من ئـەوە بـوو، دەفتـەرێکیان دامـێ کـە فـۆرمێکی ئامادە و چاپکراو بـوو، من تـەنیا هـەندێ شوێنیم پڕدەکردەوە، وەک نـاوی خـاوەنمـاڵ، ژمـارە و قـەوارەی ژوورەکـان. بـەگوێرەی کـاری دیاریکراو دەبوو بـۆ هـەر مـەترێکی چوارگۆشـە تـۆزێ مـادەی DDT بپرژێنین. بـەم شێوەیە دەستبـەکار بووین. بە ئۆتۆمبیلی ئیدارە ڕەوانـەی دێهاتـەکانی شارەزور دەکراین. ماوەی دوو مانگـان کارمان کرد و کارەکەمان تـەواو بوو و هاتینـەوە. لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا دوو جار ئیجازە دراین لـە پاشنیوەڕۆی پێنجشـەممە و ڕۆژی هـەینـی هـەتا بـەیانـی ڕۆژی شـەممە بـۆ پشوو بێینـەوە سلێمانـی و بـەیانـی شەممە زوو دەچووینـەوە سەر کار. لـەو مـاوەدا ٣٦ دینـارم کاسبـی کـرد. ژوورەکـان بـەتایبـەت شـوێنـی ئـاژەڵ و گـاڕان کـە پڕیـان بـوو لـە کـێچ و دەعبـا زۆریش گـەرم و بۆنیان نـاخۆش بـوو. بـەتێکڕا هـەوای شـارەزور گـەرماکـەی زۆر ڕۆژ دەچـووە پلـەی پشـت ٤٠ دەرەجـەوە، بـەڵام ناچـار بـووین هـەموو ژوورەکـان تـەماشـا بکـەین تـاکو ئـەندازەیـەکی تـەقریبی میتراژی ژوورەکان دیاری بکـەین. لـەگـەڵ ئـەوەشدا، دیتنـی دێهـاتـی شارەزور، ئاشنایی بـە کـەلتور و دابونـەریتی ئـەو ناوچـە و ناسینـی خـەڵکەکـەی زۆر خـۆش بوو و هەستم بـە مانـدوویی نـەدەکرد. هـاوین ڕۆیشـت و قوتابخانـەکان کرانـەوە. بڕیـارم دا شـەوانە بخـوێنم و هاوکـات لـەپاڵ خوێندنـدا کـارێکیش بدۆزمـەوە و بـە ڕۆژ کـار بکـەم. لـە نزیک بـاغی گشتـیی ئـەودەم، وەک بـزانم ئێستا ئـەو شوێنانـە گۆڕانیـان بـەسـەردا هـاتووە،

چوومە لای دارتاشێك (نەجار) و وەك بەردەست ڕۆژی بە نیو دینار کارم وەرگرت. نزیک بە مانگێک بوو لەوی کارم دەکرد ڕۆژێک دوکتۆر محەممەد مەمەندی دیانساز هات بۆلای ئەو دارتاشە. کاتێ هاتە ژوورەوە بەگەرم ئەحواڵی منی پرسی و گوتی لێرە چ دەکەی. گوتم کار دەکەم. ئەوەندەی من دەمزانی محەممەد مەمەند دۆست یان ئەندامی پارتی دیمکراتی کوردستان بوو. منی زۆر جاران لە بارەگای پارتی دیبوو و قسەمان بەیەکەوە کردبوو و یەکترمان ئەناسی. دەیشیزانی کە من ئامۆزای تەڵا خانمی خێزانی شێخ لەتیفی حەفیدم. کاتێ دوکتۆر لە دوکانەکە چووە دەرێ خاوەن کارەکەم بەدوایدا چووەدەرێ. دیار بوو لەو ئەحواڵپرسییەی من گومانی پەیدا کردبوو و دەیویست بزانێ کێم. وا دیار بوو دەربارەی من پرسیاری لێکردبوو. هەمان ئێوارە کاتێ کار تەواو بوو خاوەنکار گوتی برام، تۆ بەکەڵکی من نایەیت! دەستی برد زیادتر لە حەقی ئەو ڕۆژکارانەی پێشووم دوو دیناری زیادی پێدام و گوتی پێویست ناکا بەیانی بێیتەوە. منیش گوتم بۆچی چەند ڕۆژە کارت بۆ دەکەم چ هەڵە و کەموکووڕییەکەم بووە، پێم بڵێ. گوتی کاکە وەڵڵاهی زۆر لە ڕۆحسووکی و کارەکانت ڕازی بووم بەڵام ئەوەی کە من بیرم لێکردۆتەوە و کاک محەممەد مەمەند بۆی باس کردم، تۆ بۆ بەردەستی من نابیت و حەز ناکەم کە کەسێکی وەکو تۆ کار بۆ من بکات. خوا حافیزت بێ و داوای لێبووردنت لێ ئەکەم. زۆر بە نابەدڵی هاتمە دەرەوە. هەرچەند ئەحواڵپرسییەکەی دوکتۆر مەحەممەد مەمەند نیشانەی ڕێزگرتن بوو لە من، بەڵام بۆ من بە گران تەواو بوو.

وەك پێشتر باسم کرد، بەدوای وەرگرتنی ناسنامەی پەنابەری لە سلێمانی لە کۆتایی پاییزی ساڵی ١٩٥٩ هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٦١ لە قوتابخانەی شەوانە توانیم پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو بکەم. هەروەها لە دەسپێکردنەوەی قوتابخانەکان لە پاییزی ١٩٦١دا چوومەوە قوتابخانە و لە پۆلی یەکەمی ناوەندی دەستم بە خوێندن کرد. بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتەکەی عەبدوالکریم قاسم کاری گەیشتە ڕادەیەک کە شەڕ و پەلامار لە نێوان کورد و سوپای قاسمدا لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا دەستیپێکرد. بەو هۆیەوە بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو و ئیتر لە چەند حەوتوو زیاتر نەمتوانی لە خوێندنەکەم دەوام بکەم. شەوێک لە کلاسی دەرس بووم، لە ژووری مودیرەوە بانگ کرام. مودیر تەنیا دانیشتبوو. زۆر ڕێزی بۆ دانام. گوتی کاکە، زروفەکە زۆر ئاڵۆزە، خۆت دەزانی کە شەڕ چەند ڕۆژێکە لە نێوان کورد و حکومەتی عەبدوالکەریم قاسمدا دەستیپێکردووە. ئەم شەڕە بێگومان ڕێوشوێنی لەسەر زۆر لایەن و کەسایەتی دەبێت. یەکێک لەوانە ئەوەیە کە چەند دەقیقە لەمەوپێش لە دایرەی ئەمنەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و هەواڵی تۆیان پرسی. منیش لە وەڵامدا گوتم ئەمشەو نەهاتووە بۆ دەوام. ئێستا وای بە مەسڵەحەت دەزانم کە لێرە نەمێنی و مەیشچۆڕەوە بۆ ماڵی خۆت. ئەمشەو لە ماڵی خزمێک یان هاوڕێیەکت بە. زۆر سوپاسی مودیرم کرد و لە قوتابخانە هاتمە دەرێ. ئەو شەوە نەچوومەوە ماڵی خۆم. هەر لە قوتابخانەوە چووم بۆ ماڵی تەڵا خانم. دوای ئەوە کە تەڵا خانم بەو شتەی زانی، نەفەرێکمان نارد بۆ ماڵی خۆمان هەتا هەواڵی میرزا بزانین. بەو نەفەرەم گوت کە میرزا

لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆماڵی تەلا خانم. زۆری پێنەچوو ئەو برادەرە لەگەڵ میرزا هاتن. وەزعەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەو شەوە لە ماڵی تەلا خانمماینەوە و نەچووینەوە ماڵی خۆمان. هەردوو بڕیارمان دا بەرەو سنوور بڕۆین و بۆ ماوەیەک لەو سەر سنوورە خۆمان بشارینەوە تاکو بزانین وەزعەکە چی لێدێت. بەیانییەکەی میرزا بەرەو سنووری پێنجوێن ڕۆیشت و لە گوندی کانی میران کە خزمی لەوێ هەبوون مایەوە. منیش لە ماڵی تەلاخان مامەوە و بۆ ماوەیەك نەچوومە دەرێ. ناردم بۆ گوندی ئاڵەسیاو بەدوای سەعید مەحموودا. پێشتر باسم کرد کە سەعید چووبووە لای شاناز خانمی دایکی تەلا خانم و لەو ماوەدا شاناز خانم تەسکەرەی عێراقی بۆ دەرهێنابوو. سەعید کەسێکی بەرچاو نەبوو، دەیتوانی بە ئاسانی هاتوچوو بکات و گیروگرفتی بۆ نەیەتەپێش. ناوبراو بەدوای پەیامەکەی مندا هات بۆ ماڵی تەلا خانم. وەزعەکەم بۆ باس کرد. بۆ ڕۆژی دوایی خواحافیزەم لە تەلا خانم کرد و لەگەڵ سەعید مەحموودا بە پێیان بەرەو ناوچەی ئالان ڕێکەوتین چونکە نەمدەوێرا بە ماشین بە چوارتادا بڕۆم. ناوبراو تا گوندی مەروێ و ماڵی عبدوڵلا ئاغا هاوڕێیەتی کردم و پاشان خۆی گەڕایەوە بۆ ئاڵەسیاو. لە گەڕانەوەدا کلیلی ماڵەکەم دایە دەستی و پێیمگوت بچۆ بۆ سلێمانی بەڵکو کەلوپەلەکانم کە چەند پارچە فەرش، ڕادیۆیەک، تەختێکی خەو و هەندێك کەلوپەلی دیکەی ماڵ بوو بۆ وەگوێزێت بۆ ماڵی تەلا خانم. کاتێک دەگەڕێتەوە دەبینێ دەرگای خانووەکەم بە قفڵێکی دیکە داخراوە و بەو کلیلەی کە من دابوومێ ناکرێتەوە. ئیتر نەیوێرابوو لەوە زیاتر لێی بدوێ و پرسیاری لەسەر بکات. کەلوپەلەکانیشم تێداچوون و ئێستایش نەمزانی چییان لێ بەسەرهات.

## ژیانم لە مەرویَ

عبدوڵڵا ئاغا دۆستی باوکم بوو، هەمیشە هاتوچوی یەکتریان ئەکرد. پەیوەندی و دراوسێییەتیان خۆش بوو. گوندەکانیان بەرامبەر یەکتر بوون لە سەر سنوور. بەو هۆیەوە لە چوونەکەم خۆشحاڵ بوو و ئەوپەڕی ڕێزی بۆ دانام. گوتی ماڵی خۆتە، هەتا پێتخۆش بێ ئەتوانی لای من وەمێنی. مەسەلەی حکومەتیش گرنگ نییە، ئەگەر پۆلیس هاتن پرسیاریان کرد، دەڵێم لێرە نییە. خۆ دەبینی حکومەتیش وەزعی لێکترازاوە و مەعلوم نییە بۆ بەهاریَ زروفەکە چۆن دەبێت. خوا کەریمە تا ئەودەم. چەند ڕۆژ تێپەڕی. لە مەخفەری سوورەدزیَوە، ئەو مەخفەرەی کە یەکەم جار خۆمان وەك پەنابەر لێ ناساند، چەند پۆلیسێک هاتن و چوونە ماڵی دەرویَش ئاغای مامی عبدوڵڵا ئاغا. کەسێک هات بەدوای عبدوڵڵا ئاغادا. گوتی مامت داوات دەکا و کاری پێتە. عبدوڵڵا ئاغا هەستا و بەرەو ماڵی دەرویَش ئاغا کەوتەڕیَ. پۆلیسەکان گوتبوویان لە چوارتاوە ئەمرمان بۆ هاتووە کە ڕەشید مەجیدی پەنابەر بێ ئیجازە هاتۆتەوە ئێرە و لە ماڵی ئێوەیە و پێویستە بیگێڕنەوە بۆ چوارتا. ئێمەش هاتووین کە لەگەڵ خۆمان بیبەینەوە بۆ سوورەدزیَ و ڕەوانەی چوارتای بکەینەوە، ئەو بۆی نییە لە سنوور دانیشی. لە وەڵامدا عبدوڵڵا ئاغا دەڵێت ڕەشید مەجید لێرە نییە. ئیتر پۆلیسەکان زیاتر قسەیان نەکردبوو و ڕۆیشتنەوە بۆ سوورەدزیَ. جێی ئاماژەیە، دوای شەڕی دەربەندیخان و ناوچەکانی دیکە، پۆلیسی مەخفەرەکانی قەزا و ناحیەکان بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە پێکهاتبوو دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەمابوو.

دوای دوو ساڵ دووری لە دایکم و ژن و منداڵ و برا، بە نهێنی سەردانم کردن. شەو و ڕۆژێک لەلایان مامەوە. منداڵە چکۆلەکەم، گەلاوێژ، بە باشی نەیدەناسیمەوە. کاتیَ بەجێمهێشتن چەندمانگانە بوو. دوای چەند سەعات قسەکردن لەگەڵی، ڕازی بوو و هات بۆلام. ئەو کاتە سێ کچم هەبوون بە ناوەکانی مەهاباد، نەسرین و گەلاوێژ. پەیوەندیم بە هەموو هاوڕێیانمەوە پسا و هیچ ئاگایەکەم لێیان نەما. مانگێک لە ماڵی عبدوڵڵا ئاغا گوزەرا. ڕێز و خۆشەویستی سەرجەم بنەماڵە هێندە زۆر بوو کە هەستم بە غەریبی نەدەکرد، بەتایبەت کوڕەکانی، کاک عوسمان و کاک ئیسماعیل، هەمیشە لە دەوروبەرم بوون و هەرگیز نەیاندەهێشت بێتاقەت بم. ئەو کات عەبدوڵڵا ئاغا هەر ئەو دوو کوڕەی هەبوون. برازایەکی هەبوو بە ناوی ئیبراهیم. باوکی کۆچی دوای کردبوو و ئیبراهیم لەلای مامی، عبدوڵڵا ئاغا، دەژیا. هەرچەند منداڵ بوو بەڵام بە مامە بلە بانگمان دەکرد. منداڵێکی شیرین و لەبەردڵان بوو. دەرویَش ئاغا، مامی عبدوڵڵا ئاغا، سەرۆکی هەموو عەشیرەتەکەیان بوو، تەمەنی گەیبووە دەوروبەری هەشتا ساڵ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی هۆشیار و بەتوانا بوو. هەموو عەشیرەتەکەی لە گوندەکانی گرگاشیَ، دێریَی سەروو و دێریَی خوارو و سوورەدزیَ و سوورەبان لە دەوری خۆی کۆکردبوونەوە. ئەو خزمانە و خەڵکی ئالان بەگشتی ڕێز و حورمەتیان دەگرتم. سوپاسی بێ پایانی هەموو

لایەکیان دەکەم؛ ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە ڕۆحیان شاد و ئەوانەش کە لە ژیاندا ماون یادیان بەخێر. ڕۆژێک لە میوانخانەکەی عبدوڵڵا ئاغا دانیشتبووین. کاک ئیسماعیل، کوڕی عبدوڵڵا ئاغا، هاتە ژوورەوە و گوتی کاک ڕەشید، دایکت هاتووە و کەسێکیشی لەگەڵدایە وا لە ژووری دایکم دانیشتووە و ئەیەوێ تۆ ببینێ. باوکیشم هەر لەوێیە. زۆر خۆشحاڵ بووم و چووم بۆلای دایکم و بەگەرمی بەخێرهاتنم کرد و دەستم لە ملی کرد. دایکم گریا، دڵم زۆر بۆی سووتا. کاک مستەفای سۆفی مینەی کۆنە هاوڕێمی لەگەڵدا بوو. لەگەڵ ئەویش بەگەرمی دەسمان لە ملی یەکتر کرد. دوای ماوەیەک دایکم گوتی ڕۆڵە، ئەوە عەفوی شاهانەم بۆ هێناوی کە هیچ مەئمورێکی حکومەت نەتوانێ هیچت پێ بڵێ. دەبێ حازر بیت بڕۆینەوە...، ئیتر بەسە ژیانی ئاوارەیی! خۆ دەبینی هاوڕێکانیشت هەموویان هاتوونەوە. تۆش وەرەوە سەر ژیان و حاڵی خۆت. زۆرم پێ سەیر بوو. گوتم دایە، خۆ من داوایەکی وام لە تۆ نەکردووە چۆنە بەبێ ئەوەی پرسێک بە من بکەیت کاری وات کردووە؟ گوتی ڕۆڵە، هەرچەند ماڵی عبدوڵڵا ئاغا ماڵی خۆمانە بەڵام خۆ نابێت هەر لێرە بژیت و ئاوارە بیت. تۆ ژن و منداڵت هەیە، دەبێ بێیتەوە لایان. دیار بوو دایکم حیسابی ئەوەی کردبوو کە هاوڕێکانم هەموویان چوونەوە، ڕەنگبێ من لەبەر ئەوە ناچمەوە کە مەسئولیەتم لەوان زیاتر بووە و ناوێرم بڕۆمەوە. دەنا چی هەیە بۆ منیش وەکو ئەو هەموو هاوڕێیانەم نەڕۆمەوە بۆسەر ژیانی خۆم؟ گوتم دایە گیان، ئەتۆش و ژن و منداڵەکانم زۆر خۆش دەوێن بەڵام ئەو داوایەی کە من و هەزاران کەسی وەك من کردوومانە و دەیکەین هیچی نەهاتۆتە دی. لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە چیمان کردووە هەتا شا بمانبەخشێ و بە پەشیمانی بڕۆێنەوە؟ زۆریشم پێ ناخۆشە کە کاری وات کردووە. ئێستا من نایەمەوە بەڵام پێم خۆشە بزانم چۆن چووی بۆ تاران و توانیت ئەم عەفوە بۆ من وەرگریت؟ گوتی ڕەشە گیان، خۆت دەزانی (سروان بدری) کە زەمانێک سەرپەرستی گورهان بوو لە گوندی بلەکێ، ئەوە بوو سەردانی پاسگای ئەنجێنەی دەکرد و زۆر جاریش بە کۆمەڵێک سەربازەوە دەهاتە کیوەرۆ و لە ماڵی ئێمە میوان دەبوو و ئێمەش خەزمەتمان دەکرد. ئێستا ئەو پیاوە پلەی چۆتە سەری و بۆتە (تیمسار) و گاردی پاسەوانی شایە و شایش خۆشیدەوێ و هەرچی بڵێت شا بە قسەی دەکات. منیش یەکێک لە براکانم لەگەڵ خۆمدا برد و زۆر بە ئاسانی چووین بۆ تاران و چووینە لای تیمسار. زۆر ڕێزی گرتم. زۆری بۆ سەیر بوو، گوتی ئەوە چۆنە هاتووی بۆ ئێرە "خواهر" (خوشکی). منیش داواکەی خۆم بۆ باس کرد. لە وەڵامدا گوتی هەر کارێکت هەبێ بۆت جێبەجی دەکەم چونکە تۆ خزمەتی ئێمەت زۆر کردووە لە دیوەخانی خۆتان و نمەکی ئێوەم زۆر کردووە و خۆم بە قەرزداری ئێوە دەزانم. گوتی سبەینێ وەرەوە عەفوەکەت بە ئیمزای شا بۆ وەردەگرم و بڕۆ کوڕەکەت بهێنەوە هیچ کەس ناتوانێ هیچی پێ بڵێت. ئێمەش ئەو ڕۆژە ڕۆیشتین و ڕۆژی دوایی هاتینەوە و نامەکەی بۆ حازر کردبووم. ئەوەیە کە بۆم هێناوی. تۆش قبوڵی ناکەی کەیفی خۆتە! چۆنت پێ مەسڵەحەتە وا بکە. گوتم دایە، نامەکە بدە بە من. گوتی نا ڕۆڵە پێیان گوتم ئەگەر

نەهاتەوە دەبێ نامەکە بهێنیەوە بۆ ئێمە. مادام نایەوە نامەکەت نادەمێ، ئەیدەمەوە بە خۆیان. دایکم بە دڵشکاوی و دڵبریندارى گەڕایەوە.
دوو مانگ لە زستان ڕابوردبوو. ڕۆژێک کەسێک نامەیەکی بۆ عبدوڵڵا ئاغا هێنا. دوای خوێندنەوە نامەکەی دا بە من. نامەکە هی ئیبراهیم ئەحمەد بوو. بە دوورودرێژی بارودۆخی شۆڕشی بۆ نووسیبوو کە ئیتر نامانەوێ چیتر ژێردەستە و دیلی داگیرکەران بین، دەمانەوێ پشت بە یەزدان و توانای گەلەکەمان ئاگری شۆڕش بەرز بکەینەوە تا گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری. بۆ گەیشتن بەم مەبستە پێوستی بە هاوکاری هەموو لایەک هەیە، بۆیە داوا لە ئێوە و هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئەم کوردستانە دەکەین کە یارمەتی ئەم شۆڕشە پیرۆزە بدەن کە شۆڕشی ڕزگاریی گەلەکەمانە، پێویستە خۆتان ئامادە بکەن بۆ بەهاری داهاتوو کە ئاگری نەورۆز بە ڕاپەڕین و شۆڕش لەسەر هەموو چیاکانی کوردستان هەڵکەین. ئاخر قسەم ئەوەیە پێم خۆشە بۆ زیاتر لێکحاڵیبوون سەردانمان بکەن لە گوندی مالومە لە ناوچەی ماوەت. بە هاتنی ئەم نامەیە و ناوەڕۆکەکەی هەردووکمان زۆر خۆشحاڵ بووین، هیوایەکی زۆری پێبەخشین. بارودۆخی سیاسیی و جووڵانەوەی گەلی کورد لەو سەردەمەدا لە حاڵەتی خۆڕێکخستندا بوو. بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دوای داخستنی بنکە و بارەگاکانی پارتی لە هەموو شارەکانی عێراق بەتایبەت بەغدا و گرتنی بەشێک لە ئەندامانی پارتی بە بیانووی جۆراوجۆر، توانیان هەر چۆنێک بێ خۆیان لە بەغدا ڕزگار بکەن و هاتنەوە ناوچەکانی کوردستان.
بەدوای پاشەکشەی شەڕەکانی دەربەندیخان و ناوچەکانی دیکە، بارزانی لە بەشێکی زۆری کوردستاندا کارقایمی کرد و بنکە و بارەگای پێشمەرگەی دامەزراند. لە لایەکی دیکەشەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی بە سکرتێری ئیبراهیم ئەحمەد لە ناوچەی سلێمانی لە گوندی مالومە بنکەیەکی سەرکردایەتی دامەزراند و بە دەوروبەریدا چەند بنکەی دیکەی پێشمەرگەی پێکهێنا، کە یەکێک لەو بنکانە لە بەرزاییەکانی گوندی دڕی بەرامبەر ناحیەی ماوەت بوو کە شوێنێکی بەرز و قایم بوو و بەسەر هەموو ناوچەی ماوەتدا دەیڕوانی. بەرپرسی ئەو بنکەیە کەسێک بوو بە ناوی سدیق ئەفەندی. بنکەیەکی دیکەیان لە کێوەڕەش بوو کە دوایی کرا بە بنکەی ڕادیۆ و بەندیخانەی شۆڕش. دوای ئەم خۆڕێکخستنە کەوتنە پەیوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بۆ خۆئامادەکردن و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بۆ داکۆکی لە مافی گەلی کورد. جێگای ئاماژەیە هەر لە دەسپێکی شۆڕشەوە ساردییەک لەنێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتیدا هەست پێدەکرا. کات هەروا تێپەڕ دەبوو. هەر ڕۆژە هەواڵێکی نوێ دەهات. ئێوارەیەک لەگەڵ کاک عبدوڵڵا ئاغا لە میوانخانەکەی دانیشتبووین کە میرزا خۆی بە ژووردا کرد. زۆر خۆشحاڵ بووم و چووم بەپیریەوە و بەگەرمی لە باوەشم گرت و بەخێرهاتنم کرد و بە عبدوڵڵا ئاغام ناساند. ئەوانیش بەگەرمی بەخێرهاتنیان کرد و دانیشتین. شەوەکە بە قسەوباس تەواو بوو. عبدوڵڵا ئاغا ڕۆیشت بۆ ژووری خۆی و ئێمەش قسەمان تازە کردەوە.
میرزا لەوە زیاتر ئیمکانی حەوانەی لە ناوچەی پێنجوێن نەمابوو بۆیە هاتبوو بۆلای من.

بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ عبدوڵڵا ئاغا دەربارەی مانەوەی میرزا لەماڵی ئەوان هەتا بەهارێ قسەم کرد. عبدوڵڵا ئاغا وەکو سیفەتی عەشایەری و کوردانە گوتی ماڵی خۆتانە هەتا پێتان خۆش بێ، من ساحەبی ماڵ نیم، بەخێر بێ سەر چاوان. میرزا پیاوێکی ژیر بوو، توانی لە ماوەیەکی کورتدا سەرنجی عبدوڵڵا ئاغا و جەماعەتیان بەتێکرا بۆلای خۆی ڕاکێشی. هەموو جەماعەت بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکرد. بەدوای چەند ڕۆژ لە نامەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەددا، عەبدوڵڵا ئاغا خۆی حازر کرد و لەگەڵ دوو کەس لە خزمەتکارەکانی و ئامۆزایەکی و هەروەها حاجی سەعیدی دێرێی سەروو کە دۆستی عەبدوڵڵا ئاغا بوو بەیەکەوە ڕۆیشتن بۆ مالومە. حاجی سەعید و عبدوڵڵا ئاغا هەردووکیان زۆر نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بوون، بیری کوردایەتییان بەهێز بوو. دوای چەند ڕۆژ لە سەفەرەکەیان گەڕانەوە. دوای گەڕانەوە کەوتنە (جەولە) و هەڵسووڕانی سیاسی و سەردانی خەڵکی ناوچەکە و قسەوباسیان بۆ خەڵکی دەکرد و خەڵکیان ئامادە دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی میری. ئێمەش لە هەموو ئەم سەفەرانەدا بەشدار بووین و قسەمان بۆ خەڵکی دەکرد. ئەو گەشتە سیاسییانە کارتێکەریی باشیان لەسەر خەڵکی ناوچەکە و ناساندنی ئێمەش وەکو پێشمەرگەیەکی ئازادیخواز هەبوو. هەر چۆنێک بێت، زستانەکەمان بە هەڵسووڕانی سیاسی و قسەوباسی گەرمی دیوەخانەکانەوە بردەسەر. جێگای ئاماژەیە پۆلیسی مەخفەرەکان لە تەواوی ناوچەکەدا بێدەنگ بوون لە کاتێکدا لە هەڵسووڕانە سیاسییەکان ئاگادار بوون و تەنانەت کاری ئیدارییان بە تەواوی لەو چەند مانگەدا ڕاوەستابوو و نەیاندەوێرا بچن بۆ هیچ کوێیەک. ئەترسان لەوەی بچنە هەر گوندێک خەڵک بەرەوڕوویان ببنەوە. لەڕاستیدا هەر وایش بوو، خەڵک لە بیانوویەک دەگەڕان. ئەو کاتە هێزی میری لە ناوچەکەدا زۆر لاواز بوو. لە نێوان پازدە هەتا بیست گونددا مەخفەرێک هەبوو کە ژمارەی پۆلیسەکانی لە دە پۆلیس زیاتر نەبوو. تەنانەت (مرکز) ناوەندی ناحیەی باسنێ لە بیست پۆلیسی زیاتر لێ نەبوو. هێزی میری لە سلێمانی هەتا سنوور لە چەند دانە مەخفەری پۆلیس زیاتر هیچ هێزێکی دیکەی سەربازی نەبوو. بە ماوەیەک پێش نەورۆز پۆلیسەکانی مەخفەری سوورەدزێ مەخفەرەکەیان چۆڵ کرد و چوونە باسنێ، مەرکەزی ناحیە. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵک چاویان کرابۆوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حکومەتی عەبدوالکەریم قاسم لە ١٤ی تموزی ١٩٥٨دا کە لە دەستووری عێراقدا بە بەشێک لە مافەکانی گەلی کورد دیانی پێداهێندرابوو، خەڵک لەو چەند ساڵەدا چێژی ئازادییان چێشتبوو. بۆیە پاشگەزبوونەوەی عەبدوالکەریم قاسم لە بڕیاری خاڵی دوو لە دەستووری عێراقدا کە سەلماندنی بەشێک لە مافەکانی گەلی کورد بوو، هەروا کارێکی ئاسان نەبوو کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی جارێکی دیکە مافی کوردان پێشێل بکاتەوە و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرانە بەسەر خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا بسەپێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە خۆئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ورە و تینێکی دابوو بە جەماوەر. هەتا ڕۆژگارەکە دەچووە پێش هیوا و خەونەکان نزیک دەبوونەوە.

## بەشدارییم لە شۆڕشی ئەیلولدا

چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ نەورۆزی ١٩٦٢ خەڵکی ناوچەی ئالان و بەشێک لە سیوەیل ئاگادار کران کە بچن بۆ گوندی ئاوکورتێ لە نزیک شارۆچکەی ماوەت. عەبدوڵڵا ئاغا و حاجی سەعید لە ئالان ئامادە بوون بۆ ئەو سەفەرە. من و میرزایش هاوسەفەریان بووین. کاتێ گەیشتینە ئاوکورتێ دیمان خەڵکێکی زۆر لەو گوندە کۆبۆتەوە. جەلال تاڵەبانی لەوێ بوو. مەحموود کاوانی بە خۆی و جەماعەتیەوە لە کاوانەوە هاتبوون. زۆربەی جەماعەت چەکدار بوون. بۆ یەکەم جار چەکی کلاشینکۆف و سیمینۆف و دیکتاریۆف کە چەکی ڕووسی بوون، هەروەها ڕەشاشی برێن کە چەکی ئینگلیسی بوو بە دەست جەماعەتی کاوانییەکانەوە بینی. دەکرێ بڵێم نزیک بە دووسەد چەکداری لێبوو. تا ئەو کاتە هێشتا هێزی پێشمەرگە بە باشی ڕێکنەخرابوو. زۆرتر چەکدارەکان سەر بە عەشیرەتەکانی ناوچەکە بوون. شەو جەلال تاڵەبانیمان بینی و جارێکی دیکە خۆم پێ ناساندەوە کە پێشتر لە مانگی مارسی ١٩٦٠ لە سەردانێکی هەیئەتێکی حیزبیدا لە بارەگای پارتی لە بەغدا چەند کادیرێکی پارتیمان بینی کە یەک لەوان جەلال تاڵەبانی بوو. هەروەها میرزا عەبدوڵڵایشم وەک هاوڕێیەکی خۆم پێ ناساند و گوتمان ئامادەین لە ڕیزی پێشمەرگەدا خەبات بکەین. تاڵەبانی زۆری پێخۆشبوو. ئێمەی تەسلیمی عبدوڵڵا ئاغای پژدەر کرد کە دەوری فەرماندەی دەبینی. ئەو جەماعەتەی لەگەڵیدا بوون وەک پێشمەرگە دەناسران. بۆ بەیانییەکەی لە ئاوکورتێ ڕۆیشتین بەرەو گوندەکانی میراوێ و سەراو لە بناری کێوی گمۆ. جەماعەتی ئالان و سیوەیل لەگەڵ عەبدوڵڵا ئاغای پژدەری شەو چووینە سەراو. جەلال تاڵەبانی نەخشەی دەستبەسەرداگرتن و لێدانی قەزای چوارتا و ناحیەی باسنێ و چەند مەخفەرێکی سەر بە قەزای چوارتای لە یەک کات و ساتدا ڕێکخستبوو. بەرەکانی شەڕ بەم شیوەیە ڕێکخرابوون: جەلال تاڵەبانی خۆی بە هێزێکەوە بۆسەر شارۆچکەی چوارتا - ئەودەم عبدولوەهاب ئەتروشی بەرپرسی پۆلیسی قەزای چوارتا بوو. ئەفسەرێکی کورد بوو. عبدولوەهاب ئەتروشی بەرگری لە شارۆچکەی چوارتا کرد و تەسلیم نەبوو، بەڵام بەدوای ماوەیەک لە بەرزبوونەوەی ئاگری شۆڕش بە ویستی خۆی هاتە نێو شۆڕشەوە. پیاوێکی ئازا و نیشتمانپەروەری لێدەرچوو. لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتە پلەی ئامرهێزی لە ڕیزی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلولدا. بگەڕێینەوە سەر باسی جەبهەکە. حامید کاوانی بۆسەر ڕێگای چوارتا - سلێمانی کە لە پێچەکانی پەنای گوندی تەگەران سەنگەر بگرن بۆ ئەوەی ئەگەر هێزی میری لە سلێمانییەوە بە کۆمەکی چوارتاوە هات لێیدەن و بەرگری بکەن بۆ ئەوە نەگاتە یارمەتی چوارتا. عەبدوڵڵا ئاغای پژدەری لەگەڵ عەبدوڵڵا ئاغای مەروێ و حاجی سەعید و جەماعەتیان هەروەها حەمەئەمین ئاغای گوندی بارێی گەورە و حەمەئەمین ئاغای گوندی بارێی بچووک لەگەڵ جەماعەتیان، شێخ عبدوالرحمانی گوندی سیرێ و جەماعەتیان بۆسەر ناوەندی ناحیەی باسنێ بە فەرماندەیی عبدوڵڵا ئاغای پژدەری، تێبینی: لەبەر ئەوەی ناوی ئەو دوو کەسایەتیانەی

خـوارەوە لـە نووسـینەکانمدا زۆر دێـن و بـۆ ئـەوەی کـە نووسـراوەکە زۆر درێـژ نەبێتـەوە لەوەبەدوا بۆ عبدوڵڵا ئاغای پـژدەری دانیشـتووی گونـدی بێناسـی سـەر بـە ناوچـەی پـژدەر ناوی پژدەری و بۆ حەمەئـەمین ئاغـای گونـدی بـاریێ گـەورەی سـەر بـە ناوچـەی سیوەیل، ناوی سیوەیلی بەکاردەهێنم. کوێخا کەریمی ماوەت بۆسەر مەخفەری گوندی گرگاشێ. بەم شێوەیە بەرەکانی هێرش و پەلامار ڕێکخران. هەر ئـەو شـەوە هـەر گروپـەی بـەرەو شـوێنی خۆی ڕێکەوت. شوێنی ئێمە کە ناحیەی باسنێ بوو نزیک بـوو. دەمـەو بـەیانی ڕۆیشتین و دەوری باسنێمان گرت. جەماعەت بە هەر چواردەوری مەرکەزی ناحیەدا سەنگەربەندیان کـرد. پـژدەری و مـن لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک چووینەسـەر مـاڵی مـودیر ناحیـە کـە ماڵەکـەی لـەنێو گونـد بـوو. کـاتێ گەیشـتینە پـەنای کـۆڵانی خانووەکـەی دۆسـت و دوژمـن دەناسرا. یەکسەر پژدەری هێرشی کردەسەر حەرەسەکەی بەر دەرگا کە تەنیا ئەوی لێبوو. پۆلیسەکە بێ تەقە و بەرەنگاری تەسلیم بـوو. تفـەنگێکی پێـنج تیـری ئینگلیسـی پێبـوو بـە دوو قەد فیشەکدان کە سەد فیشەکیان تێدا بوو. من چەکم پێ نەبوو، پـژدەری ئـەو چەکـەی دا بە من کە ئـەوە یەکـەم دەسکەوت بـوو. پۆلیسـەکـە خـەڵکی گونـدی سیرێ بـوو کـە یـەک سەعات ڕێگە لە باسنێوە دووربوو. دوایی خۆمان بە ژووری مودیردا کرد، هێشتا لـە خـەو هەڵنەستابوو. لەم بگرەوبەردەی ئێمە خەبەری بۆوە. پژدەری دەرگای ژوورەکـەی کـردەوە و گوتی تەسلیم بە! مودیر تەنیا دەمانچەیەکی لەلا بـوو. بـێ دەستکردنەوە ئـەویش تەسلیم بـوو. مـودیر ناحیـە خـەڵکی شـاری سلێمانی بـوو، نـاوی جـەمال یـان کـەمال بـوو. پاشناوی ئەفەنـدیی هـەبوو. پۆلیسـەکانی نێـو خـانووی ناحیـە هـەموویان کـورد و خـەڵکی ناوچەکـە بـوون. بـەڵام مـەئموری مەرکـەز ئەفسـەرێکی عـەرەب بـوو. خـانووی مەخفەرەکـە کۆنکرێـت نـەبوو، خانوویـەکی ڕەشـۆکی لـە دار و بـەرد و گڵ دروست کرابـوو. ئێمـە هێشـتا لـە ژووری مـودیر ناحیـە بـووین کـە لـە بـەینی ئـەو جەماعەتـەی کـە مەرکـەزی ناحیەکـەیان ئابڵۆقـە دابوو تەقە و لێکدان دەستیپێکرد. تـەواوی ڕۆژەکـە شـەڕ بـوو، بـەڵام جارجـار تـەقـە هێـواش دەبـۆوە. زۆرتـر هـەوڵی ئێمـە ئـەوە بـوو کـە جاروبـار تەقـەیان لـێ بکـەین تـاکو مانـدوویان بکەین و دڵنیا بن کە هێزی کۆمەکیان بۆ نایەت و ناچار بە تەسلیم بوون ببن. لە ئێوارێدا دوو فڕۆکـەی شـەڕکەر لـە جـۆری میـک هاتنـە سـەرمان. چەنـد جـار دەسـترێژی ڕەشاشـیان لێکـردین. فڕۆکـەکان زۆر لـە نزمـی دەفـڕین. یەکـەم جـار بـوو فڕۆکـەی شـەڕکەر بێتـە ئـەو ناوچـەیـە. خــەڵک نـەیـدیبوون، زۆریــان لــێ ئـەترسـاین بەتایبـەت دەنگیـان زۆر بــەرز و مەترسیدار بـوو. یەکـەم جـار بـوو شـتی وامـان دیبـوو. ئـەو کـات عێـراق چـوار جـۆر فڕۆکـەی شەڕکەری لە جۆری سیخۆ، میک، باجیر هەبوون کە هـەر یەکـەیان هـەڵگری جـۆرە چـەکێک بوون، وەک ڕاکێت، ڕەشاش و بۆمبی ناپاڵم. ئەم سێ فڕۆکە ڕووسی بـوون. فڕۆکـەی چوارەم ئەگەر هەڵە نەکەم ناوەکەی ئێلۆشن بـوو. ئـەم فڕۆکەیـەش فەرانسـی بـوو. زۆر لـە بـەرزی دەهاتن و بۆمبای گەورەیان دەهێنا و لـە بـەرزی ئاسمان دەیانخستە خوارەوە کە کـەمتر لـە هەدەف ئەدران بـەڵام زۆر وێرانکـەر بـوون. لـە زۆر جێگـە کـە کەوتبوونـە سـەر زەوی بەقـەد ئەستێرێکی گـەورە چاڵیـان کردبـوو و پـڕ بووبـوون لـە ئـاو. ئـەو ڕۆژە تـەواو بـوو تەسلیم

نەبوون. ڕۆژی دوایی پێش نیوەڕۆ دوو فڕۆکە لە جۆری میک هاتنەوە سەرمان. هەروەک ڕۆژی پێشوو هێندێ ڕەشاشبارانیان کردین و ڕۆیشتن. هەر بەو شێوەیە مەخفەرەکە لە ئابلۆقەماندا بوو. بۆ ئێوارەکەی هەواڵمان بۆ هات کە چوارتا تەسلیم نەبووە و هێزێکی پۆلیس بە چەند سەیارەوە هاتوون بۆ یارمەتی چوارتا. بەڵام هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی حەمید کاوانی لە ڕێگای سلیمانی-چوارتا لە پێچەکانی گوندی تەگەران ڕێگایان پێدەگرن و تەقە و لێکدان دەستپێدەکات کە دەبێتە هۆی تێکشکانی چەند سەیارە و کوژران و برینداربوون و بە دیلگرتنی چەند پۆلیس. باقی پۆلیسەکان کە ئەم شکستەیان بەسەردا دێت بەرەو سلێمانی پاشەکشەیان کردووە و هەڵاتوون. بەڵام لە دوایین کاتی شکستی ئەو هێزەی پۆلیس لە کاتێکدا پێشمەرگەکان دەیانەوێ بچن بۆ کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان و سووتاندنی باقی ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیس، چەند فڕۆکەیەکی شەڕکەر دەگەنێ و بە ڕاکێت و ڕەشاش تەقەیەکی خەستوخۆڵ لە هێزی پێشمەرگە دەکەن کە ئاکامەکەی دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی حەمید کاوانی و برینداربوون و گیانلەدەستدانی چەند پێشمەرگەی تر. بەهۆی ئەم ڕووداوەوە جەلال تاڵەبانی دەکشێتەوە بۆ دەروبەری چوارتا. بە بیستنی ئەم هەواڵە، پژدەری لە ئێوارەدرەنگێکدا کۆی کردینەوە و گوتی پێویستە ئەمشەو هەر چۆنێک بێ ئەم ناحیە بگرین و تۆڵەی شەهیدان بکەینەوە. ئەگەر ئەمشەو سەرنەکەوین ناچار دەبین بەیانی پاشەکشە بکەین لەبەر ئەوە ئەوان لەڕێگەی بێسیمەوە هەواڵی چوارتایان هەیە کە تەسلیم نەبووە، ئەوانیش زیاتر خۆڕادەگرن و بەیانییش فڕۆکەیەکی زیاتر دێنە سەرمان و بەرگرییان لێدەکەن کە ئەم جارە ئیمکانی خەسارەتمان هەیە. ئەوە بوو بڕیار درا کە بە هەر نرخێک بێت دەبێ بیانگرین. کۆمەڵێک پۆلیسی ئازا و کارامەی تێدابوون لە کۆنە هاوڕێکانی خولە پیزە کە دەستیان بووە لە کوشتنی خولە پیزەدا و دوای تێداچوونی ناوبراو ئەو کەسانە بوونە پۆلیس و لەو ناحیەدا خزمەتیان دەکرد. ئەو کەسانە بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون تەسلیم بن و ئێمەش چەکی ڕووخێنەرمان نەبوو کە خانووەکە بەسەریاندا بڕوخێنین. خانووەکەش هەر چواردەورەی سەنگەری قایم بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند پۆلیسێک کوژران و شەخسی مەئمور مەرکەز گوللەی لە قۆڵی درابوو. بەربەرەکانییەکی سەختیان دەکرد و تەسلیم نەدەبوون. باشترین تاکتیک کە بەکارمانهێنا ئەوە بوو تەنکەیەک نەوتمان لەگەڵ هێندێ پەڕوپاڵ لە ئاوایی پەیدا کرد - هەرچەند خەڵکی باسنێ هەموویان لە ترسی شەڕ و فڕۆکە ئاواییان چۆڵ کردبوو- هێنامان لەو پەڕۆیانە چەند دانە تۆپمان دروست کردن بەو ئەندازەی کە ئینسان بتوانێ فڕێیدا. ئەو تۆپانەمان لە تەنەکە نەوتەکە دەخست تا تەواو نەوتاوی دەبوو ئەوجار ئاگرمان تێبەرئەدا و فڕێمان ئەدا بۆ گوێسوانەی خانووەکە. زۆریان دەچوونە سەر بانەکە هێندێکیان دەکەوتنە نێو حەساری خانووەکە تاکو چەند دانەیەک بە گوێسوانەی خانووەکەوە گیرسانەوە و بووە هۆی ئاگرتێبەربوونی خانووەکە. ئەو کەسانەی کە ئەم ئەرکەیان لە دە مەتری خانووەکە لەئەستۆ گرتبوو پژدەری، سیوەیلی، مینە سیسێرێ ناسراو بە مینە شەم کە ئەو کاتە لە گوندی بارێ لەلای سیوەیلی دەژیا،

دوو برادەری دیکە کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە لە جەماعەتی سیوەیلی و هەروەها خۆیشم. ئەم هەڵمەتەی ئێمە لە دەوروبەری سەعات دوازدەی شەو بوو و لە تاریکی شەو کەڵکمان لەم تاکتیکە وەرگرت. ئاکامی کارەکەمان سەرکەوتوو بوو و خانووەکە ئاگری تێبەربوو و گڕی بەرز بۆوە وەکو ئاگری نەورۆز کە دروست ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٢ بوو، ڕۆژێك دوای نەورۆز. ناچار تەسلیم بوون و هاواری تەسلیم بەرز بۆوە. چەند پۆلیسێک ماڵ و منداڵەکەیان بردبووە لای خۆیان. ئەوان پێش پۆلیسەکان هاتنە دەرەوە و ڕێزیان لێگیرا و بردمانە پشتی جەبەهەوە. زۆرمان دڵخۆشی دانەوە کە مێردەکانیان ئازاد دەکەین و هیچیان لێ ناکەین. بە پۆلیسەکانمان گوتن چەکەکانیان دانێن و بێ چەک بێنە دەری. ئەو کۆنە هاوڕێیانەی خولە پیزە کە پێشتر باسم کردن لەم قسە و باسانەدا توانیان لە تاریکی شەوەکە کەڵک وەرگرن و هەڵبێن بەڵام بەخەستی تەقەیان لێکرا و یەکێکیان لە کاتی هەڵاتندا گوللەی وێکەوت و کوژرا. تێکڕا سێ پۆلیس کوژران و مەئمورمەرکەزیش بە برینداری خۆی تەسلیم کرد. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی گیانی نەبوو. باقی پۆلیسەکان بە دیل گیران. چەکی ئەو پۆلیسانە بریتی بوون لە چەند تفەنگی ئینگلیسی و ڕەشاشێکی برێن لە جۆری ئینگلیسی، لەگەڵ چەند سندوق فیشەک و بێسیمێك. هەر ئەو شەوە پۆلیسەکان لەگەڵ خێزانەکانیان ئازاد کران جگە لە مودیر ناحیە و مەئموری مەرکەز کە بریندار بوون، لەگەڵ بێسیمچییەکە. ئەوانمان لەگەڵ خۆمان بردن بۆ جێگایەکی دوور لە باسنێ. ڕۆژ بۆوە چەند فڕۆکە هاتنەسەر گوندی باسنێ. گوند بەتەواوی چۆڵ کرابوو و کەسی تێدا نەمابوو. فڕۆکەکان بۆمبارانی خۆیان کرد. تەنیا هەندێک زەرەر و زیان بە خانووەکان و کەلوپەلی بەجێماوی خەڵکی کەوت و چەند حەیوان و گا و گۆلک لە دەوری ئاوایی گوللەیان بەرکەوت و کوژران. ئێمەش ئەو ڕۆژە چووینە سەر کانی و ئاوێک لە خوار گوندی سیرێوە و بەتەواوی حەساینەوە. مەئمور مەرکزمان دەرمان کرد. برینەکەی سەخت نەبوو، گوللەکە ئێسقانی نەگرتبوو بەڵام هەندێ ئازاری هەبوو ئەویش پژدەری هەندێ کەرەسەی سەرەتایی برینپێچان و حەبی ئازاری پێبوو کە کەڵکمان لێوەرگرت. مەئمور مەرکز ناو نییە بەڵام بۆیە وا ناوی دەهێنم لەبەر ئەوە ناوەکەی ناوێکی عەرەبی سەخت بوو کە لەبیرم نەماوە. ناوبراو ئەفسەرێکی دووئەستێرە بوو کە بەرپرسی بەشی نیزامی ناوەندی ناحیە بوو. ئەم ناوە وەکو مەئمور مەرکز بۆ ئەو بەرپرسایەتییە بەکاردەهێنرێت. یەک دوو ڕۆژێک لەو ناوچەدا ماینەوە. پەیوەندی گیرا بە جەلال تاڵەبانییەوە و ڕاپورتی سەرکەوتنەکەی باسنێی بۆ نێردرا. ئێمەش هەواڵی چەند سەرکەوتنێکمان بۆ هات. عەریف مەجید، خەڵکی ناوچەی شوان، ئامر مەخفەری پۆلیسی گاپێڵۆن بوو. زووتر بە نهێنی پەیوەندی بە شۆڕشەوە گرتبوو. هاوکات لەگەڵ هێرشی پێشمەرگە بۆسەر چوارتا عەریف مەجید لەگەڵ چەند پۆلیسێکی هاوبیری خۆی تەرتیباتێکی ئەوتۆ ڕێکدەخەن کە ئەو شەوە چاودێری مەخفەر بە خۆیان بێت بۆیە ئەتوانن زۆر بە ئاسانی دەست بەسەر چەک و تەقەمەنیی مەخفەرەکەدا بگرن و باقی پۆلیسەکان چەک بکەن. دوای ئەو سەرکەوتنە لەگەڵ ئەو پۆلیسانەی کە هاوکاری بوون

خۆیـان دەگەیەننـە تەگـەران و هاوبەشـی ئـەو شـەڕە دەکـەن کـە لـەنێوان پـۆلیس و هێـزی پێشمەرگەدا بە فەرماندەیی حەمید کاوانی لە جادەی تەگەران -چوارتا ڕوویدا.
سـەرکەوتنێکی دیکـە: کوێخـا کـەریم کەسـایەتییەکی بـەرچاوی شـارۆچکەی مـاوەت بـوو. ناوبراو بەهۆی بوونی چەند پۆلیسێکی هاوڕێ و چەند خزمێکی خـۆی لـەنێو مەخفەرەکـەی گونـدی گرگاشـێی سـەر بـە ئـالان، پەیوەنـدی دەگرێت بـە هاوڕێکـانی و خزمانییـەوە کـە کارئاسانی بکەن بۆ گرتنی مەخفەرەکە. ئەوانیش بـەهۆی ئـەو کارئاسانییەوە توانیـان لـە مـاوەی ڕۆژێکـدا لـە پـاش هەنـدێ تەقـە و لێکـدان دەسـت بەسـەر مەخفەرەکـەدا بگـرن و سـەرکەوتن و دەسکەوتێکی بـاش بەدەست بهێنن و نـاوچەکـە ئـازاد بکـەن. سـەرجەم ئـەم چالاکییانە ورەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بەرز کردەوە، بەتایبـەت قـەزای شـاربازێر. هەرچەند بـەدوای ئـەم چالاکییانـەدا هـەموو ڕۆژێک فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی قاسم نـاوچـە و گوندەکانی کوردستانیان بۆمباران دەکرد، بەڵام نەیتوانی کاریگـەری هـەبێت لەسـەر ورە و گیانی شۆڕشگێڕی پێشمەرگە و گەلی کورد. چەند ڕۆژێک لـە گونـدەکانی بـارێی گـەورە و بـــارێی بچـــووک و مووســـەک ماینـــەوە. پـــژدەری مەئموریـــەتی دامـــێ لەگـــەڵ چەنـــد پێشمەرگەیەک دیلـەکانی باسنێ کـە بریتـی بـوون لـە مـودیر ناحیـە، مـەئموری مەرکـەز و بێسیمچی ناحیە، ڕایانگوێزم بۆ گوندی گوێزڵێ لە نزیک گوندی ئاوکورتێ. جەلال تاڵەبانی لە چوارتاوە گەڕابۆوە بۆ ئـەو گونـدە. لەگـەڵ چەنـد پێشمەرگەیەک ئەسیرەکانم بـردن بـۆ گونـدی گـوێزڵێ و تـەحویلی بەرپرسـی پێشـمەرگەکانی جـەلال تاڵـەبانیـم دان، بۆخۆیشـم چوومە لای تاڵەبانی. دەنگوباسی شەڕەکەی باسنێی پرسیار کرد. هەرچەند پێشتر ڕاپۆرتی ئـەو چالاکییـەی بـۆ چووبـوو، بـەڵام منـیش دوبـارە چۆنیـەتی شـەڕەکەم بـۆ گێڕایـەوە. زۆر خۆشـحاڵ بـوو و دەستخۆشـی و سوپاسـی هـەموو ئـەو کەسـانەی کـرد کـە بەشـداری ئـەو چالاکییە بوون. شەو لە گوێزڵێ مامەوە. بۆ بەیانییەکەی گەڕامەوە لای پژدەری لـە بـارێی گـەورە. ئێـوارەدرەنگانێک بـوو، کـە هـاتم دەنگـی تەقـەی تفـەنگ دەهـات. چوومـە مـاڵی سیوەیلی لـە گونـدی بـارێی گـەورە. پرسیارم کـرد ئـەو تەقەیـە چییـە؟ گوتیـان جەماعـەت چوونەسـەر مەخفـەری شـیوەکەڵ، کـە دراوسـێی گونـدی بارێیـە. خـانووی مەخفەرەکـە لـە چیمـەنتۆ و ئاسـن و بـەرد دروسـت کرابـوو کـە بـۆ چـەکی ئـەو کاتـەی ئێمـە هیچـی لەگـەڵ نەدەکرا. تەنیا بە ئابڵۆقەدان و جاروباریش تەقوتۆق و نەهێشتنی پەیوەنـدی بـە دەرەوە و کەمبوونـەوەی زەخیـرەی خـواردن، ناچـاری تەسـلیم بـوون بکرانایـە. لـەو ماوەیشـدا فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی قاسم بۆمبـارانی نـاوچەکـە و ڕەشاشـبارانی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەیان دەکـرد کـە سـەرئەنجام دوای یـەک حـەوتوو ئاخریەکـەی پۆلیسـەکان توانیـان لـە بەشـی باشووری مەخفەرەکەوە کـە چـۆڵ بـوو و هێـزی پێشـمەرگەی لـێ نـەبوو هـەڵبێن بـۆ چوارتـا. کاتێ ڕۆژ بۆوە دوای چەند سەعات زانیمان کە پۆلیسەکان هـەڵاتوون و مەخفەرەکـە چۆڵـە. چووینە نێوی. هەندێ کەلوپەلی لێ بەجێمابوو کە شتێکی ئەوتۆ نەبوو. خەڵکی ئاواییمـان بانگکرد کە پاچ و کەرەسەی ڕووخێنەر بێنن بەڵکو بتوانین مەخفەرەکە بـڕووخێنین، بـەڵام بـــەهۆی قـــایمبوونی خانووەکـــە هیچمـــان بـــۆ نـــەکرا تـــەنیا ئـــەوە نـــەبێت کـــە دەرگـــا و

پەنجەرەکانمان دەرهێنان و دامان بە خەڵکی گوندی شیوەکەڵ. مەبەست لە ڕووخاندنی مەخفەرەکان ئەوە بوو کە ئێمە نەماندەتوانی لەبەر فرۆکە لە شوێنی ئاوا بەرچاودا بمێنینەوە و پێشمەرگەی لێدانێین، هەروها نەماندەویست شوێنەواری ڕێژیم بمێنێتەوە نەکا لە کاتێکی کتوپڕدا هێزی بۆ بهێنن و بچنەوە نێوی. دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە ناوچەی سیوەیل لەگەڵ پژدەری و پێشمەرگەکان گەڕاینەوە بۆ ناوچەی ماوەت. سیوەیلی خۆی و چەند خزمێکی وەک پێشمەرگە داییم لە خزمەتی گەل و نیشتماندا بوون. ناوبراو ئەو ڕێبازە پیرۆزەی درێژەپێدا و بەڵێنی خۆی بردەسەر تاکو ساڵی ١٩٧٩ لە ناوچەی بانە لەنێوان گوندی چیچۆران و کانیی مەلا ئەحمەددا بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەست دا. ئەو کاتە حکومەتی شا نەمابوو و حکومەتی ئیسلامی هاتبووەسەرکار. دەسەڵاتی شاری بانە بە شورای شار بوو کە بەرپرسەکەی شێخ جەلالی حوسێنی بوو. ناوبراو تەلەفۆن دەکات بۆ ئوستانداری سنە هەلیکۆپتەر دێت و ڕەوانەی نەخۆشخانەی تەورێز دەکرێت. دوای چەند ڕۆژ ئەیهێننەوە بۆ نەخۆشخانەی بانە و ڕۆژی ١٩٧٩/٩/١ بەهۆی کاریگەری زامەکانی کۆچی دوایی دەکات. جەنازەکەی دەبەنە گوندی گەرماو و لە بناری سوورکێو بەخاکی دەسپێرن. عەبدوڵڵا ئاغای مەرویٚ بەهۆی نەخۆشی نەیتوانی وەکو پێشمەرگەیەک خزمەت بکات، بەڵام تا کۆچی دوایی وەک مرۆڤێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بە شێوازەکانی دیکەی خەبات خزمەتی کرد بە پێشمەرگە و لە خزمەت گەلەکەیدا مایەوە. حاجی سەعیدی دێریٚ بەهۆی بەرزی تەمەن و نەخۆشی نەیتوانی لە ڕیزی پێشمەرگەدا خزمەت بکات بەڵام تا کۆچی دوایی بە دڵ و گیان لە خزمەتی گەل و شۆڕشدا بوو. شێخ عەبدولڕەحمانی سیریٚ تا کۆچی دوایی لەگەڵ گەل و شۆڕشدا بوو و لە خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی درێغی نەکرد. یادیان بەخێر و ڕۆحیان شاد.
دوای چەند ڕۆژێک لە ناوچەی سیوەیل، پژدەری بە سیوەیلی گوت ئێوە لە ناوچەی سیوەیل وەمێنن. منیش لەگەڵ پێشمەرگەکان دەچمەوە سەردانێکی سەرکردایەتی لە ناوچەی ماوەت دەکەم و لەوانەیە بەو زوانە بگەڕێینەوە و بەرەو ناوچەی پێنجوین بچین و جەولەیەکی سیاسی نیزامی بکەین. ئێمە لەگەڵ پژدەری بەرەو ناوچەی ماوەت ڕۆیشتین. چەند ڕۆژێکی پێچوو تا گەیشتینە بنکەی دڕی کە سدیقە ئەفەندی بەرپرسی بوو. پژدەری خۆی و چەند پێشمەرگەیەک کە هەموویان خزمی خۆی بوون ڕۆیشتن بۆ بنکەی مالومە بۆ چاوپێکەوتنی مەکتەبی سیاسی. من و میرزاشیان نارد بۆلای کوێخایەک بە ناوی عەلی شانی لە گوندی مارەڕەش. کوێخا عەلی پیاوێکی بەنفوز بوو. جەماعەتێک خزمی خۆی بە چەکەوە لە خزمەت شۆڕشدا بوون. چاودێری جادەی چوارتا - ماوەتی پێ سپێردرابوو. ئەو کاتە جادەکە بە ڕێگای گوندی مارەڕەشدا دەهات نەک ئەو جادەی کە ئێستا هەیە. جادەکانی ناوچەی شاربازێر ئەسفاڵت نەبوون. من و میرزا عەبدوڵڵا ئەو ماوە وەکو پێشمەرگە و هەروەها کاتب (نووسەر) لەلای کوێخا عەلی بووین. ئەو نامانەی بۆی دەهاتن بۆمان دەخوێندەوە و وەڵامەکەشمان بۆ دەنووسیەوە. جەماعەتەکەی پێیان دەگوتین ئێرانییەکان و بە چاوێکی نزم سەیریان دەکردین. ماوەی مانگێک لەویٚ ماینەوە. زۆرتر

پاسەوانیی شەوانە لە ئەستۆی ئێمە بوو. قورساییەکی زۆرمان لەسەرشان بوو. وەکی دیکەش بە چاوی ئێرانییەک کە لە بیری ئەواندا واتایەکی سووکی ئەدا و وەکو کەسێکی لاوەکی سەیرمان دەکرا. ڕۆژێک نامەیەک لەلایەن سدیقە ئەفەندیەوە هات بۆ کوێخا عەلی کە تێیدا نووسرابوو میرزا عەبدوڵڵا و ڕەشید بگەڕێنەوە بۆ بنکەی دڕی. ئێمە بە هاتنی ئەو نامەیە زۆر خۆشحاڵ بووین و خۆمان پێچایەوە و بەرەو بنکەی دڕی کەوتینە ڕێ. بۆ شەو گەیشتینە دڕی. بەیانییەکەی عەبدوڵڵا پژدەریمان بینی و ئاگاداری کردین کە لەم ڕۆژانەدا بەرەو ناوچەی پێنجوێن دەڕۆین. ئەم سەفەرەمان پێ خۆشتر بوو لە ژیانی مارەڕەش لەلای کوێخا عەلی. بەتایبەت میرزا زۆری بۆلای پێنجوێن پێ خۆش بوو. چەند خزم و هاوڕێیەکی لەوێ بوون. زۆرتر کاک میرزا دەیەویست هەر چۆنێک بێت لەو ناوچەدا خزمەت بکات نەک لە ناوچەی شاربازێر. دوای حەسانەوەیەکی چەندڕۆژە لە بنکەی دڕی لەگەڵ پژدەری و بیست پێشمەرگە بەرەو سەرا و میراوێ بۆ بەربناری گمۆ ڕێکەوتێن. تەواوی ڕۆژەکە بارانمان لێ باری. زۆر بە هیلاکی و ماندوویی گەیشتینە گوندی میراوێ. ڕۆژی دوایی چووینە لای شێخ عەبدولڕەحمانی سیرێ. لەوێشەوە بۆ شەو چووینە ماڵی سیوەیلی. دوو ڕۆژ ماینەوە تاکو سیوەیلی خۆی حازر بکات بۆ ناوچەی پێنجوێن. سیوەیلی خۆی و پێشمەرگەکانی حازر بوون کە تێکڕا نزیک بە سی پێشمەرگە دەبووین. بە بەربناری سیوەیل و بەرەو ناوچەی گۆڵێ ڕۆیشتین. دوای دوو ڕۆژان گەیشتینە گۆڵێ و چووینە ماڵی مەحموود بەگ. جەماعەتێک لە ئاوایی دامەزران. نزیک بە پازدە کەسیشمان چووینە ماڵی مەحموود بەگ. ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتی گرتین و ئامادەیی خۆی و کەسوکاری دەربڕی بۆ خزمەتی شۆڕش بە هەموو شێوەیەکی گونجاو. بەیانییەکەی ڕۆیشتین و بۆ شەو چووینە گوندی دارۆخان. جەماعەت هەموو چووینە دیوەخانی حەمەڕەشید خان. زۆر بەگەرمی و ڕێزەوە بەخێرهاتنی کردین. دەستکرا بە قسە و باسی شۆڕش. خان ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی شۆڕش ڕاگەیاند. دوای ئەو قسانە سیوەیلی منی وەک کوڕی مەجید خان و برازای سەلیم خانی بانە بە خان ناساند. ئەو دوو کەسایەتییە، واتە حەمەڕەشید خان و سەلیم خان ڕابووردوویەکیان بەیەکەوە هەبووە لە دەسەڵاتدارییەکەی بانەدا کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەکورتی ئەم باسە هاتووە. جارێکی دیکە بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و ئەملاولای ماچ کردم. منیش دەستم ماچ کرد و سوپاسم کرد. جەلال تاڵەبانیش بە هێزێکی گەورەوە گەیشتە دارۆخان. تاڵەبانی خۆی و جەماعەتەکەی ئەو شەوە لە دارۆخان و لە ماڵی خان مانەوە. جەماعەتی ئێمەش بۆ شەو چووینە گوندی کانیبی بۆلای عەبدوڵڵا بەگ کە برای بچوکی خان بوو. من و عەبدوڵڵا بەگ خێزانەکانمان خوشکی یەکترین. ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دانایین وەکو پێشمەرگە و وەکو خزم. زۆر لەمێژ بوو یەکترمان نەدیبوو. دیدارمان تازە کردەوە. ناوبراوان هەردووکیان چەند ساڵێکە کۆچی دواییان کردوە. ئەو ماوە لە ناوچەی شلێر بە هەموو ناوچەکەدا گەڕاین. لەو گەشتەدا چووینە گوندەکانی شەیانە و میشاو. ئەم دوو گوندە خاوەن مالات بوون و گەرمێن و کوێستانیان دەکرد. هاوینان دەچوونە هەوار بۆ

کوێستانەکانی کوردستانی ئێران و بەو هۆیەوە تەنیا لە وەرزی زستاندا کەڵکیان لە خانووەکانیان وەردەگرتن. ئەمە وای کردبوو کە زۆر حیسابیان بۆ خانوو نەدەکرد، بۆیە خانووەکانیان زۆر خراپ بوون. بۆ نمونە ماڵێک کە ئێمە میوانی بووین خانووەکەیان چواردەوری دیوار بوو بەڵام لە ناوەوە هەمووی بە کۆڵەکە دروست کرابوو و بەینەکەیان بە تەیمان بڕابۆوە و نێوانیان کرابوو. ئیتر ئاژەڵ و پاتاڵەکەیان و خۆیان هەر لەو خانووەدا دەژیان. بەینی ژوورەکان وا نەبوون کە لە دەنگی با و بۆنی ئاژەڵەکە بەرگری بکات. ئەوان بەم ژیانە ڕاهاتبوون. بەڵام بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو. شەو لە شەیانەدا نانیان بۆ هێنایین. ڕۆنەکەرێ و دۆیان بۆ دانایین. کە یەکەم پاروم لە ڕۆنەکەرێکە گرت مێشە تۆپاوێک دەرکەوت. ئەوم لادا کە میرزا نەیبینێ بەڵام پارووی دووەم مێشی دیکە دەرکەوتن. ئیتر هەردووکمان کشاینەوە و نانەکەمان بۆ نەخورا. هەر لەم دوو گوندەدا خانووی باشیش هەبوون. بۆ نمونە خانووی حەمەسدیق خان خانوویەکی ئەمڕۆیی بوو کە بە خشتی سوور دروست کرابوو و پەنجەرە و دەرگای باشی بۆ کرابوو. من خۆم نەچوومە ژووری ئەم خانووەوە بەڵام لە دەرەوەڕا دیار بوو کە خۆشە و بۆ ژیان دەبێت. ئەو گوندانەی دەچووین پڕدەری قسە و باسی شۆڕش و مافی گەلی کوردانی بۆ دەکردن و خەڵکی لە هەلومەرجی سەردەم هۆشیار دەکردەوە. قەزای پێنجوێنیش وەکو هەموو قەزاکانی تر چەند مەخفەری پۆلیسی لەنێو گوندەکاندا هەبوون. ئەوەی من بزانم مەخفەری قزڵجە یەکێک لەو چەند مەخفەرانە بوو کە بۆ ئێمە داندرا بیگرین و پۆلیسەکانی چەک بکەین. هەروەک لە جێگای دیکەشدا باسم کردووە بەشی زۆری مەخفەرەکان لە چیمەنتۆ دروست کرابوون کە بەو ئیمکاناتەی پێشمەرگە هیچیان لەگەڵ نەدەکرا تەنیا ئابڵۆقەدان و ماندووکردن کە ناچاری ئەوە بوونایە شەوێک بە گۆشەیەکدا هەڵاتنایە. ئێمەش ئەم شێوە هەڵاتنەی پۆلیسەکانمان پێ چاکتر بوو لە کوشتن لە هەردوو لا، لەبەر ئەوە پۆلیسەکانیش هەموو کورد بوون و بەشی زۆریشیان خزم و کەسوکاریان لەگەڵ شۆڕشدا بوون. پۆلیسەکان بەشی زۆریان خەڵکی نێو قەزاکان بوون. دانیشتوانی ناوچەکانیش بە هەموو چین و توێژەکانییەوە هاوکار و دڵسۆزی شۆڕش بوون. پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە ئەو ماوە وەرزێکی بارانی بوو و لە تەواوی ئەو مانگەدا لە ناوچەی پێنجوێن ڕۆژ نەبوو چەند سەعات بارانمان لێ نەبارێ لە هاتوچووی نێوان ڕێگای دێهاتاکاندا، کە بەڕاستی تەڕبوونی جلوبەرگ و وشککردنەوە و چەوەرکردنی چەکەکانمان هەموو ڕۆژێک کارێکی زەحمەت و ناخۆش بوو. دوای ئەم گەشتانە و بە دیتنی کەسایەتییەکانی ناوچەکە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە نەخشەی گرتنی پێنجوێن داڕێژرا. بەرەکانی شەڕیان بەم شێوەیە ڕێکخست: لە سەرەتای پردی ناوپارێز تا بەرزاییەکانی ملەکەوە پێشمەرگە سەنگەربەندی کرد. پێم خۆشە ئەم پردەی ناوپارێز کە ناوێکی دیکەی ناوچەیی هەیە باسێکی لەسەر بکەم. خولە پیزە خەڵکی گوندی چەمیاڵەی سەر بە قەزای شارباژێر بووە. ناوبراو پیاوێکی هەژار و زەحمەتکێش بووە، لە دەست ئەزیەت و ئازاری پۆلیسی حکومەتی سەردەمی مەلیک فەیسەل وەزاڵە هاتووە. ڕۆژێک

باشچاوەشێک بە ناوی حەمەئەمین بانیشاری بە چەند پۆلیسەوە دچێت بۆ گرتنی خولە پیزە. ئەویش نایەوێت خۆی بەدەستەوە بدات. دوای دەمەقاڵەیەک باشچاوەشەکە دەکوژێت و هەڵدێت. خولە پیزە قاچاخ دەبێ. بەردەوام پۆلیس بەدواوەین کە بیگرن بەڵام ئەو چەند ساڵ بەرانبەر هەموو پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕادەوەستێ و بەربەرەکانی دەکات. لەو ماوەیەدا دەیان پۆلیسی کوشتن. ڕۆژێک خولە پیزە لەسەر ئەم پردی ناوپارێز کاربەدەستێکی حکومەت دەکوژێ. بەدوای ئەوەدا خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوچەیە بۆ خۆشی و قسەی نەستەق بەرامبەر بە حکومەت ناوی ئەو پردەیان نا پردی بێ مەحکەمە. جەماعەتی خولە پیزە بریتی بوو لە چەند برا و خزمی خۆی کە دوای چەند ساڵ شەڕ و لێکدان لەگەڵ پۆلیسی قەزای پێنجوێن و شاربازێڕ لە شەڕێکی زۆر قورسدا لە کێوی کەتو بەرامبەر چوارتا - کە دەکرێت بڵێم بە وتەی براکانی کە من لە خەڵکم بیستووە گوایە دوایین گوللەی ئەو شەڕە دەبێ کە لێی ئەدرێ و دەکوژرێت. دوای ئەویش چەند ساڵ براکانی درێژەیان بەو بەربەرەکانییە دا کە لە ئاکامدا هەموویان تێداچوون. بگەڕێینەوە لای بەرەکانی شەڕی پێنجوێن. لە بەری باکووری جادەکە ڕاست لە ئاستی ئەم پردە تاکو بەرزاییەکانی سەرێ جەماعەتی پێشمەرگەی سیوەیلی سەنگەربەندیمان کرد. پۆدەری بۆ بەهێزبوونی ئەو سەنگەرانە من و میرزا و چەند پێشمەرگەیەکی لە جەماعەتی خۆی ناردینە لای سیوەیلی. خۆیشی بە جەماعەتێکەوە چووە بەرامبەری ئێمە لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ گەدرون کە پێش هەڵگیرسانی شۆڕش بەرپرسی نەقابەی جوتیارانی سلێمانی بوو، سەنگەربەندییان کرد. تێبینی: ئەو کاتە پێشمەرگە بەتەواوی ڕێک نەخرابوو و زۆربەی هەر بە ناوی جەماعەتی فلان و فلان ناودەبران، بۆیە منیش ناچارم هەر بەو ناوە ناویان بهێنم. باقی ئەو کێوانەی کە بەسەر جادەکەدا دەیانڕوانی بە جەماعەتی عەشایەرەکانی پێنجوێن و چەند کەسایەتییەکی دیکە، یەک لەوان عارف قەرەچەتانی، سپێردران. جادەش بە بەردەمی هەموو ئەو سەنگەرانەدا دەڕۆیی بۆ بەرزایەکانی ملەکەوە بەرەو پێنجوێن. لە ملەکەوەوە شاری پێنجوێن دیارە، دەکرێت بڵێم چەند کیلۆمەتر ڕێگا زیاتر نییە. زۆرمان هەوڵدا کە پردەکە بتەقێنینەوە بۆ ئەوە سوپای عێراقی نەتوانێ تانك و کەرەسەی شەڕی بەسەردا بێنێ و ئێمەش بتوانین هەر لەو شوێنەدا بەری پێبگرین. ئەو شوێنە باشترین جێگا بوو بۆ لێدانی سوپا و تێکشکاندنی بەڵام بەهۆی نەبوونی کەرەسەی پێویست پردەکەمان بۆ خراپ نەکرا و هەوڵەکەمان سەرکەوتوو نەبوو. پردەکە زۆر قایم بوو، بە چیمەنتۆ و ئاسن دروست کرابوو کە بۆ کاتێکی ئاوا کتوپرێش دەستمان بە کەرەسەی پێویست ڕانەدەگەیی چونکە زووتر بەهۆی بێ ئەزمونی لە شەڕ بیرمان لە شتێکی وا نەکردبۆوە. لە لایەکی دیکەشەوە جەلال تاڵەبانی و حەمەڕەشید خان و چەند کەسایەتییەکی ناوچەی پێنجوێن ئابلۆقەی شاری پێنجوێنیان دابوو کە توانیان بە ماوەی چەند حەوتوو دەست بەسەر هەموو ئیداراتی نێو شاردا بگرن. ئەوەی گرنگ بوو مەرکەزی پۆلیس بوو کە بە سەد و پەنجا پۆلیسەوە بەرگری لە خۆی دەکرد. دەکرێت بڵێم ئەم ئابلۆقەی پێنجوێن و ڕێگای ناوپارێز- ملەکەوە نزیک بە سێ حەوتووی کێشا. جێگای

ئامادەیە کەسێک بە ناوی شێخ نەسروڵڵا خەڵکی ناوپارێز کە زووتر پێش هاتنی سوپای عێراقی هاتوچووی سەنگەرەکانی ئێمە و پێشمەرگەکانی دەکرد و نان و ئاوی بۆ پێشمەرگە دەهێنا و خزمەتی دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە خۆی بە میری فرۆشتبوو و دەنگوباس و نەخشەی ئەو سەنگەرانەی هەموو دابوو بە دوژمن. ئەوە بوو بە پێچەوانەی بەرنامەی ئێمە کە پێمان وابوو هێزی میری بە جادەدا دێت و بەرەو پێنجوێن ئەڕوات، ئێمەش کە نەمانتوانی پردەکە بڕوخێنین بڕیارمان وا بوو تا سەرەتای کاروانی عەسکەری نەگاتە ملەکەوە تەقەی لێ نەکەین ئەو کات لە پێش و پاشی قافڵەکە بدەین. ئەگەر ئاوا بوایە بێگومان سەرکەتوو دەبووین بەڵام وا دەرنەچوو. ئەوە بوو ئێوارەیەک سێ فەوج سوپای عێراقی بە هەموو کەرەسەیەکی شەڕەوە وەک دەیان تانك و تۆپ و زرێپۆش و چەکی قورسی دیکەوە بە پشتیوانی فرۆکە شەڕکەرەکانی گەیشتە ناوپارێز. شەو لەوێ مایەوە. لە ئێمەوە دیار نەبوون بەڵام گوێمان لە دەنگی سەیارەکانیان بوو. چاوەڕوانیمان دەکرد بۆ بەیانییەکەی بە جادەدا بێت و لێی بدەین بەڵام بە پێچەوانە هەر ئەو شەوە بەشێک لە عەسکەر بە پێیان بە هەردوو بەری کێوەکەدا چوبوونە پشت سەنگەرەکانی ئێمە و سەنگەرەکانی پژدەری و مەلا ڕەسوڵەوە. کاتێک دۆست و دوژمن لێک دەکرایەوە دروست لە پشتی سەنگەرەکانی ئێمە دەنگی عەسکەر دەهات. لە هەمان کاتدا تانکەکان گەیشتنە سەر پردەکە. هەوا ڕووناک بووبۆوە. فڕۆکە شەڕکەرەکانیان هاتنەسەر ئاسمانی پێنجوێن و سەر سەنگەرەکانی ئێمە و بەتەواوی کەوتینە ژێر بۆمبارانی مووشەک و ڕەشاشباران. لە لایەکی دیکەوە تانکەکان لە پردەکە پەڕینەوە و هەردوو بەری جادەکە و سەنگەرەکانی ئێمەیان تۆپباران دەکرد. لە ناوپارێزیشەوە بە تۆپی گەورە لێمان ئەدرا. سەرمان لێشێوا و وەك پێویست نەمانتوانی پێش بە هاتنی عەسکەر بگرین، لەبەر ئەوە خۆمان بۆ شەڕێکی ئاوا ئامادە نەکردبوو و ئەزمونی شەڕی بەو شێوە قورسمان نەبوو و چاوەڕوانی وەزعێکی وامان نەدەکرد. لە یەکەمین دەسپێکی شەڕدا عەسکەر گەیشتە سەر سەنگەرەکانی مەلا ڕەسوڵ و هاوڕێیانی و مەلا ڕەسوڵ و سێ پێشمەرگە شەهید کران. ئێمە بە چاوی خۆمان دیتمان عەسکەر چوونە نێو سەنگەرەکانیان و چەکەکانیان هەڵگرتن. دوای ئەوە عەسکەرەکان بەرەو سەنگەرەکانی دیکە هێرشان هێنا بەڵام کاتێ کە هێزی پێشمەرگە هەلومەرجی شەڕەکەی بە قازانجی خۆی نەبینی پاشەکشەیان کرد. بەدوای شەهیدبوونی هاوڕێیان نۆبە گەیشتە سەر ئێمە. بەڕاستی کە دیمان عەسکەر لە پشت سەنگەرەکانمانەوە دەیانەوێ بەسەر ئێمەدا بێنە خوارەوە، لە هەموو لایەکیشەوە کەوتینە بەر ڕێژنەی تۆپباران و بۆمبارانی فڕۆکەکان، تەنیا ڕێگایەک کە بۆ ئێمە مابۆوە ئەوە بوو کە خۆمان دەرباز بکەین. سەنگەری سیوەلی بە چەند مەترێک لەپێش سەنگەری من و میرزاوە بوو. کاتێک کە هەستمان کرد شەڕ بەو شێوەیە گەرمە و لایەنی پێشمەرگە لاوازە خۆمان مات کردەوە بەڵام چاوەڕوانی وەزعێکی باشمان نەدەکرد، بۆیە چەند جار بانگی سیوەیلیمان کرد، وەڵام نەبوو. دیار بوو زووتر هەستابوون و سەنگەرەکانیان بەجێهێشتبوون و بەرەو لوتکەی کێوەکە هەڵخزابوون و لە مەیدانی شەڕ دوور

کەوتبوونەوە. قسەم نییە کە ئەو ڕۆیشتنە بۆ هەلومەرجی ئێمە و لەدەستدانی تاکتیکی شەڕ کارێکی دروست بوو چونکە مانەوەمان لەو جێگایە کە توانایی بەرگریمان نەمابوو غەیری خۆبەکوشتدان هیچ سوودێکی دیکەی نەبوو بەڵکو ئەگەری تێداچوونیشمان نزیک بوو. کاتێ من و میرزا ئاگاداری وەزعی هاوڕێیان بووین ئێمەش بڕیارمان دا بەرەو بەرزایی کێوەکە پاشەکشە بکەین. لەو کاتەشدا لە هەموو لایەکەوە بە هەموو جۆرە چەکێک تەقە لەو سەنگەرانەی ئێمە دەکرا لەبەر ئەوە دوژمن دەیزانی لەو شوێنانەدا پێشمەرگەی لێیە. لە شانسی ئێمە دارەکان پڕگەڵا بوون، گیایەکیش بە ناوی مێژوەرد کە زۆر پەل و پۆ دەهاوێژی و زەوی دائەپۆشێ، بە زۆری زەوییەکەی داپۆشیبوو کە بۆ دەربازبوونی ئێمە یارمەتییەکی باش بوو. ئەوە بوو ئێمەش هاتینە دەر لە سەنگەرەکەمان و لە پێشەوە هەندێک لابەلا ڕۆیشتین لەبەر ئەوە عەسکەرەکان لە پشتمانەوە بوون، ئەوجار دوای ماوەیەک بەرەو بەرزایی کێوەکە هەڵکشاین بە هەڵاتن بندار و بندار و جاروبار خۆماتدان خۆمان دەرباز کرد. لەو ماوەدا من لە پێش میرزاوە ئەڕۆیشتم، دوای ماوەیەک ئاوڕم دایەوە میرزا دیار نەبوو. زۆرم ڕوانی نەمدی. ماوەیەک دانیشتم بە چاوەڕوانی میرزا هەر دیار نەبوو. هەندێک لەبەر خۆمەوە بانگم کرد میرزا، میرزا، نە دەنگی بوو نە ڕەنگ. لە میرزا بێ هیوا بووم. پێم وا بوو بە لایەکی دیکەدا ڕۆیشتووە یان شەهید بووە. ناچار بەتەنیا کەوتمە ڕێ. کاتێ گەیشتمە سەر دوایین لوتکەی کێوی کانی مانگا دیتم سیوەیلی و پێشمەرگەکانی لەوێ دانیشتوون. کاتێ سیوەیلی منی دیت زۆر خۆشحاڵ بوو و هات بەپیرمەوە و ئەملاولای ماچ کردم. منیش سوپاسم کرد و گلەیشم لێکرد. پێمگوت کاکی برا، کاتێ تۆ ڕۆیشتی بۆ ئێمەت ئاگادار نەکرد؟ لە وەڵامدا گوتی بەڕاستی پێم سەڵاح نەبوو کە بە دەنگی بەرز بانگتان بکەم لەبەر ئەوە عەسکەرەکان زۆرمان لێ نزیک بوون. گوتم لەوانەیە گوێیان لە دەنگمان بێت و بمانبینن. بەڵام باوەڕ بکە چەند جار بە هێواشی بانگم کردن، پێم وا بوو کە گوێتان لێبووە و گوتم ئەوانیش بەدواماندا دێن. پرسی ئەی کاک میرزا کوا؟ گوتم ئێمەش هەستمان کرد کە ئێوە لەوێ نەماون هەستاین و بەرەو بەرزایی کێوەکە ڕۆیشتین، من لە پێشەوە بووم و میرزایش بەدوامدا دەهات. دوای ماوەیەک ئاوڕم دایەوە میرزا دیار نەبوو. ئێستا گومانی ئەوەم هەیە کە شەهید بووبێت چونکە گوللە زۆر لەملاولامانەوە ئەدرا. هیوادارم بە لایەکی دیکەدا دەرباز بووبێت و هیچی لێ نەهاتبێت. بەدوای ئەم وەزعە کە بەسەرماندا هات، چەند سەعاتێک ڕۆژی مابوو بە دووربین سەیرمان کرد تانك و زیلی عەسکەری گەیوەتە ملەکەوە و پێشمەرگەش لە هەموو بەرەکانی شەڕدا پاشەکشەی کردووە و بەرگری نەماوە. سوپا ئەو شەوە لە ملەکەوە مایەوە. ئێمەش بەڕاستی ناهومێد بووین لە وەزعی پێنجوێن. بیرمان لەوە دەکردەوە مەرکەزی پۆلیس کە تا ئێستا تەسلیم نەبووە ئێستاش هێزی یارمەتیدەر گەیوەتە پەنایەوە، بێگومان تازە تەسلیم نابێ. ئەو ماوە سێ حەوتوویییە ڕەنجێکی بێ ئاکاممان کێشا. لەنێو ئەم بیرکردنەوەدا ڕۆیشتین بەرەو گوندی گەوڕان (لەسەر ناوی ئەم گوندە گومانم هەیە ئاخۆ ڕاستە یان نا؟) زۆر ماندوو و بێ حەواس بووین

لەوەی کە ڕێگامان چۆڵ کردووە و شکاوین لە جەبهەدا و ئاگامان لە وەزعی پێنجوێن نەماوە و نازانین بارودۆخی ئەوێ چۆنە. کات ئێوارێ بوو. لەبەردەم مزگەوتی ئاواییدا ڕاوەستابووین. کەسێکمان بینی بە جلوبەرگی پۆلیسی‌یەوە. زۆرمان بۆ سەیر بوو. بە گورجی بەرەوڕووی ڕۆیشتین و پرسیارمان لێکرد تۆ بەم جلوبەرگەوە چ دەکەی و بۆ کوێ دەچیت؟ لە وەڵامدا گوتی من لە پۆلیسەکانی پێنجوێنم. شەوی ڕابوردوو ئێمە هەموو پۆلیسەکان لە مەرکەزی شورتە کە نزیک بە سەد و پەنجا پۆلیس بووین بە بەرپرسایەتی معاون کەمال شێخ غەریب تەسلیمی هێزی پێشمەرگە و جەلال تاڵەبانی بووین. ئەوەش نامەی پێشمەرگەیە کە داویانمێ کە کەس ڕێگام لێ نەگرێت و دەچمەوە بۆ ماڵی خۆمان لە ناوچەی شاربازێر و ئازاد کراوم. من یەکێک لەو پۆلیسانەم کە وەرەقەم وەرگرتووە و دەمەوێ بچمەوە ماڵی خۆم. هەر پۆلیسێکیش پێی خۆش بووبێت بە چەکی پۆلیسییەکەیەوە بۆتە پێشمەرگە. هەروەها سوپاسی شۆڕش دەکەم کە مەعاشی سێ مانگیشیان بە هەموو پۆلیسەکان داوە لەو برە پارەی کە لە بانکدا هەبوو. ئەوەندەی من بزانم زیاتر لە دە هەزار دینار بوو. بەڕاستی نازانم باسی خۆشی ئەو هەواڵە چۆن بکەم کە بۆ ئێمە چەندە خۆش بوو. بوو بە هۆی حەسانەوەمان. بەیانی هەندێ نان و پێخۆرمان هەڵگرت و بەرەو بەرزاییەکانی کێوی تاریەر ڕێکەوتین. تا ئێوارە لەو کێوەماینەوە. بە دووربین تەماشای پێنجوێن‌مان دەکرد. سوپا داخڵی شار بووبوو. بەشێکیشی لە ملەکەوە مایەوە و بەشێکی لە دەوروبەری شار خەریکی سەنگەرهەڵکەندن بوون بە بلدۆزەر. خەڵکی شار لەو ڕۆژانەدا کە عەسکەر چووە نێو پێنجوێن، بەتەواوی شاریان چۆڵ کردبوو. بۆ ئێوارەکەی چووینە گوندێک کە ناوەکەیەم لە بیر نەماوە. کاتێ گەیشتینە ئاوایی، پژدەری بە خۆی و پێشمەرگەکانییەوە لەو گوندە بوو. لە بینینی یەکتر زۆر خۆشحاڵ بووین. پژدەری باسی گیرانی پێنجوێن و دەسکەوتێکی زۆری چەک و تەقەمەنی، مەوادی خواردەمەنی و پارەی بۆ کردین. لەوەش خۆشتر ئەوە بوو کە لەنێو شاری پێنجوێن لە ماوەی ئەو شەڕەدا هیچ خەسارێکی گیانی نەبوو. ئێوارە لە ماڵان دامەزراین. بۆ خەو هەمووما‌ن هاتینەوە مزگەوت بەڵام پژدەری و سیوەیلی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا لە ماڵێک مانەوە بۆ خەو. ئێمە هێشتا نەنووستبووین هەر ئەوەندەم زانی کاک میرزا هاتە ژوورێ. زۆر خۆشحاڵ بووم. بەرەوپیری چووم و یەکترمان ماچ کرد و دانیشتین. جەماعەت هەموو بەخێرهاتنیان کرد و هەموو لایەک زۆر خۆشحاڵ بووین. میرزا چەکەکەی پێ نەبوو. لێم پرسی کوا چەکەکەت؟ گریا، زۆر ناڕەحەت بوو. تا چەند دەقیقە وەڵامی بۆ نەدرایەوە. دوایی گوتی کاتێ لەگەڵ تۆ سەرکەوتین دوای ماوەیەک هەستم کرد کە ناتوانم بڕۆم و دڵم خەریکە دەوەستێ. ناچار تفەنگ و فیشەکدانەکەم لە گیا مێژوەردەکانا شاردەوە و خۆیشم چوومە سەر دارێکی پڕ گەڵا و خۆم مات کرد و چاوەڕوانی قەزا و قەدەر بووم. عەسکەرەکان بە دەوروبەرمدا هاتن و ڕۆیشتن. دوای چەند سەعات عەسکەر و تانك و زیلە نەفەرهەڵگرەکان هەموویان گەیشتنە ملەکەوە. منیش ئەودەم لە دارەکە هاتمە خوارەوە و چوومە گوندێک کە ناوەکەی نازانم. نەیشمدەوێرا لە کەس پرسیاری پێشمەرگە بکەم. ئەم

گوند و ئەو گوندم کرد تا ڕێکەوت هاتم بۆ ئێرە و ئێوەم دۆزیەوە. تفنگەکەشم نەوێرا بهێنم چونکە تەنیا بووم و لە وەزعیەتی ئێوەش بێ خەبەر بووم. بۆ بەیانییەکەی چووین بۆلای پژدەری. میرزا خۆی وەزعەکەی بۆ گێڕایەوە، بەڵام شتێکی چاوەڕواننەکراو ئەوە بوو کە پژدەری لەجیاتی خۆشحاڵی دەربڕین کە میرزا بە سڵامەتی گەڕاوەتەوە بە پێچەوانە زۆر بە شێوەیەکی ناشرین و دوور لە ئاکاری مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ دەستیکرد بە قسە گوتن بە کاک میرزا کە بوو بە هۆی ناڕەحەتی هەردووکمان. پژدەری یەکێک لە قسەکانی ئەوە بوو گوتی تۆ درۆ دەکەی، تفەنگەکەت فرۆشتووە، تا سبەینێ نەیهێنیەوە، ئەتنێرم بۆ بەندیخانەی کێوەڕەش لای ماوەت. لە وەڵامدا میرزا گوتی ئەو چاوەڕوانییەم لە تۆ نەبوو کە بەو شێوە ناڕەوایە هێرشت کردە سەرم. ئێستاش ئیجازە بدە با کاک ڕەشید بێت لەگەڵم، دڵنیام تفەنگەکەم هەر لەو شوێنەیە کە دامناوە، ئەچم دەیهێنمەوە. گوتی کاک ڕەشید کەیفی خۆیەتی، ئەتوانێ بێت لەگەڵتا. ئیتر دووبەدوو چووین بۆ شوێنی تفەنگەکەی. بەخۆشییەوە زوو چووینە سەر شوێنەکە و دۆزیمانەوە. گەڕاینەوە بۆلای پەژدەری. کاک میرزا تفەنگەکەی لەبەردەم پژدەری دانا و ڕووی تێکرد و گوتی من وەک پیاوێکی شۆڕشگێڕ لە بەشێکی دیکەی کوردستانەوە هاتوومە ئێرە و پڕ بە دڵیش وەکو ویستی خۆم پێم خۆش بوو لەم شۆڕشە پیرۆزەدا بەشداری بکەم بەڵام بۆم دەرکەوت کە من وەک کەسێکی لاوەکی و بە چاوێکی دیکە سەیر دەکرێم بۆیە ئەگەر بڕیاریش بێت لە شۆڕشدا بەشدار بم لەگەڵ کەسێکی وەک تۆدا نابم کە فەرماندەم بێت. پێم خۆشە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت هەندێ بحەسێمەوە و دەڕۆم بۆلای خزمەکانم لە کانی میران. ئەم قسانەی کاک میرزا کاریگەری زۆری لەسەر پژدەری دانا. پژدەری لە قسەکانی ڕۆژی پێشووی پەشیمان بوو، بۆیە بە گەرمی کەوتە قسە لەگەڵ میرزا. لە قسەکانی ڕابووردووی کە گوتبوونی پەشیمانی لێ دیار بوو. بەڵام ئیتر سوودی نەبوو. قسەکانی ڕێوشوێنی خراپی لەسەر میرزا دانابوو. میرزا خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. دوای ڕۆیشتنی میرزا کەوتمە حاڵەتێکی دوودڵیەوە کە پێم وا بوو ڕۆژێکیش من بە شێوەیەکی دیکە و لە کاتێکی دیکەدا تووشی ئەو بێحورمەتییە دەبم کە بە میرزا کرا. لەڕاستیدا ئاکامی ئەو شۆڕشە پاداشی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی هەر یەک بە شێوەیەک و لە زەمانێکی تایبەتدا زۆر بە خراپی دایەوە. کەسانێک شەهید کران و بێحورمەتی بە زۆرانیش کرا و زۆر کەسیش تەسلیمی ئێران کرانەوە کە ساڵیانێك لە بەندیخانەی دوژمندا مانەوە. لە ماوەیەکدا بڵاوە بەو شۆڕشگێڕانە کرا کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوونە نێو شۆڕشی کوردستانی باشوورەوە. ئەم قۆناغەش تێپەڕی و گەڕاینەوە بەرەو گوندی زیبیە. زووتر باسی کاک فەتاح، کوڕی کاک حەمەئەمین ئاغای زیبیەم کردبوو کە مامۆستا بوو لە گوندی باسنێ. دوای ئەو هێرشەی کرایە سەرمان لەلایەن ساواکەوە، ژمارەیەک لە هاوڕێیان کە پێشتر ناویان هاتووە وەک پەنابەری سیاسی، پەنامان برد بۆ حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم. یەکەم شەو بوو لە کوردستانی باشوور میوانی کاک فەتاح بووم لە گوندی باسنێ لە پاییزی ١٩٥٩دا. زۆرم پێ خۆش بوو کە دوبارە کاک فەتاحم بینیەوە. بەڵام زەمانێک

تێپەڕیبوو و لە نێوان ئەم دوو دیدارەدا زۆر شت گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو. قسە و باسەکان جیاوازیان هەبوو. ئەو کاتە وەک پەنابەرێک ڕووم کردبووە حکومەتەکەی قاسم بە هیوا و هومێدێک بە دوارۆژی ئەو حکومەتە کە بە دۆستی گەلی کورد ئەناسرا، بەڵام ئێستا وەک شۆڕشگێڕێک چەکم پێیە و بەرامبەر سوپاکەی قاسم شەڕ دەکەم بۆ مافی گەلە بەشخوراوەکەم. لەلایەکی دیکەوە کاک فەتاح ئەودەم مامۆستا و مووچەخۆری ئەو حکومەتە بوو کە وا ئێستاش خۆی ئامادە دەکا بۆ بەشداری لە شۆڕشدا. کاک فەتاح زۆر خۆشحاڵ بوو بە چوونم بۆ زییە. ئەو شەوە دەربارەی شۆڕشی نوێی کوردان قسە دەکرا. خۆی و چەند برایەکی لەگەڵ خزمەکانی ئامادە کردبوون بۆ بەشداری لە شۆڕشدا. هەر بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ ئێمە هات بەسەر ڕێگای چوارتا - پێنجوێن کە دەنگی ئەوە هەبوو هێزێکی دیکەی عەسکەری لە ڕێگای چوارتاوە بە کێوی تاریەردا بچێت بۆ پێنجوێن و ناوچەکەش بە تەواوی بخاتەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. گرتنەوەی ئەو جادە و ناوچەیە زۆر بە گران بۆ شۆڕش تەواو دەبوو. بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریان دا کە بە هەر نرخێك بێت بەرگری بکرێت و نەهێڵن حکومەت ئەو جادەیە بگرێت. تەواوی ئەو ڕێگایەمان سەنگەربەندی کرد بۆ بەرگریکردن لە هاتنی هێزی میری. خەڵکی ناوچەکەش بە هەموو گیانێکەوە یارمەتییان ئەداین؛ بە چەک و خواردنی خۆیان خزمەتی شۆڕشیان دەکرد و لەگەڵ پێشمەرگەدا بوون. خەڵك بە ناوی هێزی بەرگری لە سەنگەری شۆڕشدا بەشدار بوو. دوای چەند ڕۆژ پەیامان لە سەرکردایەتییەوە بۆ هات کە ئەو هەواڵە ڕاست نییە و ئێستا هێزی میری ئەو توانایی نییە کە هێرشی ئاوا بکات. ئەو چەند ڕۆژە کاک فەتاح بە چەکوچۆڵەی خۆیەوە لەگەڵ برا و خزمەکانی هاوبەشی و پاسەوانی و چاودێری ڕێگای چوارتا - پێنجوێنی لەگەڵدا کردین. ئەوی من بزانم کاک فەتاح بەهۆی دڵسۆزی و هەستی نیشتمانپەروەرییەوە چالاکانە هاتە مەیدانی شۆڕشەوە و توانی بەهۆی ئازایەتی و لەخۆبوردوویی دوای ماوەیەک بگاتە پلەی فەرماندە هێزی خەبات کە بەشێکی زۆری ناوچەی سلێمانی دەگرتەوە. بەدوای ڕووداوی پێجوێندا کاروباری پێشمەرگە لە ناوچەی پێنجوێن و شاربازێڕ ڕێکخرا. کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکان لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بەشداری شۆڕشیان کرد و هێزی پێشمەرگەیان پێکهێنا. هەر ناوچەیە بۆخۆی ئیدارەی خۆی بەدەستەوە بوو. جەماعەتی پێشمەرگەی پژدەری و سیوەیلی بەرەو سیوەیل و ماوەت گەڕانەوە. سیوەیلی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار و پارێزگاری لە ناوچەکە مایەوە. منیش وەک پێشمەرگەیەک لەگەڵ پێشمەرگەکانی پژدەری ئەرکی پێشمەرگایەتیم بەڕێوە دەبرد. لەگەڵ جەماعەتی پژدەری بەرەو بنکەی دڕی لە ناوچەی ماوەت گەڕاینەوە. دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە پژدەری بۆ سەردانی ماڵ و منداڵی گەڕایەوە بۆ گوندی بیناسی لە ناوچەی پژدەر. منیش لەلای سدیق ئەفەندی، بەرپرسی بنکەی دڕی، مامەوە. چەند ڕۆژێکی پێچوو سدیق ئەفەندی بانگی کردم و گوتی پێم باشە بچیتەوە لای کویخا عەلی لە مارەڕەش. ئەو بڕیارەی سدیق ئەفەندی بۆ من چاوەڕوانکراو نەبوو کە بۆ جاری دووەم بمنێرنەوە بۆلای کوێخا عەلی. بەڕاستی زۆرم بۆ گران بوو، بۆیە ئیتر بەو ئاکامە گەیشتم کە من ناتوانم

لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا کار بکەم. منیش وەک میرزا گەیشتمە کۆتایی خەت. لە وەڵامی سدیق ئەفەندیدا گوتم پێم خۆش نییە و ناچم بۆلای کوێخا عەلی، هەتا جەولە و شەڕ و ماندووبوون بێت من دەبێ لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەدا بڕۆم بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ ناوچەکانی سیوەیل و پێنجوێن، هەر کاتێکیش هاتینەوە ئێرە دەبێ بچم بۆلای کوێخا عەلی بۆسەر جادە و تفنگچییەکانیشی پێم بڵێن ئێرانییەکە. لە وەڵامدا گوتی هەر ئەوەیە، دەبێ بچی، ئەمری شۆڕشە! چەکەکەم لە خۆم کردەوە و لەبەردەمیدا دامنا و گوتم فەرموو، ئەمەش بڕیاری شۆڕشگێڕێکە! ڕەسیدێکی چەکەکەم بدەرێ، چونکە من ناتوانم بەو شێوەیە بەشداری شۆڕش بم. ئەویش هیچ لێی نەوەستا و ڕەسیدی تفەنگەکەی دامێ. خواحافیزەم کرد و بەرەو گوندی مەروێ بۆ ماڵی عەبدوڵڵا ئاغا گەڕامەوە.

## ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە ژیاندا

دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە شەوێک بە نهێنی چوومەوە بۆ کیوەرۆ بۆلای ژن و منداڵەکانم و دایکم. لەگەڵ دایکی منداڵەکانم قسەم کرد و پێمگوت دەمەوێ بتانبەم بۆ مەروێ و ماڵێک لەوێ بۆ خۆمان پێکەوەنێین و لەوە زیاتر لێک دانەبڕێین. ئەویش ئەم پێشنیارەی پێخۆش بوو و ڕازی بوو. ناردم بەدوای کاک مستەفای سۆفی مینە، کۆنە هاوڕێم، کە ماوەیەک لە سلێمانی بەیەکەوە بووین. ناوبراو پیاوێکی ڕاستگۆ و دروستکار بوو، جێگای متمانەی خەڵکی ئاوایی بوو. داوام لێکرد کە کەلوپەل و زیندوو و مردوو چیمان هەیە لە نێوان من دایکم و کەریمی برامدا بەش بکات. لە واژەی زیندوو مەبەستم لە ئاژەڵ و مەڕوماڵاتە. کاک مستەفام کردە وەکیلی خۆم کە دوای ڕۆیشتنەوەم بۆ مەروێ ڕۆژێک ئەم کارەمان بۆ بکات و دوایی دایکم ماڵ و خێزانەکەم بۆ ڕەوانەی مەروێ بکات. جێی ئاماژەیە لەو ماوەدا کە من لە وڵات نەبووم ئیسلاحاتی ئەرزی لە ناوچەی بانە کرابوو و گوندی کیوەرۆیش وەک هەموو گوندەکانی دیکە بەسەر جوتیاراندا بەش کرابوو. هەندێ زەویمان بە ناوی (موستسنیات) واتە تایبەتی، بۆ جیاکرابۆوە کە بە کرێکار ڕەنێومان دێنا و لەو زەویانە کەمێکمان داهات هەبوو کە داهاتی ئەو کاتەی ئێمە تەنیا ئەوە بوو کە دەبوو قەناعەتمان پێ بکردایە. کاتێ چوومەوە مەروێ داوام لە عەبدوڵڵا ئاغا کرد خانوویەکم بۆ پەیدا بکات. ئەویش گوتی هەروەک ئاگاداری، کاک سەلیمی ئامۆزام ماڵەکەی چۆتە ناوچەی سەردەشت، نامەیەکی بۆ دەنێرم و داوای لێ دەکەم کە خانووەکەمان بداتێ. عەبدوڵڵا ئاغا نامەیەکی بۆ سەلیم ئاغا نووسی و وەڵام ئەوە بوو کە خانوو خانووی خۆیەتی، من ساحەبی نیم. بەدوای ئەوەدا ماڵ و منداڵم بۆ هات بۆ مەروێ. دەستمکرد بە ژیانی ئاسایی و لە سیاسەت دوور کەوتمەوە. چەند مانگێک بەو شێوەیە ژیان چووە پێش. زۆرم پێ خۆش بوو بەڵام هەرگیز دڵم حەساوە نەبوو. بیرم دەکردەوە کە ئەو ژیانە کاتییە و چۆن دەبێت و بەرەو کوێ دەڕوات. هەروەک گوتم، چەند مانگ تێپەڕی ڕۆژێک چەند پێشمەرگە و دوو کادری پارتی هاتن بۆ ماڵی عەبدوڵڵا ئاغا. کادرەکان بە مامۆستا عەبدولعەزیم و عەبدولمەجید ئەناسران. ئەم دوو کادرە پێش شۆڕش مامۆستای قوتابخانە بوون لە شارۆچکەی ماوەت، بەڵام لە هەڵگیرسانی شۆڕشدا بووبوونە کادری پارتی و وازیان لە مامۆستایی هێنابوو بۆ ئەوەی کاری ڕێکخستن بۆ پارتی بکەن. ئەم دوو برادەرە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئاغا هاتن بۆلام و دوای دانیشتن کەوتنە قسە و گوتیان کاک ڕەشید، پێش ئەوی کە بێین بۆ ئێرە زووتر تۆیان پێناساندووین کە تۆ کوردێکی دڵسۆز و کارت بۆ دەکرێت و شارەزاییت لە کاروباری ڕێکخراوەییدا هەیە. هەروەک بیستوومانە لە کوردستانی ئێرانیش لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کاری ڕێکخستنەکانت لەئەستۆ بووە و ئەزانین لەو بوارەدا شارەزاییت هەیە. داوامان ئەوەیە کە هاوکاریمان بکەیت. ئێمە سەرەتای کارمانە، لەم ناوچەدا هێشتا ڕێکخستنی پارتی لێ پێک نەهاتووە، کوردستانیش هەر کوردستانە، ئەتۆ وەک کوردێک ئەتوانی یارمەتیمان بدەیت لە ڕێکخستنەکاندا. منیش گوتم بیری لێدەکەمەوە، بەیانی وەڵامتان ئەدەمەوە. شەو درەنگ بوو برادەران ڕۆیشتنەوە

ماڵی عەبدوڵڵا ئاغا. دوای ئەوان بیرم لێکردەوە. بە هەموو تێگەیشتنی خۆم نە پێم چاک بوو و نە پێم خۆش بوو. بەو شێوەی کە لە ماوەی ڕابوردوودا کارم لەگەڵ ئەو برادەرانەدا کردبوو بیرم لەوە کردەوە کە بۆ هەوڵ نەدەم لەگەڵ هاوڕێیانی خۆم یەکبگرمەوە و لەگەڵ ئەوان کار بکەم. هەرچەند ئەوانیش لە کردەوەدا هەر پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوون بەڵام هەر چۆنێک بێت وەک پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیار بوون و بنکە و بارەگای خۆیان هەبوو. لە نێوان ئەم دوو هەڵبژاردنەدا خەوی شەوەکەم لێ ئاڵۆز بوو و تا بەیانی بیرم لێ کردەوە. لە ئاکامدا وام بە باش زانی ئەگەر کاتییش بێت لەگەڵ جەماعەتی پارتی کار بکەم لەم ناوچەدا مادام هاوڕێیانی خۆم لێرە نین. هۆی سەرەکی ئەم خۆڕازیکردنە نابەدڵەش ئەوە بوو کە هەر ئەو کاتە هەست بە جیاوازییەک دەکرا لە نێوان بارزانی و پارتیدا کە ئەو کات مەلایی و حیزبیان پێدەگوتن و هەر یەک لە ناوچەیەک بنکە و بارەگای سەرکردایەتییان دامەزراندبوو. بە ڕاشکاوی ئەڵێم لایەنی بارزانیم پێ شۆڕشگێڕتر بوون و لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا حیسابم بۆ دەکردن، بەتایبەت بارزانی دژی ئێران قسەی دەکرد بەڵام بە پێچەوانە مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئێران تێکەڵاوی پەیدا کردبوو کە بە بۆچوونی من بە زیانی شۆڕشی کورد و لاوازبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەواو دەبوو. ئەوە بوو کە سەرئەنجامی ئەو دەستە ڕەش و گێرەشێوێنەی ئێران وای کرد کە بارزانی هێرشی کردەسەر مەکتەبی سیاسی و دوای شەڕێکی خوێناوی جەماعەتی مەکتەبی سیاسی لە مەیدان دەرچوون و بەرەو ئێران ڕۆیشتن و ماوەی ساڵێک وەک پەنابەر لە شاری هەمەدان مانەوە. دوای ساڵێک بارزانی لێبووردنی گشتی دەرکرد و گەڕانەوە کوردستان. دوای ئەوان بەداخەوە بارزانیش هەر هەمان ڕێگای گرتەبەر کە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی پێشتر کردبوویان، بۆیە بارودۆخی سیاسەتی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول ڕاست پێچەوانە بۆوە، کە بەداخەوە ئەو سیاسەتە هەڵەیە بووە هۆی ئەوە کە حکومەتی ئێران و هاوپەیمانەکانی توانیان ئەو زەربە گەورە لە گەلی کورد بوەشێنن و بە شۆڕشی ئەیلول ئاشبەتاڵ بکەن. هەر ئەو سیاسەتە هەڵەیەش کاریگەری دانا لەسەر لاوازبوون و لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە جێی خۆیدا چەند نمونەیەکی لێ باس دەکەم.

هەرچەند هەندێک لە باسی ئێستامان دوور کەوتمەوە بەڵام لێرەدا گرێی ئەدەمەوە کە چ بڕیارێکم دا و بۆچی وام بڕیار دا. تازە ماڵ و منداڵم هێنابووە لای خۆم و ژیانم دوای چەند ساڵ دروست کردبۆوە. ئەگەر بچوومایە لای ئەحمەد تۆفیق و هاوڕێیان دەبوو بچوومایە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی لە ڕانیە بەرەوخوار، ئەوەش دەبوو بە ماڵومنداڵەوە بچوومایە کە بۆ من کارێکی زەحمەت بوو و نەمدەویست ماڵومنداڵەکەم هێندە لە ناوچەکە دوور بخەمەوە. گوندی مەرویَ لە کیوەرۆوە نزیک بوو و بە یارمەتی کەریمی برام و دایکم کە لەویَ دەژیان هەموو ئاسانکارییەک بۆ ژیانم دەکرا. عەبدوڵڵا ئاغاش کەسێک بوو کە هەمیشە ئاگای لە ژیانم بوو و زۆر یارمەتی و هاوکاری دەکردم. لە لایەکی دیکەشەوە نەدەکرا ماڵومنداڵەکەم لە مەرویَ بمێنێتەوە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بارزانی و

هاتوچووم بکردایه بۆلای منداڵان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی. ئەوە زۆر زەحمەت بوو، ئەگەری ئەوەش هەبوو کە پێش بە هاتوچووم بگیرێت. لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێم هەر لە سەرەتای هاتنی ئەحمەد تۆفیق بۆ کوردستانی عێراق ناوبراو لایەنگری لە بارزانی دەکرد، هەرچەند زۆر کەس دەڵێن دەبوو حیزب بێلایەن بوایە بەڵام بە باوەڕی من بێلایەنی بۆ ئەو کاتە و هەلومەرجی سیاسیی ئەو سەردەمە کارێکی ئاسان نەبوو. هۆیەکەشی ئەگەڕایەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایەنی شۆڕشی ئەیلول کە هەر یەکەیان لە زەمانێکدا گرێدراو بوون بە سیاسەتی ئێرانەوە. لەڕاستیدا حیزبیش نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو لایەنە بێت کە پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبوو. سەرئەنجام بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە باسم کرد ناچار بووم بڕیار بدەم کە بۆ ماوەیەک تاکو کاروباری ناوچەکەیان ڕێکدەخەن کاریان لەگەڵ بکەم. لە سەرەتایشەوە هەر وام بەڵێن پێدان و ئەوانیش قبوڵیان کرد. دیارە ئەم بڕیارەی من بەهۆی بارودۆخی خێزانی بوو نەک بیری سیاسی و ویستی خۆم. دوای ڕازیبوون بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستاکان و پێشمەرگەکان کەوتینە گەشتی سیاسی بە دێهاتەکانی ئالاندا. لە ماوەی چەند حەوتوودا سەردانی هەموو گوندەکانمان کردن و ڕێکخستنی سەر بە پارتیمان دامەزراند. دوای تەواوبوونی کارەکان عەبدولمەجید وەک بەرپرسی ناوچەی ئالان و منیش وەک جێگەر، دیاری کراین. کارەکانیان بە من سپاردن و خۆیان گەڕانەوە بۆ ماوەت. بەم جۆرە نزیک بە ساڵێک لە بواری ڕێکخستنی سیاسی لە ناوچەکەدا هاوکاریم کردن. بەڵام من هەروەک پێشتر پێم گوتبوون بۆ ماوەیەکی کاتی هاوکارییان دەکەم تا کارەکان دادەمەزرێن، ئیتر دوای ساڵێک ڕێکخراوی ناوچە جێگیر بوو و کەسانێکی تێدا پەروەردە بوون کە دەیانتوانی کارەکانیان هەڵسووڕێنن، بۆیە چووم بۆ ماوەت و سەردانی برادەرانم کرد. لەگەڵ مامۆستا عەبدولعەزیم دەربارەی کاری ناوچەی ئالان قسەم کرد. پێم گوت ئێستا برادەری باش و بەتوانا پەروەردە بوون کە دەتوانن بۆخۆیان کاری ناوچەکە بەڕێوە ببەن و بەرپرس بۆ خۆیان دیاری بکەن، ئیجازە بە منیش بدەن کە لە ماڵی خۆم دانیشم و بە ژیانی خۆم ڕابگەم. سەرەتای دەستبەکاربوونیشمان قەرارمان هەر وا بوو. هەروا بۆ ماوەیەک بەڵێنی کارم پێدان. لە وەڵامدا مامۆستا عەبدولعەزیم گوتی پێش هەموو شتێک سوپاسی دڵسۆزیتان دەکەم. ئێستاش پێمان باشە هەر تۆ کارەکانی ڕێکخراوەکە بەڕێوەبەری لەبەر ئەوە بۆ من دەرکەوتووە کە خەڵکی ناوچەکە تۆیان خۆشدەوێت و ڕازین لە کارەکانت. هەروەها ئەرکی خۆیشت بە باشی ئەنجام داوە و سەرکەوتوو بوویت. دوپاتم کردەوە و گوتم منیش سوپاسی ئێوە دەکەم و خۆشحاڵم کە ڕازین لە کاری ڕابوردووم. ئێستاش داوا دەکەم کە بێن بۆ ناوچەکە و بە هەڵبژاردن جێگرێکی دیکەیان بۆ دیاری ئەکەین و منیش واز لە ئەرک و مەسئولیەت دەهێنم و چی دیکە ناتوانم کار بکەم. دوای دوپاتکردنەوەی داواکەم گوتی ماوەیەکی دیکە دێم بۆ ئالان تا ئەو کات کارەکان هەڵسووڕێنە؛ کاتێ هاتم لەوێ بیری لێدەکەینەوە. گوتم زۆر باشە. خواحافیزەم کرد و هاتمەوە بۆ مەروێ. زۆری پێ نەچوو مامۆستا عەبدولعەزیم هات بۆ مەروێ. بەیەکەوە سەردانی گوندەکان و

هاوڕێیانمان کردن و لە ڕۆژانی دواییدا کۆبوونەوەیەکی گشتیمان ڕێکخست و کۆمیتەیەکی تازەمان بۆ هەڵبژاردن پێکهێنا و لەنێو خۆیاندا بەرپرسیان دیاریکرد. بەرپرسەکە کەسێک بوو بە ناوی مەلا عەزیز. لاوێکی ڕێکوپێک و هەڵسووڕ و چالاک بوو. لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی مجێسەی نزیک شاری بانە بوو بەڵام لەمێژ بوو هاتبووە گوندی مەروێ. وەک بزانم تەسکەرەی عێراقی دەرهێنابوو و وەک هاووڵاتییەکی عێراقی لەوێ دەژیا. مەلا عەزیز هەروەها پێشنوێژی ئاوایی بوو. پاش ماوەیەک لە ژیانی زەحمەت و گۆڕەپانی شۆڕش هاتینەوە نێو ژیانی ئاسایی. پێم خۆشە ئەوە بڵێم هەڵبژاردنی ژیانی ئاسایی نە لەبەر ماندووبوون بوو و نە بێزاری لە ژیانی پێشمەرگایەتی، بەڵام هەلومەرجی نالەباری سیاسی جاروبار پاشەکشەی پێدەکردین لە شۆڕش و سەروەری پێشمەرگایەتی. تێبینی: ئەو کاتە کە من لەگەڵ ناوچەی پارتی لە ماوەت کارم دەکرد هێشتا نێواناخۆشیی بارزانی و مەکتەبی سیاسی بە ڕاشکاوی هەموو کەس نەیدەزانی.

## هەندێک زانیاری دەربارەی ناوچەی ئالان

ئەگەر بۆ زاخاوی مێشکیش بێت یان بۆ زانیاری پێم باشە بەکورتی ناوچەی ئالان بناسێنم. ئالان ناوچەیەکە کە لەسەر سنووره دەستکردەکەی نێوان ئێران و عێراق هەڵکەوتووە. ئالان بەم شوێنانەوە لکاوە: لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندەکانی ئەنجێنە، کێوی دۆژی و سوورکێو، لە ڕۆژئاوا بەشی خوارووی ئالانی سەردەشت، لە باکوورەوە ناوچەی خێڵەڕەش واتە کیوەرۆ، کێوی بریت، هەروەها بەشی سەرووی ئالانی سەدەشت و لە باشوورەوە بە درێژایی کێوی گمۆ. ئالان بریتییە لەم گوندانە: گوێزلّی، گرگاشێ، ماشان، شانەخسێ، مەروێ، سوورەبان، دێرێی سەروو، دێرێی خواروو، سوورەدزێ، کانی گوێز، شابەدین، هەروەها چەند کۆخ و مووچەیەکی دوو ماڵی و سێ ماڵی لە دەوروبەری ئەم گوندانە هەبوون کە بە گوند حیساب ناکرێن بەڵام ناوی خۆیشیان هەیە. لەسەریەک کەشوهەوای مامناوەندیە. پلەی هەوا چەند جارێک لە زستاندا بە شەو دەچێتە ژێر سفرەوە بەڵام لە ڕۆژدا دەڕواتەوە سەرووی سفر. لە هاویندا پلەی گەرما لە نێوان بیست تا سی و پێنج و بەرزتر دەڕوات. بەڵام دێرێی سەروو، دێرێی خواروو و سوورەدزێ لە زستان و هاویندا پلەی سەرما و گەرمایان چەند پلەیەک جیاوازییان هەیە. ئەو سێ گوندانە لە بەرزی هەڵکەوتوون و لە زستاندا ساردتر و لە هاویندا فێنکترن. لە باری ئابوورییەوە ژیانیان نە زۆر باش و نە زۆر خراپە. هەندێك داهاتی ئەم گوندانە بریتییە لە گەنم، جۆ، ماشە ڕەش، ماشە سپی، نیسک، نۆک و کزن. بەڵام داهاتی سەرەکییان تووتنە کە هەموو خێزانێک لە نێوان سێ تا پازدە فەردەی چل تا پەنجا کیلۆیی تووتن ڕەنیو دەهێنن. پاییزان تێکڕا تووتنکارەکان دەچن بۆ (انحصار) دوخانیات لە سلێمانی بۆ فرۆشی تووتنەکەیان. هەر خێزانە گەنم و دانەوێڵەکەیان بۆ ژیانی ساڵانەیان بەش دەکات. پارەی تووتنەکەشیان ئەتوانێ بە ژیانی مامناوەندی ڕابگات. ئالان میوەی زۆر باشی هەیە. توو، قەیسی، هەڵوژە، ترێ، هەنجیر، بەهێ، هەنار، گوێز، شووتی، کاڵەک، گرکە و میوەی تریش لەم ناوچەیە دێنەبەر. جۆری باش و خراپیش لە میوەکاندا هەیە. لە بارەی سەوزە و تەڕەکاڵ لە ئالان، پیواز، خەیار، کەوەر، سلّق، چەوەندەر، شێلم، تەماتە، باینجان، بامیە، کوولەکە، بیبەر و ترۆزی هەیە. زەویزار و ئاووهەوای ئالان بۆ هەموو جۆرە کشتوکاڵ و سەوزەیەک دەبێت، بەڵام وەک عادەت هەر ئەو سەوزییانەی لێ بەر دەهێنن بۆیە منیش هەر ناوی ئەو کۆمەڵە سەوزیەم هێناوە. خەڵکی ناوچەکە بەگشتی موسڵمان و سوننی مەزهەبن. لە هەموو گوندێک مزگەوت و مەلایان هەیە، یان لانیکەم کەسێکیان هەیە کە بتوانێ پێشنوێژیان بۆ بکات. خزمایەتی و دراوسێیەتیان لەنێو یەکدا خۆشە. ڕێزی یەکتر دەگرن و زۆربەی کاروباریان بە شێوەی هەرەوەزییە (بەکۆمەڵ). زۆربەی جوتیارەکانی ئالان زەویی خۆیان هەیە کە مافی ئاغای بەسەرەوە نییە. ئاغاکان هێندێ زەوییان زیاترە لە خۆیان کە ئەیدەن بەو جوتیارانەی کە زەوییان نییە. تووتنەکەیان بە نیوەکارییە و باقی دانەوێڵە سەدی بیستی بۆ ئاغایە و ئەوی دیکەی بۆ جوتیارەکانە. لە نێوان خەڵکی ئالان و هاوسنوورەکەیان واتە کوردستانی ئێران، پەیوەندی خزمایەتی و ژنوژنخوازی هەیە.

هەرچەند بە ناو دوو وڵاتی لێک جیاوازن بە ناوی ئێران و عێراق و سنووری خۆیان هەیە بەڵام بوونی یەکرەگەزی، وەک کورد، نەیتوانیوە ئەو سنوورەیان بۆ دانێ. لە هەموو کات و ساتێکدا بەبێ ئیجازەی حکومەتەکان هاتوچووی یەکتریان کردووە. لە هەموو بوارێکدا هاوکار و پشتیوانی یەکتر بوون و هەن. دەکرێ بڵێیم بەشێک لە خەڵکی هەردوو لا بە هاوکاریی یەکتر تەسکەرە (ناسنامە) بۆ یەکتری جێبەجێ دەکەن. واتە کەسانێک هەن کە ناسنامەی هەر دوو وڵاتیان هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانن لە هەر لایەک پێیان خۆش بوو بژین. تێبینی: ئەم ناساندنە باس لە سەرەتای شەستەکان دەکات. واتە پێش ڕاگواستنی زۆرەملی خەڵکی ئەو گوندانە لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە، کە من ئەو کات لە ئالان دەژیام. ئێستا کە نزیک بە پەنجا ساڵ تێدەپەڕێت و گەورەترین ئاڵوگۆڕ لە عێراق و کوردستاندا پێکهاتووە و حیزبی بەعس و حکومەتی سەددام نەماوە، سەرلەنوێ ناوچەکە دوای چەند ساڵ وێرانی و چوڵی ئاوەدان کراوەتەوە، و بێگومان ئێستا ئاڵوگۆڕێکی زۆری تێدا پێکهاتووە کە لەگەڵ ئەم ناساندنەی چەند دەیە لەوەپێشدا جیاوازییەکی زۆری هەیە.

## قۆناغێکی دیکەی ژیان

من لە پاییزی ١٩٦٢دا خێزانەکەم هێنایە مەروێ و ژیانی ئاساییم دەستپێکردەوە. لەو ماوەیەدا هیچ ئاگادارییەکەم لە هاوڕێیانی حیزبی نەبوو ئاخۆ کێ هاتووە و کێ ڕۆیشتووە و حیزب لە چ باردۆخێکدایە. دوو ساڵ بە کردەوە لە سیاسەت دوور بووم. خۆم بە ڕاوەکەو و ڕاوەماسی و دێنیی و سەردانی دۆستان و هاوڕێیانەوە خەریك کردبوو. ئەو سەردەمە هیچ دەستڕاگەیشتنێك بە پزیشک و دەوا و دەرمان لە ناوچەکەدا نەبوو. ئەگەر کەسێک بریندار بوایە بە داسی دروێنە، چەقۆ، تەوەر و شتی لەو جۆرە دەبوو بە پەڕۆوپاڵی کۆن و چڵکن بیانبەستایە. هیچ دەرمانێکیش نەبوو تەنیا لە هەندێ شتی تەجرەبەکراوی قەدیمی کە هەندێکیان نەك هەر باش نەبوون بەڵکۆ زۆر زیانیشیان هەبوو. لەو کاتەدا بە بیرمدا هات کە هەندێک کەتان، پۆماد، کرێم، میکرکرۆم و شتی لەو جۆرە پەیدا بەکەم. ناردم بۆ شاری بانە کۆمەڵێک لەو کەلوپەلانەم بۆ هات. خەڵک کە بیستبوویانەوە هەندێ کەرەسەی دەرمانیم هەیە و بۆ برینداری باشە، دەهاتن بۆلام و منیش ئەوەندەی دەمزانی و کەرەسەکەم پێڕادەگەیشت یارمەتیم ئەدان. لەو ماوەدا چەند دەست بە داس- و چەقۆبڕاوم چاک کردنەوە. زووتریش فێری دەرزیلێدان بووبووم و زۆر جار بۆ منداڵەکانی خۆم بەکارم دەهێنا. کەسانێک هەبوون ئەچوونە نەخۆشخانەکانی ئێران بۆ عیلاج و دوای گەڕانەوە کۆمەڵێک دەرزییان هەبوو کە دەبوو بەکاری بهێنن. ئەوانیش بۆ ئەوەی زۆر لە ئێران نەمێننەوە دەهاتنەوە ماڵی خۆیان و منیش دەرزییەکانم بۆ بەکاردەهێنان. ئەم کارانەی من لە ناوچەدا دەنگیان دایەوە کە فلان کەس لە کاری دوکتۆری دەزانێ. وای لێهات سەردانی خەڵک زیادی کرد. منیش تەنیا لە هەندێ کەرەسەی سەرەتاییم دەزانی و هیچی تر. ئەوەی کە ئەمتوانی و ئەمزانی هەندێ کەرەسەی برینپێچان و حەبی دژەئازار بوو. بەڵام خەڵک پێویستییان هەبوو و هەر ڕۆژە کەسێک دەهات و شتێکی دەویست و گرفتێکی هەبوو. منیش لەوەی کە باسم کرد شتێکی زیاترم نەبوو. هەرچەند خزمەتێکی کەمیش بوو بەڵام هەستێکی خۆشی پێدەدام کە دەمتوانی یارمەتی و خزمەتی خەڵکی لێقەوماو بدەم. لەو ماوەدا چەند کەسی وەجەبڕاو یان سووتاویم چاک کردنەوە. ئەوە بۆ من جێگای خۆشحاڵی بوو کە لانیکەم توانیم خزمەتێکی چکۆلەم بە هاووڵاتییانم بکەم. ڕۆژێک میرزا عەبدوڵڵا لە مەروێ پەیدا بوو. لەمێژ بوو یەکترمان نەدیبوو. ئاگام لە بارودۆخی ژیانی نەبوو. بە هاتنەکەی زۆر خۆشحاڵ بووم. دوای حەسانەوە و مانەوەی، چەند ڕۆژ قسەباسی زۆرمان کرد، لە هەموو بابەتێک دوایین. دیار بوو ئەو ماوە میرزا لە گوندی کانی میران لە پێنجوێن دوکانی ناڵبەندی دانابوو کە بژیوی خۆی پێ دابین دەکرد. ڕۆژێکیان میرزا گوتی کاک ڕەشید، پێم خۆشە شتێکت بۆ باس بکەم... کاتێک لە پێنجوێن ـەوە هاتم چوومە لای کاک مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی لە گوندی بارێ بچووک. زۆر بە دوورودرێژی قسەمان دەربارەی وەزعی خۆمان کرد و بە چەند ئاکامێک گەیشتین. ئێستا ئەگەر تۆیش ئامادە بیت ئەوا بەیەکەوە دەست بکەینەوە بە کاری ڕێکخستن لە ناوچەکانی مەریوان، بانە و

سەردەشت بەڵکو لە دواڕۆژدا بتوانین بەهۆی بارزانییەوە هەموو لایەنەکانی حیزبیمان یەک بخەینەوە. ئێمەش ئەگەر هێزێکی وامان هەبێت باشتر ئەتوانین ڕێوشوێنمان هەبێت لەسەر یەکگرتنەوەیەکی لەو جۆرە. گوتم بەڕاستی ئەگەر بتوانین کارێکی وا بکەین بە مەبەستی بەهێزکردنی حیزب و یەکگرتنەوە و نزیکبوونەوە لە ئەحمەد تۆفیق، بە کارێکی باشی دەزانم، و ئەگەر بەو نیەتە دەسبەکار بین دڵنیام کە سەرکەوتوو دەبین. دووقۆڵی لەسەر شێوەی کارکردن قسە و باسێکی زۆرمان کرد و بڕیارمان دا بچین بۆلای کاک مەلا ئەبوبەکر لە بارێ. کاک مەلا ئەبوبەکر ئەوەندەی من بزانم هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ کوردستانی عێراق زۆر نزیکایەتی و هاوکاری لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد. ئەوانیش زۆر ڕێزیان لێدەگرت. هەر ئەوەش بوو کە کردیانە قازی بۆ زۆربەی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ناوچەکانی پێنجوێن و شارباژێر. مەلا ئەبوبەکر توانی چەند کێشەی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی ناوچە چارەسەر بکات، بۆیە مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕێزی تەواویان بۆ دادەنا و باوەڕ و متمانەیەکی زۆریان پێی هەبوو. ناوبراو بە کاک میرزای گوتبوو کە ئەتوانم یارمەتی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی وەرگرم و ئیجازەشمان بدەن لە شوێنێک بنکەیەک بۆ خۆمان دامەزرێنین. خۆمان حازر کرد و چووین بۆلای کاک مەلا ئەبوبەکر لە بارێ بچووک. کاتێ گەیشتین زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین. مەلا ئەبوبەکر وەک عادەت زۆر نانخۆش و خۆشخوڵق بوو. خێزانیشی هەمیشە دەستوپەل و سفرەڕەنگین بوو. شەو کەوتینە وتووێژ. هەر ئەو شەوە ساخ بووینەوە کۆمیتەیەک بە ناوی لقی م. ب. س. واتە مەریوان، بانە، سەردەشت دامەزرێنین. بەدوای ئەم بڕیارەدا کاک مەلا ئەبوبەکر گوتی برادەرانی مەکتەبی سیاسی قەولیان بە من داوە کە لە هەموو بوارێکدا یارمەتیمان بدەن. من پێشنیار دەکەم کە کاک ڕەشید بچێت بۆ مەکتەبی سیاسی، نامەیەکیان بۆ دەنووسم کە یان چەک یان هەندێ پارەمان بدەنێ کە چەند چەکێکی پێ بکڕین و بنکەیەك دابمەزرێنین. هەروەها کۆمەڵێک لە هاوڕێیان هەن کۆیان دەکەینەوە و دەسبەکار دەبین. چەند هاوڕێیەکمان لە گرگاشێ وەک کوێخا کەریمی بڵەسەن و چەند هاوڕێیەکی دیکە کە من دەزانم لە قسەی کاک ڕەشید دەرناچن و دڵنیام هاوکاریمان دەکەن. ئەگەر کاک ڕەشید ڕازییە دەتوانێ هەر بەم زوانە دەستبەکار بێت. بەیانییەکەی گەڕامەوە بۆ مەروێ. کاک میرزا گوتی منیش دەڕۆمەوە بۆلای پێنجوێن و خۆم ئامادە دەکەم و بەو زوانە ئەگەڕێمەوە. تێبینی: لەدوای ماوەیەک زانیم کە زیاتر لە ساڵێکە کاک مەلا چالاکیی سیاسی لە ناوچەی بانە دەستپێکردبوو و ڕێکخستنێکی بە ناوی حیزبی دێموکرات پێکهێنابوو. هەروەها کاک میرزایش هاوکاری و چەند جارێک سەردانی مەریوانی کردبوو بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێکی حیزبی. ناوبراویش هەندێ کاری کردبوو لەو بوارەدا. بەدوای گەڕانەوەم بۆ مەروێ چوومە لای کوێخا کەریم و کاک سەعیدی شەریفی. لەگەڵ هاوڕێیان وتووێژێکی تێروتەسەلمان دەربارەی کاری داهاتوومان کرد. ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی. ئەوە بوو بڕیارمان دا لەگەڵ کوێخا کەریم و کاک سەعید ڕۆیشتین بۆ مەکتەبی سیاسی لە گوندی عیساوێ سەر بە ناحیەی ماوەت. من تفەنگێکی

هۆڵەندیی تازەم هەبوو دام بە کوێخا کەریم و کاک سەعیدیش بێ چەک بوو. خۆم دەمانچەیەکم پێبوو. گەیشتینە یەکەم بنکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی و نامەکەی مەلا ئەبوبەکرم دانێ کە بیدەن بە دەفتەری سیاسی. ئێمەش لای پێشمەرگەکان ماینەوە و چاوەڕوانی وەڵام بووین. زۆری پێنەچوو گوتیان کاک ڕەشید بێت بۆ دەفتەر. پێشمەرگەیەک لەگەڵم هات و تا دەفتەر ڕێنوێنی کرام بۆ یەکێک لە ژوورەکان. دوو کەسی لێبوون کە یەکیان خۆی بە ناوی عەلی عەبدوڵڵا، ئەندامی دەفتەری سیاسی، ناساند. دوای هەندێ پرسیار و وەڵام گوتی ئێمە ئێوە ناناسین بەڵام بە متمانە بە کاک مەلا ئەبوبەکر حازرین یارمەتیتان بدەین. منیش گوتم قبوڵمانە و سوپاستان دەکەین، بەڵام ئێمە چاوەڕوانیمان هەیە کە بۆ جاری داهاتوو وەک بەشێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بمانناسن و حیسابمان بۆ بکەن لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا وەك بەشێک لە حیزبی دێموکرات کار دەکەین و کۆمیتەیەکمان هەیە. بەم جۆرە قسەکانمان کۆتایی پێهات. نامەیەکی دامێ بۆ بەشی دارایی و بڕی ٣٥٠ دینار پارەیان داینێ. ئەو شەوە لە بنکەی عیساوێ ماینەوە. بەیانییەکەی ڕۆیشتین بۆ قەڵادزێ بۆ کڕینی چەک و لەلای خۆیشم چەند سەردانێکم بڕیار دابوو لەو سەفەرەدا. شەوی دوایی چووینە ماڵی پوورم، خوشکی باوکم، لە گوندی بێناسێ. پوورم لەمێژ بوو شووی کردبوو بە ئاغایەکی پژدەری بە ناوی ڕەشید ئاغا. شەو لای پوورم ماینەوە. سێ کوڕیان هەبوون بە ناوەکانی ئیسماعیل، عەلی و عومەر. ئەو شەوە لای پوورم و پوورزاکانم بە قسەی خۆش ڕامانبوارد. بەیانییەکەی ڕۆیشتین بۆ قەڵادزێ و بۆ شەو چووینە ماڵی ناسیاوێکی کوێخا کەریم. ڕۆژەکەی هاتینە بازاڕی چەکفرۆشی و سێ تفەنگ و دووربینێکمان کڕین بەو بڕە پارەی کە لە مەکتەبی سیاسی وەرمانگرتبوو. ئیتر هەر سێکمان بووینە خاوەن چەک و تفەنگێکمان زیادی بوو کە کاک سەعید هەردووکیانی هەڵدەگرت. دوای کڕینی ئەم چەکانە کوێخا کەریم کە زووتر لەلای ئەحمەد تۆفیق دوو برادەری بە ناوی کاک مستەفا و کاک کاوە دیبوون و دەیناسین پێشنیاری کرد کە سەریان لێبدەین. ئەم دوو برادەرە ئەو کاتە لە ئەحمەد تۆفیق جیا بووبوونەوە و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی لە قەڵادزێ دەژیان و ناوی خۆیان گۆڕیبوو. لەڕاستیدا ئەم دوو برادەرە کاک سەلاحی موهتەدی و کاک محەممەدی ئێلخانیزادە بوون. چەند برادەرێکی دیکەشیان لە دەوروبەر بوون. کاتێ کاک کەریم ئەم پێشنیارەی کرد منیش زۆرم پێ چاک بوو کە لە نزیکەوە ئەوان بناسین و بزانین ئەوان بۆچوونیان چییە. ئێوارە بوو چووین بۆلایان. کاتێ چووینە ژوور دیتم چەند کەس دانیشتوون. کاک کەریم من و ئەوانی بە یەکتر ناساند. بەگەرمی بەخێرهاتن کراین. دەستکرا بە قسەوباسی سیاسی و حیزب و ئەحمەد تۆفیق. بۆم دەرکەوت ئەو برادەرانە حیزبێکی تازەیان بە ناوی کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان دامەزراندوە و جەماعەتی مەکتەبی سیاسی یارمەتییان دەدەن و هاتوچووی ئێران و چالاکیی سیاسیان هەیە. لە ژوورەکەیاندا دەزگایەکی تایپکردنم بینی کە کۆمەڵێک بەیاننامە و نووسراوەیشی لە دەوروبەر بوو. جەماعەت جموجووڵی سیاسییان لێ دیار بوو و بەتەواویش لە حیزب دوور کەوتبوونەوە و هیچ هیوایەکیان بە حیزب

نەمابوو و سەرگەرمی کاروباری حیزبی تازەی خۆیان بوون. بە تێگەیشتن لە برادەران بیرم لێکردەوە دانیشتن و قسەکردن لای ئەوان هیچی بۆ ئێمە تێدا نییە و ئەوان لەسەر کاری خۆیان ساخ بوونەوە و هیچ زەمینەیەکەم نەدی کە بتوانین لێک نزیک وەبین. بۆیە ئیتر نەماینەوە و خواحافیزیمان لێکردن و هاتینە دەرەوە. نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی بەتەواوی ئالۆز بووبوو. لەسەر زۆر شت بۆچوونیان یەک نەبوو. زۆر جار وتووێژی نێوان حکومەت و شۆڕش دەهاتە ئاراوە بەڵام بەهۆی دوودەستەیی ئەو دوو لایەنە کارێکی ئەوتۆ نەدەکرا. لە هەمان کاتدا بنکەی بارزانی لە سەنگەسەر بوو و دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی‌یش تا قەڵادزێ بوو کە زۆر لێک نزیک بوون. حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتی بوو. منیش بیرم کردەوە ئێستا کە هاتوومە قەڵادزێ چاک وایە چاوپێکەوتنێکی بارزانی بکەم و لەسەر باردۆخی خۆمان قسەیان لەگەڵ بکەم. بیرم لەوە کردەوە کە ئێمە لە ناوچەی شاربازێر دەژین و مەکتەبی سیاسیی پارتی یارمەتیمان دەدەن و پێویستە پرسێک بەو دۆستانە بکەین بۆ ئەوەی قسەمان بۆ دروست نەکەن. لەگەڵ هاوڕێیان ڕۆیشتین بۆ بارەگای پارتی. داوای چاوپێکەوتنی کەسێک لە بەڕێوەبەرانم کرد. گوتیان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لێرەیە. منیش داوای چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستادا کرد. دوای سەعاتێک چاوەڕوانی چووینە لای و خۆم پێ ناساند و گوتم هاوڕێیانانی ئێوە یارمەتیمان دەدەن و لە ناوچەی شاربازێر دەژین. بەڵام هەروەک دەزانن ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێو خۆماندا کۆمەڵێک کێشەمان هەیە و بۆ ڕێگەچارەریەک و یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکتری پێوستیمان بە چاوپێکەوتنی بارزانی هەیە. ئێستا دەمەوێ عەرزتان بکەم کە بەنیازم بچم بۆلای بارزانی و هاتووم کە جەنابتان ئاگادار بکەم لە چوونەکەم. لە وەڵامدا گوتی کاکە، با مەسەلەیەکت بۆ وەگێڕم. دەڵێن ڕۆژێک کابرایەک دەچێتە لای مەلایەک و پرسیاری لێدەکات و دەڵی مامۆستا لە سیر و پیواز کامیان بۆنیان ناخۆشترە. مەلا لە وەڵامدا ئەڵێت بۆنی سیر ناخۆشە بەڵام بۆ ئەوی دیکەیان بەیانی وەرە وەڵامت ئەدەمەوە. بەیانی کابرا دەچێتەوە و مەلا پێی ئەڵێت کاکە پێوازیش بۆنی ناخۆشە. کابرا دەڵێ مامۆستا، ئەی دوێنێ بۆ پێت نەگوتم کە هەردوکیان بۆنیان ناخۆشە؟ مەلا گوتی کاکە من دوێنێ خۆم پێوازم خواردبوو، نەدەکرا بە تۆ بڵێم بۆنی ناخۆشە. بەڵام کاکە گیان، ئێمەش ئاوامان لێهاتووە کە خۆیشمان کێشەمان هەیە لەگەڵ بارزانی و ئێستا منیش ناچارم هەر ئەمڕۆ بچم بۆلای کە بەڵکو بتوانین کێشەکەمان چارەسەر بکەین، هەرچەند دەزانم هیچمان بۆ ناکرێت بەڵام ناچارم و دەبێ بچم بەڵکو بتوانین چارەیەک وەدۆزین. کەوابێ چۆن دەکرێت بە تۆ بڵێم مەچۆ کاکی برا، هەر کات پێت خوش بوو ئەتوانی بچیت. ئەوە بوو ماشینێکمان بەکرێ گرت و لەگەڵ هاوڕێیانم چووین بۆ خزمەت بارزانی لە سەنگەسەر. چووینە دەفتەر و جێگای نیشتەجێی بارزانی و داوای چاوپێکەوتنم کرد. دوای ماوەیەکی کورت پێشمەرگەیەک لەگەڵم هات تاکو ژووری بارزانی و پاسەوانەکانی تفەنگەکەیان لێ وەرگرتم بەڵام دەمانچەکەم لەگەڵ فیشکدانەکاندا پێبوو. کاتێ چوومە ژوور دیتم مەلا باقی، کادرێکی حیزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران،

لـەلای بـارزانـی دانیشـتووە. بـارزانـی بـەخێرهاتنـی کـردم و ڕێـزی بـۆ دانـام. چاییـان هێنـا، چاییم خواردەوە و سەرەتا گوتم قوربان، ئەمە دووەم جارە دێمە خزمەتتان. بیرم هێنایەوە کە جاری یەکەم لەگەڵ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی دوکتۆر قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا مانگی مارسی ۱۹٦۰ یەکترمان بینیبوو. سەرەتا گوتم هەروەک خۆتان ئاگادارن لە نێوان هاوڕێیاندا ناکۆکی زۆرە و بووینە چەند دەستە، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە حیزب گەیاندووە. جەنابتان ئەمڕۆ وەکو سەرۆکی کوردان هەموو لایەکمان گوێت لێ دەگرین و ئەتوانی لەسەر بڕیاری جەنابتان کۆبوونەوەیەک پێکبهێنین بە چاودیری خۆتان و باس لە کێشەکانمان بکەین بەڵکو بتوانین بە یارمەتی ئێوە بە ڕێگەچارەیەک بگەین. زۆر بە ڕاشکاوی گوتی ئەحمەد تۆفیق مرۆڤێکی دڵسۆز و باشە، پێم چاکە هاوکاری بکەن. هەروەها ئەو پێشنیارەی تۆ باشە ئەگەر هەموو برادەران لە شوێنێک بەیەکەوە کۆبوونەوەیەک پێک بهێنن منیش حازرم بەشداری کۆبوونەوەکەتان بکەم یان نوێنەرێکی خۆم بنێرم. بەڵام با لەگەڵ ئەحمەد تۆفیقیش قسە بکەم بزانم ئەو قسەی چییە. دانیشتنەکەمان بەو شێوە تەواو بوو و خواحافیزم کرد و هاتمە دەرێ. شۆفیرەکەمان لە قاوەخانەیەک دۆزیەوە و گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ. بە چەند ڕۆژێک گەیشتینەوە مەروێ. دوای حەسانەوەیەکی چەندڕۆژە ڕۆیشتین بۆ بارێ بۆلای کاک مەلا ئەبوبەکر. کاک میرزاش گەڕابۆوە. ئیتر من چاوەڕوانی ئەوە بووم کە وەزعێکی باش و بەرچاو پێکبهێنین کە بتوانین جارێکی دیکە لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمیتە بێین بۆلای بارزانی بۆ ڕێگەچارەیەک کە بەداخەوە هەر پێی نەگەیشتین. باسی سەفەرەکەمانم بەوردی بۆ هاوڕێیان کرد. ئاکامی سەفەرەکەیان پێ باش بوو. باسی کەلوپەل و جێگایەکمان بۆ بنکەکەمان کرد. وەک لەبیرم مابێ مەلا ئەبوبەکر گوتی خەمتان نەبێ هەموو شتێکم تەرتیب کردووە، لیستێکم ناردووە بۆلای هاوڕێیانی بانە بۆ کەلوپەلی بنکە، ئەوانیش بۆیان تەرتیب کردووین و ناردوویانە. ئێستا کەلوپەلەکان حازرن لە ماڵی ئێمەن، ئەتوانین بیر لە شوێنێک بکەینەوە بۆ بنکەکەمان. بەڵام بۆ من پرسیار بوو کە چۆن ئاوا بەخێرایی لە بانە (تەشکیلات) دروست بووە و کاروبارەکان بەو شێوە جێبەجێ دەکرێن. مەلا ئەبوبەکر گوتی کاکی برا، لەمێژە من هەوڵم داوە و لە بەشێکی زۆری گوندەکانی بانە شانەی حیزبیم دامەزراندووە و لەنێو شاریشدا کۆمیتەیەکی بەهێزمان هەیە. تەنانەت لە شاری سەقز و دەوروبەریشی ڕێکخستنمان پێکهێناوە. پەیوەندیی مەلا ئەبوبەکر لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی و چالاکی لە ناوچە و دەستپێشخەری لە کاروباری سیاسیدا وای کردبوو کە وەک بەرپرسی ئەو چالاکیانە ئەناسرا و حیسابی لەسەر دەکرا. بۆ بەیانییەکەی چووین بۆ گوندی بێورێ. خەڵکی بێورێ مەلا ئەبوبکریان دەناسی. بەتایبەت لەگەڵ مەلای ئاوایی پەیوەندی دۆستانەی هەبوو. ئەو دۆستایەتییە بووە هۆی ئەوە کە هەر ئەو ڕۆژە خانوویان بۆ پەیدا کردین و لە ماوەیەکی کورتدا بنکەمان دامەزراند. زۆری پێ نەچوو چەند پێشمەرگەیەکمان پێ زیاد بوون. ئەوەی لەبیرم بێت ئەم کەسانە بوون: کوێخا کەریم، کاک سەعید، مەلا محەممەدئەمین، کاک قادر قەرەگوێزی و چەند

پێشمەرگەی دیکەیش کە ئەمانتوانی پاسەوانی بنکە و هاتوچووی سەفەریان پێ تەرتیب بکەین. بەدوای ڕێکخستنی بنکە و بوونی پێشمەرگە بڕیاری گەشتێکی سیاسیمان دا بۆ ناوچەی مەریوان و سەردەشت. یەکەم جار کاک میرزا سەفەری مەریوانی کرد و هاتەوە. توانیبووی لەو سەفەرەدا کۆمەڵێک کەسایەتی و خەڵکی دڵسۆز ببینێ و ئامادەیان بکات بۆ هاوکاری و بوونیان بە ئەندامی حیزب. هەروەها بە گوتەی خۆی سەردانی چەند ئەندامی حیزبی کردبوو کە زووتر حیزبی بوون و دوبارە ئامادەیی خۆیان بۆ کاروباری حیزبی دەربڕیبوو. بەدوای هاتنەوەی میرزادا منیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک چووم بۆ ناوچەی سەردەشت. بەهۆی چەند خزمێکمەوە سەردانی گوندەکانی بناویلە، کونە ورچێ، شندرە، شەمۆڵە و هەورازەم کرد. کۆمەڵێک کەسایەتم بینین و قسەوباسی سیاسیم بۆ کردن. توانیم چەند برادەرێک ئامادە بکەم. لە گوندی شەمۆڵە قادرئاغای شندەڕەم بینی. لە قسەکانیدا دیار بوو بە ڕاشکاوی هاوکاری کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان دەکات، کە سەر بە کاک کاوە و کاک مستەفا بوون. لە لاپەڕەکانی پێشتری ئەم بیرەوەیەدا ناوی کۆمەڵەی ڕزگاری و چەند هاوڕێیەک هاتوون. بەم شێوەیە گەشتەکەی ئێمەش دوای چەند ڕۆژ تەواو بوو و گەڕاینەوە. لە گەڕانەوەمدا کۆبوونەوەیەکمان کرد لەسەر ئاکامی جەولەی مەریوان و سەردەشت و ئاڵوگۆڕی بیروڕامان کرد. بەدوای ئەم قسەوباسانەدا مەلا ئەبوبەکر گوتی لە دیدارێکدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێی گوتم کە برادەرێکی سەردەشتی لای ئەوان پێشمەرگەیە بە ناوی مەلا ئاوارە کە پیاوێکی دڵسۆز و باشە و پێیانخۆشە بێتە لای ئێمە کار بکات، و چاوڕوانی لێدەکرێت لە دواڕۆژدا کادرێکی باشی لێ دەربێت. ئەگەر پێمان چاک بێت خۆمان بانگاوازی بۆ بنێرن کە ئەگەر پێی خۆش بوو بێت بۆلای ئێمە. ئەگەر ئێوە ڕازین من نامەیەکی بۆ دەنێرم و دەعوەتی دەکەین بە کار لەلای خۆمان. ئێمە زۆرمان پێ چاک بوو. مەلا ئەبوبەکر نامەی نووسی و بە پێشمەرگەیەکدا ناردمان بۆ گوندی مالومە بۆلای مەلا ئاوارە. دوای چەند ڕۆژ پێشمەرگەکە هاتەوە و مەلا ئاوارەی لەگەڵدا بوو. بە هاتنی مەلا ئاوارە خۆشحاڵ بووین. مەلا ئاوارە تا ئەو کاتە ئەندامی حیزب نەبوو، تەنیا وەک سۆز و هەستی کوردایەتی ڕووی کردبووە کوردستانی باشوور و لە مەکتەبی سیاسیی پارتی گیرسابۆوە و دەگەڕا بەدوای ئامانجی ئەسڵی خۆیدا، ئەویش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. مەلا ئاوارە لاوێکی شاعیر، بەهەست، دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو؛ لە کاری سیاسی و ڕێکخستندا بەتوانا بوو. مەلا ئاوارە ناوی ئەحمەد خەڵکی گوندی شڵماشی سەردەشت بوو، لە مزگەوت لەلای مەلایان دەرسی ئایینی واتە فەقێی خوێندبوو. دوای ماوەیەک لە هاتنەکەی داوای کرد کە پێشمەرگەی لەگەڵ بنێرین و سەردانی ناوچەی سەردەشت بکات. ئێمەش پێشنیازەکەیمان زۆر پێ چاک بوو و تەرتیباتی سەفەرەکەمان بۆ ڕێکخست. سەفەری کرد و گەڕایەوە. بەدوای سەفەری مەلا ئاوارەدا کۆبوونەوەیەکمان ڕێکخست بە بەشداری مەلا ئەبوبەکر، میرزا عەبدوڵڵا، مەلا ئاوارە و خۆم. سەرەتا مەلا ئاوارە باسی سەفەرەکەی خۆی کرد کە هێندێ کاری سەرەتایی کردوون لە گوندەکانی شڵماش و دەوروبەر. لەم کۆبوونەوەدا باسی ئەزمون وەرگرتن لە

ڕابردوو و پلان و بەرنامە بۆ داهاتوومان کرد و بڕیارمان دا کە بنکەی بێوریێ لە داهاتوودا بگوێزینەوە بۆ شوێنێکی باشتر کە بۆ هاتوچووەکانمان گونجاوتر بێت. من داوای مەرەخسیم کرد کە بۆ دوو حەوتوو دەچمەوە سەردانی ژنومندالّ دەکەم و دوایی کە هاتمەوە بۆ گۆڕینی شوێنی بنکەکەمان دەستبەکار دەبین. ڕۆیشتمەوە بۆ مەرویێ و دوای چەند ڕۆژ گەڕامەوە. کاتێ گەڕامەوە هاوڕێیان گوتیان لەو ماوەدا کە تۆ چوویتەوە بۆ مەرویێ چەند مامۆستایەکی لاوی قوتابخانەکانی شاری بانە بە ناوەکانی محەممەدئەمین مەجیدیان، عەبدوڵڵا ئیقدامی، کەمال خالیدی، مستەفا ئەحمەدی، محەممەد قادری و ساڵح خەندانی، کە ئەندامی حیزبن و مەترسی گرتنیان بۆ هاتبووەپێش ناچار دەبن بێن بۆ ئێرە. بەڵام دوای قسەوباس و حاڵیبوون لە کێشەکانی نێوخۆی حیزب گوتیان ئێمە دەچین بۆلای بارزانی و ئەحمەد تۆفیق و هەر چۆنێک بێ هەوڵ ئەدەین بەڵکو بتوانین ئەم ناکۆکیانە چارەسەر بکەین. ئێمەش گوتمان زۆر کارێکی باشە، ئێوە کۆمەڵێک مامۆستا و مرۆڤی دڵسۆزن، حەقە گوێتان لێ بگیرێت و ڕێز بۆ قسەکانتان دابندرێت، هیواداریین کە سەرکەوتوو بن و بتوانن لەم سەفەرەدا لێکحاڵیبوون و نزیکبوونەوەیەک پێکبهێنن. دڵنیاشتان دەکەین کە ئێمە لە هەموان زیاتر ئامادەییمان هەیە بۆ یەکگرتنەوە بە قازانجی حیزب. دوای چەند ڕۆژ چەند کەس لە مامۆستاکان، بەرەو ناوچەی قەڵادزێ، ڕانیە و سەنگەسەر ڕۆیشتبوون.

هاوین هات. هەوای بێوریێ گەرم بوو. خانووی بنکەکەشمان زۆر خراپ بوو. هەر چۆنێک بوو ئەو زستانەمان تێدا بەسەربرد. لەسەر بڕیاری پێشوومان کە بڕیاری گواستنەوەمان دابوو من و میرزا ڕۆیشتین بۆ گوندی مڕانێ. داوامان لە موختار و خەڵکی گوندی مڕانێ کرد خانووی مەکتەبەکەیان کە چۆڵ بوو، بیدەن بە ئێمە. مڕانێ لە بناری کێوی گمۆ هەڵکەوتووە. شوێنێکی خۆش و فێنک بوو. لە باری هاتوچۆوە باشتر بوو لە بێوریێ. موختار خانووی مەکتەبەکەی داینێ بە ئەمانەت هەتا کردنەوەی مەکتەب تێیدا بین. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەڵێنی پێدایین و گوتی لە پاییزدا خانوویەکی باش چۆڵ دەبێت، خاوەنەکەی ئەچێت بۆ سلێمانی؛ ئەتاندەینێ بەڵام بە مەرجێک هێندێ بارمەتی بدەن. ئێمەش قبوڵمان کرد. بەڕاستی موختار هاوکاری باشی کردین. ئێمەش پڕبەدڵ سوپاسمان کرد. هیچ لێی نەوەستاین، چەند ئێستریکمان بەکرێ گرتن و چووین کەلوپەلی بنکەمان لە بێوریێ هێنا بۆ مڕانێ و بەتەواوی دامەزراین. بەدوای ئەوەدا مەلا ئەبوبەکر هات بۆ بنکە. کۆبوونەوەمان کرد و لەسەر زۆر بابەت قسەوباسمان کرد. لە ئاکامدا ئاڵوگۆڕێکشمان لە پۆستەکاندا بەم شێوەیە پێکهێنا. مەلا ئەبوبەکر بەرپرسی گشتی. میرزا هەر لە پۆستی پێشووی بەرپرسی مەریوان، من بە بەرپرسی بانە و مەلا ئاوارە بە بەرپرسی سەردەشت دیاری کراین. بەدوای چەند ڕۆژ مانەوە لە بنکەی مڕانێ بڕیاری گەشتێکی مەریوان- بانە- سەردەشتمان دا. بەهۆی نەبوونی پێشمەرگە بە نۆبە ئەو گەشتانەمان دەکردن. ئەم جارە من ئامادە بووم سەردانی هاوڕێیانی بانە بکەم و پێم خۆش بوو لە نزیکەوە بزانم وەزعیان

چۆنـە. پێشـتر کـە مـەلا ئـەبوبـەکر لـە بانـە ڕێکخسـتنی پێکهێنـابوو هـەر لەسـەر ڕێنـوێنی ناوبراو ڕۆیشتم بۆ ناوچـە. یەکـەم دیدارم دیتنـی ئەندامانـی کۆمیتـەی بانـە بـوو لـە پشت گوندی گەرماو. هاوڕێیانـی کە ئەودەم من بینیمن کاک ساڵح ڕەحیمی ناسراو بە حەمەساڵح خەیات، کاک ئەکرەم ئەحمەدی خەڵکی گوندی کەندەسووره و کـاک قـادر فـەتحیان ناسراو بە مامە قالـە شۆڕش، بـوون. ئـەم هاوڕێیانـە ئـەودەم ئەنـدامی کۆمیتـەی شارسـتانی بانـە بوون کە مەلا ئـەبوبـەکر ئـەم ڕێکخستنەی پێکهێنـابوو. کـاتێ دەست بـە قسـان کـرا، باسـی چالاکیی خۆیان کرد. بە قسەی خۆیان چالاکییەکی بەرفراوانیان لە ناوچەی بانـە کردبوو و تەنانـەت لـە سـەقزیش کۆمیتـەیان دامەزرانـدبوو. گوتیـان لـەسـەر داوای مـەلا ئـەبوبـەکر ماشینێکی نووسین (تایپ)مان بۆ کڕیون. هێنـدێک پـارەی مانگانـە و یارمـەتی خەڵکیشمان کۆکردبـۆوه و ئـەویشـمان هێنـاوه. هـەروەها گـەنمێکی زۆرمـان هـەیـە کـە لەلایـەن خـەڵکی خێرخوازەوە کە وەك زەکاتی شەرعی لە بەروبوومەکەیان ساڵیانە وەك واجبێکـی شـەرعی ئەیدەن، وەرگرتووه. ئەمساڵ حیزبیان بە پێویست زانیوه و زەکـاتی گەنمـەکانیان دانـابوه بۆ حیزب. ئێمـەش لـە چەنـد جێگایـەك کۆمانکردۆتـەوه. چەنـدەتان پێویست بێت بـۆ بنکـە بۆتـان دەکـەین بـە ئـارد و بـاقی دەفرۆشـین و پارەکـەتان بـۆ ئـەنێرین. بەڕاسـتی مـن زۆر خۆشحاڵ بووم لـەوەی کە خـەڵک هەستی شۆڕشگێڕی بـەڕزه و ئامـادەی هاوکـاری و خـەباتن لـەپێناو ڕزگـاریی کوردستاندا. بـەڵام لەلایـەکی دیکەشـەوه گومـانم هـەبوو. مەسـەلـەیەکی کوردی هەیە دەڵێت مارانگاز لە خشپەی قـۆڕی ئـەترسـێ. منـیش ئـەو دەردەم هـەبوو. بیـرم لـەوه دەکـردەوه کـە سـاواک ئـەزمون و دەسـەڵاتی لـە سـاڵەکانی پێشـوو زیـاتره، لەلایـەکی دیکەوه پەیوەندی گەرمی لەگەڵ مەکتـەبی سیاسیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەیـە، ئێمەش لەژێر چاودێریی و بە هاوکاریی ئەوان ئەتوانین کار بکـەین. ئەم هـەموو چالاکییـە کراوه و بـەشێکیش لە هاوڕێ کۆنەکان کە خۆیان لـە سـاڵەکانی ١٩٦٠ هـەتا ١٩٦١دا تـەسلیم کردبۆوه دوبـاره تێکەڵـی ئـەم ڕێکخستنە نوێیـە بووبوونـەوه. ئایـا ناکرێـت مـرۆڤ بیـر لـەوه نەکاتەوه کە دوباره سمایلێکی قاسملوومان لێ پەیدا ببێت؟ ئەوەش کە من ئـەو هاوڕێیانم دەناسی و باسی بـەرینی چالاکییەکانی خۆیان کـرد پێم وا نـەبوو کـە خـاوەنی ئـەزمونێکی ئەوتۆ بن و ڕێکخراوێکی ئەوەندە ڕێکوپێکی نهێنییـان دروست کردبێت کـە دوژمـن هەستی پێ نەکردبێ. ئەوەی من هەستم پێکرد ئەو هاوڕێیانـە بـە سۆز و دڵسۆزیەوه کاریـان دەکـرد بەڵام دەستە ڕەشەکان زۆر بوون لـە دەوروپشتیان کە ئەوان ئاگایـان لێـی نـەبوو. بۆیـە مـن دڵنیایی تـەوام نەبوو لـەو ڕێکخستنانەی کە ڕێکخرابوون. بەتایبـەت کڕینـی تایپ (ماشـینی نووسـین) بـۆ ئـەو کاتـە کـارێکی ئاسـان نـەبوو. دەبـوو کەسێک ماشـینی هـەبێ کـە خـاوەن شیرکەتێک یان دەفتـەری تایبـەتی بازرگـانی یان ئیداراتی دەوڵـەتی بێ، دەنا هـەروا ئاسان نـەبوو کەسـێک بتـوانێ بچێتـە دوکـان و بـەبێ ناونیشـانی شـوێنێکی تایبـەت وەکـو ئـەو شوێنانـەی نـاوم هێنـان ماشینێکی بکڕیایە. ئـەوی من بزانم ئـەو برادەرەی کە کڕیبـووی هـیچ یەک لـەو مەرجانـەی تێدا نـەبوو. ئـەو سـەفەرەم تـەنیا بـە کۆبوونـەوەی برادەرانـی کۆمیتـە تـەواو بـوو. تاییپەکـەم لـەگـەڵ هێنـدێ پـارەدا هێنـایـەوه. جێگـای باسـە ئـەو بـارودۆخـەی لـە

کوردستانی عێراق ڕەخسابوو کاریگەری لەسەر کوردستانی ئێران دانابوو. خەڵک تینووی خەبات و تێکۆشان بوو بەڵام بەداخەوە ئێمە بەهۆی چەنددەستەیی خۆمان و هەر یەک بەستراوە بە لایەنێکی سیاسیی کوردستانی عێراق، من خۆم تا ئەو کاتە ڕەنج بەخەسار دەبینی و نە خۆشبین بووم بە کار و چالاکییەکانم نە متمانەی تەواوم هەبوو بە دوارۆژی خەباتەکەمان، لەبەرئەوەی دەستە گێرەشێوێنەکان لە دەوروبەرمان زۆر بە ڕاشکاوی دەبینران. دوای گەڕانەوەم بۆ بنکە، سێقۆڵی، کاک میرزا، مەلا ئاوارە و من کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا کە تێیدا باسی سەفەرەکەم و ڕاپۆرتی هاوڕێیانی بانەم بۆ گێڕانەوە، هەروەها لەگەڵ نیگرانیی خۆم لە بوونی ئەو ڕێکخستنە کە لەوە دەچوو ساڵیک بێت کاری بۆ کرابێت. چەند ڕۆژی پێچوو مەلا ئەبوبکریش هات بۆ بنکە و هەروەها باسی سەفەرەکەم بۆ ئەویش گێڕایەوە. ئەوەیشم بە مەلا ئەبوبەکر گوت کە پێم وایە هاوڕێیان نهێنیکارییان تەواو نییە و ئەندامێکی زۆروبۆریان ڕیز کردووە، کە بە باوەڕی من جێگای کۆنترۆڵ و لێکۆڵینەوە و پرسیارە. ئەوەشم بەتایبەت ڕوونکردەوە کە لەنێو ئەو هاوڕێیانەدا چەند برادەرێک دەبینرێن لەو کەسانەی کە دوو ساڵ لەوەپێش خۆیان تەسلیم کردۆتەوە؛ من ناڵێم ئەوانە مافی خەبات و دووبارە بەشداری شۆڕشیان نییە، بەڵام زۆر لەو کەسانە کە چوونەوە بارودۆخی نالەباری خۆمان لە کۆمۆنی سلێمانی وای لێ کردن کە خۆیان تەسلیم بکەنەوە. پێیشم وایە کە ئەو برادەرانە کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرن بەڵام هێشتا چاودێریی ساواکیان لەسەر ماوە و دەبوو پەلەیان لێ نەکرایە کە ڕاستەوخۆ بەشداری لەنێو شانەکانی حیزبدا بکەن، یان کاری تایبەتیان پێ بسپێردرێت. باشتر ئەوە بوو کە بە شێوەی تاک و بە نهێنی پەیوەندییان پێوە بگیرایە. دوای قسەکانم پێشنیازم کرد نۆرەی مەلا ئاوارەیە کە بچێت جەولەیەک لە ناوچەکانی سەردەشت بکات و من و میرزایش بچینەوە مەرەوێ و تایپەکە بەرین و تەمرینی لەسەر بکەین بەڵکو بتوانین بەزوویی ئاگادارییەکانی پێ بنووسین و بڵاویان بکەینەوە. پێشتر لە بنکەی بێورێ دوو بڵاوکراوەمان بە دەستخەتی میرزا کە خەتێکی خۆشی هەبوو، دەربارەی ٢١ی ئازەر وەکو ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی کورداندا، هەروەها ٢ی ڕێبەندان بڵاوکردبۆوە. مەلا ئاوارە بەرەو سەردەشت ڕۆیشت و من و میرزایش چووین بۆ مەروێ بۆ ماڵی من و دەستمانکرد بە تایپکردن. دوای چەند ڕۆژ نووسین و کاغەز ڕەشکردنەوە سەرئەنجام دوای دەیان جار هەڵەی نووسین توانیمان چەند نمونەیەك لەو دوو ئاگادارییە وەنووسین. هەرچەند نووسینەکەمان زۆر جوان و باش نەبوو بەڵام بۆ ئەو کاتە و نەبوونی کەرەستەی چاپ شتێکی باش بوو. دوای حەوتوویەک میرزا گەڕایەوە بنکەی مڕانێ. بە پێویستمان زانی من چەند ڕۆژێکی دیکە بمێنمەوە بەڵکۆ بتوانم چەند نمونەیەکی تر لە بڵاوکراوەکان بنووسمەوە بۆ ئەرشیف. هەر لەو ڕۆژانەدا کە بە مەبەستی نووسینی بڵاوکراوەکان مابوومەوە، میوانێکم بۆ هات. سەرەتا نەمناسی چونکە پێشتر لە نزیکەوە نەمدیبوو، تەنیا ناویم بیستبوو. میوان خۆی پێناساندم، دوکتۆر کەمال فوئاد بوو. کەمال فوئاد لە دەرەوەی وڵات دەیخوێند. ئەو کاتە بەرپرسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە دەرەوەی وڵات.

لەرێگەی ئێرانەوە و لە شاری بانەوە هات و بە گوندی مەرویدا ڕۆیشت بۆ مەکتەبی سیاسی. شەوێک لە ماڵی من مایەوە. دوای حەسانەوەی، چۆنیەتی هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە لەسەر کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی بەغدام لێ پرسی. گوتی ئەورووپا هێشتا کێشەی ئێمە ناناسێ. بەڵام قوتابیانی دەرەوەی وڵات زۆر چالاکیی جۆربەجۆر دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکەیان بە جیهان بناسێنن. دوکتۆر کەماڵیش پرسیاری نێوخۆی کرد. منیش بەگوێرەی ئاگادارییەک کە هەمبوو وەڵامم دایەوە. ئەو لایەنگریی لە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی دەکرد. بارودۆخی حیزبی دێموکراتی پرسی، ناڕەزایی لە ئەحمەد تۆفیق دەربڕی. گوتی پشتیوانی لە بارزانی دەکات. ئەو دوو بڵاوکراوەی خۆمانم دایێ و خوێندنیەوە. گوتی ئەم نووسینەی ئێوەش لایەنگری لە بارزانی پێوە دیارە. گوتی ئەتوانم نمونەیەکی لێ هەڵگرم، گوتم فەرموو ئەتوانی. شەو لە ماڵی من خەوت و بەیانییەکەی ڕۆیشت بۆ بنکەی مەکتەبی سیاسی. دوای چەند ڕۆژان کارکردن بە دەزگای تایپ، گەڕامەوە بنکە. هەر لەو ڕۆژانەدا مەلا ئەبوبەکر هات بۆ بنکە و گوتی پێویستە سەردانێکی مەکتەبی سیاسی بکەین و پێم خۆشە کاک ڕەشید لەگەڵمدا بێت. میرزا و هاوڕێیان گوتیان باشە. کوێخا کەریم لەگەڵمان حازر بوو و ڕۆیشتین بۆ مەکتەبی سیاسی لە گوندی عیساوێ. کاتێ گەیشتینە ئەوێ من و کوێخا کەریم لە یەکێک لە ژوورەکان دانیشتین و مەلا ئەبوبەکریش چووە لای برادەران. چەند سەعاتی پێچوو هاتەوە و گوتی کاک ڕەشید، کاک عەلی عەبدوڵڵا پێی خۆشە ئەتۆش ببینێ، پێم چاکە بچیت بۆلای، چاوەڕوانیت دەکات. هەستام و چووم بۆلای عەلی عەبدوڵڵا. دوای بەخێرهێنان و ڕێزلێگرتن پێش هەموو شتێک گلەیی و ناڕەزایی لە بڵاوکراوەکەی ئێمە دەربڕی. لەوە دەچوو دوکتۆر کەمال فوئاد کە لە مەروێ لە ماڵی ئێمە نوسخەیەکی لێ هەڵگرتبوو و دابووی بە هاوڕێیانی، ئەوانیش دیبوویان. گوتی ئەو بڵاوکراوەیە جگە لە قسەی خۆتان لایەنگری لە بارزانییشی تێدایە کە ئێمە بە هیچ جۆرێک ڕازی نین و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بیروڕای ئێمەدا نایەتەوە. هەروەها گوتی تۆ کە ئەچیتە جەولە بۆ کوردستانی ئێران لە گەڕانەوەدا دەنگوباسی جەولەکەت بەتەواوی بۆ هاوڕێیانت ناگێڕیەوە و هێندێ ڕەخنەی سەیروسەمەرت هەیە. دیار بوو ئەم قسانە یەکێک لە خۆمان گێڕابوونیەوە، کە لە بیستنیان زۆر نیگەران و دڵگران بووم. گوتم بەڕێز، ئێمە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانین، خۆمان بە سەربەخۆ دەزانین و هیچ کارێکی ئێمە تێکەڵ بە کار و چالاکیی ئێوە نییە. من بە نەفسی خۆم ئێوە وەکو دۆستێک ئەناسم. دیارە یارمەتی و هاوکاریتان کردووین و لەو بارەیەوە سوپاستان دەکەین. بەڵام ئێوە نابێ هەر لەبەر ئەوەی هاوکاریمان دەکەن چاوەڕوانی ئەوەتان لە ئێمە هەبێ کە ئێمە بەشیک بین لە ئێوە و لە بەرژەوەندیی ئێوە بڵاوکراوەکانمان بنووسین و هەر کارێکیش ئێمە کردمان ئێوە ئاگاتان لێی بێت. لە وەڵامی ئەم قسانەی مندا گوتی بەڵێ، ئەگەر ئێوە دۆستی ئێمەن دەبی لە بیری بەرژەوەندیی ئێمەدا بن و ئاگایشمان لە کاروبارتان هەبێت. لەوە دەچوو پێشتر بەڵێنیی لەو شێوەیەی لە کەسانی دیکە لە هاوڕییانی خۆمان وەرگرتبێت کە من ئاگام لێ نەبوو. بەدوای ئەم

قسانەدا گومانەکانم زیاتر بوون بۆیە منیش گوتم بەڕێز، من بەشبەحاڵی خۆم ناتوانم بەو شێوەیە دۆستایەتی بکەم. بەم جۆرە قسەکانمان تەواو بوون و هاتمە دەرێ. کاتێ هاتمە دەرێ مەلا ئەبوبەکر گوتی قسەکانی کاک عەلی عەبدوڵڵا چی بوون. گوتم هێندێ قسەی دۆستانە بوو بەڵام من لە مەلا ئەبوبەکرم نەپرسی ئەی ئێوە چیتان گوت لەبەر ئەوە من بڕیاری خۆم دابوو کە ئیتر ناتوانم لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی خۆمدا کار بکەم کە بەو شێوەیە وابەستە بە مەکتەبی سیاسی بن. کارمان تەواو بوو. لە عیساوێ وەڕێکەوتین بەرەو گوندی ئاوکورتێ. لەوێ چایخانەیەک لەسەر ڕێگاکە بوو. دانیشتین چایی بخۆینەوە و ماندوویی هەورازەکەی عیساوێ دەرکەین. چەند مەترێک دوور لە کەپری چایخانەکە لە بن دارێکدا چەند کورسییەکی لێ دانرابوون. لەوێ دانیشتین و چاییمان خواردەوە. دوو پێشمەرگەی کلاشینکۆف بەدەست لەگەڵ کەسێکدا کە ڕانکوچۆخەی شاڵی خورمایی لەبەردابوو، هاتن و لەبەردەمی چایخانەکە لەژێر کەپرەکەدا دانیشتن. مەلا ئەبوبەکر پرسی ئەو کابرایە دەناسن؟ گوتم نەخێر. گوتی ئەوە سەرهەنگ عیسا پژمانە! دەفتەرەکەی لە نزیك مەکتەب سیاسی‌یە. ئەوە کە هاتووە بۆ ئێرە ئیمکانە بۆ پیاسە و هەواخۆری هاتبێت. کاتێ مەلا ئەبوبەکر وای گوت لێم پرسی جەنابت چۆنی ئەناسی؟! لە وەڵامدا گوتی برادەرانی مەکتەبی سیاسی بۆیان باس کردووم. ئیتر من زیاترم لێ نەگوت. بەم جۆرە دیداری مەکتەبی سیاسی تەواو بوو. گەڕاینەوە بنکەی مڕانێ. مەلا ئەبوبەکر گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان کە لەو ئاخریانەدا لە چوارتا بوو. ڕۆژی دوایی داوام لە میرزا و مەلا ئاوارە کرد کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی بکەین. کۆبووینەوە و بەکورتی ئەم چەند خاڵانەم باس کردن: بەوردی قسەکانی عەلی عەبدوڵڵام بۆ گێڕانەوە. بوونی سەرهەنگ عیسا پژمان وەکو نوێنەری ئێران لە مەکتەبی سیاسی. ناسینی سەرهەنگ پژمان لەلایەن مەلا ئەبوبەکرەوە. لە بارەی سەرهەنگ عیسا پژمان زۆر قسە و باسمان کرد، زیاتر لە چەند سەعات بەڵام کورتەی قسەکانی من ئەوە بوو: گوتم لەم سەفەرەدا بۆم دەرکەوتووە کە ئەم چەنددەستەیی ئەندامانی حیزب نە ئەو قسانەیە کە هێندێک کەس بە ئەحمەد تۆفیقی دەڵێن وەکو ئەوەی کە "تەکرەوە، دیکتاتۆرە و لادان لە ڕێبازی حیزب" و زۆر شتی دیکە. پێم وایە بەشی زۆری وا نییە. زۆرتر لێکترازان و نەحەوانەوەمان دەستی دوژمنی لە پشتەوەیە و ئاسانکاریمان بۆ دەکرێت بۆ ئەوە کە حیزبەکەمانی پێ لاواز بکەین. ئێمەش بەبێ لێکۆڵینەوە قبوڵی دەکەین. ئەگەر سەرنج بدەین لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق یاریمەتیمان دەدەن. هەر لایەنە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەو لایەنە باشترە کە ئاوا بە ڕاشکاوی کۆنسولی ئێرانی لێ نییە. خۆتان دەزانن جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بنکەیەکیان لە گوندی شابەدین لەسەر سنوور نزیک کێوی سوورکێو بە سەرپرستی ڕەحمانە ڕووتە داناوە. هەموو ڕۆژێک بە ڕێگای دۆژێدا بە کاروانێکەوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەدا بە دۆڵی تاژان و تاژەباندا و لە گوندی قاییبەردەوە دەچنە نێو شاری بانە و لەولایشەوە چەکی بڕنۆی دارشووشە و کەلوپەل و زۆر شتی دیکە دێنن بۆ سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی. ئێمەش زۆر جار بەپەنای ئەواندا

هاتوچوو دەکەین. شتێکی زۆر بەرچاویش ئەوەیە کە ڕەشە کوێری خا سەلمێ، خەڵکی شاری بانە، کە سەر بە ساواکە و نوێنەری ئەوانە هەموو جارێکیش لەگەڵ هاتوچووی کاروانەکانی ڕەحمانە ڕووتەدایە و ئاگایشی لە بوونی بنکەی ئێمە لە مڕانێ هەیە و هەموو ئێمەش ئەناسێ. بەڕاستی هاوڕێیان، من بە بوونی ئەم بارودۆخە دڵم حەساوە نییە و گومانم هەیە. هەرچەند بەڵگەیەکی تەواوم بەدەستەوە نییە بەڵام هێندێ نمونە پیشان ئەدەن کە دوژمن بێخەبەر نییە لە هەڵسوکەوتی ڕێکخستنەکانمان. بۆیە من عەرزتان دەکەم کە لە ئەم سەعاتەوە هیچ مسئولیەتێکم لەئەستۆ نییە و ئیستعفای خۆم بە ئێوە ڕادەگەیێنم و دەچمەوە ماڵی خۆم و بێلایەن دائەنیشم. ئێوە ئەتوانن قسەکانی من بە مەلا ئەبوبەکر ڕاگەیێنن. ئێوەش ڕەئی خۆتانە چۆنتان پێ خۆشە وا بکەن. دیار بوو قسەکانی من کاریگەری هەبوو لەسەر برادەران بەڵام گوتیان باش نییە بە جارێک چۆڵی بکەین، لەوانەیە ببێتە قسەیەک بۆمان کە بە گران لەسەرمان تەواو بێت. ئێمەش بەدوای تۆدا بیری لێ ئەکەینەوە و خۆمان بە لایەکدا ساخ دەکەینەوە. کاتێ پێشمەرگەکان ئەمەیان زانی کە من کار ناکەم زۆر ناڕەحەت بوون و هەر ئەو کاتە چەند کەسێکیان گوتیان کار ناکەین. کوێخا کەریم گوتی منیش کار ناکەم و دەڕۆمەوە بۆ گرگاشێ. بەڵام بە تەکلیفی من مانەوە. گوتم ماوەیەک وەمێنن باشترە، با نەبێتە قسە لەسەرمان چونکە ئەگەر بە شێوەی عمومی بێت لەوانەیە ئیجازەمان نەدەن کە لە مەروێ و گرگاشێ بژین. هەر ئەو ڕۆژە خواحافیزم لە هاوڕێیان خواست و گەڕامەوە بۆ مەروێ.

## گرژی و شەڕ لە نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسیدا

ئێوارەیەک لە ماڵی خۆمان لە مەروێ دانیشتبووم و هەروا بیرم لە ئاڵۆزی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و بارزانی دەکردەوە. مستەفاناوێک لەلام بوو، هاوکاری دەکردین. ناوبراو بە مچە چکۆل دەناسرا. لاوێکی ئازا و بەکار بوو. هەموو ڕۆژێک بارێکی دار لە کێوی دەهێنایەوە و کاری دیوەخانەکە و ئەرکی خزمەتی میوانیشی بەئەستۆوە بوو. مستەفا هات و گوتی چەند سوارێک لە بەر دەرگا دابەزیون، میوانی ئێمەن. هاتمە دەرێ. دیتم شێخ لەتیفی حەفیدە. پێشوازیم لێکرد و هاتنە ماڵەوە. دوای حەسانەوەیان، شەو دەروێش ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا و ئاغایانی گوندی مەروێ هاتن بۆلای شێخ بۆ بەخێرهێنانی. ئەو شەوە تا درەنگانێک دانیشتین. دیار بوو شێخ لە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی گلە و گازندەی هەبوو. بە قسەی شێخ جەماعەتێک لە لایەنگران و نزیکانی شێخیان چەک کردبوو و تەنیا چەند چەکێکیان بۆ هێشتبۆوە بۆ پارێزگای لە خۆی، و بە چاوی بێحورمەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردبوو. شێخ بڕیاری دابوو لە ڕێگای ئالانی سەردەشتەوە بچێت بۆلای بارزانی لە شاری پیرانشار، کە بارزانی لەو ناوچەیە نزیک بوو. دیار بوو بەهۆی هێزی پێشمەرگەی جەماعەتی دەفتەری سیاسییەوە نەیتوانیبوو لە ڕێگای قەڵادزێوە ئەم سەفەرە بکات و وای بە مەسڵەحەت زانیبوو لە ڕێگای ئێرانەوە بچێ. زووتریش لەو بوارەدا پەیوەندی بە ئێرانەوە دەگرێت کە ئیجازەی بدرێتێ ئەو سەفەرە بکات بۆلای بارزانی. شێخ بەیانیی ڕۆژی دوایی بەرەو ئالانی سەردەشت وەڕێکەوت. دوای چەند مانگ بەدوای هێرشی بارزانی بۆسەر دەفتەری سیاسی و هەڵاتنیان بۆ ئێران لە سیتەک شێخ لەتیفم بینیەوە.

دوای ڕۆیشتنم لە بنکەی مڕانێ و وازهێنانم لە چالاکیی سیاسی، دروست نازانم چەندەی پێچوو بەڵام ئەوەی لەبیرم مابێت بەینی یەک تا دوو مانگی پێچوو لە مانگی تەموزی ١٩٦٤دا بارزانی هێرشی کردەسەر جەماعەتی مەکتەبی سیاسی. لەو هێرشەدا تەواوی عەشیرەتەکانی ناوچە پشتیوانییان لە بارزانی کرد. هێزێکی گەورە لە ناوچەی پژدەر و ماوەتەوە، هێزێکی گەورەی دیکەش لە سیوەیلەوە بە بەر بناری سوورکێودا هات بەرەو کێوی گمۆ. هێزەکانی بارزانی دەگەیشتنە هەر کوێیەک لایەنگرەکانیان تێکەڵی هێزەکانیان دەبوون. لوقمان بارزانی، کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، فەرماندەیی جەبهەکانی دەکرد. ئەو هێزەی کە لە ناوچەی پێنجوێن و سیوەیلەوە گەیشبوونە کێوی گمۆ، زۆر بە گورجی جەماعەتی مەکتەبی سیاسییان شکاند و بەرەو گوندی ئاوکورتێ پاشەکشەیان پێکردن. جەماعەتی مەکتەبی سیاسی لە چۆمی خوار ئاوکورتێ و عیساوێ پەڕینەوە بۆ ئالانی ئێران و سوپای ئێرانیش ئابلۆقەی دابوون بەڵام تەسلیم نەبوون. هەر بەو شێوەیە بە سنووری کوردستانی ئێراندا لە گوندەکانی گرویس، ئالۆت، کیوەرۆ و ئەنجێنەوە هاتن و بۆ جارێکی دیکە چوونەوە نێو سنوورەکانی کوردستانی عێراق و توانیان تەواوی بەرزاییەکانی کێوی سوورکێو بگرنەوە و هەتا گوندی سیرێ چوونە پێشەوە.

لەم پەلامار و هێرشەدا دەیان پێشمەرگە لە هەردوولا کوژران و بریندار بوون. بەڵام ئەم جارەیان دوای حەوتوویەک بەربەرەکانی و شەڕێکی گەرم پاشەکەشەیان لەلایەن هێزی بارزانییەوە پێکرا. ئیتر ئەم جارەیان بەتەواوی چوونە خاکی کوردستانی ئێران ـەوە و لە گوندەکانی گەرماو، نیروان، تاژان، تاژەبان و ئارمردە خۆیان تەسلیمی سوپای ئێران کرد و چەکەکانیان دانان. حکومەتی ئێرانیش جەماعەتی لە شاری هەمەدان نیشتەجێ کردن. ماوەی نزیک بە ساڵێك لە هەمەدان مانەوە. دوایی بارزانی لێبوردنی دەرکرد بۆ جەماعەت و گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق. بەدوای ئەو شکانەی مەکتەبی سیاسیدا چەند کەسێکی بەرچاو کە لە حیزب دوور کەوتبوونەوە و زۆرتر لایەنگرییان لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دەکرد و هەر لەو بوارەدا وەکو گروپی بچوک لە کوردستانی ئێران لەژێر ڕێنوێنی و هاوکاریی مەکتەبی سیاسیدا کاریان دەکرد بە دژی ئەحمەد تۆفیق و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئاشبەتاڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوانیش ڕۆیشتنەوە بۆ ئێران و خۆیان تەسلیم کردەوە. دوو لەو برادەرە بەرچاوانە کاک سەلاح موهتەدی و مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی بوون. بەشێکی دیکە لەو برادەرانە کە لە کوردستانی عێراق مابوونەوە، بەرودوا لە ماوەیەکی کورتدا خۆیان تەسلیمی ئێران کردەوە و وازیان لە چالاکیی سیاسی هێنا. ئەو ڕێکخستنانەی کە لە شارەکانی بانە، مەریوان، سەردەشت، سەقز و شارەکانی دیکەدا پێکیان هینابوون، بێکەس مانەوە و هەموو پەیوەندییەکانیان پسان و بێ سەرچاوە مانەوە. هیچ یەک لەو ئەندامە بەرچاوانەی کە هۆی سەرەکی ڕێکخستنی ئەو گۆڕەپانە بوون و بە یارمەتی و پاڵپشتی ماددیی و مەعنەویی مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە لە کوردستانی عێراق چالاکییان دەکرد نەمانەوە. بەڵام بەشێکیان کە ئاگایان لەوە نەبوو کە بۆچی و بە چ مەبەستێک ئەو گروپانە دروست بوون، لەو کەسانە زۆریان مانەوە، یان بێلایەن لە ماڵی خۆیان یان چوونەوە لای ئەحمەد تۆفیق و بە چالاکیی خۆیان درێژەیان دا. بەشێکی دیکەیان هەروەها بە شێوەیەکی دیکە کەوتنە دژایەتی ئەحمەد تۆفیق و کاروباری حیزب. هەر لەو بوارەدا مەلا ئەبوبکر خۆیشی بە ڕاشکاوی لە یادیساڵڕۆژی شەهید مەلا ئاوارەدا لە وتووێژی ڕەحمان خالیدنژاددا دەڵێ "لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ماڵی ئێمە کە لە گوندی ئاوکورتێ لە ناوچەی ماوەت بوو، بێجگە لەوەی کە مەلا و پێشنوێژی ئاییینیی گوندەکە بووم بەرپرسی کۆمیتەیەکی بەرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بووم بە ناوی م. ب. س. ئەو مەڵبەندە کاروباری تەشکیلاتی و ڕێکخستنی ناوچەی مەریوان، بانە، سەقز و سەردەشتی بەئەستۆوە بوو. ئەندامانی بەرچاوی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە کاک ڕەشیدی ئەحمەدی (ڕەشیدخانی کیوەرۆ) و میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی و... مەڵبەندی م. ب. س. بە چاودێری ماددی و ڕاوێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی بەڕێوەدەچوو". ئەو ڕستەیە دەقی قسەی مەلا ئەبوبەکرە کە داوای لێکراوە بۆ ساڵڕۆژی شەهید مەلا ئاوارە وەکو چەند بەڕێزی دیکە کە هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە بوون بۆچوون و ڕەئی خۆی بنووسی کە لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/١٤ لە ماڵپەڕی گیارەنگدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕاستبێژیەی مەلا ئەبوبەکر

باشتر دڵنیای کردم کە کارکردن بە چاودێری و ڕاوێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی و شەخسی مەلا ئەبوبەکر بەدوای سەفەرەکەمان بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی و وتوویژ لەگەڵ عەلی عەبدوڵڵا، ئەندامی ڕێبەری ئەوکاتی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە عیساوێ، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەوردی نووسراوە، دەستکێشانەوەی من لەو کۆمیتەدا دروست و لە جێی خۆیدا بووە. بەگوێرەی ئەم بەڵگانە دەردەکەوێ کە دروستبوونی ئەو گروپانە بە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی مەکتەبی سیاسیی پارتی، تەنیا بۆ دژایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دژایەتی ئەحمەد تۆفیق چالاکییان دەکرد، چونکە دەرکەوت هەر لەگەڵ ئاشبەتاڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ئێران. بەڵام ئەو ئەندامانە کە لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران لەو ڕێکخستنانەدا کاریان دەکرد ئاگایان لەو دەستەبەندی و دژایەتییە بە شێوەیەکی ڕوون لەنێو حیزبدا نەبوو. ئەوان کەسانێک بوون بێخەبەر لەو بارودۆخە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە وەک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئازادیی و سەرفرازیی ئەو گەلە خەباتیان دەکرد کە دواتر بێ سەرپەرست مانەوە و چالاکییەکانیان ڕاوەستان. بەڵام لەنێو خۆیاندا ئەو هەستە نیشتمانپەروەری و حیزبایەتییەیان پاراست و لە سەردەمێکی نوێتردا هاتنەوە گۆڕەپانی خەبات و کەسانی بەتوانا و دڵسۆزیان تێدا هەڵکەوت. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە عێراق گەڕانەوە وڵات و خۆیان ڕێکخستەوە، لەو کەسانە کە لەو ڕێکخستنانەی کە باسم کردن چوونە نێو ڕیزەکانی حیزب و کەسانی بەتوانا و دڵسۆزیان تیدا هەڵکەوتن و تەنانەت گەیشتنە پلەی کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبدا و زۆر کادری کارامەی نیزامیشیان تێدا هەڵکەوتن کە لەپێناو بەرژەوەندیی گەلدا و بە مەبەستی داکۆکی لە مافی گەلی کورد لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا شەهیدبوون. ئێستاش لەو کەسانە لە ڕیزەکانی حیزبدا ماون. جێگای ئاماژەیە کاتێ بارزانی هێرشی کردەسەر نەیارەکانی خۆی، ئەحمەد تۆفیقیش سوودی لەو بارودۆخە وەرگرت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەو هێرشەدا لە هەر کوێەک ڕەکەبەرەکانی خۆی پەیدا بکردنایە چەکی دەکردن و بە چەند کەسانێکیش بێڕێزی کرا. کاتێ هێزی بارزانی دەگاتە چوارتا، ئەحمەد تۆفیق لە چوارتا جەماعەتێک پێشمەرگە ئەنێرێت بۆسەر ماڵی مەلا ئەبوبەکر کە بیگرن. لەو کاتەدا مەلا ئەبوبکر لە ماڵ نابێ. چەند برادەرێک لەو مامۆستایانەی بانە کە پێشتر باسم کردوون و دێنە بنکەی مڕانێ، ماوەیەک بوو ڕۆیشبوون بۆ ناوچەی قەڵادزێ و سەنگەسەر بۆ دیداری بارزانی و ئەحمەد تۆفیق. ئەوانیش گەڕابوونەوە بۆ بنکەی مڕانێ. ئیتر نازانم ئاخۆ بارزانی و ئەحمەد تۆفیقیان دیبوو یان نا. لەو مامۆستایانە چەند کەسێکیان لە ماڵی مەلا ئەبوبەکر دەبن بەڵام هیچ بەوان ناڵێن و مەلا ئەبوبەکریشیان دەستناکەوێ. دوایی ڕاستەوخۆ دەچنەسەر بنکەی مڕانێ. هەر ئەو کاتەش مامۆستاکانی بانە، محەممەدئەمین مەجیدیان، ساڵح خەندانی و محەممەد قادری لە بنکە دەبن. لەو کاتەدا مەلا ئاوارە وەک بەرپرسی بنکە لەوێ دەبێت. هەموویان چەک دەکەن و کەلوپەلی بنکەکە دەپێچنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ چوارتا. جێگای ئاماژەیە

میرزایش‌یان لـه چوارتـا یـان لـه شوێنێکی دیکـه دەکەوێتەبـەر دەست و دەیگرن. ئەحمـەد تۆفیق ئـەویشی بـە گیراوی لـەگەڵ خۆیان بردبوو بۆ بنکەی مرانێ. دوای دەستبەسەراگرتنی بنکەکە هەموویان دەبـەن بۆ چوارتا. ئەحمـەد تۆفیـق هـەوڵ ئـەدا کـە جەماعـەت، جگـە لـە میرزا، بچنەوە لای ئەحمـەد تۆفیـق و درێژە بـە کـار بـدەن. ماموٚستاکان قەناعـەت ناکـەن. تەنیا چەند پێشمەرگەیەک دەگەڕێنەوە لای ئەحمەد تۆفیـق و بـاقی جەماعـەت هـەموویان ئـازاد دەکــەن. ئــەو ماموٚسـتا لاوە بەهەسـت و خوێنگــەرم و نیشـتمانپەروەرانە بــەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی و شۆڕش و بێ ئـەزموونی، ئـەوانیش ناچار دەبن دوای ماوەیـەک بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران بۆ ژێردەستی دوژمن و دوای ماوەیـەک دووردەخرێنـەوە بـۆ شـوێنە ناخۆشـەکانی ئێـران و چەنـد کەسێکیشـیان دوای ماوەیــەک لــە تاراوگــە دوبـارە بیانوویـان پێـدەگرن و دەیـانگرن و ڕەوانــەی بەندیخانــەی فــەلکولئفلاکیان دەکـەن لــە خورەمئاباد.
دوای هێرشـەکەی بـارزانی بۆسـەر جەماعـەتی مەکتـەبی سیاسـی و دەرکردنیـان بـۆ ئێـران بارزانی وەکو مانۆڕێک بەرامبەر بە ئێران و باقی نەیارانی جەولەیەکی ناوچەی پێنجوێن دەکـات بـە هێزێکـی گـەورەی چەندهـەزار کەسییەوە. لـە گەڕانـەوەی لـە پێنجوێن ـەوە بـە بناری سوورکێودا دەگەڕێتەوە و لە گوندی نۆڕک سەرهەنگ مودەرسی، کادری پایـەبـەرزی ساواک، چاوی بـە بـارزانی دەکـەوێت و قسەوباسـی تـازە دەکـەن لەسـەر ئـەو بـارودۆخ و ئاڵوگۆڕە کە لە ناوچەکەدا پێکهاتووە. من هەواڵی ئەم دیدارەم لـە خزمـانی گونـدی نـۆڕک بیستووە، ئیتر ناوەڕۆکی دانیشتنەکەیان چی بووە، نازانم. بارزانی بە گوندەکانی نەلەسو، شـیوەکەڵ، بـارێی گـەورە، بـارێی بچـووک، مووسـەک، شـابەدین و سوورەبانـدا بـە مـاوەی چەنـد ڕۆژ گەیشـتە گونـدی مـەرویێ. شـەو لـە مـاڵی دەرویـش ئاغـا مایـەوە و جەماعـەتی پێشـمەرگەش کـە زیـاتر لـە پێـنج سـەد کـەس دەبـوون و وەکـو پاسـەوانی تایبـەتی خـۆی لەگەڵیدا بوون، بە گونـدەکانی دێـرێی سـەروو، دێـرێی خـواروو، سوورەدزێ و شاناخسـێدا بڵاوبوونەوە. نزیک بە سەد پێشمەرگەیەک کـە لەگـەڵ خۆیدا بـوون هاتنـە گونـدی مـەرویێ. هەموو ماڵەکان میوانیان بەرکەوت و میوانی ماڵی ئێمە کاک عەگید ناوێک بـوو بـە بیست پێشمەرگەوە میوانم بوون. دوای نانخواردن ئیجازەم لە میوانەکانم وەرگرت و چووم بـۆلای بارزانی لە ماڵی دەرویش ئاغا. خۆم پێناساندەوە و قسەوباسـی خـۆم بـۆ کـرد. لـە وەڵامـدا گوتی لە ماڵی خۆت دانیشە، کـەس کـاری بـە تـۆ نییـە، ئـەگـەر گیروگرفتێکت بـۆ هاتـەپێش وەرە بۆلای خۆم.
ماوەیەک بەم شێوەیە ژیان بە بێدەنگی دەچووە پێشەوە. کەس کاری پێم نەبوو. منـیش بـە کاری شەخسی و دیداری دۆستان خۆم مەشغوڵ کردبوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤دا بـەهۆی شۆڕشی کوردستانی عێراقـەوە لـە بەشی زۆری ناوچـەکانی کوردستانی ئێـران، کەسـانێک، هەر یەکە بە مەبەستێك، لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە ڕوویان کـردە کوردسـتانی عێـراق. بەڵام بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە کە هاتبوون حەزیان دەکرد بەشداری لـە شۆڕشدا بکـەن و ژیـانێکی سـاکاریش بـۆ خێزانەکـەیان لەبـەرچاو بگیـرێ. بـەڵام شـۆڕش بـەهۆی تێکـەڵاوی

لەگەڵ ئێران بە هیچ جۆرێک حەزی نەدەکرد کوردەکانی ئێران تێکەڵ بەو شۆڕشە بن نەکا گلەیی ئێرانیان بێتەسەر. ئەم باسەی کە ئێستا هاتووە، بە چەند شێوە و قۆناخ بەم شێوەیە دەستیپێکرد: سەرەتا جەماعەتی مەکتەبی سیاسی تا بڵاوبوونیان بەهۆی هێرشی بارزانی بۆسەریان بۆ لاوازکردنی حیزب، بە چەند دەستە و کەسانێک ئیجازەی دەدا لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیدا کاری سیاسی بکەن بەو مەرجەی لەژێر چاودێری خۆیاندا و دژ بە ئەحمەد تۆفیق بوونایە. ئەمە بەدوای هێرشی بارزانی بۆسەر مەکتەبی سیاسی و ڕۆیشتنیان بۆ ئێران. جێگای ئاماژەیە تا ئەو کاتە بارزانی هاوکاری و پشتیوانی لە حیزب بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق دەکرد. ئەحمەد تۆفیق لەڕێگەی حیزبەوە ئەوپەڕی یارمەتی بارزانی لە بواری ئابووریدا دا، وەک کۆکردنەوەی کەلوپەل و ئازوقە لە کوردستانی ئێران لە سەرەتای شۆڕشدا. هەروەها پشتیوانی سیاسی، بەتایبەت ماوەیەک نامیلکەیەکی بە ناوی "دیسان بارزانی" مانگی جارێك دەردەکرد کە لە کوردستاندا بڵاودەبۆوە. پشتیوانی دیکەی وەک هێنانی هەواڵنێری جیهانی کە بۆ ئەو کاتە کارێکی یەکجار گرنگ بوو. بۆ نمونە هێنانی هەواڵنێرێکی بەناوبانگی ئەمریکایی بە ناوی دانا ئادامتز شمدت کە ئەحمەد تۆفیق لە دەرەوەی وڵات هێنابووی بۆلای بارزانی و سەردانی ناوچەکانی شۆڕشی دەکرد. دانا ئادامز شمدت کتێبێکی لەسەر کوردان هەیە کە فارسییەکەی بەم ناوەیە "سفری به سوی مردان شجاع در کردستان". لەو کتێبەدا باسی ئازایەتی و کارزانی ئەحمەد تۆفیق دەکات. هەروەها لە بواری نیزامیدا ئەحمەد تۆفیق ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب بەشداری بەرەکانی شەڕی دەکرد لە یارمەتی هێزی بارزانی. پاش پەیوەندی کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلول بە ئێرانەوە بارودۆخە سیاسییەکە گۆڕا. ئەوجار شۆڕشی ئەیلول پێویستی بە حیزبی دێموکرات و ئەحمەد تۆفیق نەما و هەر لە کۆتایی ئەوساڵەدا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەحمەد تۆفیق و هاوڕێیانی - کە تا ئەو کاتە خۆشەویست و هاوکاری شۆڕش بوون- لەوەبەدوا بە هیچ جۆرێک بۆیان نییە دژی ئێران جموجووڵ و کاری سیاسی بکەن تا شۆڕشەکەیان سەردەکەوێت. خۆ ئەگەر ئەم بڕیارە هەنگاوی دروستی بۆ بهاوێژرایە و ڕاست بوایە لەپێناوی ئەو بەشەی کوردستاندا کارێکی سیاسییانە و باش بوو بەڵام بەو مەرجەی کە ڕێز و حورمەتی ئەندامانی حیزب و ئەو کەسایەتییە سەربەخۆیانە کە سۆزی نیشتمانپەروەری پاڵی پێوەنابوون بۆ کوردستانی عێراق بپارێزرایە و لانیکەم جێگا و ڕێگایەکی شیاویان بۆ دابین بکرایە، دەکرا بمانگوتایە ئەم بڕیارە لە جێگای خۆیدا بووە و لە بەرژەوەندیی دواڕۆژی کوردستاندایە، چونکە سەرکەوتنی هەر بەشێك لە کوردستان بێگومان کاریگەری دەبێت بۆ بەشەکانی دیکە. بەڵام دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئەیلول نەیانتوانی بەو شێوە سیاسەتە مەسئولانە هەڵسوکەوت بکەن کە دڵی ئێرانیش ڕاگرن و کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ئێرانیش کە برا و پاڵپشتی ئەو شۆڕشە بوون تووشی بێحورمەتی و کوشتن و گرتن و تەحویلدانەوە بە ئێران نەبن. بەهەرحاڵ، پێدەچێ هەڵەی هەردوو لای تێدا بووبێت بەڵام بە باوەڕی من زۆرتر هەڵەکە دەگەڕێتەوە لای دەسەڵاتدارانی شۆڕش. نایشمەوێ زۆر

بچەمسەر وردەکارییەکانی هەڵەی ئەو دوو لایەنە، لەبەرئەوە نووسینەکەی من لێکۆڵینەوی مێژوو نییە، باسی بەشێک لە ژیانی سیاسیی خۆمە. وەک پێشتریش باسم کرد، کۆمەڵە خەڵکێک بەهۆی کاریگەری شۆڕشی ئەیلولەوە لە کوردستانی ئێران هەڵاتن و هاتنە کوردستانی عێراق. ئا لەو کاتانەدا چەند کەسێک لە خزمانی منیش هاتن بۆ کوردستانی عێراق. سەرەتا هەر کەسە ڕووی کردە خزم و دۆست و ناسیاوی خۆی. ئەحمەد خانی ئەحمەدی، یەکێك لە خزمانم، لەو کەسانە بوو کە لە پاییزی ١٣٣٨دا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیان کە پێشتر بەورردی باسیان کراوە، و سێ برای بە ناوەکانی حسێن خان، ئیبراهیم خان و سەلیم خان لەگەڵدا بوون. ئیبراهیم خان ژنومندالّی هەبوو و بەجیا ئەژیا. سەلیم خانیش لەگەڵ ئەحمەد خاندا بوو. حسێن خانیش ژنومندالّی هەبوو بەڵام لەگەڵ خۆیدا نەیهێنابوو. لە گوندی نێزەڕۆ لە ناوچەی بانە دەژیان. حسێن خانیش هەروەک ئەحمەد خانی برای لە یەک کاتدا بەیەکەوە گیران. ئەوان ساڵونیوێك لە بەندیخانەی قەسر بە تاوانی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە تاران مانەوە. سەرەتا ئەحمەد خان و جەماعەتیان هاتنە بارێی بچووک بۆلای حاجی سلێمان ئاغا، کە خوشکی ئەحمەد خانی هاوسەر بوو. ماوەی چەند مانگ لەوێ مایەوە. پاشان شێخ لەتیف حەفید هێندێ زەویوزاری کە لە گوندی چەمەک هەبوو دای بە ئەحمەد خان. شێخ لەتیف خزمی ئەحمەد خانە و تەڵا خانمی خوشکی ئەحمەد خان هاوسەری شێخ لەتیفە. بەو هۆیەوە ئەحمەد خان ماڵەکەی چووە گوندی چەمەک. ئیبراهیم خان ماڵەکەی چووە چاڵە خەزێنە، گوندی حەمەئەمین ئاغای زیبیە. مەحموود بەگی ڕەشە قەڵات ماڵەکەی هاتە چاڵە خەزێنە لای حەمەئەمین ئاغای زیبیە، کە زاوای مەحموود بەگ بوو. قادر بەگ کوڕی مستەفا بەگ و ڕەشید خان کوڕی عێزەت خان، کە هەردوو خەڵکی نجنێی خواروون، ماڵەکانیان هاتنە دێرێی خواروو لای کوڕانی مستەفا بەگ. ڕەشید خان لەگەڵ کوڕانی مستەفا ئاغادا خاڵۆزا و پورزان. بەم شێوەیە خزمان بڵاوبوونەوە و هەر یەکە بە ژیانی ئاسایی و بە چاوەڕوانی ژیانێکی باشتر ڕۆژانەیان دەبردەسەر. کاتێ دەسەڵاتی هەموو ناوچەکان کەوتەدەست بارزانی، ئەحمەد تۆفیق دوای ماوەیەک بنکەیەکی لە گوندی گرگاشێ بۆ کوێخا کەریم لەگەڵ ئەو چەند پێشمەرگەیەی کە چوونەوە لای حیزب لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە بە بەرپرسایەتی کوێخا کەریم دامەزراند. لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٣وە مەلا ڕەحیمی وردی، خەڵکی بانە، بۆ جاری دووەم گەڕایەوە کوردستانی عێراق. مەلا ڕەحیم لە لاپەڕەکانی پێشوودا ناوی هاتووە، کە وەک پەنابەری سیاسی لە ساڵی ١٣٣٨دا لە "کۆمون" لە سلێمانی مایەوە. دوایی بەهۆی نالەباری بارودۆخی سیاسیی حیزب خۆی تەسلیمی ئێران کردەوە. مەلا ڕەحیم وردی دوبارە پەیوەندی بە حیزبەوە دەگرێت و یەکسەر دەچێتە لای ئەحمەد تۆفیق و لە کۆنگرەی دووەمی حیزبدا لە ناوچەی قەڵادزێ لە گوندی سوونێ بەشداری دەکات. لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. مەلا ڕەحیم وردی دوای تەواوبوونی کۆنگرە ماڵەکەی هێنایە گوندی سوورەدزێ لە ئالان و وەک مەلای ئاوایی لەو

گونده خانوو و جێگە و شوێنی پێدرا. مەلا ڕەحیم ناوی خۆی گۆڕیبوو بە میرزا ئەحمەد. من بە هاتنی ماڵەکەیم بۆ سوورەدزێ نەزانیبوو، هەرچەند مەرویێ و سوورەدەدزی دوو سەعات ڕێگا نێوانیان بوو. ڕۆژێک مەلا ڕەحیم بە دیدەنی هات بۆلام بۆ مەروێ، یەکجار زۆرم پێخۆشبوو، باوەشمان بەیەکدا کرد و بەگەرمی یەکترمان ماچ کرد. دوای حەسانەوەی، بەوردی گەڕانەوەی لە ئێران و بەشداری لە کۆنگرەی دوو و باسوخواسی کۆنگرە و هەڵبژاردنی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بۆ باس کردم. بەڕاستی بە هاتنەوەی بۆ مەیدانی خەبات زۆر خۆشحاڵ بووم. گوتی لەو کۆنگرەدا ئاگادارییەک لەسەر زۆر کەس بە ناوی خائین و ئاژاوەگێڕ دەرچوو و بە یەکجاری لە حیزب دەرکران. لە بۆکان سەلاحی موهتەدی و محەممەدی ئیلخانیزادە، لە بانە میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی و مەلا ئەبوبەکری فلسەفی، لە مەهاباد قادر شەریف و چەند کەسانێکی دیکە لە شارەکانی دیکەی کوردستان ناویان هاتووە. هەرچەند تۆیش ماوەیەک وەک کادرێک لەگەڵ مەلا ئەبوبەکر و میرزا عەبدوڵڵا لە کۆمیتەی م. ب. س. هاوکاریت کردن، لە کۆنگرەشدا باسی هەموان کرا بەڵام کۆنگرە نیەتپاکی تۆی بۆ ئاشکرا بوو بۆیە ناوی تۆ لەو ئاگادارییەدا نەهاتووە. ئەتۆ لە دەرەوەی ئەو بڕیارەدای. ئێستایش شەخسی کاک ئەحمەد بە منی گوتووە کە داوات لێ بکەم بێیتەوە نێو ڕیزی حیزب. هەروەها ئەوەشی بە من گوت کە زەمینەت هەیە دوای ماوەیەک ببیت بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی. من جگە لە پەیامی حیزب، بۆخۆیشم داوات لێدەکەم کە هاوکاریمان بکەیت. لە وەڵامدا گوتم کاکە، پڕبەدڵ پێمخۆشە کە هەمیشە لە سەنگەری خەباتدا بم. خۆت دەزانی هاتنم بۆ کوردستانی عێراق هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو. لە باری ژیان و گوزەرانەوە کەمیم نەبووە. تا ئێستایش بەشی زۆری هاوڕێیانم ڕۆیشتوونەتەوە بۆ ئێران بەڵام من خۆم بە پێشمەرگەیەکی کوردستان دەزانم. بۆیە هەتا ئێستا نەمویستووە سەنگەرەکەم چۆڵ بکەم. ڕاستییەکەی بە جۆرێک ترساوم و هەتا ئێستا چەند جار ڕەنج بەخەسار بووم، - هەرچەند وشەی ڕەنج بەخەسار وشەیەکی خۆش نییە بەڵام هیچ وشەیەکەم دەست نەکەوت لە جێگای دانێم- بەداخەوە وەک قەڵای گزگلان هەر دروست دەبێت و دیسان دەڕووخێتەوە. نازانم ئەم خەباتە پیرۆزە کەی ڕێگای ڕاستیی خۆی دەبینێتەوە و هەلومەرجەکە کەی دێتەسەر باری ئاسایی کە مرۆڤ ملی نەشکێت و بتوانم ئەم جارە بە دڵنیاییەوە بەشداری تێدا بکەم؟ بەم جۆرە قسەکانمان تەواو بوون. مەلا ڕەحیم، واتە میرزا ئەحمەد، گەڕایەوە ماڵی خۆی لە گوندی سوورەدزێ. پێشتر باسی هاتنی چەند خزمێکم کرد بۆ کوردستانی عێراق. ئەم خزمانەم هەموویان لە تەمەنی لاویدا بوون. لاوەکان لە سەردەمێکی تەمەندا هەستێکی تووڕەبوونیان تێدا دیارە. هەرچەند ئەوان لە بنەڕەتدا لە حکومەتی شا تووڕە بوون و لە ئێران هەڵاتبوون بەڵام تووڕەبوونەکەیان بەشێکی لەسەر ئیسڵاحاتی زەویوزار بوو. ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە ئەو جەماعەتە کە ناویان هاتووە خاوەن زەویی گەورە نەبوون بەڵکو هەریەک چەند ماڵ جوتیاریان هەبوو کە زەوییەکانیان بە چەند جووت گا ساڵیانە ڕەنێو دەهات. ئەم جەماعەتە کەسانێک بوون کە دەکرا بە شێوەی باش کەڵک لە

تووڕەبوونەکەیان وەرگیریٚ دژ بە ڕێژیمی شا لە ئێران. بۆ نمونە ئەحمەد خان و حسێن خان پێش ئەوەی دابەشکردنی زەوی دەستپێبکات پێشتر ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون و حازر بوون لەگەڵ پێڕەو و پرۆگرامی ئەو حیزبەدا کار بکەن. هەر ئەوەش هۆکار بوو کە دوو ساڵ لە بەندیخانەی قەسر لە تاران لە پاییزی ۱۳۳۸ی هەتاوی هەتا ساڵی ۱۳٤٠ بەندکران. ئەوان هەر یەکە لە کاتێکدا ئازاد کران. لە کاتی ئازادبوونیاندا چاوەڕوانی ئەوە بوون کە هاوڕێیانی حیزبی سەردانیان بکەن و ڕێز و حورمەتێکیان بۆ دانرایە. دڵنیام بەگەرمی دەچوون بەپیر شۆڕشەوە. ئەوانیش وەک هەزاران لاوی خاوەن زەوی بە واتایەکی ڕوونتر مێژوو شاهیدە کە بە سەدان لە ڕۆڵە عەشیرەتەکان لەپێناو ئازادیی کوردستاندا خەباتیان کردووە یان لە بەرەکانی شەڕدا بەدژی داگیرکەران شەهیدکراون یان چوونە ژێر پەتی سێدارەی داگیرکەران، ئەوانیش هەروا دەبوون. کەوابوو دەکرا هێزی سیاسی، وەک حیزبی دێموکرات یان شۆڕشی ئەیلول، کەڵکی لەم لاوانە وەرگرتایە بە قازانجی گەل و شۆڕش. بەڵام هیچ لایەنێک ئاوڕیان لێ نەدانەوە. ئەم جەماعەتە پێوستیان بە ژیان بوو و ژنومنداڵیان هەبوو، ناچار بوون بژیوێک بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن. کاتێ دواییین پاشەکەوتیان خوارد ناچار هەستان بە چەکەوە چوونەوە گوندەکانیان لە بانە بۆنێو جوتیارەکانیان و وەکو عادەتی ڕابوردوو چیان ساڵانی پێشتر بابەتی مڵکانە لە جوتیارەکان وەردەگرت، ئەم جارە بە زۆر ئەو مڵکانەیان لە جوتیارەکان وەرگرت. دیارە ئەم کارەی ئەوان بەگوێرەی یاسای ئیسلاحات کارێکی نایاسایی بوو، لەبەر ئەوە دوای ئیسلاحات هەروەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم کردووە دێهاتەکان داهاتی ساڵیانەیان بۆ دە ساڵ قەبڵاند کە جوتیارەکان لە ماوەی دە ساڵدا ئەو بڕە پارەیان ئەدا بە بانکی کەشاوەرزی. ئاغاکان یان بە واتایەکی دیکە خاوەن زەوی، دەبوو قیستی ساڵیانە لە بانکی کەشاوەرزی وەرگرن. تێبینی: زۆر کەسی خەڵکی شار و تەنانەت لە دێهاتیش هەبوون کە ئاغا نەبوون بەڵام لە ئاغایەک زیاتر خاوەن زەوی بوون کە یاسای ئیسلاحاتی زەوی ئەوانیشی دەگرتەوە. کردەوەی ئەم خزمانەم بیانووی دا بە حکومەتی ئێران شۆڕشی ئەیلول ئاگادار بکات کە ئەم کەسانە چەتەن و هاتوون بەزۆر پووڵیان لە خەڵکی سەندووە و دەبێ ئەم کەسانە تەحویلی ئێران بدرێنەوە. حەز دەکەم لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە: مەبەستی من لێرەدا پشتیوانی یان سەلماندنی کاری خزمان نییە. بۆ بەڵگە منیش هەروەک ئەوان زەوییەکانم کەوتنەبەر یاسای ئیسلاحاتی ئەرزی بەڵام بۆ یەک جاریش لە هیچ جوتیارێک داوای مڵکانەم نەکرد و بۆ یەک جاریش نەچوومەوە کیوەڕۆ و هەرگیز وەکو ئاغایەک داوای مڵکانەم لە جوتیاران نەکرد. ئەمە بە شاهیدی زیاتر لە حەفتا ماڵ جوتیار کە ئێستا کەسانێکی زۆریان لە ژیاندا ماون. ئەو کارانە لەگەڵ باوەڕی مندا نەدەهاتنەوە، چونکە من ئەندامی حیزبی دێموکرات بووم، حیزبی دێموکراتیش خاوەنی ئەو بیرە بوو کە زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکات. منیش ئەو خاڵەم قبوڵ کردبوو کە ببوومە ئەندامی ئەو حیزبە. بەڵام لەڕاستیدا هاتنی ئەوان بۆ کوردستانی عێراق زۆر بە گران بۆ من تەواو بوو، چونکە وەکو

کەلتور و عادەتی کۆمەڵایەتی نەدەکرا هاتوچوو و پەیوەندیم لەگەڵیاندا نەبێت. هەر ئەو هاتوچوویەی نێوانمان کۆمەڵێک گرفتی بۆ من نایەوە کە پێش هاتنی ئەوان من لەو جۆرە گرفتانەم لە ژیاندا نەبوون. بەڵام ئەوانیش وەک هەر مرۆڤێک پێویستیان بە ژیان هەبوو. شۆڕش ئەو کاتە فەقیر نەبوو، ئەیتوانی وەک هەزاران پێشمەرگەی تر ژیانێکیان بۆ دابین بکات و لە شوێنێکی کوردستان دوور لە سنوور کە ئێرانیش نەیانبینێ، دایانمەزرێنێ. یان وەک پەنابەرێکی سیاسی چاویان لێ بکرایە. دەبینین بە میلیۆنان مرۆڤ دەچنە ولاتانی بێگانە و وەک پەنابەر ژیانێکیان بۆ دابین دەکرێت. خۆ نابێ کورد لە کوردستانەکەی خۆیدا لەبرسان بمرێت. مەسەلێکی کوردی هەیە دەڵێ "سکی برسی خوێن دەکات". لە ئاکامی ئەو چوونەوەیان بۆ ئێران و سەندنی مڵکانە بە شێوەی نایاسایی، دەسەڵاتدارانی شۆڕش لە ناوچەی شاربازێر بڕیاری گرتنی ئەو جەماعەتەیان دا. ئەوانیش کە نەیاندەویست خۆیان تەحویلی ئێران بدەنەوە ناچار خۆیان لەملاولا شاردەوە و پەنایان بۆ ئەم و ئەو برد. بۆ ماوەیەک بەو شێوەیە مانەوە. دەکرێت ئەوەش بڵێم کە ئەو کاتە خاوەن مڵکەکان زۆرتر دژی ڕێژیمی شا بوون چونکە بەرژەوەندییان لە مەترسی کەوتبوو و دەکرا بە سیاسەتێکی عاقڵانە و شۆڕشگێڕانە لەو هەلومەرجەدا باشترین کەڵکیان بە قازانجی شۆڕش لێوەرگرتایە. چونکە ئەو خاوەنمڵکانە هەستیان دەکرد کە بەرژەوەندییان لە ڕێژیمی شادا نەماوە. بەڵام بەداخەوە گوشار لەسەر ئەو جەماعەتە وەها زۆر بوو کە لە بەهاری ١٩٦٦دا ماڵومنداڵیان لە شوێنەکانی خۆیان بەجێهیشت و بەرەو حکومەتی عێراق هەڵاتن و وەک پەنابەر وەرگیران و بەو جۆرە خۆیان تەسلیمی قەزاوقەدەر کرد. ماوەیەک کەس نەیدەزانی چییان بەسەر هاتووە. دوایی هێندێ هەواڵی بێ سەرچاوە هاتن کە گوایە بە پەنابەری سیاسی لە بەغدا وەرگیراون. هەر لەو ماوەدا نامەیەکم لەلایەن یەکێک لە بەرپرسانی پایەبەرزی شۆڕش لە ناوچەی سلێمانی بە ناوی عەگید بۆ هات. لە نامەکەدا نووسرابوو کە دەبێ لە ماوەی مانگێکدا ماڵەکەم بار بکەم و بچم بۆ گوندێکی گەرمییان لە دەوروبەری کەرکوک. ئەو جێگایە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوو. دیارە ئەو مۆڵەتانەش جۆرێك گوشار و پاڵپێوەنان بوون بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە بۆخۆی بڕواتەوە بۆ ئێران و خۆی تەسلیم بکاتەوە، چونکە بۆ ئەوان بێ ژانەسەرتر بوو. ئیتر گرنگ نەبوو شۆڕشگێڕێک تێکدەشکێ و هەست و ژیانی بدۆڕێنێت. هەستام چووم بۆ چوارتا. حسێنی برایم دەروێش ناوێک بەرپرس بوو. نامەکەم دایە و گوتم بۆچی تەبعیدم دەکەن؟ من کەسێکم ئەوەندەی توانیومە هاوکاریی شۆڕشم کردووە، ئێستاش بێلایەن لە ماڵی خۆم لە مەروێ دانیشتووم و کارم بە کاری کەس نییە. گوتی ئەمری شۆڕشە و دەبێ بچیت خۆت لەو گوندە بە بەرپرسی ناوچەکە بناسێنی. دیارە ئەمە یەکەم بیانوو یان گرفتێك بوو کە بەهۆی خزمایەتی خزمانەوە تووشم هات. گوتم باشە، ئەگەر بچم بژیوم ئەدەنێ؟ گوتی من نازانم، بەرپرسی ئەو ناوچەیە دەزانێ، من تەنیا پێم گوتراوە ئەگەر دوای مانگێک نەچیت ناچار دەبم لەرێگەی چەکدارەوە ماڵەکەت بار بکەم بۆ ئەوی. بەداخەوە وەزعی شۆڕش بە جۆرێک چووبووە ژێر کاریگەری ساواکەوە کە هەر بەرپرسێک لە ناوچەی خۆیدا پەیوەندی

تایبەتی بە ساواکەوە هەبوو و ڕاستەوخۆیش سەفەر و هاتوچوویان بۆ شارەکانی ئێران هەبوو و بەتەواویی گوێڕایەڵ و دەستەمۆی ساواک بوون. بەشی زۆری سەرکردەکانیش ماڵیان لە ئۆردوگا یان لە شارەکانی ئێران بوون. ئەمانە وای کردبوو کە نفوزی ساواک لەسەر کاربەدەستانی شۆڕش گەیبووە ئەوپەڕی خۆی و هیچ کەلێنێک بۆ ژیانی ئێمە نەمابۆوە. ئەوەی بۆ ئێمە مابۆوە تەنیا خۆتەسلیمکردن بە ئێران یان خۆشاردنەوە لە گۆشە و کەنار کە ئەوەش زۆر زەحمەت بوو، مەگەر بە بوونی واستەیەکی بەهێز یان هەڵاتن بۆ دەرەوەی کوردستان کە ئەویش ئاسان نەبوو. یان خۆبەکوشتدان بە ئێران. ئەگەر سەرنج بدەین، هەر یەک لەو کوردە ئاوارانەی نێو کوردستانی عێراق یەکێک لەو شێوە ژیانانەی بەنسیب بووبوو کە باسم کرد. دوای دیتنی حسێنی برایم دەروێش گەڕامەوە بۆ مەرویٚ. هەر ئەو ڕۆژە کاک جەلال عوسمانی، خەڵکی گوندی نجنیٚی سەروو، لەگەڵ کاک سەعیدی عوسمانی، خەڵکی گوندی نژۆ، کە ئەوانیش ماوەیەک بوو هاتبوونە کوردستانی عێراق و لە ناوچەی پێنجوێن لە ماڵی شێخانی نزارە دەژیان، هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە. ئەوانیش فشاریان خرابووەسەر بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئێران و چەند جارێکیش لەلایەن پاراستنەوە (بەشی ئەمنیەتی شۆڕش) بانگ کرابوون. مەبەست لە هاتنەکەی ئەوان ئەوە بوو کە بە یارمەتی من ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە. گوتم براینە، مەسەلێکی کوردی هەیە دەڵێ کەچەڵ ئەگەر دەرمانکەر بوویایە دەرمانی سەری خۆی دەکرد. بەڕاستی وەزعی من لە ئێوە خراپترە. دوای چەند لێکدانەوە و قسەوباس بەو ئاکامە گەیشتین کە خۆمان تەسلیمی حکومەتی عێراق بکەین لە خۆتەسلیم کردنەوە بە ئێران باشترە. هەروەها سیٚ کەسی دیکە کە ئەوانیش لە مەرویٚ دەژیان، یەکیان بە ناوی سەعید خەڵکی نوێژگە، کە ژنەکەی و منداڵێکی پێبوو، لە ماڵی ئێمە بوون. کەسی دووەم بە ناوی قادر کەریم، خەڵکی سیاوە، ئەویش ژنومنداڵی پێبوو، لە کۆخێکی مەرویٚ بە ناوی سەربەستان دەژیا. کەسەکەی سێەم بە ناوی مستەفا چکۆل بوو کە ئەویش لە ماڵی ئێمە دەژیا. ئەو سیٚ کەسەیش گوتیان ئێمەش لەگەڵتان دێین. کەسێکی دیکە بە ناوی فەتاح بەگ، خەڵکی پیاوێن، کە خزمی نزیکم بوو و لە گوندی زیبیە ئەژیا، ئەویش هەر لەو سۆنگەوە هاتبوو بۆلای من بۆ چارەسەری بۆ ئەو گوشارەی کە لەسەر هەموان هاتبووە ئاراوە. کاتیٚ لە ژنومنداڵ خواحافیزیمان کرد پێمانگوتن ئەگەر دوای دوو مانگ هەواڵێکمان نەبوو ئەوا بنێرن بۆلای کەسوکار کە بێن بتانبنەوە بۆ وڵات. شەو هەستاین و وەڕێکەوتین بەرەو بازەگیر، سەرڕێگای چوارتا - سلیمانی. سەرلەبەیانی چووینە نزیک ڕەبایە، (بنکەی عەسکەری عێراقی). بۆ ئەوەی تەقەمان لیٚ نەکەن، فەتاح بەگمان بە پڕۆیەکی سپییەوە نارد بۆ سەنگەرەکە. دوای ماوەیەک هاتەوە و گوتی دەڵێن فەرموون بێن. ئێمەش ڕاست بە ڕێگادا بەرەو سەنگەرەکە ڕۆیشتین. کە نزیکیان بووینەوە ئەفسەرێکی دووئەستێرە لەگەڵ پەنجا عەسکەرێك لە دەوروپشتی ئەفسەرەکە بەرەوڕوومان هاتن. لە دوورەوە ئەفسەرەکە بە عەرەبی گوتی دەست بەرز کەن. ئێمەش دەستمان بەرز کرد تا گەیشتنە لامان. یەک بە یەک پشکنینیانین و چەکەکانیان

لێـوەرگرتین. دوایـــی سـوار زیلــی عەسـکەرییان (ئۆتـۆمبیلی نەفەرهــەڵگر) کـردین بـۆ موخابەراتی عەسکەری لە شاری سلێمانی. بەیانی ڕەوانەی کەرکوک کراین و ڕۆژی دوایی بـە کـاروانێکی عەسـکەری ڕەوانــەی بەغـدا کـراین. شـەو لــە مەعەسـکەرێک (ئۆردوگـای سـەربازی) لـە قـەراغ شـاری بەغـدا مایـنەوە. بەیانییەکـەی پێیـانگوتین خۆتـان وەپێچن دەتانبەینە هۆتێل. لە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بووین. کاتێ گەیشتین هۆتێل بوو بە زیندانی موخابەراتی عامی بەغدا. گوتیان فەرموون بۆ ژوورەوە. دیتمان ئەحمەد خان و جەماعەت لەوێ دانیشتوون. جەماعەت گوتیان بەڕاستی ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان کرد، بـەڵام دەبـوو ئێـوە ئـەو هەڵـەتان نـەکردایـە و بچوونایـەوە بـۆ ئێـران و هـەتا ئـەتانتوانی ژاندارمــەتان بکوشــتایە و هـــەر کـــات خۆیشــتان دەکــوژران زۆر خۆشــتر دەبـــوو لـــەم سەرگەردانییەی کە لێرە تووشی دەبن. هەردوو لامان بە دیتنی یەکتری زۆر دڵتەنگ بووین و هیچ لایەک ئەو چاوەڕوانییەمان نـەبوو کـە بـەو شێوە گرفتـار ببـین. لـە ئەحمـەد خـان و جەماعەتم پرسی چییان لێ پرسیون و ئێوە چیتـان گوتـووە. گـوتی گوتوومانـە ئێمـە دژ بـە ڕێژیمـی شـای ئێـرانین و یارمـەتیمان بـدەن دژ بــە ئێـران چـالاکی بکـەین، یـان مـافی پەنابەریمان بدەنێ و وەک دۆستی ئێوە دژ بە ئێران دەمێنینەوە و هەر کوێیەکی عێراقتان پێ باشە ئێمە حازرین لەوێ بژین، بـەڵام هـەتا ئێستا وەڵامێکمـان نەدراوەتـەوە. ئەحمـەد خـان پرسی ئێوە چیی دەڵێن؟ گوتم وەزعی من لـەگەڵ ئێـوەدا جیـاوازی هەیـە. نەمدەویست وەزعی خۆم لەگەڵ ئەو جەماعەتە تێکەڵ بکەم. ئەوانەی لـەگەڵ منـدا هـاتبوون پێم چاک بوو ئەوانیش داوای پەنابەری بکەن و خۆیشیان وەکو دژ بـە ڕێژیمـی ئێـران بناسێنن. هـەر جەماعەتەمان لە ژوورێکی چکۆلەی دوو لـە سێ مەتری خراین. هاوین بـوو، دروسـت مـانگی تـەموز بـوو، ڕۆژانـە پلـەی گـەرما لـە ژووری بـەندیخانـە دەچـووە پشـت چـل. ژوورەکانمـان پانکەیان تێدا نەبوون. پەتوویەکمان بەمبەر و ئەوبەری دیوارەکە هەڵاوەسیبوو و بـە نۆبـە ڕاماندەوەشاند و بەو جۆرە خۆمـان باوەشێن دەکرد. هەرچەند هەوایەکی ئـەوتۆی نـەبوو، بەڵام لـە هیچ باشـتر بـوو. بەڕاسـتی ژیـانێکی زۆر سـەختمان بـوو لـە گـەرمان. ژوورەکـانی دیکە لە ئەندامانی هێزە سیاسییەکانی دژبـەری ڕێژیمـی تێدابوون. هـەموویان پانکـەیان هــەبوون جگــە لــە ژووری ئێمــە. چەنـد جـار داوای پانکەیـەکمان کـرد، بــەڵام وەڵامیـان نەدایـنەوە. چەنـد ڕۆژی پێچـوو بانـگ کـرام بـو لێکۆڵینــەوە. پرسـیان تـۆ ڕەشـید مەجید مەحموودی؟ گوتم بەڵێ. پرسیان تۆ لە ساڵی ١٩٥٩دا لە سلێمانی پەنابەر بووی، ئەم ماوە لە کوێ بوویت و چیت کردووە؟ گوتم بەڵێ ڕاستە بـەڵام ئێوە مانگانـەی منتـان دوای شـەش مانگ بڕی، منیش بۆ بژیو و خۆبەخێوکردن چوومە گونـدی مـەروێ و بـە کـاری کشتوکاڵـەوە مەشغوڵ بووم. ناردم ژنومنداڵیشم بـۆ هـات بـۆ مـەروێ. ئـەوە بـوو زۆری پێنـەچوو پـارتـی و بـارزانـی لـەگـەڵ ئێوە کەوتنەشـەڕ، منـیش هـەتا ئێسـتا، هـاوینـی ١٩٦٦، لـە مـەروێ بـووم و ئێستاش دەسـەڵاتدارانی پێشمـەرگە بوونـەتـە دۆستـی ئێـران و ژیـان بـۆ ئێمـە لـە ناوچـەی ژێردەسەڵاتی ئەواندا دژوار بووە. بەڵام ئێوە دژی ئێرانن، ئێمـەیش دژی ڕێژیمـی ئێـرانین، هـەردوو لا دژ بـە ئێـرانین و ئـەتوانین دۆسـتی بـاش بـین بـۆ یـەکتر و سـوودمان بـۆ یـەکتر

هەبێت. بۆیە هاتووم کە لەو بوارەدا یارمەتیمان بدەن، یان وەک پەنابەرێکی سیاسی مافی ژیانمان لە خاکی عێراقدا بدەنێ، هەروەک چۆن لە ڕابوردودا بە منتان داوە. ئەوەش هەویەکەی ساڵی ١٩٥٩ کە هەتا ئێستا هەڵمگرتووە. لەم قسانە زیاتر پرسیاریان لەسەر حیزبی دێموکرات لێم کرد. منیش لە وەڵامدا گوتم هەریەک ڕووی کردووەتە شوێنێک و کەمتر ئاگامان لە یەکتر ماوە. ئیتر شتێکی زیاتریان نەپرسی. هاتمەوە ژوورەکەی خۆمان. مانگێك تێپەڕی بەوپەڕی سەختی، نە بانگ کراین نە قسەیەکی تازەمان لێ پرسیار کرا. سەرئەنجام بڕیارمان دا کە مان بگرین لە خواردن. بۆ بەیانییەکەی خواردنمان وەرنەگرت و ڕامانگەیاند هەتا وەڵاممان نەدەنەوە نان ناخۆین. یان مردن یان وەڵام. جەماعەت گوتیان هێندێ خواردنمان بۆ هەڵگرتووی کە ڕۆژانە هێندێکی لێ بخۆ، ئەتۆ وەک قسەکەری ئێمە با حاڵێکت تێدا بێت. ئەگەر هاتو بانگ کراین تۆ لەجیاتی هەمومان بچۆ و قسە بکە، ئێمە قبوڵمانە. جەماعەتی عێراقییەکان ڕۆژانە میوەیان بۆ دەهات، بەتایبەت شووتی. دوای خواردنی، توێکڵەکانیان لە پشت دەرگاکەوە دائەنا. کاتێ شەو درەنگ دەبوو و دەنووستن، چەند برادەرێکمان لە گەرمان و ئارەزووی میوە ئەچوون توێکڵەکانیان دەکڕاندەوە. ڕۆژێک کابرایەکی سەر بە ئەمن هات و هێندێ قسەی لەگەڵ کردین و داوای کرد کە مانگرتنەکەمان بشکێنین. بە قسەمان نەکرد. مانگرتنەکەمان پێی نایە ڕۆژی پێنجەم. سەلیم خان، برای ئەحمەد خان، ڕووخایە سەر زەوی. عەرەبیمان نەدەزانی، هاواری ژوورەکانی دیکەمان کرد. جەماعەتی بەندییەکان هاورای پۆلیسەکانیان کرد. ئەوانیش هاتن و سەلیمیان بردە دەرێ بۆ نەخۆشخانە. دوای چەند سەعات زیندوویان کردەوە و هاتەوە. بۆ بەیانییەکەی نوێنەری ئەمن، موخابەراتی عەسکەری و نوێنەری وەزیری نێوخۆ هاتن بۆلامان. منیان بردە ژوورێک. زۆر بێحاڵ بووم، زبانم باش قسەی پێ نەدەکرا. گوتیان ئەمڕۆ مانگرتنەکەتان بشکێنن، بەیانی بانگتان دەکەین چیتان دەوێ بۆتان دەکەین. منیش هاتمەوە لای جەماعەت و قسەکەم بۆ گێڕانەوە. جەماعەت قبوڵیان کرد. ئەو ڕۆژە مانگرتنەکەمان شکاند. بۆ بەیانەکەی منیان بانگ کرد بۆ بەشی لێکۆڵینەوە و چەند کەسێک لە موخابەرات و ئەمن لەوێ دانیشتبوون. پێیان گوتین ئێمە باوەڕمان بە ئێوە نییە و بەڵگەی تەواویشمان نییە کە ئێوە پیاوی خراب بن، بۆیە بڕیارمان داوە کە تەحویلی ئێرانتان نادەینەوە بەڵام ئەتانبەین لە سنووری دەسەڵاتی عەسکەری لە شیمال ئازادتان دەکەین. گوتم پێش هەموو شتێک وەزعی من لەگەڵ ئەو جەماعەتەدا جیاوازە بەڵام ئەو جەماعەتەش من دەزانم دژ بە ڕێژیمی ئێرانن و ئەتوانن دژ بە ڕێژیم کەڵکیان لێوەرگرن. بۆ ئێستاش مافی پەنابەریان بدەنێ. کاتێ وەک پەنابەر وەرمانناگرن یارمەتیمان بدەن دوو کەسمان ئیجازە بدەن کە بچین بۆ سەفارەتخانەی جمهورییەکانی سەر بە سۆڤیەت بەڵکو ئەوان وەرمانگرن. بۆ دڵنیایی، خۆیشتان ئەتوانن بە چاودێری پۆلیسی خۆتان ئەو کارەمان لەگەڵ بکەن. گوتیان ئێمە ناتوانین کاری وا بکەین، تەنیا یارمەتی ئێمە ئەوەیە کە پێمان گوتن. بەڵام ئێوە ئەتوانن لە هەر جێگایەکی نێوان سنووری ئێمە و جەماعەتی بارزانی پێتانخۆشە ئەتانبەین لەوێ ئازادتان دەکەین. گوتم

من وەکیلی ئەوان نیم، ئەتوانن لە خۆیان بپرسن. بەڵام من داوادەکەم لەسەر من پرسیار بکەن ئەودەم بڕیار بدەن. بەدوای قسەکانی مندا ناردیان ئەحمەد خانیان هێنا. ئەو کە زانی ڕێگەچارە نییە قبوڵی ئەم بڕیارەی کرد. زۆری پێ نەچوو هەردوو لا بانگکراینەوە و پێیان گوتین خۆتان ئامادە بکەن لەم ڕۆژانەدا ئەتاننێرینەوە بۆ سنووری نێوان ئێمە و بارزانی. ناچار هەردوو لا قبوڵمان کرد. هەرچەند زۆر مەترسیدار بوو بۆمان چونکە نەماندەزانی دوای دابەزین لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە وەزعمان چۆن دەبێت. دیارە چاوەڕوانی خراپی لێدەکرا لەبەر ئەوە لە گەڕانەوەماندا بیانووی باشتریان بەدەستەوە دەبوو بۆ لێدان و تەحویلدانەوەمان بە ئێران. بەڵام هەر چۆنێک بێت باشتر بوو لەوەی کە ڕاستەوخۆ تەسلیمی ئێرانمان بکەنەوە و هیوایەک هەبوو کە هاوار بەرین بۆ هێندێ کەسایەتی کە کارێکمان بۆ بکەن. بەهەرحاڵ، چار نەبوو. لە بێدەسەڵاتیدا قبوڵی ئەو بڕیارەمان کرد. جێگای باسە، دوو حەوتوو دواتر کە لە بەندیخانە ماینەوە، لەو ماوەدا ڕۆژێک پۆلیس داوای منی کرد خۆم حازر بکەم بۆ (شوعبەیەکی تحقیق) کە داوایان کردووم. دوو پۆلیس هاتن و بردمیان بۆ ژوورێک. بەرپرسێکی لێ بوو کە شێوەیم دەکرد بەڵام لەبەر دەرد و گرفتاریی خۆم لەبیرم چووبۆوە. فەرمووی کردم دانیشم. پۆلیسەکان کەلەبچەکەیان (دەستبەند) لە دەستم کردەوە و چوونە دەرێ. کابرای بەرپرس بە زمانی کوردی، زاراوەی بادینی، بەخێرهاتنی کردم و پرسی دەمناسی؟ زۆر بە سەرنجەوە سەیرم کرد. بیرم کردەوە ئەم کەسە محەممەد مەولودە کە ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی جێگری مودیری ئەمن بوو. مودیری ئەمنی ئەو کاتی سلێمانی کەسێک بوو بە ناوی حسێن شیروانی، کە لەم دواییانەدا بە تاوانی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە حکومەتی عێراق ئیعدامی کرد. لە لاپەڕەکانی پێشوودا ناوی ئەم دوو کەسە هاتوون و ئاماژەم پێکردووە کە جارێکی تر تووشی محەممەد مەولود دەبمەوە و باسی دەکەم. ڕێکەوتێکی سەیر بوو. گوتم بەڵێ ئێستا ناسیمیەوە، جەنابت کاک محەممەد مەولودی جێگری حسێن شیروانی بووی لە ئەمنی سلێمانی، منیش وەک پەنابەری سیاسی بۆ کاروباری پەنابەریی هاوڕێیانم هاتوچووم دەکردیت. گوتی ڕاستە. بانگی کرد ساردییان بۆ هێنام. دوایی دەستیکرد بە قسەکردن. یەکەم قسەی ئەوە بوو گوتی کاک ڕەشید، من وەک خۆم بانگم کردووی نەک بۆ پرسیار و لێکۆڵینەوە لەسەر ئێوە. من کەسێکم لە لیژنەی (تحقیق) تایبەت بە بەشی شیمالی عێراق ئیش دەکەم کە کوردستان دەگرێتەوە. من بەتەواوی ئاگام لە وەزعی شیمال هەیە. ئەو قسانەی تۆ و ئەو جەماعەتە بە باوەڕی من تەواو ڕاستن چونکە ئێمە جەماعەتێکین حەوتووی جارێک بەیەکەوە کۆدەبینەوە و هەریەک باسی (فایل) پەروەندەکانی یەکتری بۆ یەک دەکەین و دەنگیان لەسەر ئەدەین. من هەرچەند مەسئولی فایلی ئێوە نیم بەڵام وەک ئامارژم پێدا ئاگام لە فایلەکەتان هەیە. داوات لێدەکەم ئەم قسانەی من نابێ هاوڕێکانت پێی بزانن چونکە ئەم بانگکردنەی من شەخسییە و ئەگەر بزانن بە زیانی من تەواو دەبێت. قسەیەک هەیە دەمەوێ بۆتی باس بکەم. نازانم چەندە ئاگادارن کە مام جەلال لای بارزانی هەڵاتووە و هاتووە بۆلای حکومەت، حکومەتی ڕازی

کردووە کە مەلا مستەفا پیاوی ئێرانە و حوکمی زاتی بدات بە جەماعەتی مام جەلال. مام جەلالیش بەڵێنی داوە بە یارمەتی سوپای عێراق مەلا مستەفا لە عێراق وەدەرنێت. جا قسەکە ئەوەیە کە ئێستا سەرکردایەتی حکومەتی عێراق بە قسەی مام جەلال دەکات. من دوێنێ مام جەلالم لەگەڵ زەبیحی لە شوێنێک بینین. زەبیحی کەسایەتییەکی کوردستانی ئێرانە و دەمێکە هاتۆتە عێراق. ناوبراو جێگای متمانەی مام جەلالە و هاوکاریی لەگەڵ ئەوان دەکات، لەوانەیە تۆیش بیناسیت؟ لەو دیدارەی دوێنێدا لەگەڵ مام جەلال و زەبیحی باسی ئێوە کرا. مام جەلال ڕەئی وا بوو کە ئێوە خزمی شێخ لەتیف و مەحموود بەگی گۆڵێن، ئەوانیش لە کەسانی نزیک بارزانیین، بۆیە گومانی لەسەر ئێوە هەیە. ئەگەر دەکرێت بتوانن ئەم گومانە لەسەر خۆتان لاببەن لەوانەیە ئازادتان بکەن. تەنانەت ئەوەشی گوت کە ئەو جەماعەتە لەگەڵ جەماعەتی بارزانی هاوکاریی دەکەن و ئەندامی قیادەی شۆڕشی بارزانیین. لەو هێرشەی کە هێنایان بۆسەر ئێمە لە ساڵی ١٩٦٤دا لە ناوچەی ماوەت بەشدارییان کردووە. بەڵام بە خاتری ئەوە کە من تۆ باش دەناسم و باوەڕیشم بە قسەکانتان هەیە کە ئێوە دژ بە ئێرانن. ئێستاش کە بارزانی بۆتە دۆستی ئێران ئێوە ئەوتان قبوڵ نییە، ڕێگەچارە بۆ ئێوە قەناعەت پێکردنی مام جەلالە. ئەویش ڕێگای ئەوەیە کە ئەم ڕۆژانە حکومەت ئەو کەسانەی کە سەر بە مام جەلال‌ن و لە ڕابووردوودا گیرابوون، ئازادیان دەکەین. ئەو کەسانەش لە هەموو بەندیخانەکانی عێراقەوە دەیانهێننەوە ئەو بەندیخانەی ئەمنی عام کە ئێستا ئێوە لەوێن. ئەو کەسانە چەند ڕۆژێک لەوێ دەمێننەوە هەتا کارەکەیان تەواو دەبێت ئەو کات ئازاد دەکرێن. ئەوەش باشترین هەلە کە تۆ هەر چۆنێک بێت بتوانی لەگەڵیان پەیوەندی بگریت و تێیانبگەیەنیت کە ئێستا ئێوە هەردوو دوژمنی هاوبەشتان ئێرانە کە ئەتوانن دۆست و هاوکاری یەک بن و بەو دەلیلە ئەتوانن بە کەڵکی یەکتر بێن. یان دەنگی ئێوە بە زەبیحی بگەیەنن کە هەر چۆنێک بێت بێتە بەندیخانە و چاوتان بە یەک بکەوێت کە باشتتر لێکحاڵی بن و ئەویش دەنگی ئێوە بە مام جەلال بگەیەنێت. دوای ئەم قسانە سوپاسم کرد. بانگی پۆلیسەکەی کرد و ناردمیەوە بۆ بەندیخانە. کاتێ چوومەوە جەماعەت پرسیاریان کرد بۆچی بانگ کرام. گوتم شتێکی وا نەبوو تەنیا دەربارەی ساڵەکانی ١٩٥٩ چەند پرسیارێکیان لە خۆم هەبوو کە وەڵامم دانەوە.

چەند ڕۆژێکی پێچوو هەر ڕۆژەی چەند کەسێک لە لایەنگرانی مام جەلال دەهاتن. یەکەم ڕۆژ کەسێک هات بە ناوی شێخ مەحموود، خەڵکی خانەقین. پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ بوو، کادری جەماعەتی مام جەلال بوو. هەر چۆنێک بێت توانیم لێی نزیک ببمەوە. ڕۆژانە لە گۆشە و کەناری کاریدۆری بەندیخانەکە قسەمان دەکرد. بەتەواوی وەزعەکەم بۆ باس کرد. بەڵێنی پێدام کە هەموو هەوڵێکمان بۆ بدا و زەبیحی ئاگادار بکات کە بێت بۆلامان بۆ بەندێخانە یان ڕاستەوخۆ پەیامی ئێمە بە مام جەلال بگەیەنێ و پێی بڵێت کە ئەمڕۆ ئێمە دوژمنی هاوبەشمان هەیە و ئەتوانین سوودمان بۆ یەکتر هەبێ، بۆیە داوای لێدەکەین کە بە هاوارمانەوە بێت بەڵکو ئازادمان بکات. چەند ڕۆژێک ڕابوورد هیچ

هەواڵێک نەبوو، کەسیش لێی نەپرسین. ڕۆژێک ئاگادار کراین کە بۆ بەیانی ئامادە بین ڕەوانە دەکرێین. ئەو شەوە خەومان لێ نەکەوت لەبەر گەرما و خەیاڵات بۆ چارەنووسی نادیارمان، چونکە بەڕاستی نەماندەزانی و باوەڕمان نەدەکرد کە بڕیارەکەی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن. ترسی ئەوەمان هەبوو تەحویلمان بدەنەوە. هەر وایشی لێهات. بەیانی بە دوو سەیارەی وەکو قەفەس کە تایبەتی ڕاگواستنی بەندی بوون، ڕەوانەی خانەقین کراین. کاتێ دیتمان ئۆتۆمبیلەکان هەتا بەردەرگای بەندیخانەی شاری خانەقین نەوەستان، دڵنیا بووین کە تەحویلی ئێران ئەدرێینەوە. ئێوارە بوو، دراین بە بەندیخانەی خانەقین. کاتێ چووینە ژوورێ دیتمان کۆمەڵێک خەڵکی ئوستانی ئیلام و کرماشانی لێیە کە ئامادە کراون بۆ تەحویلدانەوە بە ئێران. جێگای ئاماژەیە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عەبدولڕەحمان بەزاز، بڕیاری دابوو ئەو ئێرانیانەی کە لەبەر بێکاری ڕوویان کردبووە شارەکانی عێراق، کۆیان بکەنەوە و تەحویلی ئێرانیان بدەنەوە. ئەوە بوو هەر ماوەی چەند ڕۆژ جەماعەتێکیان لە خانەقین کۆدەکردەوە هەتا دەگەیشتنە نزیک پەنجا کەس ئەودەم بە ناوی بطالە (بێکار) تەحویلی ئێرانیان ئەدانەوە. دەرکەوت کە ئێمەشیان بە ناوی بێکار بەبێ فایلی سیاسی لەگەڵ ئەو جەماعەتانەدا ئامادە کردووە بۆ تەحویلدانەوە بە ئێران. دوو ڕۆژی دیکە ئێمەیان لە خانەقین هێشتەوە. ئەو دوو ڕۆژ مانەوە لە خانەقین ئەو هەلەی ڕەخساند کە توانیم بەهۆی پۆلیسێکەوە دەنگی ئێمە بگاتە شێخ مەحموود. دەرکەوت پۆلیسەکە ناسیاوی شێخ مەحموودە. شێخ مەحموود ئەو کەسە بوو کە زووتر لە بەندیخانەی ئەمنی عام لە بەغدا قسەمان کردبوو بۆ ئەوە کە دەنگی ئێمە بە جەلال تاڵەبانی بگەیەنێ. بۆ ئێوارەکەی شێخ مەحموود هات بۆلامان. هێندێ میوەیشی بۆ هێنابووین. لە بەندیخانەی خانەقین ئازادی زۆرتر هەبوو هەتا بەندیخانەی ئەمنی عامی بەغدا. ناوبراو پێش هەموو شتێک داوای لێبووردنی کرد کە لە بەغدا ئیمکانی ئەوەی نەبووە کە مام جەلال یان زەبیحی ببینێ. گوتی دەچمە لای تایر ئاغا، هەرچەند سەرۆک جاشە بەڵام پیاوەتی لەدەست دێت و باوەڕیشم پێیەتی کە بتوانێ کارێکمان بۆ بکات. هەر ئەمڕۆ دەچمە لای و هەموو هەوڵێکتان بۆ ئەدەم و بۆ بەیانی وەڵامەکەت بۆ دێنمەوە. وردە هیوایەکمان پەیدا کرد. بەیانی شێخ مەحموود هاتەوە و لە کونی دەرکی بەندیخانەکەوە قسەمان کرد. گوتی بەداخەوە تایر ئاغا لە بێشانسی ئێوە لە بەغدایە، بەڵام یوسف ئاغای کوڕیم دیوە و قسەم لەگەڵ کردووە و پۆلیسەکانی ڕازی کردووە کە پێش ئەوی بگەنە خوسرەوی، یەکەم مەخفەری گومرگی ئێران، ئەتۆ و ئەحمەدخان بانگ دەکەن و لە سەیارەکە داتاندەبەزێنن وەک ئەوەی بۆ شوێنێکی دیکەتان بەرن بەڵام ئازادتان دەکەن. ئیتر ئێوە هەر چۆنێک بێت هەوڵ بدەن خۆتان ڕزگار بکەن و بەو دێهاتانەدا بەرەو سلێمانی بڕۆن. ئیتر هەر ئەوەندەم لەدەست هاتووە. سوپاسم کرد و هاتمەوە ژووری بەندیخانە. بەیانی دوای جەماعەتی ئێرانی بە ئێمەوە چل کەس زیاتر دەبووین، ڕەوانەی پاسگای خوسرەوی کراین. تەوای ڕێگا چاوەڕوان بووین کە بانگمان بکەن بەڵام بانگ نەکراین هەتا گەیشتینە بەردەم پاسگای خوسرەوی. لەوێ

تـەحویلی پۆلیسـی گـومرگ درایـن. ئـەو ڕۆژە پۆلیسـی خوسرەوی ئیمکـانـی ئـەوەیان نـەبوو ڕەوانـەی قەسـری شـیرین‌مان بکـەن. پرسـیار و لێکۆڵینـەوە لـە ژانـدارمری قەسـری شـیرین دەکرا، بەڵام لەبەر ئەوە بە چەند ڕۆژ جەماعەتێک ئێرانی لە عێراق‌ەوە تەحویلی ئێران ئەدرانەوە و هەموو ئەو کەسانەش خەڵکی بێکار بوون کە بۆ کار ڕوویان دەکردە عێراق، لە ژانـدارمری پرسـیارێکی ئـەوتۆیان نـەدەکرد. هـەروا بـەبێ زامـن و هێشـتنەوە ئازادیـان دەکـردن. جەماعـەتمان ئـەو شـەوە لـە خوسرەوی ماینـەوە. هـەر چەنـد کەسـەیان دایـن بـە چایخانـەکان لەسـەر حیسـابی خۆمـان کـە بـەیانی ساحەبی چایخانەکـە دەبـوو تـەحویلی پاسگامان بداتەوە. کەس هەڵنەدەهات بۆ ئـەوەی کـە کرێـی ماشـین نـەدەن، دەیانویست کـە پۆلیسی گومرگ بەیانی ڕەوانەی قەسری شیرین‌یان بکات. بەڵام بۆ ئێمـە ئـەو وەزعـە بـاش بوو کە بتوانین خۆمان دەرباز بکەین. من شەو لای خۆم بڕیارم دا هـەڵێم، ئیتر چـارەنووس بـۆ کـوێم دەبـات، بـا ببیـات. لـەم خەیاڵانـەدا بـووم ئەحمـەد خـان، کـە لـە چایخانەیـەکی دیکەدا بوو، هات بۆلام. گوتی من نیازم وایە هەڵێم. تۆ ئـەڵێی چی؟ منیش بیرم کردەوە کـە چەند کەس بین بەیەکەوە باشترە لە یەکێك. گوتم زۆر باشە، کاتـێ کە جەماعەت نووستن ئەتوانی بێیت بۆلام. شەو درەنگ ئەحمەد خان هات و کاک سەلیمی برایشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. بە هێواشی لە چایخانەکە دەرچووین. بەرەو سنووری عێـراق هـەر لـە ئێوارەوە هـەتا بـەیانی بـە ڕێگـەوە بـووین، بـەڵام بـەهۆی نەشـارەزایی ڕێگاوبـان هـەر بـە دەوری خوسرەوی‌دا هەڵسووڕابووین. دەمەی بەیانی کە دنیا ڕووناك بووبۆوە، دیتمـان ئـەوە نزیـک پاسگای گومرگەکەین. بەڵام ئیتر لە ڕووناکی بەیانی کەڵکمان وەرگـرت و بـەرەو مەنزریـە، ئاخرین مەخفەری گومرگی عێراق، ملمان لێنا. دەوربـەری نیوەڕۆ بـوو گەیشـتینە گونـدێکی سـەر بـە قـەزای خانـەقین. کەسمان نەدەناسی. زاراوەمـان هێنـدێ جیـاواز بـوو. ئـەوان بـە شێوە زاراوەی کرماشانی و خانـەقینی قسەیان دەکرد، ئێمە بە زاراوەی سلێمانی. هەوا زۆر گەرم بوو، لە سەرووی چل پلەوە. کەس بە دەرەوە نـەبوو. ڕوومـان کـردە حـەوشـەی ماڵێـک. ژنێکـی بەتەمـەن هاتـە دەرێ. داوای ئاومـان کـرد. لـە تینـوێتی وشـک بووبـووین. چاومـان بەحاڵ دەیبینـی. ژنەکـە گـوتی گـەماڵباوک ئێرانـی، هـەر ڕۆژ دێـن وایـەری کارەباکانمـان هەڵـدەبڕن و داوای ئـاویش دەکـەن، هـەر ئێسـتا بـانگی موختـار دەکـەم بتانـدا بـە شـورتە (پۆلیس). لەگەڵ ئەم قسانەدا ژنێکی گەنج هاتە دەرێ و گوتی میمکە، گوناحن، بـا هێنـدێ ئاویان پێ بدەین. گوتمان ئێمە ئێرانی نین، خەڵکی سلێمانی‌ین و تەسکەرەمان پێ نەبووە و لە بەغا گیراوین. بـەڵام باوەڕیـان پـێ نـەکردووین و گوتیـان ئێوە ڕاست ناکـەن خـەڵکی ئێرانن و تەسلیمی ئێرانیان کردووینـەوە و ئێستاش هـەڵاتووین و هاتووینـەوە و دەمانـەوێ بچینە ماڵی تایر ئاغا کە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی ڕەوانەمان بکاتەوە بۆ سلێمانی. لەم قسـانەدا بـووین کوڕەکـەی لـە دەرەوە بـە سـواری دووچەرخـە هاتـەوە. کـاتێ باسـی تایـەر ئاغامان کرد کوڕەکە گوتی مادام ئێوە تایر ئاغا بناسن من دەچم بـۆلای لـە وەزعـی ئێـوە ئاگاداری دەکەم. هەروا داوای لێبووردنی کـرد لـە هەڵوێسـتی دایکـی. گـوتی لـەم ڕۆژانـەدا چەند ئێرانییەک تەلی کارەبایەکەیان هەڵبڕیبووین و چەند ڕۆژ لەم گەرمایەدا بێ کارەبا

بووین هەتا چاك کرایەوە. زۆر ناڕەحەت بووین بۆیە دایکم وا لێتان تووڕە بووە. گوتمان ئەویش حەقیەتی بەڵام ئەگەر تۆ ئەو چاکەیەمان لەگەڵدا بکەی و تایەر ئاغامان بۆ ئاگادار بکەیت زۆر سوپاست دەکەین. کوڕەکە بە سواری دووچەرخە ڕۆیشت بۆلای تایەر ئاغا. دوو سەعاتێکی پێچوو گەڕایەوە. ئەو ماوەش ئێمەیان بردە ژوورێک و خواردنی نیوەڕۆیان بۆ هێناین. پێچەوانەی ویستی پێرەژن خزمەت کراین. زانیمان دەرگاکەیان لە دەرەوە لەسەر داخستبووین کە بووە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکە. کوڕەکە هاتەوە. ئێمە دڵمان نەحەسایەوە، چونکە لەو دەرگاداخستنە زۆر گومانمان بۆ پەیدا بوو. بەڵام بەخێر گوزەرا. کوڕەکە گوتی تایەر ئاغا لە بەغدایە بەڵام یوسف ئاغای کوڕی لە ماڵ بوو. زۆری پێخۆش بوو کە ئەو هەواڵەم دایە. گوتی تۆ بڕۆرەوە تا ماوەیەکی دیکە دەنێرم بەدوایاندا. پارەمان پێ نەمابوو کە شتێکی لێ بدەین بەو کوڕە لەپێناو ئەو چاکەیەدا. سەعاتێکم لە دەستدا بوو دام بە کوڕەکە بەڵام بە هیچ جۆرێک لێی وەرنەگرتم. دوای ماوەیەکی کورت ئۆتۆمبیلێکی جیپ هاتە بەردەرگا. بانگی کوڕەکەی کرد میوانەکانت با بێنە خوارێ. ئێمەش سوپاسی خانەخوێمان کرد و ڕۆیشتین و سورای جیپەکە بووین. جگە لە شۆفیرەکە نەفەرێکیشی بە دەمانچەوە لە پێشەوە تێدابوو. ئێمە لە دواوە سوار بووین. جیپەکە خێوەتی بە سەرەوە بوو. ئێمە دیار نەبووین. چووە سەر جادەی قیر و بۆ ماوەی چەند کیلۆمەترێك ڕۆیشت، دوایی لایدایە سەر جادەی خاکی. ماوەیەك ڕۆیشت گەیشتە گوندەکەی تایەر ئاغا. یەکسەر جیپەکە ڕۆیشتە نێو حەسارێکی گەورە. خانوویەکی زۆر ڕێکوپێکی تێدا بوو. نێو حەسارەکە هەمووی داری میوە بوو. کەپر و ساباتێکی زۆر گەورە و خۆشیشی تێدا بوو. لە نێوەڕاستی کەپرەکەدا حەوزێکی ئاوی تێدابوو کە بە چیمەنتۆ و موزاییک دروست کرابوو. ئێمەیان ڕێنوێنی کرد بۆ نێو ئەو کەپرە. جەماعەتێک نۆکەر و دەستوپێوەندی لێبوون کە هەموویان چەکدار بوون. وەک پێشتر باسم کرد، ناوبراو سەر بە حکومەت بوو، بە قەول جاش بوو، بەڵام بۆ ئێمە باش بوو. دانیشتین و دۆی ساردیان بۆ هێناین. دوای ماوەیەک یوسف ئاغا کە چووبووە خانەقین، هاتەوە و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین. گوتی دوای ئەوە ناردم بەدوای ئێوەدا چووم بۆ شار، بۆ خانەقین، کاک شێخ مەحموودم ئاگادار کرد لە هاتنی ئێوە بەڵام زۆر گلەییشم لەو پۆلیسانە کرد کە بەڵێنیان دابوومێ کە ئێوە لە ڕێگادا ئازاد بکەن بەڵام گوتیان بەڕاستی مەجالمان نەبووە بۆیە نەمانتوانیوە ئەو کارە بکەین. بەڵام بە خۆشییەوە بە هەوڵی خۆتان توانیوتانە خۆتان دەرباز بکەن. منیش تاکو ناوچەی ژێردەسەڵاتم ڕەوانەتان دەکەم، هیچ ناڕەحەت مەبن. ئەو شەوە یوسف ئاغا میواندارییەکی گەرموگوڕی کردین. ڕۆژی دوایی هەستاین بۆ هەریەک لە ئێمە جووتێک کڵاشی گیوە، خاولییەک، فلچە و دەرمانی دیان و سابوونێکیان بۆ ئامادە کردبووین. کڵاشی گیوە بەو جۆرە کڵاشە ئەڵێن کە ژێرەکەی لاستیکە و سەرەکەی بە دەزو ئەچنرێت. زۆر جاریش دەزوەکانیان ڕەنگاوڕەنگە. ئەم جۆرە کڵاشە زۆرتر لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان باوە. دیار بوو یوسف ئاغا هەستی کردبوو کە بەهۆی بەندیخانە و ڕەوانەکردنەوە بۆ ئێران، ئەو شتانە کە زۆر پێوستن، ئێمە پێمان

نییە، بەتایبەت خراپترین پێڵاومان لەپێدا بوون کە بۆ ئەو هاوین و هەوا گەرمە نەدەبوو. هەر پێڵاوە کۆنەکانی زستانمان لەپێدا بوون. هەر ئەو ڕۆژە قەمەرەیەکی بۆ تەرتیب کردین و بە شۆفیرەکەی گوت هەتا سەر چۆمی سیروان ڕاست بەرامبەر کەلار بمانگەیێنێ. ڕووی کردە ئێمە و گوتی ئاخرین دەسەڵاتی ئێمە تا سەر چۆمی سیروانە ئیتر لەوە بەدوا خۆتان ئەتوانن بە چ شێوەیەک بلوێت بەرەو سلێمانی تەرتیبی بکەن. زۆر سوپاسی هاوکارییەکانیمان کرد و خواحافیزەمان لێکرد و ڕۆیشتین بەرەو چۆمی سیروان. شۆفیرەکە پارەی کەڵەکی بۆ داین و لە چۆمی سیروان پەڕینەوە. کەڵەک چەند جۆری هەیە. ئەو جۆرەی کە ئێمە پێی پەڕینەوە چەپەر بوو. چەپەر بە تووڵی داربی تەنراوە و ژێرەکەیشی چەند بەرمیل نەوتی بەتاڵیان لێ هەڵبەستووە و خاوەن کەڵەک بە دوو سەوڵ (بێڵی دارین) لێیدەخوڕێ. بەو شێوەیە لە چۆمی سیروان پەڕینەوە بۆ شارۆچکەی کەلار. ئەودەم کەلار وەک گوندێکی گەورە دەچوو. چەند دوکان و قوتابخانەیەکی لێ بوون. چووینەماڵی مستەفا بەگ. ناوبراو ئەندامی (مەجلیسی قیادەی سەورە)ی سەر بە بارزانی بوو. چووینە حەساری ماڵەکەیان. هەر لەوێ لەژێر سێبەری دارەکاندا لەسەر موبل و قەنەفە جەماعەتێک ژن و پیاو دانیشتبوون. ئێمە کەسمان نەدەناسی. دوای بەخێرهاتن پرسیاریان لێکردین کە خەڵکی کوێین و بۆ کوێ دەچین. گوتم پێمان خۆشە لەگەڵ شەخسی مستەفا بەگدا دانیشین و قسەی خۆمانی بۆ باس بکەین. یەکێک لە سەرووی هەموویانەوە گوتی من مستەفام، ئەم جەماعەتەش هەموو کەسی منن، ئەتوانن بە ڕاشکاوی قسەی خۆتان بکەن. من زووتر بیستبووم کە مستەفا بەگ ئەندامی قیادەی سەورەیە. گوتم ناوی ئەم پیاوە ئەحمەد خانە و ئەو برادەرەی دیکەش سەلیم خانە کە هەردوو برای تەلا خانمی خێزانی شێخ لەتیفی حەفیدن. منیش ناوم ڕەشیدە و ئامۆزایانم. ئێمە هاتینە عێراق و ویستمان وەک پەنابەرێک لە عێراقدا بژین بەڵام حکومەت متمانەی پێ نەکردین و تەسلیمی ئێرانی کردینەوە. ئێمەش لە شارۆچکەی خوسرەوی لەسەر سنووری ئێران توانیمان هەڵێین و ئێستایش دەمانەوەێ بچین بۆلای شێخ لەتیف و مەحموود بەگی گۆڵێ و پێویستیمان بە یارمەتی جەنابت هەیە کە ڕەوانەمان بکەی. بۆخۆت ئەزانی ئەو دوو کەسە ئێستا هەردووکیان وەک جەنابت ئەندامی قیادەی سەورەن. هەردووکیشیان خزمی ئێمەن. شێخ لەتیف زاوامانە و لەگەڵ مەحموود بەگیش لە یەک بنەماڵەین. ئەوان لە کوردستانی عێراق دەژین و ئێمەش لە کوردستانی ئێران. بەو شێوەیە کورتەیەک لە وەزعی خۆمانمان بۆ باس کردن. مستەفا بەگ لە وەڵامدا گوتی دوێنێ لە تاران گەڕاومەوە. لەوێ باسی ئێوە کرا. نەیگوت کێ و لە کوێ. بەڵام دەبێت جەماعەتی ساواک بووبن کە لەگەڵ مستەفا بەگدا قسەیان کردبێت چونکە ئەو کەسایەتییانەی نێو شۆڕش کە دەچوونە تاران یان هەر کوێیەکی ئێران، میوانی ساواک دەبوون. مستەفا بەگ گوتی هیچ ناڕەحەت مەبن، خۆم قسەتان لەگەڵ ئێران بۆ دەکەم و ئەیشتانبەم بۆ بنکەی پێشمەرگە. بەڕاستی ئێمە کە ناوی ئێران و بنکەی پێشمەرگەی هێنا زۆر ترساین. پێمانگوت قوربان، ئێمە نامانەوێ نە لەگەڵ ئێران قسەمان بۆ بکەیت نە بیشمانبەی بۆ بنکەی پێشمەرگە. ئێمە هاتووین کە

یارمەتیمان بدەی و ڕەوانەمان بکەی بۆلای شێخ لەتیف یان مەحموود بەگی گۆڵێ. لە شانسی ئێمە و لەو قسانەدا بووین کەسێک هەواڵی هێنا کە جەماعەتی جەلال تاڵەبانی چەند بنکەیەکی پێشمەرگەی سەر بە بارزانی یان گرتووە. جەماعەتێک کوژراو و بریندارێش هەیە. ئێستاش زۆر نزیکن لە کەلار و لەوانەیە ئەمشەو یان بەیانی بگەنە ئێرەش. ناوی چەند کەسێکی هێنا لە جەماعەتی مستەفا بەگ کە ئەوانیش چەکەکانیان بردووە و چوونە لای جەماعەتی تاڵەبانی. ئەم هەواڵە ترسێکی زۆری بۆ مستەفا بەگ دروست کرد، بۆیە کەوتە بیری هەڵاتن. هێزێکی ئەوتۆی لە دەوروبەر نەبوو. ئەوەی کە ئێمە بینیمان تەنیا چەند چەکدارێکی لە دەوروبەر بوون. بۆیە ناچار بوو کە کەسێکمان وەك ڕێنوێن و شارەزای ڕێگاوبان لەگەڵدا بنێرێت. مستەفا بەگ لە سەرەتاوە نییەتی باش نەبوو لەگەڵمان بەڵام هاتنی هێزی تاڵەبانی بۆ ناوچەکە یارمەتی ئێمەی دا بۆ دەربازبوون لەدەست مستەفا بەگ و تەحویلدانەوە بە بنکەی پێشمەرگە. هەر ئەو ئێوارەیە تەقەی تفەنگ و بۆنی باروت و ئاگری شەڕ نزیک بۆوە. مستەفا بەگ خێزانی پێچایەوە و هێشتا ئێمە نەڕۆیشتبووین ئەوان هەڵاتن. ئەو کەسەی کە بۆ ئێمەیان حازر کردبوو، هات و ئێسترێکی هێنا و وەڕێکەوتین. جاروبار بە نۆبە سورای ئێسترەکە دەبووین. هەروەك پێشتر باسم کرد لە سەرەتاوە مستەفا بەگ گوتی ئەتانبەم بۆ بنکەی پێشمەرگە و ئێمە ڕازی نەبووین و پێمانگوت کە نامانەوێ بچینە بنکەی پێشمەرگە، ئێمە پەنامان بۆ جەنابت هێناوە کە یارمەتیمان بدەیت، ئەگەر دەکرێت لە پلەی یەکەمدا ڕەوانەی لای شێخ لەتیفمان بکە، ئەگەر زەحمەتە و بۆتان ناکرێت ئەوە ڕەوانەمان بکە بۆلای مەحموود بەگ، و ئەگەر جەنابتان یارمەتیمان نەدەن و شتێک بەسەر ئێمەدا هات گلەیی و ناڕەزایەیی شێخ لەتیف و مەحموود بەگ دێتە ئەستۆی جەنابت و بنەماڵەی ئێمەش بۆ هەمیشە ناڕازی دەبن لەو کارەتان، ئیتر ئێستا دەسەڵات بە جەنابتانە و بیری لێ بکەرەوە چۆنت پێ مەسڵەحەتە وا بکە. دیارە لە قسەکانی ئێمەش هێندێ ڕاچڵەکیبوو و لە لایەکی تریشەوە شەڕ گەیشتە دەوروبەری، بۆیە هاتەسەر ئەو باوەڕەی کە واز لە ئێمە بهێنێت و لەکۆڵ خۆیمان بکاتەوە. ئێمە تەواوی ئەو شەوە بە ڕێگاوە بووین. دەمەوبەیانی گەیشتینە گوندێک بە ناوی زەردەلیکاو. کابرای هاوڕێمان بە ماڵێکی سپاردین و پێی گوت با ڕۆژەکەی دەرنکەوەن، ئاگاداریان بکە تا شەو دێت ئەودەم بڕۆن. ئەو ڕۆژە بە خواردنێکی باش میوانداری کراین. تەواوی ڕۆژەکە بۆی نووستین و بەتەواوی حەساینەوە. کاتێ هەوا تاریک بوو ساحەب ماڵەکە خۆی لەگەڵمان هات و بەپێیان ڕۆیشتین. بۆ بەیانییەکەی گەیشتینە گوندێک بە ناوی گومەتە. ئەویش بە ماڵێکی سپاردین. هەر بە شێوەی ڕۆژی پێشوو گوزەرا و لە ئێوارەدا خانەخوێیەکەمان بارگیرێکی چوارپەل قەوی هێنا، خۆی سوار بوو و بە نۆرەیش هەردوو سەعات یەکمانی لە پشت خۆیەوە سوار دەکرد. بە دەشتی عەربەتدا بە نێوان ڕەبایەی عەسکەریدا بردینی تا گەیشتینە کانی و ئاوێک لە نزیک گوندی ئاڵەسیاو. ئەوێ کۆتایی خەت بوو. کابرای هاوڕێیمان گوتی ئیتر لەمەبەولا من ناتوانم بێم. هێندێ کاوجۆی لە توورەکەیەک دەرهێنا و دای بە ئەسپەکەی و

بۆخۆیشی نانێکی خوارد و دوای حەسانەوە خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. ئێمەش هێندێ زیاتر حەساینەوە هەتا هەوا هێندێک ڕوون بۆوە؛ لەوەبەدوا شارەزا بووین. ڕۆیشتین بەرەو گوندی ئاڵەسیاو و چووینە ماڵی شاناز خانم. شاناز خانم باجیی ئەحمەد خان و سەلیم خان و ئامۆژنی من بوو. ماڵی لەوێ بوو. شاناز خانم دایکی تەلا خانمی هاوسەری شێخ لەتیف حەفیدە. کاتێ گەیشتینە نێو توتن و مەزرای شاناز خانم، دانیشتین، بەڵام من و ئەحمەد خان لەبەر ماندوویی ڕێگا و بێ خەوی، لێی خەوتین. کاتێ ئێمە خەومان لێدەکەوێ کاک سەلیم بەجێمان دەێڵێ و دەڕوات خەبەر بە شاناز خانم دەدات. ئەویش هەڵدەستێ و دێت بۆلامان. من لە خەوەکەمدا هەستی شتێکم کرد و خەبەرم بۆوە. کە هەستام دیتم شاناز خانم لە نێوانماندا دانیشتووە و دەگری. هەستام و لە باوەشی گرتم و زۆر شوکرانەی بژارد لە یەزدان. وا دیار بوو هەواڵی ناخۆشیان لە ئێمە پێدابوو. ئەحمەد خانیش هەستا و هەر بەو جۆرە شاناز خانم لە باوەشی گرت و بەخێرهاتنی کرد. بە ئەحمەد خانی گوت حسێنی برات و مستەفا لە ماڵی ئێمەن. بەم هەواڵە شاگەشکە بووین و لێیمان پرسی ئاخۆ هەر ئەوان دەرباز بوون؟ گوتی وەکو بزانم جەماعەت هەموویان دەرباز بوون، بۆخۆتان لە حسێن بپرسن باشتر بۆتان باس دەکات. دواتر بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ ماڵەوە. حسێن خان و مستەفا (مچە چکۆل) لەوێ دانیشتبوون. هاتن باوەشیان پێدا کردین و یەکترمان بەخێرهاتن کرد. ئەحمەد خان پرسیاری وەزعی جەماعەتی خۆی کرد. حسێن خان گوتی بەیانی کە هەستاین هێندێ پرسیاری ئێوەیان کرد بەڵام ئێمە گوتمان نایانناسین، ئیتر زۆری لێنەدوان. ئێمە ڕەوانەی قەسری شیرین کراین. لە ژاندارمری هێندێ پرسیاری سادەیان لێکردین. پرسیان بۆچێ چوون بۆ عێراق؟ خەڵکی چ شارێکن لە ئێران؟ چەند وەختە ڕۆیشتوون؟ گوتمان بۆ کاروکاسپی چووین و حکومەتی عێراق گرتوونین و ڕەوانەی کردووینەوە و خەڵکی شاری بانەین. هەریەک وتمان یەک مانگ و دوو مانگ دەبێت چووین بۆ عێراق. زیاتر پرسیارێکی ئەوتۆیان نەکرد. دیار بوو هیچ پەروەندەیەکی سیاسی بۆ جەماعەت نەکرابوو، تەنیا بە ناوی بێکاران تەحویل درابووینەوە. پێموایە ئەگەر ئێوەش بهاتنایە هەر وا دەبوو و ئێوەش وەك ئێمە دەرباز دەبوون. گوتم کاکە حسێن، بەڕاستی جێگای خۆشحاڵییە کە ڕزگار بوون، ئەی باشە جەماعەتی دیکە کوان؟ گوتی هەموو تا شاری سنە بەیەکەوە بووین بەڵام لەوێ لێکترازاین و هەر چەند کەسمان بە ماشینێک هاتینەوە بەرەو سەقز و بانە. بەڵام بڕیارمان ئەوە بوو کە هەر کامێکمان گەیشتینە لای گوندی ڕەشەقەڵات -چەند کیلۆمەتری بانە- لە ماشین دابەزین و بەرەو پێنجوێن و شاربازێر بگەڕێینەوە هەتاکو هەموومان لە جێگایەک یەکبگرینەوە. لەوانەیە ئێستا جەماعەتێک لە پێنجوێن و جەماعەتێک لە گوندی زیبیە و چاڵەخەزێنە و جەماعەتێکیش لە مەروێ بن.

چەند ڕۆژێک لای شاناز خانم ماینەوە. نەفەرێکمان نارد بۆ زیبیە بۆ هەواڵی جەماعەت. هەواڵدەر هاتەوە. برادەران چەند کەسێکیان گەیبوونە ئەوێ. هەواڵیان بۆ ناردبووین دوای ئەوە کە لە ئێران دەربازبووین بە وەزعی ئێمەیان زانیبوو و کەوتبوونە کۆنتڕۆڵکردنی

دەروازەی شـارەکانی سـەقز و بانـە. هـەروەها مـەحموود بـەگی گـۆڵێ ڕایسـپاردووە کـە هەواڵێک لە ئێوە بزانین و بچین بۆ گوندی گۆڵێ بۆلای ئەو. ئێمەش ئامادە بووین و بەرەو زییە و گۆڵێ ڕۆیشتین. جەماعەت هەموو لە چاڵەخەزێنە یەکمان گرتەوە و بەگشتی بەرەو گوندی گۆڵێ ڕۆیشتین. هەموو ئەم هاتوچوانە بە شەو و بە نهێنـی دەکران. سەرلەبەیانی گەیشتینە لای مەحموود بەگ؛ ڕێزێکی زۆری گرتین و بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین. ئەو ڕۆژە حەساینەوە. ڕۆژی دوایـی لەگەڵ من و ئەحمەد خان دانیشتنی کرد و گوتی ئێوە خزمی منن، پێم ناخۆش بوو ئەو وەزعە بەسەر ئێوەدا هات. ئەو کاتە کەسمان توانایی ئەوەمان نەبوو ئێوەمان ڕزگار بکردایە. بەڵام ئەم ڕۆیشتنەی ئێوە هێندێ مەجاڵی ڕەخساندووە کە گوێمان لێ بگرن، بۆیە من هیوادارم کە بتوانم بارودۆخەکە هەم لە ئێران و هەم لای کاربەدەستانی شۆڕش هێور بکەمەوە. چەند ڕۆژی پێچوو مەحموود بەگ بەڕواڵەت وەزعەکەی ئارام کردەوە و پێشمەرگە کاری پێمان نەما. بەو هۆیە کە چەکمان پێنەبوو، ڕۆژێك مەحموود بەگ بە من و ئەحمەد خان هەریەک بڕنەوێکی درێژی بە هەدیە داینێ. کاتێ چووینە لای حکومەتی عێراق چەکی خۆمان پێبوو بەڵام حکومەت لێی زەوت کردین. جێگای ئاماژەیە کاتێ ئێمە وەک پەنابەر چووینە عێراق دوای ماوەیەک هەواڵ بە ژن و منداڵمان دەگات کە ئێمە بە پەنابەر وەرنەگیراوین و هەموومان بەند کراوین و چارەنووسمان نادیارە. ئەم هەواڵە بە کەسوکارمان لە بانە دەگات. ئەوانیش دێن ژن و منداڵەکانمان دەبنەوە بۆ بانە. کاتێ مەحموود بەگ وەزعی ئێمەی ئارام کردەوە، ناردمان ژنومنداڵمان بۆ هاتەوە. من چوومەوە مەروێ و هەمان خانوو و شوێنی پێشووی خۆم. جەلالی عوسمانی و سەعیدی عوسمانی چوونەوە گوندی نزارە لە ناوچەی پێنجوێن. ئەحمەد خان و سەلیم خان چوونە گوندی بێماوە. ئەم گوندە هی مەحموود بەگی گۆڵێ بوو. براهیم خان و قادر بەگی نجنێ ئەم جارە چوونە چاڵەخەزێنە. چەند کەسێک لە هاوڕێکانی من هەریەک ڕوویان کردە شوێنێک. هەموومان دامەزراینەوە. تەواوی ئەم ماوە ئەم جەماعەتە هەتا ژنومنداڵمان بۆ هات لە ماڵی مەحموود بەگ میوان بووین. لەو ماوەدا لەلایەن گشت بنەماڵەوە ئەوپەڕی خزمەت کراین و ڕێزمان لێگیرا. ئەو زستانە بە هەژاری و نەداری تێپەڕی. باری ئابووریی هەمومان زۆر خراپ بوو. ئەوەی لەلایەن کەسوکارەوە بۆمان نەهاتایە هیچمان نەبوو، ئەویش زۆر بە کەمی بۆمان دەهات. شتێکی کە دەبێ ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە پێش چوونمان بۆلای حکومەتی عێراق هیچ کەس حازر نەبوو لە خۆمان گرێت یان لەلای کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلول کارێکمان بۆ بکات چونکە ساواک لەسەر هەموو ئەو گەورە کەسایەتییانەی کە خاوەن دەسەڵات بوون کاریگەری هەبوو و کەسیش حازر نەبوو بەرژەوەندیی خۆی لەبەر ئێمە بخاتە مەترسییەوە. لەو ماوەیەدا بەهۆی شەڕی ڕاستەوخۆی تاڵەبانی بە پاڵپشتی حکومەتی عێراق سیاسەتی ساواک و شۆڕشی ئەیلول گۆڕانی بەسەردا هات و ئەم جارە هەوڵدرا بە شێوەیەکی دیکە ڕامانبگرن تاکو لە کاتێکی تایبەتدا و بە شێوەیەکی دیکە دەستمان بەسەردا بگرنەوە، بۆیە لەو ماوەدا گوشار لەسەر ئێمە کەم بۆوە. دیارە ئێمەش هەر

یەکەمان لە ماڵی خۆمان بێ هیچ جووڵانەوەیەک ژیانمان دەبردەسەر. ساڵ گۆڕا و پێمان نایە ١٩٦٧. هەموو ئەو ماوەیە هەر کەس لە ماڵی خۆیدا بێ هیچ هاتوچوویەک زستانەکەمان تەواو کرد. هاتوچووی یەکتریشمان نەدەکرد. ڕۆژێکی بەهاری، ئەحمەد خان خۆی و خزمانی، کە پێشتر ناوم هێناون، هەموویان هاتن بۆ مەروێ بۆ دیدەنی عەبدوڵڵا ئاغا. عوسمان، کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا، زاوای ئەحمەد خان بوو. ئەحمەد خان لە پەراوێزی ئەو سەردانەی بۆلای خزمانی، دەیویست ڕاوێژم لەگەڵ بکات کە ڕێگایەک بۆ ژیانی بدۆزێتەوە. هەروەها دەیویست لەگەڵ مندا سەردانێکی شێخ لەتیف حەفید بکات بەڵکو بە یارمەتی ئەویش چارەسەرێک بۆ ژیانی بدۆزێتەوە. دەیویست هەر چۆنێک بێت شێخ لەتیف و مەحموود بەگ بچن بۆلای بارزانی بەڵکو حیسابێکی بۆ بکات و وازی لێ بهێنن و لە جێگایەک و بە شێوەیەک ژیانی بۆ دابین بکەن. ئەو دەیزانی کە ساواک دەستی لێ هەڵناگرێت و هەر لە پیلاندایە بۆی. دیارە منیش دەمزانی کە ساواک دەیەوێت بە هەر شێوەیەکی گونجاو داوێکم بۆ بنێتەوە، بۆیە من قەناعەتم کرد کە هەر کەسە خۆی بیری لێ بکاتەوە و ئەگەر بەیەکیشەوە بێت بچین بۆلای شێخ لەتیف و دوایی بۆلای مەحموود بەگ بۆئەوەی هەر چۆنێک بێت قەناعەتیان پێ بکەین کە لەگەڵمان بێن بۆلای بارزانی بۆ ڕێگەچارەیەک بۆ ژیانێکی هێندێک باشتر لەو وەزعەی بوومان. لە هەمان کاتدا حاجی حەمەڕەشید بەگی زەرواو کە ئەو کات لە بانە ئەژیا هەواڵی بۆ ناردم بنێرم ئەحمەد خان بێت بۆ مەروێ و ئەویش بێت بۆلای ئەحمەد خان. بە قسەی خۆی پەیامی ساواکی بانەی پێیە بۆ هەردوو لامان. وەڵامم بۆ ناردەوە کە کاتێکی باشە و ئەتوانێ لەم چەند ڕۆژانەدا تەشریف بهێنێت بۆ مەروێ و ئەحمەد خان ببینێ، بەڵام من پێویستیم بە پەیامی ساواک نییە و بەنیازم بچم بۆلای شێخ لەتیف کە یارمەتیم بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ژیانم. هەموو لە مەروێ لە ماڵی عەبدوڵڵا ئاغا کۆبووینەتەوە کە بزانیین پەیامی ساواک چییە. ئەحمەد خانیش پێی چاک بوو کە حاجی حەمەڕەشید بەگ بێت بۆ مەروێ تا بزانێت ساواک قسەی چییە. ئەحمەد خان گوتی پێم چاکە ئەمڕۆ ڕاوەستین با حەمەڕەشید بەگ بێت تا بزانم قسەی ساواک و بۆچوونی خۆی چییە. ئێمە سەفەری لای شێخ لەتیف و مەحموود بەگمان ڕاگرت بۆ دوای دیداری حەمەڕەشید بەگ. یەک، دوو ڕۆژێکی پێچوو بە چاوەڕوانی حاجی حەمەڕەشید بەگ، بەیانییەک وەک سەیرانچی خواردنمان هەڵگرت و چووینە پشت ماڵان، شوێنێک بوو بە بەردەوڕ بەناوبانگ بوو. شوێنێکی بەرز و شاخاوی بوو، بەسەر هەموو مەروێدا ئەیڕوانی. ئێمە چووینە ئەوێ و خۆمان لێکردەوە و بە یاریکردنەوە خۆمان خافڵاند. کات گەیبیووە ئێوارە و سێ تا چوار سەعاتی ڕۆژ مابوو لەوپەڕی بێخەبەریدا هەر ئەوەندەمان زانی کەوتینە بەر ڕەهێڵەی گوللە. یەکسەر خۆمان خزاندە نێو شاخ و بەردەکانەوە کە شوێنێکی زۆر قایم بوو. خۆمان کۆکردەوە، هەر دوو کەس و سێ کەس لە گۆشەیەک سەنگەرمان گرت. دیتمان ئەوانە پێشمەرگەن و هاتوونەتە سەرمان. بانگیان کرد چەکەکانتان دانین و تەسلیم بن دەنا هەمووتان ئەکوژین. من خۆم هاوارم کرد بۆخاتری خودا، ئێمەش کوردین، هاوارمان هێناوە بۆ ئەو کوردستانە، ئێمەش

پێشمەرگەیەکین وەکو ئێوە و دەمانەوێ بەیانی بچین بۆلای بارزانی، مۆڵەتمان بدەن با سەفەری لای بارزانی بکەین. لە وەڵامدا یەکێک لەو بەناو پێشمەرگانە گوتی: بۆ ئێوە خوا دەناسن، خواکەتان چی لێبکەم، وەڵاهی ئێستا هەمووتان چەک دەکەین و هەر کەسیش تەقە بکات ئەیکوژین. ئیتر لەم قسانەدا نەفەرێکمان بە ناوی حەمە هەتیو، خەڵکی گوندی کەندەسوورە، لە یەکەم دەسرێژدا گوللەی لە سەری درا و شەهید بوو. دیمان پێشمەرگەکان لە هەر چوارلاوە ئابلۆقەیان داین. بە دووربین سەیری ئەوبەر خۆمانم کرد، بەری ئێران، گوندی زەڵێ، کە تەنیا چۆمێک سنوورەکە لێک جیا دەکاتەوە؛ ئەوەندەی کە من بینیم زیاتر لە سەد ژاندارمی ئێرانی دەبوون کە دەهاتنە خوارێ بۆسەر سنوور. بانگی ئەحمەد خان و چەند هاورێم کرد کە لێمانەوە نزیک بوون و گوتم پیلانمان لەسەر کراوە، لەم بەرەوە پێشمەرگە و لە بەری ئێرانیشەوە ژاندارم دیارن دێنە خواری بۆسەر سنوور. ئەگەر نەیەینە دەست هەموومان تیادەچین. ئەوە بوو ئێمەش کەوتینە بەرگری لە خۆمان و لە دەسرێژی یەکەمماندا دوو پێشمەرگە لە ئەوان کە هاوپەیمانی ساواك بوون کوژران. دواتر بیستمان کە سێ کەسیشیان لێ بریندار بووبوو. ئەم دەستکردنەوەی ئێمە جەماعەتی مات کرد. هێرشەکەیان ئەو گوڕ و تینەی سەرەتای نەما. ئێمەش بەتەواوی کەوتینە خۆپاراستن هەتا شەو هات. لە تاریکی شەو کەڵکمان وەرگرت و وردەوردە خزاینە دواوە و لە شوێنی شەڕەکە دوورکەوتینەوە، بەڵام بووینە دوو دەستە. ئەو شەوە یەکمان نەگرتەوە، نەماندەزانی چەند کەسمان کوژراوە. دەمەوێ پێش ئەوەی وەزعی خۆمان و خەڵکی مەروێ باس بکەم باسی ئەم پیلانە بکەم کە چۆن ڕێکخرابوو. من پێموابوو حسێنی برایم دەروێش، کە مەسئولی ناوچەی چوارتا بوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ساواکی بانەوە هەبوو. ئەم پیلانە ئەو دوو لایەنە ڕێکیانخست بۆئەوەی بە کوژراوی یان بە دیلی تەحویلمان بدەنەوە بە ئێران. بۆ نمونە زۆری پێنەچوو کە شۆڕش ویستی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕووداوە و زۆر شتی لەو چەشنە کە حسێنی برایم دەروێش کردبووی، بکات. بەڵام شۆڕش فریا نەکەوت ئەو کارە بکات کە ناوبراو خۆی تەسلیمی حکومەتی عێراق کردەوە. ماوەیەک دواتر شۆڕش توانی وەکو خائین و جاشێک لە چوارتا بە سزای خۆیی بگەیێنێ و لە شارۆچکەی چوارتا کوشتیان. چوارتا دەست حکومەتی بەعس کەوتبۆوە. بۆ ئێمە ئەو شەڕە بە ناوی پێشمەرگە و شۆڕش بە گران تەواو بوو. هەرچەند ئەو زوڵمەی لە ئێمە کرا لە کەم کەس کرابوو. بەتایبەت شەخسی خۆم دەڵێم لە هاوینی ١٣٣٣ی هەتاویدا بوومە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ساڵەکانی دواتریش ئەندامێکی چالاکی ئەو حیزبە بووم و بە تاوانی ئەندامبوونم لە حیزب، ساواک هێرشی کردە سەرم و ئاوارەی عێراق بووم. چەند ساڵ خزمەتی شۆڕشی ئەیلولم کرد، چ وەک چالاکیی نیزامی و چ وەک هەڵسووڕانی سیاسی و ڕێکخستن، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم کردووە. بەڵام ئێستا لە دوو بەشی کوردستاندا جێم نابێتەوە و دەمەوێ بچمە گەرمای عەرەبستان و عێراق و لەوێش لایەنێک ناهێڵێ وەک پەنابەرێک لەو دۆزەخەدا بژیم و پیلانمان بۆ ڕێکدەخەن بۆ تەحویلدانەوەمان بە ئێران. لایەنی دیکەش هەوڵ ئەدەن کە بمانکوژن یان

بە زیندوویی یان بە مردوویی مەیتەکەمان تەحویلی ئێران بدەنەوە. ئەم پیلانە نە جێگای پاساوە، نە حاشای لێدەکرێت کە ساواکی بانە ویستی بە دەستی جگەرگۆشەکانی خۆیشمان لە داومان بخات. بۆ نمونە خزمان بانگ دەکەن کە گوایە حکومەت دەیەوێ ڕێگایەکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ چوونەوەی ئێمە بۆ ئێران و بە خزمان ئەڵێن بچن بیانهێننەوە و هەر چۆنێك ئەوان دەخوازن وایان بۆ دەکەین. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە درۆیان لەگەڵ هەموو لایەک دەکرد. دیارە ئەم بەشەیان منی نەدەگرتەوە، بەڵام پێم باش بوو خزمانم بڕۆیشتبایانەوە بۆ بانە، چونکە ئەگەر ئەو خزمانەم بڕۆیشتبایانەوە ئیتر من بەدوای چوونی بەغدا و کوتانی هەموو دەرگایەک خۆم ڕازی کردبوو بە ژیانی تەبعید لە ناوچەی گەرمیان. چونکە هەر چۆنێک بێت لە چوونەوە بۆ ئێران باشتر بوو و ویستی منیش ئەوە نەبوو کە بچمەوە بۆ ئێران. من بۆ مەبەستێک ئەو ژیانەم هەڵبژاردبوو کە هێشتا نەهاتبوەدی. بەڵام ئەگەر باقی جەماعەت بە چوونەوەیەکی شیاو بچوونایەوە، بۆ من زۆر باشتر بوو. من بەو ژیانە سەختە و پڕ لە پیلانە حازر بووم بژیامایە. دروست بەهۆی حاجی حەمەڕەشید بەگی خزممان، کە دەرکەوت درۆیان لەگەڵ ئەویش و ئێمەیشدا کردبوو، ویستیان بەهۆی ئەوانەوە لە شوێنێک کۆمان بکەنەوە و لە هەمان کاتدا لە چوارتاوە تەقریبی سەدوپەنجا بەناو پێشمەرگە بێنە سەرمان و یەکسەر تەقەمان لێبکەن و لەولایشەوە نزیک بە سەد ژاندارم لە بانە و پاسگاکانی ئەنجێنە و ئاڵۆتەوە بگەنە سەر سنوور و ڕاست بەرامبەر ئێمە سەنگەر بگرن. دڵنیاشم ئەگەر شەو بەسەردا نەهاتایە ژاندارمەکانیش دەهاتن بۆنێو شەڕەکە.

هەر ئەو ئێوارەیە حاجی حەمەڕەشید بەگ دەگاتە مەروێ و لەپەنای ماڵی عەبدوڵڵا ئاغادا هەواڵی ئەو تەقەیە لە کەسێک دەپرسێ. پێی دەڵێن پێشمەرگە هاتوونەتە سەر جەماعەتی بانەییەکان. ئیتر حەمەڕەشید بەگ هەر چۆنێک بێت خۆی دەگەیێنێتە ماڵی عەبدوڵڵا ئاغا. عەبدوڵڵا ئاغا پێی دەڵێت هەر ئێستا دەبێ بگرێیتەوە مەبادا تووشی بەڵایەک بیت، منیش خۆم ئامادە کردووە کە هەر ئێستا بڕۆم بەرەو ماوەت. ئیتر حەمەڕەشید بەگ بە ڕێی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ کیوەرۆ. ئەوجار دەزانێ کە چ فێڵ و درۆیەکیان لەگەڵ کردووە. بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نابێ کە بڵێت ئەو زوڵمە گەورە چی بوو لە ئێمەتان کرد. ناچار بێدەنگ دەبێ بۆ ئەوەی تووشی گێچەڵ و گرتن نەبن.

با بزانین دوای شەڕەکە لە مەروێ چی دەگوزەرێت. هەر لە کاتی شەڕەکەدا ژن و منداڵەکانم هاوار بۆ عەبدوڵڵا ئاغا دەبەن کە چی بکەن. عەبدوڵڵا ئاغا بە خێزانم دەڵێت خوشکم، هیچ دەسەڵاتێکم نییە تەنیا ئەوە نەبێت دوو نەفەرت لەگەڵ دەنێرم، هەستە بڕۆرەوە بۆ کیوەرۆ هەتا خۆت و منداڵەکانت تیانەچوون. ئیتر عەبدوڵڵا ئاغا دوو کەس بە ناوەکانی عەبدوڵڵای وەستا کەریم و مام ڕەشید لەگەڵ خێزانەکەمدا دەنێرێ بۆ کیوەرۆ. هەرچەند ڕێگاکە سەعاتەڕێیەکە، بەڵام چەند سەعاتیان پێدەچێ هەتا دەگەنە سەر چۆمی چۆمان. دایکم بەهۆی حاجی حەمەڕەشید بەگەوە لە وەزعەکە ئاگادار دەبێت و لەگەڵ چەند کەسێک دێن بۆ چۆمان و دەیەوێ لە چۆمەکە ئەوبەر بکەوەن بەرەو مەروێ و

بزانێت ڕووداوەکە چۆنە و وەزعی ئێمە لە چیدایە، بەڵام لە قەراغی چۆمەکە تووشی خێزانم و منداڵەکانم دەبێت و لەگەڵ خۆیدا دەیانبات بۆ گوندی چۆمان، کە پڕ دەبێت لە ژاندارم. جێگای ئامازەیە ڕەئیس پاسگای ئەنجێنە کە بە گروبان حەسەنی ناسراو بوو، بە دایکم دەڵێت خانم، ئەو ژنومنداڵانە بشارەوە، ئێستا پێشمەرگە دێن بۆ ئێرە، ئەگەر بیانبینن دەیانگرن و من هیچ دەسەڵاتێکم نییە. ئەو ڕەئیس پاسگایەکی ژاندارمری ئێرانەوە و کورد و خەڵکی ناوچەی سەقز بوو بەڵام هەر چۆنێک بێت هەستێکی مرۆڤیی تێدا بوو بەرامبەر ژنومنداڵێکی بێتاوان. جێگای خۆیەتی بڵێم هەزار شوکر بە ژاندارم لە بەرامبەر کەسانی وەک حسێنی برایم دەروێش و جەماعەتەکەی کە پێیاندەوترا پێشمەرگەی کوردستان! بێمەوەسەر باسی مەروێ. پێش ئەوەی چەکدارەکانی حسێنی برایم دەروێش بێنە نێو مەروێ، عەبدوڵڵا ئاغا چەند کەسێک لەگەڵ خۆی دەبات و دەڕوات بۆلای لیژنەی ناوچەی ماوەت بۆ سکاڵا لەو جەماعەتەی حسێنی برایم دەروێش. سەلیمی دەروێش ئاغا دەچێ بۆ ئێران. بەشێک لە دانیشتوانی مەروێ بە ئاغا و جوتیارەوە ڕوودەکەنە دێهاتەکانی دەوروبەریان و گوندی مەروێ نیوەچۆڵ دەبێ. ڕۆژی دوایی دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان. کاتێ جەماعەتی حسێنی برایم دەروێش دێنە نێو ماڵەکان، لە ڕێوە ماڵی ئێمە تالان دەکەن و هەرچی فەرش و دوو تفنگ و باقی کەلوپەلی ماڵ دەپێچنەوە و دەیبەن. خانووەکەش کە هی عەبدوڵڵا ئاغا بوو و بۆ منی دروست کردبوو، نەوتی پێدادەکەن و دەیسووتێنن. بەشێکی زۆر وێنە و بەڵگەنامە و نووسراوەم لە ئاگردا دەسووتێ و تێدادەچن. دوو کەس لە کاسبکارەکانی عەبدوڵڵا ئاغا کە هەم خزمەتکار بوون و هەم هاوینان تووتنکاریشیان دەکرد، ئەو ڕۆژە لەنێو تووتناندا دەبن، کاتێ بە دەنگی شەڕەکەوە دێنەوە بۆ ماڵێ بزانن چییە، هەردووکیان دەگرن و دوای چەند ڕۆژان بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە دەیانکوژن. ئەو دوو کاسبکارە یەکیان بە حەسەن مسرێژ دەناسرا و خەڵکی گرویسی لای ئالانی سەردەشت بوو. ئەوی دیکەیان بە قالە کەچەڵ دەناسرا. ئەویش خەڵکی گوندی ورچەکی سەر بە بانە بوو. هەردووکیان زیاتر لە چەند ساڵ دەبوو هاتبوونە کوردستانی عێراق و لەلای عەبدوڵڵا ئاغا بە کاسبکاری و خزمەتکاری مابوونەوە. حەسەن لەبەر چاوی ژن و منداڵی ئاوایی و ژن و منداڵەکەی خۆیدا و لەبەردەم میوانخانەکەی عەبدوڵڵا ئاغادا تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. قالە کەچەڵێش دەبەن لە شاخێکی بەرزی لای کۆخی جافری، بەرامبەر گوندی دێرێی خواروو، دوای ئەشکنجەیەکی زۆر لە شاخەکەوە هەڵیدەدێرنە خوارێ. شاخەکە نزیک بە دووسەد مەتر بەرزە. دواتر حسێنی برایم دەروێش ئەگەڕێتەوە بۆ چوارتا. بەڵام پەنجا پێشمەرگەی نزیک بە مانگێک لە ماڵی عەبدوڵڵا ئاغا دەمێننەوە بە تاوانی ئەوە کە ئێمەیان پەناداوە. لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریی عەبدوڵڵا ئاغام کردووە کە چەندە هاوکار و دڵسۆزی شۆڕشی ئەیلول بوو. ئەو مرۆڤێکی باش، خاوەن دیوەخانێکی ئاواڵە بۆ هەموو کەس و لێقەوماوێک و خۆشەویستی دانیشتوانی ناوچەکە بوو.

من هەرچەند کارم بەو جەماعەتە (خزمەکانم) نەبوو و لەگەڵ ئەوان نەبووم؛ من لە بارودۆخێکی تایبەتدا هاتبوومە کوردستانی عێراق و ئەوان چەند ساڵێک دواتر بەهۆی شۆڕشی ئەیلول و چەند مەبەستێکی دیکەوە هاتبوون، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو شەڕە داسەپاوە و قەدەر وای لێهات کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت تێکەڵاویان ببمەوە. ئیتر دوای ئەو شەڕە نەمدەتوانی خۆم بەتەنیا پارێزگاری لە خۆم بکەم لە بەرامبەر ئەو پیلانانەی کە بۆم دادەڕێژران. وەک گوتم، بۆوێنە دوو دەستە، هەر یەک بە لایەکدا ڕۆیشتین. شەوی یەکەم گەیشتینە لای گوندی سوورەدزێ. نان و خواردنمان پێ نەبوو. بێ خواردن ئەو ڕۆژە بە کێوێکەوە ماینەوە. نەمانوێرا بچینە گوندەکان، چونکە هێزێکی دیکەش هاتبووە دێرێ و سوورەدزێ. ئێمەش فیشەکمان زۆر کەم پێ مابوو. تەنیا ڕێگامان خۆشاردنەوە و خۆپاراستن بوو. نەیشماندەویست تووشی شەڕ ببین. ئەو شەڕەش کە لە مەروێ کردمان بۆ پارێزگاری لە خۆمان بوو. شەڕمان بەسەردا سەپێندرابوو، دەنا هەرچەند جەماعەت پیاوی ئێران بوون بەڵام پێیان دەگوترا پێشمەرگە. هەر هاوڕێ و وێنەی ئەو پێشمەرگانە بوون کە هەر بەو شێوە زاڵمانە مەلا رەحیمی وردی و سلێمانی موعێنی و دەیان ئەندامی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان شەهید کرد. بەهەرحاڵ، کە تاریکی داهات ڕۆیشتین. بۆ شەوەکەی چووینە گوندی مووسەک. لاماندایە ماڵێک. زۆر برسی بووین. نان و چاییمان خوارد و حەساینەوە. گوتیان جەماعەتەکەتان شەوی ڕابوردوو لە بەیانیدا هاتوونەتە ئێرە و نانیان خواردووە و دواتر ڕۆیشتوون. خەڵکی ئەو گوندانە هەموویان ئێمەیان بە ناو دەناسی، چونکە ساڵیانێك دراوسێ سنوور بووین. هەروا شەخسی خۆم ماوەیەکی زۆر وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول لەو گوندانەدا هاتوچووم هەبوو و لەگەڵ زۆریشیان تێکەڵاوی و خزمایەتیمان هەبوو. ئەو شەوە هەتا بەیانی لەو ماڵە نووستین. بۆ بەیانییەکەی کەوتینە ڕێ بەرەو کێوی سوورکێو. ئیتر ترسمان نەما و لە ڕووناکی ڕۆژدا دەڕۆیشتین. بۆ شەوێ چووینە کۆخی حاجی مەحموود، ناسراو بە خولە نادر، لە نزیک گوندی بلەکێ. کاتێ چووینە ماڵی حاجی مەحموود دیتمان جەماعەت لەوێن بەڵام ئەحمەدی سەعید بەگی گوندی چەمپاراویان لەگەڵ نەبوو. دواتر زانیمان لە شەڕەکەدا بریندار دەبێت و ناتوانێ بڕوات، دەچێتە نێو پەڵە گەنمێکەوە و ڕۆژی دوای شەڕەکە دەیبیننەوە و بە برینداری هەر لەنێو گەنمەکەدا ئەیکوژن. خەڵکی مەروێ مەیتەکەی دەشۆن و کفنی دەکەن و بە خاکی دەسپێرن. دوای دوو شەو گەیشتینە ماڵی ئەحمەد خان لە گوندی بێماوە. شەوێکیش لەوێ ماینەوە. هەواڵمان نارد بۆ مەحموود بەگی گۆڵێ. لە وەڵامدا گوتبووی ئەم جارە نۆرەی حەمەڕەشید خانە و بچن بۆلای ئەو، من هیچم لەدەست نایە. بۆ شەوی دوایی چووین بۆ دارۆخان بۆلای حەمەڕەشید خان کە ڕێگەچارەیەك بۆ گرفتەکەمان لای دەسەڵاتدارانی شۆڕش وەبینێت. ئەم کەسایەتییانە ئەودەم هەموویان ئەندامی قیادەی سەورە، سەربە شۆڕشی ئەیلول بوون. لە قەراغ ئاوایی کەسێکمان نارده لایان، بەڵام ئیجازەی پێ نەدراین بچینە دیوەخانەکەی. یەکێک لە کوڕەکانی هات بۆلامان و بردینی بۆ کۆخێکی نزیک ئاوایی دارۆخان. شەو لەوێ

ئیسراحەتمان کرد و بەیانییەکەی دوبارە هەر ئەو کوڕەی کە شەوی پێشوو هاتە لامان هاتەوە و گوتی خان دەفەرموێت لەبەر ئەوەی خوێن کەوتۆتە بەین و پێشمەرگە کوژراون، من ناتوانم دەخالەتی تێدا بکەم. ئێمە بە ناهومێدی ڕوومان کردە گوندی شیوەگوێزان و لاماندایە ماڵی حەمەئەمین خانی برای حەمەڕەشید خان. حەمەئەمین خان پێچەوانەی حەمەڕەشید خان فەرمووی کردین بۆ دیوەخانی خۆی و ئەوپەڕی ڕێزی لێگرتین و گوتی نابێ ئەم زوڵمە قبوڵ بکرێت، من دڵنیام کە بارزانی ئاگای لە شتی وا نییە. بۆ بەیانییەکەی یەکێک لە کوڕەکانی نارد بۆلای حەمەڕەشید خان کە حازرە خوێنی ئەو پێشمەرگانە ئەدات، با ئەویش بچێت بۆلای بارزانی و ئەم مەسەلەیە بە کۆتایی بێنێت. بەڵام حەمەڕەشید خان هەر ئەو هەڵوێستەی پێشووی هەبوو. ئەوە بوو حەمەئەمین خان پێی گوتین بەداخەوە من وەکو خۆم پەیوەندی و ناسیاوی ئەوتۆم لەگەڵ بارزانی‌دا نییە بەڵام وەک ماڵی دونیا حازرم لە خزمەتتاندا و ئامادەم خوێنی ئەو پێشمەرگانەش بدەم بە مەرجێک کەسێک کارەکەتان لای بارزانی بۆ جێبەجێ بکات. دوای وەڵامی حەمەڕەشید خان و مەحموود بەگی گۆڵێ شوێنێکی دیکەمان شك نەدەبرد ڕووی تێکەین. بۆیە بڕیارمان دا بۆ ماوەیەك بە نهێنی بچینە ناوچەی بانە و خۆمان کەنار بگرین بەڵکو تروسکاییەک بکەوێتە ژیانەوە. هەر ئەو شەوە لە ماڵی حەمەئەمین خان ڕۆیشتین بۆ کۆخێک بە ناوی هۆمەر. لەوێ نانمان خوارد و بۆ خەو چووینە ئەولای کۆخەکەوە و لەسەر خەرمانێک نووستین. سەرلەبەیانی پێش ئەوە دونیا ڕوون وەبێت لەوێ ڕۆیشتین. دواتر زانیمان کە سەعاتێك دوای ڕۆیشتنمان پێشمەرگەیەکی زۆر دەورەی ئەو خەرمانەیان گرتبوو بە حیسابی ئەوە کە ئێمە لەوێین. بەرەو ناوچەی بانە ڕۆیشتین. بە چەند ڕۆژ گەیشتینە نجنێی خواروو. دوو ڕۆژ بە نهێنی لە دەوروبەری ئاوایی ماینەوە. نامەیەک بۆ جەلال و سەعیدی عوسمانی لەلایەن خزمانی شێخی نزارە لە پێنجوین ـەوە هات کە جگە لە ئەحمەدخان و ڕەشیدخان جەماعەت هەموویان عەفوو دەکرێن و ئەتوانن بێنەوە بۆ ئێرە. مەبەست کوردستانی عێراق بوو. دیارە ئەمەش دوبارە پیلانێکی دیکەی ساواک بوو لەسەرمان بۆ ئەوەی بڵاوەمان پێ بکەن. ئەو پیلانەشیان سەرکەوت. ئەو برادەرانە و قادر بەگی نجنێ ڕۆیشتنەوە بۆ کوردستانی عێراق و چەند کەسێکی دیکەشمان کە لەگەڵ بوون ئەوانیش بڵاوەیەیان کرد. ماینەوە من و ئەحمەد خان و سەلیم خان و عوسمانی حەمەسالح، خەڵکی کیوەرۆ. ناوبراو هەر لە سەرەتاوە لای ئەحمەد خان بوو. من کە ئەو وەزعەم دی بەو قەناعەتە گەیشتم کە ئیتر باش وایە من لە ئەحمەد خان جیا وەبم، بۆیە بڕیارم دا لەگەڵی دانیشم و بڕیاری خۆمی پێ بڵێم. گوتم ئەحمەد خان، هەتا ئێستا پەیوەندی و خزمایەتی تۆ بۆ من زۆر بە گران تەواو بووە بەڵام ئیتر لەوەبەدوا پێم چاک نییە نزیکی تۆ بم بۆیە تۆ بە ڕێگای خۆت و من بە ڕێگای خۆم. هەر لەوێ لێک جیا بووینەوە. من ڕۆیشتم بۆ گوندی بەلوە لە چەند کیلۆمەتری شاری بانە. چوومە ماڵی خاڵم، سمایل خان. ناوبراو زۆر بە وەزعی من ناڕەحەت بوو. ئیتر بە ڕۆژ دەچوومە کێوەکانی پشتی بەلوە و بە شەویش دەهاتمەوە ماڵ و چەند سەعاتێک دەمامەوە و دوای نانخواردن

و هێندێ ئیسراحەت دەڕۆیشتمەوە بۆ کێوی. شوێنێکم دروست کردبوو بۆ ئیسراحەتی خۆم. شوێنەکە لە جێگایەکی بەرزدا بوو و بەسەر ئاوایی و ڕێگای بانەدا دەیڕوانی. ڕۆژانە بە دووربین سەیری ئەو ڕێگاوبانەم دەکرد. تفەنگێکی برنەوی درێژ و دووقەد فیشەکدانم پێبوو، بەڵام فیشەکدانەکانم زۆریان بەتاڵ بوون. ڕۆژێك سمایل خان و حەمە خانی خاڵم هاتن و گوتیان ئەتۆ تا کەی بەم حاڵە دەژیت؟ ماڵ و خێزانت لە کیوەڕۆن و بڕیارە بەم زوویانە بیانهێنن بۆ بانە. ئیتر مەعلوم نییە ئەگەر ساواکیش بڕیار بێت ئازادیان بکات لەوەدوا یان دەبێت لە ماڵی خەزورت بن یان بچنەوە لای کەریمی برات و دایکت. خۆیشت دەزانی کە نە خەزورت و نە کەریمی برات باری ئابوورییان باشە و بۆخۆیشت هیچ پاشەکەوتێکت نەماوە کە پێیانڕابگات. بە هیوای کەسیش مەبە کە یارمەتیان بدا. لەلایەکی دیکەشەوە هیچ پەناگەیەکت بۆ نەماوە هەتا ڕووی تێ بکەیت. شۆڕشی ئەیلول پەرت و بڵاوی کردوون، حکومەتی عێراقیشت تاقی کردەوە، هاوڕێ حیزبییەکانیشت بەشێکی زۆریان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا خۆیان تەسلیم کردەوە. ئێستا هەریەک لەوانە بە کەسب و کاری خۆیان مەشغوڵن. تۆیش وەکو ئەو هەموو هاوڕێیانەت، ئەگەر پێت باشە ئەوا ئێمە لە ساواک کارت بۆ جێبەجێ دەکەین کە یەک ڕۆژ زیندانی نەکرێیت. بە بۆچوونی ئێمە وەرەوە خەرێکی ژیانی خۆت بە! لەو کەسانەی کە هاتوونەتەوە کەسیان نەگیراون. تۆیش وەک ئەو خەڵکە. گوتم ئێستا ناتوانم بڕیار بدەم. ماوەیەکم لێ ڕاوەستن بزانم چۆن دەبێت. ماوەیەک بەو شێوەیە شەو و ڕۆژ بە کێوەوە کاتم بەسەردەبرد. لەوەش ئەترسام کە شوان یان کەسانێک بمبینن و وەک کەسێکی گومانلێکراو خەبەرم لێبدەن و ڕۆژێک ژاندارم و ساواک بێنەسەرم، کە بێگومان بەتەنیا نەمدەتوانی وەک پێویست بەرگری لە خۆم بکەم، جا یان دەکوژرام یان بە دیل ئەگیرام. ئەمە و ئەو هەموو چەرمەسرییەی لە ڕابوردوودا تووشم هاتبوو و لەو کاتەشدا هیچ ڕێگایەک نەبوو، هەر چی بیرم لێکردەوە چارەیەکم نەدۆزیەوە. بیرم لەوە دەکردەوە ئەوە ماوەیەکی زۆرە بەم شێوەیە دەژیم و هەتا کەی درێژەی پێبدەم. ئەوەی لە هەموان زیاتر منی عەزاب ئەدا بوونی ژنێک و شەش منداڵ بوو. کە ئەویش مەعلوم نەبوو دوارۆژی ژیانیان بە کوێ دەگات. خاوەنی یەک تمەن نەبووم. هیچ پەلەقاژەیەکیشم بۆ نەدەکرا بەو وەزعەی کە بووم. هەرچی هێنام و بردم و بیرم لێ کردەوە، هیچ ڕێگەچارەیەکم نەدۆزیەوە. ناچار تەسلیمی پێشنیارەکەی خاڵەکانم بووم. زۆرتر حەمە خان پێی لەسەر خۆتەسلیمکردنەوەم دادەگرت. ئەوە بوو ئەو شەوە کە هاتمەوە بۆ ماڵی سمایل خان حەمە خانیش هات بۆ ئەوێ. سمایل خان پرسیاری کرد هەتا کەی بیری لێدەکەیەوە تا زووە خۆت ساخ وەکە! گوتم بەڵێ ئەتوانی بەیانی بچیت بۆ بانە و لەگەڵ ساواکدا قسە بکەی بۆ گەڕانەوەم. بەیانییەکەی حەمە خان چووە شار، بەڵام بە چەند سەعات پێش هاتنەوەی حەمە خان کەریم بەگ، برای خێزانم، لە دەشتی بەلوە بینی کە بە سواری ئەسپێک دەهات بۆ ئەوێ. لە دوورەوە بە دووربین ناسیمەوە. ئەو ڕۆژە هێندێ زووتر لە ڕۆژان ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵی سمایل خان. بە دیتنی کەریم بەگ زۆر خۆشحاڵ بووم. هەواڵم لێ پرسی. گوتی خوشکم و

منداڵـەکان هـەر لـە کیـوەرۆن و بڕیـارە پاسـگای ئەنجێنـە بیـانهێنی بـۆ بانـە. ئیـدارەی مەرزبانـی، ژاندارمری و ساواک ئاگاداریان کردوون بـەڵام نـازانم کـەی دەیـانهێنن. بـەدوای ئەو قسانەدا گوتی پێم خۆشە لـە شـوێنێک بەیەکـەوە دانیشـین، کـارێکم پێتـە. هەسـتاین و چووینـە ژوورێکـی دیکـە. نامەیـەکی دەرهێنـا کـە لەلایـەن جـەلال تاڵەبانـی‌یـەوە بـۆ مـن نووسرابوو. لە کۆتایی نامەکەدا سڵاوی بۆ ئەحمەد خان تێدا بوو. جەلال تاڵەبانی ئەحمەد خانی نەبینیبوو بەڵام من لە ڕابوردودا چەند جارێك تاڵەبانی‌م دیبوو، چ لەنێو شۆڕشدا چ لەپێش هەڵگیرسانی شۆڕش کە پارتی بـە فـەرمی بنکـەی لـە شـارەکانی عێراقدا هـەبوو. بـەڵام ئـەو کاتـە کـە ئـەو نامەیـە هـات جـەلال تاڵـەبانی بنکـە و بارەگایـان لـە بـەکرەجۆ دانـابوو و هاوکـاری حکومـەتی عێراقـی دەکـرد. لـە نامەکـەدا دەستخۆشـی شـەڕی مـەرویێی لێکردبووین و نووسیبووی پێمخۆشە بێن بـۆ بـەکرەجۆ بـۆلای مـامی خۆتـان و هـەر کارێکتـان هەیە ئێمە ئامادەین بۆتانی ئەنجام بـدەین. کـە نامـەم خوێنـدەوە لـە کـەریم بـەگم پرسـی ئەم نامەیـەت چۆن و لـە کوێوە بـۆ هـاتووە؟ گوتی ئـەم نامەیـە بـە دەستی ئەحمـەد خـان گـەیوە، ئیتـر نـازانم چۆنـی پێگـەیوە، چونکـە ئەحمـەد خـان ماوەیـەکی زۆرە لـەو کێوانـەی دەوروبـــەری گونـــدی ســـاڵوک دەژی و هـــەر ڕۆژە بـــە کێوێکەوەیـــە و شـــەوانەش دێتـــەوە دەوروبـەری مـاڵی خۆیـان لـە گونـدی سـاڵوک. بـەڵام پێم وا بـێ ئـەو نامەیـە هـەر چۆنێک هاتبێت چووە بۆ ماڵی ئەحمەد خان و بە دەستی ئەو گەیشتووە. ئـەویش نـاردبووی بـۆ مـن کـە بـۆت بهێـنم. لـەوە دەچـێ بـەهـۆی تـەڵا خـانمی خوشکی ئەحمـەد خانـەوە ئـەو نامـە هاتبێـت. ئـەوان لەسـەر تـۆ وەسـتاون دەنـا دوێنـێ دەڕۆیشـتن. گـوتم کـاک کـەریم، جـەلال تاڵـەبانی زۆر درەنگ خەبەری بۆتەوە. تازە درنگە. ئەوەی کە ئەو دەیەوێ من ئامادە نیم لەوە زیاتر یاریم پێ بکرێت. لەلایەکیش ئێستا جـەلال تاڵـەبانی لەگـەڵ حکومـەتی عێراق هاوکاری دەکات. ئەگەر ئەو هیممەتی دەکرد بـا لـە بەغدا ئـازادی بکردینایـە چونکـە ئـەو کاتـە ئـەو دەسـەڵاتی هـەبوو ئازادمـان بکـات. ئێستاش دەیهـەوەێ دژ بـە بـارزانی سوودی سیاسی و نیزامیمـان لێوەرگرێت و دوایـی چ یارییـەکی دیکـەمـان پـێ بکـات خـۆی دەزانـێ. ئەحمەد خان پیاوێکی بێ ئەزمونـە و کـەمتر بیر لـە کارەکـانی دەکاتـەوە. بچۆرەوە بۆلای ئەحمەد خان و پێی بڵێ ئەگەر نامەی سەرکردایەتی شۆڕش بوایە و ئەو زوڵمـەی کە لێمان کـرا قـــەرەبوویان بکردایـــەوە دەچوومـــەوە. بـــە بـــاوەڕی مـــن جـــەلال تاڵـــەبانی خۆیشـــی چارەنووســی نـاڕوونـە بـــەڵام کارێکـــە و بۆخـــۆی کردوویـــەتی. ئـــەویش خـــۆی چـــۆنی پـــێ مەسـڵەحەتە وا بکـات. مـن هاوڕێیـەتی ناکـەم. دوای تـەواوبوونی قسـەکانم هاتینـەوە ژوورەکەی تر بۆلای سمایل خان. قسەکانم بۆ گێڕایەوە. سمایل خان گوتی حەمەی برام لـە شـار هاتۆتـەوە و لـە مـاڵی خۆیانـە. ئـەزانم چۆتـە سـاواک و مەسـەلەی تـۆی بـاس کـردووە. پێدەچێ ماوەیـەکی دیکـە بێت بـۆ ئێـرە. ئەگـەر بـە مەسـڵەحەتی دەبینـی دەتـوانی پێش ئـەوەی ئـەو بێـت بـۆ ئێـرە بـڕۆی. گـوتم خاڵـە گیـان، هـیچ مەسـڵەحەتێکی تێـدا نـابینم و باوەڕیشم نەماوە و بەتەواوی بێزارم لـەو بارودۆخـەی کە لـە کوردستانی عێراق پێکهاتووە. بەندیخانە زۆر باشترە!

کەریم بەگ هەر بەو شەوە گەڕایەوە کە وەڵامی ئەحمەد خان بەرێتەوە. دوای ڕۆیشتنی کەریم بەگ حەمەخانی خاڵم هات بۆ ماڵی سمایل خان. گوتی چوومە ساواک و قسەم لەگەڵ کردوون. گوتیان بەیانی دێن بۆ بەلوە و لەوێوە ئەڕۆین بۆ سنە. ڕۆژێك لەوێ دەمێنیتەوە و دوایی ئازادت دەکەن. داوایان کرد کە منیش بێم و لەوێوە لەگەڵ خۆمدا بتهێنمەوە بۆ بانە. هەروەها گوتیان کە دڵنیا بە پەروەندەکەت نادەن بە دادگا. بەیانی سەعات نۆ دوو نەفەر لە ساواکەوە بە ماشینێکی لەندرۆڤەر هاتن بۆ بەلوە. وای چ ساتێکی ناخۆش بوو. ساواکیم بینین و سوار ماشینەکەیان بووم و ڕۆیشتین بۆ سنە. ئەم نووسین و گێڕانەوەیە هەر بە قسە خۆشە. ئیتر ژیان گۆڕا و لاپەڕەیەکی دیکە لە ژیانم هەڵدرایەوە. بۆ ئێوارێ چووینە ئیدارەی ساواکی سنە. بە حەمە خانیان گوت تۆ ئێستا بڕۆ و بەیانی وەرەوە. منیشیان بردە ژێرخانی ئیدارەکەوە. لە ژوورێکدا دایاننام. دوو پەتوی ڕەشی سەربازی و سەرینێکی چکۆلەی لێبوو. نانی ئێواریان بۆ هێنام. شەو لەو ژوورەدا مامەوە. بەیانییەکەی سەعات هەشت بردیانمە سەرەوە بۆ ژوورێک. دوو کەس لەوێ دانیشتبوون. پەروەندەی منیان لە بەر دەستدا بوو. حەمە خانیش لەوێ بوو. بە حەمە خانیان گوت تۆ دەتوانی بڕۆیتەوە بۆ بانە، ڕەشید چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە. حەمە خان لەم قسەیان خۆی تووڕە کرد و گوتی من گەوادم خوشکەزای خۆم هێنایە بەر دەستی ئێوە. ئێوە لە بانە بەڵێنتان بە من دا کە تەنیا ڕۆژێک دەمێنێتەوە. ئێستاش بە من دەڵێن تۆ بڕۆرەوە. بەهەرحاڵ، حەمە خان بەڕواڵەت بە تووڕەیی هەستا و لە ژوورەکە هاتە دەرێ. ساواکییەکان گوتیان پێمان خۆشە درۆمان لەگەڵ نەکەیت دەنا ئەزیەت دەکرێیت. لە وەڵامدا گوتم من خۆم هاتوومەوە، درۆیشتان لەگەڵ ناکەم. گوتیان ئێمە پرسیارێکی ئەوتۆمان لە تۆ نییە مەگەر چەند پرسیارێک، چونکە هەر مانگە چەند کەسێک لە ئێوە هاتوونەوە و هەر کەسە شتێکی زانیبێت بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە. بەرپرسی لقی م. ب. س.یش واتە مەلا ئەبوبکر هاتووتەوە و ئاگامان لە کاری ئەم دواییەشتان هەیە. ئەوانە کۆن بوون، بەڵام چەند پرسیاری دیکەمان لێت هەیە. میرزا ئەحمەد، واتە مەلا ڕەحیمی وردی، چی دەکات لە گوندی سوورەدزێ لە ئالانی عێراق؟ گوتم من ئەوەندەی لێ ئەزانم کە ئەو پێشنوێژی گوندی سوورەدزێیە. بەم قسەم نارەحەت بوون و گوتیان قەرار بوو چیمان لێ پرسی ڕاستمان پێ بڵێیت. گوتم من هیچ پەیوەندییەکەم بەو کەسەوە نەبووە و هەر ئەوەندەی لێ ئەزانم. لەسەر ئەوە هێندێ جوێنیان پێدام و ڕۆیشتن و هەڕەشەیان کرد کە بیری لێ بکەمەوە و ئەم جارە کە هاتنەوە دەبێ ڕاستیان پێ بڵێم دەنا ئەشکەنجە دەدرێم. ئیتر ئەو ڕۆژە هەر ئەوەندە پرسیاریان کرد تا ڕۆژی دوایی. ڕۆژی دوایی کە هاتنەوە زۆریان هەوڵدا دەربارەی مەلا ڕەحیم شتێک بزانن بەڵام من هیچم لێ زیاد نەکرد. هەرچەند ڕۆژی پێشوو هەڕەشەیان لێکردم بەڵام ئەو ڕۆژە ئاسایی لەگەڵمدا هەڵسوکەوتیان کرد. هێندێ دەنگوباسی کۆمۆن و ژیانی سەردەمی سلێمانییان پرسی. هەروەها چۆن بە پەنابەر وەرگیراین. دیارە ئەم پرسیارانە دەمێک بوو کە دەیان جار بۆیان باس کرابوو چونکە هەر هاوڕێیەک گەڕابۆوە چی لە جانتایاندا بوو بۆیان باس

کردبوون، تەنیا لە منیش ئەوەیان دەویست کە بڵێم ڕاستە. بەڵام هێندێ شتیشیان نەدەزانی کە منیش باسم نەکرد و ئەوانیش کە نەیانزانیبوو پرسیاریان نەبوو. ڕۆژەکانی دوایی لەسەر چوونی ئەو هەیئەتە بۆ بەغدا لەسەر کێشەی نێوان ئەحمەد تۆفیق و دوکتۆر قاسملوو، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا هاتووە، پرسیاریان کرد. نەچوومە سەر وردەکارییەکانیان تەنیا ئەوەندەم گوت کە بەڵێ، چووینە بەغدا، کاتێ گەیشتینە بەغدا دوکتۆر قاسملوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ویزای لێ سەندرابۆوە و ڕۆیشتبۆوە بۆ چیکوسلاڤاکیا. ئەوان داوای هێندێ وردەکاریی زیاتریان لەو مەوزوعە دەکرد. گوتم کاتێ دوکتۆر لە بەغدا نەما ئێمەش دوای چەند ڕۆژ لە بەغدا گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. لەسەر ئەوە کە من زۆر بەکورتی بۆم باس کردن لێدانێکی باشم خوارد. بەڵام کاتێ لەسەر قسەی خۆم سوور بووم، ئەوانیش وازیان هێنا و ئەو ڕۆژەش ڕۆیشتن. چەند ڕۆژی تریش ڕابوورد من هەر لە ژێرخانی ساواکدا مامەوە. بەشێکیش لەسەر ئەوە لێم تووڕە بوون کە بۆ عەفوی شاهانەم کە لە زستانی ١٩٦١دا لەڕێگەی دایکمەوە بۆ هاتووە بۆ مەروێ قبوڵ نەکردووە. گوتیان لەسەر بێحورمەتی بە عەفوی شاهانە پێوستە چەند ساڵ بگیرێیت. گوتم دایکم تەنیا وەکو بۆچوونی خۆی چووبوو بۆ تاران و بەهۆی سەرتیپ بەدری ئەو داوایەی کردووە. دیارە من ئەگەر خۆم ئەو داوایەم بکردایە قبوڵم دەکرد. دوای حەوتوویەک ژیان لە ژێرخانی ساواکدا ڕەوانەی بەندیخانەیەک کرام کە لەپەنای ساواکدا بوو. ئەو کاتە ئیدارەی ساواک هێندێ بەرەوخوارتر لە مزگەوتی دارئەلاحسان بوو. ئەگەر لە مەیدانی ناوەندی شارەوە بهاتیایە، مزگەوت دەکەوتە دەستی ڕاست و ساواک و بەندیخانە دەکەوتنە دەستی چەپەوە. کاتێ چوومە نێو بەندیخانە، کەسێک بە ناوی حەمەی بنەفشە، خەڵکی بانە، کە ناسراو بوو بە حەمەڕەزا، لەوێ بەندی بوو. کاتێ چوومە ژوورێ وەکو عادەتی بەندییەکان بەدەم بەندییە تازەکەوە دێن بۆئەوەی بزانن کێیە و چکارەیە. لە شانسی من، یەکەم کەس حەمەڕەزا بانەیی بوو کە هات منی ناسی بەڵام من ئەوم نەناسییەوە. ئەو خۆی بە من ناساندەوە. حەمەڕەزا ئیتر نەیهێشت بەندییەکانی تر سەرەڕێژەم بکەنێ، بردمییە ژوورەکەی خۆی. ئەو شەوە لە خواردنی خۆی بەشی دام. هەر ئەو شەوە پەتو و سەرینێکی بۆ هێنام. ئەگەر ئەو نەبوایە شەوی یەکەم جێگا و شوێنێکی ئەوتۆم دەست نەدەکەوت و دەبوو لە کاریدۆرەکە لەسەر پەتویەک بنووستمایە. عادەتی بەندیخانەکە وا بوو کە بۆ هەر بەندییەک لە حەوتوودا چەند تمەنێکیان ئەدا. ئەوجار هەر چەندکەس دەبوونە شەریکە پارە و لیستی خواردن و کەلوپەلیان ئەدا بە پۆلیس. پۆلیسێکی تایبەت بۆ ئەو کارە دیاری کرابوو. ئەویش بە گوێرەی لیستەکە کەلوپەل و خواردەمەنیی بەندییەکانی دەکڕی و بۆی دەهێنان بۆ بەندیخانە. هەر چەندکەسەش بەیەکەوە بە چرانەوتی عەلادین چێشتیان لێدەنا. منیش بوومە شەریکی حەمەڕەزا. زۆری پێنەچوو ڕۆژێک جەلال عوسمانی و سەعید عوسمانی هاتنە بەندیخانە و کەوتنە لای ئێمە. ئەوان کاتێك کە گەڕابوونەوە لای شێخانی نزارە و بە قسەی خۆیان لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە عەفو کرابوون، لە ئێمە دابڕان و ڕۆیشتنەوە بۆ عێراق. دوای

ماوەیەک پێشمەرگە لە پێنجوین لای شێخانی نزارە دەیانگرن و تەحویلی ساواکی بانەیان دابوون. حەمەڕەزا کە چەند ساڵ بوو لە بەندیخانە بوو، لەگەڵ پۆلیسەکان ناسیاوی تەواوی هەبوو؛ هەر کە هەواڵی ئەوانمان زانی بە حەمەڕەزام گوت کارێکی وا بکە با ئەوانیش بێنە لای ئێمە. حەمەڕەزا توانی بەهۆی ناسیاوەتی پۆلیسەکانەوە ئەوانیش بهێنێ بۆ ژووری خۆمان. بەم کارە جیرەی ڕۆژانەشمان زیاتر بوو و دەمانتوانی خواردنی باشترمان هەبێت. هاتنی سەعید و جەلال بۆ من خۆش بوو. ناسیاو و هاوڕێم بۆ پەیدا بوون. لە هەمان کاتیشدا ئەوەشم پێ ناخۆش بوو کە بەهۆی پێشمەرگەوە دەست ئێران کەوتبوونەوە. لەلایەکی دیکەشەوە پێم خۆش بوو کە ئێمەیان بەجیهیشتوو. بە قسە و درۆی کاربەدەستانی شۆڕش فریویان خوارد و بوونە هۆی لێک بڵاوبوون و لاوازیمان چونکە ئیمکان هەبوو ئەگەر هەموو جەماعەتمان ماوەیەک بەو شێوەیە بمایناییەوە و ڕێگایەکی شیاوترمان بدۆزیایەوە، تووشی ملکەچ کردن بۆ دوژمن نەدەبووین. ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە درۆیان لەگەڵ کردن و تەحویلی ئێران درانەوە. جەلال و سەعید گوتیان بە فیت و پلانی ساواک بوو کە پێشمەرگە وای کرد ئێمە بەو شێوەیە لێک هەڵوەشێین و لێکمان دابڕن، ئەوجار هەر یەک لە شوێن و کاتی خۆیدا بمانگرن و بماندەنەوە بە ئێران. قادر بەگ، کوڕی مستەفا بەگ و ڕەشید خانی کوڕی عێزەت خانیش خۆیان شاردبۆوە. ئەوانیش ناچار دەبن خۆیان تەسلیم بکەنەوە. چونکە ئەگەر هەر بمانایەوە بێگومان ڕۆژێک ئەوانیشیان دەگرتن و دەیاننناردنەوە بۆ ئێران. بەڵام خۆیان حەشاردابوو کە پێشتر قسەیان لەگەڵ ساواکدا بۆ بکەن. چەند ڕۆژێکی پێچوو باوکی جەلال و باوکی سەعید هاتن بۆ دیداری کوڕەکانیان لە بەندیخانە. دیاری و میوە و کەلوپەلێکی زۆریان بۆ هێنابوون. دیداری کوڕەکانیان کردن. داوایان کردبوو لەگەڵ منیش دیداریان هەبێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە جەلال عوسمانی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا گیرا و لەپاش چەند مانگ ئیعدام کرا. وەک بیستوومە تاوانەکەی مەعلوم نەکراوە بۆ کەسوکاری کە بۆچی ئیعدام کراوە.

دوای مانگێک سمایل خانی خاڵم هاتە دیدارم. هەواڵی ژن و منداڵەکانم لێ پرسی. گوتی دوای دوو حەوتوو لە کیوەرۆ ژاندارمی ئەنجێنە هێناویانن بۆ بانە و بردوویانن بۆ ئیدارەکانی مەرزبانی، ژاندارمری و ساواک و بۆ ماوەی حەوتوویەک لە ماڵی مەلا خالیدی سەلامی دەبن لە بانە. فاتمە خانم، ژنی مەلا خالید، زۆر خزمەتی کردوون. دوای ئەو ماوەیە چوونە ماڵی نەسرولّلا بەگی باوکی لە گوندی سیچان. ئەو کاتە شەش منداڵم هەبوو. خەزوریشم باری ئابووریی باش نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵێکی فراوانەوە ژن و منداڵەکانمی بۆ بەخێو کردم تاکو من لە بەندیخانە ئازاد بووم. پێویستە ئەوە بڵێم کە من لەگەڵ دایک و براکەمدا، خاڵ، ئامۆزا و خزمێکی زۆرم هەن. لێرەدا حەزدەکەم هەر ئەوەندە بڵێم کە مرۆڤ کاتێك لایەنی لاواز بوو ئیتر هیچ کەسی نییە. لەنێو کوردانداپەندێکی پێشوونان هەیە دەڵێ "بێ کەسی بۆ خودا باشە". کاتێك لە بەندیخانە بووم، نە هیچ کەس لە منی پرسی و نە کەسیش ئاوڕێکی لە ژن و منداڵەکانم دایەوە. تەنیا سمایل

خانی خاڵم ئەوەندی لەدەستی هاتووە لە کاتی پێویستدا هەمیشە بە هاوارمەوە هاتووە. جارێکێش عەبدوڵڵا خانی ئالۆت و ڕەحمان خان دووقۆڵی هاتن بۆلام لە بەندێخانە و سەردانێکیان کردم. بەم جۆرە ژیان لە بەندیخانە دەگوزەرا. جاروبار بانگ دەکرام بۆ ساواک و هێندێ وردەپرسیار تازە دەبوونەوە و بە شێوەیەکی دیکە سەرلەنوێ پرسیاریان دەکردەوە. باوکی کاک جەلال و کاک سەعید مانگی دوو یان سێ جار دەهات بۆ دیداری کوڕەکانی. جارێک لەم دیدارانەدا لەبیرم نایە چ مانگێک بوو بەڵام وەرزی هاوین بوو، باوکی کاک جەلال و کاک سەعید هەواڵێکی زۆر ناخۆشی پێبوو، گوتی بەداخەوە مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی، کە خەڵکی گوندی نجنێ بوو، بەبێ هیچ تاوانێک لە عێراق لەلایەن دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئەیلولەوە شەهید کراوە. مەلا ڕەحیمی وردی لە ساڵی ١٣٣٨دا بەهۆی هێرشی ساواک بۆسەر ئەندامانی حیزب ئاوارەی کوردستانی عێراق بوو بەڵام زۆر لەوێ نەمایەوە و بەهۆی کێشەی نێوخۆییەوە خۆی تەسلیمی ئێران کردەوە. جارێکی دیکە لە ساڵی ١٣٤٣دا ئاوارەی کوردستانی عێراق بۆوە. ئەم جارە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق یەکتریان قبوڵ بوو و نێوانیان خۆش بوو. لە کۆنگرەی دوودا لە گوندی سوونێ لە ناوچەی قەڵادزێ بەشداری کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ناوی خۆی گۆڕی بە میرزا ئەحمەد و بوو بە بەرپرسی کاروباری ڕێکخستن لە ناوچەی بانە. بۆ ئەم مەبەستە گوندی سوورەدزێی لە ناوچەی ئالانی سەر بە قەزای شاربازێڕ، دراوسێی سنووری بانە، بۆ ژیان و کاری حیزبی هەڵبژارد. مەلا ڕەحیم بەڕواڵەت وەك مەلا و پێشنوێژی ئاوایی لە سوورەدزێ مایەوە. لە هاوینی ١٣٤٦دا یەکێک لە کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلول بە ناوی عەبدولوەهاب ئەتروشی، دەستەیەک پێشمەرگە دەنێرێت بۆ سوورەدزێ و مەلا ڕەحیم دەگرن و دەیبەن بۆ ناوچەی هەورامان و لە گوندی بیارەی سەربە قەزای هەڵەبجە دەیخەنە بەندیخانەوە. دوای ماوەیەکی کورت بە ناوی ئەوەی کە تەحویلی مەرزبانی نەوسووی ئەدەن لە ڕێگادا پیاوەکانی عەبدولوەهاب ئەتروشی شەهیدی دەکەن. بە وتەی خەڵکی ناوچەکە بەو گەرمای هاوینە جەنازەکەی چەند ڕۆژێك دەمێنێتە تاکو خەڵکی ناوچە پێدەزانن و دەچن دەهێننەوە ئاوایی و بە خاکی دەسپێرن. مەلا ڕەحیمی وردی پیاوێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو. ئەو هیچ تاوانێکی نەبوو، وەک مەلایەک لە گوندی سوورەدزێ خزمەتی دەکرد، کەس لێی ناڕازی نەبوو. تەنیا تاوانی ئەوە بوو کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لەپێناو ئازادیی و بەختەوەریی گەلەکەیدا تێدەکۆشا. ئەوانەی کە لێی ناڕازی بوون حکومەتی حەمەڕەزا شا و ساواکی دژ بە مرۆڤایەتی بوو کە بە پیلانی ئەوان نۆکەرەکانیان توانیان شەهیدی بکەن. مەلا ڕەحیم شەهید بوو، بەڵام ڕێگا و ئامانجی هەر درێژەی هەیە. مەلا ڕەحیم هەتا دوایین هەناسەی وەفادار بە گەلی کورد و حیزبەکەی مایەوە.

جارێکی دیکە باوکی جەلال و سەعید هاتنەوە و گوتیان ڕەشیدی عێزەت خان هاتۆتەوە و ئێستا لە ماڵی خۆیانە. هەروەها گوتیان قادر بەگیش هاتۆتەوە و شەوێک لە ساواکی بانە هێشتوویانەتەوە و ڕۆژی دوایی ئازاد دەکرێت. ئەم هەواڵانە بۆ من دڵخۆشکەر بوون.

دەمگوت حکومەت هەر چۆنێک بێت مەبەستیەتی بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە. کەوابوو ڕۆژێک دێت منیش ئازاد بکەن. بەڵام بەندیبوونی من درێژ بووە بۆ پێنج مانگ. هیچ هەواڵێک لە ئازادبوونم نەبوو. ئەو کاتەش کە بەندکرابووم بە ناوی "بازداشت موقت" لە بەندیخانە مابوومەوە و نەدەکرا بە هیچ زەمانەتێک ئازاد بکرێم. دروست پێنج مانگ تێپەڕی. ڕۆژێک لە دەفتەری بەندیخانەوە بانگیان کردم. چوومە ژووریٚ و سڵاوم کرد. ئەوەی کە قەت بە بیرما نەدەهات بیبینم، بینیم. ڕەئیسی ساواکی سنە، مەحموود بەگی گوڵێ، یەکێک لە ئەندامانی قیادەی سەورەی بارزانی، عەبدولوەهاب ئەتروشی، فەرماندەی هێزی بەشێک لە ناوچەی سلێمانی، و بەرپرسی ناوچەی پێنجوێن (ناوەکەیەم لەبیر نەماوە) لە دەفتەری ڕەئیسی بەندیخانە دانیشتوون. من لە خوارەوە دانیشتم. مەحموود بەگ هەستا و هاتە پەنامەوە و دانیشت. بەگەرم ئەحواڵمی پرسی. منیش گوتم ئەحواڵم ئەوەیە کە ئەیبینی. مەحموود بەگ ڕووی کردە من و بە دەنگی بەرز بە فارسییەکی شەل و شکست گوتی کات ڕەشید، ئێمە هاتووین بۆلای کاربەدەستانی حکومەتی ئێران کە داوا بکەین تۆ ئازاد بکەن. کاربەدەستانیش لوتفیان فەرمووە و داواکەی ئێمەیان قبوڵ کردووە. ئێوە بەم زوانە ئازاد دەکرێن. لە وەڵامدا گوتم هیچ چاوەڕوانییەکەم لە ئێوە نییە کە داوای ئازادییم بۆ بکەن. کاتێ لە وڵاتەکەی ئێوەدا بووم ئێمەتان تووشی ئەم ڕۆژە نەکردایە. ئێستا چاوەڕوانیم لە کەس نییە، هەرچی بێتە پێش شانی ژێر دەدەم. دیارە دۆستانی کوردستانی عێراق ئەم قسەی منیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام ڕەئیسی ساواک بزەیەکی هاتێ. نازانم ئەو بزەیە چۆن بخوێنمەوە، چونکە زۆر مانای ئەدا! پێم خۆشە تیشک بخەمەسەر مەبەستی هاتنی ئەو جەماعەتە لە دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئەیلول بۆ بەندیخانە بۆلای من. دوای ماوەیەک لە هاتنی ئەو جەماعەتە بیستم گوایە جەماعەتی جەلال تاڵەبانی لە بەکرەجۆ ئاگادارییەک بۆ کوردەکانی کوردستانی ئێران بڵاودەکەنەوە. لە ئاگادارییەکەدا هاتبوو کە بە قسە و بەڵێنی بارزانی و حکومەتی ئێران باوەڕ مەکەن. بۆ نمونە ڕەشید ئەحمەدی و چەند کەسێکی دیکە دەکەونە ژێر گوشار و پەلامار و هێرشیان دەکرێتەسەر بۆئەوەی یان بکوژرێن یان ناچار بە خۆتەسلیمکردنەوە بە حکومەتی ئێران ببن. بەڵام ئەوان بۆ داکۆکی لە خۆیان دەستدەکەنەوە و تووشی شەڕ و تێکهەڵچوون دەبن و لە شەڕەکەدا چەند کەسیان لێ دەکوژرێت و دواترماڵیشیان تاڵان دەکەرێت و ناچار خۆیان تەسلیمی ئێران دەکەنەوە. ئەوە بوو ڕەشید ئەحمەدی خۆی تەسلیمی ئێران دەکاتەوە. هەرچەند کاربەدەستانی ئێران بەڵێنی ئەدەنێ کە نەیگرن، بەڵام درۆی لەگەڵ دەکەن و ئێستا وا لە بەندیخانەی سنەدایە و دۆسییەی لە دادگای نیزامیدایە و چارەنووسی نادیارە. لەلایەکی دیکەشەوە بۆئەوەی کە جەماعەتیان بڵاوە پێ بکەن بە درۆ هێندێ لەو جەماعەتە بەهۆی خزمانیان لە کوردستانی عێراق دەعوەت دەکرێن بە گەڕانەوە بۆژێر دەسەڵاتی شۆڕش و ئەمنیەتیان ئەدەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوانیش ڕاستیان نەکرد و چەند کەسێکیان دەگرن و ڕاستەوخۆ تەحویلی سازمانی ئەمنیەتیان ئەدەنەوە لە شاری بانە. چەند کەسێکیشیان خۆیان کە

ئەو وەزعە دەبینن پێش ئـەوەی بیـانگرن دەگەڕێنـەوە بـۆ ئێـران، کـە ئێستا بـۆ نمونـە لـەو کەسانە جەلال عوسمانی و سەعید عوسمانی، ئـەوانیش لـە بەندیخانـەی سنە چاوەڕوانی چارەنووسی نادیارن. بۆیە ئێمە دەڵێین بارزانی و حکومـەتی ئێران ڕاست ناکـەن. ئەوانـە لـە پیلانگێڕانن دژ بـە کـوردە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بـەڵام ئێمـە ئامـادەین بـۆ هـەر جـۆرە هاوکارییەکیان. ئەم نووسراوەیە دەقی ئاگادارییەکە نییە، بـەڵام نێوەڕۆکی ئاگادارییەکـە ئــەم مەبەسـتەی دەگەیانـد. هەرچەنـد دەرکردنــی ئــەم ئاگادارییــە لــە بەرژەوەنــدیی جەماعــەتی جــەلال تاڵــەبانیدا بــوو بــەڵام خێــری ئــازادبوونی ئێمەشــی پێــوە بــوو. کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی ئێران بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو ئاگادارییە بـەو ئاکامە دەگەن کە بێن بۆ سنە و لـەگـەڵ کاربـەدەستانی ئێران تـەرتیبی ئـازادکردنی ئێمـە بدەن. هەروەک پێشتریش باسم کرد، جەماعەتیان هاتنە بەندیخانە و دیداری منیان کرد و لە ئاکامدا من و جەلال سەعیدیشیان ئـازاد کـرد. پێم خۆشـە ئـەوەش بڵـێم کـە مـەحموود بەگی گۆڵێ بەگوێرەی توانـای خـۆی لـە کوردستانی عێراق و لـە مـاڵی خـۆی و لـە کـاتێکی تایبەتدا یارمەتی زۆری داین کە جێگای سوپاسە بەڵام بەڕاستی پێم خۆش نەبوو ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەو جەماعەتەدا لە بەندیخانـە ببینـیم چونکـە هـاتنی جەماعـەت وەکـو سیاسـەت بوو نـەک مرۆڤدۆستی و خزمایـەتی. منـیش مـەحموود بـەگم وەک خـزم قبـوڵ بـوو نـەک وەک ئەو هاتنە سیاسییە. دوای دوو ڕۆژ بانگ کرام و گوتیان تۆ ئازاد دەکرێیت، تەلەفۆن بکە بۆ بانە کەسێک بێت کە زمانەتت بکات. گەڕامەوە بەندیخانـە و هەواڵـەکەم بۆ کـاک جـەلال و کاک سەعید گێڕایـەوە. بـۆ بـەیانی جـەلال و سەعیدیشیان بانـگ کـرد و هـەر ئـەو قسـەیان بـەوانیش گوتبـوو. تەلـەفۆنمان کـرد بـۆ بانـە. مـن بـۆ سمایل خـانی خـاڵم و ئـەوانیش بـۆ باوکیـان. ڕۆژی دوایــی لــە ئێوارەکەیـدا پەیـدا بــوون. دیــداریان کــردین و پێمــانگوتن بەیانییەکەی بچن بـۆ ساواک بـزانن چییـان دەوێ دەربـارەی زەمانـەت کردنمـان. ئەوەشـم لەبیر نـەچێت ئـەو ڕۆژەی کـە خزمان هاتن منیـان جـارێکی دیکـە لـە ساواک بانـگ کـردەوە. پەروەندەیەکی دوولاپەڕەیی تازەیان بۆ ڕێکخستم. بۆخۆیان پێشمکەوتن و گوتیان چیت پێ دەڵێین ئەوە بنووسە. بنووسە من بۆ کار و کاسپی چووم بۆ عێراق، ئەم چەند ساڵە کاسپیم کردووە، بۆ یـەک جار نـەچوومە سلێمانی، هەر لە ناوچەی ئالان ماومـەوە، لـە دایـک و بـرام عـاجز بـووم و ڕۆیشـتووم، ئـاوا کۆمـەڵێک لـەم قسـانەیان پێگـوتم. گوتیـان ئـەم پەروەنـدەت ئەدەین بە دادگای نیزامـی کـە تـۆ بـە زەمانـەت ئـازاد ئـەبیت، بـەڵام بـا ئـەوە بزانیـت کـە پەروەندەی خۆتت بینیوە چەنـد لاپەڕەیـە، ئـەو پەروەنـدەت لـەلای ئێمـە دەمێنێتـەوە، هـەر کات هەڵـەیەکت لـێ ببینـین بەرامبـەر بـە حکومـەتی شاهەنشاهی، ئـەوە ئـەو پەروەنـدەت ئەدەین بە دادگای نیزامی کـە هـەڵگری ١٠ سـاڵ بـەندیخانـەیە. جـا ئیتـر بۆخـۆت دەزانـی. خاڵم و باوکی جەلال و سەعیدیش دەچنـە ساواک و پێیـان دەڵێین سـبەینێ بچنـە دادگـای نیزامی بۆ زەمانـەتکردنی جەماعـەت. مـن بـە زەمانـەتی بیست هـەزار تمـەن، بـۆ جـەلال و سەعیدیش هەر یەکەیان زەمانـەتی دە هەزار تمەنییان لێدەسێنن لـە دادگا. دوای زەمانـەت کردنەکە ئازادکراین و بەرەو بانـە گەڕاینـەوە. ئەوان چوونـەوە ماڵی باوکیان و منیش چەنـد

ڕۆژێک چوومە ماڵی سمایل خان لە گوندی بەلوە. هاوسەرەکەم و منداڵەکانم لە ماڵی خەزورم بوون. هەستام چووم بۆلای ئەوان بەڵام نە خاوەنی هیچ پوڵ و پارەیەک بووم نە هیچ سەرمایەکم هەبوو. چەند پارچە زەوییەکەم لە کیوەرۆ مابوو کە ئەویش کەس حازر نەبوو کشتوکاڵی تێدا بکات. کەلوپەلی ماڵێشم هیچ شتێک نەمابوو لەدوای شەڕەکەی مەروێ. جەماعەتی حسێنی برایم دەروێش تاڵانیان کردبووم. خێزانەکەم تەنیا جلوبەرگی بەریان و کەوشەکانیان بۆ دەرچووبوو. خەزورم بۆ هەر یەکەیان دەستێ جلوبەرگی بۆ کڕیبوون. کاتێ چووم بۆلایان لە گوندی سیچان شەرمم لە خۆم دەکرد کە توانای کڕینی کراسێکم نەبوو بۆ منداڵەکانم. چەند ڕۆژێک بە شەرمەوە لایان مامەوە، دوایی بیرم کردەوە بچمە شاری بانە بەڵکو فکرێکیان بۆ بکەم. لەو ماوەدا چەند کەسێک لە خزمانم ماڵیان لە شار بوو. هێندێکیشیان ماڵی ئەسڵییان لە گوند بوو، هەروەها مەنزڵ و خانوویەکیشیان لە شار هەبوو کاتێ دەهاتنە شار لەوێدا ئەژیان. ئەم خزمانەم هەریەک شەوێک میوانداریيان کردم. زۆرم هەوڵدا هیچ کارێکم گیرنەکەوت. هەموو حەوتوویەکیش دەبوو بچوومایە ساواک و ئیمزام بکردایە؛ کە وا لێرەم. بۆ ئەو چەند ڕۆژەی کە لە بەلوە و سیچان بووم ئەوانم ئاگادار کردبوو. چوومە بانکی کەشاوەرزی قەرزێکم بدەنێ بەڵام هیچ دەلیلێکم نەبوو بۆ ئەوەی قەرزم بدەنێ، وەک کاری کشتوکاڵی یان ڕاپەڕاندنی پڕۆژەیەک. نەخێر قەرزیان نەدامێ. ناچار چوومە لای حاجی مستەفای شافیعی، کە زڕخاڵمە. باوکم دوو ژنی هێنابوو، یەکیان خوشکی حاجی مستەفا بوو. حاجی مستەفا دوکانی بەزازی هەبوو و باری گوزەرانی تا ڕادەیەك باش بوو. حاجی مستەفام لەگەڵ خۆم برد بۆ بانکی کەشاوەرزی. هەر چۆنێک بێت ئەو بۆی دروست کردم. بۆخۆی بووە زامنم و پێنج هەزار تمەنم لە بانك قەرز وەرگرت کە لە ماوەی پێنج ساڵدا بیدەمەوە. توانیم لەو پارە چەند پارچە فەرشی هەرزان قیمەت و کەلوپەلی ماڵی پێ بکڕم. خانوویەکم لە خیابانی دەرمانگا لە فەقێ عەبدوڵڵای سپیدارە بەکرێگرت. فەقێ عەبدوڵڵا پیاوێکی باش و خۆشەویستی خەڵك بوو. دوای کڕینی کەلوپەلی ماڵ، هەزار تمەنم بۆ مابۆوە بۆ ژیانی ڕۆژانە. بەو جۆرە ماڵم دروست کردەوە. ژن و منداڵەکانم هێنان بۆ بانە. هەموو لایەکمان زۆر سەرودڵخۆش بووین کە لە ماڵی خۆمان بەیەکەوە دەژیاین و جارێکی دیکە ژیانمان پێکەوەنابۆوە. هەمیشە لە بیری کاردا بووم. لێکمدەدایەوە ئەم هەزار تمەنە بەشی چەندەمان بکات؟ ئەی دوای ئەوە چی بکەین؟ خۆ ڕۆژێك هەر تەواو دەبێت. بەهەرحاڵ، هەزار تەمن نزیک بە تەواوبوونی بوو، ناردم بۆ کیوەرۆ بۆلای هەمان حاجی مستەفای کۆنەهاوڕێی حیزبیم، کە بێت بۆ بانە و سەرێکم لێهەڵێنێ. حاجی وەك هەمیشە بە هانامەوە هات. گوتم کاک حاجی، من ئێستا لێقەوماوم و دەستم بە هیچ کارێک ڕاناگات. قەرزێکم لە بانك کردووە و ماڵێکی هاکەزاییم پێ پێکەوەناوە. لەو قەرزەی بانك هەزار تمەنم بۆ مابۆوە کە ئەویش خەریکە تەواو دەبێ. ئێستا غەیری تۆ لە کەسم ڕانەبینیوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەم. ئەگەر بۆت مومکین دەبێت دوو هەزار تمەنم بە قەرز بدەرێ. هیوادارم کە بتوانم لە داهاتوودا قەرزەکەت بدەمەوە. حاجی مستەفا گوتی

بەسەرچاو، دەڕۆمەوە دوو هەزار تمەنت بۆ دەنێرم، هەر زەمان بووت بمدەرەوە. هەرچەند دوای دووساڵ توانیم قەرزی کاک حاجی بدەمەوە بەڵام لە کاتێکی زۆر تەنگانەدا فریام کەوت. بەڕاستی دڵم ئاسوودە بوو. گوتم خوا کەریمە تا ئەو پارەیە خەرج دەبێت بەڵکو کارێک وەدۆزم. ئاخر و ئۆخری زستان بوو. ڕۆژێک گوتیان ئەحمەد خان هاتۆتەوە و وا لە مەنزڵی حاجی قادر خانە و جەماعەتی خزمان هەموو لەوێ کۆبوونەوە. دیار بوو خزمان بە هاتنەوەی ئەحمەد خان شاد بوون و خۆشحاڵ بوون کە لە گرفتاری ڕزگاری بووە و بەرەو ژیانی ئاسایی گەڕاوەتەوە. منیش وەک هەموو خزمان بەگەرمی بەخێرهاتنم کرد و زۆر خۆشحاڵ بووم بە هاتنەوەی. گوتم ئیشاڵڵا ئیتر خەریکی ژیانی ئاسایی خۆت دەبیت. ئیمکانی ئەوەم نەبوو لێی بپرسم ئاخۆ چۆن ڕۆیشت بۆلای جەلال تاڵەبانی لە بەکرەجۆ و چۆن گەڕایەوە. ئەوەندەی کە ئەو کاتە هەستم کرد ساواک ئەمنیەتی دابوویە و گەڕابۆوە بۆ بانە. شەو هەموو بڵاوەمان کرد هەر کەس بۆ ماڵی خۆی. دوای ماوەیەك ئەحمەد خان ژن و منداڵەکانی کە لە ساڵوک بوون، هێنانی بۆ بانە. مانگێکی پێچوو، ڕۆژێک ئەحمەد خان هات بۆ ماڵەوە بۆلام. گوتی کاک ڕەشید، من هەلومەرجێکم بۆ پێشهاتووە کە ناچارم چەک هەڵگرم بۆ حکومەت. ئێستا هاتوومەوە بۆلات و پێم خۆشە تۆیش هاوکاریم بکەیت. لە وەڵامدا گوتم خۆ هیچ شتێک لە ئارادا نییە، بۆچی دەبێ چەک هەڵگریت؟ گوتی کاکە، ناچارم چەند مانگێک چەکیان بۆ هەڵگرم با لە کۆڵم وەبن. هەوڵیش ئەدەم هەر چۆنێک بێت لەو چەند مانگەدا خۆم لە بەزم بپارێزم. گوتم ئەحمەد خان، هەر چۆنێک چەک هەڵگری پێت ئەڵێن جاش. بۆخۆت دەزانی چەندە ناوێکی ناحەز و کارێکی بێزراوە لەنێو خەڵکدا، ئەوە هەرگیز کاری ئێمە نییە! ئێمە زەمانێکی دوورودرێژ دژ بەو حکومەتە بووین، ئێستا چۆن دەبێ چەکی بۆ هەڵگرین؟ گوتی ئامۆزا، کاتێ من هاتمەوە هیچ مەرجێکیان لەگەڵ مندا نەبوو، تەنیا گوتیان وەرەوە عەفوت دەکەین. بەڵام کاتێ هاتمەوە دوای چەند ڕۆژ گوتیان دەبێ چەک هەڵگریت. هەرچەند زۆرم هەوڵدا قبوڵیان نەکرد و ناچاریان کردم مل بدەم. گوتم ئامۆزا گیان، تۆ کەیفی خۆتە بەڵام من ئیتر سیاسەت ناکەم، ماندوو بووم و ئێستا حازر نیم بە هیچ جۆرێک چەک هەڵگرم!

بەم شێوەیە وەڵامی ئەحمەد خانم دایەوە. هەستا و ڕۆیشت. چەند ڕۆژێکی پێچوو، لە ساواکەوە بانگیان کردم. کە چووم سەروان شەفیقی، ڕەئیسی ساواک، بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی. گوتی ڕەشید، بانگم کردووی بۆئەوەی پێت بڵێم کە دەبێ چەک هەڵگری و بچیتە ڕیزی وەتنپەرستانەوە و خزمەت بکەیت بە دەوڵەتی شاهەنشاهی. ئەحمەد خانی خزمت دەکەینە سەرۆکی دەستە. گوتم جەنابی ڕەئیس، من کە هاتوومەوە لە ساواکی سنە ئەوەڵین قسەیان ئەوە بوو کە ئیتر نابێ سیاسەت بکەم. منیش بڕیارم داوە کە مەشغوڵی کاسبی و بەخێوکردنی ماڵومنداڵم بم. بەڵام ئێستا جەنابت بە من دەڵێی دەبێت چەک هەڵگرم. گوتی ئەوە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی شاهەنشاهی‌یە. ماوەیەکە جەماعەتێک لە دەرەوەی سنوورەکانەوە هاتوون و دەیانەوێ ئەمنیەتی وڵاتەکەمان بشێوێنن. گوتم جەنابی ڕەئیس، حکومەتی شاهەنشاهی بەو هەموو سوپایەوە لە بەرامبەر جەماعەتێکدا چ

پێوستی بە من و کەسانی دیکەی وەک من هەیە کە چەکی بۆ هەڵگرین؟ من خاوەنی شەش منداڵم کە پێویستیان بە ژیان هەیە و دەبێ کار بکەم بۆ بژیویان. لە قسەکەم عاجز بوو و گوتی تۆ زۆر دەڵێیت! من پێت دەڵێم دەبێ چەک هەڵگری و هاوکاری ژاندارمری بکەیت لە ناوچەکەدا. ئەگەر نا، پەروەندەکەت هەر ماوە و ئەیدەین بە دادگای نیزامی یان تەبعیدت دەکەین بۆ ناخۆشترین شاری ئێران. گوتم جەنابی ڕەئیس، ڕەئی خۆتانە ئەمدەن بە زیندان یان تەبعیدم دەکەن دەسەڵات بە خۆتانە. دوای ئەم قسانە بە عاجزی و ناوچاوگرژییەوە گوتی ئەتوانی بڕۆیت، بەڵام وازت لێ ناهێنم. هاتمە دەرێ. دوای چەند ڕۆژ لە فەرمانداریییەوە بانگیان کردم. گوتیان دەزگای ئەمنیەتی گومانی لە تۆ هەیە. ئەگەر نەتوانی ئەو گومانە لەسەر خۆت لابەیت ئەوا ناچارین تەبعیدت بکەین بۆ ناخۆشترین شوێنی ئێران. گوتم بۆ هەر کوێیەکم ئەنێرن ئامادەم بچم. چەند ڕۆژی پێچوو دوبارە ساواک بانگی کردمەوە. گوتی ڕەشید، یان دەبێت چەک هەڵگریت یان پەروەندەکەت ئەدەین بە دادگا و داوای چەند ساڵ زیندانیت بۆ دەکەین لە دادگای نیزامی و بە کەسێکی خەتەرناک بە ئەمنیەتی وڵات ئەتناسێنین. دڵنیا بووم کە ئەگەر وایان بکردایە تووشی کێشەیەکی گەورە دەبووم و زیندانیش دەکرام. دەیشمزانی کە ساواک دەستم لێ هەڵناگرێت. ماڵومنداڵیشم تووشی چ چارەنووسێك دەبوون، مەگەر هەر خوا بیزانێ. ئیتر من توانام لە دەست دا و تەسلیم بووم. وەک هەزاران کەس منیش دۆڕام، بۆیە ناچار بووم چەکم هەڵگرت. بەم جۆرە لای ڕەئیس ساواک هاتمە دەرێ و بە نارەحەتییەکی زۆرەوە چوومەوە ماڵێ. نوسرەتی هاوسەرم گوتی نارەحەت دیاری! وەزعەکەم بۆ گێڕایەوە. دەستیکرد بە گریان و گوتی ئیتر پێمان دەڵێن جاش! گوتم بەڵی، پێمان دەڵێن جاش. بەڵام ئەگەر من بڕۆم و خۆم ون کەم تۆ لەگەڵ منداڵەکان چی دەکەیت؟ وەڵامی نەدامەوە و دەستیکرد بە گریان. هەر بە نارەحەتی و خەیاڵاتەوە ئەو شەوەم ڕۆژکردەوە. بۆ بەیانییەکەی ئەحمەد خان هات بۆلام و گوتی ئێستا دەڵێی چی؟ گوتم ئەو زۆرەی کە ساواک بۆی هێناوم لەم هەلومەرجەدا کە هیچ ڕێگایەک شک نابم و ئەو هەموو سەختیانەی ڕابووردوو بە ناچار چەکی بەسەردا سەپاندم و قبوڵم کردووە. گوتی منیش هەرگیز نەمدەویست ببمە جاش. کاتێ چوومە لای جەلال تاڵەبانی وەزعی ئەوانیش شتێکی ئەوتۆ نەبوو بۆیە سەرگەردان بووم و نەمدەزانی چی بکەم و چەندە بەو کێوانەوە تەنیا بە سێ کەسەوە ئەمتوانی بژیم؟ زستانیش نزیک بوو. چیم بکردایە؟ تەنیا چارەم هەر ئەوە بوو گوتم بۆ ماوەیەک بچم بۆلای جەلال تاڵەبانی، بزانم وەزعی ئەوێ چۆنە. هەروەها بیریشم لەوە کردەوە ئەگەر وەزعەکە باش نەبوو ئەوا بۆ ماوەیەک لە شاری سلێمانی خۆم ون دەکەم بەڵکو ئاڵوگۆڕێک بەسەر وەزع و ژیاندا بێت. بەڵام ئەوەش زەحمەت بوو و بۆم نەکرا. لەلایەک بیری ماڵومنداڵەکەم کە کەسیان نەبوو لە گوندی سالۆک، لەلایەکی دیکەش لەو ئاخریانەدا بە چاوی سووک لەلایەن هێندێکەوە لە بەکرەجۆ سەیر دەکراین. تەنانەت لە گیانی خۆم ئەمین نەبووم کە بەدەستی ئەوان نەکوژرێم. لەلایەکی دیکەشەوە ساواک لە سەرەتادا هیچ داوایەکی وەکو چەک هەڵگرتنی

نەبوو تاکو هاتمەوە، ئەودەم کە هاتمەوەوە بەر دەستیان هیچ ڕێگایەکەم بۆ نەمایەوە گوتیان دەبێ چەکمان بۆ هەڵگریت. هەروەک بۆخۆیشت ئەزانی، کاتێ ئازادکرام لە زیندانی تاران و هاتمەوە گوندی سالۆک کەس لە هاوڕێیانی کۆنم نەهاتن بۆلام و سەردانێکیان نەکردم. هەروەها لەبەر بێزاری لە حکومەتی ئێران و ساواک پەنام بردە بەر شۆڕشی ئەیلول و دڵخۆش بووم بەو بەشە ئازادەی کوردستان کە لەوێ بتوانم بە سەربەستی بژیم، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش ئەو ئیجازەیان پێ نەدام و هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوون تەحویلی ئێرانم بدەنەوە. ناچار پەنام بردەبەر حکومەتی عێراق بەڵام ئەوانیش تەحویلی ئێرانیان دایەوە. خۆت دەزانی ئەوەش بە هیممەت و لێبوردوویی خۆمان ڕزگار بووین. ژیانیشم لە بەکرەجۆ زۆر بۆ زەحمەت بوو. بۆیە بە نهێنی بەهۆی کەسێکی نزیکمەوە پەیوەندیم بە ساواکەوە گرت. ئەوانیش وەڵامیان دامەوە کە بێتەوە، ئێمە لێی دەبوورین. بەڵام کاتێ گەڕامەوە گوتیان دەبێت چەکمان بۆ هەڵگریت، بەو مەرجە لێت ڕازی دەبین. ئەوەیە کە منیش هیچ ڕێگایەک شک نابم و ناچارم ببمە جاش. دوای ئەو هەموو گیروگرفتانە کە هیچ چارەیەکەم بۆ نەما و هەستم بەوە کرد گەیشتوومە ئاخری خەت، ئیتر وەک مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ توانایيم لەدەستداوە و بۆخۆم هەست دەکەم کە دۆڕاوم بۆیە جاشیەتیم قبوڵ کرد. بەهەرحاڵ، ئەوە قسەی ئەحمەد خان بوو. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەشێک لەو هاوڕێ شۆڕشگێڕانەی کە وەک من هاتنەوە بۆ ئێران باسی گەڕانەوەی خۆیان نەکردووە. ئەوان هەر ئەوندە دەڵێن کە گەڕاونەوە بۆ ئێران، و هەر یەکە بە قەولی خۆیان دەگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی. ئەوان لەوە زیاتر باسی گەڕانەوە بۆلای ساواک و ڕزگاربوونیان و چ بڕیار و بەڵێنان ناکەن. چۆن وا بە ئاسانی و بێ تەکلیفی ساواک دەستیان کردۆتەوە بە ژیانی ئاسایی، جێگای پرسیارە. لەڕاستیدا بۆ بەشێکیان وا نەبوو کە ساواک هەروا بە ئاسانی لێیان ببوورێ. ئەو بەشەیان لە بنەوە زۆر شتییان کرد کە لە چەکهەڵگرتن خراپتر بوو، بەڵام شتی نادیار و بێ شاهید شاراوەیە و حسابی بۆ ناکرێت. زۆریش لەو کەسانە بە ئاسانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) ئیدعای زۆر گەورەیان دەکرد. من ئەو شانسەم نەبوو، دەبوو خۆم زۆر ماندوو بکەم تاکو بتوانم قەرەبووی ئەو ماوەیە بکەمەوە بۆئەوەی لەبەردەم گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا قەڵەمی لێبوردنم بەسەردا بێت و بتوانم بێمەوە کۆڕی خەبات. ئەویش بە چالاکی و خەبات و تیکۆشان لەپێناو ڕزگاریی و ئازادیی گەلی کورد و کوردستانەکەم. خۆ دەکرێت بڵێم لەو پێناوەدا دەیان جاریش ئیزرائیلم لە چەندمەتری خۆم دیوە بەڵام چۆن بووە کە مۆڵەتی داوم و ئەو شانسەی داومێ لە مەیدانەکەدا بمێنمەوە تاکو بتوانم ویژدانی خۆم ڕازی کەم. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەم دێڕانەم، بە شانازییەوە دەڵێم هەموو کاتێک خۆم بە پێشمەرگەیەکی کوردستان زانیوە. بەڵام هەلومەرجێکی لە ڕادەبەدەر سەخت و دژوار بۆ ماوەی سێ مانگ چەکی دوژمنی بەسەردا سەپاندم. بە پێویستی دەزانم بەوردی باسی ئەو ماوەیە بکەم کە ئاخۆ چ خزمەتێکم بە دوژمن گەیاندووە.

لـه سـاڵی١٣٤٧ی هەتاوییـەوە هـەتا ئێستا کـە سـاڵێ ١٣٨٥ه، کـە دەبێتـە ٣٨ سـاڵ، لـەو ماوەیـەدا بێجگـە لـەو چەنـد ساڵەی کـە لـە لاپـەڕەکانی پێشـوودا باسکراوە لـە مەیدانی خەباتـدا بـە شـێوەی جۆراجـۆر هەڵسـووڕاوم و چـالاکیم کـردووە. زۆر جـار لـە کاتێکـدا لـە مەیـدانی ئـەرک و خەباتـدا هـەنگاوم نـاوە بـۆ ئـەرکی قورسـتر و پلـەی سـەرەوەتر، بەرچاوتەنگان ئەم بلوێر و قاوانـە کۆنـەیان بـۆ لێداوم و دوپاتیـان کردۆتـەوە. دیـارە ئـەوە نەک لەبەر دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری بەڵکو لەبەر بەرچاوتەنگی و پێشپێگرتن لە چوونە سەرەوە و پاڵپێوەنانم لە ڕیزی شۆڕش و مەیدانەداکەدا بووە. بەداخـەوە ئـەوە جاروبـاریش لەسـەر بەشێک لـە هاوڕێیـان و دۆسـتان کـە ئاگایـان لـە ڕابـووردوو و ژیـانی سیاسیی مـن نەبووە کاریگەری هەبووە. بەڵام من ئەوەم زۆر بـەلاوە گرینـگ نـەبووە، چونکـە مـن بـاوەڕم بە خۆم هەبووە و بە ڕۆحێکی بەرز و دڵسۆزانەوە درێژەم بە خەبات داوە و ماندوو نـەبووم لەو ڕێبازە کە گرتوومە، و لە هەر پلـە و پایەیەکدا بـەگوێری توانـا تێکۆشـانی خـۆم درێـژە پێداوە و هەموو کاتیش خۆم بە پێشمەرگەیەکی گەلەکەم زانیوە. ئەوەی مەبەستم نـەبووە پلە و پایە بووە. بڕیاریشم داوە خەبات بۆ ئازادیی گەلەکەم و ڕزگاریی کوردستانم لە یاد نەکەم و بە هەموو تواناوە هەوڵی بۆ بدەم.

## جاش لە بانە چۆن دروست بوو

پیاوانی ڕێژیم دەیانگوت جەماعەتێک بە فیتی بێگانە هاتوونەتە وڵات و دەیانەوێ ئاژاوە لە وڵاتەکەماندا بنێنەوە. من بەپێی لێکدانەوەی خۆم دەمزانی کە وا نییە بەڵام بە باشی نەمدەزانی ئەو جووڵانەوەیە چۆنە و لەلایەن چ کەسانێکەوە سەرکردایەتی دەکرێت. دەمەوێ ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر زۆر متمانەیان بەو کەسانە نەبوو کە خۆیان تەحویل دابۆوە، نەیشیاندەوێرا لە ترسی ڕێژیم ئەو باسوخواسانە لەلای ئەو کەسانە بکەن، مەگەر ئەوەی کەسێک بە نهێنی پەیوەندی بە جووڵانەوەکەوە هەبووبێت. هەر چۆنێک بێت ئەوەم دەزانی کە جاش لە بەرامبەر باشدایە و لەوە زیاتر واتایەکی دیکە ناگەیێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەهۆی ئەو هەموو سەختی و گیروگرفتانەی کە خستیانە بەردەمم ناچار کرام قبوڵی بکەم. لەلایەک بوونی خێزانێکی گەورە و لەلایەکی تر ناهومێدی و نەبوونی پەنایەک و هاوکات فشاری لە ڕادەبەدەری ساواک، ناچار بەو بڕیارە کرام. ئەوە هەلومەرجێک بوو کە من و سەدان کەسی وەک منی گەیاندە ئەو ڕۆژە کە تەسلیمی دوژمن بین.

سەرۆکی جاش لە بانە ئەم کەسانە بوون: عەبدوڵڵا خانی شەهیدی، محەممەد خانی یونسی و ئەحمەد خانی ئەحمەدی. هەر یەک لەم کەسانە سی چەکداریان (جاشیان) هەبوون. جاشەکان لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە پێکهاتبوون بەڵام زۆرتر لە خزم و کەسوکاری خۆیان. هەر گروپەی یەک ئەفسەری ژاندارمری و یەک بێسیم و بێسیمچی و چەند ژاندارمیان لەگەڵدا بوو. لە کۆتایی خاکەلێوەی ١٣٤٧دا بوو کە چەکمان وەرگرت و لە سەرەتای مانگی بانەمەڕدا دەستەی ئێمە یەکەم جەولەمان دەستپێکرد. بەم شێوەیە بەرەو گوندەکانی سیچان، ساڵوک، زەربەنە، گەورەدار، بڵەسەن، ئەنجێنە، کیوەڕۆ، سەرسووڵ، زەڵێ، ئاڵۆت و وەرچەک کەوتینە ڕێ. ئەم ماوە حەتوویەکی برد. دەمەوبەیانییەک دەوری وەرچەکمان دا. کاتێ بەتەواوی ڕووناك بۆوە دەرکەوت کە جگە لە خەڵکی ئاوایی کەسی بێگانەی لێ نییە. بەڵام خەڵکی ئاوایی پێش ئەوەی کە بچینە نێو گوندەکەیان هەستیان بە هاتنمان کردبوو. کاتێ چووینە نێو گوندەکە دیتمان لە چەند شوێن کەلوپەلی وەک سندوقە چایی، کارتۆنە خورما، فەردە شەکر و سندوقە سابوون لە گۆشە و کەناری ئاوایی دانرابوون. دیاربوو لە ترسان لە ماڵەکانیان دوور خستبوونەوە کە ساحەبیان مەعلوم نەبێت و لە ماڵەکانیاندا نەگیرێن و بتوانن حاشای لێ بکەن. هەر بە لەدەستچوونی کەلوپەلەکانیان ڕازی بوون و تووشی جەریمەش نەبن. ئەو کەلوپەلانە بۆ پێویستی ژیانی خەڵک دەهاتنە ناوچە نەک وەک قاچاخی. ئەو شتانەش لە عێراقەوە دەهاتن، بەڵام لە یاسای ئێراندا لەبەرئەوە لە عێراقەوە بە ڕێگای قاچاخدا دەهاتن و گومرگیان لێ نەئەدرا حیسابی قاچاخیان بۆ دەکرا و ئەو کەسەی کە ئەم کارەی دەکرد ئەگەر کەلوپەلەکەی بگیرایە دەستی بەسەردا دەگیرا و جەریمەشیان دەکرد. ئەمن کە ئەو حاڵەم دی چوومە لای ئەحمەد خان و پێمگوت ئەو خەڵکە نەدارە، هەر ئەوانیشن کە نان و ئاوی ئێمە ئەدەن، تۆ ئەتوانی

بـە سـەروان بڵێیت ئـەم خەڵکـە فـەقیر و نـەدارن و ئـەم کەلوپەلانـەش بـۆ پێویستـی خۆیـان هێنراون نـەک بـۆ بازرگـانی. دەبینـی ئێمـە ژیانمـان بەسـەر ئەوانەوەیـە. ئێمـە لـەو چـایی و شەکر و خورمایە دەخۆین، با ئێمە بیاندەینەوە باشترە. ئەحمەد خان لەگەڵ سەروان قسەی کـرد و ئـەویش ڕازی بـوو. ئەحمـەد خـان لـە مزگـەوت بـە خەڵکەکـەی گـوت کـە ئێمـە ئـەو کەلوپەلانەی ئێوە ناگرین و ئەتوانن بیبەنەوە بۆ ماڵی خۆتان. بەڵام خەڵکەکە باوەڕیان بەم قسـەیە نـەکرد. یـەکێک لـە شێخەکانی ئـاوایی بـە منـی گـوت کـەس نـاوێرێ خـۆ بکـات بـە ساحەبی. پێمگوت پێشتر لەگەڵ ئەحمەد خان قسەمان لێکردووە و ئەفسەرەکەشمان ڕازی کردووە. ئێستا ئێمە بۆ نـانی بەیانی دەچینـە ماڵـەکان. جەنابت ئـەتوانی پێیـان بڵێیت کـە متمانـەیان هەبێت و هەر کەس شتی خۆی بەرێتەوە بـۆ مـاڵێ و هـیچ مەترسییەکیان نـەبێت. ئێمە ئەم کارەمان کرد و ئێستایش دوای ئەو هەموو ساڵە خەڵکێکی زۆر لە گوندی ورچەک لەبیریان ماوە. ئەمە یەکەم کاری جاشیەتی بوو. هەر هەمان ڕۆژ کە دروست ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هـەتاوی بـوو، دەوروبـەری نیـوەڕۆ بێسیمەمان بـۆ کـرا کـە لـە دارێنـە شـەڕە و دەبـێ ئێمەیش بچین. نێوان وەرچەک و دارێنە بە پێیان بۆ ئەو جەماعەتە زیاتر لە شەش سەعات ڕێگا بوو. ئێمە وامان کرد کە بـە شـەش سـەعات درەنگتر بگەینـە شـەڕەکە لـە نزیک گونـدی هـەڵۆ. کـاتێ گەیشتینە هـەڵۆ تەقـەی شـەڕ نـەمابوو. لـە هـەڵۆ دەرچـووین بـەرەو ئـەو کێـو و چۆمەی کە شەڕەکەی لێکرابوو. لە پێشمانەوە چەند وەڵاغدار و ئێسترمان بینـی کـە بـەرەو شوێنی شەڕەکە دەڕۆیشتن. لێمان پرسین بۆ کوێ دەچن. گوتیان فەرماندەی گورهانی سیاوەمە داوای کردووە کوژراو و بریندار هەیە و ئێمە بچین بیبانهێنینەوە بۆ ئاوایی هەڵۆ. ئەوان لەپێش ئێمەوە و ئێمەش بەدوایاندا کەوتینە ڕێ هەتا نزیک بەرزاەیی ئەو شوێنە بووینەوە. جگە لە جاروبار تەقەی هەوایی هیچ شەڕێک نەمابوو. کات ئێوارەدرەنگان بوو. شەڕەکە لـە سـەعات ١٠ی بەیانییـەوە دەستیپێکردبوو. گوایـە بـە گوتەیـەک کـە دواتـر بیستمان شـەو ئیسماعیلی شەریفزادە و هاوڕێیانی دەچنە گوندی دارێنەی سەروو. کوێخا شـەریفی گونـدی کێلەشینی سەر بە شارستانی سەقز کە پیاوی ساواک بووە، ماوەیەک بـووە وەک خۆفرۆشێک لە جلی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ ئەو جەماعەتە بـووە و ئـەو شـەوە کـە دەبینـێ دارێنـە لـە چەند کیلۆمەتری گورهانی سیاوەمەیە، بە دەرفەتی دەزانێ لە کاتی نۆبە پاسەوانی خۆیدا لە پەنجەرەکەوە تەقە لە ئیسماعیل شەریفزادە دەکا و برینداری دەکات. ئیسماعیل بەهۆی برینەکـەوەی نـاتوانێ زۆر لـە ناوچەکـە دوور بکەوێتـەوە، تـەنیا ئـەتوانێ لـە نزیک دارێنـەی سـەروو لەگـەڵ هاوڕێکـانی لـەنێو دۆڵ و چۆمەکـەدا بچنـە نێـو بیشووشـاخێکەوە و لەوێـدا سەنگەر دەگرن. کوێخا شـەریفیش هـەر ئـەو کاتـە هەڵدێ بـەرەو گورهـانی سیاوەمە و خـۆی تەحویل دەدا. گورهانی سیاوەمەش هەر ئەو شەوە بێسیم دەکات بۆ گوردانی ژاندارمری بانـە. ئـەوانیش گورهـانی کۆخـان، سـەر بـە ژانـدارمری بانـە، و هـەروەها هـەنگی سـەقز ئاگـادار دەکەن. گورهانی کۆخان ئـەتوانن بـەهۆی ماشینەوە لـە یەکـەم کاتـەکانی دەسپێکی شـەڕدا بگەنـە شوێنی شەڕەکە. فەرمانـدەی هـەنگی سەقزیش بـە جەماعـەتێک ژاندارمـەوە دێن بـۆ شۆینی شەڕەکە. جەماعەتی جاشەکانی عەبدوڵڵا خانی شەهیدی لە سیاوەمەوە ماشینیان بۆ

دەچێت و لەگەڵ جەماعەتی حەمە خانی یونسی لەگەڵ گورهانی بانە دەگەنە شوێنی شەڕەکە. سەرجەم ژاندارمری و جاش جەماعەتیان زیاتر لە سێ سەد چەکدار بووە. ئەم هێزە دەکەونە پشکنینی ئەو کێو و بیشوو و چۆمەی دارێنە و تەقە لە هەر شوێنێک کە گومانیان لێی هەبووە دەکەن. دەوروبەری نیوەڕۆ هەست دەکەن کە جەماعەت لەو بیشوو و شاخەدا سەنگەریان گرتووە، ئەوجا بە هەموو جۆرە چەکێک تەقە لەو شوێنە و دەوروبەری دەکەن. دەکرێت بڵێم ئەو دەوروبەرە بە ئاگری گوللەی چەند جۆر چەکەوە شوێن نەمابوو گوللەی بەرنەکەوتبێت. ئیتر دڵنیا دەبن کە ئەوەی لەوێدایە هەموویان کوژراون. کاتێ ئێمە گەیشتینە بەرزایی پشتی ئەو شوێنە ژاندارم و جاش تەقەیان لە ئێمەش کرد کە پێیان وا بوو پێشمەرگەین چونکە ئێمە جلوبەرگی کوردیمان لەبەردا بوو. هاوارمان کرد تەقەمان لێ نەکەن. لەلایەکیش ئەفسەرەکەی بەرپرسی گروپی ئێمە کە بێسیمی دەستی پێبوو ئاگاداری کردن و تەقەکە ڕاوەستا. لە جەماعەتی ئێمە جاشێک سەرچیغ گوللەیەکی لێدرا بەڵام برینەکەی شتێکی وا نەبوو. بەدوای یەکترناسین ئیتر تەقە بەتەواوی بێدەنگ بوو. جەماعەتی جاش و ژاندارم هەموویان لە چۆمەکە پەڕینەوە. هەموو هاتن بۆ بەری گوندی هەڵۆ. کاتێ کە ژاندارمەکان هاتن بۆلای ئێمە جەنازەی شەهید شەریفزادە و هاوڕێکانیان بە ئێسترەکانەوە بوون. بەم شێوەیە شەڕەکە تەواو بووبوو کە جەماعەتی ئێمە تێیدا بەشدار نەبووین.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا من کەسێکی چالاک و خەباتگێڕ بووم. بە شاهیدی هەموو خەڵکی بانە دەورێکی بەرچاوم هەبوو لە دژایەتی ڕێژیمی پەهلەوی و هەردەم یەکەم کەس بووم لە ڕێپێوانەکاندا بە دژی ئەو ڕێژیمە و یەکەم کەسی سەنگەری پێشەوەش بووم لە کاتی هێرشی تانکەکانی پادگان بۆسەر خەڵکی شاری بانە، کە بووە هۆی شەهیدبوونی ئەحمەد خان و ڕەحمانی خاتونی. ئەگەر سەرەتا وەکو پێشمەرگەیەکی چالاک و خەباتگێڕ نەهاتمایە مەیدانی پێشمەرگایەتی و نەبوومایە بە فەرماندە هێزی ئاربەبا، و خەبات و تێکۆشانی بەرچاوم نەبوویایە دڵنیام کە هەرگیز ناوی من نەدەهاتە نێو ناوانەوە و وەکو زۆر کەسان لە بیر دەچوومە. بە ویژدانەوە دەڵێم من هیچ دەورێکی خراپم نەبینی لە کاتی سێ مانگ چەک بەسەرداسەپاندنی زۆرەملی ڕێژیمدا. بەڵام چی لەو هەموو سەختییەی ڕۆژگار دەکەی کە بۆ ماوەیەکی کورت و لە سەردەمێکی تایبەتیدا بەسەریدا سەپاندم. بەڵام کەسانی بەرچاوتەنگ دەیانویست بە ناڕەوا خەبات و تێکۆشانی ڕابوردوو و داهاتووم کەمڕەنگ بکەن. بەخۆشییەوە تێکۆشەرانی ڕاستەقینە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب منیان ئەناسی بۆیە لە سەرەتای خەباتی ئاشکرای حیزبدا ئەرکی فەرماندەهێزی ئاربەبام پێسپێردرا. منیش تا ئەو جێگایەی لە توانامدا هەبوو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە درێژەم بە خەبات و تێکۆشان دا. دەگەڕێینەوە سەر باسەکە. بەدوای کۆتایی شەڕەکە بەشێکی زۆر لە ژاندارمی سەقز، کۆخان و بانە گەڕانەوە بەڵام فەرماندەی هەنگ و فەرماندە گورهانەکان لەگەڵ هێندێک ژاندارم و عەبدوڵڵا خانی شەهیدی و حەمە خانی یونسی و ئەحمەد خان و جەماعەتی ئێمە بەگشتی چووینە گوندی هەڵۆ. هەر ئەو ئێوارەیە ڕەئیسی دادگا و ڕەئیسی

ساواکی بانەش هاتن. سەرەتا ڕەئیسی دادگا ویستی وەک شێوازی مەدەنی لەئاست کوژرانی ئەو پێشمەرگانە هەڵسوکەوت بکات و بکەوێتە پرسیار لە سەرۆک جاشەکان، بۆیە هیچ فەرمانده و کەسێک تا هاتنی ڕەئیسی دادگا و بڕیاری دوایی دەستیان بۆ کەلوپەلی شەهیدەکان نەبرد. شەو لە ماڵی دهبان (کوێخای ڕەسمی حکومەت) قسەیان لێکردبوو کە ڕەئیسی ساواک و فەرماندەی هەنگی سەقز بە ڕەئیسی دادگایان گوتبوو کە تۆ تەنیا مافی ئەوەت هەیە کە بڕیاری کفنیان بدەی. ئەم کوژراوانە مەسەلەیەکی سیاسی و ئەمنیەتی وڵاتە و تۆ مافت نییە هیچ لێکۆڵینەویەک لەو بارەوە لە کەس بکەیت. ئیتر ڕەئیسی دادگا بڕیاری فەوت و بەخاکسپێریان ئەدات. بەیانیی ڕۆژی دوایی فەرماندەی هەنگ و ڕەئیسی ساواک چوونە مزگەوت بۆسەر جەنازەکان. ڕەئیسی ساواک کۆڵەپشتەکانیان هەڵدەگرێت. جەنازەکان بەرەو بانە دەبەن. ئەو شەوە ئەفسەرەکان بەگشتی و هەر سێ سەرۆک جاشەکان لە ماڵی دهبان میوان بوون، باقی جەماعەت لە ماڵەکان دامەزرابووین. جەنازەکانیش لەگەڵ چەند ژاندارم و جاش لە مزگەوت بوون. من لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە ماڵێک بووین. کەسێک بە ناوی حەمەی سلێمان بەگ، کە پیاوێکی ناسراو بوو و لە ڕابوردوودا ئاغا و خاوەن موڵک بووە بەڵام بە هۆیەکەوە موڵکەکانی لەدەستدابوو و هیچ سەروەت و سامانێکی نەمابوو، بەتەنیا لەو گوندە دەژیا. ناوبراو هات بۆلام بۆ ئەو ماڵە. دیارە پێشتر یەکترمان دەناسی. کاتێ هاتە ژوورێ یەکسەر هاتە پەنامەوە و دانیشت. منیش بەگەرمی بەخێرهاتن و ئەحواڵپرسیم کرد. هاتە بن گوێمەوە و بە سرتە پێی گوتم من متمانەم بە تۆ هەیە، ئەمەوێ هێندێ شت هەیە بۆت باس بکەم...، سوێندت ئەدەم بە گۆڕی باوکت ئەگەر یارمەتیم نادەیت تووشی گرفتاریم مەکە. گوتم بەڵێنت پێ ئەدەم هەرچێ لەدەستم بێت یارمەتیت ئەدەم. گوتی چوومە مزگەوت لەبەر ژاندارمەکان نەموێرا لە جەنازەکان بچمە پێشەوە بەڵام ئەوەی من بزانم یەکیان جەنازەی مەلا عەزیزە. پرسیم مەلا عەزیز کێیە؟ گوتی دەڵێن ئەو کەسە وەک من بزانم خەڵکی مەهابادە و ناوی ئەسڵی ئیسماعیلی شەریفزادەیە و فەرماندەی پێشمەرگە بووە و پیاوێکی زانا و بەتوانا بووە. ئەو کەسە چەند جار بە نهێنی هاتۆتە ئەم گوندە و گوندەکانی دیکەی بانە و خەڵکێکی زۆر دەیناسن. من پێموایە لەو ساکەی ئەودا کە لەپشت سەریەوە دانراوە زۆر بەڵگە و ناوی خەڵکی تێدایە، بۆیە ئەگەر دەکرێت هەر چۆنێک بێت ئەو بەڵگانە نەکەونە دەستی حکومەت دەنا خەڵکێکی زۆر گرفتار دەبن. ئەگەر بێتو ئەو بەڵگانە لەنێو بچن، کارێکی زۆر جوانمێرانەیە. لە وەڵامدا گوتم من ناتوانم بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەگەر ئەحمەد خان هاوکاری بکات ئەتوانین بە یارمەتی ئەو ئەو کارە بکەین. هەستاین و ڕۆیشتین بۆ ماڵی کوێخا. جەماعەتی سەرۆکەکانیش لەوێ بوون. نزیک بووینەوە پاسەوانەکانیان دەنگیان داین، ئێمەش خۆمان ناساند و چووینە پێشەوە. پاسەوانەکان ژاندارمێك و جاشێك بوون. بە پاسەوانە جاشەکەم گوت کارم بە ئەحمەد خانە، ئەتوانی بچیت لە دەرگاوە ئیشارەی لێ بکەیت کە بێتە دالانی ژوورەکە و پێی بڵێ ڕەشید لە دەرەوە وەستاوە و کاری پێتە. دوای چەند دەقیقە ئەحمەد خان هات و بەیەکەوە لەگەڵ حەمەی سلێمان بەگ لەو شوێنە دوور

کەوتینەوە. داواکەی حەمە بەگم بۆ گێڕایەوە و پێیشم گوت بە باوەڕی من ئەمە کارێکی باشە و خزمەتێکە بە خەڵکی ناوچەکە و تۆیش ئەتوانی ئەم کارە بکەی. ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان گوتی زۆر باشە با بڕۆین بۆ مزگەوت. گەیشتینە مزگەوت و چووینە ژوورێ. چرا لەنتەرێکیان لە نزیک کوورەی ئاگرەکە لە خوارەوە دانابوو کە زۆرتر ڕووناکی بۆ دەوروپشتی خۆی هەبوو. چەند ژاندارم و جاشی لێبوون و خەریکی خواردنەوەی چایی بوون. ئێمە کە چووینە ژووری هەموویان هەڵسانە سەر پێ و ئەحمەد خان هەواڵی پرسین و هەموو دانیشتینەوە. جەنازەکان لە نزیک مەحرابەکە ڕاکێشرابوون. جەماعەت پشتیان لە جەنازەکان بوو. من و ئەحمەد خان بە هێواشی هەستاین و بەبۆنەی تەماشاکردنی جەنازەکانەوە چووینە پێشەوە. حەمە بەگیش کە فارسییەکی باشی ئەزانی ژاندارمەکانی بە قسەوە سەرگەرم کرد و ئێمەش چووینە سەر جەنازەکان. ئەحمەد خان بە جەنازەکاندا گەڕا و بەو ناونیشانەی کە حەمە بەگ دابووی چووە سەر جەنازەی شەریفزادە و ساکەکەی کردەوە، ئەوەی کاغەز بوو دەریهێنان و خستنیە نێو گیرفانی خۆی. دوایی گەڕاینەوە لای جەماعەت و چەند دەقیقەیەک دانیشتین و دواتر هەستاین ڕۆیشتین بۆ قەراغ ئاوایی. حەمە بەگ شارەزای نێو گوند بوو، گوتی با بچینە سەر ئەو تەندوورە. تەندوورەکە هێشتا ژیلەمۆی تێدا مابوو. حەمە بەگ چەرخی هەڵکرد، ئەحمەد خان گوتی وەیکوژێنە، ئێستا باش نییە. چەرخەکەی کوژاندەوە. ئەوەندەی لێی حاڵی بووین هەمووی نامە و وێنە و ئەو جۆرە شتانە بوون. ئیتر لەوە زیاتر بە گونجاومان نەزانی لەو کاتە حەساسەدا زیاتر لەو جێگە وەمێنین. زۆرتر هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە ئەو نامە و بەڵگانە هەر چییەک بن نەکەونە دەست ساواک. ئەوە بوو زۆر بەپەلە ئەحمەد خان خستنیە نێو تەندوورەکەوە و سووتان. ئەمە چالاکیی دووەمی جاشیەتی بوو. بۆ بەیانییەکەی ئەحمەد خان ئیجازەی وەرگرت بۆ حەسانەوە. جەماعەت بەگشتی گەڕاینەوە بۆ شار. ڕۆژی دوایی ئەحمەد خان هات بۆلام بۆماڵەوە. گوتی ساواک داوای لێکردووم کە بۆخۆم لەگەڵ ١٠ نەفەر بۆ مەئموریەتێکی یەکشەوە بۆسەر چۆمی ئەنجێنە لەگەڵیاندا بچم. ڕەئیسی ساواک خۆیشی بەشداری ئەو مەئموریەتە دەکات. پێم گوت ئەگەر ئیجازەم بدەیت ماوەیەکە لە جەولە بووین و پێویستیم بە حەسانەوە هەیە بەڵام ١٠ نەفەر چەکدارت بە بەرپرسایەتی کەریم ئاغای تاژان لەگەڵدا ئەنێرم. بڕیارە ئەمشەو بڕۆن. ئەو شەوە جەماعەت ڕۆیشتن و بۆ بەیانییەکەی هاتنەوە. چەند ڕۆژێکی پێچوو کەریم ئاغا هات بۆ ماڵی ئێمە و بەم شێوەیە باسی مەئموریەتەکەی بۆ کردم: سەروان شەفیق، ڕەئیسی ساواک، و نزیک بە بیست کەس ژاندارم و ساواکی، هەموو بە چەکی کلاشینکۆفەوە و ئێمەش ١٠ نەفەر بە سواری چەند ماشینێک بەرەو ئەنجێنە ڕۆیشتین. ماشینەکانمان لە ئەنجێنە لای پاسگای ژاندارمری ڕاگرتن. کاتێ هەوا تاریک بوو بەپێیان ڕۆیشتینە سەر چۆمی ماڵەدۆم بۆسەر بواری چۆمەکە. (چۆمەکە سنووری ئێران-عێراقە. ئەو شوێنەی کە جێگای پەڕینەوەیە ناسراوە بە بواری ماڵەدۆم ـ نووسەر). لەوێ بەدرێژایی چۆمەکە لە بەری ئێرانەوە سەنگەرمان گرت. کاتێ هەوا هێندێک ڕووناک بۆوە دیتمان نەفەرێک بە سورای ئەسپێک دێت و ئێسترێکیش بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ. هاتنە

سەر بوارەکە. ئاوەکە تۆزێک لێڵ بوو. ئەو کەسە هێندێ سەروخواری کرد تاکو ئاخری لە بوارەکە پەڕیەوە. کاتێ گەیشتە ئەمبەر بۆلای ئێمە، جەماعەتی ساواکییەکان گەیشتنە سەری و کابرایان گرت. چاوم لێی بوو لەگەڵ سەروان شەفیق هێندێ قسەیان کرد و دوای ماوەیەك ئازادیان کرد. دوایی سەروان هات بۆلامان و گوتی ئەوەی ئێمە دەمانویست ئەنجام دراوە بەڵام بەداخەوە بەدەستی ئێمە نەکرا. ئەمەی گوت و فەرمانی گەڕانەوەی دا بەرەو ئەنجێنە. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت سەروان شەفیق هەستی بە هەڵەی خۆی کرد و دەستوری دا ساحەب وەڵاخەکان کە ساڵحە خڕەی خوشکەزای قادر تەگەرانی بوو بگرن و چەند زللە و سیخوڕمەیان تێکوتا، بەڵام شتێکی وا نەبوو، قۆڵیان بەست و تا ئەنجینە بەو شێوە بردیان. ئیتر لە ئەنجینە ساڵحمان نەدیەوە. چەند ڕۆژێکی پێچوو ساڵحە خڕەم لە خیابانی بانە دی پیاسەی دەکرد.

بەگوێرەی چۆنیەتی ڕووداوەکان لێکدانەوەی من لەسەر ئەو ڕووداوە ئاوایە: ئەو کات قادر تەگەرانی ماڵی لە سلێمانی بوو. شەهیدان سلێمان موعێنی و خەلیل شەوباش هاتوچووی قادر تەگەرانی‌یان دەکرد و متمانەیان پێی هەبوو. سەردەمێک زۆر هاوکاریی ئەحمەد تۆفیق و بەگشتی حیزب و هەروەها خۆیشمی دەکرد. دۆستایەتی کۆنی لەگەڵ کاک سولێمان و هەموو هاوڕێیانی حیزبیدا هەبوو. ئەو دۆستایەتییە هەر درێژەی هەبوو بەڵام لەم دواییانەدا چەند بەڵگە هەن کە ناوبراو خۆی فرۆشت بە چەند لایەن لە دوژمنان. بە باوەڕی من قادر تەگەرانی پەیوەندی بە ساواکەوە هەبووە و لە هەمان کاتدا ویستوویەتی دڵی دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئەیلولیش لە خۆی ڕازی بکات. چونکە قادر تەگەرانی لە سەرەتای شۆڕشدا هاوکاری شۆڕشی دەکرد بەڵام دوای ماوەیەک گەڕایەوە سلێمانی و خۆی تەسلیمی حکومەت کردەوە. ئەمە وای کرد دەسەڵاتدارانی شۆڕش گومانی لێ بکەن. ئەو ویستی بە تیرێک چەند نیشانان بشکێنێ. پێش هەموان سەدیق ئەمین، ناسراو بە سەدیقە ئەفەندی، یەکێک لە بەرپرسانی ئەودەمی پارتی، ئاگادار کردووە لە سەفەری شەهیدان موعێنی و شەوباش. سەدیق ئەمین یەکێک بوو لە کاربەدەستانی شۆڕش. ئەوە بوو دروست ئەو شەوە کە گروپی چەکداری ساواک و ژاندارمری دەچێتە چۆمی ئەنجێنە بە هیوای هاتنی موعێنی و شەوباش، هەر ئەو شەوە سەدیق ئەمین لە ڕێگای سلێمانی-تەگەران سلێمان موعێنی و خەلیل شەوباش دەگرێت. بەڵام کەس نەیزانی چۆن هەردوکیان بە چ شێوەیەک و لە کوێ شەهید کران. سەرئەنجام جەنازەی شەهید سولێمان موعێنی کەوتە دەست دوژمن و بێحورمەتی زۆری پێکرا لە شاری مەهاباد. شەهید خەلیل شەوباشیش کەس نەیزانی جەنازەکەی چی لێهات. ئێستا قۆناخی دووەمی ئەم باسە ئەوەیە بەهۆی ئەوەی کە چەکدارانی ساواکی بانە دروست ئەو شەوە هەتا سەرلەبەیانی لە سەر چۆم لە حاستی بواری ماڵەدۆم دەمێننەوە، ئەو گومانەمان لا دروست دەبێت کە ڕاستەوخۆ قادر تەگەرانی ساواکی ئاگادار کردۆتەوە کە بۆ فلان شەو لە بەیانیدا موعێنی دەگاتە سەر بواری ماڵەدۆم لە خوار ئەنجێنەوە. دەکرێت بڵێم قادر تەگەرانی هەم سەدیق ئەمینی لە سەفەری موعێنی و شەوباش ئاگادار کردووە، هەم بە ئێرانیشی گوتووە. بەڵام سەدیق ئەفەندی پێش کەوتووە

لە گرتنی ناوبراواندا. گومانی سێیەم ئەوەیە ئەگەر ئێران لە کانالێکی دیکەوە ئاگای لە چوونی شەهیدان بووبێت ئەی چۆن بوو کە سالحە خرە کە ڕاست بەو ناونیشانانەی کە ڕەئیس ساواک بە کەریم ئاغای گوتبوو لە کاتێکدا نەفەرێک و دوو وەلاغ دەبینی لەوبەر چۆمەکە، دەڵێ "عجیب است، باید ۳ نفر باشند، چرا یک نفره؟" (سەیرە، دەبێ ۳ کەس بن، بۆچی یەك کەسە؟) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە دەبوو دوو کەسی دیکەشی لەگەڵدا بوونایە. ئەو دوو کەسەش دەبێ مەبەست موعێنی و شەوباش بووبن. ئەو کاتە ڕەئیس ساواک نازانێ کە ناوبراوان سەدیق ئەمین گرتوونی، بەڵام کاتێک سالحە خرە لە چۆمەکە دەپەڕێتەوە و ڕەئیس ساواک تێدەگەیێنێ و بەهێواشی قسەی لەگەڵ دەکات ئەودەم بە کەریم ئاغا دەڵێت "آنچە ما خواستیم انجام شدە ولی متاسفانە بدست ما انجام نشد" (ئەوەی ئێمە ویستمان بەئەنجام گەیشت، بەڵام بەداخەوە نە بە دەستی ئێمە). لێرەدا گومانی دیکەش دەکرێت؛ کاتێ سەدیق ئەفەندی شەهید موعێنی و سالحە خرە دەگرێت، دیارە سالحە خرەی ئازاد کردووە، ئەوەش کە سالحە خرە دوای ماوەیەک دەسبەند دەکەن هەست بە هەڵەی خۆیان دەکەن کە سالحە خەرەیان ئاشکرا کردووە و دەکەونە پینەوپەڕۆ و دوایی دەیگرن و چەند زللە و سیخوڕمەی لێدەدەن بەڵام ڕۆژی دوای سالحە خرە لە خیابانی بانە پیاسە دەکات و بۆ یەک سەعاتیش نەگیرا. ئەگەر سالحە خرە ئەو مەئموریەتەی نەبوایە و پیاوی ساواک نەبوایە بێگومان لە حاڵەتی ئاوا گومانوایدا دەگیرا و بۆ ئەو کاتە ئەگەر ئێران ئیعدامی نەکردایە حەبسی ئەبەدی بەسەردا ئەدا. لە لایەکی دیکەشەوە سەدیق ئەفەندی هەرگیز ئازادی نەدەکرد و ئەویشی بە دەردی موعێنی و شەوباش دەبرد. لێکدانەوەیەکی دیکە ئەوەیە کە بە باوەڕی من شەهید سمایلی شەریفزادە ویستوویەتی دوو ڕۆژ پێشتر بێت بۆسەر سنوور بۆ دیتنی شەهید موعێنی، چونکە شەهیدبوونی شەریفزادە و هاتنی موعێنی و گیرانی لەلایەن سەدیق ئەمینەوە هەر ئەو دوو ڕۆژە نێوانیان بووە. من لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەڵێنی ئەوەم دابوو کە ئەم ڕووداوە کە هەتا ئێستا نەبیستراوە، لە جێی خۆیدا باس بکەم. دیارە جێگاکەی ئێرە بوو کە ڕوونم کردەوە.

چەند ڕۆژێک حەساینەوە. دەستور هات کە جەولەیەکی گوندەکانی بەر بناری نەمەشیر بکەین. هەر لەگەڵ هەمان ئەفسەر و ژاندارم و بێسیمچیدا ڕۆیشتین بۆ گوندەکانی نەمەشیر، پیاوێن، نجنێی خواروو، نجنێی سەروو، مەنیجەلان، کەشەنێ و سوتوو. لە سوتوو بێسیممان بۆ کرا بچین بۆ ناوچەی سەردەشت. لە ناوچەی سەردەشت چووینە گوندەکانی کونە ورچە، هەوارەکانی سیسێر، هەوارەکانی مەیدان چۆغە و گوندی گەنمان. لە هەوارەکانی سیسێر لە ڕەشماڵی کابرایەک دانیشتبوم دیتم چەند ژاندارم و جاش کابرایەکیان هێنا. دیاربوو ئەزیەتیان کردبوو. هاتمە دەرێ و گوتم بۆچی وا لەو کابرایە دەکەن؟ گوتیان جەناب سەروان ناردووینی کە بیهێنن بۆلای ئەو بەڵام ویستوویەتی هەڵێت. ئێمەش لە کاتێکدا کە هەڵات دوایکەوتین و گرتمان و ئێستاش دەیبەین بۆلای جەناب سەروان. سەروان لە چادری ئاغایەکدا دانیشتبوو. ئیتر لەو چادرەدا هەر کەس چۆن قسەی لەسەر ئەو کابرایە کردبوو من نازانم، بەڵام زۆر بەو کردەوە ناڕەحەت بووم و هەر ئەو کاتە لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشتم و

داوام لـه سـەروان کـرد هـەر کـەس نـاوی کەسێک بهێنـی و قسـەی لـەسـەر بکـات ڕاست نییـە جـەنابت بڕیـاری گرتنـی بـدەی چونکـە لـەنێـو ئـەم خەڵکـەدا زۆر کـەس هـەن کـە دژایـەتی شەخسییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و بە ناڕەوا و بوختان قسە لەسەر یەکتر ئەکەن، بۆیـە مـن پێم وایە نابێت جەنابت گوێ لە کەس بگریت لەبەر ئەوە مەعلوم نییـە کـە ئـەم کەسانـە بـە چ نییەتێک قسە دەکەن. ئێسا من داوات لێدەکەم ئەم کابرایـە ئـازاد بکـە. ئەحمـەد خـان کـە لای سەروان لەو ماڵە دانیشتبوو بەدوای مندا هەر هـەمان قسـەی کـرد. کـاتێ سـەروان قسـەی ئێمـەی بیست ڕازی بـوو و کابرایـان ئـازاد کـرد. ئـەم گەشتـە چەنـد ڕۆژێکـی خایانـد. کـاتێ گەیشتینە گوندی گەنمان ژاندارم و جاشەکان کەوتنە پشکنینی مـاڵان لـە ئاواییدا. لـە ماڵـی کابرایەک دوو نەفەر لە جاشەکان دەمانچەیەکی دەتیری ڕووسیی کۆنیان دوزیبۆوە. کابرا و دەمانچەکەیان هێنا بۆلای من و ئەحمەد خـان کـە بـەیەکـەوە لـە سـەر بـانـی ماڵێکـی ئـاوایی دانیشتبووین. باڵی کابرایان بەستبوو. کاتێ ئەوەم بینی هێواش بە ئەحمەد خانم گوت پێش ئـەوەی ژاندارمـەکان و هـەموو خـەڵکی ئـاوایی بـزانن کـە ئـەم کابرایـە دەمانچـەی لـە ماڵـدا گیراوە با ئازاد بکرێت. با ئەم کـابرا هـەژارە بەدبـەخت نـەبێت. ئـەو کاتـە ئـەوان بـۆ بیـانوو دەگـەڕان. کەسێکی ئـاوا بچوایـە دادگـای نیزامـی، تاوانبـار دەکـرا بـە کەسێکی سیاسـی و چەکدار کە لانیکەم چەند ساڵ بەندی یان ئیعدامی بەدواوە بوو. ئەحمەد خان قسەکەی منـی قبوڵ کرد و کابرامان ئازاد کرد و پێمان گوت بڕۆ لە ئاواییدا مەمێنـەوە. بەهـەرحاڵ، خـەڵکی گـەنمان دەبێت دوایـی بـەم کـارەی ئێمـەیان زانیبێت و لەوانەیـە خـودی کـابرایش مـابێ. ئەمـەش بەشێکی دیکـە لـە چەکدارییەکـەمان بـوو. گەشتـەکەمان نزیـک بـە دوو حـەوتووی خایانـد و بـە ڕێـی خۆمانـدا هاتینـەوە شـاری بانـە. دوای ماوەیـەک فەرمانـدەی ناحیـەی ژانـدارمریی پارێزگـای کوردسـتان بـە نـاوی نـواب سفوی کـە دەرەجـەی سـەرتیپی هـەبوو، بـە فڕۆکەیـەکی بچـوک هـات بـۆ بانـە. تـەواوی جەماعـەتی عەشـایەری بانـەیان کـۆکردەوە بـۆ پێشـوازی. دیـاربوو تیمسـار قسـەی هـەبوو بـۆ عەشـایەرەکان و هـەموو ئـەو جەماعـەت و کەسایەتیانەی شـاری بانـە. ئـەو سـەرەدمە عـادەت وا بـوو کـە فەرمانـدەکانی میری دەهـاتن کەسایـەتییەکانی خەڵکی نێو شـاریش وەک شێخ الاسلام ئیمـام جومعـەی مزگـەوتی گـەورە و کۆمەڵێک کەسایەتی دیکەی نێو شار بۆ پێشوازی بانگ دەکران. کاتێ تیمسار لە فڕۆکـە هاتـە خوارێ و بـەرەو ڕیزی خەڵکەکـە هـات و ڕووی کـردە حـاجی قـادر خـان و ڕەحمـان خـان، وەک کەسانی یەکەم و دووەمی هۆزی ئەحمەدی، گوتـی "من از احمدی ها خیلـی نـارازیم، نـارازیم، نـارازیم، آنهـا همکـاری لازم را بـا دەسـتگاهای دولتـی انجـام ندادنـد" (مـن زۆر لـە ئەحمەدیـیەکان نـاڕازیم، نـاڕازیم، نـاڕازیم، ئـەوان وەکـو پێویسـت هاوکـاریی دەزگـا دەوڵـەتییـەکانیان نـەکردووە). قسـەی تیمسـار ئەحمەدیـیەکانی داچڵەکانـد و ترسـی دوورخستنەوە لـە شـوێنی ژیـان یـان شـتی دیکـەیان کەوتـە دڵـەوە. کـاتێ چووینـە سـاڵۆنی دانیشتن حاجی قادر خان و ڕەحمان خان وەک کەسانی یەکەم و دووەمی هۆزی ئەحمەدی لە بەرامبەر عەشایەرەکانی دیکەدا زۆر بەم قسەیە تێکچوون و دەستیان کرد بە قسـە و وەڵامـی تیمساریان دایەوە. تیمسار هێندێ لەو گرژیەی کە هـەیبوو کـەم بۆوە. ئـەو سـەردەمە هـەموو

هۆزێکی عەشایەر خۆی بە دڵسۆز و شاپەرست و وەتەنپەرست حیساب دەکرد، لە کاتێکدا ئەم قسەی تیمسار ئەوەی دەگەیاند کە ئەحمەدی‌یەکان دڵسۆز و وەتەنپەرست نین. ئەمەش بە گران بۆ ئەحمەدی‌یەکان تەواو دەبوو. بەهەرحاڵ، مەبەستی تیمسار زۆرتر ئەحمەد خان و جەماعەتەکەی بوو و پلانێکیش بوو بۆ چەک کردنیان. دوای چەند ڕۆژ لە ڕۆیشتنی تیمسار جەماعەتی ئەحمەدی، واتە ئێمە، بەگشتی چەک کراین. دواتر باسی ئەم چەک کردنە دەکەم. ئیتر ئەم دوو جەولەمان بۆ گوندەکانی بانە و سەردەشت یەکەم و دوایین دەورانی جاشیەتییەکەمان بوو، کە لەسەریەک سێ مانگ درێژەی کێشا. ئەو ڕووداوانەش کە لەو ماوەدا ڕوویاندا ئەوانە بوون کە باسم کردن. هەرچەند بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە بڕیار لە دەست خۆمدا نەمابوو بەڵام داوای لێبووردن لە گەلی کورد دەکەم و پێیشم خۆشە بیر لەو بەشەی ئاوارەیی و پێشمەرگایەتیی پێش ئەو سێ مانگە و دوای ئەو سێ مانگە بکرێتەوە و سەرنجی پێ بدرێت، چونکە بەشی زۆری خەبات و تێکۆشانم لە پاشماوەی ئەم نووسینەدا دێتەبەر باس.

دوای گەڕانەوەی تیمسار چەند ڕۆژی پێچوو ڕۆژێک ئەحمەد خان کۆی کردینەوە و گوتی لە پادگان بانگیان کردووین کە دەبێ هەموومان ئامادە بین بۆ مەئموریەت بۆ گوندەکانی بەر بناری سوورکێو. جەماعەتمان بەگشتی چووین بۆ پادگان و لە سالۆنێک چاوەڕوان دانیشتین. دوای چەند دەقیقە فەرماندەی هەنگی سەقز و فەرماندەی گورهانی بانە هاتن بۆلامان. گوتیان ئێوە وەکو پێویست خزمەتتان نەکرد و جێگای باوەڕمان نین، بۆیە لەوە زیاتر پێویست ناکات چەکتان پێبێت! پێویستە ئێستا بچنە ئەنباری ئەسڵەحەخانە و چەکەکانتان تەحویل بدەنەوە. ئەم هەواڵە بۆ من زۆر خۆش بوو. یەکە یەکە چووین و چەکەکانمان تەحویل دانەوە. بە خۆشحاڵییەوە گەڕامەوە ماڵێ. نوسرەتی هاوسەرەم گوتی ئەوە چۆن بوو وا زوو هاتنەوە؟ گوتم چەکیان کردین، وا دیارە متمانەیان پێمان نەبووە. نوسرەت گوتی شوکر بۆ خوا، بەڕاستی پێم خۆش بوو کە ئیتر ناوی جاشییەتیمان لەسەر لاچوو. ئەم هەواڵە لەنێو شاردا دەنگی دایەوە کە جەماعەتی ئەحمەد خان چەک کراون. زۆر کەس پێیان خۆش بوو، زۆر کەسیش پێیان ناخۆش بوو. پێویستە ئەوەش بڵێم کە جەماحەتی عەبدوڵڵا خانی شەهیدی و محەممەد خانی یونسی چەک نەکران و چەکی خۆیان پێ بوو هەتا ڕووخانی ڕێژیم و هەڵاتنی شا. ڕۆژی دوایی چووم بۆلای ئەحمەد خان بزانم لە چ بارودۆخێکدایە و چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ژیان. گوتی هیچ سەرمایەیەکم نییە جگە لە هێندێ زەوی لە میراتی باوکم لە گوندی نێزەڕۆ. ئەچم دەیانفرۆشم بەڵکو دوکانێکی چکۆلەی پێدانێم. بۆ ئەو هەلومەرجە باش وایە سەری خۆم داخەم و قەناعەت بکەم بە ژیانێکی فەقیرانە. گوتم ئەحمەد خان، بۆ ئێستا ئەو فکرە باشترین ڕێگایە بۆ ژیان. منیش هێندێ زەویم لە گوندی کیوەرۆ هەیە کە دەمەوێ بە ڕاوێژ لەگەڵ دایک و کەریمی برام بە هەر نرخێک بێت بە جوتیارەکانی بفرۆشم. هەروەها بەتەمام دوکانێک دانێم، ئیتر بزانم دونیا چۆن دەبێت. چەند ڕۆژێکی پێچوو ڕەئیسی ساواک بانگی کردم و لێی پرسیم ڕەشید، چی دەکەیت؟ دیار بوو گومانیان هەر لێم هەبوو. گوتم ئاغای ڕەئیس، بەنیازم دوکان دانێم. لەگەڵ ئەوەشدا

گـوتی ڕەشـید، دەبێـت حـەوتووی جارێـک بێیتـە سـاواک و ئیمـزا بکـەیت. هـەروەها بـۆ هـەر کوێیـەک بچیـت دەبێـت ئیجـازە لـە سـاواک وەرگریـت. گـوتم بـەڵـێ باشـە، هاتمـە دەرێ. هاتوچووی ساواک عەزابێکی دیکەی بۆ من دروست کرد. بێ ئاگاداریی ئەوان نەمدەتوانی بۆ شوێنێک بچم. سەد قات لەوە ناخۆشتر ئەوە بوو کە دوکانی مامە عەبدولی قەساب و ئەگەر هەڵە نەکەم دوکانی حاجی عەبدوڵڵای خدری لەو کۆڵانەدا بوون کە ئیدارەی ساواکی تێدا بوو و هەر جارێک کە لەوێوە ئەڕۆیشتم بۆ ئیمزاکردن بۆم زۆر ناخۆش بوو. زۆر جار بیرم دەکردەوە ئاخۆ خەڵک لەو هاتوچووەم بۆ ساواك چۆن بیر بکەنەوە. ماوەیەکی پێچوو چووم بۆ کێوەرۆ. ڕیشسپیی ئاواییم لە ماڵێک کۆکردنەوە و پێمگوتن براینە، خۆتان ئەزانن کە من وەک هاوڕێیەک لەگەڵ ئێوە سەروکارم هەبووە نەک وەک خاوەن موڵکێک. هەروەها بەشێک لە ئێوەش لە ڕابوردوودا هاوڕێبازم بوون و ئەو ڕێبازەش بە قازانجی هەموومان بووە. ئێستاش وەزعی من ئەبینن چۆنە. باری ئابووریم زۆر خراپە و پێویستیم بە یارمەتی ئێوە هەیە، ئەوەش ئەوەیە هەروەک خۆتان ئەزانن من هێندێ زەویی تایبەتی خۆم هەیە کە یاسا بۆی داناوم و بە ویژدانی خۆتان بە هەر نرخێک پێتان چاکە بیقەبڵێنن و پارەکەم بدەنێ تاکو کەسب و کارێکی پێ وەگەڕ بخەم و بە منداڵەکانم ڕابگەم. لەلایەکی تریشەوە بەڵای دیکەم لەسەر لادەچێت. بە خۆشییەوە ئەو برا جوتیارانە زۆر دۆستانە داواکەی منیان قبوڵ کرد و گوتیان مۆڵەتمان بدە لەنێو خۆماندا بیری لێدەکەینەوە و وەڵامت ئەدەینەوە. زۆری نەبرد بە بڕی پەنجا هەزار تمەن زەوییەکانیان دانابوو، بەڵام چەند زەوییەکیان نەویستبوو کە ئەو کاتە مایەوە و منیش بۆخۆم ئەوەم پێ چاک بوو و پێم وا بوو بۆ کاتێکی تەنگانە بەکەڵک دێت. جوتیارەکان پارەکەیان دامێ. دیارە ئەو پارەیە هەر بەشی من نەبوو، بەشی دایکم و کەریمی برایشم بوو. دایکم بەشەکەی خۆی پێ بەخشیم چونکە ئەو لەگەڵ کەریمی برام دەژیا. لەلایەکی دیکەشەوە دەیزانی کە من لە ژیان دواکەوتووم و منداڵم زۆرم هەن. کەریمی برایشم پێنج هەزار تمەنی زیاتر بۆ حیساب کردم. من سەرجەم ٣٠ هەزار تمەنم پێگەیشت. هەر بەدوای ئەوەدا کەریمی برام و دایکم ماڵەکەیان هات بۆ بانە. شایانی باسە خەڵکی کیوەرۆ منیان هەمیشە خۆش ویستووە و لەگەڵ زۆریان هەر لە تەمەنی لاویدا هاوڕێی حیزبی بووین و لەپێناو کوردایەتی و حیزبایەتیدا لەگەڵ کۆمەڵێک لەو خەڵکەی کیوەرۆ ئاوارەی هەندەران بووین. کاتێ هاتمەوە کوردستانی ئێران ئیتر ماڵم نەبردەوە کیوەرۆ. ئێستاش کە لە ئەورووپا و لە وڵاتی سوید دەژیم لەگەڵ جەماعەتی کیوەرۆییەکان پەیوەندیی تەلەفۆنیمان هەیە و خۆشەویستی و ڕێزمان بۆ یەکتر هەیە. بەردەوام لە بۆنە تایبەتییەکاندا، بەتایبەت لە جەژنی نەورۆز و ڕەمەزاندا تەلەفۆنم بۆ دەکەن. زۆریش لە لاوەکانیان لەسەر قسەوباسی باوکیان یادم دەکەن و تەلەفۆنم بۆ دەکەن و خۆیان دەناسێنن کە کوڕی فڵانە کەسن، دەنا من لەبیرم نایەن، لەبەرئەوەی کاتێ من لەوێ بووم ئەوان یان لەدایك نەبوون یان منداڵ بوون.

سی هەزار تمەن بۆ ئەو کاتە پارەیەکی کەم نەبوو. جیبێکی ئەمریکایی کۆنم کڕی بۆ هاتوچووی خۆم و دوکانیشم بە ئیجارە گرت. چووم بۆ تاران نوێنەرایەتی "ایران گاز"م

وەرگـرت. هەرچەنـد ئـەودەم خـەڵک زۆر کـەم لـە چـرای گـاز سـوودیان وەردەگـرت و فرۆشـی کەپسولی گاز لە مانگدا لە بیست تا سی دانـە زیـاتر نـەبوو. هـەروەها ئـەو کەلوپەلانـەی کـە هێنامن بۆ دوکان زۆرتر شتی وەکو ڕادیۆ، چراگـاز، مەکینـەی خـەیاتی و بـاقی کەلوپـەلی نێو ماڵ بـوون. مـاوەی سـاڵێک ئـەم دوکانـەم بـوو، بـەڵام بـە دوو هـۆ سـەرکەوتوو نـەبووم. یەکـەم ئەوەی کە لـە کاری دوکانداریدا هیچ شارەزاییەکم نـەبوو، دووەم ئـەوە بـوو کـە توانـای کـڕین، بەتایبەت ئەو جۆرە کەلوپەلانە، لاواز بوو و کەمتر ئەتوانرا بە پارەی نەقد شتێک بکڕدرێت. کـڕین و سـەودا زۆرتـر بـە قـەرز بـوو، بەتایبـەت کارمەنـد و دەرەجـەدار بـە قـەرزی مانگانـە ئەیانتوانی شتێک بکڕن. منیش ناچـار بـووم وەک هـەموو خـەڵکی بـازاڕ بـە قـەرز و مانگانـە مەعامەلە بکەم کە بەشی زۆری سەرمایەکەم کارمەند و مامۆستا و دەرەجـەداری ژانـدارمری و شارەبانی و ئەرتەش بردیان و قەرزەکەشیان نەدامەوە. بۆ نمونە ئێمـە نەمانـدەزانی فـڵان کارمەند کەی جێگۆڕکێ دەکات لە بانە بۆ شارێکی دیکە؛ دەهات چراگازێکی دەکڕێ بە پێنج سـەد تمـەن، سـەد تمـەنی ئـەدا و مـانگی دوایـی ون دەبـوو. پرسـیارت دەکـرد لـە ئیدارەکـەی، دەیانگوت لێرە نەماوە و ئێستا لە فڵان شاری ئێران خزمەت دەکات. ئـەم کارمەندانـە زۆرتـر لاوەکی و خەڵکی شارەکانی دیکە بوون. هەرچەند ئێمە سفتەی بانکیمـان پـێ ئیمـزا دەکـردن بـەڵام دەبـوو لـە دادگـا شـکایەتمان بکردایـە و ماوەیـەکی پێـدەچوو ئەگـەر بەشـێک لـە قەرزەکەمان وەرگرتایەوە. زۆر جاریش سەرکەتوو نەدەبووین و پارەکە دەفـەوتا. مـن کەسێک بووم لە هـەموو ئـەم بوارانـەدا توانـایی و شـارەزایم نـەبوو. ئـەوە بـوو دوای سـاڵێك مایەکـەم شتێکی وای لێ نەمایەوە و بە زەحمەت توانیم قەرزی تاران بدەمەوە. وازم لەو کارە هێنا و بـەو جیپـە کۆنـەی کـە هـەمبوو دەسـتم بـە هـاتوچووی دێهـات کـرد. جیپەکـە ماشـینێکی ئەمریکایی بوو، کۆن بوو و خەرجی زۆری هەبوو. هەروەها چکۆلەیش بوو، بۆیە ڕۆژانـە چەنـد سەفەری دێهاتم دەکرد. پارەیەکی ئەوتۆم بۆ نەدەمایەوە. بەڵام هـەر چۆنێک بێـت بـۆ چەنـد مانگێـک گـوزەرانـم پێـوە کـرد و ویـژدانم ئاسـوودە بـوو. منداڵـەکانم هـەموویان دەچوونـە مەدرەسـە. بـاش دەچوونـە پێش و زۆر ڕازی و خۆشـحاڵ بـووم. دەستکەوتی کـاری جیپەکـە وا نـەبوو وەک پێویسـت بـە ژیـانم ڕابگـات. هـەموو دوو تـا سـێ مانـگ کـارم پێکـرد. ئێوارەیـەک بەرپرسی گاراج، کەسێک بە ناوی مامە عەبدول، گوتی کاک ڕەشید، ئێوارەیـە و کـەس نییـە، بەڵام نەفەرێک هەیە بە تەنیا ئەیەوەی بڕوات بۆ سـەقز و پـارەی نەفـەراتی تـەواو ئـەدات. کرێکـەی پـەنجا تمەنـە. پـەنجا تمـەنـی ئـەو کـات بـۆ ڕێگـای بانـە سـەقز بـۆ جیپێکـی بچوك پارەیەکی باش بوو. گوتم باشە با بێت. نەفەرەکە لە گـاراج بـوو، جانتایـەکی بچوکی پێبـوو، سوار بوو و ڕۆیشتین بەرەو سەقز. لە قسەکانیدا دیار بوو خەڵکی کوردستانی عێراقـە و سـەر بە شۆڕشی ئەیلولە و لە جەماعـەتی کـادر و پێشمەرگە دەچوو. مـن پرسـیارێکی ئـەوتۆم لـێ نەکرد. ئەو کاتە شۆڕشی ئەیلول لە مەیداندا بـوو و خـەڵکی کوردسـتانی عێـراق هاتوچوویـان زۆر هـەبوو. هەرچەنـد لـە بانـە ئۆردوگایـان نـەبوو بـەڵام بـە ئیجـازەی سـاواک هـاتوچووی شـارەکانیان دەکـرد. ڕۆیشـتین بـەرەو سـەقز. ئێـوارە درەنـگ بـوو کـە گەیشـتینە سـەقز. نەفەرەکەم بردە هوتێل و بۆخۆیشم چوومە شوێنێکی دیکە و شـەو لـە سـەقز مامـەوە. بـەیانی

چوومە گاراج بۆ ئەوەی بەتاڵی نەگەڕێمەوە و چەند کەسێکم دەستکەوێ بەرەو بانە. ڕاوەستابووم چاوەڕوانی نەفەر بووم. گروبانێکی ژاندارمری هاتە بەردەمم و گوتی تۆ ڕەشید ئەحمەدی؟ گوتم بەڵی، بۆ دەپرسی؟ گوتی لە گورهانی ژاندارمری کاریان پێتە، با بچین بۆ گورهان. پێشی کەوتم بەرەو گورهان. مەرکەزی گورهان لە نزیک گاراج لەنێو شاردا بوو. هەر ئەو کاتە بیرم کردەوە دەبێ مەسەلەی ئەو نەفەرە بێت کە ئێواریێ هێنابووم. چوومە ژووری فەرماندەی گورهان. گوتی لە ساواکی بانەوە ئاگادار کراوین کە تۆ نەفەرێکی عێراقیت هێناوە بۆ ئێرە. پرسیاری لێکردم ئەو نەفەرەی ئێواریێ هێنات کێ بوو و بۆ کوێ چوو و بۆچی تەحویلی ئێمەت نەدا؟ گوتم جەناب سەروان، من کابرایەکی شۆفیرم و کار دەکەم بۆ ژیانی ڕۆژانەم. گاراج ئەو کەسەی تەحویلی من داوە و منیش لە ڕۆژدا دەیان کەس دەهێنم و دەبەم. من بۆم نییە پرسیار لە خەڵکی بکەم. ئەگەر پرسیاریش بکەم کەس وەڵامی من ناداتەوە. دەڵێن مەگەر تۆ پۆلیسی؟ تۆ شۆفیری و نەفەر دێنی و دەبەی. من نازانم ئەو نەفەرە کێ بوو و بۆ کوێ دەچوو. من ئێوارە بردم بۆ فلان هوتێل. گوتی ئەگەر پەیدای نەکەیت بە جێگای ئەو ئەتنێرم بۆ بەندیخانە. گوتم بە من پەیدا نابێت و جەنابیشت دەسەڵاتت هەیە و چۆنت پێخۆشە وا بکە. هەر لەوێ دەستوری بەو گروهبانە دا کە لەگەڵم بێت بۆ هوتێلەکە بۆ پرسیاری کابرا. چووین، خاوەن هوتێل گوتی من بەیانی لیستی ناوی میوانەکانم داوە بە شارەبانی. کابراش بەیانی چووە بۆ گاراج. چووین بۆ گاراج. لە گاراج گوتیان بەرەو شاری مەهاباد ڕۆیشتووە. گروهبان گوتی با بگەڕێینەوە. چووینەوە. فەرماندەی گورهان بە گروهبانەکەی گوت ئەوە ناوەکەیەتی، هەر ئێستا بڕۆ بۆ بۆکان و مەهاباد و هەموو موسافیرخانەکان بچوو بەڵکو بیدۆزیتەوە و لەگەڵ خۆتدا بیهێنەوە. گوتی دەستور بفەرموو جیپێکی ژاندارمریم بدەنێ بۆ سەفەرەکەم. سەروان گوتی نا پێویست ناکات، ئەتوانی بە جیپەکەی ڕەشید بڕۆیت. من هەرچەند هاتوهاوارم کرد بۆ ئەوەی من نەنێرێت بەڵام سوودی نەبوو. سەروان گوتی بڕۆ و هیچی لێ مەڵێ! بەرەو بۆکان و مەهاباد ڕێکەوتین. لە موسافیرخانەکانی بۆکان گروهبان پرسیاری ئەو ناوەی کرد، پەیدا نەبوو. ڕۆیشتین بۆ مەهاباد. نیوەڕۆ گەیشتینە نێو شاری مەهاباد. چەند موسافیرخانەیەک چووین. گروهبان پرسیاری ناوی کابرای لە خاوەن موسافیرخانەکان دەکرد بەڵام کابرا نەبوو. دوای هێندێک گەڕان چووینە موسافیرخانەیەک، لەوێ داوای لیستی ناوەکانی کرد. خاوەن موسافیرخانە دەفتەرەکەی هێنا و گروهبان تەماشای کرد. ناوەکەی لە لیستەکەدا بوو. ئەوجار پرسی ئەم کەسە لە کوێیە؟ کابرای موسافیرخانە گوتی لە ژووری خۆیەتی. گوتی بچۆ بۆم بانگ کە. دوای ماوەیەک کابرا و خاوەن موسافیرخانە هاتن. گروهبان لێی پرسی تۆ عێراقی؟ گوتی بەڵی، من خەڵکی کوردستانی عێراقم و ناویشم ئەوەیە. دروست ئەو ناوە بوو کە گروهبان لێی دەگەڕا. گروهبان گوتی فەرموو با بچین بۆ سەقز، چونکە لە ساواکی بانە داوات دەکەن. گوتی فەرموو با بڕۆین. کابرا هیچ حیسابی بۆ گروهبان نەکرد. گروهبان ویستی تەماشای نێو جانتاکەی بکات، کابرا گوتی تۆ حەقی جانتای منت نییە، تەنیا ساواک ئەتوانێ سەیری جانتای من بکات. کاتێ کابرا وای گوت ئیتر گروهبان نەیوێرا تەماشای جانتاکەی بکات و

هێواشی کردەوە. گەڕاینەوە بەرەو سەقز. لە ڕێگادا کابرا داوای لێبووردنی لە من کرد و گوتی من بوومە هۆی ژانەسەر بۆ تۆ. گوتم قەیدی ناکات، ئەگەر خوا بکات ژانەسەرەکەی هەر ئەوەندە بێت کە بگەڕێینەوە بۆ سەقز. گوتی نا، فکرت ڕاحەت بێت، تۆ لە سەقز ئازاد دەکرێیت. کابرا درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی من ئەمتوانی بە وەرەقەی ساواک بهاتمایە و هیچ گرفتێک دروست نەبێت بەڵام پەلەم بوو، ئێوارەش بوو ئیدارە نەمابوو، گوتم با ئەم جارە بێ وەرەقە بڕۆم بزانم چی ڕووئەدا، کە ئەمە ڕوویدا و بوومە هۆی موشکیلە بۆ تۆ. گروهبانیش گوێی لەم قسانە بوو بەڵام هیچی نەدەگوت. هەروا بەدەم قسانەوە دەهاتین، لە نزیک بۆکان گەیشتمە سەری پێچێک ئوتوبووسێک لەسەر پێچەکە بەرەوڕووم هات، ویستم لادەم بەڵام لە لادانەکەدا ماشینەکە لە جادە دەرچوو و دوو سەرمەقولاتمان دا. من لە دەرگای لای خۆمەوە کەوتمە سەر زەوی. ئەو کاتە گەرمەبرین بووم و پێم وا بوو کە وەزعم باشە. کابرای گروهبانیش هەروەک من هاتە دەرێ بەڵام کابرای کوردی عێراقی کەوتبووە لای زەویەکە کە ماشێنەکە بەو بارەدا کەوتبوو. یەکجار ترسام، گوتم ئەگەر ئەم کابرایە شتێکی لێ بێت بۆ من بە گران تەواو دەبێت. بەڵام بەخۆشییەوە توانیمان لەگەڵ گروهبان کابراش ڕزگار بکەین. هەرسێکمان بەخۆشییەوە وەزعمان باش بوو. کابرا لە هەردووکمان باشتر بوو. جیپەکەم لەوێ بەجێهێشت و چووینە سەر جادەکە. کاتێک تەماشای خۆمم کرد خوێن بە زۆر شوێنمەوە بوو. وردەوردە لەشم سارد بۆوە و هەموو گیانم کەوتە ئازار. مینیبووسێک هات و هەڵیگرتین بۆ بۆکان. لە بۆکان چووینە نەخۆشخانە و برینەکانم دەرمان کران. گورهبانیش هەروەک من چەند شوێنێکی بریندار بوو. ئەویش دەرمان کرا و بەرەو سەقز گەڕاینەوە. چووینە گورهان. فەرماندەی گورهان تەلەفۆنی بۆ گورهانی ژاندارمری بانە کرد، ئەوانیش بۆ ساواک. کابرا هێندێ ناونیشان و قسەی پێدان، دوای ئەو تەلەفۆنانە کابرایان ئازاد کرد. بەدوای کابرادا فەرماندەی گورهان گوتی تۆش ئازادی. گوتم ئەی خەساراتی ماشینەکەم کێ ئەیدا؟ لە وەڵامدا گوتی زوو بڕۆ تا دەستورم نەداوە زیندانت بکەن! دەسەڵات نەبوو، ڕۆیشتم. گوتم با بەدوای ئەو هەموو خەساراتە لە وجوودی خۆم و ماشینەکەم، هێندێکیش قسەی ناخۆش یان چەند ڕۆژێک تووشی زیندان نەبەم. چونکە ئەو بێ یاسایی و ناعەدالەتیانە بۆ ئەو ڕێژیمە کارێکی ئاسایی بوو. دواتر دەرکەوت کە کابرا یەکێک لە کاربەدەستانی بەرزی شۆڕشی ئەیلول بوو. ئیتر بۆچی وەرەقەی ساواکی بۆ سەفەرەکەی وەرنەگرتبوو خۆی دەیزانی. بەڵام بۆ منی بێ شانس ئەو گیروگرفتەی خوڵقاند. بۆخۆیشی بووە هۆی ئەوە کە سەفەرەکەی وەدواکەوێت. کاتێ هاتمە دەرێ، باری سەلامەتیم باش نەبوو. بەڵام بە خۆشی ئەوە کە لەو بەڵایە ڕزگارم بووبوو و تووشی هاتوچووی ساواک نەبووم شوکری خودام کرد و ڕازی بووم. بە لارەلار چووم بۆلای کاک عومەر. ناوبراو ڕەنگکەری ماشین بوو. ناسیاوم بوو. وەزعەکەم بۆ گێڕایەوە. چەند میکانیکیش لە نزیک دوکانەکەی ئەو بوون. ئەویش چوو بۆلای ئەوان و لەگەڵ یەکێک لە میکانیکەکان قسەی کرد بۆ چاککرنەوەی ماشینەکە و هێنانەوی لەو چۆڵگەیە. هەر ئەو ئێوارەیە کابرای میکانیک ناردی ماشینەکەمیان بوگسیل کرد و هێنایانەوە. نزیک بە سێ هەزار تمەنی خەرج بوو.

حەفتەیەکیش لە سەقز مامەوە. سێ هەزار تمەن پارەیەکی زۆر بوو. لە دۆستان قەرزم بۆ کرد. زەمانێکی زۆری پێچوو تاکو قەرزەکەم دایەوە. وردەوردە لە کاری جیپەکەم بێتاقەت بووم. هەرچەند پارەیەکی زۆرم لێدا و چاکم کردەوە بەڵام جێگای خۆی نەگرتەوە. هەر ڕۆژە خەرجێکی هەبوو. ناچار بە نرخێکی هەرزان فرۆشتم. چەند زەوییەکی دێمەکارم مابوون لە کیوەرۆ کە ساڵەکانی پێشوو کەس نەیدەکڕێن. لەم دواییانەدا نرخی زەوی هێندێک چووبووە سەر. دوو پارچە لەو زەوییانەم فرۆشتن و بە پارەی یەکێکیان و پارەی جیپەکەشم کە فرۆشتبووم خانوویەکی سێژووری بە حەسارێکی چکۆلەوە کڕی. بە پارەی ئەودەم بە حەڤدە هەزار تمەن تەواو بوو. ئیتر بە ئیستلاح خانووی خۆمان هەبوو. بەڵام ڕاستییەکەی هەر ناوی خانوو بوو، زۆر چکۆلە بوو. هەر بە ناو سێ ژووری هەبوون. لەو سێ ژوورە تەنیا یەکیان بۆ خەو بەکاردەهات. بۆ ژیانی خێزانێکی وەکو ئێمە خانووەکە بچووک بوو و شتێکی وا نەبوو. پارەی زەویی دووەمم کە ١٠ هەزار تمەن بوو دام بە پێشقیستی لەندرۆڤەرێکی سەرخێوەتی کیلۆمەتر سفر لە تاران و هەشت هەزار تمەنم پێشەکی دا و پاشماوەکەی مانگی هەزار تمەنم ئەدا بە کۆمپانی. لەندرۆڤەرەکەم بە سی و سێ هەزار تمەن کڕی. ماشینەکەم هێنایەوە و چەند مانگێک لە بانە کارم پێکرد. وەرزی پاییز و زستان بەسەردا هات. ئەودەم لە بانە ئەو ماشینە چکۆلانە زۆر بوون بۆ کاری دێهاتەکان. کاتێکیش باران دەباری ئیمکانی هاتوچوو کەم دەبۆوە بەو هۆیە کە جادەکان ئەسفاڵت نەبوون لە زستانانندا خراپ دەبوون و نەماندەتوانی کار بکەین. لە سەردەشت دوو ماشینی لێبوون کە لەو جادە فەرعیانەدا کار بکەن بۆ دێهات. یەکیان ئیستیشنێکی کۆن بوو، ئەوی تر وانێتبارێك بوو. ئەوەی لەبیرم بێت وانێتبارەکە هی کەسێک بوو بە ناوی مەحموودی زێڕینگەر. ناوبراو دوکانی زێڕینگەری هەبوو و کوڕەکەی کاری بە ماشینەکەی دەکرد. ماشینەکەی تر هی کەسێک بوو ناسراو بە عەبەی ڕەسوڵ پیرۆز. کەمبوونی ماشین لە سەردەشت هەلێکی باش بوو بۆ من کە بچم و لەوێ کار بکەم. دەبوو مانگی هەزار تمەنم بدایە بە مانگانەی قەرزی ماشین و هاوکات ژیانی منداڵەکانیشم لێ دابین بکردایە. ئیمام جمعەی بانە مەلا عەلی خەتیبی بوو. ئەویش هاوکات لەگەڵ مندا ماشینێکی هاوچەشنی منی کڕیبوو. ماشینەکەی مەلا عەلی کەسێك بە ناوی عەلی حەنیفی، ناسراو بە عەلیە ڕەش، لێیدەخوڕی و کاری بۆ دەکرد. لە بەشێکی دیکەی ئەم نووسینەمدا باسی عەلیە ڕەش دێتەوە ئارا و باسی دەکەم. هەردوو، من و عەلی، بەیەکەوە بڕیارمان دا ئەو زستانە بچینە سەردەشت و لەوێ کار بکەین. جادەوبانی سەردەشت لە بانە خراپتر بوو. بەڵام جادەی سەردەشت-بانە، سەردەشت-مەهاباد باش بوون و زستانان بەفرەکەی پاک دەکرایەوە و بە جادەکە ڕادەگەیشتن. ئێمە تەنیا لەو دوو ڕاستەجادەدا بۆ دێهاتەکانی سەر جادە کارمان دەکرد و جاروباریش ئەمانتوانی بۆ هێندێ شوێنی دیکە، وەک پیرانشار، بە دەربەست کار بکەین. وشەی دەربەست بەوە دەڵێن کە کەسێک بۆخۆی بەتەنیا یان خێزانێک ماشێنەکە بە کرێ دەگرێت بۆ کارێکی خۆی و هەموو کرێکەیشی ئەدات. ئیتر ئەو شۆفیرە بۆی نییە کەسی دیکە سوار بکات. چووینە سەردەشت و خانوویەکمان بۆ ژیانی ئەو زستانە بەکرێ گرت. داهاتی ئەوێمان باشتر بوو لە هی بانە.

ئەو زستانە توانیم مانگانەی قەرزی ماشینەکە بدەم و ژیانی خێزانیشی لێ پەیدا بکەم. مانگی چەند جارێک بۆ سەردانی ژن و منداڵەکانم دەهاتمەوە بانە. یەکێک لە دۆستانی سەردەشت ڕۆژێک هات بۆلام و گوتی شتێکت پێ دەڵێم وەک ئەمانەت بیپارێزە و ناوم مەهێنە. گوتی لە ساواک بانگیان کردووم کە هاتوچووی تۆ بکەم و بزانم چی دەکەی و چی ناکەی. ساواکی بانە ئەم داوایەی لە ساواکی سەردەشت کردووە کە تۆ ئەو ماوەیەی لێرە کار دەکەیت بخرێیتەژێر چاودێرییەوە. گوتم باشە تۆ چییان پێ دەڵێیت؟ گوتی من بەڵێنت پێ ئەدەم چیم دیوە هەر ئەوە دەڵێم، چونکە ڕاستی ئەوەی کە من دەیبینم غەیری کار و ماندووبوون بۆ ژیان چی دیکەت لێ نابینم. منیش گوتم زۆر سوپاست دەکەم و هیوادارم کە ئینسانی باش هەمیشە هەر زۆر بن. ئەم کەسە لەڕاستیدا مرۆڤێکی باش بوو بەڵام ئەو کاتانە بۆ کەسانێک هێندێ هەلومەرجی تایبەت هەبوو کە بەرژەوەندییان لە نزیکی ساواک پێکدەهات. بەڵام کاری جاسووسییان لەسەر ئەم و ئەو نەدەکرد و زۆر جاریش خزمەتی باشیان بە خەڵکی دەکرد. ئەو زستانەش تەواو بوو. لە کۆتایی مانگی جۆزەرداندا گەڕامەوە بانە. جاروبار لە کاتی پشووی خۆمدا سەرێکی دوکانی میرزا عەبدوڵڵا نەعلبەندیم دەدا. ئەو باری گوزەرانی زۆر باش بوو و دوکانەکەی بەردەوام پڕ بوو لە مشتەری. کەلوپەلی عێراقی لە دوکانەکەدا هەبوو. هەر کەسێک ئەو جۆرە شتانەی لە دوکان بوایە بازاڕی باش بوو. کاک میرزا دوای ئاشبەتاڵی بنکەی مڕانێ، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم کردووە، دەگەڕێتەوە بانە و زۆر بە ئارامی دوکان دادەنێ و زۆر زوو ژیانی ئاسایی دەسپێدەکاتەوە. ڕۆژێکیان کە چووم بۆ دوکانەکەی، جەلالی عوسمانی، کۆنە هاوڕێی زیندانم، لەوێ بوو. دانیشتین و هێندێ بیری ڕابوردوومان کردەوە. دەستمانکرد بە قسەوباس. لە نێوان قسەکاندا جەلال پێشنیاری سەیرانێکی بۆ ڕۆژی جومعە کرد کە سێقۆڵی بچین بۆ شاری مەریوان. بڕیارمان دا هەر ئەو جومعەیە بچین بۆ مەریوان. جەلال گوتی کەرەسەی سەیرانەکە وەک خواردن و میوە و شتی دیکە لەئەستۆی من. هاتووچووەکەشمان لەسەر کاک ڕەشید. ئەتۆش ئەمجارە میوان بە. ڕۆژی جومعە سەعات حەوتی بەیانی لە بەردەم دوکانی کاک میرزادا حازر بووم. کاک جەلال و میرزایش لە کاتی خۆیدا ئامادە بوون. بەرەو مەریوان کەوتینە ڕێ. بەدەم قسانەوە گەیشتینە مەریوان. هەوا لە سەری داین بچین بۆ دەربەندی دیزڵی. چووینە دیزڵی. لەوێش نەگیرساینەوە و ڕوومان کردە بەرزاییەکانی کێوی تەتە. لەسەر بەرزایی تەتە دانیشتین و بە دووربین تەماشای دەشتی هەڵەبجە و ئەو دێهات و ناوچانەمان دەکرد. دیمەنێکی یەکجار سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن بوو. لە مەریوان بەولاوە بۆ من هەوەڵ سەفەر بوو و ئەو شوێنانەم نەدیبوون و زۆرم بۆ خۆش بوون. ماشینم لێخوڕی بەرەو نەوسوو. ئەو کاتە نەوسوو وەک گوندێکی گەورە وا بوو. چەند دوکانێکی لێبوو و هیچی دیکە. مەرزبانی و گورهانی ژاندارمری لێبوو. کە گەیشتینە ئەوێ، ماندوو بووین و چووینە سەر حەوزی نێو شارۆچکەکە. حەوزێکی زۆر گەورە و خۆش بوو. وەک بیستبوومان کاتی خۆی ئەو حەوزە مەنزڵگەی مەحموود خان، پیاوێکی بەناوبانگی ناوچەکە، بووە. کۆمەڵێک پیرەپیاو دانیشتبوون. حەوزەکە زۆر گەورە بوو، سەرچاوەکەی لەنێو خۆیدا بوو و ئاوەکەیشی سارد و

فێنک. چەند کەسێك لەو نێوەدا هاتن و ڕۆیشتن. ڕواڵەت و قسەکردنی ئێمە پیشانی دەدا کە خەڵکی ئەوێ نیین. چەند دەقیقەیەک ڕابوورد دیتمان دوو ژاندارم و جاشێك بەرەوڕوومان دێن. بەخێرهاتنیان کردین و گوتیان فەرموون با بڕۆین بۆ مەرزبانی. پرسیمان بۆچی بۆ مەرزبانی؟ گوتیان مەرزبانی کاری پێتانە. گوتمان خەڵکی ئێرانین و هاتووین بۆ ئێرە بۆ سەیران، خۆ نەوسوویش ئێرانە، ئیتر بۆچی بچین بۆ مەرزبانی؟ دوبارەیان کردەوە و گوتیان پێویستە بچین بۆ مەرزبانی. ناچار پێشیان کەوتین. زۆریش ترساین. گوتمان هەر چۆنێک بێت نەوسوو سەر بە پارێزگای (استان) کرماشانە، ئیمکانە بۆ پرسیار بمانبەن بۆ کرماشان و ئەگەر لەوێش ڕزگار بووین ئەوا ساواکی بانە بە ئاسانی کۆڵمان لێنادات و دەڵێت بۆچی چوون بۆ نەوسوو؟ ئێمەش هەرسێکمان کۆنە سیاسی و هەڵاتوو بۆ کوردستانی عێراق و خاوەن پەروەندە بووین. من بەشبەحاڵی خۆم ئەم شتانەم لێک ئەدایەوە و دەمگوت بەڕاستی ئەم سەیرانە بێ وەختە بە گران لەسەرمان تەواو بوو و وەها بە ئاسانی ناگەینەوە بانە. کاتێ چووینە مەرزبانی بردیانینە ژێرزەمینی خانووەکە. ماوەیەک لەوێ ماینەوە، پاشان بردیانین بۆ ژوورێکی دیکە. کە چووینە ژوورێ دیتمان نەفەرێك بە دەرەجەی سەرهەنگ و کەسێکی تر بە دەرەجەی سەرگورد دانیشتوون. سەرگوردەکە پرسیاری لێکردین خەڵکی کوێین و بۆچێ هاتووین بۆ نەوسوو؟ گوتمان خەڵکی بانەین و ئەمڕۆ ڕۆژی جومعەیە و بۆ سەیران هاتووین و پێمان خۆشبوو کە نەوسوو ببینین. ناسنامەیان لێ وەرگرتین. کاک جەلال بێجگە لە ناسنامەکەی ئیجازەنامەیەکی تفەنگی ڕاوی پێبوو. سەرهەنگەکە کەوتە پرسیار و گوتی ئێوە ئەحمەد بەگی سەرحەدی دەناسن؟ جەلال گوتی بەڵێ، ڕەئیسی تایەفەی ئێمەیە. بەکورتی بڵێم پرسیاری چەند کەسایەتی لە ئاغاکان و خەڵکی شاری بانەی کرد کە ئاخۆ دەیانناسین یان نا؟ ئێمەش بە دروستی هەموومان وەڵام دایەوە. دوای ئەم پرسیارانە سەرهەنگ ڕووی کردە سەرگوردەکە و گوتی ئەم کەسانە لای من بەتەواوی مەعلومە کە خەڵکی بانەن چونکە من زەمانێک لە بانە بووم تێکەڵاوی هەموو ئەو کەسانەم کردووە و ئەوانیش دەیانناسن و خزمیانن. من لەلایەن خۆمەوە هیچ شتێک نابینم و ئەتوانین ئازادیان بکەین. لە وەڵامدا سەرگورد کە فەرماندەی مەرزبانی نەوسوو بوو، گوتی جەنابت کە دڵنیا بووی و ئاوایان دەناسی منیش لەسەر ڕەئی جەنابتم. دواتر زانیمان ئەو سەرهەنگە لە بانە خزمەتی کردبوو و هەموو ئاغاکان و کەسایەتییەکانی بانەی دەناسی. هەروەها کۆمەڵێک دوکانداری بەرچاو کە هاتوچووی کردبوون. ئەو کاتەش وەک بازرس هاتبوو بۆ مەرزبانی نەوسوو. ئازاد کراین. زیاتر لە چەند سەعات کاتمان لەدەست چوو. کاتێ ئازادیان کردین گوتیان هەر ئیستا لێرە بڕۆن. یەکسەر سوار ماشینەکەمان بووین و بە هەورازی نەوسوودا سەرکەوتین. لە هیچ شوێنێک ڕانەوەستاین تاکو مەریوان. لەوێ بەنزینمان گرت و بەرەو بانە ڕێکەوتین. هاتینە گوندی تووەسوران لە ڕێگای مەریوان بانە. کات دروست ئێوارێ بوو. هێشتا نانمان نەخواردووە، برسی و ماندوو، هەتا ئێرە سەیرانەکەمان بە ڕێگەبڕین ڕۆیشتووە. لە خوار ئاواییەکەوە لەسەر جادەکە کانییەکی سارد و خۆشی لێبوو. دابەزین. لەوێ ئاگرێکمان کردەوە و خواردنەکەمان گەرم کردەوە. نان و پێخۆری باشمان پێبوو.

توانیمان قەرەبووی هەموو ڕۆژەکە بکەینەوە. دوو سەعات لەسەر کانی و جادەکەماینەوە. ئیتر هەوا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت. خواردن تەواو بوو و بەرەو بانە گەڕاینەوە. چەند سەعات لە شەو ڕابوردبوو کە گەیشتینەوە نێو شاری بانە. بەڵێ، سەیرانەکانیشمان ئاوا بوون لەو ڕۆژگارەدا!

بگەڕێینەوە لای کار و ژیانی ڕۆژانەم. لەندرۆڤەرەکەیشم فرۆشت. هێشتا قیستەکانی تەواو نەبووبوون. پێشپووڵی خۆم لە کڕیار وەرگرتەوە و باقی چەند قیستێکی مابوو کەوتە ئەستۆی کڕیار. ئەمجار وانێتبارێکی شۆڤێرلێتی دووتۆن باری ئەمریکاییم کڕی. کەوتینە پاییز و کار زۆر بوو. من لە خەتی ناوچەی ئاڵۆت، کیوەرۆ و بڵەسەن کارم دەکرد. شۆفیرەکان زۆرتر خەڵکی دێهات بووین. هەر کەسە ڕوومان دەکردە کۆنەناوچەی خۆمان. ناوچەی ئاڵۆت و کیوەرۆ توتنیان زۆر هەبوو کە دەبوو پاییز بۆ فرۆش بیهێننە دوخانیاتی بانە. هەروەها مێوژ و وشکەباری دیکەشیان هەبوو کە دەیانهێنا بۆ بازاڕی بانە. ئەم بارانە هەمووی لە قاوەخانەی گردەبەردان لەپشت گوندی بڵەسەن لە "بارخانە" بار دەکران و من و چەند شوفیرێکی دیکە دەمانهینان بۆ شار. لە شاریشەوە بەردەوام فەردە ئاردمان دەبردەوە بۆ بارخانە. لە هەردوو لاوە بارمان هەبوو. ئەو چەند مانگە کارێکی زۆر باشم کرد. بارخانە شوێنێک بوو کە کەلوپەلی بازرگانی و فرۆش و کڕینی لێ کۆدەکرایەوە بۆ ڕاگواستن بۆ شوێنی دیکە. پێم خۆشە بۆ زاخاوی مێشک شتێک وەگێڕم. وەرزی پاییز بوو. ڕۆژ زۆر کورت بوون. ڕۆژانە تەنیا دوو جار هاتوچووم دەکرد. ڕۆژێک سێ جار چووم و هاتمەوە. جاری سێیەم ئێوارە درەنگ بوو. برسیم بوو. ڕووم کردە کەریمی شاگردم و لێم پرسی ئەرێ کەریم، نیوەڕۆ چیمان خوارد کە وا زوو برسیم بۆتەوە؟ کەریم پێکەنی و گوتی جا کوا نیوەڕۆمان کردووە؟ بەڵێ، وەها سەرقاڵی کار بووم کە لەبیرم نەبووە نانی نیوەڕۆمان نەخواردووە. ئێوارەیش نەمدەزانی بۆ برسیمە. کەریمیش دەنگی نەکردبوو. کاتێ کەریم گوتی نانمان نەخواردووە ئەوجار هۆش خۆم هاتمەوە کە نیوەڕۆمان نەکردووە. دوای ئەوە بە قاوەچییەکەم گوت مریشکێکمان بە تەماتەوە بۆ سوور بکەرەوە و لەگەڵ سەوزی و دۆ بۆمان حازر بکە. ئەو نانخواردنە دوو سەعاتی دواخستین. ئەو ئێوارەیە درەنگ هاتینەوە شار. دوخانیات داخرابوو. بارەکەشمان تووتن بوو و دەبوو لە دوخانیات دامانبگرتایە. بۆمان نەبوو لە ماڵان دایبگرین. بارەکە لە ماشینەکەدا مایەوە. کەریم ناچار لە بەر دەرگای دوخانیات لەنێو ماشینەکەدا نووست هەتا بەیانی درگا کرایەوە. بەو هۆیەوە درەنگمان پێچوو، کاتێ ئێمە ڕۆیشتین بۆ قاوەخانەی بڵەسەن هاوڕێکانم لەولاوە دەهاتنەوە. ئەو چەند ساڵە بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بە ڕووداوی سەیروسەمەرەوە دەربار بوو. باری ئابووریم باشتر بووبوو. زۆریش ماندوو بووم. بەردەوام ڕۆژانە هاتوچووم دەکرد. بۆیە کەوتمە بیری کڕینی مینیبووسێک بۆ ڕێگای نێوان بانە-سەردەشت. کارەکەی پاک و خاوێنتر بوو و داهاتیشی باشتر بوو. ڕۆژانە جارێک لە بانەوە دەچوومە سەردەشت و دەگەڕامەوە ماڵی خۆم. هەروەها زستانیش بەسەردا هات کە ئیتر کاری دێهات بەهۆی نەبوونی جادەی باش و بارینی بەفر و بارانەوە ڕادەوەستا. شۆڤێرلێتەکەیشم فرۆشت. هاوڕێیەکم بە ناوی کاک

هەباس ئاغا، دانیشتووی ئەودەمی گوندی هەنداوێ، سەر بە شارستانی سەردەشت، کە زووتر باسی کڕینی مینیبووسمان کردبوو، پێی گوتم هەر کات چوویت بۆ تاران ئاگادارم بکە منیش هاوسەفەرت دەبم و بەنیازم مینیبووسێک بکڕم. کاک جەلال عوسمانی، هاوڕێی من و خزمی کاک هەباس ئاغاشمان لەگەڵ هات و بەیەکەوە چووین بۆ تاران. لە بنگاە (شوێنی کڕین و فرۆشی ماشین) دوو مینیبووسمان کڕین. هێندێکی بە نەقد و باقیاتەکەی مانگی هەزار و پێنج سەد تمەنمان ئەدا بە بنگاە. بەو جۆرە ماشینمان کڕین. ماشینەکان هێشتا بیمە و ژمارە نەکرابوون. دەبوو چەند ڕۆژێک لە تاران بمانایەوە تاکو کاری ژمارە و بیمەمان تەواو کردایە. گوتیان ئەتوانن ئەم کارانە لە بنگای ناسیونالْ لە کرماشان ئەنجام بدەن بۆیە ئێمەش بریارمان دا بۆ ئەو کارانە بێینەوە کرماشان. کاتێ لە تاران دەرچووین بۆئەوەی بەهۆی نەبوونی ژمارە و بیمەوە تووشی پۆلیسی ڕێگەوبان نەبین و جەریمە نەکرێین لە چەند شوێنێک بە ڕێگای فەرعیدا ڕۆیشتین. بەو هۆیەوە لە ڕێگادا لێکهەڵبڕاین و هەتا نزیک پێنج کیلۆمەتری هەمەدان یەکترمان نەگرتەوە. زستان بوو و هەوا زۆر سارد بوو و بەفریش باریبوو. لە چەندکیلۆمەتری هەمەدان ماشینەکەم کوژایەوە. منیش تا ئەو کاتە ماشینی گازۆیلیم لێنەخوڕیبوو. ماشینەکانی پێشووم هەموویان بەنزینی بوون، بۆیە هیچم لەم ماشینە نەدەزانی. شاگردێکم لەگەڵدا بوو بە ناوی کاک ئەحمەد. ماوەیەك ڕاوەستاین. هیچ کارێکمان لەدەست نەهات. دوای کوژانەوەی ماشینەکە، گەرمای کوورەکە نەما. هەوا هەر دەهات و ساردتر دەبوو. شەو درەنگ بوو. بڕیارمان دا ماشینەکە داخەین و بە پێیان بەرەو هەمەدان بکەوینە ڕێ بەشکم لە ڕێگەدا ماشینێک هەڵمانگرێت، هەرچەند بەو نیوەشەوە زەحمەت بوو ماشینمان بۆ ڕاوەستێ. چراکانی هەمەدان دیار بوون. لەو کاتەدا کە دابەزین ماشینێک لە دوورەوە دیار بوو. دەستم بۆ بەرز کردەوە. دوور لە چاوەڕوانی لە شانسی ئێمە ڕاوەستا. شۆفیرێکی لاوی بەتەنیا تێدا بوو. ماشینەکەی ئەویش لە جۆری ئەوەکەی من بوو. بەڵام ئەو وەتاغەکەی بۆ بار دروست کرابوو. شۆفیرەکە گوتی ها ئەڵێن چی؟ منیش وەزعی خومانم بۆ باس کرد. یەکسەر دابەزی و دەستیدایە ئاچەرێک و سەری مۆتۆرەکەی هەڵدایەوە و پۆمپی گازۆیلەکەی کردەوە و پاکی کردەوە و بەستیەوە. ستارتی لێدا، ماشین هەڵبوو. گوتی منیش چەند مانگ لەمەوپێش کە ئەم ماشینم کڕی لە خیابانی تاراندا تووشی ئەم موشکیلەی ئێوە بووم بەڵام بە چەند دەقیقە چاکم کرد. لێم پرسی ئەوە موشکیلەکەی چی بوو؟ گوتی ماشینەکە تازەیە و هێندێک خلْتەوپڵتەی لەنێو پۆمپەکەیدا بوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمترخەمی کارخانەی ئێران ناسیۆناڵ کە پێویستە کۆنترۆڵێکی باشتری بکەن ئەوجار تەحویلی موشتری بدەن. بەڵام کرێکارەکان کەمترخەمی دەکەن و کۆنترۆڵی پێویستی ناکەن بۆیە ئەم موشکیلانە دێنەپێش. دوای هەڵبوونی ماشینەکە سوپاسی لاوی شۆفیرم کرد و گوتم بەڕاستی تۆ فریشتە بووی بۆ ئێمە کە بەم نیوەشەوە درەنگانە فریامان کەوتی. ویستم خولْقی پارەیەکی بکەم، لە وەڵامدا گوتی من کوردی کرماشانم، لەو جۆرە پووڵانەم ناوێ. خۆشحاڵیشم کە توانیومە بە کوردێکی هاووڵاتی لەم چۆڵگەدا کۆمەک بکەم. دیار بوو لە قسەی من و شاگردەکەم حاڵی بووبوو کە ئێمەش کوردین. دوای ئەم قسانە لاوی

شۆفیر ڕۆیشت. بەڕاستی لە مردن نەجاتمان بوو. ساتێکی زۆر خۆش بوو بۆ ئێمە، لە کاتێکدا چاوەڕوانی ئەوە بووین چەند سەعات بەو زستانە ساردە بەپێیان چەند کیلۆمەتر ڕێگا ببڕین و ماشینەکەیشم کە هەموو سەرمایەکەم بوو بەجێ بهێڵم و نەمدەزانی چی بەسەر دێ لەوسەر جادەیە. لەگەڵ کاک هەباس لێک هەڵبڕابووین. نەمدەزانی وەزعی ئەوان لە چیدایە. پێم وا بوو تاکو بانە یەک ناگرینەوە، بەڵام دواتر یەکمان گرتەوە و بەرەو هەمەدان کەوتینە ڕێ. لە یەکەم بەنزینخانە کە هاتە ڕێمان پەنجا لیتر گازۆیل و دە لیتر نەوتم لە ماشین کرد. ئەو شۆفیرە لاوەی کە ماشینەکەی بۆ چاک کردمەوە پێی گوتم هەوا ساردە، دوای پەنجا لیتر گازۆیل دە لیتریشی نەوت تێکە با گازۆیلەکە نەیبەستێ. ئێمەش لەسەر قسەی ئەو ئەو کارەمان کرد. کە ئیتر فکرم ئاسوودە بوو شەو لە هەمەدان ماینەوە. بەیانییەکەی چووین بۆ کرماشان بۆلای نوێنەرایەتی (ایران ناسیونال) و ماشینەکانمان سرویس کرد. ئەو کەموکووڕیانەی کە لەو ڕێگایەدا هەستمان پێکرد لەوێ بۆیان چاک کردین. کارەکانی دیکەش وەک ژمارە و بیمەیان بۆ تەواو کردین. دوای سرویس و تەواوبوونی کارەکان بەرەو بانە ڕێکەوتین. بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتینەوە بانە. ئەو شەوە کاک هەباس و کاک جەلال لە ماڵی من مانەوە. کاک هەباس بۆ بەیانییەکەی بەرەو سەردەشت گەڕایەوە. منیش چوومە گاراج و بە مینیبووسی تازەوە خۆم ناساند بۆ کارکردن لە ڕێگای بانە - سەردەشت. کارەکەم زۆر پێخۆش بوو، داهاتیشم باش بوو. هەستم دەکرد کە ئیتر بەتەواوی کەوتوومەوەسەر ژیانی ئاسایی و ئەتوانم بە خۆم ڕابگەم. ئەم ژیانە بە ڕۆژانێکی سەیروسەمەرەوە لە ڕیگای بانە - سەدەشتدا تێدەپەڕی هەتا هاوین هات. پێویست بوو دوای شەش مانگ بۆ سرویسێکی تایبەت ماشینەکە ببەمەوە بۆ کارخانەی ئێران ناسیۆناڵ لە دە کیلۆمەتری تاران. دوو ڕۆژ پێشتر بە گاراجم گوتبوو کە ئەچم بۆ تاران و ئەگەر کەسانێک هەبن ڕاستەوخۆ بۆ تاران من ئامادەم یەکسەرە بۆ تاران بیبیانبەم. ئەو کاتە لە بانەوە ڕاستەوخۆ ماشین بۆ تاران نەبوو، دەبوو بە مینیبووس بچوونایە سنە یان تەورێز، ئەوجار لەوێوە ئەچوون بۆ تاران. ڕۆژی ڕۆیشتنەکەم بۆ تاران دیتم موسافیرم لە سەندەڵی زیاتر هەیە. داوام لە گاراج کرد تاکو سەقز هەڵیاندەگرم و ئەتوانن لەنێو ڕێگەی نێوان کورسییەکاندا لەسەر چوارپایە دانیشن بەڵام لە سەقز بەولاوە لەبەر کونترۆڵی پۆلیس ناتوانم سواریان کەم. کرێی بانە تارانم باش بوو، گۆشەیەکی سەفەرەکەمی پڕ دەکردەوە. لە ڕێگای سەقز، بیجار و زەنجان بەرەو تاران کەوتمە ڕێگا. ئەو ڕێگایە زۆر نزیک بوو. توانیم بە دە تا دوازدە سەعات بگەمە تاران. ماشینم بردە گاراج و خۆیشم چوومە ماڵی کاک محەممەد خانی ئەحمەدی کە خوێندکاری دانشگا بوو لە تاران. هەرچەند پشووی هاوینە بوو بەڵام لە تاران مابۆوە. کاتێ چوومە ماڵی کاک محەممەد بینیم حەمەدڕەشید بەگی زەرواو و کاک ماجید و کاک حامید ئەحمەدی، کوڕەکانی حەمەکەریم بەگی پیاوێن، لەوێ بوون. ئەم دوو لاوە هەردوکیان خوێندکاری دانشگا بوون لە دانشگای تەورێز. ئەوانیش هاتبوون بۆ سەردانی کاک محەممەد خان. کاک حسێنی حەمەڕەشید بەگیش لەگەڵ باوکی بوو لەو سەفەرەدا. ئەو شەوە باسی سەفەری شیمالمان کرد کە بچین بۆ دەریا و دیدەنییەکی کاک

سەعیدبەگی حەمەکەریم بەگیش بکەین، کە ئەو کاتە ئەفسەری ژاندارمری و بەرپرسی ئەمنیەتی پلاژەکانی دەریا بوو. کاک سەعید براگەورەی ماجید و حامید بوو. بەهۆی ئەوانەوە بڕیاری ئەو سەفەرەمان دا. بۆ بەیانییەکەی ماشینەکەم بردە کارخانەی ئێران ناسیۆناڵ. بۆ ڕۆژی دوایی تەحویلم گرتەوە. ئەو کارانە کە پێویست بوون ئەنجامیان دابوو. ڕۆژی دوایی سوار مینیبووس بووین و ڕۆیشتین بۆ شاری ڕەشت. یەکەم جارم بوو بەو ڕێگایەدا، ڕێگای چالوس، دەڕۆیشتم. ئەودەم ڕێگایەکی زۆر مەترسیدار بوو. جادەکە باریک بوو و لە بەرزایی کێوەکەوە چوونەخوارەوە زۆر زەحمەت بوو. لە زۆر جێگادا ئیدارەی ڕێگاوبان بە لەوح و تەنەکە سەربانی بۆ جادەکە دروست کربوو لەبەر ئەوە بەردەوام کێوەکە کە چەوی وردی هەبوو وەکو هەرەسی بەفر دەهاتە خوارێ. ئەو هەرەسە چەوە زۆر جار دەهات بە سەربانی سەر جادەکەدا و ئەوڕژیایە خوارەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتی خۆشی هەبوو. لە بەرزایی ئەو کێوەدا چەند قاوەخانەیەکی زۆر پاک و خاوێن و باشی لێ بوون کە هەموو ڕۆژێک بۆخۆیان بەرخیان سەرئەبری و ئەو گۆشتە تازەیان هەڵداوەسی و بە بەرچاوی موسافیرەکانەوە لەتوکوتیان دەکرد و بە ئاگری خەڵوز کەباب و گۆشتی برژاو بە باشترین برنجی ڕەشتەوە و بە کەرێی حەیوانی دروستیان دەکرد و لەگەڵ دۆی "آب علی" و سەوزەی تازە بۆ مشتەرییان دادەنا. ئەو کێوە تا بڵێیت ناوچەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. یەکەم شار کە گەیشتینێ شارۆچکەی چالوس بوو. لە چالوسەوە کە بەرەو ڕەشت ئەڕۆیشتی دەستی چەپ بە درێژایی ڕێگا دەشت بوو. هەموو ئەو دەشتە کشتوکاڵی برنج بوو. یەکجار سەرسەوز بوو. لە نیهایەتی دەشتەکە کێو بوو. ئەویش بە جوانترین دارستانی خۆرسک ڕازابۆوە. لای ڕاستی جادەکەش دەریا بوو. لە هەر شوێنێک بتەویستایە خانووی بەکرێ دەست ئەکەوت بۆ ژیانی چەندڕۆژی یان چەند مانگی. ئەو خانوانە دەرگایان لەسەر جادە و ڕووی پێشەوەی خانووەکانیش لەسەر دەریاکە بوو. بەدرێژایی جادەکەش تاکو شاری ڕەشت باشترین و ڕازاوەترین هوتێلی لێبوون. بۆ شەو چووینە ماڵی سەعید بەگ و میوانی ئەو بووین. میواندارییەکی خۆماڵیانە و خزمانەی کردین. بۆ ڕۆژەکەی چووینە دەریا و تا ئێوارێ لە دەریا ماینەوە و مەلەمان کرد. نیوەڕۆمان لە ڕێستورانەکانی قەراغ دەریا خوارد و بۆ شەو دوبارە گەڕاینەوە ماڵی سەعید بەگ. ئەم بیرەوەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۳۵۱یان ۵۲ی هەتاوی. گومانی تێدا نییە کە بارودۆخ و ژیانی لای دەریاش وەک شوێنەکانی دیکە بەهۆی یاسای کۆماری ئیسلامییەوە دەبێت گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. وەک دەگێڕنەوە وەزعی قەراغ دەریا بەتەواوی گۆڕاوە و خەڵکی بیانیی کەمتر بۆ دەچێت. ڕۆژی دوایی بە ڕێگای سەددی سفیدروددا گەڕاینەوە تاران. بە پێچەوانەی ڕێگای چالوس ئەو ڕێگایە دەشت بوو بەڵام بێ دارستان و وشک. دیمەنێکی جوان و بەرچاوی نەبوو کە سەرنج ڕاکێشێت. بۆ شەوێ گەڕاینەوە تاران و بەیانیی ڕۆژی دوایی بەرەو بانە کەوتمە ڕێ.

لە سەرەتای گەڕانەوەمەوە لە کوردستانی عێراق بۆ کوردستانی ئێران بەسەر زۆر کەندوکۆسپدا ڕۆیشتم و بازم دا. زۆر بەخاکسپێری و چوونەسەر قەبری ئازیزان و زەماوەندی

خۆشەویستان و سەیرانی بەکۆمەڵم، واتە بنەماڵەی گەورە کە زۆر جار زیاتر لە پەنجا کەس دەبووین، بینین. زۆر جار بۆ سەیران دەچووینە گوندی زەڵێ لای کیوەرۆ، بێواران و زمزیرانی لای سەردەشت، سەر چۆمی کەڵوێ لە حاست گوندی بریسوێ، کێوی کەلیخان، چیای حەوتاش و قەرەشدابان و دەیان شوێنی خۆش لە دەوروبەری بانە و زۆر جاریش بۆ شارەکانی مەریوان، پیرانشار و سەقز دەرۆیشتین. هەروەها جاروباریش ڕاوە کەومان دەکرد لە کوێستانەکانی گاکڕ، کەلیخان، حەوتاش و زۆر شوێنی دیکە. ئێستا کە باسی ڕاوەکەو دەکەم وا باشە جۆرەکانی کەو و ڕاوەکەو بەوردی باس بکەم. لای ئێمە کەو دوو جۆری هەیە. جۆرێکیان پێی دەڵێن کەوە زڕە یان زڕەکەو یان سوێسکە. ئەم کەوە دەنگی جیاوازە لەگەڵ کەوی ئەسڵی. دەنگی بەقەد کەوی ئەسڵی خۆش نییە بەڵام شێوەیان زۆر لێک نزیکە. ئەم جۆرە زۆر کەمە و لە هەموو شوێنێکیش نییە و بە کەمیش ڕاو دەکرێت. جاروبار دەکەونە بەر جاسوسی تفەنگی ڕاوچییەکان ئەویش بە کەمی. بەڵام کەوی ئەسڵی لە زۆربەی کوێستانەکانی کوردستان هەیە و بە زۆر شێوە ڕاویان دەکرێت. ڕاوەکەو زۆر جۆری هەن. بەهاران کاتێ نێر و مێ جووتە ئەگرن واتە بەیەکەوە دەژین، ئا لەو کاتەدا ڕاوچییەکان کەوی نێر کە بە بچکۆلەیی دەیگرن و دەستەمۆ دەبێت، دەکەنە قەفەسەوە و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ ئەو شوێنانەی کە کەوی لێیە و حەشارێک بە بەرد یان بە چیلکە دروست دەکەن و خۆیانی تێدا دەشارنەوە بۆ ئەوەی کە کەوی کێو نەیانبینێ. تەنیا کونێکی چکۆلە لە حەشارەکەدا دەهێڵنەوە کە لوولەی تاپڕ یان ساچمەزەنەکەی تێڕاکەن و هێندێ دەوربەریش ببینن. ساچمەزەن چییە؟ ساچمەزەن تفنگێکە کە لە نێوخۆدا دروست ئەکرێت. لولەکەی ئاسنە. چەکێکی دوورهاوێژ نییە. وەک چەکی دیکە فیشەکی نییە. تەقەمەنییەکەی بەم چەشنەیە: ڕاوچییەکان بۆخۆیان بە گۆگرد و خەڵوزی داری بی دروستی ئەکەن. ساچمەکەشی لە جۆری قورقوشمە کە هێندێک لە دەنکی ماشەڕەش گەورەترە. دوایی بە ئەندازەیەکی کەم لەو دەرمانە ئەکەنە لوولەکەیەوە و کەمێک پەڕۆی بەسەردا ئەکەنە خوارێ و بە شیشێک کە پێی دەڵێن زممە هێندێکی ئەکوتنەوە. دوایی نزیک بە بیست دەنکە ساچمەی تێدەکەن و دیسان هێندێ پەڕۆیش بەسەر ئەودا ئەکەنە لوولەکەیەوە و ئەویش هێندێ ئەکوتنەوە. ئەم کارە بۆ ئەوە دەکرێت کە کەرەستەی تەقەمەنییەکە تێکەڵ بەیەکتر نەبن. لەلایەکی دیکەشەوە نەڕژێنە دەرێ. ئەودەم لە خوارەوە لە شوێنێکی تایبەدا ترەقەیەک کە ئەویش لە گۆگرد دروست کراوە لە نزیک درمانەکە دادەنێن. ساچمەزەنەکە چەخماخی هەیە و بە لێدانی ئەو چەخماخە ئاگر پەیدا ئەبێت کە دەرمانەکە ئاگر دەگرێت و لەم حاڵەدا پاڵ بە ساچمەکانەوە ئەنێ بۆ دەرەوە کە ئەتوانێ هەتا پەنجا شەست مەتری کەو یان حەیوانی گەورەتر بکوژێت. بگەڕێینەوە لای حەشار و کەوە ماڵییەکە. لەسەر کۆمەڵێک بەرد کە دەبێ مەترێک بەرز بێت کەوەکە دائەنێن و هێندێ چیلکەی بەسەردا ئەدەن. یان ئەگەر داری لێ نزیک بێت و شوێنەکە دارستان بێت باشتر وایە لەنێو شوێنێکی بەرزایی دارەکەدا کەوەکە دانرێت. کەوەکە دەخوێنێ و کەوی کێوی وەڵامی ئەدەنەوە. کەوە مێینەکان دێن بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و ببنە هاوڕێ، نێرەکانیش بۆ شەڕ دێن لەگەل

یەکتری. زۆر جاریش بە پۆل، واتە چەند کەوی نێر و مێ، بەیەکەوە دێن بۆ دەوری کەوە ماڵییەکە و دەبێتە شەڕ و گۆڵمەز و لەم کاتەدا ڕاوچییش لە بیر گۆشتی خۆیدایە و بە تاپڕ یان ساچمەزەنەکەی مشتی لێدەگرێت و ئەیتەقێنێ، کەوێک یان چەند کەو دەکوژێت. ڕاوەکەو جۆری دیکەشی هەن. کاتێ وەرزی بەهار لە تەواوبووندایە کەوە مێیەکان هێلانەیان کردووە و کڕ دەکەون لەسەر هێلانە و هێلکەکانیان. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کەوە نێرەکان ڕازی نین بەوەی کە کەوە مێینەکان لێیان دوور وەکەوەن چونکە ڕابواردنیان لێ تێک دەچێ، و ئەگەر بە هێلانەی مێیەکە بزانن ئەوە هێلکەکان دەشکێنن و هێلانەکەیش تێک ئەدەن. مێیەکانیش حەز بە جووجکهەڵێنان دەکەن بۆیە ناچار بەدزییەوە هێلانە دروست دەکەن. هەر کاتیش ویستیان هێلکە بکەن هەر بەدزییەوە دەچن بۆسەر هێلانەکەیان. کاتێکیش کڕ دەکەون لەسەر هێلکەکان هەموو جارێ لە شوێنێکی تایبەتدا خۆیان لە نێرەکان ئەشارنەوە و دەچن بۆسەر هێلانەکیان و بۆ ماوەی چەند سەعات، تەنیا بۆ ئاو و خواردن، دەنا زیاتر لە چەند حەوتوو لەسەر هێلکەکان دەمێننەوە. ئەو کاتە کە کەوە مێیەکە لەسەر هێلانەکەی کڕ کەوتووە کەوە نێرەکە بە جێگاکەی نازانێ و لەتاوان دەچێتە سەر پلە بەردە بەرزەکان یان سەرکولی دارەکان و بەردەوام گۆرانی عاشقانە دەخوێنێ. ڕاوچییەکان هەروەک چۆن کەوی نێر پەروەردە دەکەن بۆ ڕاو هەروا کەوی مێیش پەروەردە دەکەن بۆ ئەو کاتانەی کە کەوە مێیەکان لەسەر هێلکەن. هەر بە شێوەی ڕاوی بەهاری کە باسم کرد حەشار دروست دەکەن و کەوە مێیەکە لەسەر دارێک یان لەسەر بەردێکی بەرز دائەنێن و هەر کات کەوە مێیەکە خوێندی ئەو کەوە نێرەی کە لە نەبوونی دڵدارەکەی بێتاقەتە و خۆی لێ شاردۆتەوە و لەسەر هێلکەیە، یەکسەر دێت بۆلای ئەو کەوە مێیە. ڕاوچییەکانیش وەک عادەتی خۆیان کاریان بە دڵی عاشقان نییە و لە بیری چڵێسی خۆیاندان و بە ساچمەزەن یان تاپڕە شەماڵ زرمەی تێبەرئەدەن و دەیکوژن. شێوەیەکی دیکە لە ڕاوەکەو، زستانان چەند ڕاوچی بەیەکەوە ئەمبەروبەری دوو کێو دەگرن و پۆلە کەوەکان ئەدۆزنەوە و هەڵیاندەفڕێنن لەمبەر بۆ ئەوبەر. بۆ ئەم ڕاوە دەبێ بەفر لەسەر زەوی بێت. کاتێ کەوەکە لەمبەری کێوەکە هەڵدەفڕێ و لەوبەر دەنیشێت دەکەوێتە بەفرەکەوە و باڵی تەڕ ئەبێت. دوبارە ئەو ڕاوچیانە بۆیان دەچن و هەڵیاندەفڕێننەوە بۆ جاری دووەم کە لەوبەری کێوەکە دەنیشنەوە، ئیتر ماندوو دەبن و باڵیان تەڕ ئەبێ و ناتوانن هەڵفڕن. لێرەدا ڕاوچییەکان بە هەژگێکەوە دوایان دەکەون و بە هەژگەکە لێیان ئەدەن و دەیانگرن. شێوەیەکی دیکەی ڕاوەکەو ئەوەیە کە لە بەهاران و پاییزاندا کەوەکان کوێستان و گەرمێن دەکەن و لەو شوێنانەی کە کەوەکان پێیدا دەڕۆن ڕاوچییەکان بە چیلکە و دار پەرژینیان بۆ دەکەن و بە شێوەی پێچ پێچ کە پەرژینەکە لە بارێک وەکو هەشت و لە بارێک وەکو حەوتی نووسین دەرئەچێت، بەڵام ئەم پێچە کە وەک هەشت وایە بە فاسڵەیەکی لانیکەم بۆ هەر لایەک دە مەتر تا سەر لوتکەی چۆماوەی هەشتەکە، لەسەر لوتکەکە چاڵێک هەڵدەکەنن نیو مەتر قووڵ و لەسەر چاڵەکە تەپکە دائەنێن و دەوروپشتی بە گەڵای وەریو کە وشک بووە دائەپۆشن بۆ ئەوەی کەوەکان سڵی لێ نەکەن. لە دوومەتری

تەپکەکە بەردی بۆ دائەنێن وەکو بەردەباز. کەوەکە بە باز باز حەوا دەکەوێ و دوایین بازی لەسەر تەپکەکە ڕائەوەستێ و یەکسەر دەکەوێتە چاڵەکەوە. تەپکە چییە؟ تەپکە لە دار چوارچێوەیەکی بۆ دروست دەکەن و دوو تەختەش لەملاولاوە بە هۆی دوو تەلبەندەوە قایمی دەکەن، بە شێوەیەک دەرئەچێت کە تەختەکان ڕاست و پان دەوەستن. کاتێ قورساییەکی وەکو کەوی بچێتە سەر تەختەکان دەم دەکەنەوە و کەوەکە دەکەوێتە چاڵەکەوە. کاتێ کەوەکە کەوتە خوارێ تەختەکان حەوادەکەونەوە و ئیتر کەوەکە ناتوانێ بێتە دەرێ. هەموو ڕۆژێک ڕاوچی جارێك سەردانی تەپکەکانی ئەکات ئاخۆ کەویان تێکەوتەوە یان نا. شێوەیەکی دیکەی ڕاوەکەو بەم جۆرەیە. ڕاوچی ئەزانێ کە ئێواران کەوەکان لە چ شوێنێکدا هەڵدەنیشن. شەو کە تاریک دەبێت بە چرایەکەوە بۆیان دەچن. ساڵانی ڕابردوو کە چرای تۆری (چرا لۆکس) داهات بەو چرایانە دەگەڕان بەدوای کەوەکاندا و ڕاویان دەکردن. هەموو دەوروبەری بۆری چراکەیان بە سورب دائەپۆشی تەنیا لایەکیان دەهێشتەوە بۆ ئەوەی کە شەوقی چراکە ڕاست لە پێش خۆیانەوە بدرێت بۆ ئەوەی کەوەکان ڕاوچییەکان نەبینن. کاتێ کەوەکان شەوقی چراکەیان دەبینی بە شەوارە دەکەوتن و چاویان نەیدەبینا و ڕاوچییەکان بە هەژ و شتی بەو جۆرە لێیان ئەدەن و دەیانکوژن. یان زۆر جار بە دەست دەیانگرن. بەڵام لەم ئاخریانەدا کە چرای باتری (لایت) پەیدا بوو و جۆری گەورەیان هەبوو، دەتگوت تایبەت بۆ ئەو ڕاوە دروست کراوە، زۆر سەرکەوتوو و ئاسان بوو بۆ ڕاوچییەکان. ڕاوە کەروێشک چۆن دەکرا؟ ڕاوە کەروێشک دوو جۆری هەیە، یەکیان بە سواری ئەسپ و تاژی دەکرێت. ئەوی تر بە دۆزینەوە لە شوێنی خۆحەشاردان کە بە تاپڕ، ساچمەزەن یان هەر جۆرە تفەنگێکی تر تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. لە سەرەتای بیرەوەرییەکانمدا باسم کردووە کە لەگەڵ شێخ لەتیف حەفید لە گوندی ئاڵەسیاو ئەو ڕاوەمان بە ئەسب و تاژی کردووە و باسی چۆنیەتی ڕاوەکەشم کردووە کە پێویست بە باسکردنەوە ناکات. دیارە ئەم جۆرە ڕاوە کەروێشکە لە بانەش باوە و لەگەڵ هاوڕێیانم زۆر جار چووم بۆ ڕاو. بەڵام لە ناوچەی کیوەرۆ بەهۆی شاخاویبوونی ناوچەکە زۆر ئیمکانی ئەو جۆرە ڕاوەی لێ نییە کە بە سواری ئەسب بکرێت. ڕاوەماسی: ڕاوەماسی بە سێ جۆر دەکرێت؛ بە ژار (ژەهر)، دەرمان و دینامیت. لە کوێستان گیایەک هەیە بە ناوی لۆگەنە. گیایەکی دیکە هەبوو هەر بە گیای ژارەماسی ناودەهێنرا. لە هاویناندا کە ئاوی چۆمەکان کەم دەبوونەوە ئەم گیایەیان دەهێنا و لە نێوەڕاستی چۆمەکەیان دەکرد. چەند سەر گا یان ئێستر و گوێدرێژیان دەهێنان و لەسەر گیاکە وەکو گێرەی خەرمان گێرەیان لەسەر گیاکە پێدەکردن بۆئەوەی بەم شێوەیە گیاکە باش تاماو بداتەوە و ژەهرەکە لەنێو ئاوەکەدا باش بڵاوبێتەوە. ئەم جۆرە ڕاوە هەرچی گیانلەبەری نێو چۆمەکە هەبوو دەیکوشت کە لەخۆیدا زۆر مەترسیدار بوو. لە لایەک گۆشتنی ماسییەکان ژەهراوی دەبوون و لە لایەکیش هەموو ماسییە وردەکان و باقی بوونەوەری نێو چۆمەکەی دەکوشت. کەچی ماسییەکان دەخوران و کەسیش هیچی لێ نەدەهات! بەڵام لە پاشەڕۆژدا لەسەر سەلامەتی و تەندروستی ئەو خەڵکە چ ئاسەوارێکی دادەنا، دیار نەبوو. جۆری دیکە بە دەرمان بوو. ئەم دەرمانە لە شار

و بازاڕدا هەبوو. لە دێهاتی بانە نەبینراوە. دەرمانەکە بەری گیا یان دارێك بوو لە شێوەی پستە بەڵام قەوارەی خڕ بوو و دەشکێندرا و ناوکەکەی وەک پستە دەردەهات. ئەم ناوکە ورد دەکرا و بە کەمێک ئاردەوە دەکرا بە هەویر و پڵێتەی باریکی لێ دروست دەکرا. پاشان دادەنرا تاکو وشک دەبوو. ئەوجار کرمیان لەسەر سەلوێنکەکان یان شوینی تر بۆ دەهێنا و ئەو کات دەچوونە سەر گۆمێک کە ماسی گەورەی تێدا بوون پڵێتەکانیان لە ورگی کرمەکان دەخستن و هەڵیاندەڕشتنە نێو گۆمەکەوە. زۆرتر ماسییە گەورەکان کرمەکانیان دەخواردن. ئەم جۆرە ڕاوەماسییە کەمتر خەساری ئەدا بەڵام ئەویش ئەو گرفتەی هەبوو کە گۆشتی ماسییەکە ژاراوی ئەبوو. جۆرێکی دیکەی ڕاوەماسی بە تۆپ، واتە دینامیت، بوو. ماسیی ئەم جۆرە ڕاوە ژاراوی نەدەبوون و خواردنیان باشتر بوو لە جۆرەکانی دیکە. دیارە زۆر جۆری دیکەی ئەم ڕاوانە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان هەن. من خۆم لە ناوچەی بانە هەموو جۆری ئەم ڕاوانەم کردوون. ئەم سێ جۆر ڕاوەماسییە کە باسم کردن لە ناوچەی بانە بەناوبانگن و زۆر کەس ئەم ڕاوەیان پێخۆشە و دەیکەن. ڕاوی دیکەش وەك ڕاوی سمۆرە، کۆتر، بەراز، ورچ، بزن و مەڕی کێوی، دەڵەک و ڕێوی و زۆر وردەڕاوی دیکە هەبوون بەڵام ئەوانە کەمتر دەکران. زۆربەی ڕۆژە پشووەکانم بەو جۆرە ڕاوانە تێدەپەڕاندن. باقی ڕۆژەکانی دیکەش، بەگشتی ڕۆژگارم بە کار و کاسپی و ماشین لێخوڕینەوە بەڕێدەکرد. ڕۆژگارەکە دوایی نەدەهات و لە هەر سەردەمێکدا شتێکی تازە دەهاتە ئاراوە. لای من هێشتا هەر سەرەتای داستانە و پێشمەرگایەتی، ئاوارەیی، گەرما و سەرما و ئەم کێو و ئەو کێو و ئەم ناوچە و ئەو ناوچە و بۆ جاری دووەم ئاوارەیی لە کوردستانی عێراق و لەوێشەوە بەرەو تاراوگە بۆ وڵاتانی ئەوروپا باسێکی دیکەی داستانی ژیانمە کە پڕە لە کێشە و خۆشی و ناخۆشی کە بەدوای یەکدا هەموویان باس دەکەم.

## چۆن کەوتمە نێو بەندیخانەی زەنجان

ساڵەکان بە گورجی تێدەپەڕین و هیچمان لێ حاڵی نەبوو. پێم وا بوو ئەم چەند ساڵە کە بە کار و ژیانەوە سەرگرم بووم ئیتر کەس کاری پێم نەماوە و ساواکیش منی لە یاد کردووە. بێ ئاگا و بێ خەبەر لەوەی کامێرەی ساواکم هەر لەسەرە و لەژێر چاودێریی ئەواندام. ڕۆژێک حەمە خانی ئەحمەدی، خەڵکی نێزەڕۆ، هات بۆ دیدەنیم بۆ شار. بەیەکەوە دانیشتبووین و قسەمان دەکرد. پیاوێکی ناسیاو دەرگای ماڵی لێدا و هاتە سەرەوە و لەلامان دانیشت. دوای چەند دەقیقە کەسەکە دەستی بە گیرفانیدا کرد و ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا و لە بەردەمی مندا داینا. ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوو. بە بینینی ڕۆژنامەکە ڕاچڵەکیم و گوتم کاک (...) مەبەستت چییە لە هێنانی ئەم ڕۆژنامەیە؟ ئەمە چ پێوەندی بە منەوە هەیە؟ لە وەڵامدا گوتی من هیچ مەبەستێکم نییە بەڵام من لێرەوە ڕابوردم و ئەم ڕۆژنامەیەم لە بەردەرگاکەی ئێوەدا دۆزییەوە و منیش بۆم هێنای بۆ سەرەوە، گوتم لەوانەیە هی تۆ بووبێت و لێت کەوتبێت. زۆر نارەحەت بووم. گوتم حەمە خان، جەنابت دانیشە، من ئێستا دەچم بۆ ساواک و ڕۆژنامەکە دەبەم و بە ساواک دەڵێم فلان کەس ئەم ڕۆژنامەیەی بۆ هێناوم. کەسەکە کەوتە پاڕانەوە و هەستا دەستی حەمە خانی ماچ کرد و داوای کرد کە نەهێڵێ من بچم بۆ ساواک. حەمە خانیش زۆر هەوڵی دا تاکو ڕازی کردم کە من نەچم بۆ ساواک بەڵام ڕۆژنامەکەم هەڵگرت، چونکە دڵنیا بووم کە ئەم پلانە کاری ساواکە. گوتم هەر کات بانگیان کردم وەزعەکەیان بەتەواوی بۆ باس دەکەم. لەم قسانەدا بووم، زەنگی دەرگای حەوشەیان لێدا. لە پەنجەرەی میوانخانەکەمانەوە سەرم دەرهێنا دیتم سەلیمی خات شەرافەتە. گوتم فەرموو کاک سەلیم، وەرە سەرێ. گوتی سوپاس نایەمە سەرێ بەڵام فلان کەس دەمێکە منی لێرە ڕاگرتووە، پێی بڵێ با بێتە خوارێ. منیش بەو کەسەی لای خۆمانم گوت سەلیمی خات شەرافەت بانگت دەکات. ئیتر ناوبراو هەستا و ڕۆیشت. ڕۆژنامەکەم شاردەوە. چەند ڕۆژی زیاتر پێ نەچوو لە ساواکەوە بانگیان کردم. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە زووەوە بانگ نەکرابووم. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد پێم وا بوو وازیان لێهێناوم و هیچ گومانیان لەسەرم نەماوە. کاتێ چووم ڕەئیسی ساواک بەگەرم ئەحواڵی پرسیم و گوتی ڕەشید، چی دەکەی، کاروبارت چۆنە؟ گوتم وەزعم باشە و ڕۆژانە کار دەکەم و ژیانم بەڕێوە ئەچێت. گوتی باشە، ئەی دەنگوباسی دیکە چی هەیە؟ کاتێ وای گوت دڵنیا بووم کە ئەو ڕۆژنامە کە سەلیمی خات شەرافەت و هاوڕێکەی هێنابوویان کاری ساواک بووە و مەبەستێکی لەپشتەوە هەیە. دوایی لە جێگای خۆیدا ڕوونی دەکەمەوە. منیش هیچ لێی ڕانەوەستام و گوتم تەنیا هەواڵێک کە هەبێت ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە دۆستێکی ئێوە بۆی هێنابووم و ئێستا بۆم هەڵگرتوون. ئەگەر دەفرموویت تا بۆت بهێنم؟ کاتێ وام گوت هێرشی کردە سەرم و ئەوی قسەی ناخۆش و بێحورمەتی بوو پێی کردم. بە تووڕەییەوە پێی گوتم دۆستی چی؟ ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ بەدوای چەند قسەی

ناخۆشدا دەریکردم و گوتی ئاگات لە دەمی خۆت بێ، دەنا خۆت دەزانی چ پەروەندەیەکت هەیە، هەر کات بمانەوێ ناردنت بۆ دادگا و چەند ساڵ مانەوەت لە بەندیخانە بۆ ئێمە کارێکی ئاسانە.

ماوەیەک بەسەر ئەم وەزعەدا ڕۆیشت. ڕۆژێک دوو پۆلیسی شارەبانی هاتن بۆ ماڵەوە و گوتیان فەرموو لە شارەبانی بانگت دەکەن. زانیم کە بانگکردنەکەم گرنگە بۆیە پۆلیس هاتووە. بردمیان بۆ شارەبانی بۆ ژووری ڕەئیس. گوتی ڕەشید، تۆ (قراربازداشت)ی لەلایەن دادگای بەشی نیزامی زەنجان. ئەمشەو لای ئێمە لە بەندیخانە ئەمێنیەوە. من هیچی تازەم لە خۆمدا شک نەدەبرد، پێم وابوو کە تەنیا گومانە لەسەرم. بەیانییەکەی بە دوو ژاندارم ڕەوانەی بەندیخانەی زەنجان کرام و دایانم بە ژوورێک کە هەموو بەندییەکانی بکوژ و دز و کەسانێک بوون کە دەستیان لە کاری فرۆشتنی مادده سڕکەرەکاندا هەبوو. شەوی یەکەم خەوم لێنەکەوت. لەلای دەرگاوە لەسەر پەتوویەک ڕاکشام. هیچ شتێکی دیکەیان پێنەدابووم. بۆ بەیانییەکەی لە بەشی لێپرسین (بازپرسی) بانگ کرام. دیار بوو کە ساواکی سنە چەند شتێکی لە پەروەندەکەم دەرهێنابوو و ناردبووی بۆ دادگای نیزامی زەنجان بۆ لێکۆڵینەوە بەڵام لە پرسیارەکاندا بۆم دەرکەوت کە شتێکی ئەوتۆ نییە تەنیا بیانوو و گومانە. کاتێ گەڕامەوە بەندیخانە وام کرد کە چاوم بە ڕەئیسی بەندیخانە بکەوێت بۆ ئەوەی کە ژوورەکەم بۆ بگۆڕن بە ژوورێکی باشتر بەڵام ڕەئیس ئەو کارەی نەکرد. منیان بەتایبەت لەو ژوورەدا هێشتەوە کە بەو جۆرە ئەشکنجە بدرێم. یەکێک لە موعتادەکان شوێنەکەی خۆی لەبەر بێ پووڵی پێ فروشتم بە سی تمەن. بۆ ئەودەم پووڵێکی کەم نەبوو. ژوورەکان لەمبەر و ئەوبەر شەش تەختی دووتەبەقەیان تێدابوون کە سەرجەم دوازدە کەسیان لەسەر دەنووستن. ناوفەرشی ژوورەکەش بۆ ئەو کەسانە بوون کە تازە دەهاتن و حوکم نەدرابوون. ئەو کڕینەی من نایاسایی بوو. ئەگەر پۆلیس ئاگادار بوایە قەبوڵی نەدەکرد بەڵام ئەو کارە ڕێککەوتنێک بوو لەنێوان بەندییەکاندا و ئەگەر پۆلیس پرسیاری بکردایە ئەو بەندییە دەیگوت خۆم پێم خۆشە کە یارمەتی ئەو کەسە بدەم یان نەخۆشە و بۆ ماوەیەک داومەتێ. بەو شێوەیە ڕێگایەک بۆ ئەو جۆرە دانوستانە دۆزرابۆوە. چەند جارێک بۆ بەشی لێکۆڵینەوە بانگ کرام. پرسیارەکان هەر قسە کۆنەکان بوون و شتێکی تازەیان پێ نەبوو. بەرپرسی لێکۆڵینەوە ئەفسەرێکی تورک بوو، ناوەکەیەم لەبیر نەماوە بەڵام شۆرەتەکەی تومەرایی بوو. وەکو بیستم باوکی ئەو ئەفسەرە جەماعەتی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە کاتی کۆماری ئازبایجاندا کوشتبوویان. ئەم ئەفسەرە باوککوژراوە زۆری ڕق و کینە لەو کەسانە بوو کە ناوی سیاسییان لەسەر بوو. منیش بە ناوی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە زمانی ئەو کاتەی ئەوان (سارق مسلح) پەروەندەم هەبوو کە زۆر بە بێحورمەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم. ڕۆژێک لەسەر پرسیارێک هەڵسایە سەر پێ و دایمە بەر سیخورمە و کۆمەڵێک قسەی ناشرینی پێگوتم بۆ ئەوەی هێندێک لە تووڕەیی و قوڵپی دەروونە ڕەشەکەی خاڵی وەکات. نزیک بە دە ڕۆژ تێپەڕی. ڕۆژێک حاجی حەمەڕەشید بەگی نێزەڕۆ لەگەڵ عبدوڵڵا خانی عەباسی،

فەرشفرۆش، هاتن بۆ دیدارم. میوەیەکی زۆریان بۆ هێنابووم کە بەشی هەموو هاوژوورەکەم لێدا. تایبەت بۆ ئەوە هاتبوون کە هەوڵ بدەن بە هەر شێوە زەمانەتێک، نەقد یان (وەسیقە)ی موڵکی ئازادم بکەن. ئامادەییان هەبوو تا سەد هەزار تمەن پوڵی نەقد کە ئەودەم پارەیەکی یەکجگار زۆر بوو یان سەنەدی خانووم بۆ بدەن تاکو ئازاد بکرێم، بەڵام گوێیان لێ نەگیرا و (بازپرس) گوتی تا سێ مانگ لەژێر پرسیاردایە و بە زەمانەت ئازاد ناکرێت. مانگێک تێپەڕی. ئێواران بەندییەکانیان بەگشتی دەهێنانە حەوشەی بەندیخانەکە بۆ هەواخۆری. ئێوارەیەک دوو کەس لە بەندییەکان لێم نزیک بوونەوە. دەمزانی کە ئەو دوو کەسە لە جەماعەتی تودەییەکان بوون و ژووری تایبەتی خۆیان هەبوو. تەنانەت مافی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و هەبوونی ڕادیۆشیان هەبوو لە ژوورەکەیاندا لەبەر ئەوەی ئەوان حوکمم درابوون و وەکو بیستم لە بەندییەکان حوکمەکەیان دەوروبەری پازدە ساڵ بوو. ئەم دوو کەسە کە نزیک بوونەوە سڵاویان کرد و لەبەر لێوەوە و بە ئەسپایی بە زمانی فارسی گوتیان بیستوومانە لە بەندییەکان کە تۆ کوردی و خەڵکی شاری بانەی. منیش گوتم بەڵێ ڕاستە بەڵام بۆ دەپرسن؟ گوتیان پرسیارێکمان هەیە ئاخو تۆ چی لێ ئەزانی. گوتیان ئێمە ڕادیۆمان هەیە، ئەمشەو لە هەواڵی ڕادیۆ بەغدا بەشی فارسی گوتی قادر وردی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بانە، کەوتۆتەبەر هێرشی ساواک و کوژراوە و کەسێکیش بە ناوی محەممەد سەدیق بە بریندداری گیراوە. تۆ لەم هەواڵە چی ئەزانی و چیت بیستووە؟ گوتم بە ڕاستی من نە ڕادیۆم هەیە و نە ئاگام لە هەواڵی بەو شێوە هەیە و هیچیشی لێ نازانم. دوو کەسەکە کە زانیان ئاگام لە هیچ نییە لێم دوور کەوتنەوە. بە ڕاستی بۆ منیش بوو بە پرسیار ئاخۆ ئەم هەواڵە چی بێت و چەندە ڕاست بێت. چەند ڕۆژێک لەم هەواڵە ڕابوورد. ڕۆژێک کەسێکی بانەیی بە ناوی حاجی برایم، ناسراو بە حاجی بلە کوێر، هات بۆلام بۆ بەندیخانە، کە شتێکی دوور لە چاوەڕوانی بوو چونکە من هیچ تێکەڵاوییەکی وام لەگەڵ ناوبراودا نەبوو. ئەوەشم بۆ بوو بە پرسیار کە منی چۆن دۆزیوەتەوە. دیار بوو لە پەیوەندی بە شوێنێکەوە منی لە بەندیخانەی زەنجان دۆزیبۆوە بۆیە زۆر بە ئاسانی هاتبوو بۆلام. نزیک بە کیلۆیەك پرتەقاڵی بۆ هێنابووم. دوای هەواڵپرسین، گوتی بە ڕاستی باش بوو کە لە بانە نەبووی! گوتم بۆ چی ڕوویداوە؟ گوتی هەی بابە، مەلا قادری وردی بە نهێنی هاتبوو بۆ ماڵی عەزیزی حەمەمەلا، ساواکییەکان و پۆلیسی شارەبانی چوونە سەریان و تەقەیان لێکردن و مەلا قادر کوژرا و کەسێکیش بە ناوی محەممەد سەدیق، هاوڕێی مەلا قادر، بریندار بوو و بە برینداری گیرا و کۆمەڵێک لە خەڵکی بانە وەک عەزیزی حەمەمەلا، ناجی حەمەسوور، ئەنوەری عوسمانی کارمەندێکی بانگی سادرات، حاجی مستەفای شافعی، حەمەئەمینی وەستا عبدوڵڵای خەیات و تاهیری عەزەحاجی لەلایەن ساواکەوە گیران و ڕەوانەی سنە کراون. فڵان کەس، وەزعەکە زۆر ناخۆش بوو. ڕاستییەکەی من لە هاتنی حاجی گومانم هەبوو. گوتم کاک حاجی، زۆر بەخێر بێیت کە منت لەم شوێنەدا بەسەرکردەوە و یادت کردووم و گەلێک بەخێر بێیت،

بەڵام ئەو هەواڵانەی کە باست کردن بە من و تۆ چی؟ خۆ من و تۆ چ کارمان بەو کارانەوە نییە؟! کاتێ ئەوەم گوت حاجی گوتی ڕاست دەکەیت، هەر پێم خۆش بوو کە بۆت وەگێڕم دەنا هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە. ئیتر دوای ئەم قسانە حاجی برایم خواحافیزەی کرد و ڕۆیشت. بەندییەکەم نزیکی کردەوە لە سێ مانگ. ڕۆژێک لە بەشی لێکۆڵینەوە (بازپرسی) بانگیان کردم. لێکۆڵەر هەر هەمان ئەفسەر بوو، نووسەرەکەیشی (منشی) هەمان ئیستواری ڕۆژانی پێشوو بوو کە پرسیار و وەڵامەکانی دەنووسین. بەڵام بە پێچەوانەی جارانی پێشوو ئەفسەرەکە بە پاسەوانەکانی گوت دەسبەندەکەی لێوەکەن و چایەکی بۆ بانگ کردم. گوتی ڕەشید ئەحمەدی، تۆ بە زەمانەتی خۆت ئازاد دەکرێیت. بچۆ بۆ ژووری ئیستوار زەمانەتێکی شەش هەزار تمەنی بنووسە و بەیانی ئازاد دەبیت. زۆر خۆشحاڵ بووم، بەڕاستی دەترسام لەوەی کە زیاتر لە بەندیخانەدا وەمێنم. هەستام چوومە ژووری ئیستوار. ئیستوار بە کوردی قسەی لەگەڵ کردم کە ڕۆژانی پێشوو لە ژووری ئەفسەرەکە بە فارسی قسەی دەکرد. لە شێوەی زاراوەی لە خەڵکی مەهاباد دەچوو. زەمانەتنامەکەی نووسی کە من خۆم زامنی خۆم بووم. نووسرابوو من، ڕەشید ئەحمەدی، ئامادەم هەر کات بەشی بازپرسیی دادگای نیزامیی زەنجان منی ویست ئامادە بم، ئەگەر ئامادە نەبووم ئەوا مەحکومم بە شەش هەزار تمەن کە بە دادگای بدەم. هاتمەوە ژووری ئەفسەرەکە، واتە بازپرس. گوتی ئەحمەدی، بەیانی ئازاد دەکرێیت بەڵام دەبێ سەردانی ساواک بکەیت، تاکو ئەوان نەبینی بۆت نییە بڕۆیتەوە بۆ بانە! بەدوای ئەوەدا پۆلیس بردیانمەوە بۆ زیندان. ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت. بیرم دەکردەوە ئاخۆ ساواک منی بۆچی دەوێ. دەترسام تۆ بڵێی ساواک بۆ جێگایەکی دیکەم ڕەوانە نەکەن. بەم خەیاڵاتەوە ڕۆژم کردەوە. بەیانی کاتی ئیداری لە دەفتەری ڕەئیسی بەندیخانە بانگ کرام و پێیان گوتم تۆ ئازادی و ئەتوانی خۆت وەپێچی و دوانیوەڕۆ ئازاد دەکرێیت. گوتم بەڵێ. هاتمەوە ژوورەکەی خۆم. هێندێ کەلوپەلم پێبوو دام بە هاوڕێ بەندییەکانم. تەختی خەوەکەم هەروا دایەوە بە خاوەنەکەی پێشووی. پاشنیوەڕۆ لە بڵندگۆی بەندیخانەوە بانگ کرا ڕەشید ئەحمەدی ئامادە بێت ئازاد دەکرێت و بێت بۆ بەردەمی نگهبانی. ئیتر جەماعەتی بەندییەکان هێندێکیان لێم کۆبوونەوە و خواحافیزییان لێکردم و هێندێکیشیان هەتا بەردەمی نگهبانی لەگەڵم هاتن. هاتمە دەفتەری نگهبانی ئیمزام کرد و هاتمە دەرێ. خوا شک دەبم و حەڤدە تمەن. کاتەکەشم زۆر کەم بوو کە تەلەفۆن بکەم بۆ بانە و پوڵم بۆ بێت. چاوەڕوانیش نەبووم بەو شێوە ئازاد بکرێم. پێم وا بوو ئەگەر بڕیاریش بێت هەر کات ئازاد بم دەبێ کەسێک بێت و ببێتە زامنم. هەروەها دەبوو ئەو شەوەش لە زەنجان بم چونکە کاتی ئیدارە نەماوە تاکو بچم بۆ ساواک. دەبێ بچمە هوتێل و پارەی ڕێگا و خواردنیشم پێویستە. بەم خەیاڵاتەوە دەڕۆیشتم بە خیاباندا و چاوەڕوانی تاکسی بووم کە بمبات بۆ هوتێلێك. مرۆڤ هەمیشە هەر بێ شانس نییە. سەیرم کرد حاجی محەممەدی فەتاحی، خەڵکی بانە، ڕاست بەو خیابانەدا ڕووبەڕووم دێت. سەری داخستبوو، کاتێ نزیک بۆوە سڵاوم لێکرد. سەری حەوادا، گوتی کاک ڕەشیدخان، ئەوە تۆی؟

ئەوە چییەکەی لێرە؟ گوتم کاک حاجی، چەند مانگێکە لێرە لە بەندیخانەدا بووم و ئێستا ئازاد کراوم. گوتی بەڕاست بۆ لە کۆڵت نابنەوە، خۆ تۆ ئێستا کەسێکی کاسبکاری و وازت لە سیاسەت هێناوە؟! گوتم کاک حاجی، ئەوە مانای ئەوەیە کە ترسەنۆکن دەنا تۆ ڕاست دەکەیت. ئێستا من غەیری ژیانی منداڵەکانم کارم بە هیچ شتێکی دیکە نییە. دوای ئەو قسانە خواحافیزیم لە حاجی کرد کە بڕۆم، بەڵام گوتی نا، ئەمشەو میوانی منی لە هوتێل. ڕاوەستاین تاکو تاکسییەک هات، سوار بووین بەرەو هوتێل. پێشتر هەر بۆخۆی ژوورێکی دووتەختی گرتبوو کە نەیدەویست غەوارە لەلای بێت و ئەو تەختەی دا بە من. حاجی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو. دەکرێت بڵێم ئەو کاتە یەکەم دەوڵەمەندی بانە بوو. شەو بردمی بۆ رێستوران و خواردنی شەو میوانی حاجی بووم. دوایی چووین بۆ سینەما. حاجی ئەهلی سینەما بوو و بە قسەی خۆی بۆ دیتنی زۆر فیلم حەزی دەکرد بچێتە سینەما. بلیتی سینەمایشی بۆ کڕیم. بەیانیی ڕۆژی دوایی بەیەکەوە هەستاین نانی بەیانیمان خوارد. پرسی فلان کەس، پوڵت پێیە؟ گوتم بەڵێ پوڵم پێیە. گوتی ئەوە سەد تمەن با پێت بێ بۆ ڕێگا. گوتم کاک حاجی، پوڵم پێیە و پێویستم نییە. زۆر سوپاست دەکەم. گوتی سوپاسی ناوێ، با قەرز بێت لەلات، هەر کات چووینەوە بانە بۆم بێنەوە. کە وای گوت قبوڵم کرد. بیرم لەوەش دەکردەوە کە مەبادا ساوک بۆ شوێنێکی دیکەم بنێرێت و بوونی پوڵ زەرەری نییە. ئیتر حاجی گوتی من دەڕۆم بۆ تاران و خواحافیزەی کرد و ڕۆیشت. منیش هەر بەدوای ئەودا تاکسییەکەم گرت و چووم بۆ ساواک. زەنگی دەرگای ساواکم لێدا و کەسێک کردیەوە. گوتی کارت بە کێیە؟ گوتم من کارم بە کەس نییە بەڵام ساواک کاری بە منە و داوایان کردووم و ناوم ڕەشید ئەحمەدییە و خەڵکی بانەم، لێرە لە بەندیخانە بووم و ئێستا ئازاد کراوم. بەڵام پێیان گوتووم پێش ئەوەی بڕۆمەوە بۆ بانە بێم بۆ ئێرە. گوتی فەرموو وەرە ژوورێ. بردمیە ژوورێک پەردەی پەنجەرەکانی هێنانەخوارێ. بەحاڵ کەمێک ڕووناکی ئەدا. هەتا نزیک سەعات دوازدە دانیشتم کەس نەهات. بەڕاستی ئەو ماوە چەندسەعاتییەم زۆر بە زەحمەت لێگوزەرا. تەقەی دەرگا هات، دوو نەفەر ساواکی هاتنە ژوورێ و بانگیان کرد چاییان بۆ هێنام. گوتیان دەمانەوێ ئەوەت پێ بڵێین کە تۆ بە هەڵە گیراوی، دەنا هیچ شتێکی تایبەتی لەسەر تۆ نەبوو کە نزیک بە سێ مانگە لە بەندیخانەی زەنجان مایتەوە. بەهەرحاڵ، دەبێ ببووری لەو ماوە کە بەندی بووی و بە هەڵە گیراوی. تۆ ئازادیت، ئەتوانی بڕۆیتەوە بۆ بانە. گوتم هیوادارم کە جارێکی دیکە تووشی ئەم هەڵە و بێ شانسیانە نەبم. ساواکییەکان بەم قسەم پێکەنین و هەستان و ڕۆیشتن. چەند دەقیقەیەکی پێچوو هاتن و تا دەم دەرگای دەرێ لەگەڵم هاتن و گوتیان فەرموو بڕۆ. پێم خۆشە باسی چۆنیەتی ئەو گرتنەم بکەم کە بۆچی گیرام، بۆچی دوای سێ مانگ ئازاد کرام و بۆچی پێیان گوتم کە بە هەڵە گیراوم. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە دوو کەس ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ هێنام. بە باوەڕی خۆم ئەو ڕۆژنامەیان بۆ تاقیکردنەوە بۆ ناردم بۆماڵەوە. وا دەردەکەوێت کە دوبارە ساواک گومانی هەبووە کە چوومەوە نێو ڕێکخراوی نهێنیی حیزبەوە و ئەو تاقیکردنەوەیان

لەسەرم کرد. دەکرێ بڵێم شتێکی وا بوو و ویستیان بزانن ئاخۆ هەڵوێستی من چۆنە کاتێ بانگ کرام بۆ ساواک. ئەگەر ئەو کەسە و سەلیمی خات شەرافەت ڕاسپاردەی ساواک نەبوون یان ئەو ڕۆژنامە هی ساواک نەبوو، بۆچی ئەوان نەگیران؟ من ئەودەم هۆکاری بەندییوونم لە زەنجان بە دروستی نەدەزانی و پێم وا بوو کە ساواک گومانێکی هەیە بەڵام شێوەی گومانەکەم بە تەواوی بۆ ڕوون نەبوو کە بە ڕاستی هۆی گرتنەکەم چی بوو، تاکو لە ١٠/١١/ ١٩٨٩دا هاتمە وڵاتی سوید و وەک پەنابەرێک لەم وڵاتە نیشتەجێ بووم و جارێکی دیکە لەگەڵ شادڕەوان کاک کەریمی حیسامی یەکترمان گرتەوە. کاک کەریم دەستی کردبوو بە نووسینی بیرەوەرییەکانی. بەرگی چوارەمی کە دەرچوو من لە سوید بووم. لەگەڵ ژمارەکانی پێشووی هەموویانی بۆ ناردم. دوایی هەر ژمارەیەکی تەواو دەبوو بۆی دەناردم. بیرەوەریی بەرگی چوارەمی دەرچوو. سەیرم کرد لە لاپەڕەکانی ١١٥ هەتا ١١٨ بەوردی باسی خۆفرۆشی سەلیم خات شەرافەت و شەهیدبوونی مەلا قادر و ئیعدامی عەزیزی مستەفازادە، ناسراو بە عەزیزی حەمەمەلا لەگەڵ محەممەد سەدیق لە شاری سنە و ئەو ڕووداوەی کردووە. پێم چاکە دەقی نووسینەکەی لاپەڕە ١١٥ هەتا ١١٦ لێرەدا بنووسمەوە. کاک کەریم ئەنووسی "نەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی بۆ ئێمە ساڵێکی ڕەش و خەفەتبار بوو. هاوڕێیەکی تێکۆشەر و خەباتگێڕ و کۆڵنەدەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، مەلا قادری وردی کە بۆ کاری حیزبی لەگەڵ برادەریکی تر چووبووە ئێران، لە شاری بانە شەهید کرا. مەلا قادر وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، بەرپرسی ناوچەی بانە چالاک تێدەکۆشا و خەریکی زیندووکردنەوەی ڕێکخراوی حیزب بوو. زستانی ١٣٧٣ جارێکی دیکە چووبۆوە بۆ ئێران و لە شاری بانە بناخەی ڕێکخراوی حیزبی داڕشتبوو. کابرایەکی خۆفرۆش و جاسوس بە ناوی سەلیمی خات شەرافەت خۆی لێ نزیک کردبۆوە و بووبووە جێگای باوەڕ و متمانەی مەلا قادر. سەلیم دوو جار هاتبووە سلێمانی و ڕۆژنامەی کوردستانی بۆ بانە بردبۆوە. لە مانگی ڕەشەمەی ١٩٧٣دا مەلا قادر خەبەری دامێ گوتی کە سەلیم هاتۆتەوە سلێمانی و پێم خۆشە چاوت پێی بکەوێ. کە چووم سەلیم لە ماڵی مەلا قادر بوو. وەزعی ئێران و شاری بانەم لێ پرسی. گوتم چۆنە وا هاتوچووو دەکەی؟ گوتی من وەک قاچاخچی دێم و دەچم و ڕۆژنامەی کوردستانیش لەگەڵ خۆم دەبەم. دایکی مەلا قادر بانگی کردم گوتی کاک کەریم نازانم بۆچی دڵم لەو کابرایە دەترسێ، ئەوە دوو جارە دێتە ئێرە، ئەگەر دەیبینم دڵم ڕادەچڵەکی. بە مەلا قادرم گوت تەنیا وەک قاچاخچی کەڵکی لێ وەرگرە و هیچ برادەرێکی دیکەی لە بانە پێ مەناسێنە. گەڕامەوە بۆ بەغدا. دوو ڕۆژی مابوو بۆ نەورۆز مەلا قادر تەلەفۆنی کرد و گوتی سەلیم هاتۆتەوە، هەلێکی باشە محەممەد سدیق لەگەڵ خۆم دەبەم و دەچمە بانە لە وچانی نەورۆزدا دەتوانم خەڵک زۆر ببینم. پێم گوت تا پاش نەورۆز سەفەر مەکە. من ببینی جا بڕۆی! بەڵام مەلا قادر لەسەر چاوپێکەوتنی من ڕانەوەستابوو. سەلیمی بە دەرفەت زانیبوو ڕەگەڵی کەوتبوو بۆ بانە. دەگەنە شاری بانە، سەلیم مەلا قادر و محەممەد سدیق دەباتە ماڵێک و خۆی خەبەریان لێدەدا. ساواکی و ژاندارم و پۆلیس دەوری دەدەن. مەلا قادر

دەمانچەیەکی چواردەخۆری پێ بوو. تا دوا فیشەک شەڕ دەکا پاشان بە گوللەی دوژمنانی گەل شەهید دەکرێ. محەممەد سدیق بە برینداری دەردەچێ و لە ماڵێکی دیکە دەرمانی دەکەن. بەڵام گیر نابێ و نابەڵەدی لە شار وەدەر دەکەوێ و دەچێ لە سەر ڕێگای بانە سەقز ڕادەوەستێ. لەوێ جاشی کورد تووشی دەبن و دەیگرن. محەممەد سدیقیش لەگەڵ برادەرێکی دیکە بە ناوی عەزیزی مستەفازادە دەبەن بۆ شاری سنە و مانگی نوامبری ١٩٧٣ ئەو دوو هاوڕێیەش ئیعدام دەکرێن."

کاک کەریم هەر لە هەمان ژمارەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کاتە بەرپرسی (تشکیلات) ڕێکخستنەکانی حیزب بووە. کەوابێ دەکرێت بڵێم ڕوونکردنەوەکەی کاک کەریم کە بە لێکۆڵینەوە و پرسیار لە ئەندامانی ناوچەی بانە کراوە ڕاستە. کاتێ کە من ئەو نووسینەم دی و ناوی سەلیمی خات شەرافەتی وەک خۆفرۆشێک تێدابوو، یەکسەر بیرم لە سەلیم و هاوڕێیکەی کردەوە کە ڕۆژنامەی کوردستانیان بۆ هێنام بۆ ماڵەوە و ساواک دوای چەند ڕۆژ بانگی کردم و دواتر زۆری نەبرد ڕەوانەی بەندیخانەی زەنجان کرام و دوای سێ مانگ لە بەندیخانەدا گوتیان ببوورە تۆ بە هەڵە گیراوی و ئازادی. ئیتر هەر ئەو کاتە بیرم لە گرتنەکەی خۆم بەم شێوەیە کردەوە کە لێرەدا نووسیومە. ڕووداوەکانم بەم شێوەیە بەیەکەوە گرێدان: ساواک نفوزی لە ڕێکخستنەکانی حیزبدا لە بانە کردبوو. بەهۆی نفوزی سەلیمی خات شەرافەتەوە لە حیزبدا توانیبووی هەر ئەویش بکاتە جاسووس. بەهۆی ناوبراوەوە داوی بۆ دانا و دەیزانی کەی دێتەوە بۆ بانە و دەیشیانزانی و خەبەریان هەبوو کە لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا دێت بۆ بانە و لە دەستیان قوتار نابێت. گومانیشیان لە من هەبوو کە ئیمکانە جارێکی دیکە چووبێتمەوە نێو حیزب. ساواک لێرەدا وای بە باش زانیبوو پێش ئەوەی مەلا قادر بێت و بیگرن یان بیکوژن مەبادا لەو تەقە و وەزعەدا منیان لەدەست بچێ. ئەگەر مەلا قادر بەردەست کەوت و ڕوون بۆوە کە من چوومەوە ڕیزی حیزب ئەوا کارەکەیان باشە و سەرکەوتوون و ئیتر من وەکو جاری پێشوو نەتوانم هەڵێم و ئەم جارە لە کاتی خۆیدا گرتوویانم و تۆڵەی جاری پێشوویشم لێ بستێنن. ئەگەریش من لە هیچدا نەبووم ئەوە زۆر گرنگ نییە کە شیرازەی ژیانی مرۆڤێک چۆن دەپچڕێت، دەکرێت زۆر بەبێ شەرمییەوە بە وشەی لێبووردنێک تەواوی بکەن! هەر وا بوو، دروست کە مەلا قادر دێت بۆ بانە مانگێک بوو من لە زەنجان لە بەندیخانە بووم. دەبێ لەو کەسانەی کە دەگیرێن و چەند کەسێکی دیکەی خەڵکی بانە کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ناویان هاتووە پرسیاری من کرابێت و وێدەچێ کەسیش ناوی منی نەهێنابێت. ئەو کات دڵنیا دەبن کە من تێکەڵ بە جووڵانەوەی تازە نەبوومەوە، ئیتر بە وشەی لێبوردنێک و "بە هەڵە گیراوی" ئازادم دەکەن. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین پێش ئەو ڕووداوە حازر نەبوون بە زەمانەتی سەد هەزار تمەن پوڵی نەقد یان بە وەسیقەی موڵکی ئازادم بکەن بەڵام چۆن بوو دوای ئەو ڕووداوە بە زەمانەتی شەخسی خۆم کە بریتی بوو لە شەش هەزار تمەن ئەویش نەک نەقد بەڵکو تەنیا بە ناوهێنانی شەش هەزار تەمن لە زەمانەتنامەکەمدا ئازاد کرام. من لێرەدا بەو ئاکامە گەیشتووم کە گیرانی من پەیوەندی بەو مەسەلەوە بووە. گرتنەکەشم

مەسەلەیەکی سیاسی بوو و هیچ کەسیش لە من شکایەتی نەبوو. بەهەرحاڵ، زنجیرەی باسەکەم لە سەرەوە ئەوە بوو کە لە ساواک هاتمە دەرێ و چوومە تێرمیناڵ. ئەو سەردەمە ماشین یەکەسەرە نەبوو بۆ بانە. بە مینیبووس بەرەو دیواندەرە کەوتمە رێ و لەوێشەوە بۆ سەقز. کات ئێوارێ بوو. ئاخرین مینیبووسی سەقز بە بانە ڕۆیشبوو بەڵام لە شانسی من کاک حسێنی حەمەڕەشید بەگ کە کارمەندی شیرکەت تەعاونی بوو لە شاری سەقز، هەروەها خزم و هاوڕێی نزیکم بوو، جیبێکی پێبوو و هات بۆ گاراج. کە منی دی دابەزی و یەکەترمان لە باوەش گرت. بە دیتنی من زۆر خۆشحاڵ بوو. گوتی ئەڕۆمەوە بۆ بانە و چەند رۆژێک مەرەخەسیم وەرگرتووە. بۆیە هاتمە گاراج و ویستم بە تەنیا نەکەومە رێ، بیرم لەوە کردەوە ئێوارەیە و درەنگە وا باشە ئەگەر بانەییەک لە گاراج بوو ئەوا بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ خۆم سواری بکەم. ئێستا باشترین شانسم هێنا کە باشترین هاوڕێم پەیدا کرد بۆ ڕیگا. چاکترین هەدیە و موژدەشم پێیە بۆ خانەوادەتان و باقی خزمان. سوار بووین و بەرەو بانە کەوتینە ڕێ. ڕێگای بانە ئەو کاتە ئەسفالت نەبوو، تونێلی کەلیخان دروست نەکرابوو و جادەکە شست کیلومەتر بوو بەڵام ئێستا کە جادەکە باشتر ساز کراوە دەبێ ماوەکەی کەمتر بێت. لەگەڵ کاک حسێن وەها بە گێڕانەوەی قسەوباسی بەندیخانەوە مەشغوڵ بووین کاتێکم زانی لە بەردەرکی ماڵی باوکی وەستا. دروست بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو و خیابانێک لە نێوانماندا هەبوو. کاتێ دابەزین دیتم خێزانم لەگەڵ مەجیدی کوڕم لە بەردەرگا دانیشتوون. مەجید ئەو کاتە سێ ساڵ تەمەنی بوو؛ کە منیان دی هەستان و هاتن بۆلام. بەڕاستی ساتێکی خۆش بوو بۆ هەردوو لا. ئیتر من نەچوومەوە بۆ ماڵی خۆمان چونکە کاک حسین ئیجازەی نەدام. گوتی دەنێرم منداڵەکان هەموویان بێن بۆ ماڵی ئێمە. زۆری پێنەچوو منداڵەکان هەموویان هاتن بۆلام. دوای نانی شەو، خزمان ئەوەی زانیبوویان و ماڵییان لە شار بوو هەموویان بەگشتی هاتن بۆ ماڵی حەمەڕەشید بەگ. شەوێکی زۆر خۆش بوو کە قەت لە بیر ناچێتەوە. کاک حسێن، یادی بەخێر، سوپاس بۆ خۆی و گشت خانەوادەی کە ئەو شەوە باشترین میوانداریيان کردین. سوپاس بۆ ئەو خزمانەش کە ئەو شەوە زەحمەتیان کێشا و هاتن بۆلام.

چەند ڕۆژێک حەسامەوە و دەستمکردەوە بە ماشین لێخوڕینی خۆم. جاروباریش پشووم ئەدا و لە هاوینانـدا بۆ گەشت و گوزار ئەچووم بۆ تاران و شارەکانی دیکەی ئێران. شارەکانی کوردستانیش هەموویان چووم و بە چەند ڕۆژ لە ناویاندا ماومەوە. چەند ساڵێک ژیان بە مینیبووس لێخوڕین گوزەرا. منداڵەکانم هەموویان لە مەدرەسە دەیانخوێند. زۆر ڕازی بووم لە خوێندنەکەیان. بەدوای ئەو گرتنەی بەندیخانەی زەنجان ساواک ئەو کۆنترۆڵ و بانگکردنەی جارانی نەما. ئەمتوانی بۆ هەموو کوێیەک بچم بێ ئەوەی ترسم هەبێ لە بانگکردنی ساواک و پرسیار و لێکۆڵینەوە. چەند ساڵێکی دیکە ژیان بە خۆشی و ناخۆشی و بە بوون و نەبوونییەوە چووە پێش. دەکرێت بڵێم ئەو بەشەی ژیانم مامناوەندی بوو، نە زۆر چاک و نە زۆر خراپ، تێپەڕی.

## هاتنی تەڵا خانمی ئامۆزام بۆ کوردستانی ئێران

تەڵا خانم هاوسەری شێخ لەتیفی حەفید بوو. ناوبراو لە سلێمانی لەگەڵ سێ کچەکانی و عەزیمە خانمی خوشکی دەژیا. هەردوکیان وەک ئەو کوردانەی کوردستانی عێراق کە لە شۆڕشی ئەیلولدا هاتبوونە شارەکانی کوردستانی ئێران و شارەکانی دیکەی ئێران، ئەوانیش هاتبوونە مەریوان و لەوێ بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک نیشتەجێ بووبوون. کاتێ هەواڵیانم زانی بە خانەوادەوە چووین بۆ مەریوان و سەردانمان کردن. چەند ڕۆژ لایان ماینەوە. دوایی دەعوەتمان کردن بۆ بانە بۆ ماڵی خۆمان و سەردانی براکانیان. دەعوەتەکەیان قبوڵ کرد و زۆریان پێ خۆش بوو. من بە ماشینی خۆم چووم بۆ مەریوان. ئەوانیش ماشینی خۆیان لە سلێمانی‌یەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئەوە بوو کە هەردوو لا بە ماشینی خۆمان بەرەو بانە کەوتینە ڕێگا. بۆ شەو گەیشتینە بانە. شەوی دوایی برایان و خزمان بەگشتی هاتن بۆ ماڵی ئێمە بۆ بەخێرهاتنیان. شەوێکی خزمانە و خۆش بەڕێکرا. چەند ڕۆژێک بەو جۆرە لە ماڵی ئێمە مانەوە و دەستە دەستە خزمان دەهاتن بۆ سەردان و بەخێرهاتنیان. دوایی خزمان هەریەک بە نۆبەی خۆیان بانگهێشتنیان کردن بۆ ماڵی خۆیان و نزیک بە دوو حەوتوو لە بانە و دێهاتی دەوروبەر لە ماڵی خزمان مانەوە. ئەم دوو خاتونە لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی کە شاری بانە بە دەستوری حەمەڕەشید خانی دارۆخان سووتێندرا و بەدوای فەوتی سەلیم خان و هاتنەوەی سوپای ئێران بۆ بانە لەگەڵ ماڵی باوکیان بە سەرپەرشتی برای گەورەیان حەمە خان ئاوارە بوون بۆ کوردستانی عێراق. بەشێکی زۆر لە خزمان نەیانبینیبوون بۆیە هاتنەکەیان زۆر خۆش بوو بۆ هەموو لایەك. دوای تەواوبوونی سەفەرەکەیان لەگەڵیان چووم بۆ شاری سنە، کە پێیان خۆش بوو لەو سەفەرەدا ئەو شارەش ببینن. من تا شاری سنە لەگەڵیان بووم ئیتر لەوێوە بەرەو مەریوان گەڕانەوە. (لە لاپەڕەکانی پێشوودا ڕوونکردنەوەیەکم بەکورتی لەسەر گرتنەوەی بانە لەلایەن سوپای ئێرانەوە و سووتانی ئەو شارە و هاتنی شێخ لەتیفی حەفید بۆ بانە و خوازبێنیی تەڵا خانم لەلایەن شێخ لەتیفەوە لە سەلیم خان نووسیوە.)

## سەفەرێک بۆ تاران

ڕۆژێک بەرپرسی گاراجی بەختیاری، کاک محەممەدی بەختیاری، تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای کرد لە گاراج ببینم. ئەو کاتە بانە دوو گاراجی هەبوون، یەک لە گەڕەکی سەروو ناسراو بە گاراجی بەختیاری، یەک لە گەڕەکی خواروو ناسراو بە گاراجی نەویدی. من لە گاراجی نەویدی کارم دەکرد لە ڕێگای بانە- سەردەشت. گاراجی بەختیاری نێوان بانە - سەقز کاری دەکرد. ڕۆیشتم بۆ دەفتەرەکەی کاک محەممەدی بەختتیاری. گوتی کاک ڕەشید، چەند ڕۆژێکی دیکە بەرنامەی جەژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهنشاهی لە تاران دەستپێدەکات. لە فەرمانداریییەوە تەلەفۆنم بۆ کراوە بۆ مینیبووسێکی پاک و خاوێن بۆ چەند کەسێک لە میوانەکانی ئەو جێژنە. من مینیبووسەکەی ئەتۆم بۆ ئەو سەفەرە پەسەندکردووە. کرێکەشی باشە. چوار ڕۆژت پێدەچێ. پێم خۆشە تۆ بچیت. گوتم باشە ئامادەم بەڵام با بزانم میوانەکان کێن. گوتی بەشێک لە کەسایەتییەکانی نێو شار بە ماشینی خۆیان دەڕۆن، باقی چەند کەسێکی فەرهەنگی و چەند کەسێکی خەڵکی دێهات و چەند کەسێکی کارمەندی ئیدارات میوانی تۆ دەبن. گوتم باشە. مانگی ڕەزەبەری ١٣٥٠ی هەتاوی بوو. بەیانی کە چووم بۆ گاراج جەماعەت ئامادە بوون. ئەوەی لە بیرم بێت ئەم کەسانە بوون: عبدوڵڵا مەحموودی، مامۆستای قوتابخانە، دوو کوڕی فەرماندار. فەرماندار کۆنە تیمسارێک بوو کە بە تیمسار خاکسار دەناسرا و خەڵکی سنە بوو. فەرماندار کورد بوو بەڵام لە فەرمانداری و هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا بە فارسی قسەی لەگەڵ خەڵکی بانە دەکرد و قەت حازر نەبوو بە کوردی قسە بکات. من جارێک چوومە فەرمانداری بۆلای بۆ کارێک، بە فارسی قسەی کرد. منیش بە کوردی وەڵامم دایەوە، چون دەمزانی کە خەڵکی شاری سنەیە و کوردە. بە حاڵەتێکی ڕووگرژییەوە بە فارسی گوتی من کوردی نازانم، بە فارسی قسە بکە! نەفەرەکانی تر شۆفیرێکی فەرمانداری خەڵکی سنە، ژنی جەمالی ڕەئیسی ثبتی ئسناد خەڵکی هەمەدان، چەند کارمەندێکی دیکە کە ناویانم لەبیر نەماوە. هەر یەکە خەڵکی شوێنێک لە ئێران بوون. لە گوندی شوێ چەند برادەرێکی جوتیار، لە گوندی ئارمردە ناوی چەند کەسێکیانم لە بیر دێت بە ناوەکانی عەلی تۆفە و مامۆستای ئاواییش بە ناوی مەلا عەلی. مەلا عەلی هاوسەرەکەی لەگەڵدا بوو. ئەوەی لە بیرم بێت سەرجەم کورسی منیبووسەکە نەفەری لەسەر دانیشتبوو. جەماعەت گوتیان نابێ بە ڕێگای بیجار- زەنجاندا بڕۆیت چونکە جادەی خاکییە و تۆزی هەیە. هەرچەند ئەم ڕێگایە بۆ تاران نزیکترین ڕێگا بوو بەڵام ناچار بووم لەسەر داوای میوانەکانم بە ڕێگای سنە- کرماشان- هەمەداندا بڕۆم کە بە چەند سەعات ڕێگا دوور دەکەوتەوە. جگە لە نانی نیوەڕۆ تەواوی ڕۆژەکە لە ڕێگادا بووین. شەو زۆری نەمابوو گەیشتینە پەنجا کیلۆمەتری کەرەج. جەماعەت زۆربەیان خەویان لێکەوتبوو، چەند کەسێکیان نەبێ بەخەبەر بوون. بێدەنگی بە تەواوی هەست پێدەکرا. لەپڕ لە دواوەی ماشینەکە پڕمەی پێکەنین دەستیپێکرد. جەماعەت هەموویان خەبەریان بۆوە. منیش لەوەی کە جەماعەت بێدەنگ

بوون و هێندێکیان نووسبوون خەرێک بوو خەو دامگرێت بەڵام ئەو پێکەنینە هێنامیەوە سەر حاڵ و خەوی هەموو لایەک ڕەویەوە. پرسیارم کرد ئەوە چی بوو، گوتیان هیچ نەبوو. من شکی ئەوەم بوو کە یەکێک لە خەودا دەنگێکی لێوەهاتبێت. ئیتر پرسیارم نەکردەوە. زۆری پێنەچوو ڕۆژ بۆوە و گەیشتینە کەرەج. لەوێ دابەزین. خێزانی جەمالی هات بەلامەوە و گوتی ئەگەر پێکەنینەکەی من نەبوایە مەلا عەلی وا لە خێزانی هالابوو دەیقەوماند. ئەوجار زانیم ئەو پێکەنینە چی بوو. مەلا عەلی تازەزاوا بوو و لە دواییین کورسیی ماشینەکەش لە دواوە لەگەڵ ژنەکەی دانیشتبوون. غەزەبلێگیراو ژنی جەمالی، لێی تێکدان و نەیهێشت ئەوانیش جێژنی خۆیان بگرن. میوانەکان لە کەرەج پێشنیاریان کرد بچینە کەللەپاچەخانە، واتە ئەو شوێنەی کە سەروپێ و زبان و مۆخی حەیوانی لێ لێدەنێن و لە نانی بەیانیدا دەیخۆن. لە تەواوی ئێراندا و لەو بەشەی کوردستانیش ئەو خواردنە بۆ بەیانیان باوە. دوای نانی بەیانی جەماعەت سوار بووین و بەرەو یەکەم پۆلیسی ڕێگای تاران ڕۆیشتین. بۆ هەموو ئەو میوانانەی کە لە ڕێگای کەرەجەوە دەچوون بۆ تاران دەبوو بچوونایە پۆلیسی ڕێگای کەرەج - تاران بۆ ئەوەی ڕێنوێنی بکرانایە بۆ جێگای تایبەتی خۆیان. ئێمەش بەگوێرەی ئەو ڕێنوێنییە چووین بۆ شوێنی پۆلیسی ڕێگای کەرەج و لەوێ ڕێنوێنی کرام کە ژنەکان لەگەڵ پیاوەکانیان بەرمە "دهکدە ئولمپیک" و پیاوە سەڵتەکانیش بەرمە دانشکەدەی کەشاوەرزی کەرەج. لەپێشەوە خێزاندارەکانم گەیاند و دواییش سەڵتەکانم هێنایەوە بۆ کەرەج. جەماعەتێک لە موسافیرەکانم داوایان کرد کە بچمەوە بۆ دەهکەدەی ئولەمپیک بۆلای ئەوان چونکە دەیانویست بچن بۆنێو بازاڕی تاران بۆ گەشتوگوزار. منیش لەسەر داوای ئەوان و بۆخۆیشم دهکدەی ئولەمپیکم پێ خۆشتر بوو بۆ مانەوەی ئەو ماوە لە تاران، دوای گەیاندنی جەماعەت بۆ کەرەج گەڕامەوە بۆ دهکدەی ئولەمپیک بەڵام کاتێ گەیشتمە بەر دەروازەی گەورەی دهکەدە، نگەهبانی بەر دەرگا ئیجازەی پێ نەدام بچمە ژوورەوە. گوتی دەبێت کارتی چوونەژوورەوەت پێبێت. منیش کەسێک نەبووم کە دەعوەت کرابم و کارتی تایبەتیم پێنەبوو. نگەهبانەکەش قبوڵی نەبوو کە میوانی ئەو جێژنەم، بەڵام شانسم هێنای تەماشام کرد مەلا عەلی، ئیمام جمعەی بانە، و عەزیز خانی ئەحمەدی بۆ پیاسەکردن هاتبوونە نزیک نگەهبانییەکە، کاتێ ئەوانم دیت هاوارم بۆ کردن کە بەڵکو کارێکی وا بکەن بتوانم بچمە ژوورێ. بە نگەهبانەکەیان گوت با لەوێ بمێنێتەوە چەند دەقیقەیەک ئەچین ئیجازەی بۆ وەردەگرین. دوای ماوەیەك هاتنەوە و ئیجازەیان بۆ وەرگرتبووم. چوومە ژووری دهکەدەی ئولەمپیک کە تایبەت دروست کرابوو بۆ میوانانی یارییەکانی ئولەمپیک. کۆمەڵێک خانووی زۆر ڕێکوپێک لەو ناوەدا دروست کرابوون. خانووەکان باشترین کەرەسەی ژیانیان تێدابوو و بە شێوەی سەردەمیانە ڕازابوونەوە. ئەکرێت بڵێم ئەو کاتە ئەو خانوانە لە سەردەمی ژیانی تاران لەپێشتر بوون و باشترین سرویسی نانخواردن و باشترین سالۆنی موزیک و ئاواز و هەڵپەڕین لە ناوەندی خانووەکاندا هەبوون. دهکەدەی ئولەمپیك لە خۆشترین شوێنی تاران لە قەراغ شار لە داوێنی کێوێکدا

کە جوانترین دیمەنی هەبوو دروست کرابوو. شەو چووین بۆ سالۆنی نانخواردن. لە هەموو شێوە خواردنەکانی ناوچەکانی ئێرانی لێ داندرابوو، جگە لە چەندین خواردنی دیکەش کە من نەمدەناسین. هەر کەسە وەکو ئیشتیا و پێویستی خۆی خواردنی هەڵدەگرت. لەسەر ماڵی گەلانی ئێران عەجایەب سەخاوەتمەندییەک کرابوو لە کاتێکدا لە ئێراندا بە میلیۆن خەڵکی برسی هەبوو. نانخواردن تەواو بوو. ڕۆیشتین بۆ سالۆنی ئاهەنگ و هەڵپەڕین و موزیک. جگە لە گروپی تایبەتی ئەو شوێنە هەر میللەتە، وەک کورد، بەلوچ، عەرەب، تورک و فارس موزیکی تایبەت بە ناوچەی خۆیان هێنابوو و بە نۆبە دەهاتنە جێگای تایبەت بە گۆرانی و موزیک و هەڵپەڕکێ و بە جلوبەرگی ناوچەی خۆیانەوە ئاهەنگیان دەگێڕا و سالۆنەکەیان خۆشتر دەکرد. وەکی باوە، بەڕاستی شاهانە بوو. دیارە من باسی ئەوە ناکەم کە ئەم جێژنە چەندە حەق یان ناحەق بوو، یان چەندە سەرمایەی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانییەوە بەفیڕۆ خەرج کرا و چەندەش لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا بوو، من تەنیا ویستم ئەو شتانە باس بکەم کە دیومن. با ئەوەش لەبیر نەکەم هەر ئەو ڕۆژەی هاتین بۆ تاران بۆ ئێوارەکەی گەڕامەوە بۆ دهکەدە و ژنەکان و چەند کەسێک لە پیاوەکانم برد بۆ نێو شار بۆ گەشتوگوزار. کاتێک هەوا تاریک بوو گەڕاینەوە دهکەدە. بەیانییەکەی کە ڕۆژی ٢٣ی مهری ١٣٥٠ بوو چووینە مەیدانی تایبەتی وەرزشی ئولەمپیکی تاران. مەیدانەکە زۆر گەورە بوو، جێگای دەیان هەزار کەس بوو. بۆ خەڵکی هەر ئوستان و شارستانێک جێگای خۆی بۆ دیاری کرابوو. هەر بەو شێوەش بۆ تەواوی ماشینی میوانەکان ژمارەی پارکینگیان بۆ دیاری کرابوو و هەر کەسە لە شوێنی دیاریکراو ماشینی خۆی پارک کردبوو. چووینە مەیدان، پڕ بوو لە حەشیمەتی جۆراوجۆر. شۆفیڕی ئوتوبووس و مینیبووسەکان بەشی زۆریان چووبوونە سەر بانی ماشینەکانیان هەتا باشتر مەیدانەکە ببینن. شا بە هەلیکۆپتەر هات بۆ ناوەندی مەیدان. بڵندگۆکان قسەی شایان بڵاو دەکردەوە و لە هەموو کوێیەکی مەیدانکەوە گوێبیستی قسەکانی بووین. بەم شێوەیە ئاهەنگی ٢٥٠٠ی ساڵەی شاهەنشاهی تەواو بوو. ئەو شەوەش هەر لە شوێنی خۆمان لە دهکەدە ماینەوە. بۆ بەیانییەکەی گەڕاینەوە بۆ بانە. ئەوەش جێژنی پاشا، دەسکێ گوڵ و دەسکێ نێرگز، مەرگی ئەو جەماعەتە نەبینم هەرگیز.

## هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول

ساڵانێکی دیکە بە هەموو گرفت و خۆشی و ناخۆشییەکانیانەوە هاتن و تێپەڕین. ساڵمان گەیاندە ١٣٥٤ی هەتاوی. هەروەک پێشتر نووسیومە، بە مینیبووس لە ڕێگای بانە-سەردەشت کارم دەکرد. ئەو کاتە بەهۆی شۆڕشی ئەیلولەوە بە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕی کورد مستەفا بارزانی، هەزاران کوردی کوردستانی باشوور وەک پەنابەری سیاسی ڕوویان کردبووە ئێران و بە زۆری لە کوردستانی ئێران نیشتەجێ بووبوون و ئۆردوگایان لەلایەن شیروخورشیدی سووری ئێرانەوە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران بۆ کرابۆوە. یەک لەو ئۆردوگایانە لە ڕەبەت لە ناوچەی کەلاسی سەردەشت بوو. دوکتۆر جەمال غەفوور، خەڵکی کوردستانی باشوور، یەکێک لەو پەنابەرانە بوو کە وەک دوکتۆری جەراح لە نەخۆشخانەی سەردەشت کاری دەکرد. بە حەق خزمەتێکی یەکجار زۆری بە خەڵکی سەردەشت و زۆربەی شارەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێران کرد. بۆ نمونە نوسرەتی هاوسەرم لەلای ئەو نەشتەرگەریی گواتری بۆ کرا کە زۆر سەرکەوتوو بوو. هیچم لەدەست نەهات بەرامبەر ئەو خزمەتە بیکەم. بیرم کردەوە لانیکەم شەونشینییەکی خۆشی بۆ لە بانە لە ماڵی خۆمدا بۆ تەرتیب بکەم. ڕۆژێک بۆ ئەو مەبستە چووم بۆلای لە نەخۆشخانە و دەعوەتەم کرد بۆ بانە. گوتم پێم خۆشە ئەگەر قبوڵی بکەیت دوکتۆرەکانی بانە و چەند کەسایەتی لە خزمانم بانگ دەکەم و بە خۆشی و هاتنی ئێوەوە شەوێکی خۆش تەرتیب دەکەم. دوکتۆر قبوڵی داواکەمی کرد و پێخۆشیی خۆی دەربڕی. دوکتۆرەکانی نەخۆشخانەی بانە و چەند کەسایەتیی شاری سەردەشت و بانەم جگە لە خزمانی خۆم داوەت کرد و شەوێکی کوردانەمان بە خۆشی دوکتۆر جەمالەوە ڕێکخست. ماوەیەکی دیکە گوزەرا ڕۆژێک وەک دیدار چووم بۆلای دوکتۆر جەمال بۆ نەخۆشخانەی سەردەشت. دیتم زۆر حاڵەتێکی شێواو و پەریشانی هەیە. گوتم دوکتۆر، ناڕەحەت دیاری؟! گوتی هێشتا خەڵک بەتەواوی نەیانزانیوە بەڵام بۆ تۆی باس دەکەم، بەداخەوە شۆڕشەکەمان تەواو بوو. ئیتر بەدوای قسەکانیدا چاوی پڕ بوون لە فرمێسک. بەو حاڵەتەی دوکتۆر و لە بیستنی ئەو هەواڵە جەرگبڕە منیش خۆم بۆ نەگیرا و قوڵپی گریانم هات، کە بووە هۆی زیاتر ناڕەحەتی دوکتۆر جەمال. دیدارێکی پڕ ناخۆشم کرد کە قەت لەبیرم ناچێت. گوتی کاک ڕەشید، من لێرە نابم، دەڕۆم بۆ ئینگلیستان. کاتێ گەیشتمە ئەو وڵاتە ناونیشانی خۆمت بۆ دەنێرم، پێم خۆشە پەیوەندیمان هەبێ بۆیە پێویستە هەر ئێستا ناونیشانی خۆتم بۆ بنووسی. زۆری پێنەچوو دوکتۆر جەمال ڕۆیشت بۆ بریتانیا. لەوێوە لەسەر بەڵێنی پێشووی ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی خۆی بۆ ناردبووم بەڵام زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە بەغدا و لەوێ (عیادە)ی بۆ چاوپێکەوتنی نەخۆشان کردەوە و دەستیکردەوە بە کاری پزیشکی. جارێکی دیکە لە بەغدا یەکترمان گرتەوە، کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەم. دوای ئەم دیدارە لەگەڵ دوکتۆر جەمال، گەڕامەوە بۆ دەفتەری گاراج و چوومە ژووری حاجی ڕەحمانپوری، خاوەنی گاراج. گوتی فڵان کەس، هەر ئێستا هەواڵێکی ناخۆشم

پێگەیشتووە، گوایە شۆڕشی کوردستانی عێراق ئاشبەتاڵی پێکراوە. بەڵام نازانم ئاخۆ ئەو هەواڵە چەندە ڕاستە. گوتم کاک حاجی، بەداخەوە ڕاستە، منیش هەر کەمێک لەمەوپێش بیستم. زۆری پێنەچوو لە چایخانە و شوێنە گشتییەکان هەواڵەکە کەوتە سەر زاران. هەموو کوردێک لە پەرۆشدا بوو بە بیستنی ئەو هەواڵە. ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بانە. خەڵکی بانەش بیستبوویان و بەگشتی مات و ناڕەحەت بوون. چەند ڕۆژێکی پێچوو خەڵکێکی زۆر لەو خێزانانەی کە لە ئۆردوگای ڕەبەت بوون لە ڕێگای بانە- مەریوانەوە گەڕانەوە بۆ پێنجوێن. ڕۆژێک چەند خێزانێکم لە گاراجی سەردەشت بۆ بانە سوار کرد. تەنیا دەسەڵاتی من ئەوەندە بوو کە کرێم لێ وەرنەگرتن. کاتێ لە گاراج دەرچووین بەرەو بانە بەگشتی ئەو خێزانانە بە ژن و پیاو و منداڵەوە دەستیانکرد بە گریان. حاڵەتێکی یەکجار ناخۆش و دڵتەزین بوو. من و شاگردکەشم لەگەڵ ئەوان دەستمانکرد بە گریان. ماوەیەک بەو حاڵە ماشینم لێخوڕی. دوای ماوەیەک هەموو لایەک هێواش بووینەوە. کاتێ گەیشتینە بانە بردمنە شیروخورشیدی سوور. لە سەردەشت پێم گوترابوو ئەو پەنابەرانەی کە دەیانبەین بۆ بانە لە شیروخورشید دایانبەزێنین. جگە لە شیروخورشید خەڵکی شاری بانەش لەو ڕۆژانەدا کە هەموو ڕۆژێک دەستەیەک لەو کوردە ئاوارانە دەگەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق، هەموو جۆرە خواردنێکیان لەگەڵ میوەیەکی زۆردا بۆ دەهێنان بۆ شیروخورشید. هەر چییەک بۆ ژیانی ڕۆژانە پێویست بوبایە ئامادەیان دەکرد و دەیانهێنا و وەک ئازیزانی خۆیان خزمەت دەکران. بەم جۆرە بۆ ماوەی چەند حەوتوو ئەو بنەماڵانەمان لە سەردەشتەوە دەهێنان بۆ بانە. بەڕاستی ئەو ماوە زۆر ناخۆش بوو. ڕۆژێک لە چایخانەی کۆخان، نێوان سەردەشت -بانە، بۆ حەسانەوە لاماندا. کاتێ دابەزین دیمەنێکی زۆر سەیرمان دی. دوو جیپی نیزامی ڕاوەستابوون کە ئەفسەری ئێرانی و ئەفسەری بەعسی عێراقی دوژمنی دوێنێی ئێران و ئەفسەری ئەلجەزایری بەیەکەوە لە چایخانەکە دانیشتبوون و چاییان دەخواردەوە. دیار بوو عەرەب و فارس لەسەر حیسابی کوردان ئاشت و کۆک بوون. کە جەماعەت ئەوەیان دی زۆر ناڕەحەت بوون و گوتیان با بڕۆین، پێمان خۆش نییە لێرە وەحەسێین. سوار مینیبووسەکە بوونەوە و منیش بەدوای ئەواندا سوار بووم و درێژەم بە لێخوڕین دا و هەتا بانە نەوەستام. ئەم قۆناخەش تێپەڕی. ئەو خێزانانەی کە لە ئێران مانەوە بە زۆری ڕەوانەی شارەکانی دیکەی ئێران کران و ئەوانەش کە نەیانویست لە ئێران بمێننەوە گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق و زۆریان لە گەڕانەوەدا حکومەتی عێراق دووری خستنەوە بۆ شارە عەرەبنشینەکان لە باشووری عێراق و ساڵیانێك لەوێ مانەوە و بە هەژاری و نەداری ژیانیان بردەسەر. بە داخێکی گرانەوە جارێکی دیکەش گەلی کورد مەعامەلەی لەسەر کرا و بە ئاوات و ئامانجەکانی نەگەیشت و شۆڕشەکەی تووشی نوشست بوو.

یەک، دوو مانگێک بەسەر ئەو وەزعەدا تێپەڕی. کارەکەم گواستەوە لە گاراجی نەویدی بۆ گاراجی بەختیاری. گاراجی نەویدی خەتی بانە- سەردەشتی هەبوو. گاراجی بەختیاری خەتی بانە- سەقزی هەبوو. ویستم وەک ئاڵوگۆڕێک لە کارەکەمدا بچمە گاراجی

بـەختیاری. چوومـە لای بەرپرسـی گـاراجی بـەختیاری کـە کـوڕی حـاجی محەمـەد ئـەمین بـەختیاری، بـە نـاوی کـاک محەمـەد داوای کـارم کـرد. ئـەوانیش زۆریـان پـێ خـۆش بـوو و داواکەیان قبوڵ کردم و لـە گاراجی بەختیاری دەستبەکار بـووم. ڕۆژێـک لـە گـاراجی سـەقز وەسـتابووم، دیـتم فـەتاح ئـاغـای کۆنـە فەرمانـدەی هێـزی خـەبات لـە شۆڕشـی ئـەیلول لـە ناوچەی سلێمانـی، بـەرەوڕووم دێت. منـیش بـەرەوڕووی ڕۆیشـتم. کـاتـێ بـە یـەک گەیشـتین یەکترمان لـە باوەش گرت و بەخێرهاتنم کرد. لێمپرسی ئـەوە چ دەکـەی لێرە؟ گوتـی چەنـد مانگە دوای هەرەسهێنانـی شۆڕش ماڵەکەم لە کرماشانە. زۆر بێتاقەتـی خزمانـی بانـە بووم و داوام لـە ساواک کرد کە ئیجازەم بدەن بێم بۆ بانـە بەڵام ساواک ئیجازەیـان پـێ نـەدام و وەرەقەیان بۆ کردوم تا ئێرە. منیش هاتم بۆ گاراج کە بانـەییـەک ببینم و پەیام بنێرم بـۆ مەحموود بـەگ و حەمەڕەشید بـەگ کە بێن بۆ سەقز بۆلام. ئـەوە بـوو لـە شانسـی خـۆم تـۆم دی و هەر لـە دوورەوە ناسیمیەوە. هەردوکمان زۆر بـە دیداری یـەکتر خۆشـحاڵ بـووین. ئـەو شـەوە لـەبـەر کـاک فـەتاح نـەگـەڕامـەوە بـۆ بانـە و نۆبەکـەی خـۆم دا بـە یـەکێک لـە هاوکارەکـانم. شـەو چووینـە هوتێـل. شاگردەکەشم لـەگەڵـدا بـوو و ژوورێکـی سـێتەختیمان گرت. تا درەنگانـێ نـەخـەوتین و باسی ڕابوردوو و داهاتوومان کرد. گوتم چـۆن بـوو کـە هـەر ئاوا بـە ئاسانـی بڕیارتان دا واز لـە خـەبات و تێکۆشان بهێنن بـەو هێزە گەورەوە کە شۆڕش هەیبوو؟ لە وەڵامدا دەستیکرد بـە گریـان و گـوتـی بریـا خۆمـان بـەکوشـت بدایـە و ئـەم ڕۆژە ناخۆشەمان نەدیبایە...، پێم خۆشە شتێکت بۆ وەگێڕم. کاتێک کە دەسـەڵات بـووین دەهـاتم بـۆ بانـە و مـەریوان، ڕەئـیس ساواکـی بانـە، سـەروان شـەفیق و ڕەئـیس ساواکـی مـەریوان، سەروان قەتری، چەند کیلومەتر دوور لـە شار پێشوازییان دەکردم و باشترین ئاشپەزیان لـە چێشتخانـەکان دەهێنـا بـۆ خـواردن دروستکردن بـەڵام کاتێـک ئـەو بڕیـارە نـادروسـتـە درا و هاتم بۆ مەریوان قـەتری لـەگەڵ هێزێکـی ئـەرتـەش هـاتبـووە سنـوور بـۆ چـەککردنمان. کـاتـێ لێم هاتـە پێش ئـەو قەتری‌یە نـەمابوو کـە جـاران ئـەمبینی. ڕاسـتـە سیاسـەت کوردگوتـەنـی دایک و باوکـی نییە بـەڵام ئێمـە ماوەیـەکی زۆر هاوکـاریی یـەکمان کـرد و ئاکامـەکەشـی لـە بەرژەوەندیی حکومـەتەکەی ئـەو تەواو بوو بـەڵام حازر نـەبوو تـەوقـەم لـەگـەڵ بکـات و داوای کرد کە جەماعەتمان چەک دانێین. ئێمـەش چـەکمان دانـا. چـار نـەبوو، بڕیارەکـە بڕیـاری خۆمان بوو. بەڵام دەمانچەکەم هێشـتـەوە. پێم وا بـوو لانیکـەم ئـەو کاتـە بـۆ دەمانچـەیـەک قسـە ناکـەن بـەڵام بـە فارسـی گـوتـی ئـاغـای فـەتاح ئـاغـا، زەحمـەت نـەبـێ دەمانچەکەشت دانـێ. ئـەو کاتـە بیرم کردەوە کە کوژران لـە گۆڕەپـانـی شۆڕشدا هـەزار قـات باشـتر بـوو لـەو ژیانـەی کە ئێستا من و کەسانـی وەك من هەمانـە کە ڕۆژ نییە بـە شێوەیـەک تـەحقیر و لۆمـە نـەکرێین. بـەم قسـانـە و زۆر قسـەی دیکـە شـەومان درەنـگ کـرد و لێـی نووسـتین. بـەیانـی خواحافیزەمان لێک کرد و من بـەرەو گاراج و ئـەویش بـە چاوەڕوانـی خزمانـی بانـە لـە هوتێل مایەوە. ئیتر فەتاح ئاغام نـەبینییـەوە هـەتا بیستم لـە سـاڵـی ١٩٨٠دا لـە ناوچـەی حـاجی هۆمـەران بـۆ جـارێکـی دیکـە وەک پێشـمەرگەیـەک لـەپێناو سـەرفرازی نیشـتماندا لـە شـەڕ لـەگەڵ بـەعسی داگیرکەردا شەهید کرا. با ئـەوەش لـە یاد نـەکـەین، بەداخـەوە کـوردان ئـەو

ئەزمونەی شۆڕشی ئەیلولیان وەرنەگرت و جارێکی دیکەش ئەو ڕێبازەیان گرتەوەبەر بەڵام شانسی کورد هێرشی سەدام بۆسەر وڵاتی کوەیت وەزعەکەی بە ئاقارێکی دیکەدا برد.
بۆ بیرهێنانەوە، کاتێ لە پاییزی ١٣٣٨دا کەوتینە ژێر پەلاماری ساواک و ئاوارەی کوردستانی باشوور بووین، لە زەمانی دەسەڵاتی عەبدوالکەریم قاسمدا یەکەم شەو کە گەیشتینە عێراق چووینە ناوچەی باسنێ، سەر بە قەزای شاربازێر، و میوانی کاک فەتاح بووم. ئەو کاتە مامۆستا بوو لە قوتابخانەی باسنێ. جاری دووەم لە گوندی خۆیان لە زییە، سەر بە قەزای شاربازێر، تووشی یەك بووینەوە. لە سەرەتای مانگی شەشی ١٩٦٢دا خۆی ئامادە کردبوو لەگەڵ برا و خزمەکانی بۆ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولدا و توانی بە ئازایەتی و کارلێهاتوویی زۆر زوو بگاتە پلەی فەرماندەهێزی خەبات لە ناوچەی سلێمانی. من ئەم دوو بەشەم بەوردی لە لاپەڕەکانی پێشوودا نووسیوە. ئەوەشم نووسیوە کە جارێکی دیکە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا تووشی دەبمەوە و لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەم. ئەم دیدارە دوایین دیدارمان بوو.

من لە ژیاندا هەمیشە حەزم لە نوێکاری بووە. بۆیە بیرم دەکردەوە کە چۆن ئاڵوگۆڕێک پێک بهێنم. ئەوی ڕاستی بێت بارودۆخەکە وا بوو کە نەمتوانی شتێکی تایبەت و ژیانێکی هێندێ باشتر و ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە ژیانمدا پێك بهێنم، بەڵام لە ئەنجامی بیرکردنەوەدا بەو ئاکامە گەیشتم کە خانووەکەم بفرۆشم و خانوویەکی باشتر دروست بکەم. بەو هۆیە کە پارەیەکی ئەوتۆم نەبوو بۆ دروستکردنی خانوو، بیرم کردەوە مینیبووسەکەم بفرۆشم و ئەم جارە کۆمپرێسییەک (ماشینێکی بارهەڵگر) بکڕم کە لە دروستکردنی خانووەکەدا بۆ هێنانی کەرەسە کەڵکی باشی دەبێ و لە باری داهاتیشەوە باشترە لە مینیبووسەکە. کەوتمە دۆزینەوەی مشتەری بۆ خانووەکەم. زوو توانیم بیفرۆشم لەبەر ئەوەی لەسەر خیابان بوو و دەکرا بەشیک لە حەوشەکەی بکرێت بە دوکان. پوڵێکی باشی کرد. زەوییەکی شەش سەد مەتریم لە میرزا عەبدولقادری سەلیمی لە شوێنێکی باش کڕی. هەرچەند ئەو کاتە هەزار مەترێک دوور بوو لە خانوو و ماڵان، بەڵام خیابانێک تازە بە بەردەمیدا کێشرابوو کە لە ناوەندی شارەوە دەچوو بۆ پادگان. خیابانەکە هەر ئەو ساڵە ئەسفاڵت کرا. لێواری حەساری خانووەکە دروست لەسەر پیادەڕەوی خیابانەکە بوو. ئەکرێت بڵێم دروستکردنی ئەو خیابانە بایەخی زەوی و خانووی سەر خیابانەکەی بەردە سەرێ، بۆیە زیاتر دڵخۆش بووم بە دروستکردنی خانووەکە. پوڵی خانووە کۆنەکەم دانا بۆ دروستکردنی خانووە تازەکە. بڕیارم دا بۆ پاشماوەکەی لە بانك بۆی قەرز بکەم. مینیبووسەکەم فرۆشت. ئەو کۆمپرێسیەی کڕیم لە مارکەی بێنز بوو. بە پارەی مینیبووسەکە نەمدەتوانی کۆمپرێسیەکەی پێ بکرم بۆیە چوومە لای حاجی مستەفای شافعی و داوام لێکرد کە پوڵم بداتێ بە شەریکی کۆمپرێسیەک بکڕین. حاجی بەڵینی دا کە نیوەی پێشقیستی کۆمپرێسیەکە بدات کە بە پێشقیستی بونگا و دروستکردنی جەک و

وەتاغ سەرجەم سەد هەزار تمەنی دەویست. بۆخۆیشم لە فرۆشی مینیبووسەکە پەنجا هەزار تمەنم بۆ دەمایەوە، بەڵام چەند قیستێکی بەسەرەوە مابوو کە دەکەوتە ئەستۆی کڕیارەکە. چووم بۆ تاران بۆ بونگای بێنز. کۆمپرێسیەکی پێنج تۆنی کیلۆمەتر سفرم کڕی بە پێشقیستی هەشتا هەزار تمەن. حەفتا هەزاریم بە قیستی مانگانە لەسەر مایەوە. ئۆتۆمبیلم برد بۆ میکانیکی لە مەیدان خوراسان و وەتاغ و جەکم بە نزیک بە بیست هەزار تمەن بۆ دروست کرد. سەرجەم بە کڕین و خەرجی سەفەرەوە گەیشتە سەد و چەند هەزار تمەنێک. لەم سەفەرەدا دوو حەوتووم پێچوو. گەڕامەوە بانە و دەستبەکار بووم. پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە کاک هەباس ئاغای هاوڕێم، ئەویش مینیبووسەکەی کە بەیەکەوە کڕیبوومان، فرۆشت. ئەم جارەش بە مەبەستی کڕینی کۆمپرێسی، دوبارە هاوسەفەرم بوو و لەو کۆمپرێسیەی من کە هەردوکیان کیلومەتر سفر و ڕەنگیان سوور بوون، ئەویش یەکی کڕێ و بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ بانە و سەردەشت. دوای گەڕانەوەم بۆ بانە یەکەم کارم ئەوە بوو چوومە شارەداری و ئیجازەی دروستکردنی خانوویەکەم وەرگرت. میعماری شارەداری، وەستا ئەحمەد، هات نەخشەی خانووەکەمی دابەزاند. حاجی کەریمی زەرواوی خواروو وەستای دروستکردنی خانووەکەم بوو. حاجی کەریم خۆی تەرتیبی کرێکاری ئەدا و من نێوبەنێو پوڵم ئەدایە و حیسابمان دەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ چەند کەس کە خانوویان دروست دەکرد کۆنتراکتم بەست بۆ هێنانی کەرەسەی خانووەکانیان و ڕۆژانە دەبوو بەشی خانووەکەی خۆم و ئەوانیش بەرد، گڵ، خشتی سوور، چەو، لم و گەچم بهێنایە. لەبەر ئەوە کە شوێنی تایبەت، وەک معدن (کان)، نەبوو بۆ ئەم کەرەسانە و لۆدێر نەبوو کە بۆمان بار بکات دەبوایە هەمووی بە کرێکار بە بێڵ و بە دەست بار کرابان. بۆیە هەموو خاوەن کۆمپرێسییەکان دەبوو دوو شاگرد یان بە واتایەکی دیکە دوو کرێکاریان هەبایە. منیش دوو کرێکارم هەبوون کە یەکیان جگە لەوەی کە کاری بارکردنی ماشینەکەی ئەنجام ئەدا کاری شاگردی ماشینەکەشی دەکرد، وەک کاری گریسکاری و پێداویستییەکانی دیکەی ماشین و هێندیکیش فێری ماشین لێخوڕینم کردبوو و جاروبار بۆ شوێنی ئاسان ماشینەکەم ئەدایە. ئەم دوو کرێکارەش مانگانەم ئەدانێ وەک هەموو کرێکاری ئەو سەردەمە. بەم شێوەیە کار و ژیانم دەچووە پێش. زۆر سەرقاڵی کار بووم. کەمتر کاتم بۆ پشوو هەبوو. ڕۆژانە زیاتر لە دە سەعات کارم دەکرد. دەبوو مانگانە دوو هەزار تمەن قیستی ماشینم بدایە و منداڵم بەخێو کردایە و بەشێکیش پارەم بۆ خانووەکە پاشەکەوت کردایە. هەر چۆنێك بوو، کارەکانم بە باشی دەچوونە پێش. لە پاییزدا خانوو تەواو کرد. بەگوێرەی ئەو سەردەمە خانووەکەم باش بوو. زۆربەی کەرەسەم لە تەورێز بۆ هێنابوو. ئەم خانووەم بە تەواوی بۆ ئیسراحەت و حەوانەوە دەبوو. لە ئاخر و ئۆخری پاییزدا چوومە خانووی تازەوە. بەگشتی خانووەکە عەرزەکەی شەش سەد مەتر بوو و سێ لای حەوشە بوو. لە پێشەوە لەسەر خیابان جێگای چوار دوکانیشی لێ دەبۆوە کە ئەو کات تەنیا دیواری حەوشەکەم دروست کردبوو بەڵام شوێنم بۆ دوکانەکان دیاری کردبوو و هەر کات بمویستایە چوار دوکانی لێ دروست ئەبوو کە دوای ئەوەش حەوشەکەی

هەر گەورە بوو. تێکڕا خانووەکە بۆ ئەو سەردەمەی ئێمە جێگای ڕەزامەندی بوو. کاتێ پاییز بەسەردا هات و ڕێگاوبان بەفر و بارانی لێ باری ئیتر کاری کۆمپرێسی ڕاوەستا و منیش بێکار بووم، لە کاتێکدا هیچ پارەی پاشەکەوتم نەبوو و هەمووی لە خانووەکەدا خەرج کرابوو. قیستی ماشینەکەش دەبوو هەموو مانگێک بدرێت و ژیانی خێزانیش لە سەرووی هەموویانەوە بوو، بۆیە دەبوو هەر چۆنێک بێت بیرم لە داهاتێک بکردایەوە. بەو ئاکامە گەیشتم بچم بۆ گاراجی حاجی بەختیاری بۆلای کاک محەممەدی بەختیاری کە بۆ ئەو زستانە ئەوەندەی ئیمکانی هەبوو جاروبار بارم بداتێ بۆ شارەکانی دیکە. ئەوە لەبیر نەکەم گاراجی بەختیاری کاری هاتوچووی نەفر و هەڵگرتنی باری بۆ شارەکانی دیکە ڕێکدەخست. تەنیا گاراجێک بوو لە بانە کە بۆی هەبوو کاری بارهەڵگرتن ئەنجام بدات. کاتێ چووم بۆلای محەممەدی بەختیاری و داوای کارم لێکرد، گوتی فلان کەس من ئەتوانم حەوتووی جارێک یان دوو جار بارت بدەمێ بۆ هەمەدان بەڵام موشکیلەیەک هەیە کە پێویستە بیزانی، ئەویش ئەوەیە کە کۆمپرێسی تەنیا بۆی هەیە کاری هێنانی کەرەسەی خانوو و ڕێگاوبان بکات، بەڵام ئەوەش چاری ئەوەیە کە لە هاتوچوودا نەکەویتە سەر جادە ئەسڵییەکان. بۆ ئەوەش ئەتوانی لە ڕێگای بیجار- هەمەدان ڕێگایەکی فەرعی هەیە و لەو ڕێگایە کەڵک وەرگری. لەو ڕێگایەدا تەنیا یەک پاسگای ژاندارمری هەیە. ئەویش ئیمکانی ڕێککەوتن لەگەڵیان هەیە کە جاروبار شتێکیان بدەیتێ بۆئەوەی بەری ڕێگات پێ نەگرن. گوتم ئەو کارە ئاسانە، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ سکی برسی خوێن دەکات، مەجبورم بە هەموو کوێرەڕێگایەکدا بڕۆم و خزمەتی سەرکار پاسگاش بکەم تاکو بتوانم ئەم زستانە تەواو بکەم. زۆریش سوپاسی ئەو ڕێنوێنی و هاوکارییەت دەکەم.

بەفر سەر کێوانی گرت. مانگێک دەبوو بێکار بووم. لە گاراجەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم. کە چووم کاک محەممەد گوتی پێنج تۆن بارمان هەیە بۆ هەمەدان. بارەکە مازوو و چەرمە. گوتم زۆر باشە. هەر ئێوارە کۆمپرێسییەکەم بار کرد و بەیانی سەعات هەشت ڕێکەوتم. شاگردەکەم کە ناوی کەریم بوو - یادی بەخێر، بیستم چەند ساڵ لەمەوپێش تەسدیقی پایەیەکی وەرگرتووە و ماشینی گەورە لێدەخوڕێت و تا ئێستا کە ساڵی ٢٠٠٨ـە شۆفیڕی ماشینی گەورەیە و کاروباری باشە- لەگەڵ خۆمدا برد. هەرچەند خاوەنی گاراجی بەختیاری لە بارەی ڕێگاوبانەوە ڕێنوینی کردم بەڵام بۆ دڵنیایی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی شۆفیڕ پرسیاری وەزعی ڕێگاوبانم کرد. گوتیان ڕێگای بانە- سەقز- بیجار- هەمەدان کەمتر پۆلیسی دەکەوێتی و لە هیچ کوێیەک پاسگای پۆلیسی هاتوچووی لێ نییە. مەگەر لە بێ شانسی جارێک پۆلیس بۆ کۆنترۆڵ بچێتە ئەو شوێنانە. تەنیا پاسگای ژاندارمری ناوبەناو لەو ناوچەدا هەیە بەڵام هەموویان لە سەر ڕێگا نین. منیش ئەو جادەم کردە ڕێگای هاتوچووم. یەکەم جار کە ڕۆیشتم لە پەنجا شەست کیلۆمەتری بیجار بەرەو هەمەدان گەیشتمە پاسگایەکی ژاندارمری کە دروست لە سەر ڕێگاکە بوو. چەند سەعاتێکی مابوو بۆ شەو ڕەئیسی پاسگا کە ئیستوارێک بوو لەگەڵ نگهبانی پاسگا بۆ پیاسەکردن هاتبوونە

سەر جادەکە و لەوێ ڕاوەستابوون. کاتێ نزیک بوومەوە بە دەست ئیشارەی پێدام کە ڕاوەستم. ماشینم ڕاگرت. ئیستوار بۆخۆی هات و بەخێرهاتنی کردم. پاشان گوتی خەڵکی کوێی و بۆ کوێ دەچی و بارەکەت چییە؟ گوتم خەڵکی بانەم، بۆ هەمەدان دەچم و بارەکەشم مازوو و چەرمە. گوتی تۆ نازانی کە بۆت نییە بە کۆمپرێسی بار هەڵگریت؟ گوتم بەڵێ دەزانم. گوتی ئەی بۆ یاسات پێشێل کردووە؟ بەکورتی باری ئابووریی خۆم بۆ باس کرد. گوتیشم ناچارم ئەم زستانە هەر بەم ڕێگایەدا هاتوچوو بکەم و ئەگەر سەرکار ئیستوار ئیجازەم بدەی بۆ ئێوەش سوودێکم دەبێ و نانێکیش بۆ منداڵان پەیدا دەکەم. کاتێ بەو شێوە قسەم لەگەڵ کرد بە پێکەنینەوە گوتی منیش ڕازیم بەڵام ئاگات لە ئێمە بێت. گوتم بەسەرچاو. دوایین قسەمان ئەوە بوو کە هەر جارە یەک کیلۆ چایی عێراقی بۆ بهێنم. ئەو کاتە ئێران چاییەکی وای نەبوو باش بێت. خەڵکی ئەو سەرسنوورانە بەشێکیان کاریان هاتوچووی کوردستانی عێراق بوو بۆ هێنانی چایی و هێندێک کەلوپەلی دیکە بۆ پێوستی ژیان. بەو جۆرە ئیستوار ڕێگای بۆ کردمەوە و ڕۆیشتم بۆ هەمەدان. بۆ شەو گەیشتمە هەمەدان. ماشینەکەم بردە گاراج و بۆخۆیشمان چووینە موسافیرخانە. بەیانی زوو هەستاین بۆ کەللەپاچە خواردن. دوای نانی بەیانی بازار کرایەوە. نامەی گاراجی بانەم دا بە گاراجی هەمەدان. حەماڵ هاتن باریان داگرت و بۆ گەڕانەوەش چوار تۆن لۆکەم هەبوو. ئەویش بارکرا و بەرەو بانە گەڕامەوە. لە کرێی ڕێگا ڕازی بووم. لەسەریەک مانگانەکە و قیستی ماشینەکە و ژیانی خێزانیشم بە قەناعەتەوە جێبەجێ دەکرد. لەگەڵ شاگردەکەشم بڕیارمان ئەوە بوو کە بۆ هەر جار هاتوچووی هەمەدان دوو سەد تمەنی بدەمێ، کە بۆ ئەویش بۆ ئەو زستانە خراپ نەبوو. هەموو جارێکیش بۆ ئیستوار کیلۆیەک چایی یان هێندێک سابوونی لۆکس یان ئەو شتانەی کە بۆخۆی داوای دەکردن لە حدودی بایەخی کیلۆ چایەکە بۆمان دەهێنا. بەم پێیە زستانەکەمان بە ژیانێکی سەخت و ناخۆش کە داییم لە مەترسی جەریمەی پۆلیس و سەختی ڕێگای نێوان بیجار و هەمەدان کە زۆر کوێستان بوو و بەفری زۆری لێ دەباری بردەسەر. بەشێکی زۆری جادەی بیجار- هەمەدان گڵ بوو و ئەسفاڵت نەکرابوو بەڵام جادەیەکی ڕەئیسی بوو و داییم لە زستاندا ماشینی بەفرماڵی لەسەر بوو. ئەو زستانەشم گەیاندە بەهار.

## سەرەتای کاری تازە و بیرەوەرییەک لە کاک سەلیمی ئەردەڵان

کۆنتراکتم لەگەڵ چەند کەسێک گرێدا بۆ ئەوەی کەرەسەی خانوویان بۆ ببەم. کەرەسەی خانوو وەک بەرد، چەو و لم، خشتی سوور و ئاهەك. ماوەیەک بەم کارەوە مەشغوڵ بووم بەڵام هەر لە هەوڵدا بووم کە لە شیرکەتێک دابمەزرێم چونکە کارەکەی یەکدەست بوو. زۆر ئەملا و ئەولام کرد هەتا ڕۆژێک ڕاستەوخۆ بۆ ئەم مەبەستە چوومە "شیرکەتی یەکان". شیرکەتی یەکان شیرکەتێکی جادەلێدان بوو کە لە جادەی نێوان بانە و دووچۆمان هەڵکەوتوو لە سەرسنووری نێوان ئێران و عێراق، کاری دەکرد. کاتێك من چوومە لایان بەتەمای درووستکردنی پردەکەی دووچۆمان بوون. دووچۆمان ئەو شوێنەیە کە چۆمی سەردەشت کە بە چۆمی کەڵوێ بەناوبانگە، و لە کۆتایی و داوێنی کێوی بریت ـەوە لەگەڵ چۆمی چۆمان لە نێوان ئالانی سەر بە قەزای شاربازێر و ئالانی سەردەشت یەکدەگرنەوە و دەبنە چۆمێکی گەورەتر. کاتێ گەیشتمە حەساری خانووی شیرکەت تووشی کەسێک بووم بە ناوی کاک سەلیمی ئەردەڵان. خۆمم پێ ناساند و گوتم هاتووم کارم بدەنێ. کاك سەلیم خوڵقی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی. لەگەڵ یەکتر ئاشنا بووین و هەر لە یەکەم دیداردا لە یەکتر حاڵی بووین کە دەکرێت هاوڕێ و یارمەتیدەری یەک بین. کاک سەلیم بەرپرسی بەشی دەزگا قورسەکان بوو، وەک بلدۆزر، گرێدر، تانکی ئاو، باگردێن و چەند دەزگای پێویست بۆ جادە دروستکردن. هەروەها بەرپرسایەتی تەعمیرات و سرویسی ئەو دەزگایانەی ئەکرد و خۆیشی کاری پێدەکردن. کاك سەلیم پیاوێکی خۆشەویست بوو لەو شیرکەتەدا. کاتێك چووم بردمی بۆ ژووری ڕەئیس. کانتینەکەیان لە خانووی حاجی برایمدا بوو کە ناسراو بوو بە حاجی بلە کوێر. ڕەئیسی شیرکەت موهەندسی لە ئاڵمان تەواو کردبوو و ناسراو بوو بە موهەندس حەجەری. کاك سەلیم بە موهەندسی گوت ئەم برادەرە بە ناوی ڕەشید ئەحمەدی، خاوەنی کۆمپرێسییە و دەیەوێ لەم شیرکەتەدا کار بکات، من خۆم ئەیناسم و کەسێکی باشە و ئەتوانێ کارمان لەگەڵدا بکات. موهەندس گوتی بەراوردێکی کارەکان دەکەم و چەند ڕۆژی دیکە وەڵامت ئەدەمەوە. دوایی لەگەڵ کاک سەلیم خان هاتینە دەرەوە و بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی. زیاتر لەگەڵ یەکتری ئاشنا بووین. کاک سەلیم زووتر بیستبووی کە من خەڵکی گوندی کیوەڕۆ بووم و بەشێکی زۆری کارەکانیش لەو ناوچەدا بوون چونکە کانتینێکی دیکەیان لە گوندیساڵەی سەر بە کیوەڕۆ هەبوو کە ڕۆژانە موهەندس و کرێکارەکان لەوێ نانی نیوەڕۆیان دەخوراد. کاک سەلیم جگە لە هاوڕێیەتییەکەی، بۆ هاوکاری لەو ناوچەدا پێویستی بە یەکێکی وەکو من هەبوو لە زۆر بواری کارەکەیدا، بۆیە هەوڵی ئەدا هەر چۆنێک بێت لەو شیرکەتەدا کارێکم بۆ وەدۆزێت و زۆرتر لێک نزیک وەبین. شەوێک کاک سەلیم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی بۆ بەیانی وەرە بۆ دەفتەری شیرکەت کارێکم پێت هەیە. بەیانی هەستام چووم بۆلای. دوای بەخێرهاتن گوتی موهەندس حەجەری وەڵامی دامەوە و کارێکی باشمان بۆ دۆزیەوە ئەگەر پێت خۆشە؟ گوتم هەر کارێکم لە شیرکەت بدەنێ پێم خۆشە و ئامادەم. گوتی پێویستیمان بە بەردی ماڵۆن

هەیە بۆ پردەکانی ناوچەی کیوەرۆ، بەتایبەت بۆ پردە گەورەکەی دووچۆمان. کانی بەردی باشیشم دۆزیوەتەوە لەپشت مووچەی زەڵێ بەدەم کێوی بریتەوە. ئێمە بە بلدۆزەر و گرێدەر ڕێگات بۆ لێدەدەین و دینامیت بۆ تەقاندنەوە لەسەر ئێمە و وەستاکار و کرێکاریش بۆ دروستکردن و ڕێکوپێککردنی ماڵۆنەکان و هێنانیان بۆسەر کار، کاری تۆ بێت. سوپاسی کاک سەلیمم کرد. بردمی بۆلای ڕەئیس و گرێبەستەکەم ئیمزا کرد. بەگوێرەی کاری ئەو سەردەمە باشیان بۆ حیساب کردم. چەند ڕۆژێک ڕاوەستام. بۆ شوێنی بەردەکان چەندسەد مەترێک جادە پێویست بوو کە لە ماوەی چەند ڕۆژدا تەواویان کرد. چووم بۆ گوندی سەرسووڵ و لەگەڵ حاجی برایم کە وەستاکاری خانوو بوو دەربارەی دروستکردنی ماڵۆن لەو کانەدا قسەم کرد و بە تەواوی وەزعەکەم بۆ باس کرد و هەروەها داوای هاوکاریم لێکرد. حاجی برایم زۆری پێخۆش بوو و گوتی کاک ڕەشید، تۆ حەقت بەسەر هیچەوە نەبێت، من خۆم کرێکاری بۆ دەهێنم لە دانیشتوانی سەرسووڵ و زەڵێ، تەنیا کاتێک بەردی ماڵۆنیان ویست وەرە باری بکە و بۆیان بەرە. ئیتر من و حاجی برایم بووینە شەریک لە قازانج و زەرەری ئەو کارە. مانگانە پارەکەی کە لە شیرکەتم وەردەگرت ئەمدا بە حاجی برایم، ئەویش دوای ڕۆژانەی کرێکارەکان قازانجەکەی دووبەش دەکرد. بەردەوام کاری کۆمپرێسییەکەم هەبوو بۆ بردنی ماڵۆن بۆ پردەکان. لەو شیرکەتەدا چەند موهەندس کاریان دەکرد. هەریەک ئەرکێکی لەئەستۆ بوو. یەکێک لەو موهەندسانە کورد و خەڵکی مەهاباد بوو کە بە موهەندس مەحموودی ئەناسرا. ئەرکی مەحموودی چاودێری کرێکار و کۆمپرێسی و دەزگاکان و ئەو کەرەسانە بوو کە ڕۆژانە دەهاتن و بەکاردەهێنران. بەو هۆیە کە ڕۆژانە بەردەوام مەحموودیم دەبینی زۆرتر سەروکارم لەگەڵیدا هەبوو. ئەوە وای کرد کە زۆر لێک نزیک ببینەوە. مەحموودی زۆر ڕێزی بۆ من و کاک سەلیم دادەنا و هەروەک هاوڕێییەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردین. هەردوو لامان زۆر ئیسراحەت بووین لە کاری ڕۆژانەماندا. من بەشبەحاڵی خۆم زۆر ڕازی بووم لەو ماوە کە کارم لەو شیرکەتەدا کرد. دیارە هۆیەکەشی زۆرتر ئەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێیەتی کاک سەلیم و پیاوچاکی موهەندس مەحموودی. بۆ ئەوەی باشتر بتوانم بە کارەکانی شیرکەت ڕابگەم گرێبەستی چەند ماڵێک کە پێشتر لەئەستۆم گرتبوون بە ڕەزامەندی خاوەن خانووەکان ڕەتم کردنەوە و دامن بە هاوڕێیەکی خاوەن کۆمپرێسی. جگە لە کاری ماڵۆن بردن بۆ پردەکان، دەبوو بۆ دروستکردنی پردەکان لە چۆمی کەڵوێ لەحاست گوندی قوڵتێ چەوم بهێنایە کە لە ڕۆژدا زۆر بە زەحمەت دوو کەڕەتم بۆ دەکرا. ڕێگاکە دوور بوو و باری ماشینەکەم قورس بوو و نەمدەتوانی بە خێرایی بڕۆم. هەرچەند لە بانە زیخ و چەو هەبوو بەڵام (مشاورین پارس) زیخ و چەوی چۆمەکانی بانەی پەسەند نەبوو، دەیانگوت چەوەکەی خۆڵی پێوەیە. بەڵام چەوی چۆمی کەڵوێ پاک و باش بوو کە مشاورین پارس قبوڵیان بوو. دیارە کۆمەڵێک لۆدێر و دەزگای دیکە لەسەر چۆمی کەڵوێ ئیشیان دەکرد کە ئەوان هی شیرکەتێکی دیکە بوون بە ناوی (ارک) کە ئەویش کاری ئەو جادەیەی دەکرد و دەیانویست لە سەردەشتەوە بێن بۆ سەر دووچومان. جادەیەکی نیزامی بوو کە بڕیار بوو لە تەواوی سنووری نێوان ئێران و عێراقدا دروست بکرێت و لە

تێکڕای سنوورەکان دەستبەکار بووبوون بەڵام حکومەتی شا نەگەیشت تەواوی بکات کە بۆی دەرچوو. دواتر حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەهۆی شەڕی ئێران عێراقەوە ڕایگرت و ئیتر نازانم ئاخۆ ئێستا تەواو کراوە یان نا.

موشاورین پارس کێ بوون و کاریان چی بوو؟ موشاورینی پارس لە کەسانێکی موهەندس و شارەزا پێکهاتبوو کە لە کاری جادەوبان و ئەسفاڵت کردن، خانوو، پرد، تونێل و ئەو جۆرە کارانە شارەزا و پسپۆڕ بوون. ئەم گروپە لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بنکە و دەفتەریان هەبوو و تەواوی ئەو کارانەی کە حکومەت ئەیدا بە شیرکەتەکان لەژێر چاودێری ئەواندا بوو و دەبوو ئەوان پەسەندی کار و کەرەسەکانیان بکردایە لە دەسپێکەوە تا کۆتایی. هەروەها دەبوو ئەوان ئەو پرۆژەیان پەسەند بکردایە. ئەوان نوێنەری حکومەت بوون لەو بەشەدا کە باسم کرد. دەبوو ئەوان پەسندی کارەکانیان قۆناخ بە قۆناخ بکردایە. ئەو کات شیرکەتەکان ئەیانتوانی قیستی پارەکەیان و دوایین پارەیان وەرگرتایە. ڕۆژێک کاک سەلیم گوتی موهەندس حەجەری پێی گوتووم کە خانوویەکی گەورەتر و باشتری لەوەی ئێستامان بۆ دەفتەری شیرکەت بۆ پەیدا بکەم. ئێستاش ئێوە لە من شارەزاترن لە شارەکە، بزانە بەهۆی دۆستانەوە خانوویەکی باشمان بۆ پەیدا ناکەیت. گوتم هەوڵی خۆم ئەدەم بزانم چۆن دەبێت. هاتمەوە ماڵێ لەگەڵ دایکی منداڵان بیرمان لێکردەوە کە ئێمە بەهۆی دروستکردنی ئەو خانووە کۆمەڵێک قەرزی بانکمان لا ماوە. بۆئەوەی قەرزەکان بڕێک سووک بکەین دەتوانین خانووەکەمان بۆ ماوەی ساڵێك بدەین بە کرێ و خۆمان بچینە خانوویەکی هەرزانترەوە. هەردوو لا ڕازی بووین بەوە کە خانووەکەمان بدەین بە شیرکەت. ڕۆژی دوایی بە کاک سەلیمم گوت من خۆم خانوویەکی تازە و باشم هەیە کە هەم جێگاکەی هەم خانووەکە خۆی بۆ شیرکەت باشە، ئەگەر کرێیەکەی باشم بەدەنێ ئەوا بۆ ماوەی ساڵێك ئەیدەم بە شیرکەت. کاک سەلیم گوتی زۆر باشە، قسە لەگەڵ موهەندس دەکەم، دڵنیام کە زۆری پێ چاک دەبێت چونکە من خانووەکەی تۆم دیوە و هەموو مەرجەکانی بۆ شیرکەت باشە. چەند ڕۆژی پێچوو موهەندس بانگی کردم بۆ دەفتەرەکەی و گوتی ئاغای ئەحمەدی، بیستوومە خانووەکەت ئەدەی بە کرێ. گوتم کاک سەلیم پێی گوتم کە خانوویەک بۆ شیرکەت پەیدا بکەم، منیش پێشنیاری خانووەکەی خۆم کردووە بۆ ماوەی ساڵێک. ئەگەر جەنابتان ڕازین ئەوا ئەتوانی ببینی. هەر ئەو کاتە چووین بۆ دیتنی خانوو. موهەندس لێی ڕازی بوو و مانگی بە هەزار و حەوت سەد تمەن پێم دان. ئەو کرێیە پارەیەکی باش بوو. منیش بۆخۆم خانوویەکم مانگی بە سێ سەد تمەن بەکرێگرت و بڕیارمان دا بۆ ساڵێک هەر چۆنێک بێت قەناعەتی پێ بکەین. مانگ تەواو نەبوو خانووەکەم چۆڵ کرد و شیرکەت چووە ناوی. ئەو ساڵە بە کارکردن لە شیرکەت و کرێی خانووەکەم هەناوێکم بە بەردا هاتەوە و هێندێک پارەم کە لە بانك قەرزکردبوو ئەویشم دایەوە و تەنانەت توانیم لە کۆتایی ساڵدا هێندێ پارەیش پاشەکەوت بکەم بۆ کاتی بێکاری و پشوودان یان کورتە سەفەرەکان، وەک سەفەرێکی یەك حەوتوویی بۆ دەریای ورمێ و سەیرانگاکانی دیکە کە ساڵانە لەگەڵ بنەماڵەدا ئەچووین. منداڵەکان لە باری دەرس و مەدرەسەوە چووبوونە پێش و بۆخۆیشم بە

باشـی چـاودێریم دەکـردن. دایکیشـیان بـۆ هـاتوچووی مەدرەسـە و پێڕاگەیشـتنی ژیانیـان ئـەوپەڕی هـەوڵـی خۆی ئـەدا. پێم خۆشـە یادێـک لـە کـاک سـەلیمی ئـەردەڵان بکەمـەوە. کـاک سەلیمی ئـەردەڵان لـە ئاغاوتـی سـەقز بـوو، ناسـراو بـوو بـە سـەلیم خـانـی ئـەردەڵان. هـەروەک پێشتر باسـم کـرد، لـە شـیرکەتێکی جادەلێدان بـە نـاوی یـەکـان لـە بانـە کـاری دەکـرد. وەک پیـاوێکی زەحمـەتکێش و کرێکـارێکی بـەتوانا لـە سـاڵـی ١٣٥٥ی هەتاوییـەوە هـەتا ڕووخـانـی ڕێژیمـی پاشـایەتی ماوەیـەک بەیەکـەوە هەریـەک بـە شـێوەیەک کارمـان کـرد. لـە ڕووخـانـی حکومــەتـی حـەمــەڕەزا شــادا مــن وەک پێشـمەرگەیەکی سـەردەمی پێشـتر و خـەباتگێڕێك بەگوێرەی توانام لە شاری بانە دەوری خۆم هـەبوو -کـە دواتـر بـەوردی دەچمـەسـەری. دوای ڕووخـانـی ڕێژیمـی شـا کـاک سـەلیم هـاتوچوو و نزیکییـەکی زۆری لەگـەڵ منـدا هـەبوو. لـەو بوارەشـدا مـن هـانم دا بێتـە نێـو ڕیزەکـانی حیزبـەوە. ئـەوە بـوو کـاک سـەلیم هاتـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی حیزبـەوە و بـوو بـە بەرپرسـی کاروبـاری ئـەو ڕێگاوبانانـەی کـە حیـزب مەبەستی بـوو لـە بەرژەوەنـدیی شۆڕش و پێشـمەرگە و هێنـدێ جێگـای تایبـەت بـۆ خـەڵک دروستی بکات. دوای تەواوبوونی ئەو کارەی بەهۆی ئاوارەبوونی حیزب بۆ کوردستانی عێراق کاک سەلیم بوو بە بەرپرسی نەخۆشخانەی حیزب لە شارۆچکەی کارێزە لە قەزای شـاربـاژێر سەر بـە پارێزگـای سلێمانی. کـاک سـەلیم لـە مـاوەی چەنـد سـاڵدا خزمـەتێکی زۆری کـرد بـە بزووتنـەوەی گـەلی کـورد و وەک پێشـمەرگە و کـادرێکی کارامـە و بـەتوانا لـە چەنـد پۆسـتی بـەرچاودا کـاری کـرد. ئـەو زۆر دڵسۆزانە و بـە مەسئولیەتەوە کـار و ئـەرکی پێشـمەرگایەتی بەجێدەگەیانـد. سـەرئەنجام وەک هـەزاران کـورد و پێشـمەرگە و کـادری هـەموو لایەنـەکانی کوردستان ئەویش بۆ پشوودانێک بەرەو ئەوروپا لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا ڕۆیشت بۆ تورکیە کـە لـەوێوە بـڕوات بـۆ یـەکێک لـە وڵاتـەکانی ئـەوروپا، بـەڵام بەداخـەوە ئـەوەنـدە لـە تورکیـە نەمایـەوە کـە وەک دەیـان ڕۆڵـەی دیکـەی گەلەکـەمان دەزگـای بـەناو ئەمنیـەتی تورکیـەوە (میت) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەیدا تەحویلی ئێرانی دانـەوە. ئـەو هاوڕێیانـەی لەگـەڵـی بـوون ئـەوەنـدی مـن بـزانم کـاک ئـەنوەر خـانـی سوڵتانپەنا خـەڵکی سـەقز، هاشـمی مسگـەری خــەڵکی بانــە و مەنسـوری ئەسـراری خــەڵکی بانــە بــوون. ئــەو هاوڕێیانــەی کــاك ســەلیم هـەموویان ئـەنـدامی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران بـوون کـە بـەگشـتی ماوەیـەک لـە بەندیخانـەی کۆمـاری ئیسلامیدا مانـەوە و دوای هێنـدێ ئـەزیـەت و ئـازار ئـازاد کـران. کـاک ســەلیم لــە ماوەیــەکی زوودا دەسـتیکردەوە بــە کــاری خــۆی لــەنێو شــیرکەتەکاندا. بــەهۆی لێهاتوویی لە کاری خۆیدا توانی زۆر زوو ژیانی خۆی ڕێکخاتـەوە و داهـاتێکی باشـی هـەبێت، بەڵام بەداخەوە لە ١٣٨٠/٣/٥دا بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبیل لە جەزیرەی قشم گیـانی لـەدەست دا. وەکو ئاگادارم و لە نزیکەوە ئەیناسم، هاشمی مسگەریش پێشمەرگەیەکی ئازا و بەتوانای حیزب بوو لە پلەی سەرپەلیدا و چەندین ساڵ خزمەتی کرد بـە گـەل و نیشتمانی. هـەروەها دوای تـەحویلدانــەوەی لەلایـەن میتــی تورکیــەوە بــە ئێــران نــاوبراو وەفــادار بــە حیــزب و گەلەکەی مایەوە تا لەو ئاخرایانە ئەویش کۆچی دوایی کرد. کاک ئەنوەر خـانـی سولتانپەنا بەدوای تەحویلدانەوەی بە ئێران لەلایـەن میتـی تورکیـەوە ماویـەک لـە ئێران زینـدانی کـرا.

کاتێ ئازاد بوو بەردەوام لەژێر چاودێری پۆلیسی ئەمنیەتیی ئێراندا بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی خۆی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرێدایەوە. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوە کە نەیتوانی لەژێر دەسەڵاتی دوژمندا بژیێت، بۆیە ناچار بوو دوبارە ئاوارەی هەندەران بێتەوە و ئێستا وەک پەنابەرێکی سیاسی لە وڵاتی نورویژ نیشتەجێیە. هەتا نووسینی ئەم بیرەوەرییە کە من ئاگام لێی بێت لە یەکێک لە کۆمونەکانی دەوروبەری ئۆسلۆ، پێتەختی نۆرویژ، دەژیت. من خۆم بەهۆی دووربوونم لەو هاوڕێیانەی کە ناویان هات، ئاگاداری وەزعیان نەبووم بۆیە لەگەڵ کاک ئەنوەر خانی سوڵتانپەنا قسەم کرد و بەم شێوەیە بۆی باس کردم.

هەروەک پێشتر باسم کرد، کۆنتراکتی خانووەکەم بۆ ساڵێك بوو. ساڵەکە تەواو بوو. شیرکەت خانووەکەی بۆ چۆڵ کردم. منیش چوومەوە ناوی و وەک ساڵانی پێشوو درێژەم بە کاری ڕۆژانە دا. کاری شیرکەت بۆ من تەواو بوو، بۆیە دەستم کردەوە بە کاری ماڵان. زۆر سەخت و ناخۆش بوو. کەرەسەی خانوو، بەتایبەت بەرد، زۆر کەم بوو. سێ کانی چکۆلەی بەرد لەم دواییانەدا دامەزران. یەکیان لە نزیک گوندی سوێرویێ بوو. خاوەنی کانەکە حاجی عەبدوڵڵای خدری بوو. کانی دووەم لە نزیک گوندی ڕەشەقەڵات بوو. خاوەنەکەی وەستا ئەحمەدی مێعمار بوو. کانی سێیەم لە نزیک گوندی چیچۆران بوو. خاوەنەکەی حامید بەگی سەرحەدی بوو. حامید بەگ دوای ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پلەی سەردەستەییدا چەند ساڵێک مایەوە و پاشان خۆی تەحویلی ڕێژیم دایەوە. برایەکی حامید بەگ بە ناوی مەجید بەگی سەرحەدی، لە نەبەردێکی قارەمانانەدا لەگەڵ سوپای پاسداران لەگەڵ دوو هاوڕێی پێشمەرگەی دیکەدا بە ناوەکانی حەسەن دیموکرات و محەممەد ئەمین مەعروفی لە نزیک گوندی بۆیەن لە دە کیلۆمەتری شاری بانە شەهید کران. هەروەها ڕۆژی دواتر لەدرێژەی ئەو شەڕەدا حەمەئەمین بەگی دیواندەرە لە پلەی سەرپەلی و شەریف شێخی وەک پێشمەرگە و هەردوو خەڵکی گوندی بیاندەرە لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە هێرشی سوپای پاسداران بۆسەر ناوچەکە بە مەبستی پێگە زیادکردن بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی ناوچەکە، شەهید کران. دەگەڕێمەوە سەر باس و کاری ڕۆژانەم. ئەو سێ کانە بەردە وەڵامدەری پێداویستی و کەرەسەی خانووی بانە نەبوون لەبەر ئەوە هیچ کانێکیان لە ڕۆژدا نەیدەتوانی لە چەند سرویس بەرد زیاتر ئامادە بکات. کاری ئەو سێ کانە بۆ سێ کۆمپرێسی زیاتر نەدەبوو ئەویش زۆرتر بە کۆمپرێسی خۆیان بار دەکران مەگەر جاروبارێک سرویسێک بەر کۆمپرێسیەکانی دیکە بکەوتایە. بۆیە ناچار بووین دوور بکەوینەوە بۆ کێوی کەلیخان و شوێنەکانی دیکە. ئەویش گرفتێکی دیکەی بۆمان هەبوو. ئیدارەی (جنگلبانی) نەیدەهێشت لە هیچ کوێیەک بەرد بهێنین و بەپێی یاسا تەنیا ئیجازەمان بوو لە کانەکان بەردمان بار کردایە ئەویش دەبوو وەرەقەیەکی کانەکانمان پێبوایە دەنا لە هەر کوێیەک گاردی جەنگەڵبانی تووشمان بوایە یەکسەر دەیانبردین بۆ داوێن کێوی ئاربەبا. لەوێ زەوییەکی جەنگەڵبانی هەبوو، بەردەکەیان لەو زەوییەدا پێ هەڵدەڕشتین، لە کاتێکدا ئەو سرویسە

بەردە بە پارەیەک کڕابوو و حەقی کرێکاری لێدرابوو و چەند سەعات کاتیشی بردبوو. بەڕاستی گاردی جەنگەڵبانی و ژاندارم بەتەواوی ماندوویان کردبووین و کەوتبوونە ئەزیەت و ئازارمان و کاسپیمان لێ حەرام کرابوو. ڕۆژێک لە چۆمی یاکوباوا چەوم بار کردبوو. لە کاتێکدا هێشتا چەوەکە ئاوی لێ دەچۆڕا کاتێ گەیشتمە بەر پاسگای زەرواو ژاندارم ڕایانگرتم و هێندێک بە شیشی ئاسن لە چەوەکەیان ڕۆکرد بەدوای قاچاخدا. بەوەش ڕازی نەبوون گوتیان بۆ ئەوەی دڵنیا بین دەبێت چەوەکە کۆمپرێسی کەیت بۆ سەر جادەکە لە بەردەم پاسگادا. هەرچەند داوام لێکردن کە من سابیقەی کاری قاچاخم نییە بەڵام بۆ ئەزیەتکردنم قبوڵیان نەکرد. بۆئەوەی خۆم تووشی قسە و گیروگرفتی ژاندارمان نەکەم بێدەنگەم لێکرد و بارە چەوم هەڵڕشت. کاتێ بینیان هیچی تێدا نییە گوتیان باری کەرەوە، بەردەم پاسگای گرتووە. منیش بە قانا چووم و گوتم باری ناکەمەوە، بۆ ئێوەی بەجێدێڵم. ویستم بڕۆم هەر ئەوەندەم خۆشی بوو بۆم هاتن کە لێمدەن، کە زانیم بێ شەرمن ناچار بووم بە کرێکارەکانم گوت باری کەنەوە. بەشێک لە کاتی ئەو ڕۆژەم بەو جۆرە ڕۆیشت. زۆر جاری دیکەش بارە بەردیان لە زەوییەکەی جەنگەڵبانی پێ هەڵڕشتووم. گاردەکانی جەنگەڵبانی لەگەڵ هێندێک لە شوفیرەکان ڕێککەوتبوون. ئەگەر بە ڕۆژیش جاروبار بارەکەیان پێ خاڵی کردنایە شەوێ لە درنگانێکدا بەردەکەیان بارەکردەوە و پارەیەکیان لە شۆفیرەکە وەردەگرت. من بەو شێوە هەڵسوکەوتە لەگەڵ کاربەدەستان ڕازی نەبووم، چون ئەو کارانەم بە کارێکی دروست نەدەزانی. من سابیقەی ئەو کارانەم نەبوو بەڵام هەبوو لە شۆفیرەکان زۆر جار ڕێکەوتووە لەنێو بارە بەرد و کەرەسەی دیکەدا شتی قاچاخیان هێناوە بۆ نێو شار بۆ خاوەن دوکانەکان. بەو هۆیەوە ژاندارم و گاردی جەنگەڵبانی لە هەموو ئێمە گومانیان هەبوو. ئەو حاڵەتەش وای کردبوو کە زۆر جار گیروگرفتی لە کاری ڕۆژانەماندا پێکدەهێنا، لە حاڵێکدا ئەو کارە تەنیا چەند شۆفیرێک دەیانکرد کە خزمەکانیان دوکانیان هەبوو و پێویستیان بەو جۆرە کەلوپەلانە هەبوو کە لە عێراقەوە بە قاچاخ دەهاتن. باقی خاوەن کۆمپرێسییەکانی دیکە جەزاکەمان ئەدا. حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە کەمتر ئەو شۆفیرانەیان لە پاسگاکان ڕادەگرت لەبەر ئەوەی ئەوان لەگەڵیان ڕێککەوتبوون و یەکتریان دەناسی. بۆ باقی شۆفیرەکانی دیکەی وەک من و ئەمسالی من ژاندارم ویژدانی نەبوو و بۆیشی گرنگ نەبوو بارە چەوەکەت پێداگریت و پێیشت بار بکاتەوە بێ ئەوەی ویژدانی نارەحەت بێت. هەموو شت لای ژاندارم پارە ساندن و ئەزیەتی خەڵکی بوو و بەس. ساڵانێکیش بەم شێوەیە کارم کرد و بژیوی خێزانم پەیدا کرد. بە ژیانی کرێکاری ڕاهاتبووم. بۆم خۆش بوو کە ئەمتوانی بە عارەقی نێوچاوان ژیانی خۆم دابین بکەم. قەرزی کەسم بەسەرەوە نەمابوو. وەک خۆم بزانم کەسم لێ دڵگران نەبوو. کاسبکاری ماڵی خۆم بووم و بە ژیانێکی سەربەرزانە بێ ئەوەی چاوم لە دەستی کەس بێت دەژیام و پلەی ژیانیشم مامناوەندی بوو.

## سەرهەڵدان لە شارەکانی ئێران و بەشداریم لە شورای شاری بانە

ئەوەی کە لەو سەردەمەی دواییدا جێگای خۆشحاڵی بوو ئەوە بوو کە نیشانەکانی جووڵانەوەیەکی نوێ و ڕاپەڕین و سەرهەڵدان لەدایکبووندا بوو. ڕاپەڕین وردەوردە لە شارەکانی ئێران سەریهەڵدا. هەر ڕۆژە لە شارێکی ئێران نارەزایەتی بە شێوەی ڕێپێوان دژ بە حکومەتی شا دەستیپێدەکرد. بەتێکڕا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد، زۆر خۆشحاڵ بوون لەوەی کە چاوەڕوانی دەکرا حکومەتی شا بڕووخێت. بەڵام دیار نەبوو کە دوارۆژی ئێران بە چ لایەکدا ئەڕوات. ئەوەی کە ئەو کاتە بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لەدەست دامودەزگاکانی ئێران بەتایبەت ساواک و ژاندارم، جێگای دڵخۆشی بوو ڕزگاربوون لە چنگ ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی بوو. هەر ئەو ئامانج و داخوازییە بوو کە گەلانی ئێران لە سەرانسەری وڵاتدا یەکدەنگ گوتیان بڕووخێ ڕێژیمی پەهلەوی. سەرەتا لە پێتەخت و دوایی لە تەورێز و ئیسفەهان سەرهەڵدان بە شێوەی جۆراوجۆر هاتە ئاراوە. ئیتر هەر ڕۆژە لە شارێک ڕێپێوان و خۆپیشاندان شەقامەکانی دەهەژاند. ئەوجار بە سووتاندنی سینەما، مەشروبفرۆشییەکان، کافە و کابارەکان درێژەی کێشا. داگیرسانی ئەم شۆڕش و سەرهەڵدانە لەلایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانەوە هاتە ئاراوە بەڵام دەکرێت بڵێین کە بەشی زۆری ڕێکخەری سەرهەڵدانەکان لەڕێگەی مەلاکان و ئیسلامییەکانەوە دەستیپێکرد. دەسپێکی ئەم سەرهەڵدانە سەرەتا لەسەر داوای ئایەتوڵڵا خومەینی وەک سەرۆک و باوەڕپێکراوی بەرەی ئیسلامی، بەتایبەت شیعە، هەڵگیرسا. دیارە لەمێژ بوو ئیسلامییە شیعەکان بە نهێنی ڕێکخراوی بەهێزیان بەتایبەت لەنێو بازاڕیانی تاران، قوم و ئیسفەهان و باقی شارە شیعەنیشینەکاندا پێکهێنابوو. بە دەیان ئاخوندیان لە شارە سوونینشینەکانی کوردستان و شوێنە سوونینشینەکانی ئێران لە زەمانی شادا تەبعید کردبوون. بۆ نمونە خەڵخاڵی، جەلادی بەناوبانگی ڕۆڵەکانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد، بۆ شاری بانە و هاشمی ڕەفسەنجانی بۆ شاری سەقز تەبعید کرابوون و هەتا ڕووخانی شا ناوبراوان هەر لە شاری بانە و سەقزدا مانەوە. ئایەتوڵڵا خومەینی لە زەمانی شادا سەرەتا تەبعید کرا بۆ عێراق و دواتر لە فەرانسە نیشتەجێ بوو. خومەینی لەڕێگەی ڕادیۆ لەندن و ڕادیۆ فارسیزمانەکانی دەرەوەی وەڵات بەرنامەی ئەدا بۆ ڕێپێوان و ڕاپەڕین بە دژی حکومەتی حەمەڕەزا شا. بە باوەڕی من وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا کە دۆستی دێرینی ئێران بوون، لەپشت ئەو جووڵانەوە جەماوەرییەوە بوون و چرای سەوزیان پیشان خومەینی و خەڵکی ئێران دابوو بۆیە سوپای ئێران زۆر لاواز و بە گومانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناڕازییەکانی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی دەکرد. نەیدەزانی چی بکات و لە مانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی پەهلەویش بێ هیوا بووبوو دەنا هەروا ئاسان نەبوو بە چەپڵە و داوای خومەینی و ئاخوندەکان حکومەتی شا بەو هەموو سوپا و دامودەزگایەی لە ماوەیەکی کورتدا بڕووخێت. دیارە هێزی گەل بە کەم ناگرم و دڵنیام هەر گەلێک یەکدەنگ بیهەوێ ئەتوانێ

حکومەتە دیکتاتۆرەکان بڕووخێنێ بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە حکومەت زاڵ بوو بەسەر خەڵکدا بە بوونی سوپایەکی بەهێز و ساواکێکی دڕندە و دەزگاکانی دیکەی وەکو ژاندارم و شارەبانی کە هەموویان پشتیوانیان لە ڕێژیمی شا دەکرد، یەکدەنگکردن و ڕێکخستنێ خەڵک لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا ئەگەر پشتیوانی هێزی دەرەوەی لەگەڵدا نەبوایە ئەو یەکدەنگی و ڕێکخستنە هەروا ئاسان نەبوو کە هەموو گەلانی ئێران یەکدەنگ بڵێن بڕووخی حکومەتی شا. هەروەک هەموومان ئاگادارین، خومەینی ماوەیەک بوو هاتبووە فەرانسە و کەوتە هاندانی خەڵکی ئێران. جا ئەگەر دەستێکی دیکە لەپشتەوە بۆی ڕێکنەخستبێت نە دەنگی بە گوێی خەڵکی ئێران دەگەیی و نە بەو شێوەیەش خەڵک حیسابیان بۆ قسەکانی دەکرد و نە کاریگەریشی بەو شێوەیە هەبوو. بەڵام کاتێ چەرخی زەمان گۆڕا و سیاسەت و بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە ئاڵوگۆڕی سیاسەتدا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبوو، زۆر بە ئاسانی ئاخوندێکی وەك خومەینی بۆ دروست دەکەن. دیارە ئاڵوگۆڕەکان بەوەشەوە ناوەستن، ئەو جۆرە سیستەمانە بۆ ماوەیەکی کاتی و بۆ سەردەمێک کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و لە مەیداندا ئەیانهێڵنەوە و دواتر ئەوانیش دەبێ بۆی دەرچن. بەڵام ئێستا نەگەیوەتە کۆتایی داستان، با چاوەڕوان بین بۆ پاشماوەکەی و بزانین بە چ لایەکدا ئەکەوێت.

ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران نەك هەر بۆ بەرژەوەندیی گەلانی ئێران و ناوچەکە نەهاتە سەر کورسی دەسەڵات، بگرە زۆریش هەوڵی داوە کە مافی گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد، پێشێل بکات و ئاژاوەشی بۆ ناوچەکە بە ناوی ئیسلام دروست کردووە و دەیەوێ هەموو جۆرە ئازادییەک بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە بخاتە مەترسییەوە و ئێرانیش بە سیستەمێکی وەک سەدەکانی نێوەڕاست ببات بەڕێوە، کە بۆ ئەم سەردەمە زۆر سەخت و دژوارە و ژیانی بەتەواوی لە خەڵکی ئێران ناخۆش کردووە. تەنانەت ویستوویەتی و ئەیەوێ ئەو سیستەمە کە خۆی حەزی لێدەکات بە ناوی مەزهەبی شیعەی دوازدەئیمام و دینی ئیسلامەوە بۆ وڵاتانی دیکەش بنێرێت. هەرچەند پێم وایە دەسەڵاتەکەی کاتییە و تەمەنی کەم دەبێت چونکە ناکرێت بەو پێوانەی ئەوان لەم سەردەمە نوێیەدا وڵات بەو شێوە بەڕێوەبچێت. لەبەر ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ناوچەکە لەوە زیاتر ناتوانن ڕازی بن بەو سیستەمە داتاشراوەی ئەوان و بێگومان درەنگ یان زوو دەبێت بڕوات. جا لێرەدا ئەوەی کە مەبستی منە ئەوەیە لە کاتێکدا کە حکومەتێکی ئاژاوەگێڕی ئاخوندی لە ناوچەکەدا دروست بوو لەلایەکی دیکەشەوە ئاڵوگۆڕێکی زۆریش بە قازانجی هێندێ لایەن و بە زیانی هێندێ لایەنی دیکە لە ناوچەکەدا هاتە ئاراوە. ئەو ستراتیژیەی کە زلهێزەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا بۆ ناوچەکە دایانڕشتووە بە هاتنی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاڵوگۆڕەکان تەواو نابێت بەڵکو بینیمان کە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی دیکەی لێکەوتەوە، وەک شەڕی هەشت ساڵەی ئێران- عێراق، پەلاماری سەددام حوسێن بۆسەر وڵاتی کوەیت لە ١٩٩١دا و پاشەکشەپێکردنی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی، ئازادکردنی ئەفغانستان لە

دەسەڵاتی تالیبان و ئازادبوونی بەشێک لە خاکی کوردستان واتە کوردستانی باشوور، کە دەکرێت بڵێم تا ئێرە واتە ئاخری ٢٠٠٨ بە قازانجی کورد بووە. ئەو ئاڵوگۆڕە لە ناوچەدا دروست بوو، بەتایبەت هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆسەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە تاوانی لەدەستدابوونی چەکی ناوکی و ڕووخانی سەددام حوسێن کە گەلی کوردی گەیاندە قۆناخێکی نوێترەوە و ئەم جارە گەلی کورد لە کوردستانی باشوور بەگشتی لە بازنەی بەرژەوەندیی خۆی و زلهێزەکاندا جێگای خۆی کردەوە و بوو بە هاوپەیمانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی. دیارە ئاڵوگۆڕەکان زۆر شت لەخۆدەگرن وەک ئیسلاحات لە تەواوی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە هەر یەک بە شێوەیەک لە شێوەکان گرتوویەتیەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرەو پێشتر ئەڕوات. بۆ تیشکخستنەسەر ئەم بۆچوونە هێندێ دەگەڕێمەوە بۆ دواوە، ئەو کاتە کە ئاخر و ئۆخری دەسەڵاتی حکومەتی حەمەڕەزا شا بوو لە ئێران. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەچاو ئێستا ئاڵوگۆڕێکی زۆریان بەسەردا هاتووە. زۆر بەرچاوە کوردەکان ئەو سەردەمە لەژێر گوشاری پەیمانی ئەلجەزایردا تەواو لاواز بوون. بۆ نمونە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەبعید و کەوتبووە پەراوێزەوە لە بەغدا و جەماعەتێکی زۆر کەمیان مابۆوە کە بەشی زۆریان لە بەغدا دەژیان و حکومەتی عێراق ڕێگای هیچ چەشنە چالاکییەکی دژی ئێرانی پێ نەئەدان بەڵکو چاوەڕوانیشی لێ ئەکردن کە دژ بە شۆڕشی ئەیلولی خنکێنراو دژایەتی بکەن کە بە حەق خۆڕاگری سەرکردایەتی ئەودەمی حیزبی دێموکرات ئەو دژایەتییەی نەسەلماند بۆیە بە ناچار ژیانێکی سیاسیی لاواز و بێدەنگی هەڵبژاردبوو. جەماعەتی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق بەتەواوی ڕێکخستنەکانی لێکهەڵوەشابوون و وەک پەنابەر لە بەشێکی زۆر لە شارەکانی کوردستانی ئێران و شارەکانی دیکەی ئێران لە ئۆردوگاکان دەژیان و سەرکردایەتییە بێدەسەڵاتەکەیشی لە شارۆچکەی کەرەج نیشتەجێ بوون. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش تازە لەدایکبووبوو و هێشتا بەتەواوی پێی هەڵنەگرتبوو و هەموو چالاکییەکانی ئەوە بوو کە سەرکردایەتییەکی لاوازی لە بوارای ئابووری و نیزامیدا هەبوو و چەند مەفرەزەیەکی سەرەتاییشی پێکهێنابوو و چالاکییەکانیان تەنیا ئەوە بوو کە بە جەولەکردن بەسەر سنووری سەردەشت، بانە، مەریوان هەتا هەورامان و جاروباریش هێندێک بۆ نێو قووڵایی کوردستان ئەڕۆیشتن و بۆ حەسانەوەیش دەهاتنەوە بۆ بنکەی سەرکردایەتییان کە لە نزیک گوندی سوونێ لەسەر سنوروی ئێران عێراق بوو. لەم جەولانەدا لە مانگ تا دوو مانگیان پێدەچوو. ئەو جەولانەش جگە لە کات تێپەڕاندن چالاکییەکی وا بەرچاویان نەبوو کە حکومەتە داگیرکەرەکان، بەتایبەت حکومەتی سەددام حوسێن، حیسابیان لەسەر بکەن. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە حکومەتی ئێران بەگوێرەی پەیمانی ئەلجەزایری نێوان شا و سەددام سوپایەکی زۆری هێنایە سەر سنوورەکان بۆ لێدانی ئەو پێشمەرگانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بێگومان ئەگەر شا نەڕووخایە بە سوپای ئێران و عێراق ئەو جەماعەتەیان وەک هێزی پێشمەرگە لەنێودەبرد. لەو سەردەمەدا ئەوەی کە دەمایەوە تەنیا چالاکیی سیاسی بە شێوەی نهێنی

دەبوو. ئەم قسەیەی من بەو مانایە نییە کە چالاکیی کورد و هێزە سیاسییەکان لەبەین دەچوون بەڵام بۆ ئەو بەشە زەمانییە بۆ ماوەیەک لاواز دەبوو و بە ئاشکرا لە مەیدانەکەدا نەدەمایەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئێران و عێراق وەکو دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ لە ناوچەکەدا لەسەر ملی کۆمەڵانی ئازادیخواز بووبوونە دێوەزمە و کەس هەناسەی دەرنەدەهات. بە تێکڕایش حکومەتەکانی دیکەی دەوروبەر هەموویان هەریەک دیکتاتۆرێک بوون بەرامبەر خەڵکی خۆیان، بەڵام ئاڵوگۆڕ لە ئێران واتە ڕۆیشتنی شا لەسەر کورسی دەسەڵات و هاتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران زۆر ئاڵوگۆڕی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا. سەرەتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هێزێکی ئەوتۆی نەمابوو کاتێ هەستیان بەو ئاڵوگۆڕە لە ئێراندا کرد سەرکرادیەتییەکەی بە نهێنی گەڕایەوە بۆ ئێران و شارەکانی کوردستانی ئێران و هەریەکەش لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ چالاکی و ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانیان بە شارەکانی کوردستانی ئێراندا بڵاوبوونەوە و دەستیانکرد بە خەبات و تێکۆشان. وای لێهات ئەم حیزبە بوو بە هێزێکی جەماوەری و پێکهاتوو لە هەزاران پێشمەرگە و هێزی بەرگری لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەورەترین پێگەی لەنێو خەڵکی کوردستاندا پێکهێنا. حیزبی دێموکرات خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و توانی لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا کۆمیتەکانی بە ئاشکرا دەست بە کاری سیاسی بکەن. هەروەها لە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ پارلەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەشێکی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان دەنگی هێنایەوە. هەر لەو سەردەمەدا چەند حیزبی دیکە لە کوردستان لەدایک بوون، وەک کۆمەڵە و سازمانی خەباتی ئیسلامی کوردستان و چەند حیزبێکی دیکەی بچووک. هەروەها بووژانەوە و خۆڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەند حیزبێکی سیاسیی دیکە لە کوردستانی عێراق. سەرجەم بووژانەوەی دەیان حیزبی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان. ئاڵوگۆڕەکان بەوەشەوە نەوەستان، شەڕی ئێران و عێراق دەستیپێکرد کە هەشت ساڵ درێژەی کێشا. درێژەکێشانی ئەو شەڕە ئەو هەلەی ڕەخساند کە بوو بە هۆی بووژانەوەی سەرجەم هێزەکانی کوردستان لە هەر چوار بەشەکەی کوردستاندا. ئاڵوگۆڕەکان یەک بەدوای یەکدا دەهاتنە ئاراوە. بەدوای کۆتایی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەددام حوسێنەوە و پاشەکشە پێکردنی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی کە لە ئاکامدا بوو بە هۆی ئازادبوونی کوردستانی باشوور کە ئیستا خاوەنی حکومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستانە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی پارلەمانیدا. حکومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستانی عێراق بە فەرمی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک حکومەت نەناسراوە، تەنیا لە نێوخۆدا وەک حکومەتێکی سەربەخۆ کە خاوەنی پارلەمان، سەرۆکی حکومەتی کوردستان، هەیئەتی وەزیران و هەموو دامودەزگایەکی حکومییە کار دەکات و خاوەنی دەسەڵاتە. ئێستا حیزبە کوردییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان کە ئێستا من مەشغوڵی ئەم نووسینم خاوەنی دە کاناڵ تەلەڤزیۆنی ئاسمانی و و چەند کاناڵی نێوخۆیین. دیارە ئەم دەسکەوتانە و

جارێکی دیکە بووژانەوەی کوردەکان لە مەیدانی خەبات و ناسینیان وەک نەتەوەیەک لەلایەن زۆر لە وڵاتانی جیهان و هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێشتر باسم کردن. هەروەها دڵنیاشم کە ئاڵوگۆڕەکان بەدوای یەکدا دێن تاکو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دەچنە قۆناخێکی نوێترەوە. کەوابوو بەگوێرەی ئەو فاکتۆرانەی کە باسم کردن ڕۆیشتنی شا لەسەر کورسی دەسەڵات و هاتنی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەدوادا هات کە لە بەرژەوەندیی گەلی کورد و سەرجەم ئازادیخوازەکانی ناوچەکەدا بوو. بێگومان ئەوە قۆناغەکانی سەرەتایە و بەوەشەوە ناوەستێ و گۆڕانکاری گەورەتری بەدواوەیە کە ئەویش بریتییە لە ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێران و گشت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە ئاکامدا ڕزگاری و ئازادیی نەتەوە بندەستەکان. دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە نووسینەوەی مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاڵوگۆڕە یەکبەدوا یەکەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاری کەسانی پسپۆڕ و شارەزایە لە بواری مێژوونووسیندا و کاری ئەم نووسینەی من نییە. مەبەستی من تەنیا نووسینەوی ڕابوردووی ژیانی خۆمە و دەمەوێ لە هەر کوێیەک ڕووداوێکی مێژوویی پەیوەندی بە ڕابوردوو و ژیانی منەوە هەبێ کورتەیەکی لێ باس بکەم و لەگەڵ بیرەوەرییەکانمدا گرێی بدەم.
دەگەڕێمەوە سەر باسەکە. هەروەک لە هەموو شارەکانی ئێران و لەنێو هەموو نەتەوەکانی ئێراندا ڕاپەڕین و سەرهەڵدان دژی حکومەتی شا دەستیپێکرد و هاوکات لە شارەکانی کوردستانیش کوردەکان هاتنە نێو مەیدانەکە بۆ ئەوەی لە کاروانی خەباتی گەلانی ئێران وەدوا نەکەون. سەرەتا لە شاری بانە کە من ئاگام لێی بێت سەرهەڵدان بەم شێوەیە دەستیپێکرد. عەبدوالقادر شافیعی، دانیشتووی شاری بانە، خاوەنی تراکتۆرێک بوو کە لە شار و دێهاتی دەوروبەر بە کرێ کاری بۆ جوتیارەکان دەکرد. لێخوڕی تراکتۆرەکە ناسری کوڕی بوو. ڕۆژێک ناسر لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی ناسری ئەیازی، لە بێشانسی هەردوو لاو، تراکتۆرەکە وەردەگەڕێت و ناسری شافیعی و ناسری ئەیازی هەردوکیان گیانیان لەدەستدەدەن. عەبدوالقادری باوک و باقی خزمەکانی و کەسوکاری ناسری ئەیازی دەچن بۆ جێگای ڕووداوەکە و دەیانەوێ جەنازەکان بهێننەوە بۆ شار بەڵام ژاندارم کە بەدەنگ ڕووداوەکەوە دەچێت بەریان پێدەگرن و ناهێڵن کەسوکاری کۆچکردوان جەنازەکان بهێنەوە بۆ شار. ژاندارمەکان دەڵێن تاکو ڕەئیسی دادگا نەیەت بۆ ئێرە و بڕیاری فەوتیان نەدا دەبێ جەنازەکان لێرە وەمێنن. هەرچەند قسەی ژاندارمەکان لە باری یاساییەوە ڕاست بوو بەڵام لە دیتنی باوک و کەسوکاری کۆچکردوان ئەو کارە شتێکی گران بوو. ئا لەو کات و ساتەشدا خەڵک لە ڕێژیمی پاشایەتی و ساواک تا سەر ئێسقانیان بە ئازار بوون و بە شوێن شتێکدا دەگەڕان کە بیکەنە بیانوو بۆ هەڵڕشتنی دەردی دڵی خۆیان. بۆیە خەڵکی بانە ڕۆژی دوایی کە تەرمی ئەو کرێکارە زەحمەتکێشانەی لە ژاندارم وەرگرتەوە دوای شۆردن و کفن کردنی تەرمەکەنیان لەنێو ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵکی بانەدا بران بۆ گۆڕستانی سلێمان بەگ. شێخ جەلال حوسێنی وەک پێشنوێژ و مەلای

مزگەوتێکی شاری بانە کە مزگەوتەکەش ناسراو بوو بە مزگەوتی شێخ جەلال، بەشداری ئەم بەخاکسپاردنە بوو. شێخ جەلال تەڵقینی کۆچکردوانی دا. بەدوای تەڵقینکردندا، دەستیکرد بە قسەکردن دەربارەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بەتایبەت کردەوە نامرۆڤانەکانی سەددام حوسێن بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی بندەستی عێراق. ئەودەم سەددام سەرۆکی حکومەتی عێراق بوو و بەشێکی گەورەی لە خاکی کوردستانی عێراق وێران کردبوو و بە سەدان گوندی بە زۆرەملی پێ چۆڵ کردبوون و ماڵەکانیانی بردبوونە بەندیخانەیەکی گەورە بە ناوی "مجمعە". کوردە دەرکراوەکانی ئەو گوندانە خۆیان بەو مجمعانەیان دەگوت کۆمەڵگای زۆرەملی. شێخ جەلال حوسێنی وتارێکی بەپێز و پڕمانای دژ بە داگیرکەران پێشکەش بە بەشدارانی بەخاکسپێرییەکە کرد کە دروست ئەو قسانە زۆرتر شای ئێران و ڕێژیمەکەی دەگرتەوە. ئەم قسانەی شێخ جەلال یەکەم هەڵوێست بوو لە شاری بانە وەك دەربڕینی ناڕەزایەتی و وتاری سیاسی. هێشتا بارودۆخەکە نەگەیبووە ئەو وەزعە کە بە توندی و ڕاشکاوی هێرش بکرێتە سەر دەزگای ساواک و ڕێژیمی شای ئێران. ئەم قسانەی شێخ جەلال بەدوای قسەکانی شێخ عێزەدینی حوسێنی لە شاری مەهاباد بوو کە ئەویش لە بەخاکسپێری عەزیز یوسفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا کردبووی و هەستی خەڵکی مەهابادی وروژاندبوو و بوو بە هۆی ڕاپەڕین لە شاری مەهاباد دژ بە ڕێژیمی شا و ساواک. قسەکانی شێخ جەلال حوسێنییش لەسەر قەبران لە سلێمان بەگی بانە، خەڵکی وروژاند. ئەو قسە و ئیشارەپێکردنانەی وتارەکەی شێخ جەلال بووە هۆی ئەوە کە لە گەڕانەوەماندا بۆ نێو شار خەڵک دەست بکا بە دروشمدان بە دژی ساواک و ڕێژیمی پاشایەتی. بەڵام پێش ئەوەی بگەینە بەردەمی ساواک لە مەیدانی یەکەمی شار نزیک شارەوانی، پۆلیس بەری پێگرتین و گازی فرمێسکڕێژیان بۆ هاویشتین. لەمێژ بوو بەو شێوە ڕاپەڕینێک دژی ڕێژیمی شا نەهاتبووە ئاراوە. دوایین ڕاپەڕینی خەڵکی بانە لە ساڵی ١٣٢٠دا بوو کە هۆزەکانی عەشیرەت بە بەڕێوەبەری حەمەڕەشید خان و بە هاوکاری سەرجەم خەڵکی بانە پادگانی نیزامیی شاریان گرت و چوار ساڵ دەسەڵاتی ناوچەییان بە دوور لە دەسەڵاتی میری لە بانە و دەوروبەر دامەزراند. ئەمە بۆ جاری دووەم بوو هێرشکردنی خەڵکی بانە بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی و دروشم دژی ڕێژیم لە بانە. ئەوە بوو ئەو جارەش دوای چەند سەعات کۆتایمان پێهێنا و بڵاوەمان لێکرد. ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە ئاگری دژی شا و ساواک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵێسەی بەرز دەبۆوە، تا وای لێهات ڕۆژانە بە ڕاشکاوی لە بازاڕ و هەموو شوێنێکدا خەڵک بە دژی ساواک و شا و کاربەدەستانی ڕێژیم قسەیان دەکرد و ناڕەزایەتییان دەردەبڕی و پۆلیس و نەفەراتی دەزگاکانی سەر بە ڕێژیم بە کەمی دەیانوێرا هاتوچووی بازاڕ بکەن. ساواکییەکان بەتەواوی لە بەر چاوی خەڵک خۆیان شاردبۆوە و نەیاندەوێرا خۆیان دەربخەن.

هەرچەند هێشتا زستان مابووی بەڵام هەوا زۆر سارد نەبوو. بنەماڵەی ئەحمەدییەکان بڕیاری سەیرانێکمان دا لە گوندی زەڵی سەر بە کیوەرۆ. لە شوێنێک بە ناوی دێ کۆن.

نزیك بە سەد و پەنجا ساڵ لەوەپێش دێ کۆن شوێنی ژیانی دانیشتوانی کێوەرۆ بە هەموو مووچەکانییەوە بووە. دواتر بە هۆی زیادبوونی خێزانەوە بڵاوبوونەوە بۆ دەوروبەر و ئێستا نۆ گوندی بچکۆلەیان لێ پێکهاتووە بە ناوی جۆراوجۆر، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ناویان هاتووە. لەو سەیرانەدا بنەماڵەی سەرحەدییەکانمان دەعوەت کردبوون. ئەو کات ئەحمەد بەگ سەرۆکیان بوو. تێکڕا نزیک بە شەش، حەوت ماشینی جیپ و ماشینی سواری ڕۆیشتین بۆ ئەو شوێنە. (عەشایەرەکانی بانە دڵخۆش نەبوون بە ڕێژیمی شا، بۆیە نەمانی شایان پێ خۆش بوو. ئەوانیش وەکو خەڵکی ئێران نەیاندەزانی دواڕۆژی ئێران چی لێ بەسەر دێت. ئەو کاتە هەر یەک بەپێی لێکدانەوە و بیری خۆی دڵخۆش بوو بە دواڕۆژ. خەڵك بەو هیوایە دەژیا و هەموو کەس دڵگەرم و چالاک بوو دژی ڕێژیم، جگە لە بەشێک لە کاربەدەستانی ڕێژیم کە لە سەندنەوەی دەسەڵات و ژیانە خۆشەکەیان ئەترسان). ئەو ڕۆژە بەرنامەی سەیرانەکە گەرم بوو بە خواردن و خواردنە و قسەوباسی سیاسی و دروشمی توند و دڵخۆشکەر. لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی کاتی بۆ کۆنتڕۆڵکردنی جەماعەتی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئەساسی ڕێککەوتنی دووقۆڵی شا و سەددام حوسێن لە ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥دا لەسەر سنوورەکان پایەگا دەمەزرابوون. پایەگای زەڵێش یەکێک بوو لەو پایەگایانە کە بە هاوبەشی ژاندارم و جوانمەرد پێکهاتبوو. جوانمەردەکان خەڵکی ئوستانی کرماشان بوون کە زۆربەیان قەڵغانی بوون. ئەوان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە جاش ناویان دەبرا. کاتێ ژاندارم و جوانمەردەکان جەماعەتی سەیرانچییەکانیان بینین هاتن. لاوەکان لەوپەڕی سەرخۆشیدا بوون. ژاندارمەکان کەوتنە پرسیار کە کێن و بۆچی هاتوون بۆ ئێرە، هەروەها کە ئەم شوێنە لەژێر چاودێریدایە و کەس بۆی نییە لێرە بێ. کەس وەڵامی نەدانەوە، جگە گاڵتە پێکردن و ڕابواردن بە قسەکانیان. دوایی یەکێک لە لاوەکان بە ناوی ناسری ئەحمەدی، خولْقی کردن بە خواردنەوە. دیار بوو ئەوانیش لەوە دەچوو چاوەڕوانی شتێکی وا بوون. دوای هێندێک خواردنەوە سەریان گەرم بوو و تفەنگەکانیان فڕێ دان و بە لاوەکانیان دەگوت بە زاراوەی خۆیان "کوڕگەل بتقنن!". لە وشەی بتقنن مەبەستیان ئەوە بوو کە بە تفەنگەکانیان تەقە بکەن وەکو خۆشی، ئیتر باسێک لە قسەی دیکە نەما. ئەو ڕۆژە بە هیوای ڕۆژانێکی خۆشتر ڕۆژەکە گوزەرا و ئێوارە بەرەو بانە گەڕاینەوە. لە کاتی گەڕانەوەدا لە ڕێگای زەڵێ- بانە پاسگایەکی ژاندارمری کە لەسەر سنوور لە پشت گوندی بەردەڕەشی سەر بە کیوەرۆ بۆ کۆنتڕۆڵی هاتوچووی خەڵکی دانرابوو، چەند کەسێکیان هاتنە سەر ڕێگا و زۆر بە توندی پێشیان پێگرتین. لەوە دەچوو مەترسییەکیان لەو جەماعەتە هەبوو کە بەو شێوەیە کۆبووبوونەوە. بیریان لە زۆر شت دەکردەوە و وێدەچوو سەیرانەکەی ئێمە سەرنجی ڕاکێشابێتن و وەک مەترسییەک بۆسەر خۆیان بەتەواوی حاڵەتی ئامادەیی لە هەموو ژاندارمەکاندا دیار بوو، بەتایبەت کە هێشتا ئاخری زستان بوو کەمتر عادەت بوو سەیران لە زستاناندا بکرێت. من یەکەم شۆفیر بووم لە پێشەوە، ماشینێکی جیپم پێ بوو، ڕانەوەستام و ڕۆیشتم. سەرم گەرم بوو، سەردەمیش گۆڕابوو، ترس

لە دەزگاکانی دەوڵەت بە شێوەی جاران نەبوو. بە هەمان شێوە ماشینەکانی دوای من بەدوامدا هاتن. هەرچەند ژاندارم ڕاسان و فیشەکیان بەر تفەنگەکانیان خست بەڵام نەیانوێرا تەقەمان لێ بکەن. بێ گوڵمەز دەرباز بووین. ئەگەر تەقەشیان لێ بکردینایە چەند کەسێکمان ئامادەبیمان هەبوو کە وەڵامیان بدەینەوە، چونکە ئێمەش چەند کەسێکمان دەمانچەمان لەژێر پشتوێنەوە پێبوو. ئەو ڕۆژەش ڕۆژێکی خۆش بوو. جگە لە سەیران هێندێ خۆڕاگری و خۆگرژکردنیشی بەرامبەر بە نۆکەرەکانی ڕێژیم تێدا بوو. هەرچەند کەمیش بووبێت بەڵام ڕێگای زۆر درێژیش بە یەکەم هەنگاو دەستپێدەکات. دەنگوباسی سەرهەڵدانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیادبووندا بوو. هەر ڕۆژە لە شارێک ڕێپێوان و هەڵچوون لە دژی دەسەڵاتی ڕێژیم سەریهەڵدەدا. ئەم شار وەڵامی ئەو شاری ئەدایەوە. ئەمە وای کرد کە منیش لە کاروکەسپی کۆمپرێسی لێخوڕین دەستم سارد بۆوە. کەریمی شاگردم هێندێ فێری لێخوڕین کردبوو، جاروبار لە شوێنە ئاسانەکان ئەوم دەنارد بۆ هێنانی کەرەسە. بۆخۆیشم ئەوەندە بێزار بووم لە ڕێژیم کە بەردەوام بەدوای چالاکیی دژ بە ڕێژیمدا دەگەڕام. بەکورتی، کارم لەبیر چووبۆوە، چون بەدوای گەڕانەوەم بۆ ئێران یەکجار زۆر بێحورمەتیم پێکرابوو و لەدەست ساواک و ژاندارمری ئەزیەت و ئازارم زۆر چێشتبوو. کوردگوتەنی "ملم لە چەقۆ دەخست". لە هەر کوێیەک چرپەیەک بهاتایە دەگەیشتمە ئەوێ و گوێم دەگرت ئاخۆ چ باسە. بەدوای وتارەکەی شێخ جەلال حوسێنیدا ماڵەکەی بووبوو بە شوێنی کۆبوونەوە و قسەوباس و سەنگەری ئازادیخوازان و تەواوی ڕێکخراوە سیاسییەکان. تێکڕای توێژەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە لە بانە هەموو پرس و ڕا و ڕاوێژێکیان لەلای ئەو دەکرد. تێبینی: لەبەر ئەوەی لەوەدوا لە نووسینەکانمدا تا سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران ناوی بەڕێز شێخ جەلالی حوسێنی زۆر دێت، بە پێویستی نازانم هەموو جارێک بە دوورودرێژی ئەو ناوە بنووسمەوە، بۆیە بۆ کورتکردنەوەی نووسینەکەم لەوەبەدوا تەنیا بە ناوی شێخ ناوی دەهێنم و هیوادارم بە بێڕێزی حیساب نەکرێت. بۆ زانینی دەنگوباسەکان و ڕێکخستنی چالاکی دژ بە ڕێژیم زۆربەی شەوەکان دەچووم بۆ ماڵی شێخ. زۆر جار دوای ئەوە کە میوانەکان ئەڕۆیشتن من دەمامەوە و قسەباسی سیاسی و ئایینیمان دەکرد. زۆر شتی لێوە فێر بووم. هەر ئەم هاتوچوویانە وای کرد کە زۆر لە شێخ نزیک بوومەوە و شێخ باوەڕ و متمانەی تەواوی لەسەرم هەبوو. زۆر جاریش کە من لەوێ نەبوومایە تەلەفۆنی بۆ دەکردم و دەچووم بۆلای و لەسەر زۆر پرسی گرنگ ڕاوێژی لەگەڵ دەکردم. لەو سەردەمانەدا چەند مانگێک بوو کاک ئەحمەدی عەزیزی، عەبدوالخالق ناوێک، شەریف مەحموودی خەڵکی گوندی نێزەڕۆ و مامۆستایەکی قوتابخانە کە خەڵکی شاری سنە بوو بە تاوانی سیاسیبوون و هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەندیخانەی شارەبانی بانە گیرابوون. ئەوەی کە من لە کاک ئەحمەدی عەزیزیم بیستووە کەسێک لەو هاوڕێیانەی خۆیان کە پێی خۆش نەبوو ناوی بێت لەژێر ئەشکەنجەی زۆری ساواکدا ڕاستیی لەو برادەرانە ئەڵێت و دوای ماوەیەک لە گیرانی ئەو برادەرە لەلایەن ساواکەوە کاک ئەحمەد و ئەو هاوڕێیانە

دەگیرێن و دەخرێنە بەندیخانەی شارەبانی بانە. ئەوە بوو لەپێناوی ئازادی ناوبراواندا خەڵکێکی زۆر لە بانە کۆبووینەوە و چووینە بەردەمی شارەوانی بە دروشمی بڕووخێ حکومەتی شاهەنشاهی، بڕووخێ ساواک، دەبێ بەندییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن، بژی ئازادی و دیموکراتی و هتد. کاتێ گەیشتینە نزیک شارەبانی پۆلیسەکان لە هەر چوارلای دیواری حەساری شارەبانییەوە لوولەی تفەنەگەکانیان تێکردین. تفەنگی پۆلیسی شارەبانی ئەودەم لە جۆری تفەنگی برنەو بوو. چەخماخی تفەنگەکانیان ڕاکێشان و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردین. گوتیان ئەگەر لەوە زیاتر لە شارەبانی نزیک وەبن تەقەتان لێ دەکەین و ئەتانکوژین. بەڵام هیچیان پێنەکرا لەبەرئەوەی ئەو کاتە دەسەڵاتی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لاواز بووبوون و لە بەرگریکردن لە خۆیان زیاتر نەیاندەتوانی پەلاماری خەڵکی بدەن لەسەر شەقامەکان یان تەقە لە خەڵکی بکەن مەگەر مەترسییان بۆسەر گیانی خۆیان هەبایە. لەو پۆلیسانە چەند کەسێکیان خەڵکی بانە بوون. ئەوەی من بزانم ئەو پۆلیسانە بەدوای ڕووخانی شادا چەند کەسێکیان وازیان لە کاری پۆلیسی هێنا و ئێستا لەو کەسانە تێیاندا هەیە کە کادری تیکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و دڵسۆزە بە نیشتمانەکەی و خەبات دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ماوەیەک بوو شارەبانی دەسەڵات و کۆنترۆڵی شاری لەدەست دەرچوبوو. چەند خانووی ساواکی سووتێنران و خانەوادە ساواکییەکان و ئیدارەی ساواک چووبوونە نێو پادگان. دەسەڵاتی شار بەدەست خۆمانەوە بوو. هەندێکمان توانیبوومان تفەنگ و دەمانچە پەیدا بکەین و شەوانە بە سواری چەند ماشین لەگەڵ لاوەکانی شاردا هەتا بەیانی پاسەوانی شارمان دەکرد لە دز و پیاوخراپ و دزەی حکومەتیش بۆ نێو شار. زۆر شەو لە مزگەوتەکان ڕاهێنان و ناساندنی چەکی کلاشینکۆفم بە هێندێک لە لاوەکان دەکرد. من چەند ساڵێک لە کوردستانی عێراق پێشمەرگە بووم و شارەزاییم هەبوو لەو بوارەدا. لاوەکانیش حیسابیان بۆ دەکردم و باوەڕیان پێم هەبوو. ئەگەر هەواڵێکی مەترسیدار هەبوایە لە چەند لاوە تەلەفۆنم بۆ دەکرا، یان ڕاستەوخۆ دەهاتن بۆ ماڵەوە بۆلام و ڕاوێژیان لەگەڵ دەکردم. هەر ئەو چالاکیانەم وای کرد کە شێخ زیاتر وەک فەرماندەیەکی نیزامی ڕاوێژم لەگەڵ بکات و لە کاتە پێویستەکانیشدا دەینارد بەدوامدا. ماڵەکەمان سێ سەد مەترێک لێک دوور بوو. لەلایەکی دیکەشەوە هێندێ لە بەرچاوتەنگان بەردەوام دژی من پڕۆپاگەندەیان دەکرد و بە چالاکیی و تێکۆشانی من ناڕەحەت بوون بۆیە هەمیشە هەوڵیان ئەدا کە چالاکییەکانم کەمڕەنگ بکەن.

## شەهیدبوونی ئەحمەد خانی ئەحمەدی و ڕەحمان خاتونی

ڕۆژی ١٣٥٧/١٠/١٦ تەلەفۆنم بۆ کرا کە خانووی ساواکییەک لە نزیک خانووی (جلب سیاحان) لەلایەن کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرمەوە ئاگرای تێبەرداوە. ئەمەش بوو بە بیانوویەک کە سەرباز و ژاندارمێکی زۆر بە پشتیوانی سێ زرێپۆش لە پادگانەوە هاتنە خیابانی بیمارستان و بەرەو نێو شار هێرشیان هێنا. دەیانەویست بێن بۆ نێو شار بە مەبەستی گرتنەوەی دەسەڵات لەنێو شار و حکومەتی نیزامی دامەزرێنن. فەرماندەی پادگان ئەفسەرێک بوو بە ناوی سەروان دەربەندی، کورد و خەڵکی دێهات و ناوچەی پاوەی سەر بە کرماشان بوو. ئەم هەواڵە کەوتە نێو شارەوە و خەڵک ترسێکی زۆریان لێ نیشت، بۆیە بە پیر و لاوەوە ئامادە بوون بۆ پارێزگاری لە شارەکە و هەر کەس لەئاست خۆی بە تفەنگ، دەمانچە، دار، بەرد و کوتەک ڕژانە سەر شەقامەکان. لەو کاتەدا ئەحمەد خانی ئەحمەدی کە دەمانچەیەکی هەبوو و ماڵیشی لەو نزیکانە بوو، بەرەو زرێپۆشەکان دەچێتە پێشەوە و سەنگەریان لێدەگرێت. کۆمەڵێ لاوی خوێنگەرمیش بە چەکی سارد و گەرم لە دەوری کۆدەبنەوە و تێکڕا دەکەونە تەقەکردن لە زرێپۆش و سەرباز و ژاندارمەکان. منیش هەر لە هەمان کاتدا گەیشتمە پەنای دیواری بیمارستان. تفەنگێک و سەد فیشەکم پێ بوو کە لە خزمێکم بە ئەمانەت وەرگرتبوو بۆ پارێزگاری لە خەڵکی شارەکە و ئەو بارودۆخەی کە هاتبووە پێش بەرامبەر بە هێرشی ڕێژیم کە لە هەر کات و ساتێکدا چاوەڕوانی دەکرا. منیش لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەری شار و چەند برادەرێکی خوێنگەرم و نیشتمانپەروەری خەڵکی دەروبەری شار کە ئەوان کڵاشینکۆفیان پێبوو خۆمان گەیاندە نێو شار. ناوی یەکیانم لەبیر ماوە کە ناسراو بوو بە حەمەی حاجی ڕەحیمی سێ کانیلان. لەگەڵ ئەو برادەرانە بەیەکەوە سەنگەرمان گرت و لە دووسەد مەتری زرێپۆشەکان دەستمانکرد بە تەقەیەکی گەرم بەڵام گوولەی چەکەکانی ئێمە کاری لە زرێپۆشەکان نەدەکرد و هەڵدەبەزینەوە. سەرباز و ژاندارمەکان کە بە پێیان لە دەوری زرێپۆشەکان بوون هەر زوو هەڵاتنەوە نێو پادگان و خۆیان بۆ نەگیرا. زرێپۆشەکان تەنیا مانەوە. ئەم هێرش و تێکهەڵچوونە چەند سەعاتی خایاند. لە ئاخر و ئۆخریدا کە زرێپۆشەکان ویستیان پاشەکشە بکەن بە گەرمی چەند ڕەگبارێکیان لە هەموو جەماعەت کرد کە بەداخەوە ئەحمەد خانی ئەحمەدی لەپێناو بەرگری لە کەرامەت و سەربەرزیی خەڵکی بانە و خاکی کوردستان و ئازادیی ئێراندا شەهید کرا. ڕۆڵەیەکی دیکەش بە ناوی ڕەحمانی خاتونی کە لەو کاتەدا لەسەر بانێک دەبێ و تەماشای ئەو شەڕ و لێکدانە ئەکات گوولەیەکی بەردەکەوێت و شەهید ئەبێت. دوای ئەوە زرێپۆشەکانیش بەرەو پادگان پاشەکشەیان کرد و شاریان بەجێهێشت. ئیتر خەڵکی هەمیشەئازا و نیشتمانپەروەری شاری بانە جەنازەی شەهیدەکانیان برد بۆ بیمارستان کە بەداخەوە هەردوکیان لە جێدا گیانیان لەدەستدابوو. هەر ئەو شەوە هەموو شارەکانی کوردستان و بەشێک لە ئێران بە تەلەفۆن ئاگادار کران. بەیانیی ڕۆژی دوایی سەردێڕی گەورەی ڕۆژنامەکانی تاران

(اطلاعات) و (کیهان) نووسیبوویان لە شاری بانە ئەحمەد خانی ئەحمەدی و ڕەحمانی خاتوونی شەهید کران. بەوردیش چۆنیەتی ڕووداوەکەیان نووسیبوو. ڕۆژی دوایی لە زۆربەی شارەکانی کوردستانەوە بۆ بەخاکسپێری شەهیدەکان خەڵکێکی زۆر گەیشتە بانە. خەڵك یەکجار زۆر بوو، سەرێکی لە نێو شار بوو، سەرێکیشی گەیبووە گۆڕستانی سلێمان بەگ. ڕێگاکەش وا بوو کە دەبوو بە تەنیشت پادگاندا بڕۆین. ترسی ئەوەشمان هەبوو لە پادگانەوە تەقەمان لێ بکەن. بۆ بەرگری لە خۆمان جەماعەتێک چەکدارمان لە نێوان سلێمان بەگ و پادگاندا ئامادە کردبوو کە ئەگەر پادگان نیازێکی هەبوو بێتە دەر یان تەقەی دووریمان لێ بکات ئەوانیش وەڵامی پێویستیان بدەنەوە. بەڵام پادگان بێدەنگ بوو. خەڵکی بەشدار هەمووی گەیشتە سلێمان بەگ. سەرەتا شێخ وتارێکی پڕ لە حەماسەی پێشکەش بە بەشداران کرد. بەدوای ئەودا چەند کەسی تر وتاریان خوێندەوە. ئەوەی لەبیرم بێت کاک سەلاحی موهتەدی، خەڵکی بۆکان، یەکێک لەو کەسانە بوو کە لەگەڵ جەماعەتێک لە شاری بۆکانەوە هاتبوون بۆ هاودەردیی خەڵکی بانە و بنەماڵەی ئەحمەدییەکان و ڕەحمانی خاتوونی. لە کۆتایی بەخاکسپاردنەکەدا من لەلایەن بنەماڵەی ئەحمەدییەوە سوپاسی بەشداربوانم کرد. خەڵک بە دروشمدان دژی ڕێژیم گەڕانەوە بۆ نێو شار. بۆ بەیانییەکەی میوانی شارەکانی دیکەی کوردستانیش هەر کەسە بەرەو شاری خۆی گەڕایەوە. خەڵکی تیکۆشەری بانە بە شێوەیەکی شیاو کە شایانی شەهیدانی گەل بوو هەستان بە تەرتیبکردنی دانیشتن بۆ پرسە و سەرەخۆشە لە خۆیان و لە بنەماڵەی ئەحمەدی لە مزگەوتی شیخ الاسلام. هەروەها لە تەواوی شارەکانی کوردستانەوە دەستە دەستە خەڵک کە فریای بەخاکسپێری نەکەوتبوون هاتن بۆ بانە بۆ بەشداری لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشەدا. لە تارانەوە چەند بنەماڵەی کورد هاتن کە یەکیان بنەماڵەی شەهیدی نەمری گەلەکەمان پێشەوا قازی محەممەد بوو. بنەماڵەی پێشەوا شەو و ڕۆژێک میوانی ماڵی ڕەحمان خانی ئەحمەدی بوون. باقی هەزاران کەسایەتی کە لە شارەکانی کوردستانەوە هاتبوون میوانی خەڵکی بانە بوون. سێ ڕۆژ دانیشتن هەبوو و بەردەوام مزگەوت پڕ بوو لە حەشیمەت. بە دەیان کەسایەتی وتار و شیعری سیاسییان خوێندەوە لەسەر کەسایەتی شەهیدان و بارودۆخەکە. لە ئاخری پرسەدا من لەلایەن بنەماڵەی ئەحمەدییەوە سوپاسی بێ پایانی بەشداربوانم کرد و کۆتایی بە پرسە و سەرەخۆشە هات. شایانی باسە سێ کەسی خێرخواز لە خەڵکی بانە هەر یەک پارچە زەوییەکیان بۆ خانوو کردە دیاری بۆ منداڵە سەغیرەکانی شەهید ئەحمەد خان. بەڵام تەنیا زەوی کەسێکیان بە ناوی سەید نجم‌الدین حوسێنی درا بە منداڵەکانی شەهید ئەحمەد خان، دوانەکەی دیکە پێم خۆش نییە ناویان بهێنم، ئەو کاتە حەماسەکان گەرم بوون، ئەم بەڵێنەیان دا لە حوزوری سەدان کەسی دانیشتوو لە مزگەوت بەڵام دوای ماوەیەک ئەو حەماسانە سارد بوونەوە و ئەوانیش لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز بوونەوە. شەهید ئەحمەد خان هیچ شتێکی لەدوا بەجێ نەما وەک سەروەت و ماڵی دونیا کاتێ شەهید بوو. لە خانووە بەکرێدا ئەژیا و ئەوەی ڕۆژانە بە جیپێکی کۆن پەیدای نەکردایە

هیچ شتێکی دیکەی نەبوو بۆ بژیوی منداڵەکانی. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە لەدوای لێسەندنەوەی چەکەکان لە ئەحمەد خان، ناوبراو دوکانی دانا بەڵام زۆری پێنەچوو لە کاری دوکانداری شکستی هێنا و سەرکەتوو نەبوو و سەرمایەکی زۆر کەمیشی کە هەبوو تەواو بوو. ئەویش ناچار جیپێکی کۆنی کڕی و ژیانی ڕۆژانەی بە هاتوچووی دێهات و کرێکەشی بەڕێوەدەبرد هەتا دوایین ڕۆژانی ژیانی. بەدوای شەهیدبوونی ئەحمەد خان و ڕەحمانی خاتونیدا هەر ڕۆژە شایعاتی جۆراوجۆر دەهات و بڵاو دەبۆوە. بۆ نمونە دەگوترا بە نهێنی قەڵغانییان هێناوە بۆ پادگان و دەیانەوێ شەوێک غافڵگیرمان بکەن و هێرش بکەنە نێو شار و جەماعەتێک بگرن. دیارە ئەم دەنگۆیانە کاریگەری هەبوو کە ئێمەش شەوانە بترسین و لە خۆمان پارێزگاری بکەین. بۆ ئەم کارە شەوانە کۆمەڵێک لە لاوانی خوێنگەرم و نیشتمانپەروەری شار لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە خۆیان تەرخان کردبوو بۆ پاسەوانی لە شارەکە. هەموو شەوێ هەتا بەیانی لەگەڵ ئەم لاو و خەڵکەدا بە چەند ماشینی جیپ، لەندرۆڤەر و وانێتبار لە کۆڵان و شەقامەکان و کەمەربەندی شاردا ئەسووڕاینەوە. بەشێکیش لە لاوەکان چەکیان پێبوو. من خۆم کڵاشینکۆفێکم پەیدا کردبوو. هەر لەو سۆنگەوە پەیوەندیی گەرمم هەبوو لەگەڵ میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی و کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی. کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی مامۆستای قوتابخانە بوو لە بانە و دەرسی دەگوتەوە لە دەبیرستان، و لەنێو جەماعەتی فەرهەنگییەکاندا خۆشەویست و نفوزی هەبوو. شەوێک ئەم دوو برادەرە هاتن بۆلام. عەبدوڵڵا ئیقدامی کڵاشینکۆفێکی پێبوو و گۆرەویی پووزەوانەیشی هەڵکێشابوو. گۆرەویی پوزەوانە بە گۆرەوییەک دەڵێن کە لە مووی بزن دروست دەکرێت و بۆ زستان زۆر گەرمە. لە پووزەوە هەتا ئەژنۆی مرۆڤ دائەپۆشێت. کاتێ برادەران دانیشتن، بە شۆخییەوە بە کاک عەبدوڵڵای ئیقدامیم گوت خێرە ئاوا خۆت ئامادە کردووە؟ نەکا بچیت بۆسەر پادگان؟ ئەویش هەروا بە شۆخییەوە گوتی ئەگەر تۆ ئامادە بیت بۆ نا؟ دوای هێندێک دانیشتن کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی گوتی ئایندەمان مەعلوم نییە ئاخۆ خەڵکی ئێران لەم ڕاپەڕینەدا سەرکەوتوو دەبن یان نا. ئێمەش دەبێ حیسابێک بۆ دوارۆژ بکەین بۆیە پێم چاکە هەر لە ئێستاوە تەمرین بکەین. پرسیم مەبەستت لە تەمرین چییە؟ گوتی پێم خۆشە ئەمشەو بچین بۆ گوندی سیچان بۆلای کەریم بەگی خزمت و هەر ئەمشەویش بێینەوە. مەبەست لەم هاتوچووەش ئەوەیە کە خۆمان بۆ کاری پارتیزانی و شەو ڕێگاڕۆیشتن ڕابهێنین. گوتم باشە. منیش گۆرەویی پووزەوانەم داپێچا و سێقۆڵی بە چۆمی شاردا بەرەو سیچان کەوتینە ڕێ. شەوەکەی زۆر تاریک بوو. بۆ من و میرزا عەبدوڵڵا شەوێکی ئاوا ئاسایی بوو، چونکە هەردوکمان لە کوردستانی عێراق لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداریمان کردبوو لە ڕیزی پێشمەرگەایەتیدا و بەو جۆرە شەوانە ڕاهاتبووین بەڵام بۆ کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی سەرەتای تەمرینی بوو بە وتەی خۆی. من کاڵاشینکۆفم پێ بوو بەڵام میرزا عەبدوڵڵا بێ چەک بوو. ئەو شەوە چووینە سیچان و ماوەیەک لەلای خوالێخۆشبوو کەریم بەگماینەوە. دوایی هاتینەوە بۆ شار. سیچان لە بانەوە نزیک بە دە کیلۆمەتر دەبێت.

## چلەی شەهیدانی بانە

چلەی شەهیدانی بانە، ڕەحمان خاتوونی و ئەحمەد خان، هاتە پێشەوە. جارێکی دیکە حەشیمەتێکی زۆر لە شارەکانی کوردستانەوە بەرەو بانە هاتن بۆ بەشداری لە چلەی شەهیداندا. هەوا زۆر سارد بوو، بەفرێکی یەکجار زۆر لە بانە و کەلیخان باریبوو. ڕێگای کەلیخان زۆر خراپ بوو. ڕۆژی پێش چلە خوالێخۆشبوو ئەحمەد موفتیزادە و کەسێک بە ناوی سەفدەری و خەڵکێکی زۆر لە شاری سنەوە هاتن بۆ بەشداری لە چلەی شەهیداندا. بەڵام بەهۆی بەفر و ڕێبەندان چەند مینیبووسیان لە ئاخری کاروانی ماشینەکان بەهۆی تۆفان و باوە لەو دیوی گەردەنەی خان لە بەفردا مابوونەوە و نەیانتوانیبوو بگەنە نێو شار. بەشێک لە ماشینەکان کە لە پێش کاروانەکەوە بوون وەک جیپ و لەندرۆڤەر و ماشینە دوودفرانسیاڵەکان دەرباز بووبوون و گەیشتنە نێو شار. کاتێ ئەم هەواڵەمان زانی خەڵێکی زۆر بەهیممەت و بەتوانای شاری بانە هەر کەس لەبەرخۆیەوە بە بێل و کەرەسەی پێویست لەگەڵ نان و خورما و پێخۆری دیکە بەرەو چیای کەلیخان کەوتینە ڕێ. منیش ڕۆیشتم بۆ شیرکەتی یەکان و شارەداری و هەرچی دەزگای بەفرپاککەرەوە بوو پێش خۆمان دان بەرەو کەلیخان. بۆخۆیشم بە لەندرۆڤەرێک لەگەڵیان کەوتمە ڕێ. کاتێ نزیک بووینەوە، لە بانەوە تا نزیک گەردەنە هەواکە هێندیک ئارام بووبۆوە. گرێدەرەکانی کە لە بانەوە هاتبوون دەستبەکار بوون. ئەو ماوەیەش بلدۆزەری گەردەنە کە ئیدارەی ڕێگاوبان لەسەر گەردەنە دینابوو و هەمیشە ئامادەییان هەبوو بۆ ڕۆژە تۆفانییەکان، ئەوانیش ئەو ماوە دەستبەکار بووبوون و ماوەی سەعاتێک خەریکی بەفرماڵین بووین. لای ئێمەوە بەرەو شار هەوا ڕوون بوو بەڵام بەرەو بەرزاییەکان و لای مینیبووسەکان هەوا هەر تۆفانی و تەمومژ بوو. بلدۆزەری گەردەنە لە سەرەوە و گرێدەری بانەش لە خوارەوە بە باشی کاریان دەکرد. کاتێک زانیمان دەنگی بلدۆزەری سەر گەردەنە پەیا بوو، گەیبووە پەنجا مەتری ئێمە، بەڵام لەیەکەوە دیار نەبووین بەهۆی تەمومژ و کڕێوە. تەنیا گوێمان لە دەنگی بوو. ئیتر گرێدەری لای ئێمەش هەر بەو شێوە دەچووە پێش تاکو لە چەند مەتری لێک نزیک بووینەوە و یەکترمان بینی. بە خۆشییەوە ڕێگا کرایەوە و ماشینەکان هەموویان هاتن. بەڵام خەڵکەکە تەواو شەپرزە و هیلاک بوون. زۆریش ترسابوون. چەند کەسێک قاچیان سەرما بردبووی. کاتێ گەیشتینە شار حەشیمەتێکی زۆر لە خەڵکی شار لەسەر پردی شارەکە چاوەڕوانی میوانە ئازیزکانیان بوون. هەریەک چەند کەسیان بردەوە ماڵ، منیش وەکو خانەخوێیەک چەند کەسم لەگەڵ خۆم بردەوە. دوانیان قاچیان کەمێک سەرما بردبووی. ئەو شەوە ترخێنە و خەنەمان بۆ لە قاچیان گرت کە بە ئەزموونی ناوچە کوێستانییەکان ئەو دوو شتە بۆ قاچی سەرمابردوو باشە و سوودی لێوەرگیراوە. بۆ ڕۆژی دواییی بە مەبەستی چوونە سەر گۆڕی شەهیدان، لە مەیدانی ناوەندی شار بە شێوەی ڕێپێوان بە دانی دروشمی دژی ڕێژیم و سرروودی ئەی شەهیدان بەرەو گۆڕستانی سلێمان بەگ کەوتینە ڕێ. شێخ جەلال و ئەحمەد موفتیزادە و سەفدەری بەیەکەوە شانبەشان

ئەرۆیشتن. لەناکاو لەلایەن هەندێک لە چەپەکانەوە وێنەیەکی لێنین لە پێشیانەوە بەرز کرایەوە. کاتێ سەفدەری ئەو وێنەیەی دیت ئالۆز بوو، ویستی پڕی بداتێ و بیدڕێنێ، بەڵام لەلایەن ئەو گروپەوە بەری پێگیرا. باردۆخی ڕێپێوانەکە ئالۆز بوو. هەر چۆنێک بێت، شیخ جەلال نەیهێشت وەزعەکە بگاتە جێگایەگی ناخۆش و هێوری کردەوە. زۆرتر مەبەست لەم کارە دوو شت بوو: یەکەم، تێکدانی ڕێپێوانەکە بۆ ئەوەی کە چلەی شەهیدان، بەتایبەت ئەحمەد خان، کەمڕەنگ بکرێت. دووەم، شەڕی ئایدۆلۆژی بوو لە نێوان کۆمۆنیسم و ئیسلامدا. پێشتر لە چەند دێڕێکدا باسی کەمڕەنگکردنی چلەی ئەحمەد خان کراوە. بۆ نمونە لە کاتی بەخاکسپێریدا وێنەیەکی ئەحمەد خان کە ئەو ڕۆژانە بە زۆری لە وێنەگرەکانی شار چاپ و بڵاودەکرانەوە و دەفرۆشران، ئەو ڕۆژە وێنەیەکی گەورە لەسەر شانی یەکێک لە کەسوکاری ئەحمەد خان بوو بەرەو گۆڕستان، کە هەر لەو دۆستە چەپانە لەژێر ناوی ڕێزلێنان لە شەهید و کەسوکاری شەهید، گوایە ویستیان وێنەکە ئەوان هەڵیگرن بەڵام لەڕاستیدا ئامانجیان ئەوە بوو کە وێنەکەی بزر بکەن، هەروەک بزرکرا و کەس نەیزانی وێنە چی لێهات. بەڵام گەل ڕۆڵەکانی خۆی باشتر ئەناسێ لە قۆناخەکانی مێژوودا. بۆ نمونە بەشداریی ئەو هەموو خەڵکە لە چلەی شەهیداندا نیشانەی تێگەیشتن و وەفاداریی کۆمەڵگەیە بە شەهیدان. بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەیانویست ئەو ڕێوڕەسمانە بەو کارە قێزێونانەی خۆیان کەمڕەنگ بکەن، ئەو بەشداریە بەرفراوانە دەرەیخست کە کۆمەڵگە مرۆڤەکان باش دەناسێ و لێکیان جیادەکاتەوە. ئەحمەد خان سەردەمێکی کورتی ژیانی وەک خاڵی ڕەش حیسابی بۆ کراوە بەڵام کاتێکیش کە لەپێناو ئازادی و ڕزگاریدا شەهید دەکرا، گەل ئەوەشی بینیوە. بۆیە بە دەیان هەزار کەس لە ئێران و شارەکانی کوردستانەوە بە چلەی زستان بەوپەڕی سەرما و سەخڵەتی خۆیان دەگەیاندە مەزاری ئەو شەهیدە و پەیمانی خۆیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان دووپات دەکردەوە. پێم وایە کەسێک یان هەر گروپێک چاکە نەبینێ و تەنیا خراپەکان ببینی لە هەڵەدایە. بگەڕێینەوە سەر چۆنیەتی ڕێپێوانەکە. بەدوای ئەوەی کە شێخ وەزعەکەی ئارام کردەوە، ڕێپێوان بەرەو سلێمان بەگ بە شێوەیەکی باش و ئارام بە دانی دروشمی دژ بە ڕێژیم درێژەی دا. کاتێ گەیشتینە سەر گۆڕی شەهیدان، شێخ وەک عادەتی هەمیشەیی هەوەڵێن قسەکەری ڕێپێوان و نێو مزگەوتەکان بوو و ڕۆژ بە ڕۆژ قسەکانی لە دژی ڕێژیم توندتر دەکرد، ئەم جارەش لەسەر مەزاری شەهیدان قسەی کرد. بەدوای شێخدا، وەک لەبیرم بێت، ئەحمەد موفتیزادە و چەند کەسێکی دیکەش قسەیان کرد و بەو شێوەیە سەر قەبران تەواو بوو. گەڕاینەوە بۆ شار. خانەخوێش زۆر بوون، جەماعەتی میوانەکانیش هەر چەندکەس چوونە ماڵێک. بۆ شەو لە مزگەوتی شێخ الاسلام کۆبووینەوە. کۆمەڵێک کەسایەتی لەسەر گەورەیی شەهیدان و بارودۆخی ئەو سەردەمە قسەیان کرد و چەند هەڵبەستوانێکیش بە هەڵبەستی پڕ لە سۆز و نیشتمانپەروەری هەستی خۆیان پێشکەش بە بەشداران کرد. بەم شێوەیەش ڕێزگرتن لە چلەی شەهیدان تەواو بوو. بۆ بەیانییەکەی خەڵکی شار کۆمەڵ بە کۆمەڵ چووبوونە قەراخ شار بۆ ڕێزگرتن لە

میوانەکان و خواحافیزە و ڕەوانەکردنیان. هەر ماوەیە لە شارێکی کوردستان ڕووداوێك وەک ئەمەی بانە ڕووی دەدا. ئەوەندەی لەبیرم بێت جارێک لە سەقز و جارێکیش لە بۆکان بەشدار بووم. لە هەردوو شار بۆ بەخاکسپێری شەهیدان چووبووم. شەوانەش لە یەکێک لە مزگەوتەکان کۆدەبووینەوە بۆ پرسە و هاودەردی و خوێندنەوەی قسە و وتار دەربارەی شەهید و ئەو بارودۆخە. لەبیرم دێ لە شاری بۆکان شێخ، سەلاح موهتەدی و ئەحمەد موفتیزادە قسەیان کرد. ئەو شەوە ئەحمەد موفتیزادە لەوپەڕی ئازایەتی و تواناوە قسەی بە ڕێژیم و شەخسی شا گوت، کە هەتا ئەو کاتە کەم کەس ناوی شای ئاوا بە ڕاشکاوی هێناوبوو.

## سەفەرێکی سیاسی بۆ خڕی ناوزەنگ

ڕۆژێک من و کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی لە دوکانی میرزا عەبدوڵڵا دانیشتبووین و قسەمان لەسەر دواڕۆژ و ئەو بارودۆخە دەکرد کە لە ئێراندا هاتبووە ئاراوە. دوای هێندێ لێوردبوونە لە بارودۆخەکە بەو ئاکامە گەیشتین بچین دیدارێکی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بکەین لە خڕی ناوزەنگ، بۆ ئەوەی بزانین ئەوان چی لێ دەڵێن و بیر و ڕایان چییە. هەروەها بیریشمان لەوە دەکردەوە ئەگەر هاتو جارێکی دیکە کودەتایەکی وەکو بیست و هەشتی مورداد ڕوو بداتەوە و شا بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات، بێگومان ئێمەمانان ناتوانین بە ئازادی لەم وڵاتەدا بژین، جا یان دەبێ بچینە بەندیخانە بۆ چەندین ساڵ یان ئێمەش وەکو پێشمەرگەی کوردستانی عێراق بچینە شاخ. هەروەها بۆ ئەوەی بزانین جەلال تاڵەبانی‌یش وەکو سیاسەتمەدارێک لەو بوارەدا ڕەئی چییە و چۆنی بیر لێ دەکاتە و و چەندە ئەتوانێ یارمەتیمان بدات لە کاتی پێویستدا. لەسەر سەفەرەکەمان ساخ بووینەە و بە شێوەیەکی زۆر نهێنی تەرتیبمان کرد. سەرەتا لە چەند دۆستێکی سەردەشتی پرسیاری ڕێگاوبانمان کرد بۆ چوونمان بۆ خڕی ناوزەنگ. دیار بوو زۆر سەخت نەبوو، ئەوە بوو تەرتیباتی سەفەرەکەمان پێکهێنا و ماشینێکمان بە کرێ گرت بۆ بێورانی سەردەشت. چووینە ماڵی پیاوێك، ناوەکەیەم لەبیر نەماوە، ناوبراو وەک کەسێکی خاوەن دیوەخان و میوانخۆشەویست بە ئێمە ناسێندرابوو. کاتێ ئێمە گەیشتینە ئەوێ کەسێکی دیکە بە ناوی عەبەی ڕەسوڵ پیرۆز کە بە ئێمەیان ناساندبوو بۆ ئەوەی بمانبات بۆ خڕی ناوزەنگ، لەوێ حازر بوو. خەرێکی خۆپێچانەوە بووین کە ئێوارە تاریک داهات بڕۆین. ئەو برادەرە دۆست و هاوکاری یەکێتی‌ی نیشتمانی بوو. مانگی چەند جار مەوادی خواردەمەنی لە هەموو جۆرێک بەتایبەت ئارد، بە زۆری بۆ دەکڕین و لە سەردەشتەوە بۆی دەبردن. بەڵام نازانم چۆن و بە چ حیسابێک ئەم کەلوپەلانەیان بۆ دەکڕین و بۆیان دەبردن؟ ئێمەش داوامان لەو برادەرە کرد کە سێ ئێستریش بۆ ئێمە بە کرێ بگرێ و لەگەڵ خۆی بمانبات بۆلای جەلال تاڵەبانی. بۆ ئێوارە کاروان ئامادە بوو و ئێمەش سوار ئێستران بووین و لەگەڵ کاروانەکەدا کەوتینە ڕێ. هەروەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی بوونی پایەگاکانی سەر سنوورم کردووە کە لە ئاخروئۆخری دەسەڵاتی شادا لەسەر ئەساسی پەیمانی (الجزایر) هێزێکی زۆر بۆ لێدانی یەکێتیی نیشتمانی هاتبووە سنوورەکان، مەترسی ئەو پایەگایانەشمان هەبوو کە شەو بێنە سەر ڕێگامان، بەڵام ئەو برادەرانە گوتیان تا ئێستا ڕووی نەداوە کە بە شەو بێنە سەر ڕێگا، و جێگای مەترسی نییە. ئەوەی لە بیرم بێت لە نزیک ئەم بنکە سەربازیانەوە ڕۆیشتین: پایەگای کونە مشکێ و زۆران، و بێ گیروگرفت بۆ بەیانی گەیشتینە خڕی ناوزەنگ و چووینە بازاڕەکە و لە چایخانەیەک نانی بەیانیمان خوارد. وەڵاخدارەکانیش چوون بۆ جێگایەکی تایبەت و بارەکانیان خستن. ئێمەش دوای نانی بەیانی لەگەڵ کاک عەبەی ڕەسوڵ پیرۆز چووین بۆ پرسگەی پێشمەرگە. لەوێ ڕێنوێنی کراین بۆلای جەلال تاڵەبانی. کاتێ بەرەو ژوورەکەی جەلال تاڵەبانی ڕۆیشتین

بۆخۆی هەتا دەرگای دەرەوە هات بەپیرمانەوە و بەگەرم بەخێرهاتنی کردین. لەو کاتەدا نەشیروان مستەفایشی لەگەڵدا بوو. چووینە ژووری دانیشتین و دەستمانکرد بە باسوخواسی سیاسی. تاڵەبانی دەنگوباسی ئێران بەگشتی و بانەی بەتایبەتی پرسی. ئێمەش هەر یەک لەبەرخۆمانەوە ئەوەی زانیمان بۆمان باس کرد. بۆ نانی نیوەڕۆ برنج و فاسۆلیا و گۆشتی مریشکیان بۆ هێناین. کاتێ سفرەکە ڕاخرا جەلال تاڵەبانی بە یەکێک لەو پێشمەرگانەی کە نانی دادەنا گوت بۆ میوانەکان بە دوو کەس سێ نان دانێ. لەوە دەچوو وەکو عادەت بۆخۆیان بۆ نەفەرێک یەک نانیان دادەنا بەڵام ئێمە کە میوان بووین ڕێزی بۆ دانان و بە دوو کەسمان سێ نانمان پێدرا. ئەم قسە چەند مانای ئەدا: یەکەم، جەماعەتیان بە قەناعەتی پێشمەرگانە ڕاهێنابوو. دووەم، وێدەچوو باری ئابوورییان باش نەبێ. هەروەها دەشکرێت وەک قسەی خۆش و میوانداری لە ئێمە حیسابی بۆ بکرێت. هەر بەو شێوەیە دانیشتنەکانمان گەرمتر بوو و قسەوباسی سیاسی دەستییپێکرد. ئێمەش مەبەستی خۆمان لەو دیدار و سەفەرە کە بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر داهاتووی ئێران و خۆمان، بۆ جەلال تاڵەبانی باس کرد. تاڵەبانی ڕەئی وا بوو کە شا نایەتەوە سەر دەسەڵات، ئێران گۆڕانی بەسەردا دێت و پشوویەک ئەدرێت بە هەموو لا بەڵام پێویستە گەلانی ئێران و هەموو لایەک وریا بین کە بە باشی وەزعەکە بەرینەپێش. ئەم باوەڕ و خۆشبینییەی جەلال تاڵەبانی بۆ ئێمە دڵخۆشکەر بوو، ئێمەی لە دواڕۆژی باشتر لە ئێران زیاتر دڵنیا کرد. ئەوەشی گوت کە ئەگەر گیروگرفتێکمان بۆ هاتەپێش ئەتوانین بچین بۆلای ئەوان و بە هەموو توانایەکەوە یارمەتیمان ئەدەن. ئەو شەوە نەوشیروان مستەفا و عەبدوڵڵای ئیقدامی بیریان زۆر لەیەک نزیک بوو. زۆرتر مائۆیی بیریان دەکردەوە. بەڵام دانیشتوانی دیکەی کۆڕەکە لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەدا نەبوون. بۆ بەیانییەکەی گەڕاینەوە بەرەو بێورانی سەردەشت. لە ڕێگادا بووین هەواڵی ڕۆیشتنی شامان بەرەو میسر بیست. بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووین. کاتێ گەیشتینە بانە خەڵک پەیکەری شا کە لە مەیدانی ناوەندی شاردا بوو دایانگرتبووە خوارێ و شکاندبوویان. ئەوەش هەواڵێکی خۆشتر بوو. بەم هەواڵانە ڕۆژ بە ڕۆژ هیواکان زۆرتر دەبوون و هەر ڕۆژە چاوەڕوانی هەواڵی خۆشترمان ئەکرد. هەرچەند شا ڕۆیشتبوو بەڵام هێشتا دەسەڵات بە دارودەستەی شا مابوو. ئەزهاری ئەودەم لەلایەن شاوە کرابوو بە سەرۆک وەزێر. بەڵام هەموو ڕووداوەکانی ڕۆژ ئەوەیان دەسەلماند کە ئەو دەسەڵاتە کاتییە و دەبێ لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێک بێت، ئەویش گۆڕانی ڕێژیم بوو.

## ڕێکخستن و پێکهێنانی سەندیکای شۆفیران

تا ئەو کاتە شاری بانە هیچ جۆرە سەندیکایەکی نەبوو بۆیە کەوتمە بیری ڕێکخستنی "سەندیکای ڕانندگان". بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕانندەدا ڕاوێژم کرد. تێکڕا بەو ئاکامە گەیشتین کە دەسبەکار بین. لە ماوەی حەوتوویەکدا جەماعەتی ڕانندەکان لەگەڵ ئەو کرێکارانەی کە پەیوەندییان بە کۆمپرێسی و ماشینەکانەوە هەبوو ئامادە کرد بۆ کۆبوونەوە و بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری بە ناوی کومیتە سەندیکای ڕانندگان. دیارە هەموو کرێکارێکی دیکەش بۆی هەبوو بەشداری بکات. شەوێکی زستان لە سەرەتای مانگی سەرماوەزدا لە مزگەوتی شێخ جەلال کۆبووینەوە. جەماعەتمان نزیک بە پەنجا کەس دەبوو. پێشەکی لەسەر کاروباری ڕانندەکان و ئەرکی سەندیکا و کاری کۆمیتە قسەم بۆ جەماعەت کرد. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لەنێو ئەم ڕاننده و کرێکارانەدا بیر و بۆچوونی جۆربەجۆر لە ڕاست تا چەپ و ئیسلامی هەبوو. دوای ڕوونکردنەوەی ڕانندەکان هەڵبژاردنی نهێنیمان کرد و جەماعەتێک خۆیان پاڵاوت. لەو جەماعەتە ئەوەی من لەبیرم مابێت ئەم کەسانە هەڵبژێردران: کەریم خۆشناو، عەلی عەنیفی، حسێن ئەفشاری، عەلی دایەخەجی و خۆم و هەروەها دوو کەسیش وەک جێگر دەنگیان هێنایەوە. هەر ئەو شەوە دوای هەڵبژاردن کاری کۆمیتەمان بەم شێوەیە دابەش کرد: ڕەشید ئەحمەدی بەرپرسی کۆمیتە، کەریم خۆشناو جێگری بەرپرسی کۆمیتە، عەلی حەنیفی بەرپرسی بەشی دارایی و دوو کەسیش وەک هاوکاری کۆمیتە لە بەشەکانی دیکە لە کاتی پێویستدا. بەم شێوەیە کاروباری هەڵبژاردن و دابەشکردنی کار تەواو بوو. هەر لەنێو خۆماندا پارەیەکمان کۆکردەوە (هەر کەس بەپێی توانای خۆی) کە پارەیەکی باش بوو. بەو پارەیە کارە سەرەتاییەکانی سەندیکامان پێ ڕێکخەست. لە حەوتووی دواییدا ژوورێکمان بۆ دەفتەری کار لە خانووی حاجی عەزیزی نەمەشیری لەپشت مزگەوتی جامیعە بە کرێ گرت. لە حەوتووی یەکەمدا هێڵی تەلەفۆنیشمان بۆ ڕاکێشا و دەستبەکار بووین. کەریم خۆشناو کە ئەو کاتە بێکار بوو، کاری ڕۆژانەی بەئەستۆ گرت و ڕۆژانە هەشت سەعات لە دەفتەر دەمایەوە. لە بەرامبەردا کۆمیتە بڕیاری دا کە مانگی سێ سەد تمەنی بداتێ. ئەو زستانە کۆمیتە توانی کار بۆ چەند ڕاننده پەیدا بکات. هەروەها هێندێ یارمەتی ماڵی بە چەند ڕانندەیەک کە کاریان نەبوو، بدا. کۆمتیە لە ماوەی چەند مانگدا توانی متمانەی زۆربەی کرێکارانی بانە بۆلای خۆی ڕاکێشی و بە ئەندازەی ئەو سەردەمە توانی کۆمەڵێک کاری باش بکات بۆ کرێکاران. بەم شێوەیە کۆمتیە درێژەی بە کاری خۆی دا هەتا ئەو جێگایەی کە دەسەڵات بە خەڵکی بوو. بەڵام کاتێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی باڵی بەسەر شارەکەدا کێشا کۆمیتە نەیتوانی درێژە بە کاری خۆی بدات و هەڵوەشا. لەبەر ئەوە بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتە و بەشێکی زۆر لە کرێکارەکان سەر بە هێزە سیاسییەکان بوون، نەیانتوانی لە شاردا بمێننەوە و زۆریان بوونە پێشمەرگە و تێکەڵ بە ڕێکخراوە سیاسییەکان بوون. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە کۆماری

ئیسلامی بەو جۆرە کۆمیتانە بە ناوی کرێکارییەوە ڕازی نەبوو و ئیجازەی کاری پێنەدەدان. دەبوو کەسانێک بەڕێوەبەری ئەو جۆرە کۆمیتانە بوونایە کە سەر بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بوون.

بەشێک لە پاییز و سەرجەم زستانەکەم بە کۆبوونەوە لە ماڵی شێخ، پاسەوانی بەکۆمەڵی شەوانەی شار، هاتوچووی شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ بەخاکسپێری شەهیدان، ڕێپێوان لە بانە و شارەکانی دیکە، بردەسەر. ڕۆژی دوازدەی ڕێبەندانی ١٣٥٧ کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە فەرانسەوە گەڕایەوە تاران، بوو بە خۆشی و شادی هەموو گەلانی ئێران. خەڵکی بانەیش وەک هەموو شارەکانی ئێران و کوردستان ئەو ڕۆژە ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیانکرد بە تەقەی خۆشی-بەو چەکانەی کە ئەو سەردەمە بوویان. چەند ڕۆژێکی پێچوو بەیانییەک سەرباز و ژاندارمەکانی پادگان بە چەند تانك و زرێپۆش و جیپ و ماشینی دیکەی سەربازی بە هەڵکردنی ئالآی سپی بە نیشانەی تەسلیم بوون و ئاشتی لەگەڵ گەلدا هاتنە نێو شار. خەڵکی بانە بەگەرمی بە گوڵباران پێشوازییان لێکردن. کۆمەڵێك لە گەنجان چوونە سەر تانك و زرێپۆشەکان و وێنەیان لەگەڵ سەربازەکاندا گرتن. دوای چەند سەعات سوپا گەڕایەوە پادگان و ئەفسەری فەرماندە بە ناوی سەروان فەتاحی و ئەفسەرێکی دیکە لەگەڵ دوو سەرباز هاتنە ماڵی شێخ. نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان و منیش لەگەڵ چەند کەسایەتیی خەڵکی شار بەشداری ئەو دانیشتنە بووین. بڕیار درا ژمارەیەک تفەنگ بدرێن بە شێخ و لەژێر چاودێریی ئەودا بدرێن بە کەسانی باوڕپێکراو بۆ پاسەوانی شارەکە. بۆ ڕۆژی دوایی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ کرا. لەو چەکانە کە دران بە شێخ پێنج چەکی ژ٣ م وەرگرتن بۆ ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری سەندیکا بۆ پاراستنی دەفتەر و هەروەها بۆ یارمەتیی و هاوکاریی پاسەوانانی شارەکە لە کاتی پێویستدا.

## دامەزرانی شورا لە شاری بانە

بەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی شادا ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا دەستیپێکرد. شورا لە شارەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک لە سەرانسەری ئێراندا دەستیپێکرد. خەڵکی شاری بانەش بەدوای هاتنی سەرباز و ژاندارمی پادگان بۆنێو شار و ئاشتیی میللی، ئیتر پێویست بوو بۆخۆی دەسەڵات بەدەست بگرێت. بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەك لە ماڵی شێخ پێکهات. ڕۆژێک دیاریکرا بۆ هەڵبژاردنی شورا. لە ڕۆژی دیاریکراودا هەڵبژاردن دەستیپێکرد. هەڵبژاردنەکە لە چەند مزگەوتی شار بە چاودێری ڕێکخراوە سیاسییەکان، نوێنەری شێخ و چەند کەسایەتیی سەربەخۆ لەسەر هەموو سندوقەکان بەڕێوەچوو. من خۆم وەک کەسێکی سەربەخۆ خۆم پاڵاوت بۆ ئەندامەتی شورای شار. چەند کەسێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکان و چەند کەسێکی سەربەخۆ کە یەکیان من بووم دەنگمان هێنایەوە. شێخ لە یەکەم کۆبوونەوەی شورادا بە بەرپرسی شورا هەڵبژێردرا. دابەشکردنی کار بەم شێوەیە پێکهات: میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی بۆ بەپرسی شارەوانی، منیش بۆ بەرپرسی پاسگاکانی دەرەوەی شار و بەڕێوەبردنی کاری دێهاتەکان دیاری کرام، کە بریتی بوون لە سێزدە پاسگای ژاندارمری بۆ کاروباری دێهات. شێخ ڕاستەوخۆ چاودێریی هەموو لایەکی دەکرد. نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان تەنیا لە کۆبوونەوەکانی شورای شاردا بەشدارییان دەکرد. من و میرزا عەبدوڵڵا ئەو کاتە هەردوکمان وەک کەسێکی سەربەخۆ ئەناسراین. بۆیە شێخ پێی چاک بوو کە ئەو دوو پۆستە واتە کۆمیتە بۆ کاروباری نێو شار و ژاندارمری بۆ بەڕێوەبردنی کاری دێهاتەکان بە ئێمە بسپێردرێت. ئەم بڕیارانە بە دەسەڵاتی شێخەوە پەیوەندییان هەبوو. بڕیاری شێخ لە سەرووی هەموانەوە بوو. لەنێو ئەندامانی شورادا زۆرینەی دەنگەکان لەگەڵ شێخ بوون. هەریەک لەئاستی خۆمانەوە دەستمان بە کار کرد. لەندرۆڤەرێك کە هی ئەفسەری (بیرون مرزی) بوو، واتە دەرەوەی سنوور، لەلایەن شوراوە درا بە من بۆ کاروباری دێهات و سەردانی پاسگاکان. ئەفسەرەکە ماوەیەک بوو لە بانە ڕۆیشتبوو. هەر ئەو ڕۆژە نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان و نوێنەری شێخ چووین بۆ ژووری ئەفسەری بیرون مەرزی. سندوقێکی پۆڵای لێبوو کە هەتا ئەو کاتە نەکرابۆوە. بۆ کردنەوەی دەرگای سندوقەکە وەستا ئەحمەدی معمار بانگ کرا و بە کارپێت سندوقەکەی کردەوە. کۆمەڵێک نامەی تێدابوون کە بریتی بوون لە ناوی کەسانێکی کوردستانی عێراق کە هاوکاری ئەو دەزگایەیان کردبوو. هەروەها نامەیەک کە بە خەتی ئەو ئەفسەرە نووسرابوو کە ئەحمەدییەکان بۆیە چەک کران کە هاوکاری دەزگاکانی دەوڵەتیان نەکرد و جێگای گومان بوون. ئا لەو کاتەدا عەبدوڵڵای ئیقدامی گوتی فلان کەس، ئەو نامەیە با لەلای تۆ بێت، ئەو نامەیە بۆ تۆ زۆر باشە. بەداخەوە ئەو نامەیەش وەک سەدان نامە و بەڵگەی دیکەم لە تورکیە تێداچوون. ئەوەی لەبیرم بێت ئەو کەسانەی لەوێ بوون عەبدوڵڵای ئیقدامی نوێنەری چریک، میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی نوێنەری شێخ،

مستەفای ئەمینی نوێنەری موجاهیدین، وەستا ئەحمەدی معمار سەربەخو؛ لە برادەرانی کۆمەڵەش نەفەرێکیان لەگەڵدا بوو بەڵام لەبیرم نایەت کێ بوو.
ڕۆژێک میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی کە لەلایەن شورای شار و لەسەر داوای شێخ کرابوو بە بەرپرسی کاروباری شارەوانی، شتێکی خۆشی بۆ باس کردم. حەماسەی چەپە توندڕەوەکان ئەو ڕۆژانە بەهێز بوو. لاوەکان بە زۆری بەسەر چریک، تودە و چەپەکانی دیکەدا دابەش بووبوون و هەر یەک هەواداری لایەنێک بوو بێ ئەوە بزانن چەپ چییە بەڵام ئەوە باو بوو هەر کەسێک چەپ نەبوایە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر نەبوو. ئا لەو کاتەدا شارەوانی دەست بەسەر دوخانیاتی بانەدا دەگرێت و هێندێ سیگاری خارجی کە تێدا ئەبێت دەیبەن بۆ شارەوانی. بڕیار ئەدەن بە نرخێکی هەرزان بیدەن بە کەسانی هەژار و نەدار. لەم سیگارانە چەند گڵۆزێک ئەدەن بە ساڵح ئاغا ناوێک خەڵکی چەمپاراو کە ئەو کاتە ماڵی لە شاردا بووە. ناوبراو زۆر نەدار و هەژار بوو. ساڵح ئاغا ڕۆژانە لە سووچی دوکانەکان ڕادەوەستا و لە سەر کارتۆنێک سیگاری دەفرۆشت. لە ڕاستیدا بەو کاسبییە نەئەژیا و خەڵکی خێرخواز لەپاڵ کڕینی پاکەتێک سیگار هێندێ پارەی زیادییان وەک خێر پێدەدا. جا قسەکەی میرزا عەبدوڵڵا لێرەدا دەستپێدەکات. گوایە ڕۆژێک چەند لاوێک لەو چەپانە کە سەر بە چریکەکان بوون ئەچن بۆلای میرزا عەبدوڵڵا و پێی دەڵێن بۆ سیگارت داوە بە ساڵح ئاغا؟ خۆت ئەزانی ساڵح ئاغا دەرەبەگە! میرزا دەڵێ ئەوەی من بزانم ساڵح ئاغا نەک هەر دەرەبەگ نییە بەڵکو پیاوێکی هەژارە و پێویستی بە یارمەتی هەیە. بەڵام ئێوە چۆن دەزانن کە ئەو دەرەبەگە؟ چەپەکان لە وەڵامدا دەڵێن ئەوە نییە پێی ئەڵێن ساڵح ئاغا؟! میرزا دەڵێ برا ئازیزەکانم، خراپیان حاڵی کردوون! بڕۆن باشتر حاڵی بن تاکو دەرەبەگ و ساڵح ئاغای لێک هەڵاوێرن. واز ناهێنن و دەڵێن ئەی باشە باوکی ئێمە دوکاندارە و داهاتی ئەوتۆیان نییە بۆچی بەشی ئەوان نادەی؟ میرزا عەبدوڵڵا دەڵێ وادیارە ئەم شەڕەی بۆ باوکتان ئەکەن؟! کاکە، من باوکی ئێوە باش ئەناسم، ئەوان کەسانێکن کە بە هەزار قات وەزعیان لە ساڵح ئاغای بە قەولی ئێوە "دەرەبەگ" باشترە.

## دەسپێکی کار لە پاسگاکان

بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پاسگاکان چەند کەسم وەک هاوکاری خۆم دیاری کرد: شەریفی فەقێ حەسەن، سەلیم سەعید، ڕۆستەم سەعید و مەحموود ناوێک. ئەم هاوڕێیانە بۆ هاتوچووی دەرەوەی شار لەگەڵمدا بوون. مەلا شێخ عێزەدینی گوندی سەرقوڵ کە یەکێک لە خزمانی شێخ و باوەڕپێکراویشی بوو، سەرەتا بۆ دامەزراندنی شورا لە گوندەکان و بەڕێوەبردن و کاروباری دێهات و سەردانی گورهان و پاسگاکانی ژاندارمریی دێهاتی بانە بەرپرسایەتیی هاوبەشی لەگەڵ مندا پێسپێردرا. لە یەکەم دەسپێکی کارمان چووینە گورهانی دۆڵهەرزن. دوو ئەفسەر و نزیک بە سی سەرباز و بیست ژاندارمی لێبوون. دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی نوێ قسەمان بۆ کردن. ئەفسەرەکان زۆر ناڕەحەت بوون بە چوونی ئێمە بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو. هەردوو ئەفسەرەکە داوای ڕۆیشتنیان کرد بۆ هەنگی سەقز. من خۆم پێم باش بوو کە تێکڕا ئەفسەر و دەرجەدارەکان بڕۆن و لە جێگەی ئەوان لە خەڵکی ناوچەکە و کەسانێکی باوەڕپێکراو و بەتوانا دانێین. مامە قالە خەڵکی گوندی سووتوو، وەک یارمەتیدەری گورهان دیاری کرا. ئەو بە مامە قالە سوتوویی ئەناسرا. ناوبراو لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاویدا بە تاوانی ئەندام بوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کەوتە بەندیخانە لە تاران و دوو ساڵی تێدا مایەوە. مامە قالە کەسێکی خۆشناو و خۆشەویست بوو لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا. دوایی چووینە مزگەوت و خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەریشمان کۆکردەوە. بە نهێنی هەڵبژاردنمان بۆ شورا کرد. چەند کەس دەنگیان هێنا بۆ بەڕێوەبەری شورای ناوەندی گورهانی دۆڵهەرزن. هەر ئەو ڕۆژە سەردانی پاسگای کۆخانیشمان کرد و پاشان گەڕاینەوە شار. شەو چوومە لای شێخ و ڕاپۆرتی سەردانەکەم بۆ برد. شێخ عێزەدینیش لەوێ بوو. پێشنیارم کرد ئەگەر بگونجێت تێکڕای ئەفسەرەکان و ڕەئیسی پاسگاکان کە دەرەجەی ئیستوار و گروهبانیان هەیە لەسەر داوای خۆیان بییاننێرینەوە بۆ هەنگی سەقز یان ناحیە لە سنە. شێخ ئەم پێشنیارەی منی بەلاوە پەسند بوو. لەڕاستیدا ئەو ئەفسەر و دەرەجەدارانە بە ڕۆیشتنی شا ئیتر توانای کارکردنیان نەمابوو و زۆریش ئەترسان لەوەی کە کەسانێك کە لە ڕابوردودا بە ناڕەوا بەدەستی ئەوان ئازار درابوون، تۆڵەیان لێ بکەنەوە. بۆیە دەیانویست هەرچی زووتر لە بانە بڕۆن. بەدوای ئەو دانیشتنەدا ڕۆژەکانی دوایی تەنیا چەند جارێک شێخ عێزەدین هاوکاری کردم ئیتر بۆخۆم سەردانی پاسگاکانم دەکرد بۆ ڕێکخستنەوەی نوێ لە کاروباری پاسگاکاندا. بەردەوامیش شورام بۆ دێهاتەکان پێکدەهێنا. هەر پاسگایەک دە تا پازدە سەرباز و ژاندارمی لێ بوو. بەو ئەندازەش تفەنگی زیادی لێبوو لە جۆری ئیم یەک و ژ. سێ. لە هەر گوندێک کە پاسگای لێبوو لە لاوەکانی گوند دە کەسم ئامادە دەکرد کە لە پاسگادا خزمەت بکەن. ڕەئیس پاسگا و نەفەرێک وەک یارمەتیدەری ڕەئیس پاسگام لە خەڵکی گوندەکان دیاری دەکرد و چەند تفەنگێکی زیادیش کە دەمانەوە دەماندان بە خەڵکی ئاوایی کە لە کاتی پێویستدا یارمەتی پاسگا بدەن. بەدوای ئەو

بەرنامەدا پاسگاکان بوون بە پاسگای خەڵکی و لە شێوەی پاسگای زەمانی شا چوونە دەر. گیروگرفتی گوندەکانیش کەوتە ئەستۆی شوراکان. بەدوای ڕێکخستنی ئەم بەرنامەدا مانگی پێ نەچوو کە تەواوی دەرەجەدار و ژاندارم و سەربازی شارەکانی دیکە هەموویان داوای شوێن گۆڕینیان کرد. ئێمەش بە نامەی ڕەسمی دەمانناردنەوە بۆ هەنگی سەقز. بەدوای ئەمەدا نەفەراتی دیکەی پاسگا هەموویان لە خەڵکی گوندەکان بوون و دەسەڵات بەتەواوی کەوتە دەستی خەڵک. بۆ ئەوەی مانگانەیەک بەو کەسانە بگات کە پاسگاکانیان بەڕێوەدەبرد، شێخ جەلال سەردانی ناحیەی ژاندارمری لە ناوەندی پارێزگای سنە کرد. شێخ لەو دیدارەدا وەک بەرپرسی شورای شاری بانە لەگەڵ فەرماندەی ناحیە توانی بڕە پارەیەک وەک مانگانە بۆ ئەو کاسانە بۆ ئەو کاسانە دیاری بکات کە لە پاسگاکاندا خزمەتیان دەکرد. لەسەر ئەم داوایەی شێخ فەرماندەی ناحیە گوتبووی بۆ زیاتر ڕەسمیبوونی ئەو کەسانەی لە پاسگاکاندا خزمەت دەکەن دەبێ بە "دلاوەر" یان "چریک" ناودێر بکرێن. شێخ گوتبووی با بچمەوە بۆ بانە ئەودەم وەڵامت ئەدەمەوە. کاتێ شێخ هاتەوە قسەکەی بۆ باس کردم و گوتی دەبێت ڕێگەیەکی بۆ بدۆزینەوە. هەردوو لامان پێمان چاک بوو ناویان بنێین پێشمەرگە بەڵام لە وتووێژێکی تەلەفۆنیدا فەرماندەی ناحیە ئەو ناوەی ڕەد کردبۆوە و زۆریش لەو ناوە هەڵبەزیبۆوە. لە وەڵامدا گوتگبووی ئێستا لە ئێراندا ناوی بەو شێوەمان نییە بۆیە ناکرێت تەنیا بۆ بانە ئەو ناوە دانرێت. ئیتر زانیمان کە فەرماندەی ناحیە هەر دەیەوێت ناوە کۆنەکان بێت. ئەو ناوەش مێژوویەکی باشی نەبوو و لای خەڵکیش ناوێکی خۆشەویست نەبوو. بۆیە بە لێهاتوویی خۆمان ناومان لێنان تێکۆشەر. هەرچەند فەرماندەی ناحیە ڕازی نەبوو بەڵام ناردمان لە سەقز کارتیان بۆ چاپ کردین و بۆ هەر نەفەرێک کە لە پاسگا خزمەتی دەکرد کارتێکی وەک پێناسە بە وێنەی خۆیەوە درایە. هەرچەند ئەم مانگانەیە چەند مانگی دەوام کرد و دواچۆڕی هات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە خۆیان بە هێزی خەڵک دەزانی هەر مانەوە و هەتا دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی خەڵکی بێ بەرامبەر لەو پاسگایانەدا خزمەتیان کرد و ئاگادارییان لە ماڵ و مڵکی خەڵک کرد. دواییش بەشی زۆریان بوونە فەرماندە و پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکەدا کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ناوەکانیان دێن. هەروەها لەو سەفەرەدا شێخ بۆ ئەمنیەتی زیاتری بانە چوار سەد تفەنگی برنەوی لە ناحیە وەرگرت کە لە هاتنەوەیدا بەشێکی بە کەسانی نزیکی خۆی دا و بەشێکیشی درا بە ڕێکخراوە سیاسییەکان و باقی بەسەر گوندەکاندا دابەش کران. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە فەرماندەی ناحیە پێشنیاری مانگانەیەکی بە شێخ و چەند کەسانێکی دەوروبەری کردبوو، بەڵام شێخ ئەم پێشنیارەی ڕەد کردبۆوە. لە هاتنەوەدا شێخ ئەمەی بۆ گێڕامەوە و گوتی پێم خۆش نەبوو ئەم مانگانەیە قبوڵ بکەم، بەڵام بە نیسبەت ئەو کەسانەی کە لە پاسگاکاندا شەو و ڕۆژ خزمەت دەکەن و ئەمنیەتی هاوڵاتییەکانیان دەپارێزن، ڕەوای دەبینم ئەو هەژارە زەحمەتکێشانە شتێکیان پێ بگات بۆ بژیوی منداڵەکانیان. بەڵام ئێستا بۆخۆم یان بۆ ئەمسالی ئێمەمانان بە زووی دەزانم، لەبەر ئەوەی مەعلوم نییە نێوان کورد

و دەسەڵاتی ناوەندی بە چ لایەکدا ئەشکێتەوە. پێمخۆشە جارێ بەوەی هەمانە قەناعەت بکەین و خۆمان بەڕێوەبەرین.
لەوانەیە پرسیار بێتە پێش کە شێخ جەلال جگە لە ئەو داهاتەی کە وەک پێشنوێژێکی مزگەوت هەیبوو چ داهاتێکی دیکەی هەبوو. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو ڕۆژانە دەیان کەس شەو و ڕۆژ لەو ماڵە نانیان دەخوارد، هەموو جۆرە میوانێک ڕووی تێدەکرد، هیچ کات لە دە تا بیست کەس کەمتری لە ماڵدا نەبوو و زۆر جاران زۆر زیاتریش لەو ژمارەیە. بەڵام ئەوە هەبوو کە خەڵکێکی بەهیمەت و نیشتمانپەروەر لە شاری بانە و لە شارەکانی دیکە کە دەیانبینی شێخ بەتەواوی ژیانی خۆی لە خزمەت نەتەوەکەیدا داناوە و زۆر ئازایانە لە بەرامبەر هێزی دوژمندا ڕاوەستاوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئاگایان لە نەداری و باری ژیانی شێخ هەبوو، بە حەقیان دەزانی کە یارمەتی بدەن. شێخ ئاگاداری وەزعی منیش بوو کە هەموو کاروباری ڕۆژانەی خۆم بەلاوە نابوو و لە هەموو کات و ساتێکدا بۆ کاری شورا لە خزمەت خەڵکدا بووم، بۆیە هەر لەو یارمەتییانەی کە بۆ ئەو دەچوون جارێکیش بەشی منی دا.

## ڕووداوێکی ناخۆش

لە بەردەم سینەمای خواروو، واتە سینەمای ڕەحمان خان، کە شوێنێکی قەرەباڵغی شارە و هەر چواردەوری دوکانە و هاتوچووی خەڵکی بەسەرەوەیە کومەڵێک لە خەڵکی بانە لەو ناوەندەدا بازاڕی چەکفرۆشییان دانابوو و هەموو جۆرە چەکێکیان تێدا دەفرۆشت. لە بەشێکی شارەکانی ئێرانەوە بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی دەهاتن بۆ ئەو بازاڕە. ڕۆژانە حەشیمەتێکی زۆر لەو بازاڕەدا بۆ کڕینی چەک کۆدەبۆوە. بیرم لەوە کردبۆوە کە پلان و دژایەتی دوژمنانی گەلەکەمان زۆرن و ئەگەر خوانەخواستە ڕۆژێک لەم شوێنەدا شتێک بتەقێتەوە، کە بازاڕەکە خۆی پڕە لە دینامیت، نارجۆک و شتی لەو جۆرە، خەسار و زیانێکی زۆری لێ دەبێتەوە. لەو بارەوە بۆچوونم وا بوو کە بازاڕەکە بگوێزرێتەوە بۆ قەراغ شار. بە مەبەستی چارەسەرییەک و ڕاگواستنی جەماعەتی چەکفرۆشەکان بۆ جێگایەکی گونجاوتر، ڕۆژێک چوومە لای میرزا عەبدوڵڵا نەعلبەندی، بەرپرسی ئاسایش و ئەمنیەتی شار. پێمگوت بوونی ئەو بازاڕە لەنێو شاردا دیاردەیەکی ناشرینە بۆ شارەکە و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی دوژمنەوە هیچ دوور نییە پلانێکمان بۆ ڕێکخەن و ڕووداوێکی دڵتەزینی لێ بکەوێتەوە، بۆیە داوا دەکەم کارێکی وا بکەی کە لانیکەم بازاڕەکە بگوێزرێتەوە بۆ قەراغ شار. میرزا عەبدوڵڵایش داواکەی منی پێ باش و پەسند بوو و گوتی پێم خۆشە لەو بوارەدا هاوکاریم بکەیت. گوتم ئامادەم بۆ هاوکاریت. هەر ئەو کاتە میرزا ناردی چەند کەسێکی لە ناودارەکانی ئەو بازاڕە بانگ کرد بۆ کۆمیتە. من هێشتا لەوێ بووم کە جەماعەت هاتن. میرزا وەک بەرپرسی کۆمیتە لەمەڕ ڕوودانی کارەسات و مەترسی ئەو کارە لەنێو بازاڕدا قسەی بۆ کردن و داوای لێکردن دوای ئەوە کە لە قەراغ شار شوێنێکیان بۆ دیاری کرا بازاڕەکەیان بگوێزنەوە بۆ ئەوێ. هەروەها ئەوەشی پێگوتن کە بۆ ئەوان جیاوازی نییە لەبەر ئەوەی ئەو بازاڕە بازاڕێکی تایبەتە و لە هەر کوێیەک بن خەڵکی کڕیار بۆی دەچێت. بانەش شارێکی گەورە نییە، هەر ڕۆژی یەکەم بازاڕەکە ئەدۆزرێتەوە. جەماعەت ناڕازی بوون و داوای میرزایان وەك بەرپرسی شارەوانی قبوڵ نەکرد. میرزا پێی گوتن دەبێت تا یەک حەوتووی دیکە بازاڕەکە ببەنە قەراغ شار و ئەگەر خۆتان ئەو کارە نەکەن کۆمیتە ناچار دەبێت لەپێناو ئەمنیەتی شاردا بەزۆر ڕاتانگوێزێت و ئەگەریش سەرپێچی لە بڕیارەکە بکەن ئەوە تووشی سزا دەبن. حەوتوو تەواو بوو جەماعەت نەیانگواستەوە. میرزا تەلەفۆنی بۆ کردم. چوومە لای. سەرەتا گلەیی کرد لە خەڵک و گوتی لە زەمانی شادا ژاندارم یان پۆلیس هەر فەرمانێکیان بدایە ئەگەر فەرمانەکە بە زیانیشیان بوایە خەڵک نەیدەتوانی سەرەڕۆیی بکات بەڵام ئێستا کە دەسەڵات بە خۆمانە و ئێمەش لە بەرژەوەندیی ئەو خەڵکە بڕیارێک ئەدەین بەداخەوە گوێمان لێ ناگرن. تا ئێستا زۆر شتی وا هەبووە کە خەڵک لاسارییان کردووە لە بڕیاری کۆمیتە، لە کاتێکدا ئێمە هەر داوایەکمان هەبووبێت لە بەرژەوەندیی ئەو خەڵکەدا بووە. بەڵام جەماعەتێکی کەمینەی هەلپەرست مل نادەن بۆ داواکانمان و ئیستاش خۆت ئاگات

لێی هەیە کە حەوتوویەک لەمەوبەر ئەو چەکفرۆشانەمان ئاگادار کردن کە بازاڕەکەیان بەرنە قەراغ شار. ئێستا مۆڵەتەکە تەواو بووە و ئەوان هەر لە جێگای خۆیاندان. داوات لێ دەکەم کە تۆش هاوکاریم بکەیت و بچین بۆ نێویان و هێندێک فشاریان بۆ بهێنین بەڵکو لەوێ وەگوێزن. گوتم فەرموو با بڕۆین. هەستاین لەگەڵ چەند چەکداری کۆمیتە چووین بۆلایان و جارێکی دیکە لەگەڵ جەماعەتێکی زۆرتریان قسەمان کرد و باسی مەترسیی ئەو کارەمان لەو شوێنەدا بۆ کردن، بەڵام بەداخەوە هیچ کە گوێیان لێ نەگرتین بەڵکو کردیانە هەرا و هۆریایەك و کەسانێکی بەرچاوی بازاڕیشیان لە خۆ کۆکردەوە، وەک حاجی مستەفای شافیعی، حەبیب مسگەری و چەند کەسایەتیی دیکە کە پشتیوانیان لێدەکردن. یەک لەوان حاجی مستەفا بوو کە دەیگوت ئەگەر خەتەر بێت بۆ من و ئەمسالی منە، دوکانەکەی من لەپەنای ئەم بازاڕەدایە، ئەمن ڕازیم، ئێوە بۆ گیروگرفت بۆ ئەم هەژارانە دروست دەکەن! دیارە حاجی مستەفا بیری لەوە دەکردەوە کە بەو قەرەباڵغییە بازاڕەکەی ئەویش گەرمتر و پڕفرۆشتر دەبێت، ئیتر بیری لە دواڕۆژی ئەو مەترسییە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک ڕووداوی دڵتەزین بەرۆکیان دەگرێت. ئەوان بە ئێمەیان دەگوت ئەمانە هەژارن و کاسپی دەکەن بۆ ژیانی ماڵ و منداڵیان. هەرچەند ئێمە قسەی باشترمان هەبوو بەڵام گویان لێ نەگرتین. وا ڕێکەوت دوای چەند ڕۆژێک بۆ چاککردنەوەی کۆمپرێسییەکەم کە لەو ماوەدا کاتم نەبوو بۆخۆم کاری پێ بکەم و دابوومە دەست کەریمی شاگردم، چووم بۆ کرماشان. کەریم هێشتا بەتەواوی ڕانەهاتبوو بە لێخوڕینی ماشین، ئەمە بووە هۆی ئەوە ڕۆژێک ماشینەکەی بە بارە بەردەوە لە جادە هەڵداشتبوو. بەخۆشییەوە کەریم سەلامەت دەرچووبوو. دوای دوو ڕۆژ مانەوەمان لە کرماشان لە ڕادیو تاران باسی تەقینەوەیەک لە بازاڕی بانەم بیست کە گوایە بۆتە هۆی کوشتن و برینداربوونی دەیان کەس. کاتێ هاتمەوە بانە دیمەنێکی زۆر دڵتەزێنەم دیت، خوێن و پارچەگۆشت بەسەر سوێبانەی دوکان و خانووەکانەوە مابوو کە هێشتا پاکیان نەکردبۆوە. ئەم تەقینەوەیە دەستێکی ئاژاوەگێڕی لەپشتەوە بوو کە بەداخەوە قەت ڕوون نەبۆوە چ دەستێک بوو. دیارە زۆر بۆچوون هەبوون، یەك لەوانە گوایە حکومەتی بەعسی عێراق بووە. هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێرانیش. بە باوەڕی من هەردوو لایەن زەمینەی ئەو کارەیان هەبوو. هەریەک بە مەبەستی تاوانبارکردنی یەکتر، بەڵام بە بەڵگە ڕوون نەبۆوە ئاخو ئەو کەسە یان ئەو کەسانە کێ بوون و ئەو دەستەش کێ بوو لەپشت ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە. تەقینەوەکە بوو بە هۆی تێداچوونی چەند کەسێک و چەندیش بریندار بوون. ئەوەی من لەبیرم بێت یەکێک لەوانەی کە تیاچوو ناوی ئەمیری فاتمەخانم بوو کە لە کەسانی بەرچاوی ئەو بازاڕە بوو. کاتێ کە سەرە چەرمەکە ئاو بردی ئەودەم گوتیان ئێوە ڕاست بوون و بڕیارەکەشتان لە بەرژەوەندیی هەموو ئێمەدا بوو. لەو هەژارانەی کە حاجی مستەفا باسی دەکردن چەند کەسێکیان تێداچوون و حاجی مستەفاش بۆخۆی لە کەسانێک بوو کە زیانی گەورە بە دوکانەکەی گەیشت.

## سەرەتای حکومەتی مەهدی بازرگان

ئیبراهیم خانی یونسی، خەڵکی شاری بانە، ماوەیەك لە سەردەمی حکومەتی شادا ئەفسەر بوو. ئەو بەهۆی تێکەڵبوون بە ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی حیزبی تودەی ئێران گیرا و درا بە دادگای نیزامی. سەرەتا مەحکوم بە ئیعدام بوو بەڵام بەهۆی لەدەستدانی قاچێکی لە مانۆڕێکی نیزامیدا لە شاری ورمێ حوکمەکەی دابەزی بە زیندانی ئەبەد. دوای چەند ساڵ زیندانی لە تاران، بەهۆی نەبوونی لاقێك کەوتەبەر لێبوردن و ئازاد کرا. ناوبراو دوای ئازادبوونی کاری نووسین و وەرگێڕانی کتیب بوو. لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرانسییەوە کتێبی وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی. ئیبراهیم خان لە سەردەمی سەرەتای حکومەتی بازرگاندا کرا بە (استاندار)ی کوردستان. بەشێک لە خانووی پارێزگا لە سنە لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا وێران کرابوو. کاتێك ئیبراهیم یونسی هاتە ئەوێ، دەستوری دا بەشێکی چەند ژووری بۆ کاروباری ڕۆژانەی پارێزگا نۆژەن بکرێتەوە. هەروەها لەو پەیوەندییەدا داوای لە شێخ، بەرپرسی شورای بانە، کرد کە جەماعەتێک چەکداری بۆ بنێرێت بۆ پاسەوانی خۆی. هەروەها ئەوەشی دەستنیشان کردبوو کە یەکێک لە خزمانی خۆی وەک سەرپەرستی جەماعەت دیاری بکرێت. بەڵێنی ئەوەیشی دابوو کە داوا لە دەوڵەت بکات مانگانەیەک بۆ ئەو جەماعەتە وەبڕێت. لەم بارەوە شێخ بانگی کردم و گوتی من جەماعەتێکم دیاری کردووە، و بەهۆی ئەوە کە تۆ دایکت لە جەماعەتی یونسییەکانە پێم چاکە کە تۆ لەگەڵیان قسەی بکەیت بۆ دیاریکردنی کەسێك وەك بەرپرسی جەماعەت. لەگەڵ فەتاح خانی خاڵم قسەم کرد و ئەویش قبوڵی ئەو ئەرکەی کرد. سەرەتا وەک نوێنەری شورا لەگەڵیان چووم بۆ سنە. جەماعەتم لە بەشێکی خانووی پارێزگادا نێشتەجێ کرد و خۆیشم چوومە لای ئیبراهیم خان. دوای هێندێ پرسیار لە وەزعی بانە پرسیاری تەمەنی خۆمی کرد. گوتم تەمەنی منت بۆ چییە؟ گوتی ئەگەر تەمنت گونجاو بێت پێم چاکە لێرە کارێکت بۆ دیاری بکەم چونکە بیستوومە لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا ئێستا کەسێکی دڵسۆز و هەڵسووڕ بووی، منیش پێم چاکە مرۆڤە هەڵسووڕەکان بۆ کاری پارێزگا دیاری بکەم، لەبەر ئەوەی ئەم پارێزگایە لە زەمانی ڕێژیمی پێشوودا کاروباری زۆر دواکەوتووە و ئێستا پێویستی بە کەسانی هەڵسووڕ و دڵسۆز هەیە تاکو بتوانین ئاوەدانی بکەینەوە. گوتم جەنابی یونسی، ئێستا بۆ ئەو بڕیارە زووە. بە بۆچوونی من پێوستە سەرەتا سەردانی شارەکانی سەر بە پارێزگای کوردستان بکەیت و باشتر بیری لێ بکەیتەوە. بەتایبەت هێشتا وەزعی گەلانی ئێران نارِوونە ئاخۆ ئەم حکومەتە وەک دۆست ئەمێنێتەوە یان نا. ئەودەم کەسانی دڵسۆز بۆ ئەم وڵاتە زۆرن و ئەگەر بڕیاریش بێت و بتانەوێ من کار بکەم ئەوا منیش ئامادەم بۆ ئاوەدانی وڵاتەکەم خزمەت بکەم، ئەودەم ئەتوانی کارێکم بۆ دیاری بکەیت. من سەفەرەکەم تەواو بوو و گەڕامەوە بانە. زۆری پێنەچوو ئیبراهیم خان بە سەردان هات بۆ بانە. هەرچەند فەرمانداری نەمابوو و تەنیا چەند کارمەندێک بە ناو کاریان دەکرد بەڵام خاوەن

دەسەڵات نەبوون و کاروبار هەتا ئەو سەردەمە و دەمێکیش دواتر بە شورای شار بوو. یونسی سەرەتا هات بۆ ماڵی شێخ جەلال. لەسەر کاروباری بانە ڕاوێژ و قسەی لەگەڵ شێخ وەک شورای شار و چەند کەسایەتییەکی دیکەی شار کرد. هەر لەو دانیشتنەدا بوو هەواڵیان بە شێخ دا کە جەماعەتێک لە لایەنگرانی کۆمەڵە لە خانووی فەرمانداریدا مانیان گرتووە لە دژی ئیبراهیم خان وەک بەرپرسی پارێزگا. ئیبراهیم خان داوای لە شێخ کرد کە بەیەکەوە بچن بۆ فەرمانداری و سەردانیان بکەن و لە نزیکەوە قسەیان لەگەڵ بکەن لەمەڕ هۆی مانگرتنەکەیان. شێخ ڕووی کردە من و گوتی خۆت ئامادە بکە لەگەڵ ئیبراهیم خان دەچین بۆ فەرمانداری بزانین ئەو دۆستانە چییان ئەوێت. کاتێ چووینە فەرمانداری و ژووری مانگرتوان، شێخ و ئیبراهیم خان سڵاویان کرد، بەڵام نە کەس وەڵامی دایەوە نە کەسیش قاچی بزاوت کە هەموویان قاچیان ڕاکێشابوو. هەریەک لە بەردەمی خۆیاندا دروشمێکیان نووسیبوو: "ئێمە استانداری انتصابی مان ناوی"، "استاندار دەبێت انتخابی بێت". کاتێ ئیبراهیم خان ئەو دروشمانەی بینین گوتی دۆستان، ڕێز و حورمەتم بۆتان هەیە بەڵام لانیکەم فرسەتێکتان بدامایە ئاخۆ ئەمتوانی خزمەت بەم پارێزگایە بکەم یان نا! دڵنیا بن هەر کەسێک بم لەوانی زەمانی شا باشتر ئەبم بۆ دانیشتوانی ئەم پارێزگایە. منیش وەکو ئێوە کوردم و حەز بە سەربەرزی کوردان و ئاوەدانی گشت کوردستان و تایبەت ئەم پارێزگایە دەکەم. بەڵام ئێوە لە قەزاوەتی خۆتان پەلەتان کردووە. ئەم قسانە و کۆمەڵێ قسەی دیکەی لەو بابەتەی بۆ کردن. شێخ لەو وەزعە نیگران بوو. ئەو کارەی دۆستانی پێ خۆش نەبوو. من وەک بۆچوونی خۆم وای لێ تێگەیشتم کە زۆرتر هۆی ئەو مانگرتنە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە زەمانێک ئیبراهیم یونسی تودەیی بووە و ئێستاش هەر بەو تاوانە جەماعەت قبوڵیان نەبوو بە پارێزگار. هەرچەند نادیار بوو کە ئاخۆ ناوبراو چەندە خزمەتگوزار دەبێت یان نا. بەڵام ئەوەندی پێنەچوو کە حکومەتی بازرگان لەسەر کار لابرا و ئیبراهیم خانیش وازی لە بەرپرسی پارێزگا هێنا. ئاشکرایە ئەگەر بۆخۆیشی وازی نەهێنایە دوای حکومەتی بازرگان لەوە نەدەچوو ئەو پۆستە بەوی بدرێتەوە.

## مەئموریەتێک بۆ کرماشان

لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم کردووە کە سەروان دەربەندی، فەرماندەی پادگانی بانە، لە ١٣٥٧/١٠/١٦ی هەتاویدا بە تانك و زرێپۆشەوە هێرشی کردەسەر شاری بانە و فەرمانی تەقەی بەرامبەر خەڵکی بانە دەرکرد کە بووە هۆی شەهیدبوونی ئەحمەد خانی ئەحمەدی و ڕەحمان خاتونی. بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای شێخ و پێم گوت خۆت دەزانی کە ئێستا دەسەڵات بە خەڵکە و پێویستە سەروان دەربەندی کە زوڵمێکی گەورەی لە خەڵکی بانە کرد ڕاکێشینە بەردەم دادگا و بە شێوەیەکی عادڵانە دادگایی بکرێت. ئێستاش خەڵکی بانە، بەتایبەت هەردوو بنەماڵەی شەهید چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەن کە جەنابت وەکو بەرپرسی شورای شار و کەسێکی خاوەن دەسەڵات داوا بکەیت لە شورای شاری کرماشان یارمەتیمان بدەن بۆ گرتنی ئەو تاوانبارە. بۆ ئەو مەبەستە داوام لە شێخ کرد نامەیەکم بۆ شورای شاری کرماشان و مەلا محەممەد ڕەبیعی بۆ بنووسێ و یارمەتیم بدەن بۆ دەسگیرکردنی سەروان دەربەندی. لە وەڵامدا گوتی با بەیانی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی شورادا ڕاوێژ بکەم بەڵکو داوا لە شورای شاری سنەیش بکەین کە دوایین فەرماندار بانە، تیمسار خاکسار، کە خەڵکی سنەیە و هەموو کەس ئەزانێ چەندە ئەزیەتی خەڵکی بانەی داوە و زوڵمی لێکردووین، تەحویلمان بدەن تاکو ئەو کەسانەی کە داوایان لەسەری هەیە بەهۆی دادگای شورای بانە مافی خۆیانی لێ وەرگرنەوە و سزای ئەو هەموو زوڵمەشی لێ وەرگیرێت کە بە دەستوری ڕێژیمی شا دەرحەق بە گەلی کوردی ئەنجامی دان. ڕۆژی دوایی شێخ تەلەفۆنی بۆ کردم بچم بۆلای. کاتێ چوومە لای گوتی هەموو هاوڕێیان ڕازیین بەو پێشنیارە. ئەتۆش دەبێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگریت و بچیت بۆ سنە و کرماشان و نامەکە بۆ شورای سنە و کرماشان لەگەڵ خۆتدا ببەی. هەروەها دوو نامەی تایبەتیش بۆ ئەحمەد موفتیزادە و مەلا محەممەد ڕەبیعی کە ئەوانیش هاوکاریت بکەن. منیش ئامادەیی خۆم دەربڕی و بۆ بەیانییەکەی چەند چەکدارێکی شورام لەگەڵ خۆم هەڵگرت و بەرەو سنە ڕێکەوتین. سەرەتا چوومە ماڵی ئەحمەد موفتیزادە و نامەی شورای بانە بۆ شورای سنە و نامە تایبەتییەکەی شێخ بۆ شەخسی خۆی، تەحویل دا. نامەکانی خوێندنەوە و گوتی ڕاستە تیمسار خاکسار لە سنەیە بەڵام وەکو بزانم زۆر نەخۆشە و لە بیمارستان کەوتووە. ئێستاش بە دروستی نازانم بەو نەخۆشییە دەستگیر بکرێت و بیبەن بۆ بانە. بەڵام بەڵێنتان ئەدەمێ کاتێ چاک بۆوە خۆمان دەستگیری دەکەین و ڕەوانەی دادگای بانەی دەکەین. دواتر دەرکەوت کە خاکسار دۆستایەتی و دوورەخزمایەتییەکی لەگەڵ بنەماڵەی موفتیزادەدا هەبوو بۆیە ئەحمەد موفتیزادە هاوکاری نەکردین و ئەو بەڵێنەی کە پێی دابووین لەژێری دەرچوو و لەبیر خۆی بردەوە. دەکرێ بڵێم بەو چوونەی من و داوای شورای بانە زیاتر وریا بوونەوە لە پارێزگاریکردنی خاکسار بۆ ئەوەی مەبادا لە کاتێکدا ئێمە فرسەت بهێنین و دەستگیری بکەین. ڕۆژی دوایی چووین بۆ کرماشان. سەرەتا چووینە هوتێل و شەومان بەسەربرد. بۆ بەیانی ڕوومان کردە

مزگەوتی مەلا محەممەد ڕەبیعی. کاتێ دابەزین چەند چەکدارێکی شورای کرماشان دوامان کەوتن و دەنگیان داین کە ڕاوەستین. ڕاوەستاین. یەکیان هاتە پێشەوە و گوتی ئێوە کێن و بۆ کوێ دەچن؟ گوتم ئێمە سەر بە شورای شارستانی بانەین و هاتووین بۆلای مەلا محەممەد ڕەبیعی. کاتێ ئەوەمان گوت بەخێرهاتنیان کردین و هەتا مزگەوتی مەلا محەممەد ڕەبیعی ڕێنوێنییان کردین. مەلا محەممەد لە ژوورێکی تایبەت لە مزگەوت دانیشتبوو. چووینە لای و نامەی شورای بانە و نامەکەی شێخ جەلالم دایە. کاتێ نامەکەی خوێندەوە گوتی کاکە، ئەم ئەفسەرە دوای ڕووخانی شا چۆتەوە ناوچەی خۆیان لە هەورامان. ئەم کەسە بنەماڵەیەکی گەورە و بەدەسەڵاتن. ئێمە وەک شورای کرماشان دەسەڵاتی ئەو ناوچەیەمان لەم هەلومەرجەدا نییە. ئەتۆش ئێستا بە چەند چەکدارەوە مەسڵەحەت نییە بچیت بۆ ناوچەیەکی ئاوا کە دڵنیام سەرکەوتوو نابن. بەڵام ئەم مەسەلە هەڵگرن بۆ کاتێکی دیکە کە دیارە وەزع هەروا نابێت و ئەو ناوچەیەش دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵات. بەکورتی لەم سەفەرەماندا سەرکەوتوو نەبووین و گەڕاینەوە بۆ بانە.

ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لەو سەردەمەدا یەك لەدوای یەك بوون. ڕۆژگارەکە بە خێرایی تێدەپەڕی و ئێمەش کوردگوتەنی وەکو ئاشی با هەڵدەسووڕاین. دۆخەکە نادیار بوو بەرەو کوێ دەڕوات. هەر ڕۆژە شتێکی نوێ دەهاتە گۆڕێ. ڕێکخراوە سیاسییەکان کەوتبوونە جموجووڵی ئاشکرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو حیزبانە بوو کە سەرەتا لە شاری مەهابادەوە دەستی بە کاری ئاشکرا کرد و ڕۆژبەڕۆژ لە شارەکانی دیکەی کوردستان کۆمیتەکانی بە ئاشکرا دەستبەکار دەبوون. کۆمیتەی بانە هێشتا بوونی خۆی ڕانەگەیاندبوو. کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی و میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی و ئەمن کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و سەردەمانێکی زووتریش پەیوەندی و هاوڕێیەتیمان لەگەڵ یەکتردا خۆش بوو، هەر سێکیشمان لە ڕابوردوودا ئەندامی حیزبی دێموکرات بووین و بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە لە ساڵەکانی پێشووتردا ئاوارەی کوردستانی عێراق بووبووین، بەڵام هەر یەکەمان لە زەمانێکی تایبەتدا گەڕابووینەوە ئێران و هەر بەو هۆیانەوە پەیوەندیمان بە حیزبەوە پسابوو، دەمانویست پەیوەندیی خۆمان جارێکی دیکە بە ڕیزەکانی حیزبەوە گرێ بدەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەر سێکمان بڕیارمان دا سەفەرێکی مەهاباد بکەین بۆ سەردانی هاوڕێیانی حیزبی. ئەوە بوو ڕۆیشتین بۆ مەهاباد و سەردانی هاوڕێیانمان کرد بەڵام ئەوەی کە هەردوو کاک عەبدوڵڵا چاوەڕوانییان لە بڕادەران دەکرد بەو شێوەیە نەهاتە دی. ئاخری دیدارەکەمان ئەوە بوو چووین بۆ سەردانی مامە غەنی بلوریان، کە ماوەیەکی زۆر بوو بە تاوانی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە بەندیخانەی ڕێژیمی شادا مابۆوە. ئەویش وەك زۆر بەندیی دیکە لە ڕووخانی حکومەتی شادا توانی ئازاد ببێت. غەنی بلوریان ئەو کاتە خۆشەویستی بەشی زۆری خەڵکی کوردستان بوو. لە یەکەم دیدار و قسەی مامە غەنیدا

پرسیاری مام جەلالی کرد کە چی دەکات. ئێمەش لە وەڵامدا باسی پێشمەرگە و هێندێ چالاکیی ئەوانمان بۆ گێڕایەوە کە دوای تێکشکانەکەی شۆڕشی ئەیلول دەستیان بە چالاکی کردۆتەوە. مامە غەنی گوتی ئێستا کاتی تەقوتۆق نەماوە، پێی بڵێن کاتی دیالۆگ و چالاکیی مەدەنییە، واز لەو شتانە بهێنێ! لەڕاستیدا ئێمە قسەکەی مامە غەنیمان بەلاوە پەسند نەبوو. دیار بوو مامە غەنی لە بەندیخانەدا زۆر ئاگای لە بارودۆخی سیاسیی گەلی کورد نەمابوو. بەتایبەت بارودۆخی کوردستانی عێراق. بۆیە ئێمەش زوو لە قسەکانی وەڕەز بووین و دوای ماوەیەکی کورت هەستاین و ڕۆیشتین بۆ هۆتێل. ڕۆژی دوایی بەرەو بانە گەڕاینەوە. جێگای ئاماژەیە هەر دوو کاک عەبدوڵڵا وەک دوو کەسایەتیی چالاک و هەڵسووڕی شاری بانە بەرچاو و دیار بوون. بەتایبەت کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی لەنێو جەماعەتی فەرهەنگیانی بانەدا بەنفوز و خۆشەویست بوو و زۆر حیسابی لەسەر دەکرا. بەدوای ئەو سەفەرەدا هەردوو کاک عەبدوڵڵا کە لە گەڕانەوە بۆ لای حیزب بێ هیوا بوون، ماوەیەکی پێچوو عەبدوڵڵای ئیقدامی بەرەو سازمانی چریکی فیدایی و عەبدوڵڵا نەعلبەندی‌یش بەرەو کۆمەڵە ڕاکێشران. من خۆم ڕێبازم نەگۆڕی و چوومەوە نێو حیزبی دێموکرات. تێکەڵبوونەوەی من بە حیزبەوە ئاوا بوو: دوای ماوەیەک لەو سەفەرەی ئێمە کۆمیتەی بانە بە ڕەسمی و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بوونی خۆی ڕاگەیاند. ڕۆژێک چوومە لای کاک هاشم کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی ئەودەمی شارستانی بانە، کە ماوەیەکی کورت بوو کرابۆوە و دەستی بە کاری ئاشکرا کردبوو. بەکورتی باسی خۆم بۆ کرد و چەند لاپەڕەیەك لە ڕابوردووی ژیانی خۆم بۆ هەڵدایەوە کە چەند ساڵێک پێش بەهۆی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی حیزبەوە کەوتمە ژێر پەلاماری ساواک و هەروەها ئاوارەبوونم بۆ کوردستانی عێراق و گەڕانەوەم بۆ ئێران بەهۆی گرفتی ڕۆژگارەوە و هەروەها دابڕانم لە حیزب. هەر لەو دانیشتنەدا لایەنگریی خۆم لە حیزب ڕاگەیاند و بە ڕەسمی داوای ئەندامەتی و تێکەڵبوونەوەم بە حیزبەوە کرد. کاک هاشم کەریمی لە وەڵامدا گوتی کاک ڕەشید، من پڕ بە دڵ هاتنەوەتم بۆنێو حیزب پێخۆشە، بەڵام وای بە مەسڵەحەت دەزانم کە سەردانێکی دەفتەری سیاسی بکەیت و منیش بۆچوونی خۆمیان لەسەر تۆ بۆ دەنێرم. داوام لە کاک جەلیل برای شەهید عەزیز حەمەمەلا، کە ئەندامی حیزب بوو، کرد کە بۆ هاوڕێیی و هاودەنگی ڕێگا لەگەڵمدا بێت بۆ مەهاباد. ڕۆژێک لەگەڵ کاک جەلیل ڕۆیشتین بۆ مەهاباد. سەردانی هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیم کرد. وەک لەبیرم بێت لەگەڵ کاک ئەمیر قازی و کاک محەمەدئەمین سیراجی دانیشتنم کرد. بەدوای دیدارەکەمدا گەڕاینەوە بۆ بانە. زۆری پێنەچوو لەلایەن کۆمیتەی شارستانی بانەوە ئاگادار کرام کە شەرەفی ئەندام بوونم جارێکی دیکە لە ڕیزەکانی حیزبدا لەلایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە تەئید کراوەتەوە و لە یەکێک لە شانەکانی کۆمیتەی شارستانی بانەدا ئەرك و کاریان بۆ دیاری کردبووم. هەروەها داوایان کردبوو کە هەر بە شێوەی ڕابوردوو لە شورای شاردا درێژە بە کارەکانم بدەم.

## یەکلابوونەوە و ساخبوونەوەی تاک و گروپە سیاسییەکان

بیر و بۆچوون و ڕێبازی سیاسیی جۆراوجۆر لەنێو کۆمەڵدا زۆر هاتبوونە ئاراوە. هەر یەک لەوانە هەوڵی دەدا پێشەنگی شۆڕش بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە. بەڵام هێندێک لەو گروپانە هێشتا نەیانتوانیبوو ڕێبازێکی دیار و ئاشکرا بە ناوێکەوە بۆ خۆیان ڕێکبخەن. ئەوە بوو لە بەشێکی کوردستاندا لەژێر ناوی "جمعیت" ئەو بیر و بۆچوونە جۆربەجۆرانە یەکیان گرتبوو و چالاکیی سیاسییان دەکرد. سەردەمێک بە ناوی "جووتیاران" لە بەشێکی کوردستاندا جموجووڵیان هەبوو. ئەو چالاکییانە بوونە هۆی لێکەوتنەوەی هێندێ کێشە و گرفت لە نێوان ئاغاکان و جووتیاراندا. یەکێک لەو کێشە بەرچاوانە لە تیلەکۆ لە ناوچەی دیواندەرە لە نێوان ئاغاکان و جووتیارەکاندا سەری هەڵدا و شەڕی لێ کەوتەوە و لە ئاکامدا کوژرانی مەلا سەید ڕەشید و یەحیای خاتونی و چەند کەسی دیکە، هەروەها چەند بریندار و بەدیلگرتنیش. دیارە ئەو شەڕە لەژێر ناوی ڕێکخراوی جووتیاراندا پێکهات بەڵام لە بنەڕەتدا کاریگەری ئەو بیر و بۆچوونە جۆراوجۆرە بوو کە پێشتر باسم کرد. ئەو کەسانە کە هەڵگری ئەو بیرە بوون لەدوای ماوەیەک زۆربەیان چوونە نێو ڕیزەکانی چریکی فیدایی و بەشێکیشیان کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان پێکهێنا. بە باوەڕی من کێشە دروستکردن لەو کاتەدا لە نێوان ئاغا و جووتیاراندا زۆر بە زەرەری جووڵانەوەی گەلی کورد بوو. تەنیا کۆماری ئیسلامی لەو نێوەدا سوودی لێوەرگرت کە زەمینە و بیانووی بە تەواوی خۆش دەکرد بۆ هێزەکانی ڕێژیم کە لەژێر ناوی نەبوونی ئەمنیەت لە کوردستاندا هێرش بکەنە سەر کوردستان. لە لایەکی دیکەشەوە لایەنێکی دەستەمۆ دەکرد بۆ خزمەت کردن بە کۆماری ئیسلامی. دەکرێ بڵێم ئەو کاتە زوو بوو بۆ یەکسانیکردنی کۆمەڵگە و ئەو جۆرە ئیسلاحاتانە. ئەوەش دەکرا لە کات و سەردەمی خۆیدا بە یارمەتی پسپۆڕ و شارەزایانی ئەو کارە و بوونی دەسەڵاتی سیاسی و یاسا لە کوردستاندا چارەسەری گونجاوی بۆ وەبیندرایە کە لەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژیشدا بگونجایە، نەک لە کاتێکی ئاوادا کە هیچ یەک لە توێژەکانی نەتەوەکەمان خاوەنی دەسەڵات نەبوون بەڵکو هەر هەموومان بەتێکڕا چەوساوەی دەستی زۆردار و ستەمی نەتەوەیی بووین و هاوکات دواڕۆژی کوردستانیش زۆر ناڕوون و نادیار بوو. من پێم وایە بەتایبەت لە کاتێکی ئاوادا یەکڕیزی و یەکدەنگی پاڵپشتی هەموو توێژەکانی کۆمڵگە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و سەرکەوتنەکان. پێیشم وایە هەر کارە کات و ساتی خۆی هەیە. هەر لە پاشکۆی ئەم باسەدا پێم چاکە باسی ڕووداێك بکەم. ڕۆژێک شێخ بانگی کردم و گوتی سی نەفەر چەکداری کارامە و باش ئامادە بکە دەڕۆین بۆ دیواندەرە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کێشەیە لە نێوان جووتیارەکان و ئاغاکاندا بە هەر شێوەی مومکین ئارام بکەینەوە و ئاشتی بگەڕێنیەوە نێوانیان، لەبەر ئەوەی ئێستا هیچ کێشەیەک لە کوردستان لە بەرژەوەندیی ئێمە گەلی کورد نییە. ئێمە ئێستا پێویستیمان بە ئاشتی و تەبایی و یەکدەنگی هەیە. خۆت دەزانی جمهوری ئیسلامی هەر ڕۆژە بە شێوەیەک پلان دژ بە گەلی

ئێمە ڕێكدەخات و بەردەوام لە بەهانەی ئەوەدایە كە هێرش بكاتە سەر كوردستان. لەسەر بڕیاری سەرۆكی شورا ٣٠ نەفەرم لە هێزی میللی شورا ئامادە كرد و بە چەند ماشینی جیپ و لەندرۆڤەر لەگەڵ شێخدا بەرەو ناوچەی دیواندەرە ڕێككەوتین. بۆ نیوەڕۆ چووینە گوندێک، ئەگەر هەڵەم نەكردبێت تازەئاوای ناو بوو. لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد. لەو ماوەیەشدا شێخ چەند كەسایەتییەكی بینین كە دیداریان پێویست بوو. ئاغاكان بەگشتی لە گوندی كەسنەزان كۆ بووبوونەوە و چاوەڕوانی شێخیان دەكرد. دوای نانی نیوەڕۆ بەرەو كەسنەزان ڕۆیشتین. لە كاتێكدا كیلومەترێكمان مابوو بگەینە سەر جادەی ئەسفاڵتی سەقز-سنە، دیتمان چەند ماشینی پاسدار بە جادەكەدا دەهاتن و دروست لە ئاستی ئێمە ڕاوەستان و لە بەرامبەر ئێمەدا دابەزین و خێرا ماشینەكانیان لەسەر جادەكە بەجێهێشت و لە بەرزایی ئەودیوی جادەكە ڕوو بە ئێمە سەنگەریان گرت. ئێمەش كە ئەوەمان بینی و جێگاكەیشمان دەشت بوو، تەنیا ڕێگامان ئەوە بوو بە ڕێگای خۆماندا بەرەو دواوە بگەڕێینەوە بۆ گوندی تازەئاوا. گەڕاینەوە و گەیشتینە ئاوایی و دوای ماوەیەك ڕەئیسی پاسدارەكان لەگەڵ چەند پاسدارێكدا بەدوای ئێمەدا هات و گەیشتە ئاوایی. ئەو خۆی دابەزی و پاسدارەكان لە ماشینەكەدا مانەوە. هیچ خۆی نەشڵەزاند. هاتە لای شێخ و بە خەیاڵی خۆی زیرەكی دەكرد و دەستی شێخی ماچ كرد و پاشان گوتی چەند ڕۆژێكە لە پاوە "زیددی ئینقلاب" كێشەیان بۆ خەڵكی ناوچەكە دروست كردووە. جەنابیشت وەک ڕۆحانییەكی موسڵمان پێویستە تەشریف بهێنی و بچین بە هاواری ئەو خەڵكەوە. دیارە مەبەستی ئەو پیاوە چاكە ئەوە بوو كە بە خەیاڵی خۆی بمانبات بۆلای جەماعەتەكەی لەسەر جادەكە و دەستێكمان لێ بوەشێنن. پێویستە ئەوەش ڕوون بكەمەوە كە هەتا ئەو كاتە شەڕ یان هیچ جۆرە لێكدانێكی بەرچاو لە نێوان خەڵك و پیاوانی كۆماری ئیسلامیدا لە ناوچەی بانە و سەقز ڕووی نەدابوو. بەڵام شەڕەكەی پاوە دەستیپێكردبوو. شێخ خۆی پاراست و نەیویست لەگەڵیان تووشی شەڕ و تێكهەڵچوون بین. لە وەڵامی پاسداردا گوتی من كاری دیكەم هەیە، تۆ بڕۆ منیش دوایی بیری لێدەكەمەوە. بەو شێوەیەش ناكرێت ئێمە ئاوا پێكەوە بچین بۆ پاوە. پاسدارەكان بە شوێنی خۆیاندا گەڕانەوە. دیار بوو پلانێک بوو بۆ دەستوەشاندن لە شێخ و جەماعەتمان. شێخ لەگەڵمدا كەوتە ڕاوێژ. بەو ئاكامە گەیشتین كە وا باشە نەچین بۆ كەسنەزان و بەرەو سەقز بگەڕێینەوە و باشتر بیر لەو مەسەلەیە بكرێتەوە لەبەر ئەوەی ئەوە یەكەم جار بوو كە پاسدار بەو شێوەیە غیرەت بكەن لە تكاب و هەوشارەوە بە جەماعەتێكی سی، چل كەسییەوە بێن بۆ ناوچەكە، بەتایبەت هاوكات لەگەڵ چوونی ئێمە بۆ ئەو ناوچەیە. دەكرێ بڵێم هاتنی ئەو پاسدارانە پلانێک بوو بۆ لێدانی ئێمە. گومانی ئەوەش دەكرا كە دەستێكی نێوخۆییش لەپشت ئەو پلانەوە هەبووبێت. جێگای ئاماژەیە لەو كاتەدا كە ئێمە نزیک بە پاسدارەكان بووینەوە لەسەر جادەی سەقز-سنە دوو هەلیكۆپتەری شەڕكەر بەسەریاندا هاتوچوویان دەكرد. زۆرتر مەترسیی ئێمە لە هەلیكۆپتەرەكان بوو نەک لە پاسدارەكان چونكە ئەو شوێنە دەشتایی بوو و هیچ دار و دەوەنێك یان شوێنێک بۆ خۆ لێ

حەشاردانی لێ نەبوو لە بەرامبەر هەلیکۆپتەرەکاندا. هەروەها چەکەکانی ئێمەش تەنیا ژ. سێ و کلاشینکۆف بوون کە شەڕی هەلیکۆپتەریان پێ نەدەکرا. بەدوای ڕۆیشتنی پاسدارەکان بۆسەر جادەکە ئێمەش بە ڕێگای تراکتۆر و دەشتاییەکانی پشت جادەدا بەرەو سەقز گەڕاینەوە. نەماندەویست بچینە سەر جادەی ئەسفالتی سەقز-سنە. ئەوەی لەبیرم بێت دروست لەو شوێنەی کە جادەی تکاپ و هەوشار لە جادەی سەقز-سنە لا ئەبێتەوە، هاتینەوە سەر جادە و بەرەو سەقز گەڕاینەوە. ئیتر پێمان وا بوو کە لە شەڕی پاسداران ڕزگارمان بووە بۆیە لە ئێرانشا لامان دا بۆ حەسانەوە. لەو کاتەدا شێخ بە مەبەستی نوێژکردن چووە مزگەوت و ئێمەش لە دەوروبەری مزگەوت بڵاوبووینەوە. لەڕاستیدا پێمان وا بوو کە پاسدارەکان گەڕاونەوە بۆ هەوشار، بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە هەر بەدوامانەوەن. زۆری پێ نەچوو مۆتۆرسوارێک پەیا بوو. مۆتۆرسوارەکە سیما و ڕواڵەتی وەک پاسدار دەچوو بۆیە گومانمان لێ پەیدا کرد و ڕامانگرت. کاتێ پشکنیمان لەنێو کیسەیەکدا بافورێک تریاکی لەگەڵ چەند لوول تریاک تێدابوو. ئەمە وای کرد زیاتر گومانمان لێی هەبێت، لەبەرئەوە بە لێکدانەوەی ئێمە ئەم کارەی بۆیە کردبوو کە گومانی پیاوی ڕێژیمی لێ نەکەین. ئاخر گوایە پاسدار موسڵمانە و موسڵمانیش تریاک ناکێشێ! لەو بێنەوبەرەدا بووین پاسدارەکان گەیشتنە نێو ئاوایی و بێ ڕاوەستان کەوتنە تەقەکردن لێمان. ئێمەش ئامادە بووین و دەستوبرد وەڵاممان دانەوە. لە یەکەم دەسڕێژدا جیپێکی سوپا بە دوو پاسدار و تفەنگێکی ژ. سێ و تیربارێکی ژ. سێ بە دیلی کەوتنە دەست ئێمە و ئەوانی تر کوژران. دوای ئەم شەڕە وامان بە مەسڵەحەت زانی کە شێخ لە ئێرانشا نەمێنێ. ئەوە بوو شێخ لەگەڵ ئەو دەسکەوتانەدا گەڕایەوە بۆ شاری سەقز و هاوڕێیان و دۆستانی سەقزیش لەو وەزعە ئاگادار کرانەوە. لەگەڵ پاسدارەکاندا کابرای مۆتۆرسواریشمان ڕەوانە کرد کە دوایی دەرکەوت ئەویش پاسدار بووە و بەرنامەی ئەوە بوو بەدوای ئێمەدا بێت و لە هەر کوێیەک ئێمەی دۆزیەوە بگەڕێتەوە و هاوڕێیانی ئاگادار بکات کە بە شێوەیەکی باش و بەبەرنامە دەستمان لێ بووەشێنن. بەڵام لە بەرنامەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، هەر بۆیەش جەماعەتیان کتوپڕ بە ماشینێکەوە کەوتنە نێومان لە ئاوایی ئێرانشا و هیچ ڕێگەیان بۆ نەمایەوە جگە لەوەی تەقەمان لێ بکەن. ئەم جارە هیچ فێڵێکیان بۆ نەدۆزرایەوە و ئاشکرا بوو کە مەبەستیان دەستوەشاندنە لە ئێمە.

چۆنیەتی شەڕەکە بەوردی:

هەردوو لا سەنگەرمان لە یەک گرت. دوای ماوەیەك تەقەکردن لە یەکتر چەند لاشەیەکیان لێ بەجێما و جەماعەتێکیشان بە ماشینەکانیانەوە هەڵاتن. جیپێکیان لێ بەجێما کە تەگەرەکانی بە گوللە پەنچەر کرابوون و چەند شوێنی دیکەشی خراب بووبوو و زۆر کەڵکی پێوە نەمابوو بۆیە ناچار سووتاندمان. هەروەها ڕەئیسی پاسدارەکان لەگەڵ دوو پاسداردا هەر لە یەکەم تەقەدا چوونە نێو چایخانەیەکەوە لەسەر جادەکە و لە پەنجەرەی چایخانەکەوە کە تەنیا جادەکەیان لێوە دیار بوو تەقەیان دەکرد. ئێمەش

زۆرمـان هەوڵـدا هــەر چۆنێـک بێـت بێنــە دەرەوە. نەیشماندەویست چاپخانەکـە کـە هـی خەڵکی ئاوایی ئێرانشا بوو بسووتێنین. پاسدارەکان هەر لە چاپخانەکەدا مانەوە. شەویش درەنـگ بـوو، ئیتـر ئێمـەش کـە زۆر مانـدوو بـووین، لـە لایـەکی تریشـەوە وەک کەسێکی کـە خەڵکی ئەوێ نەبووین و نەیشماندەزانی بارودۆخی ناوچەکە چۆنـە، هیوایشـمان نـەبوو لـە شوێنێکەوە کەسانێک یان هێزێکی سیاسی بێت بۆ یارمـەتیمان، بۆیـە وازمـان لـێ هێنـان و بـەرەو سـەقز گەڕاینـەوە. لـە ڕێگـادا تووشـی کـاک عـەلی چوارتـایی بـووین لەگـەڵ چەنـد پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و محەممەدی مەلاعـەلی خـەڵکی گونـدی بێژوێ، بەرپرسی ئەودەمی جوتیارانـی ناوچـەی ئـالانی سەردەشـت. هـاتبوون بـۆ لای ئێمـە. هێندێ لـەگەڵ یەکتری ڕاوەستاین و وەزعەکەم بۆ بـاس کـردن و پێیشـم گـوتن کـە بـەرپرسی پاسدارەکان لـەگەڵ دوو پاسداردا لـە چاپخانـەکەدا عاسی بـوون و نـاوێرن بێنـە دەرێ. ئێـوە کـە حەسـاوەن ئـەتوانن تـا بـەیانی لـە دەوریـان بـن، کـە لـە ئاکامـدا ناچـار دەبـن خۆیـان تەسلیم بکـەن. ئـەوانیش ڕۆیشـتن بـۆ ئێرانشـا. ئیتـر نـازانم ئـەوان چییـان کـرد و بـە کـوێ گەیشتن. چووینە بەر دەفتـەری حیـزب و پرسـیاری شێخمان کـرد بـەڵام شێخ لـەوێ نـەبوو. چووبووە بنکەی جەمعیەت. چووم و داوای دیتنی شێخم کرد. شێخ لە یـەکێک لـە ژوورەکـان هاتە دەرەوە. دیار بوو لـە برادەران نـاڕەحەت بوو. گـوتی ئـەو دیـل و چەکانـەی دەسکەوتی شورای شاری بانە کە من لـەگەڵ خۆم هێنامن بۆ ئێرە، برادەرانی جەمعیەت شاردیانـەوە و ئێستاش دەڵـێن کـە ئێمـە چـەکمان کەمـە و دەبـێ لـەو دەسکەوتانە هێنـدێکی دیکەشـمان بدەنـێ. منیش بە هیچ جۆر ڕازی نیم و پێم خۆشە لێرە بڕۆین. شێخ لـە درێـژەی قسـەکانیدا گوتی بەداخەوە من لەسەر قسەی مامۆستا شێخ عێزەدینی برام هاتمە دەفتـەری جەمعیەت و نـەمزانی بـەو شـێوەیە هەڵسوکەوتمان لـەگـەڵ دەکـەن. هـەروەها گـوتی دامەنیشـە، مـن دەچمە ژوورێ بۆ چەند دەقیقەیەک و خواحافیزی دەکەم لە جەماعەت و دەچینـە دەفتـەری موجاهیدین، کە دروست بەرامبەر دەفتەری جەمعیەت بوو. ئەو شوێنە بلـواری سـەر ڕێگـای بانە- سەقز بوو کە زۆر لە پادگانەوە نزیک بوو. من ڕاوەستابووم چاوەڕوانیی شێخم دەکرد کـە کـاک سـەلاحی موهتـەدی لەگـەڵ چەنـد خزمێکـی بانـەییم بـەرەوڕووم هـاتن. بەگـەرم دەستخۆشـی و بـەخێرهاتنیـان کـردم و خوڵقیـان کـردم بـۆ دانیشـتن و حەسـانەوە. سوپاسـم کردن و گوتم داوای لێبوردن دەکەم، شێخ دەیەوێ بڕوات و منـیش لـەگـەڵ ئـەواندام و دەبـێ بڕۆم. ئەو خزمانـەم کە لـەگەڵ کاك سەلاحدا بـوون سـێ کـەس بـوون، دوانیـان بـرا بـوون بـە ناوەکانی ماجید و حامیدی تاهیری کە لـە ئـەسڵدا لـە بنـەماڵـەی ئەحمەدییەکانن بەڵام لەو ئاخریـادەا نـازانم بـە چ هۆیـەکـەوە نـاوی فـامیلی خۆیـان گۆڕیبـوو. هـەردوکیان جگـە لـە خزمایـەتی زۆریـش هـاوڕێ و خۆشەویسـتی یـەک بـووین. پێش ڕووخـانی شـا لـە دانشـگای تەورێز دەرسیان دەخوێند. لە ساڵدا چەند جار سەرم لێ ئەدان. لـە پشـووی هاوینیشـدا کـە دەهاتنەوە بۆ بانە بەشی زۆری کاتەکان بەیەکەوە بووین. کاک ماجید پێش ڕووخـانی شـا دانشگای تەواو کرد و بووە دەبیر لە شاری سەردەشت و دەرسی دەگوتـەوە. کـاک حامیدیش لەو دواییانەدا لیسانسی وەرگرت بەڵام هێشتا کاری وەرنەگرتبوو. کەسی سێیەم هێشتا لـە

ژیاندا ماوه و لە نێوخۆی وڵات دەژی بۆیە نامەوێ بە مەبەستی پاراستن ناوی بهێنم. ئەم سێ خزمەم لایەنگرییان لە بیری جەمعیەتی ئەودەم دەکرد. ئەو کاتە هەموو ڕێکخراوە چەپەکان بە ناوی جەمعیەت کاریان دەکرد. ناوبراوان داوایان لێکردم ئەو تیربار ژ. سێیەی کە لە شەڕەکەدا دەستمان کەوتبوو جگە لەو چەك و سندوقە فیشەک و دیلەکان کە شێخ جەلال لەگەڵ خۆی هێنابوونی، بدەین بە جەمعیەت. من لە قسەکەیان زۆر عاجز بووم و بە توندی وەڵامم دانەوە. لەو قسە و باسانەدا شێخ هاتە دەرێ و گوتی با بڕۆین. من زۆر ناڕەحەت بووم. گوتم یا شێخ، دەبێ هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە ئێمە گرتوومانە تەحویلمان بدەنەوە چونکە ئەمانە دەیانەوێ بە زۆر ئەم شتانە لە ئێمە بسێنن. تا نەماندەنەوە ناڕۆم! شێخ گوتی جارێ با وا بێ بەڵام ئێستا با بڕۆین. هاتینە دەرێ و چووینە دەفتەری موجاهیدین و شەو لەوێ ماینەوە. ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ بانە. جێگای ئاماژەیە کاک ماجید و کاک حامید دوای هەڵوەشانی جەمعیەت هەردوکیان بوونە ئەندامی کۆمەڵە و بەداخەوە هەردوو برا شەهید بوون.

## شێوەی کارکردنم لە پاسگاکان

بەدوای ئەو سەفەرەی دیواندەرەدا زۆرتر کاتی خۆم بۆ سەردانی پاسگاکان تەرخان دەکرد. ئەوەندەی دەمزانی و توانایيم هەبوو قسەم بۆ ئەو لاوانە دەکرد کە بەڕێوەبردنی پاسگاکانیان لە ئەستۆ بوو. دەربارەی شۆڕشی کوردان و دواڕۆژی کوردستان قسەم بۆ دەکردن، لەبەر ئەوەی پێم وا بوو لە زاتی کۆماری ئیسلامیدا نییە مافی کوردان بسەلمێنێ بەگوێرەی ئەو نیشانە سەرەتاییانەی کە لیێ دەبینرا. بۆیە هەموو هەوڵێکم تەرخان کرد کە ئەو هاوڕێیانە بە ڕۆحێکی پێشمەرگانە پەروەردە بکرێن کە لە دواڕۆژدا خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆیان بکەن. لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامی ڕووی ڕاستی خۆی وەدەرخست و کەوتە دوژمنایەتی نەتەوەکەمان. ئەم ڕۆڵانەی کە باسم کردن، دوایی بوونە بەشێک لە فەرماندە و پێشمەرگەی گەل لەژێر ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و بەردی بناخەی هێزی شەهیدانی وێردییان داڕشت. لە دواییدا ئەم هێزە ناوەکەی گۆڕا و بوو بە هێزی ئاربەبا. ئەم کەسانە بەرپرسی پاسگاکان بوون کە هەندێکیان دواتر بوونە پێشمەرگەی حیزب: مامە قالەی سوتوو بەرپرسی پاسگای دۆڵ هەرزن، عومەر هۆمەر بەرپرسی پاسگای ڕۆستەمی، حەمەسلێمان بەرپرسی پاسگای چەمپاراو، مام ساڵحی بەنەژاژ بەرپرسی پاسگای بەنەژاژ، کەریم ڕەحمانی بەرپرسی پاسگای بەردەڕەشی لای کیوەرۆ. پاسگاکانی دیکەش وەک ئاڵۆت، گەرماو، تاژان، بۆیەنی خواروو، نەنۆر، زەرواوی خواروو، مەنیجەلان، گەردنەی خان و کۆخان بەهۆی ژیان و کاری شەخسییەوە بەشداری پێشمەرگایەتییان نەکرد. بۆ ئاگاداری چەند کەسێکیان بۆ ماوەیەک بەشداریان کرد بەڵام چونکە ئێستا ئەوانە لە وڵات ئەژین بەهۆی باری ئەمنیەتییەوە پێویست ناکات ناویان بهێنرێت. زیاتر لە سەد و پەنجا کەس لەو جەماعەتە بوونە پێشمەرگە کە ناوی زۆریانم لەبیر نەماوە و پێویستیش نییە ناوی ئەو هەموو پێشمەرگانە بهێنرێت. بەهەرحاڵ، ئەم کەسانە هەر یەک بوونە فەرماندەی لک و پەل کە لە شوێنی خۆیدا لە کار و چالاکییەکانیان دەدوێم.

## سەفەرێک بۆ شاری مەهاباد وەک هێزی شورا

ڕۆژبەڕۆژ کۆماری ئیسلامی پلان و نەخشەی تازەی دژ بە گەلی کورد لێ دەردەکەوت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە دەیویست دەفتەری خۆی لە شاری نەغەدە بکاتەوە، بە پلانی ڕێژیم و بە هاوکاری ئاخوند حەسەنی، دانیشتووی شاری ورمێ، توانیان لە کاتی کردنەوەی ئەو دەفتەرەدا بە هێرشی سەربازی ڕێوڕەسمی کۆبوونەوەکە تێک بدەن و ببنە هۆی کوژران و برینداربوونی دەیان کەس لە کورد و ئازەری لە شاری نەغەدە. ئەوەشیان کردە بیانوویەك بۆ هاتنی سوپای پاسداران بە تانك و تۆپ لە شاری ورمێوە بۆ نەغەدە بە مەبەستی سەرکوتکردنی کوردەکان لەو شارە. کاتێ کە ئەم هەواڵە بە شورای بانە گەیشت، لە کۆبوونەوەیەکی شورادا بە سەرپەرستی شێخ جەلال بڕیار درا بۆ هاوکاری و یارمەتی کوردەکان لە نەغەدە و دەوروبەر بە هێزێکەوە بەرەو شاری مەهاباد و نەغەدە بچین. شێخ عێزەدین حوسێنیش ڕەزامەندی بۆ ئەم کارە هەبوو. شێخ جەلال بە منی ڕاگەیاند وەک بەرپرسی بەشی نیزامیی شورا هێزێکی نزیک سەدکەسی چەکدار ئامادە بکەم بۆ بەرەنگاری لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری پاسداران لە ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری شاری نەغەدە. لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئەم ئامادەکارییەم پێکهێنا و لەگەڵ شێخ جەلال و چەند کەسایەتیی دیکە بە چەند مینیبووس و ماشینی دیکەوە بەرەو مەهاباد ڕۆیشتین. کاتێ گەیشتینە مەهاباد بە دەستوری شێخ عێزەدین حوسێنی و هاوکاری حیزب بەرەو گوندی قەرە قەساب ڕێکەوتین. هەر ئەو بەیانییە من چوومە بەشی نیزامی حیزبی دێموکرات کە مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و مەلا محەممەدی جوانڕۆیی لێبوون. داوای دۆشکەیەکم لێکردن بۆ بەرگری لە بەرامبەر هەلیکۆپتەردا. چەند پێشمەرگە و دۆشکەیەکیان لەسەر ماشینێکی وانێتبار وەک هاوکاری پێدایـن. کاتێ ئێمە گەیشتینە ناوچەکە دەنگوباسی ئێمە بڵاوبۆوە. ئازەرییەکانی دراوسێی کوردەکان مەترسییان لێ نیشتبوو وایان دەزانی کە ئێمە بە نیازی خراپ هاتووینە ئەو ناوچەیە. چەند ڕیشسپییەک هاتن بۆلامان بە مەبەستی دیالۆک و ئاشتی و لێکنزیکبوونەوە. ڕاستییەکەی ئێمە بە نیازی هیچ خراپەیەک نەچووبووینە ئەو ناوچەیە بەڵکو بۆ بەرگری لە هێرشی سوپای پاسداران بۆ ناوچەکە و خزمەت بە گەلی خۆمان چووبووینە ئەو دێهاتانە. ئەوە بوو منیش بە ڕوونی پلانی کۆماری ئیسلامی و ئاخوند حەسەنیم بۆ باس کردن و بۆیشم ڕوون کردنەوە کە ئێمە باش دەزانین کە ئێمە و ئەوان سەدان ساڵە دراوسێی یەکین و دەبێ لەگەڵ یەکتری بە ئاشتی و تەبایی بژین. هەروەها دڵنیام کردن کە هاتنی ئێمە بۆ ئەو ناوچەیە تەنیا بۆ بەرگەری لە هێرشی سوپایە و بەس، و هیچ نیازی خراپمان نییە دەرحەق بە کەس و ئەوانیش بە دڵنیاییەوە دەتوانن بڕۆنەوە گوندەکانی خۆیان و گوێ نەگرن لە پلانی ئاخوند حەسەنی. هەروەها پێم گوتن کە ئاگادار بن کۆماری ئیسلامی پلانی هەیە بۆ ئەوەی کە نێوانمان بشێوێنێ بەڵام با ئێمە ئەوە بزانین کە دراوسێی یەکترین و دەبێ لەگەڵ یەکتر بە ئاشتی بژین و گوێ لە قسەی دوژمنان نەگرین. بۆ

بەیانییەکەی نامەیەکم لەلایەن شێخ جەلالـەوە بۆ هات کە بگەڕێمەوە بۆ گونـدی پشتەپ لە نزیك شاری مەهاباد. ئا لەو کاتـەدا کـە هێشتا مەترسیی هێرشـی دوژمـن بـۆ ناوچەکـە هەبوو، بۆم پرسیار بوو کە ئەم بڕیارە چی بوو. هێندێ گومانم بـۆ پەیدا بـوو کـە دەستێک لەپشت ئەم بڕیارەوە هەیە. کاتێ گەیشتینە پشتەپ نامەیەکم بۆ شێخ نووسی کـە مانـەوە لە ناوچەکـە بـە بـاش دەزانـم و داوام کـرد کـە ئیجـازە بـدات بگەڕێینـەوە ناوچەکـە. بـەڵام زۆری پـێ نـەچوو شێخ لەگـەڵ کـاک عەبـدوڵڵای ئیقدامی هـاتن بۆلامـان. لـە هـاتنی کـاک عەبدوڵڵا گومانم پەیدا کرد و هاتنەکەیم پێ خۆش نەبوو. شێخ جـەلال گـوتی مـن ڕەئیم وا بوو تـاکو دڵنیـا دەبـووین لـە بـارودۆخی ناوچەکـە بـە تـەواوی وەمێنـین، بـەڵام کـاکم (شێخ عێزەدین) وای بـە سـەلاح دەزانـی کـە بگەڕێینـەوە بـۆ بانـە. کـاک عەبـدوڵڵای ئیقدامیـیش هـەوڵی ئـەدا کـە ڕازیمـان بکـات بـە گەڕانـەوە بـۆ بانـە. لـەو کاتـەدا چەنـد کەسێک لـە جەماعـەتمان هـاتن. ئـەوانیش بـە شێخیان گـوت کـە ئێمـە نامانـەوێ تـاکو لـە وەزعیـەتی ناوچەکـە ئـەمین دەبینـەوە بـڕۆین چونکـە هێشـتا مەترسـی لەسـەر دێهاتـە کوردەکـانی دراوسێی ئازەرییەکان هەر ماوە و پێمان چاکە کە ئیجازە بدەن بگەڕێینەوە ناوچەکە. بەم جـۆرە شێخ لـە نێـوان بۆچـوونی ئێمـە و داوای شێخ عێزەدیندا مـابۆوە و نەیدەزانـی چـی بکـات. ئاخریەکـەی بـە دوودڵییـەوە گەڕایـەوە. زۆری پێنـەچوو شێخ عێـزەدین نامەیـەکی ڕەسمی بۆ نـاردم کـە تێیدا نووسرابوو بـێ ڕاوەستان بگەڕێینـەوە بـۆ بانـە، ئەگـەرنا هـەر ڕووداوێک ڕوو بـدات مەسئولیەت لـە ئەستۆی تۆیـە. ئیتـر مـن بـە سـەلاحم زانـی بـەیانی لەگەڵ جەماعەت بگەڕێینەوە بۆ بانە. شێخ دوای چەند ڕۆژ لە گەڕانەوەی ئێمە هاتـەوە بـۆ بانـە. چوومە لای. دوای هێندێ دانیشتن گـوتی کـاک ڕەشید، ئـەزانی هـاتنی کـاک سـەلاحی موهتەدی لە بۆکان و کـاک عەبـدوڵڵای ئیقدامی لـە بانـە وایـان کـرد کـە کـاکم ئـەو بڕیـارە بدات، لەبەر ئەوەی ئەو هێزەی شورای بانـە کـە بەشێکی بـەرچاوی چـالاکیی و دەسـەڵاتی ئێمەی نیشان ئەدا بگەڕێتەوە بۆ بانە و چی دیکە لە ناوچەکـەدا نەمێنێتـەوە. شێخ زیـاتر هیچـی نـەگوت. بـەڵام مـن بـۆم دەرکـەوت کـە شێخ ڕازی نـەبووە کـە ئێمـە هـەروا زوو بگەڕاینایەوە بۆ بانە بەڵام بۆی نەدەکرا گوێ لە قسەی کاکی نـەگرێت. پێم چاکـە ئامـاژە بەوەش بکەم کە کاک سەلاحی موهتەدی خەڵکی بۆکان و کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی خەڵکی بانە بە چ مەبستێک ئەو کارەیان کرد کـە شێخ عێزەدین ڕەئـی بگۆڕێت و ئێمـە زووتـر لـە کاتی پێویست بگەڕێینەوە بۆ بانـە و بوونمـان زیـاتر لـە ناوچـە دەنگ نەداتـەوە. سـاڵانێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیبوو. کاتێ چریک ئاشبەتاڵیان کـرد کـاک عەبـدوڵڵا چووە لای کۆمەڵە، بەڵام زۆر لـەوێ نـەمایەوە و هاتـە لای حیزبی دێموکرات. لەم ئاخریانەدا کە ڕێژیم ناوچــە سـنوورییەکانی گرتــەوە، پێگــە و بنکــەکانی ڕێکخـراوە سیاسـییەکان بـەگشـتی گوێزرانـەوە بۆ ئـەودیو سنوور، واتـە خـاکی کوردستانی عێراق. کاک عەبدوڵڵا بـەرپرسـایەتی بەشی سیاسیی هێزی ئاربـەبای پێسپێردرا. دوای ماوەیەك لـەوێش نەمایـەوە. دروست لـەو کاتەدا لـەگەڵ جەماعەتێک لە کادری نیزامی و سیاسی لە بانـە هـەر یـەک بـە هۆیـەک لـە حیزب دابڕاین کە من یـەک لـەوان بـووم. ماڵـەکانمان لـە موجەمەعـەی قـەڵاچوالانی نزیـک

چوارتا بوو. ئەو کەسانە کە لە حیزبدا نەمابوون زۆر بوون، کە لێرەدا پێویست نییە ناوی هەموان بهێنم. ئەوەی کە زۆر لێک نزیک بووین و هاوڕێیەتیمان گەرم بوو، کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی، کاک فەتاح ئەحمەدی و خۆم بووین کە زۆربەی کات بەیەکەوە بووین. شەوێک لە ماڵی کاک عەبدوڵڵا میوان بووین. بارودۆخی سیاسی بەگشتی و بیری چەپ بەتایبەتی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەسەردا هاتبوو و ئیتر لە ناوی ئاغا، خان، بەگ، شێخ، مەلا و هەروەها بیری ناسیۆنالیزم سڵ نەدەکرا و حەساسییەت نەبوو. دۆخەکە بەگشتی ئاسایی تر بوو. کاک عەبدوڵڵایش یەکێک بوو لەو کەسانە کە لەو بارەیەوە گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا هاتبوو. ناوبراو لەو شەوەدا لە ماڵی خۆیان ئاوای بۆ من گێڕایەوە: گوتی کاك ڕەشید، ڕاستییەکەی من بەشبەحاڵی خۆم هەرچەند لە بانە هێندێک لێت نزیک بووم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من و چەند هاوڕێیەک بەردەوام هەوڵمان دەدا کە ناو و کەسایەتیت نەچێتە سەرێ و نەهێڵین سەرکەوتن بەدەست بهێنی! ئەو جارەش گوتمان ناو و کەسایەتیی ڕەشید خان ڕۆژبەڕۆژ بەهۆی ئەم چالاکییانەوە دەچێتە سەرێ. لێت ناشارمەوە، شێخ جەلالیشمان زۆر خۆش نەدەویست. بۆ ئەو مەبەستە بیرمان کردەوە کە تۆ بەم سەفەرەی مەهاباد لەگەڵ شێخ جەلال ئەوەندەی دیکە ناوتان بەرز دەبێتەوە بۆیە باش وایە لێتان تێک بدەین. ئەوە بوو من بەرەو بۆکان بۆلای کاک سەلاحی موهتەدی ڕۆیشتم و پێشنیارم پێکرد بۆ تێکدانی ئەو کارە و گەڕانەوەی ئێوە لە مەهاباد و ناوچەکە. بەڵام کاک سەلاح زۆرتر مەبەستی لە گەڕانەوەی ئێوە ئەوە نەبوو کە مەبەستی من بوو. ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو سەفەرەی ئێوەی لە ناوچەی قەرەقەساب و دەوروبەر لە بەرژەوەندیی حیزبی دێموکراتی دەزانی بۆیە ئەویش هاوکاری منی کرد لەو بوارەدا و هات بۆلای شێخ عێزەدین. ئەو سەردەمەش قسەی کاک سەلاح تەئسیری تەواوی لەسەر شێخ عێزەدین هەبوو، دەنا هەدەفی شێخ جەلال و تۆ نەبوو. جا من خۆم دەمزانی کە ناتوانم تەئسیر لەسەر شێخ عێزەدین دانێم بۆیە پەنام بۆ کاک سەلاح برد و دەیشمزانی کە ئەو ئەتوانێ ئەو کارە بکات. جا ئێستا کە زیاتر تۆم ناسیوە و هاوڕێیەکی باشی بۆ من، دوودڵی ئەو کاتی خۆمت لە بەرامبەر تۆدا بۆ دەگێڕمەوە و حاشای لێ ناکەم کە چەند کارێکی دیکەی تریشم دژی تۆ ئەنجام داوە کە زۆر بە زیانی کەسایەتیی تۆ تەواو بوون. سوپاسم کرد و گوتم خۆشحاڵم کە لانیکەم ئێستا بە چاوێکی کراوەترەوە دەمبینی و هیوادارم کە لەوەبەدوا هاوڕێیەتیمان ڕاستەقینە بێ و سەداقەتی تێدا بێت.

پێم خۆشە نمونەیەکی دیکەش لە کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی باس بکەم کە هەر ئەو شەوە بۆی گێڕامەوە. کاتێ کە ئەحمەد خان و ڕەحمانی خاتونی لە یەکەم شەڕ لەگەڵ پادگانی بانەدا شەهید کران، بۆ شەوەکەی من پێشنیارم بە شێخ کرد کە ئیجازە بدات هەر ئەو شەوە بۆ تۆڵەسەندن لەگەڵ جەماعەتێک بچینە سەر پاسگای گوندی بۆیەنی خواروو لە چەند کیلۆمەتری بانە، کە دڵنیا بووم هەلومەرجی پاسگا وا بوو کە زۆر بە ئاسانی بۆمان دەگیرا. چونکە پاسگاکە خانوویەی گڵ و بەرد بوو و گوێسوانەکانی دار و چیلکە بوون کە سووتاندنی زۆر ئاسان بوو. وامان لێکدابۆوە کە ئێمە دەمانتوانی لە یەکەم پەلاماردا

پاسەوانی بەر دەرگاکە بە شێوەیەك بێدەنگ بکەین، ئەو کات نزیکبوونەوەمان بۆ ژێر دیوارەکانی پاسگا ئاسان دەبێت. ئەوەشمان بۆ دەکرا کە پاسگاکە بسووتێنین، یان بە هەڕەشەی سووتاندنی پاسگاکە جەماعەتی ژاندارم و سەربازەکان مەجبور بە تەسلیمبوون بکەین، کە بێگومان خۆیان بەدەستەوە ئەدا. بە ڕەئی هەموو کەس ئەودەم چالاکییەکی ئاوا کارێکی شۆڕشگێڕانە بوو بەرامبەر بە ڕێژیمی پاشایەتی کە هێشتا داروودەستەی لەسەرکار مابوون. ئەوەش لەو کاتەدا بۆ من سەرکەوتنێک بوو. شێخ لەو پلانەی من ڕازی بوو. بە گوتەی کاک عەبدوڵڵا کە بەم هەواڵە دەزانێ ئەچێت بۆلای ڕەحمان خانی ئەحمەدی و ئەحمەد بەگی سەرحەدی و چەند کەسایەتییەکی دیکەی شار و بە شێوەیەکی وەها قسە بۆ جەماعەت دەکات کە ئەم کارە مەترسییەکی گەورەی هەیە بۆ ئەم شارە و ئیمکانە بۆ بەیانییەکەی فڕۆکەکانی ڕێژیم بۆردومانی شارەکەمان بکەن. بەکورتی، ئێستا بۆ کارێکی ئاوها زووە. بەم جۆرە ڕازییان دەکات کە بچن بۆلای شێخ و لەو بڕیارە پەشیمانی بکەنەوە. من خۆم لەوێ بووم کە جەماعەت لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا هاتن بۆلای شێخ و بردیانە ژوورێکی دیکە و لە ئاکامدا توانیان شێخ لەو بڕیارە پاشگەز بکەنەوە.

## هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ شاری سەقز

هێزێکی هاوبەشی ئەرتەش و سوپا لە ڕێگای سنەوە بە مەبەستی داگیرکردنەوەی شار و بەهێزکردنەوەی ئەو هێزە سەربازییەی کە لە پادگانی سەقزدا لەدوای ڕووخانی شا مابۆوە و هیچ دەسەڵاتێکیان نەمابوو لە پارێزگاریکردن لە خۆیان زیاتر و تەنیا ڕێگای ئاسمانیان مابوو کە بە هەلیکۆپتەر خواردنیان بۆ دەهات، هێرشیان هێنایە سەر شاری سەقز. شورای شاری سەقز هێزی چەکدار و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو پێش بەو هێرشە بگرێت. ئەوەی کە بوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو کە ئەوانیش وەک پێویست خۆیان ڕێکنەخستبوو و هێزێکی ئەوتۆیان نەبوو کە بەرامبەر ئەو هێزە پڕچەک و تانك و فڕۆکەیە بوەستێت. شێخ ئاگاداری کردم بە هێزێکی چەکدارەوە بچین بۆ هاوکارییان. هەروەها شێخ نامەی نارد بۆ شورای دێهاتەکان و جەماعەتێک بە ناوی هێزی بەرگری کۆبۆوە و لە ڕێگای دووئاوەوە (ڕێگای بانە- مەریوان- سەقز) وەڕێکەوتین. کاتێ گەیشتینە دێهاتی سەرشیوی سەقز هەواڵم زانی کە قادر خانی سوڵتانپەنا بە هێزێکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتەوە لە دەورووپشتی هێزی ئەرتەش و سوپایە. گوتم هەر چۆنێک بێ بۆ شەوێ دەبێ بگەینە لای قادر خان. هێزی پێشمەرگە لەسەر بەرزایی بەرامبەر شاری سەقز بەرامبەر ئەرتەشەکە کە ئەوانیش لە دەشتایەکەی ئەمبەر پردەکە بۆلای سنە بەرامبەر پادگان مۆڵیان دابوو، چووبوونە سەنگەرەوە. بەو نیازەی کە لە ڕۆژانی دواییدا بەنێو شاردا بچنە نێو پادگان. کاتێ گەیشتینە لایان، قادر خانم زۆر ماندوو هاتە بەر چاو. چەند ڕۆژ بوو بەردەوام لە دەورووپشتی ئەو هێزە بوون و کەمتر توانیبوویان پشوویەك بدەن. ئەو شەوە فڕۆکەکانی ڕێژیم تا بەیانی بۆ ترس و تۆقاندنی خەڵک (نورافکن) واتە موشەکی ڕووناککەرەوەیان لە ئاسمانی سەقزدا هەڵدەدا کە لەسەر ورەی خەڵك کاریگەری هەبوو. پرسیارم لە پلان و بەرنامەی قادر خان کرد و هەروەها پێم گوت کە ئێمە هاتووین بۆ هاوکاریتان و چی دەڵێت ئێمە ئامادەین. سوپاسی هاوکاریی کردین و گوتی کاک ڕەشید، تازە هیچمان بۆ ناکرێت لەگەڵ شەڕی جەبهەیی. ئێمە چەکوچۆڵێکی ئەوتومان نییە کە بتوانین لە بەرامبەر هێزێکی خاوەن تۆپ و تانك و فڕۆکەی شەڕکەردا ڕاوەستین. چار تەنیا شەڕی پارتیزانییە لەوەبەدوا. هەروەها ناتوانین لە شاردا وەمێنین بەڵام هەر چۆنێک بێت هەوڵ دەدەین پێش بە دەسەڵاتیان لەنێو دێهاتەکان بگرین. بۆ ئێستاش ئێمە دەبێ پێش ئەوەی هەوا ڕوون دەبێتەوە پاشەکشە بکەین چونکە بەیانی فڕۆکە و هەلیکۆپتەری شەڕکەر دێنە سەرمان و ئەم شوێنەش کێوێکی ڕووتەن و بێ دار و دەوەنە و هیچ چەکێکی دژەفڕۆکەیشمان نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تووشی زیانێکی گەورە دەبین. کەوابوو باش وایە کە تۆیش بگەڕێیتەوە دواوە و ئێمەش لە بەیانیدا پاشەکشە دەکەین بۆ شوێنێکی دیکە بەڵام هەر لە دەوروبەریان دەبین و دەچینە جێگایەکی دیکە کە باشتر بێت بۆ ئێمە. ئەتۆیش وەگەڕێ بەرەو بانە. ئیمکانی هاتنی هێزیش لە مەریوانەوە بۆ بانە چاوەڕوانی دەکرێت. ئەو سەفەرەمان ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو و هەر شەو گەڕاینەوە

گوندێک لە گوندەکانی سەرشیو و دوای کەمێك حەسانەوە بۆ بەیانییەکەی گەڕاینەوە بۆ بانە.
هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە کەوتبووە جووڵە و بەرنامەی هێرشی بۆسەر کوردستان داڕشتبوو. یەکەم دەسپێکی شەڕی پاوە و بەدوای پاوەدا هێرش بۆسەر سەقز بوو. زۆری پێ نەچوو ئیمام خومەینی فەرمانی (جهاد)ی دا بۆسەر گەلی کورد و خاکی کوردستان. لەم بڕیارەدا فەرمانی بە سەرۆک کۆماری ئەو کات، بەنیسەدر، دا کە کوردستان لە شەڕی کافران ڕزگار بکات. دیارە لە کوردستان نە کافری لێبوو و نە کوفریش کرابوو. ئەوەی کە بوو داوا و ویستی گەلێک بوو کە دەیویست لە زنجیری کۆیلەیی ڕزگاری بێت و بە ئازادی و سەرفرازی وەک هەموو گەلانی سەر زەوی بژی. بەڵام ڕێبەری بە ناو موسڵمانان ئەو مافەی بە گەلی بەشخوراومان ڕەوا نەبینی. ئەوە بوو سەرۆک کۆمار بەنیسەدر دەستوری بە ئەرتش و سوپا و بەسیج دا کە قەیتانی پۆتینەکانیان نەکەنەوە هەتا کوردستان ڕزگار دەکەن. لەسەر بڕیاری سەرۆکی یەکەم و سەرۆکی دووەم هێرش کرایە سەر کوردستان. سەرەتا لە ورمێوە بۆ مەهاباد و بە چەند ڕۆژ دواتر لە مەریوانەوە بۆ بانە و دواتر بۆ هەموو شارەکانی کوردستان یەك بەدوای یەکدا هێرش دەکرا. من چۆنیەتی و ئاکامی هێرش بۆسەر شارەکانی دیکە بەجێدەهێڵم بۆ ئەو هاوڕێ و دۆستانە کە بەشداری ئەو شەڕانە بوون و لە نزیکەوە ئاگایان لێی هەبووە. من تەنیا وەک کەسێک کە بەرپرسایەتی بەشی نیزامی شورای بانەم لە ئەستۆ بوو و بە هاوکاری چەند ڕێکخراوی سیاسی کە دواتر ناویان دێت، بەگوێرەی توانا لە بەرامبەر هێزی داگیرکەردا کە لە مەریوانەوە بە فرماندەیی مستەفا چەمران، وەزیری بەرگری ئەودەمی ئێران، هات بۆ بانە، وەستاین، چۆنیەتی شەڕەکە و ئاکامەکەی باس دەکەم.

## گرتنەوەی شاری بانە لەلایەن ڕێژیمەوە

هەواڵمان پێگەیشت کە مستەفا چەمران بەنیازە بە هێزێکی تەیارەوە لە مەریوانەوە بەرەو بانە بێت بۆ داگیرکردنی ناوچەکە و گرتنەوەی دەسەڵات. بە هاتنی ئەم هەواڵە شورای بانە بە سەرپەرستی شێخ جەلال لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان کۆبوونەوەمان کرد. بڕیار درا ناوەندێکی نیزامی لە نوێنەری هەموو لایەنەکان پێکبهێنین، بەڵام بە کردەوە ئەرک و مەسئولیەتی گەورە لەسەر شانی شورا بوو و زۆرتر حیساب بۆ شورا دەکرا، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەو سەردەمە چەکوچۆڵە و پێشمەرگەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. چەکداری شورا هێزێکی زۆرتری هەبوو لە ڕێکخراوە سیاسییەکان و لە هەموان تەیارتر بوو. لە لایەکی تریشەوە چەکی پادگان و پاسگاکان لەگەڵ ئەو چوارسەد بڕنەوەی کە شێخ لە ناحیەی سنەی وەرگرتبوو لە ژێر دەسەڵاتی شورادا بوو. جا بەو هۆیەوە شورا هێندێک بەهێزتر بوو و خەڵکیشی لەگەڵدا بوو. دوای ئەو بڕیارە لە دەفتەری حیزبی دێموکرات کۆبووینەوە. ئەوەی لەبیرم بێت نوێنەری ئەم ڕێکخراوانە بۆ داڕشتنی پلان و بەرنامە بۆ بەرنگاربوونەوەی هێزی ڕێژیم لە شاری بانە بەشدار بوون: لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک هاشمی کەریمی، لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاک بەکری حاجی سەفەر و کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم، لە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان مولازم ئەنوەری مەجید سوڵتان و لە حیزبی شیوعی عێراقی کاک ئەبو جەمیل. منیش خۆم وەك نوێنەری شورا لەوێ ئامادە بووم. من و کاك هاشمی کەریمی لەپەنای یەکدا لەسەر دوو کورسی دانیشتبووین. کاک هاشم تفەنگێکی ئۆتۆماتی یوزیی بەدەستەوە بوو و هەروا دەستاودەست و یاری پێدەکرد. نازانم چۆن بوو گوللەیەکی لە دەست دەرچوو. لوولەی یوزییەکە بەرەو ئەرز بوو و گوللەکە سەرچیغ بەسەر بەلەکی مندا کەوتە سەر زەوی. لە دەنگی ئەم تەقەیە جەماعەت هەموو داچڵەکین و سەیری یەکترمان کرد. گوتم هیچ نەبوو بەڵام شتێک لە قاچی من درا. کاتێ دەرەلنگی پانتۆڵەکەم لادا دیتم گوللەکە چەرمی بەلەکمی سووتاندووە و سەرچیغ چۆتە خوارێ. دیارە کاک هاشم هەر زوو هاواری کرد کە یوزییەکەی من بوو، نازانم چۆنە گوللەی چۆتە بەر و لە دەستم دەرچوو؟! بەحەرحاڵ، کاک هاشم داوای لێبوردنی لە من و لە جەماعەت کرد. هەر چۆنێك بێ بە سەلامەت دەرچوین. ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی کە ناویان هاتووە هەریەک لە دە تا پازدە پێشمەرگەیان بۆ ئامادە دەکرا. شورا بەتەنیا نزیک بە دوو سەد کەسی زیاتر بۆ ئامادە دەبوو. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو ڕێکخراوە سیاسی و پێشمەرگانەی کوردستانی عێراق لەو سەردەمەدا بە زۆری لە شارەکانی کوردستانی ئێران دەژیان و بەشداریی ئەو ستادەیان کرد کە لە بنکەی حیزبی دێموکرات لە بانە پێکهات. هەروەها لە جەبهەکانیشدا وەک حەز و بەرژەوەندیی خۆیان لە گۆشە و کەنارەوە بەشدارایان دەکرد. شایانی باسە هێزی بەرگری شورا هێزێکی زۆروبۆر بوو و هیچ توانایییەکی نیزامییان نەبوو. زۆربەی چەکدارەکان لەو کەسانە پێکهاتبوون کە تازە چەکیان دیبوو و هیچ شارەزایی و

ئەزموونێکیان لە شەڕ و چەکدا نەبوو. تەنیا ئەوەی کە بوومان و پشتمان پێدەبەست باوەڕبەخۆبوون و هەستی بەرپرسایەتی بوو بەس. لەلایەکی دیکەشەوە دوژمنەکەمان تەیار بوو بە سوپایەکی خاوەن هەموو جۆرە چەکێکی قورس و فڕۆکەی شەڕکەر و خاوەن نەزم و دیسیپلین. ئەم دوو هێزە نابەرامبەرە لە بەرامبەر یەکدا وەستابوون. شەو کۆبوونە کۆتایی پێهات و ڕۆژی دوایی ماشینمان ڕێکخستن و هەر کەسەش هێندێ زەخیرە و خواردەمەنیی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. لەو ماوەیەشدا چەند جار لەلایەن شوراوە هێندێک خواردنمان بۆ هات. ڕۆژی یەکەم بڕیار درا بە جادەدا بڕۆین تاکو تووشی هێزی میری دەبین. وایشمان بە مەسڵەحەت زانی کە زووتر بگەینە ئەو هێزە بۆ ئەوەی هەرچی دوورتر لە بانەوە بەرنگاری بین و ماوەمان هەبێت کە زیاتر لەنێو ڕێگادا بیانهێڵینەوە بۆ ئەوەی ماندوویان بکەین و بەسەریاندا سەرکەوتوو بین. بە جادەدا ڕۆیشتین. پێش ئەوەی بگەینە گوندی بەستام، دوو هەلیکۆپتەر بەسەرماندا هاتن و ڕۆیشتن. لەوە دەچوو کونترۆڵی جادەکە بکەن. بێگومان ئێمەشیان بینی، بەڵام تەقەیان لێ نەکردین. بەستام لە زەمانی شادا ناوەندی گورهان بوو. چەند خانووی مەدرەسە و خانووی گورهان کە بە چیمەنتۆ و ئاسن دروست کرابوون هەر وەک خۆیان مابوون، تەنیا دەرگا و پەنجەرەکانیان دەرهاتبوون. کاک فەتاح خانی ئەحمەدی، کە لە لاپەڕەکانی دواییدا زۆرتر ناوی دێت، بە سواری ماشینێکی لەندرۆڤەر لەگەڵ ماشینێکی هاوڕێیانی سەقز بە چەند کیلۆمەترێک لە پێش کاروانی ماشینەکانەوە دەڕۆیشتن. کاتێ دەگەنە بەر ئاوایی بەستام، لە چەندسەد مەترییەوە ئەبینن وا تانك و ماشینی ئەرتەشی ڕاوەستاون و خەریکی جێگا و ڕێگان بۆ شەوێ. دروست هەر ئەو کاتەیش گەیبوونە ئەوێ. هاوڕێیان کاتێك ئەمە لە نزیك خۆیان دەبینن هەردوو ماشین کتوپڕ دەیانەوێ بگەڕێنەوە بەڵام جەماعەتی سوپا تەقەیان لێدەکەن. لەو تەقە و لێکدانەدا بەداخەوە یەکێک لە هاوڕێیانی سەقز بە ناوی تۆفیق سەقزی شەهید دەبێت. ئیتر جەماعەت ناچار دەگەڕێنەوە بۆ دواوە. کات بەرەو ئێوارە بوو. بڕیارمان دا تەرتیبات بکەین هەر ئەو شەوە بە شێوەیەکی بەبەرنامە و پلان لە هەر چواردەوریانەوە بچینە سەریان. ئەوە بوو ماشینەکانمان گێڕانەوە بۆ پشتی جەبهە و ئەو ماوەیە کە چەند کیلۆمەترێک دەبوو بەپێیان ڕۆیشتین بۆ نزیک بەستام. لە دەوروبەری بەستام گردۆڵکە و کێوی بچوکی لێیە. گوندەکە لە نێوان ئەو گرد و تەپۆڵکەکاندا هەڵکەوتووە. بڕیار درا لە تاریکاندا هێزێک بنێرینە سەر بەرزاییەکانی پشت ئاوایی و بەشێکیشمان ڕاستەوخۆ بچینە سەر ناوەندی گورهانەکە و بەشێکیش بۆسەر خانووی مەدرەسەکان و قاوەخانەکەی سەر جادەکە. بەم شێوەیە جەبهەکانمان دابەشکردن. من و کاک عومەر هۆمەر لەگەڵ ئەو هێزەدا بووین کە دیاری کرابوو بۆ لێدانی خانووی گورهانەکە، کە دواتر دەرکەوت مستەفا چەمران خۆیشی لەوێدا بووە. ناوی شەو واتە ناوی نهێنیمان دیاری کرد و هەر کەس بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆی ڕۆیشت. بڕیارمان دا کەس تەقە نەکات تاکو ئێمە لە ناوەندی گورهان تەقە دەکەین. ئێمە بێخەبەر لەوەی کە زووتر چەند خۆفرۆشێك لە خەڵکی بەستام پەیوەندییان بە دوژمنەوە هەبووە و هەموو

ئاگادارییەکی ناوچەکەیان پێداون. ئەو خۆفرۆشانە هەر بە گەیشتنی سوپا چەکیان هەڵگرتبوو و هەر ئەو شەوە گرنگترین شوێن کە پشت ئاوایی بوو پێش ئەوەی جەماعەتی ئێمە بگاتە ئەوێ ئەوان زووتر لەوێ سەنگەریان گرتبوو. پلانەکەی ئێمە سەری نەگرت و پێش ئەوەی ئێمە تەقە لە خانووە کۆنەکانی گورهان بکەین لە سەنگەری خۆفرۆشەکانەوە تەقە پەیدا بوو. دەرکەوت کە خۆفرۆشەکان پێشدەستییان کرد و تەقەیان لە جەماعەتی ئێمە کرد. ئەو تەقەکردنە پێشوەختە بەرنامەکەی ئێمەی ئاڵۆز کرد. لەڕاستیدا وەک بڕیارمان دابوو، فریا نەکەوتین جەبهەکە وەکو پێویست سەقامگیر بکەین و دەستبەکار بین. ئەوە بوو لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستیپێکرد. جەبهەی ئێمە بەتەواوی لە ناوەندی گورهان نزیک ببۆوە و گوێمان لە دەنگی هاتوهاواری پاسدار بوو. ئەوەی بۆ ئێمە ڕوون بوو ئەوە بوو کە ئاگری دوژمن زۆر لاواز بوو و هومێدمان هەبوو کە بتوانین تەسلیمیان بکەین. لەو کاتەدا ئاگادار کرام کە لە نزیك ئەو شوێنەی کە خۆفرۆشەکان سەنگەریان گرتبوو بەداخەوە شەهید و بریندارمان هەیە. دوایی زانیم کاتێ کە هێزەکەی ئێمە دەگاتە ئەو شوێنە خۆفرۆشەکان یەکسەر تەقەیان لێ دەکەن کە بەداخەوە پێشمەرگەیەک بە ناوی فەتاح، خەڵکی گوندی نێزەڕۆی بانە شەهید دەبێت. هەروەها هاوڕێیەکی دیکەش کە ناوەکەیەم لەبیر نەماوە بریندار دەبێت. بەو هۆیەوە جەماعەت ناچار دەبن بکشێنەوە و بریندار و شەهیدەکە ڕاگوێزن. شەهیدبوون و بریندار بوونی ئەو دوو کەسە کاریگەرییەکی وای هەبوو کە بۆ ماوەیەکی کورت کەسانێکی ئەوتۆمان لە دەوروبەر نەما. ئاگادار کرام بگەڕێمەوە دواوە و بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەم. کاتێ هاتمە پشتی جەبهەکە کار لە کار ترازابوو و بەشێکی زۆری هێزەکە لەگەڵ شەهید و برینداەکە ڕۆیبوون. ئەوی دیکەش بەشێکی لە پاشەکشەدا بوو. بۆیە ئێمەش ناچار بووین بەهۆی ئەوە کە جەماعەتێکی کەممان مابووینەوە دوای ماوەیەک جەبهەکە بەجێ بهێڵین. لەو شەڕەدا نەمانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنین. ئەو شەوە گەڕاینەوە بۆ چایخانەکەی بیراندەرە کە لەسەر جادەکە هەڵکەوتبوو. لە خاوەن چایخانەکەم پرسی ئەو خەڵکەی کە گەڕابونەوە چییان لێهات. گوتی غەیری چەند کەسێک کە چوونە ئاوایی بیراندەرە باقی خەڵکەکە هەموویان بەرەو بانە گەڕاونەوە. پاش هێندێک حەسانەوە و نانخواردن کاک عەلی حەنیفی ناسراو بە عەلییە ڕەش، لەگەڵ جەماعەتێکدا لە بانەوە هاتن بۆلامان. نان و پێخۆرێکی باشیان بۆ هێنابووین لەلایەن شورا و حیزبی دێموکراتەوە. عەلییە ڕەش خۆی گەڕایەوە بۆ بانە بەڵام جەماعەتێکی دە کەسی کە لەگەڵ ئەودا هاتبوون لەلامان مانەوە. هەروەها بە عەلییە ڕەشدا هەواڵم بۆ شێخ جەلال نارد کە بارودۆخی جەبهەکەمان زۆر خراپە و جەماعەت بێ ئیجازە هەریەک بەرەو گوند و شار گەڕاونەوە و ئێستاش هێزێکی ماندوو و بێ زەخیرەمان لەلایە کە ناکرێت بەو هێزەوە بەرگری بکەین. بەڵام ئەتوانین سبەینێ لە دووئاو و ڕۆژی دواییش لە نزیک سوورێن ڕایانگرین و بە تێبینی من پێم وایە تەنیا ئەتوانین دوو ڕۆژ ڕایانگرین و بۆ ڕۆژی سێیەم دەگەنە بانە. پێویستە ئاگادار بن کە کارسازی خۆیان لەنێو شاردا بکەن. ئیتر چۆن مەسڵەحەتە وا بکەن. سەرجەم بە

جەماعەتی خۆمان و ئەوەی کە لە بیراندەرە بوون دەگەیشتینە نزیک پەنجا کەس. هەموانم کۆکردنەوە و قسەم لەمەڕ خۆراگری و هەروەها پلانی ڕۆژی دوایی بۆ کردن. بەم شێوەیە جەبهەمان دابەش کرد: کاک فەتاحی ئەحمەدی و جەماعەتێک لە خزمانی نزیکم بۆ بەرامبەر گوندی سووتە، کە هێندێک دار و دەوەن و ئەستێرەئاوێکی بەرامبەر جادەکە لێ بوو. چەند کەسێکیشم بۆ بەرزاییەکانی پشتی ئەوان دیاری کرد بۆ پارێزگاری لە دابەزینی نەفەراتی تەکاوەر لە بەرزاییەکان بەهۆی هەلیکۆپتەرەوە. خۆیشم لەگەڵ جەماعەتێک بۆ گردۆڵکەکانی دەوروبەری دووئاو لە سێڕیانی بانە، مەریوان، سەقز لە چەند جێگای باشەوە کە زۆرتر بەسەر پردەکە و جادەکەدا سوار بوو، دیاری کرد. بۆ بەیانییەکەی ئێمە پێش هاتنی ئەرتەش و سوپا لە شوێنەکانی خۆماندا سەنگەرمان گرت. یەکەم تەقە لە سەنگەری کاک فەتاح و جەماعەتیان دەستی پێکرد. لەڕاستیدا شەڕێکی دەستەویەخە و نابەرامبەر بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئازایانە چەند سەعات بەریان بە هێزی دوژمن گرت کە کوژراو و بریندارێکی زۆری لێ کەوەتەوە. بە خۆشییەوە لە هاوڕێیانی ئێمە هیچ زیانیکی گیانی نەکەوت. بەڵام دواتر بەهۆی ئاگری تۆپ و تانك و هەلیکۆپتەرەوە نەیانتوانی زیاتر لە چەند سەعات خۆ ڕاگرن. جێگاکەشیان زۆر خراب بوو، تەنیا ئەستێرەئاوێک و کۆمەڵێک دار و دەوەنی لێبوو کە کردبوویانە سەنگەر. بۆیە ناچار بوون پاشەکشە بکەن بۆ بەرزاییەکانی ئاستی خۆیان. جێگای ئاماژەیە هەلیکۆپتەرەکان توانیبوویان لە چەند بەرزایی پشتی ئەوان هێزی تەکاوەر دابەزێنن کە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر هاوڕێیانی ئێمە. کۆمەڵێک پێشمەرگە لە هێزی حیزبی دێموکرات سەر بە کۆمیتەی شارستانی سەقز لە بەرزایی سەنگەرەکانی پشتی کاک فەتاح و جەماعەتیان نزیک بە تەکاوەرەکان سەنگەریان گرتبوو. ئێمە وەک بەرنامە ئاگامان لێیان نەبوو کە ئەوانیش بەدەم ئەو شەڕەوە هاتبوون، کە نەدەبوو ئاوا بوایە، چونکە ئێمە هاوڕێیانی سەقزمان دوای شەڕی شەوەکەی بەستام نەبینییەوە کە بەیەکەوە بەرنامە و پلانی باشتر داڕێژین بۆ ڕۆژی دوایی. بەڵام دەرکەوت ئەوانیش دوای حەسانەوەی شەوی پێشوو گەڕابوونەوە جەبهەکە و لە چەند جێگایەک سەنگەریان گرتبوو کە یەک لەو سەنگەرانە بەرزایی پشتی هاوڕێیانی ئێمە، واتە کاک فەتاح و هاوڕێیانی بوو. بەخۆشییەوە ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە لە هاوڕێیانی سەقز زۆر بە باشی بە هاواری هاوڕێیانی ئێمەوە دێن. ئەگەر ئەوان نەبوونایە ڕاست دەکەوتنە نێو بۆسەی کۆمەڵێک تەکاوەر کە زووتر هەلیکۆپتەر لە بەرزاییەکانی پشتی ئەوان دایانبەزاندبوون. لەلایەک بەرگریان کردبوو لە هاتنە پێشەوەی تەکاوەرەکان و لەلایەکی دیکەشەوە هاوڕێیانی ئێمەیان ئاگادار کردبوو لە بوونی تەکاوەر لەو شوێنە. ئەو کارەی هاوڕێیانی پێشمەرگەی سەقز بووە هۆی ئەوە کە هاوڕێیانی ئێمە بێ زیان و زەرەر لەو شوێنە دەرباز بن. بەڵام نەبوونی هەماهەنگی و لێکحاڵی نەبوون وای کرد کە سەرکەوتن بەدەست نەهێنین. لە کاتێکدا بۆ ئەو سەردەمە ئەگەر هاوکاریی پێویست لەنێو جەبهەکەدا هەبوایە و فەرماندەییەکی هاوبەشمان پێک بهێنایە و گوێمان لە قسەی یەکتر بگرتایە هەروا بە ئاسانی و خێرایی نەماندەهێشت ئەو

ستوونه بگاته شاری بانه. هەروەک ئێمه بێ ئەزموون بووین، سوپای ئێرانیش ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبوو. بەتایبەت خودی ئەرتەش زۆر ئامادەیی شەڕی لەگەڵ خەڵکدا نەبوو. ئەوەی کە لە ئێمە بەتواناتر بوون، بوونی چەک و کەرەسەی شەڕ و بوونی نەفەراتی زۆر زیاتر لە ئێمە بوو. تەنیا پاسدار بوو کە ئامادەیی هەبوو بۆ شەڕ. ئەوانیش خاوەن ئەزموون نەبوون و هەروەک گاڕان ملیان پێوە دەنا و دەکەوتنە نێو بۆسەوە و تیادەچوون. با ئەو ڕاستییەش بگوترێت، لەو شوێنانەی کە پێشمەرگەی سەقزی کۆمیتەی حیزبی لێ بوو ئێمە وەک بەرنامە جەماعەتێکمان بۆ دیاری کردبوو، بەڵام دەرکەوت کە ئەرکی خۆیان بەجێ نەهێنابوو و دیار نەبوو بۆ کوێ چووبوون و چییان لێهاتبوو.
بگەڕێینەوە لای جبهەکە. پاشنیوەڕۆ تانکەکان گەیشتنە سەر پێچی پردەکە و لەلایەن هاوڕێیانی ئێمەوە کەوتنە بەر ئاگری توند. زۆر لە سەربازەکان لە تانکەکان دابەزین و سەنگەریان گرت. هەر لەو کاتەدا کە سەرباز و پاسدارەکان لە ماشینەکانیان هاتنە خوارێ و لەمبەر و ئەوبەری جادەکە سەنگەریان گرت، هێزی ئاسمانییش بە فانتۆم و هەلیکۆپتەری شەڕکەر پارێزگاری لێدەکردن. چەند سەعاتێک ڕۆژی مابوو. تەماشام کرد چەند پێشمەرگەیەک لە خوارمانەوە بەرەو ئێمە دەهاتن کە هێندێکیانم ناسین. بۆم دەرکەوت لە هاوڕێیانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراقن. تا ئەو کاتەش ئاگامان لێیان نەبوو کە لە چ بەشێکی جەبهەکەدان. هەروەک زووتر باسم کرد، هاوڕێیانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق لەژێر فەرماندەیی ئێمەدا نەبوون. ئەو ستادە هاوبەشەی کە پێش هێرشەکە لەنێو شاری بانە پێکمانهێنا لەسەر جەبهەکە و قسەی زۆری لەسەر کرا بەداخەوە تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا بوو نەک کردەوە. هاوڕێیانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق وەک حەز و ویست و بەرژەوەندیی خۆیان جاروبار لە شوێنێکدا پەیدا دەبوون. جاری وایش هەبوو نەماندەزانی لە کوێن. کاتێ ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە گەیشتنە نزیک ئێمە، دیتم بەداخەوە کاک ئەنوەری مەجید سوڵتان، یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبە، بریندارە و برینەکەیشی سەختە. کاک عێزەتی پەیڕەوان فەرماندەیەکی بەتوانا و ئازای حیزبی دێموکرات، ڕۆیشت بەدەمیانەوە، چونکە هاوڕێکانی زۆر ماندبوون. لە چۆمەوە بە ماوەی دوو کیلۆمەتر بە کۆڵ هێنابوویانە سەر جادە بۆلای ئێمە. کاك عێزەت کۆڵی کرد و هێنایە لای سەنگەرەکانی ئێمە. ماشینێکی لەندرۆڤەری لە پشتی جەبهەکەوە لەنێو دۆڵێکدا لە ترسی هەلیکۆپتەر شاردبۆوە. داوام لێکرد هەر چۆنێک بێت کاک ئەنوەر بگەیەنێتە نەخۆشخانەی بانە. هەرچەند کاتێکی زۆر پڕمەترسی بوو کە ماشینێك لەو کاتەدا کە فڕۆکە شەڕکەرەکان بە ئاسمانەوە دەگەڕان بەسەر جادەدا بڕوات. بەڵام هیمەتی کاك عێزەت لەوە بەهێزتر بوو. ئەوە بوو کاک ئەنوەری بە کۆڵ برد بۆلای ماشینەکەی. لەوێش لەگەڵ هاوڕێکانی کاک ئەنوەر سوار بوون بەرەو بانە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی کاریگەری برینەکە کاك ئەنوەر گیانی لەدەست دا.
ئێمە لە تفەنگی ژ. سێ و بڕنەو و کلاشینکۆف زیاتر هیچ چەکێکی کالیبر گەورەمان پێ نەبوو لە بەرامبەر تانك و هێزی ئاسمانیدا. بۆیە وەک پێویست توانای بەرگریمان نەبوو

بـەڵام هێـزی دوژمـن بـە چـەکی کـالیبر گـەورە سـەنگەرەکانی ئێمـەیان دەکوتـا. لەگـەڵ ئەوەشدا باوەڕی پتەوی ئێمە بۆ خەبات و شۆڕش قورسایی دابوو بـە چەکـە سووکەکانمان بۆیـە دەکـرێ بڵـێم توانیمـان خەسـارێکی زۆری گیانییـان پـێ بگەیـەنین. لـە دابـەزین و هەستانەوەی هەلیکۆپتەرەکاندا ئەوە دیار بوو کە برینـدار و کـوژراو لـە مەیدانی شـەڕەکە ئەگوێزنـەوە. هەر ئـەوە بوو کە نەیانتوانی لـە جێگـای خۆیـان یـەک هـەنگاو بێنـە پێشـەوە. ئەو شەوە هەر لەو شوێنە مانەوە. ئێمەش تا هەوا تاریک بـوو شـەڕمان کـرد و نەمانهێشت سوپا لـە پردەکە بێتە ئـەمبەر. ئەو شەوە سوپا لـە سەر پردەکە و دەوروبەر مایەوە. ئێمـەش هاتینـەوە بۆ قاوەخانـەکـەی بیرانـدەرە بـۆ حەسـانـەوە و نـانخواردن. بەداخـەوە لـەو هـەموو چەکدارە سی کەسێکمان مابوونەوە. دوای هێندێ قسەوباس بەو ئاکامـە گەیشتین کـە بـەم هێزە کەمەوە هیچمان بۆ ناکرێت بۆیە باش وایە پەنابەرینەبەر دار و دەوەنەکانی ئەودیو کێوی قەرەژدابان بە ڕوویی گوندی سوورێندا کە باشتر ئیکمانی خۆڕاگری هەبوو، هەروەها بە هۆی دارودەوەنی پڕەوە ئەکرا زۆر لـە نزیک جادە سەنگەر بگرین و بتـوانین ئـەو ڕۆژەش نـەهێڵین بگاتـە نێـو شـار و بتـوانین بـە هـۆی شـاخ و دەوەنـەوە دەستی بـاش لـە دوژمـن بوەشێنین و خۆمـان لـە شـەڕی هـەلیکۆپتـەر و فڕۆکـەی جـەنگی بپـارێزین. هـەر ئـەو شـەوە هاتینـەوە مزگەوتەکەی سوورێن. خەڵکی سوورێن پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و خواردن و شـوێنـی حەسانـەوەیان بـۆ دابـین کـردین. دوای حـەسـانـەوە، خـەڵکی ئـاوایـیم کـۆکردەوە و قسەم بۆ کردن. گوتم ئێمە بەیانی لـە نزیـک ئـاوایی ئێـوە سـەنگەر دەگـرین بـەرامبـەر ئـەو هێزە کە لـە ڕێگادایە بەرەو شاری بانـە. ئێمـەش ناچـارین بـەرگری بکـەین و بـەرامبـەریان بوەستین و نـەهێڵین بـەرەو بانـە پێشڕەوی بکـەن. بەداخـەوە ئاواییەکـەی ئێوەش کەوتۆتـە نزیک جادە و ئەو سوپایەش بە جادەکەدا دێت. بۆیە پێویستە بۆ پاراستنی گیانی خۆتان و منداڵەکانتان بەیانی زوو لـە ڕووناکبوونەوەدا لـە ئاوایی نەمێنن و بچنە ئەو شوێنانـەی کە بۆخۆتان شارەزان و بە تـەواوی لـە جـادەوە دوور بـن. هـەر ئـەو شـەوە چـەنـد نـەفـەرێک لـە هێزی بەرگریی خەڵکی ئاڵۆت، ئەنجێنە و کیوەرۆ کە لـە سەرەتای دەسپێکی شەڕەوە هـەتا کۆتـایی لەگـەڵ بـوون، دیـاری کـردن کـە بـۆ بـەیانی پێش ئـەوەی هـەوا ڕوون وەبێت بچنـە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی سوورێن و بەسەر جادەکەدا سەنگەر بگرن و ئامادەبیان هـەبێت. هەروەها پێم ڕاگەیاندن تا کاتێ سوپا و ئەرتـەش نـەگاتە ئاستی ئێمە تەقەیان لێ نەکەن. بڕیار ئەوە بوو کاتێ گەیشتنە لای ئێمە یەکەم تەقە لـە ئێمەوە بێت. لەو بـارەوە بـەرنامـە و پلانـی تـەواومان دارشت. خۆیشمان نزیک بە دە کەسێك دەبووین. پێش ڕووناکبوونـەوە بـۆ ئەوەی کەس بە سەنگەرەکانمان نـەزانـێ چووینـە شاخ و دارستانەکەی باشووری سوورێن بەرامبـەر جادەکـە. لـەوێوە گوللـەمان بـە باشـی دەگەیشتـە سـەر جادەکـە. بـەیانی دوای هەتاوکـەوتن ماوەیـەکی پێچـوو تانـك و ماشـینـەکانی ئەرتـەش و سـوپا گـەیشـتنـە سـەر بەرزایی قەرەژدابان بە ڕووی سوورێندا. ماوەیـەك وەستان و دوایی هاتنـە خـوارێ. پێش ئـەوەی بگەنـە سـەنگەرەکانی ئێمـە لـە ماشینەکانیان دابـەزین و بـەنێو دەوەنەکانـدا بـە پێیان هاتنە خوارێ. ئەوە بوو هێزی بەرگریی ناوچـەی ئـاڵۆت و کیوەرۆ و ئەنجێنـە ناچـار

بوون بە پێچەوانەی بەرنامەکەمان تەقەیان لێ بکەن، چونکە هێزی دوژمن دروست بە نێویاندا بە پێیان دەهاتە خوارێ. ماوەی سەعاتێک تەقە و لێکدان لە نێوانیاندا درێژەی کێشا. لەوە زیاتر ئەو جەماعەتە نەیانتوانی بەرگری بکەن و پاشەکشەیان کرد. هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارێ لە ڕێگای سوورێن، بەلوە، ڕەشەقەڵات و زەرواوەوە دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان. دوای ئەوان ئەرتش و سوپا هەر بەو شێوەیە بە پێیان کەوتنە نێو دەوەنەکانەوە. ئیتر دوای ڕاوەستانی تەقە، بێدەنگ هاتنە خوارێ بۆ بەردەم سەنگەرەکانی ئێمە. جاروبار چەند ڕیزێک چەکی ئۆتۆماتیان دەتەقاند. کات دروست نیوەڕۆ بوو. دەستیان کرد بە نانخواردن. هەلیکۆپتەریش بەردەوام بەسەر سوپاکەدا هاتوچوویان دەکرد. ئا لەو کاتەدا دامانە بەر دەسرێژی چەکەکانمان. نانی نیوەڕۆمان لێ تێکدان. نەیانزانی چۆن بەپەلە خۆیان لە بن بەرد و دار و دەوەن ڕۆکرد. ئاگری چەکەکانمان بەردەوام بوو و شەڕ تا لای ئێوارە درێژەی کێشا. بریندار و کوژراوێکی زۆریان هەبوو. هەلیکۆپتەرەکانیش بەردەوام لە هاتوچوودا بوون و کوژراو و برینداریان ڕادەگواست. ئاگری شەڕ گەرم بوو. کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتە لای سەنگەرەکانی ئێمە. شایانی باسە دەورێکی باشیان هەبوو لەو شەڕ و لێکدانەدا. ئەوان چەکی ئارپیجی‌یان پێ بوو کە توانیان کەڵکی باشی لێوەرگرن. شەڕ هەتا ئێوارە دەوامی بوو. ئێمە بەهۆی کەمبوونی فیشەک تەقەمان ڕاگرت. سوپای دوژمن لەو شوێنە ڕۆیشتن و ئێوارە درنگانێک گەیشتنە بەر ئاوایی چیچۆران لە پێنج شەش کیلۆمەتری بانە. هێشتا ئێمە هەر لە سەنگەرەکانی خۆماندا بووین، تەماشامان کرد تۆیۆتابارێکی ڕەنگ سپی لە قەرەژدابانەوە دەرکەوت کە بەرەو بانە دەهات. بۆمان پرسیار بوو کە لە کاتێکی ئاوادا دەبێت ئەم ماشینە چی بیت و کێ بێت، بۆیە بێ ڕاوەستان ڕۆیشتنە سەر جادەکە و حەشارمان گرت تا لێمان نزیك بۆوە. دیتمان پاسدارن. دەنگماندان بووەستن. دوو پاسدار خۆیان هەڵدایە خوارێ و دەستیانکرد بە تەقەکردن لە ئێمە. ماشینەکش بە باقی جەماعەتەوە هەڵاتن بەرەو ئەو سوپایە کە لە چەند کیلۆمەتری شار مۆڵیان دابوو. زۆری پێنەچوو ئەو دوو پاسدارە لە تەقە کەوتن. تفەنگ و فیشەکدانەکانیان لێ کرانەوە و لەگەڵ کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم وەک یەک دابەش کران. کەمێک لە جادەکە دوور کەوتینەوە. هەرچەند ئێوارە درنگیش بوو هەلیکۆپتەر و چەند تانکێک هاتنەوە بۆ ئەو شوێنە. ئیتر ئێمەش بە هێواشی کشاینەوە نێو دارستانەکە و لەوێوە بەرەو گوندی خوڕپاوا ڕۆیشتین. کاتێ گەیشتینە نێو گوند هەوا تاریک بووبوو. چووینە مزگەوت. پڕ بوو لە خەڵکی شار کە هەڵاتبوون و هاتبوونە ئەوێ. هێزی بەرگری لەملا و ئەولا بڵاوبووبوونەوە. هەموو تیپێکی لێ دەبیندرا. کاتێ ئەو خەڵکە ئێمەیان بینی لێمان هاتنە پێشەوە و کەوتنە پرسیارکردن لێمان. هەر کەسە پرسیارێکی دەکرد. خەڵک زۆر ناڕەحەت بوون لەو بارودۆخەی هاتبووە پێش. منیش بەگوێرەی توانا وەڵامم ئەدانەوە بەڵام قسەیەکی ئەوتۆم پێ نەبوو بۆیان بکەم لەبەر ئەوەی نەمدەزانی دواڕۆژ بەرەو کوێ دەچێت. زۆرتر قسەکانم لە چوارچێوەی هیواداربوون و ئینشاڵادا بوو.

ئەندامانی کۆمیتەی "سەندیکا راننددگان" کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسیان کراوە چەند کەسێکیان لەوێ بوون. دیار بوو ئەو چەند کەسەیان بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ شار. هەر ئەو شەوە چەکەکانیان تەحویلی من دایەوە. فیشەکەکانمان هەڵگرتن و چەکەکانیشمان بە ئەمانەت لەلای کەسێکی باوەڕپێکرای گوند بەجێهێشتن. زۆر غیرەتی دەویست لە کاتی ئاوادا کەسێک یان کەسانێک بتوانن چەک لەلای خۆیان ڕاگرن. خەڵک بەتەواوی ورەی بەردابوو. هەر ئەو شەوە بیستم کە شێخ عێزەدین حوسێنی و چەند کەسایەتییەکی دیکە لە ڕۆژانی پێش چوونی سوپا بۆنێو شاری بانە، هاتبوون بۆ ماڵی شێخ جەلال و کۆبوونەوەیان کردبوو دەربارەی ئەو وەزعەی کە پێش هاتبوو. هەر ئەو ڕۆژە کە دەنگی نزیکبوونەوەی سوپا لە بانە ئەبیسترێت، شێخ عێزەدین بەرەو گوندی بێژوێی ئالانی سەردەشت ئەڕوات. هەر لەو کاتانەشدا شێخ جەلال وەک نوێنەری شیخ عێزەدین دەڕوات بۆ عێراق بۆ بینینی کاربەدەستانی عێراقی دەربارەی پەنادانی خەڵکێک کە ناتوانن لە کوردستانی ئێران وەمێنن. هەواڵەکانی ئەو شەوە بۆ من زۆر ناخۆش بوون. نەمدەزانی چی بکەم. پەیوەندیم بە شورا و بە حیزبەوە پچڕابوو و ئاگام لە ماڵ و منداڵم نەبوو ئاخۆ ڕوویان لە کوێ کردووە و ئایا لەو هەلاّت هەلاّتەدا کەسێک هەوبوە ئاوڕیان لێ بداتەوە. کەس نەیدەزانی دوارۆژی ناوچەکە و ئەو خەڵکە چۆن دەبێت. ئەمانە و زۆر خەیالاّتی دیکە ئەو شەوە بەو هەموو هیلاکییەوە وەها پەریشانی کردبووم کە خەوم لێ نەکەوت. بەیانی ڕووم کردە لای گوندەکانی کێلە و نەنۆر. بەردەوامیش هەلیکۆپتەر لە ناوچەکەدا ئەسووڕانەوە. چەند سەعاتێکی ڕۆژ مابوو بەرەو کێوی نهێنی بە مەبەستی چوونی ماڵی کاک عومەر هۆمەر کە بۆخۆیشی لەگەڵدا بوو ڕۆیشتین بۆ گۆندی سەیرانبەن. کاتێ گەیشتینە سەر بەرزایی کێوی نهێنی چەند هەلیکۆپتەرێک بەسەرمانەوە سووڕیان ئەدا. وامان زانی کە هەواڵی ئێمەیان هەیە و دەیانەوێ دەستێک لە ئێمە بوەشێنن. خۆمان لە ژێر دار و دەوەن و شاخەکاندا حەشار دا و هاوکات خۆیشمان ئامادە کردبوو کە ئەگەر دابەزین لێیاندەین. دواتر دەرکەوت کە دوو دانە لە هەلیکۆپتەرەکان لە ئاوایی سەیرانبەن دابەزیبوون و دوو هەلیکۆپتەریش لە ئاسمانەوە پارێزگاریان لێ کردبوون. دوای ماوەیەک هەموو هەلیکۆپتەرەکان ڕۆیشتن. ئێمەش چووین بۆ ئاوایی بۆ ڕاگواستنی کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنیی پاسگای ڕۆستەمی کە عومەر هۆمەر لە خانووی مەدرەسەی گوندەکەدا دانابوون. بەلاّم خێرخوایەك هەواڵی بە دوژمن دابوو، ئەوانیش هاتبوون و هەموویان بردبوون. چەند کەسێک بۆ پاسەوانیان دانرابوون بەلاّم لە گەرمە و شریخەی هەلیکۆپتەرەکان و نەبوونی ئێمە و ئەو هەواڵە ناخۆشانەی کە بۆ ئەو پاسەوانانە چووبوون ئەوانیش ئەوێیان چۆڵ کردبوو و لەوێ نەمابوون.

پێم خۆشە هێندێ لەسەر بارودۆخی ئەو شەڕە و بەگشتی وەزعی کوردستان بدوێم. ئەو نەسلەی خەڵکی کوردستان شەڕی نەدیبوو و هیچ ئەزموونێکی لە شەڕ و بەرنگاریی سوپایەکی ئەوتۆ نەبوو کە تووشی بووبوو. تەنیا کەسانێکی زۆر کەم بوون کە زووتر لە هێندێ شەڕی سەردەمی خۆیاندا بەشدارییان کردبوو. هەروەها کەسانێک کە لە شۆڕشی

ئەیلولدا چووبوونە کوردستانی عێراق و بەشداری ئەو جۆرە شەڕانەیان کردبوو. لەو کەسانەش کەم بوون. لایەنی دیکەی هێزەکانی ئەو سەردەمە هێزێکی خەڵکی بوو بەڵام هیچ ڕێکخستنێکی چەکداری و سەربازی نەدیبوو و لێپرسینەوەش نەبوو کە ئەگەر کەسێك بە بڕیاری خۆی سەنگەری جێبهێشتایە و بڕۆشتایە. هێزێک کە فەرماندە کۆنترۆڵی بەسەردا نەبێت و نەفەراتیش هەست بە ئەرکی پێسپێردراوی خۆیان نەکەن هەر ئاوا دەبێت کە دەمانبینی. ئەم هێزانە بەشی زۆریان خەڵکی دێهات بوون. شورای گوند بۆ چەند ڕۆژێک دەیاناردن بۆ جەبهە. هەر کات بێتاقەت ئەبوون بەبێ پرس بە فەرماندە ئەڕۆیشتنەوە و فەرماندەش هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو. دیارە ئەم قسانەی من ئەوە نییە کە بڵێم خوانەخواستە ئەو کەسانە ئازا نین یان توانای شەڕ و جەبهەیان نییە و یان دڵسۆز نین. لەڕاستیدا ئەو هۆیانە وای کرد کە توانای بەرگری پێویستمان نەبوو لەو شەڕەدا و جەبهەمان چۆڵ کرد. بەڵام هەر ئەو کەسانە بوون کە دوای فەرمانی ئیمام خومەینی و هێرشی هێزی سوپا و ئەرتەش بۆسەر کوردستان، کە زۆری پێنەچوو، لە ماوەیکی کەمدا بەخۆداچوونەوە و خۆیان بە شێوەیەکی نیزامی و بەرپرسیارانە ڕێکخستەوە. ئەوە بوو توانیمان بەرامبەر هێزی دوژمن ڕاوەوستین. هەر ئەوەش بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا توانرا تەواوی بنکە و پاسگاکانی دوژمن لە هەموو شوێنێکی بانەدا پاک بکەینەوە. تەنیا سوپا و ئەرتەش ئەویش لە هێندێ بەشی شاردا و دەسەڵاتی نێو پادگانەی هەبوو. ئیتر لەوە زیاتر نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن. مەبەستی من لەم باسە ئەوەیە کە هێزی بێ بەرنامە سەرکەتوو نابێت. ڕێکخستنی بەبەرنامە و بڕیاری دروست، دیاریکردنی ئەرک و مەسئولیەت، پەروەردەی دروستی نیزامی و بوونی خەتی دروستی سیاسی، بێگومان سەرکەوتن بەدەستدەهێنێ.

هەواڵی کوشتنی من بە درۆ لە ناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە. خزمان و دۆستان و ماڵومنداڵی پێ دڵنیگەران و ناڕەحەت دەبن. بنەماڵە چاوەڕوان دەبن ئاخۆ ئەم هەواڵە چەندە ڕاستە. ماڵومنداڵ هەر چۆنێک بێت وەکو ئەو خەڵکە بە هێندێ کەلوپەلەوە بە یارمەتی چەند خزمێک خۆیان دەرباز دەکەن و دەچنە گوندی بۆیەنی خواروو و لە ماڵی حاجی ئەحمەد دەمێننەوە. ڕۆژێك دواتر لەوێوە حاجی ئەحمەد بە ماشینی خۆی ڕەوانەی گوندی بلەکێیان دەکات بۆ ماڵی کاک سەعید بەگ. ئەویش بە ماشینی خۆی لەسەر داوای خێزانم ڕەوانەی ئارمردەیان دەکات و دەچنە ماڵی حاجی قادر خان. دوای چەند ڕۆژێک لەوێشەوە دەچنە گوندی کیوەرۆ. لەم ڕێگایەدا و لەو ماڵانە کە ناویان هاتووە زۆر ڕێزیان لێ ئەگرێت و هاوکاریی پێویستیان دەکرێت. کاتێک هەواڵی کوژرانم بڵاودەبێتەوە کاک فەتاح و خزمەکانم ڕۆژی پێش شەڕەکەی قەرەژدابان گەڕابوونەوە بۆ بانە و ئاگایان لە وەزعیەتی من نەمابوو. ئاکامی شەڕی قەرەژدابانیش بە شورای شار و کەسوکار نەگەیبوو کە هەر یەکە بە لایەکدا ڕۆیبوون. جێگای باسە کاتێ هێزی میری لەپشت گوندی سوورێن دەگاتە سەنگەری جەماعەتی ئاڵۆت و کیوەرۆ و ئەنجینە دوای ماوەیەک تەقە و لێکدان لە نێوانیاندا جەماعەت پاشەکشە دەکەن و برادەرێکیان بە ناوی کاک ڕ. خەڵکی ئەنجێنە

ناتوانێ دەربـاز بێـت و تفەنگەکـەی لـەنێو دەوەنـدا دەشـارێتەوە و خـۆی هێنـدێ دوور لـە چەکەکەی لەنێو دەوەنێکی دیکەدا قایم دەکات. کاتێ هێزی میری دەگاتە ئـەو شوێنە ئـەو هاوڕێیـە ئەدۆزنـەوە و بـە دیـل دەیگـرن. بـەڵام ئـەو تێـک ناچێت و زۆر ئازایانـە هـەر لـە یەکەم قسەدا دەڵـی من شوانم و مەڕەکەم لە ترسی تەقـەی ئێوە هـەڵاتووە بـەرەو ئـاوایی، منیش نەمویراوە هەڵیم بۆ ئەوەی گوللەم بەر نەکەوێت و خۆم شاردۆتەوە. ناوبراو چەند مانگ گیرا و هیچ هەواڵێکی نەبوو. دواتر لەسەر قسەی خۆی ڕادەوەستێ و قسە ناگۆڕێت بۆیە ئازادی دەکەن و هاتـەوە بـۆ ئەنجێنـە. چەکەکـەی تێدادەچێت و مـەعلوم نـەبوو چـی بەسەر هات. بەهەرحاڵ، بۆ شەوێ چووینە ماڵی کاک عومـەر لـە گونـدی سـەیرانبەن. ئـەو شـەوە لـە مـاڵی کـاک عومـەر هۆمـەر ماینـەوە. زۆرم بیـر لـێ کـردەوە چـی بکـەم. زۆرم بـۆ زەحمـەت بـوو بڕیارێـک بـدەم و سـاخ وەبـم. چونکـە تـەنیا بـووم و هـیچ بەرنامـەیەکیشم لەدەستدا نەبوو لەلایەن شوراوە. دوایین پەیوەندیم بە شوراوە ئەو بەیانییە بوو کە شەڕی سەر جادەی گوندی سوورێن‌مان بە تووشەوە بووبوو، کە لەڕاستیدا دوایین بەرنامەیشم بوو. دەبـوو وەک ئەنـدامێکی حیزبـی پەیوەنـدی بگرمـەوە بـە حیزبەکـەم. بـەڵام بـەهۆی هـاتنی ئەرتش و سوپا بۆ بانە و ئەو ئاڵوگۆڕانە کە بەسەردا هاتن بەتەواوی لـە حیزب بێخەبـەر بـووم و نەمـدەزانی لـە کـوێن و لـە چ وەزعێکـدان. ئـەوەی بـە بیرمـدا ئـەهات ڕێکخستنی هێزێکی پارتیزانی بوو کە ئەویش لەو کاتـەدا لـە توانـایی حیـزبم ڕادەبینـی. بـەڵام ڕێـژیم پێی وا بوو سەرکەوتووە و تازە کەس ناتوانێ لە کوردستان دژایەتی ئەو بکات، بۆیـە هیـوا ئەوە بوو کە جارێکی دیکە بچینەوە مەیدان و بە کردەوە بە ڕێژیمـی بسـەلمێنین کـە ئێمـە لـە هـیچ بارودۆخێکـدا واز نـاهێنین و هـەموو شـێوەکانی خـەبات تـاقی دەکەینـەوە هـەتا نەتەوەکەمان بە ئامانج دەگات. لە ئاکامی ئەو بیرکردنەوەدا بەوە گەیشتم کـە حیـزب بـە هیچ جۆرێک ڕێگای خەبات بەرنادا و بـاش وایـە منـیش لـە ئاست خۆمـەوە تـاکو هاوڕێیـان ئەدۆزمەوە هەوڵی خۆم بدەم. بۆیە بڕیارم دا هێزێکی نوێ لە ناسیاو و ئەو هاوڕێیانـەی کە لە پاسگاکاندا خزمەتیان دەکرد پێکەوە بنێمەوە و هەرچی زووتر بەدەمیانەوە بچین هـەتا ڕێژیم دەستی بەسەردا نەگرتوون. داوام لە کـاک عومـەر هۆمـەر کـرد و بیـرم هێنایـەوە کـە کاتی خۆی زۆرم لەو قسانە بۆ کردوون و هەموو لایەکیشمان ئەو ئامادەییـەمان هـەبوو لـەو بـوارەدا. گـوتم کاکـە، ئێستا ڕاست ئـەو ڕۆژەیـە کـە پێشـتر باسمان لـێ دەکـرد. ئێسـتا تـۆ بۆچوونت چییە و چی دەڵێی؟ کاك عومەر ئامادەیی خۆی دەربڕی و گوتی من لـەسەر بڕیـار و بـەڵێنی خـۆم مـاوم بـەڵام پێویسـتیم بـە چەنـد ڕۆژ مۆڵـەت هەیـە کـە ماڵومنداڵەکـەم بگوێزمەوە بۆلای خزمەکانم لە کوردستانی عێراق. شوێنێکم پێ بڵـێ کـە دوایـی بـە خـۆم و چەند هاوڕێی دیکەوە بێین بۆلات. لەسەر ئەم ئەساسە بڕیارمـان دا کـە کـاک عومـەر دوای گواستنەوەی ماڵەکەی بێت بۆ گوندی گەرماو. بۆ بەیانییەکەی چووینـە خـوار مـاڵان. لـەنێو پۆڵێک چنـاردا دیتمـان کـاک جـەمالی حەمـەی خواکـەرەم لەگـەڵ هاوڕێیـانی دانیشـتوون. ئێمـەش چووینـە لایـان و لـەگـەڵیان دانیشتین و کەوتینـە قسـەکردن. دوای ماوەیـەك کـاک جەمال گوتی ئێمە کارمان هەیە و دەبێ بڕۆین. هەستان و ڕۆیشتن. لەوە دەچوو پێی خۆش

نەبوو ئەو ڕۆژە بەیەکەوە بین، ئیتر بۆچی، من نەمزانی. بۆ ئێوارەکەی وەک لەبیرم بێت نزیکەی دە نەفەرێک دەبووین بە لێواری سنووردا (سنووری ئێران- عێراق) ڕۆیشتین بەرەو گوندی کەندەسوورە. شەودرنگانێك گەیشتینە ماڵی حاجی ئەحمەد بەگی کەندەسوورە. شەو لەوێ ماینەوە و زۆری ڕێز لێگرتین. لەوێ هەواڵێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت بەڵام ئەوەم زانی کە ماڵومنداڵەکەم هاتوونە گوندی بلەکێ و لەوێوە چوون بۆ ئارمردە. بەیانی بە ماشینی حاجی ئاغا کە یەکێك لە کوڕەکانی لێیدەخوڕی، بە دوو جار بردینی بۆ بلەکی بۆ ماڵی سەعید بەگ. شەوێکیش لە دیوەخانە هەمیشە پڕ لە میوان و ئاوەدانەکەیاندا ماینەوە. بۆ بەیانییەکەی بەرەو گوندی چەمپاراو ڕۆیشتین. لە سەر بەرزاییەکەی نێوان بلەکی- چەمپاراو تووشی جەماعەتێک لاوی پڕهەست و نیشتمانپەروەری خەڵکی شاری بانە بووین کە بۆ پشوودان لەو سەر بەرزاییە دانیشتبوون. دیار بوو چەند ڕۆژێک بوو لەو بەرزاییانەی سوورکێو و ئەو گوندانەی دەوروبەر سووڕابوونەوە. خەڵکی گوندەکان نەیانناسیبوون و بەهۆی کەمتەمەنی و لاوبوونیانەوە وەک پێویست حیسابیان بۆ نەکرابوو. ئەم حاڵەتانە کاریگەری خراپی لەسەر دانابوون. کتێب و بڵاڤۆك و قسەی مزگەوتەکان و دروشمی ڕێپێوانەکانی پێشوو، واتە کاتی سەرەتای شۆڕشی ئێران ڕێوشوێنی تەواوی لەسەر ئەم لاوانە دانابوو بۆیە خۆیان وەک پێشمەرگەیەکی کوردستان یان چێگیڤارایەك دەهاتەبەر چاو و هەر بەو ئاوات و حەماسەوە هەر یەک کۆڵەپشتێک و هێندێ کەرەسە و خواردنیان هەڵگرتبوو و ملیان لە شاخی نابوو. لەڕاستیدا ئەوە هەستێکی زۆر بەرز و پڕمانا بوو، بەڵام خەڵکی ئەو گوندانەی کە ئەو لاوانە سەردانیان کردبوون ئەو هەست و ڕۆحە بەرزەیان بە باشی نەناسیبوو و بە چاوی لاوێکی کەمتەمن و ڕاهاتوو بە کەلتورێکی دیکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردبوون. دوور نییە لە زۆر جێگایش گاڵتەیان پێ کردبن. بۆیە ئەو لاوانە ماندوو بوون و بێهیواییەکی زۆریان لەو چەند ڕۆژەدا لێ دیار بوو. تیۆری و کردەوە دوو شتی لێک جیاوازن بۆیە ئەو لاوانە بە حیسابی تیۆری کەوتبوونە شاخی، بەڵام لە پراکتیکدا بە چاوی خۆیان بینییان کە دەبێ بەلای واقیعدا بشکێنەوە. ئەوان هەموویان منیان دەناسی بەڵام من بە ناو هیچیانم نەدەناسی. کاتێ ئێمەیان دی، هەموویان هاتن بۆلامان و بەخێرهاتنیان کردین. ئێمەش هەروا بەگەرمی بەخێرهاتنمان کردن. دەستیانکرد بە پرسیارکردن. لە پرسیارەکانیاندا هەستم کرد کە ناتوانن لە شاخ وەمێنن لەبەر ئەوەی هەموویان تەمنیان لەژێر هەژدە ساڵەوە بوو و هەر هەمووشیان قوتابی بوون. بۆیە هەوڵم دا ڕازییان بکەم بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لای باوک و دایکیان لە شار. هەروەها بەوەش ڕازیم کردن کە خەڵکی کورد پێوستی بە خوێندن هەیە و ئەوان پێویستە لەو تەمەنەدا بخوێن و ئەوە بە قازانجی خۆیان و پاشەڕۆژی کوردستانە. هەروەها پێم گوتن کە ئەرکی خەباتی گەلەکەمان لەم قۆناخەدا زۆر قورسە، با نەسلی بەتەمەنتر بیگرێتە ئەستۆ. ئێستا ئەرکی ئێوە خوێندنە، نۆبەی ئێوەش دێت، پەلەی ناوێ خەبات بۆ ڕزگاریی گەل و وڵات سەختە و زەمانی دەوێ. ئەم لاوانە پێش منیش بڕیاری گەڕانەوەیان دابوو بەڵام من پێم خۆش بوو بە هیوا و بەرنامەیەکەوە بگەڕێنەوە نەک بە دڵشکاویی.

لاوەکـان ماڵاواییـان کـرد و ئێمـەش بـەرەو چـەمپاراو کەوتینـە ڕێ. لـەڕێـوە چووینـە مـاڵی حەسەن بـەگ. لـەوێوە نـاردم بـەدوای ئـەو برادەرانـەی کـە لـە پاسگادا خزمـەتیان دەکرد. هەموویان هاتن. کاک محەممەد سلێمان بەرپرسیان بـوو. قسـەکانی ڕابـوردووم کـە لـەسـەر دواڕۆژی کوردستـان کـاتی خـۆی لـە پاسگادا بـۆم کردبـوون، بیرهێنانـەوە. زۆر قسەوباسـی دیکەم لەو بوارەدا بۆ کردن. جەماعەت بەگشتی لەسەر بەڵێنی خۆیان مـابوون. هـەموویان ئامادەییـان دەربـڕی لـە خزمـەت گـەلـی کـورددا بـن و بـە ڕێبـەری حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران، ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لـە ئەستۆ بگرن. دەربـارەی چـەکوچۆڵـی پاسگاکانیش قسەم لەگەڵ کـردن. هـەموو ئـەو کەلوپەلانـەی کـە زووتـر لیستـەمان گرتبـوون بەتەواوی و بە ئەمانەتەوە مابوون بەڵام بەهۆی هەواڵـی دابـەزین لـە پاسگای ڕۆستـەمی و بردنـەوەی ئـەو چەکوچۆڵـەی بـەهۆی هەلیکۆپتـەرەکانی میری، کـە پێشتـر باسم کـرد، کـاک محەممەد سلێمان چەکوچۆڵەکەی لە شوێنی قایم شاردبۆوە و خۆیشیان ئامادەییان هـەبوو کە ئەگەر هەلیکۆپتەر بێن و بیانەوێ دابەزن، بەرگری بکەن. ناردیان ئەو چەکوچۆڵەکـەی کـە لـەنێو ڕەز و باخەکانـدا شـاردبوویانەوە هێنایاننـەوە. بـۆ بەیانییەکـەی هـەموویان پێچانـەوە جگـە لـەو چەکانـەی کـە بـە خۆیـان بـوون. هاوڕێیـان بەگشتی داوای مۆڵـەتێکی چەنـد ڕۆژەیـان کـرد تـاکو خۆیـان ئـامادە بکـەن. بڕیارمـان دا کـاتێ ئـامادە بـوون بـێن بـۆ گەرماو. ئێستر حازر کران و چەکوچۆڵە بار کران. لە ئێـوارەدا بـەرەو گـەرماو ڕۆیشـتین. بـۆ شەودرنگانێک گەیشتینە ماڵی حەمە بەگ لە گەرماو. هەر شەوێ چەک و تەقەمەنییەکانم تەحویلی حەمە بەگ دان. کەلوپەلەکان زۆر بوون و لە ژوورێکدا بـە پاڵەپەستۆ جێمـان بـۆ کردنەوە. لەو چەکانە تفەنگێکی ژ.سێ‌م دا بە حەمە بـەگ کـە پاسـەوانی ئـەو ئەمانەتیـەی پێ بکات. ماڵەکەی تاکە ماڵێك بوو کە لە پشت ئاوایی گەرماو لـە داوێـن کێـوی سوورکێودا هەڵکـەوتبوو. دوای دابـەزینی ئـەو هەلیکۆپتەرانـە لـە گونـدی سـەیرانبەن ورەی خـەڵک بەتەواوی دابەزیبوو. هەموو کەس نەیدەتوانی ئەو جۆرە ئەمانەتییانە لای خۆی هەڵگرێت. حەمـە بـەگ ئـەو کـارە پڕمەترسییەی لـە ئەستۆ کـرد کـەچی کـاتێ مـن ئـەرك و خزمـەتی پێشـمەرگایەتیم لـە بانـەوە گواسـتەوە بـۆ پیرانشـار، کۆمیتـەی شارسـتانی بانـە ئـەو تفەنگەیان لـە حەمە بـەگ ساندبۆوە. هەرچەند شتێکی ئەوتۆ نـەبوو بـەڵام دەکـرا هـەروەک حەمـە بـەگ ڕێـزی بـۆ شـۆڕش و حیـزب لـەو کاتـە ئاسـتەمەدا دانـا و هیممـەتی کـرد ئـەو چەکانـەی بـۆ ماوەیـەک بـە ئەمانـەت بـۆ هـەڵگرتین، دەبـوو کۆمیتـەی شارسـتانیش ئـەو ڕێزەیان بۆ حەمە بەگ و بڕیارەکەی من دانایـە و ئـەو تفـەنگـەیان لـێ نەستاندایەوە. لـە کاتێکدا سەدان کـەس لـەو جۆرە چەکانـە، واتـە ژ. سـێ و ئیمپـەکیان لـەلا بـوون بـە نـاوی هێزی بەرگری. حەمە بەگ پیاوێکی دەستکورت بوو، ماڵەکەشی تاکە ماڵێك بـوو لـە بنـاری سوورکێو کـە دەکرا بـۆ پارێزگـاری لـە خـۆی و جاروبـاریش وەک هێـزی بـەرگری کـەڵك لـەو چەکە وەرگرێت. تـازە لـەو کاتانـەدا پێشمـەرگە زۆر بـە دەگمـەن بـەو جـۆرە چەکانـە ڕازی دەبـوون. دەکـرێ بڵـێم کـەمتر پێویستیمان بـەو چەکانـە هـەبوو. پێشـمەرگە زۆرتـر چـەکی

ڕووسی، وەک کلاشینکۆف و دیکتاریۆفی بەدەستەوە بوو کە لە شەڕەکانی سوپای پاسداراندا بە دەستکەوت گیرابوون.
پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە بە شاهیدی هەموو خەڵکی بانە و پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمەی حیزب، من بووم کە چەکوچۆڵەی سێزدە پاسگام بەتەواوی بەپێی لیست و ئاگاداری ئەو کەسانەی کە لە پاسگاکاندا خزمەتیان دەکرد تەحویلی کۆمیتەی شارستانی بانە دا، و بەشێکی زۆریان هەر ئەو سەردەمە بە شانی پێشمەرگەوە بوون کە لە خزمەت بەرنامەکانی حیزبدا بوون. سەرجەم چەکی دەستی پێشمەرگە و حازر لە پاسگاکاندا کە لە تەحویلی خەڵکدا بوو نزیک بە سێ سەد و پەنجا تفەنگی ئیمیەک و ژ. سێ، هەروەها چەند تیربار ژ. سێ و نارنجۆکهاوێژ و دووربین و چەند دەمانچەی ڕووناککەرەوە و دەیان سندوق فیشەک بوون. دوای ئەوەی کە کۆمیتە ئۆرگانی تەداروکاتی پێکهێنا تێکڕای ئەو تەقەمەنییە، ئەوەی وەک تاک لای خەڵک بوون بەپێی لیست و ئەوەش کە لای خەڵک بە کۆ بە ئەمانەت دانرابوون، تەحویلی تەداروکاتی کۆمیتەی شارستان درانەوە. لەو کاتەدا هێزی بانە بۆخۆی بەشی تەداروکاتی نەبوو بەڵام دوای چەند مانگ بەشێکی تەداروکاتی ڕێکخست. ئەویش هەرگیز لە مەسرەفی مانگانەی پێشمەرگە شتێکی زیاتری لەلا نەبوو.
هاوڕێیانی پاسگای گەرماوم بانگ کرد و قسەم بۆ کردن. گوتیان مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی بە ناوی کۆمیتەی حیزبەوە هەواڵی بۆ ناردووین کە بچین بۆلایان بەڵام لە جوابدا گوتمان کە ئێمە لەگەڵ کاک ڕەشید پەیمان و بەڵێنێکمان هەیە، بۆیە لێمان ڕاوەستن هەر کات ناوبراو هات -کە دەزانین بەو زوویانە دێت- بەیەکەوە دێین بۆلای حیزب. ئێستاش ئێمە هەموومان ئامادەین بۆ خزمەتی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات. من بەوەی کە لەسەر بەڵێنی خۆیان مابوونەوە زۆر خۆشحاڵ بووم. بەوەش زیاتر خۆشحاڵ بووم کە گوتیان کاک هاشمی کەریمی لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی لە بەینی بەرزاییەکانی پشتی گوندەکانی نیروان و گەرماودا بنکەیەکیان دامەزراندووە و کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لەگەڵدایە. بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووم چون دەنگۆ هەبوو کە جەماعەت بەگشتی چوونە ئەودیو بۆ کوردستانی عێراق. لەگەڵ هاوڕێیانی گەرماو چووین بۆلای کاک هاشم. کاتێ ئێمەی دی بەرەوپیرمان هات و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین. هەردوو لا زۆر خۆشحاڵ بووین لەوەی کە سەنگەری خەباتمان چۆڵ نەکردووە. شوێنەکەیان جێگایەکی خۆش بوو. لە نێو شاخ و کۆمەڵێک دارگوێزدا هەڵکەوتبوو. کانی و ئاوێکی ساردیشیان لێ نزیک بوو. شوێنەکە زۆر بەرز بوو، بەشێکی زۆری ناوچەی بانەی لێوە دیار بوو. ئەو شەوە زیاتر لە نانی پێشمەرگایەتی میوانداری کراین و مەڕێکیان بۆ سەربڕین. پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دوایی کاک عومەر هۆمەر و کاک محەممەد سلێمان لەسەر بەڵێنەکەی خۆیان هاتن. زیاتر لە پازدە پێشمەرگە دەبوون. هاتنیان جێگای خۆشحاڵی بوو. دوای حەسانەوە ڕۆژی دوایی لەگەڵ کاک هاشم دانیشتنێکمان کرد. باسمان لەوە کرد کە بەدوای هێرشەکەی ڕێژیم بۆسەر کوردستان پێویستە ئێمەش خۆمان باشتر ئامادە بکەین بەرامبەر ئەو بارودۆخەی پێش هاتووە و دەبێت بە هەموو شێوەیەکی گونجاو خەبات و چالاکیی خۆمان بەهێزتر

بکەین لەپێناو دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان. لەو کۆبوونەوەدا بڕیارمان دا ڕێکخستنێکی باشتر و بەهێزتر لەوەی کە بوومان و هێزێکی پێشمەرگەش پێک بهێنین. لەبەر ئەوەی چالاکیی سیاسیی و نیزامیی بەرچاوم لە دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، بەشدارای لە شۆڕشی ئەیلول و ئەزموونی پێشمەرگایەتی، ڕێکخستنی کاروباری پاسگاکانی دێهاتی بانە لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا وەک نوێنەری شورای شار، پێکهێنانی سیمینار و قسەکردن لە بەشی زۆری گوندەکانی بانە لەسەر دواڕۆژی کوردستان، چالاکبوون لە ڕێپێوانەکانی بانە پێش ڕووخانی دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا و تەنانەت ڕاوەستان لە بەرامبەر تانك و ئەرتەش و شەڕی خیابانی بە چەکەوە هەموو پاڵپشتێك بوون کە ئەو هەلومەرجەی بۆ من ڕەخساند کە بەڕێوەبەرایەتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بانە بە من بسپێردرێت. دیارە هێشتا لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە هیچ بڕیارێک لەسەر من نەدرابوو. بڕیارەکە لەلایەن کۆمیتەی شارستانی بانەوە بە شێوەی کاتی درابوو. سەرەتا وام بە مەسڵەحەت زانی لەگەڵ پێشمەرگەکان جەولەیک لە ناوچەکەدا بکەین و پاش هێندێ چالاکی و هەروەها زیاتر یەکترناسین، قەوارەی هێز دامەزرێنین. هەر لەو کاتەدا هاوڕێیانی گەرماو لەگەڵ چەند هاوڕێییەکی دیکە بۆ پاسەوانی بنکەی کۆمیتەی شارستان دیاری کران و وەک پێشمەرگە لە خزمەت کۆمیتەی شارستاندا بوون و بەرپرسیان بۆ دیاری کرا.

## پێناسەیەک لە کۆمیتەی شارستانی ئەو سەردەمە

ئەندامانی کۆمیتەی شارستان لە کۆنفرانسێکدا بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتی بۆ کۆمیتەی کارگێڕ هەڵدەبژێردران. بەرپرسی کۆمیتەی شارستان لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە دیاری دەکرا. کۆمیتەی شارستان بەرپرسی هەموو کاروباری شارستان بە شار و دێهاتەوە بوو و چاودێری بەشی نیزامی و سیاسی و بەگشتی پێڕاگەیشتن بە کاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ئابووری و هەروەها بەشەکانی دیکە بوو. لە نێوخۆیدا بۆ کاروباری هەر بەشێک بەرپرسی دیاری دەکرد. بەرپرسی هەر بەشێک ئەندامی کۆمیتەی شارستان بوو. مانگی جارێک یان زیاتر کۆبوونەوەی پێکدەهێنا بۆ چاوخشاندن بە کارەکانی ڕابوردوو و پلاندانان بۆ کاری داهاتوو. بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەی هێز لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی شارستاندا بەشدار دەبوون. ئەم دوو پۆستە لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە دیاری دەکران و پێویستیشیان بە هەڵبژاردن نەبوو. کۆمیتەی شارستان بۆخۆی بنکەیەکی هەبوو کە هەموو کات دەستەیەک یان دوو دەستە پێشمەرگە پاسەوانییان دەکرد. کۆمیتەی شارستانی بانە پێکهاتبوو لە دوو کۆمیتەی ناوچە. کۆمیتە ناوچەییەکانیش بە هەڵبژاردن لە کۆنفرانسدا کۆمیتەی خۆیان دیاری دەکرد. کۆمیتەکانی ناوچە سەرەتا بە ناوەکانی گاکڕ (ناوی چیایەکە لە ناوچەی بانە) و پشتئاربەبا دەناسران. دوای ماوەیەک کۆمیتەی گاکڕ کە بەرپرسایەتی ناوچەکانی خێڵەڕەش، دەشتەتاڵ و بەربناری نەمەشیری بە ئەستۆوە بوو ناوەکەی گۆڕا بۆ حەوتەوانە. هەروەها کۆمیتەی پشتئاربەبا کە بەرپرسایەتی ناوچەکانی پشتئاربەبا، ناوچەی بەلوە و پەهلەویدژی لە ئەستۆ بوو گۆڕا بۆ بابۆس. هەر کۆمیتەناوچەیەک بۆخۆی بنکەی لە ناوچەی خۆیدا هەبوو کە دەستەیەک پێشمەرگە پاسەوانییان دەکرد. بەرپرسی کۆمیتە ناوچەکان ئەندامی کۆمیتەی شارستان بوون. کاری ئەو کۆمیتانە چالاکیی سیاسی، بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی حیزب لە ناوچە، کۆکردنەوەی مانگانە لە ئەندامانی کۆمیتە، کۆکردنەوەی یارمەتی لەلایەن خەڵکی نیشتمانپەروەر، هاوکاری بۆ بەشی پێشمەرگە و پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵ و سیمینار بۆ ڕوونکردنەوەی خەڵکی لە خەت و ڕێباز و سیاسەتەکانی حیزب بوو. بنکەی کۆمیتەی شارستان یەکەم جار دوای هێرشی ڕێژیم بۆسەر کوردستان کە ناسراوە بە "شەڕی سێ مانگە" سەرەتا لە بەربناری سوورکێو لە پشت گوندی نیروان دامەزرا. بۆ زستانەکەی چووە گوندی کانیی برایم. هێزیش لە گوندی دونێس بارەگای خۆی کردەوە. زۆری پێنەچوو بنکەی هێزیش گواسترایەوە بۆ گوندی مووچە. هەر لەو کاتەدا کە بنکەی هێز لە دونێس بوو کاک کەریم حەداد، فەرماندەهێزی سەردەشت، لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە هات بۆ سەردانی هێزی پێشمەرگەی بانە. کاك كەریم لەو سەردانەدا حوکمی ڕەسمی وەك ناوی جێگری فەرماندەی هێزی بانەی لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بۆ هێنام. زۆری پێنەچوو حوکمی فەرماندەهێزیم بە دەسنووسی د. قاسملوو وەرگرت، کە لە جێی خۆیدا زیاتر باسی دەکەم. هەر بەدوای دیدارەکەی کاک هاشم و هێندێ خۆڕێکخستندا ڕۆیشتم بەرەو ناوچەی ئاڵوت و کیوەڕۆ. لەو گوندانەی سەر ڕێگا و لە مزگەوتەکان قسەم بۆ

خەڵک دەکرد و داوام لێدەکردن بە مەبەستی بەرگری لە هێرشی دوژمن بۆ ناوچەکە و بەشداریی و هاوکارییان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێکەل بە شۆڕش ببن. هەر لەم گەشتەدا جگە لە دیداری کۆمەڵانی خەڵک هاوڕێیانی کیوەرۆ و ئاڵۆت و ئەنجێنە واتە ئەو کەسانەی کە زووتر وەک هێزی چەکداری خەڵکی لە پاسگاکاندا خزمەتیان دەکرد، دانیشتنم لەگەڵ کردن و بەتێکڕا بەڵێنیان دا کە هاوبەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بن. لەوێشەوە هەواڵم نارد بۆ مام ساڵحی بەنەژاژ، کە ئەو کاتە لەبەر بێ ئاگایی لە بارودۆخەکە گەڕابۆوە پاسگا و چەند نەفەر ژاندارم و سەربازیش هاتبوونەوە خانووی پاسگا و وەک پێشوو دەست بەکار بووبوون، کە هەر چۆنێک بۆی دەکرێت بە نهێنی سەردانێکم بکات. دیارە ئەوەش پێویستە لەبیر نەکرێت هەر بەدوای گرتنەوەی بانەدا ژاندارمری لە نەبوونی هێزی پێشمەرگە کەڵك وەردەگرێت و هەلەکە دەقۆزێتەوە و دەچێتەوە چەند پاسگایەگ کە یەک لەوان پاسگای بەنەژاژ بوو. نەفەراتی پاسگای کۆخان و پاسگای دوڵهەرزن و مەنیجەڵان هەموویان لە خانووی پاسگای کۆخاندا نیشتەجێ بووبوون. پاسگاکانی بەنەژاژ، زەرواو، بۆیەن، سیاومە و گەردەنەی خان هاتبوونەوە جێگای خۆیان. پاسگای بەنەژاژ کە دەچێتەوە هەروەک پێشوو مام ساڵح و هاوڕێیان دەچنەوە پاسگا و هاوکارییان دەکەن بەو مەبەستەی ئاخۆ وەزعەکە چی لێدێت و چاوەڕوانی بارودۆخەکە دەکەن. ئەو هاوڕێیانە بیر و ڕایان ئەوە دەبێت کە ئەگەر بزووتنەوەی کوردایەتی دەستپێکردەوە ئەوە ئەوان دەست بەسەر پاسگاکەدا بگرن و دوبارە چەکیان بکەن و ئەگەریش بزووتنەوە نەبوژایەوە ئەوە خۆیان ئەمین بکەنەوە بۆ ئەوەی تووشی ئەزیەت و ئازار نەبن و بۆ ماوەیەک لە پاسگا وەمێنن کە ئەگەر پێشمەرگە نەهاتەوە ناوچە و ڕێژیم هەروا بەدەسەڵات مایەوە ئەوە لە کاتێکی گونجاودا چەکەکانیان دانێن و بچنەوە ماڵی خۆیان. بەڵام مامە قالەی سوتوو کە خاوەن ئەزمون بوو و لە ڕابوردوودا بەهۆی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لە پاییزی ١٣٣٨ هەتا بەهاری ١٣٤٠ لە بەندیخانەی تاران بەندی دەکرێت، ئەو ماوەیە لە چیاکانی ئەو ناوچەدا خۆی ئەپارێزێت. پەیامێکم نارد بۆ مام ساڵح کە هەر چۆنێک بێت دەبێ بە نهێنی بێت بۆلام. لەڕاستیدا مام ساڵح چاوەڕوانی پەیامێکی وا بوو. چەند ڕۆژ دواتر هات بۆلام لە بنکەی پشتی نیروان. شەوێکمان دیاری کرد کە بە هێزێکەوە بچم بۆ بەنەژاژ و یەکەم دەسپێکی چەککردنی پاسگاکان بێت. لەبەر ئەوەی باوەڕم بە بوونی مام ساڵح و جەماعەت هەبوو، لەو باوەڕەدا بووم کە چەککردنی پاسگای گوندی بەنەژاژ ئاسان دەبێت و هەروەها پێیشم وا بوو کە بە چەککردنی یەکەم پاسگا، پاسگاکانی دیکەش ورەیان نامێنێ و بە ئاسانی ئەتوانین ئەوانیش چەک بکەین. بۆیە بڕیارمان دا کە مام ساڵح و جەماعەتیان ئەو شەوە وا بکەن کە زۆرتر پاسەوانی پاسگا بە ئەوان بێت و کارێکی وا بکەن کاتێ کە ئێمە چووین ئاسانکاری کرابێت بۆ گرتنی ژاندارمەکان و چەککردنیان. ڕەئیسی پاسگای تازە ناوی محەممەد موراد ئەلیاسی، کورد و خەڵکی مەریوان بوو. ئەم ڕەئیس پاسگایە لە نەبوونی چەندڕۆژەی مام ساڵح گومان پەیدا دەکات. کاتێ مام

ساڵح دەگەڕێتەوە ڕەئیس پاسگا بەتەواوی ترسی لێدەنیشێ و ڕابوردووی ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی ئێران و حکومەتی حەمەڕەزا شای بیر دەکەوێتەوە، بۆیە نایەوێ خۆی تووش بکات و هەر ئەو ڕۆژە خۆی دەپێچێتەوە لەگەڵ سەرباز و ژاندارمەکانی دەچێتەوە پاسگای سیاوەمە. منیش بە جەماعەتێکەوە کە هێشتا هەواڵی چۆڵبوونی پاسگامان نەزانیبوو بەگوێرەی پلانی داڕێژراو چووینە ئەو شوێنەی کە مام ساڵح دیاری کردبوو. کاتێ چووم مام ساڵح خۆی و چەند هاوڕێیەکی لەوێ بوون. دوای بەخێرهاتنمان، گوتی کاک ڕەشید، ڕەئیس پاسگا و جەماعەتیان ئەمڕۆ خۆیان پێچایەوە و بە ماشینە نەفەرهەڵگرەکەی پاسگا ڕۆیشتنەوە بۆ پاسگای سیاوەمە، بەڵام من نەمهێشت هیچ شتێک لەگەڵ خۆیان بەرن جگە لە چەکەکانی شانیان. پرسیم باشە بۆ ئیجازەت دان چەکەکانیان بەرەن. گوتی ڕاستییەکەی بیرم لەوە کردەوە گوتم مادام ئەوان بێ کێشە دەڕۆن و لەکۆڵمان ئەبنەوە با بۆ چەند تفەنگی ژ. سێ خۆمان تووشی تێکهەڵچوون نەکەین، لەبەر ئەوەی ئیمکانی تێکهەڵچوون هەبوو و ئەگەر خوانەخواستە یەکمان شەهید ببوایە بایەخی ئەو چەند تفەنگەی نەبوو. هەروەها ئەو تێبینییەشم هەبوو کە ڕەئیس پاسگا کورد و خەڵکی مەریوان بوو، چەند ژاندارمێکیشیان کورد بوون، بیرم لێکردەوە ئەمانەش ڕۆژێک بیر دەکەنەوە و لە کاتێکی زۆر باشدا دێنەوە لای خۆمان. بەهەرحاڵ، ئەو شەوە لە گوندی بەنەژاژ ماینەوە. ڕۆژی دوایی نامەیەکم نارد بۆ مامە قالە کە خۆی و جەماعەتیان بێن بۆ بەنەژاژ. زۆریشم هەوڵ دا بۆ ڕووخانی خانووی پاسگاکە بەڵام بەهۆی نەبوونی کەرەسەی پێویست بۆمان نەڕووخا. خانووی پاسگاکە لە چیمەنتۆ و ئاسن دروست کرابوو و پێویستی بە تیئێنتی و کەرەسەی ڕووخێنەر هەبوو کە ئێمە لە دەستماندا نەبوو. بەڵام بە خەڵکی ئاواییم گوت کە دەرگا و پەنجەرەکانی دەربهێنن و هەر چەندێکیش بۆیان کرا خراپی بکەن. مەبەستمان لەم کارە ئەوە بوو کە مەبادا جارێکی دیکە لەناکاو هێزێکی ڕێژیمی بێتەوە نێو. مامە قالە بە گەیشتنی نامەکەی من هات بۆ گوندی بەنەژاژ. بە دیداری یەک خۆشحاڵ بووین. دوای هێرشی ڕێژیم بۆ کوردستان و داگیرکردنەوەی بانە، ئەوە یەکەم جار بوو یەکترمان دەبینیەوە. جەماعەتیان زۆر ڕێکوپێک بوون، جێگای خۆشحاڵی و هیوا بوون. شەوی یەکەم هەموومان لە مزگەوتی بەنەژاژ کۆبووینەوە و قسەم بۆ خەڵکی ئاوایی و هاوڕێیانی خۆمان دەربارەی دەسپێکردنی شەڕی پارتیزانی و دروشمەکانی حیزب و شێوەی خەباتی نوێ کرد. ڕۆژی دوایی لە مووچەی حاجی ئەحمەد کە ناسراو بوو بە کانیی گردەڵ کۆبوونەوەم بە پێشمەرگەکان کرد و ڕێکخستنێکی کاتیمان پێکهێنا. سەرەتا قەوارەی هێزمان بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر بناخەی چەشنی شۆڕشی ئەیلول بە شێوەی کاتی دامەزراند. لەو کۆبوونەوەدا مامە قالە بە ئامر بەتالیۆن دیاری کرا. هەروەها چەند هاوڕێی دیکەیش بە سەرلق و سەرپەل دیاری کران. لەو ماوەیەدا شێخ جەلال حوسێنی چەند ڕۆژێک دەبوو گەڕابۆوە بۆ ناوچەی بانە. شێخ بە جەماعەتێک پێشمەرگە و خزمی خۆیەوە لە عێراق گەڕابۆوە و هاتبوو بۆ سەردانی لایەنگرانی خۆی لە ناوچەی بانە. منیش لەو کاتەدا کە بەردەوام لە هەڵسووڕاندا بووم ڕۆژێک ڕێگام کەوتە گوندی واژە کە لەو کاتەدا شێخ جەلال لەوێ بوو. چوومە دیداریان. بێ ئەوەی سەر خۆی

بێنێ هەواڵی ناوچەکە و چالاکییەکانی هەروەك سەردەمی شورا و هاوکارێك لێ پرسیم. گوتم قوربان، شورای شاری بانە هەڵوەشاوە و نەماوە. هەروەک جەنابتان ئاگادارن، ئێستا هەر کەسە وەک بیر و باوەڕی خۆی ڕێبازێکی هەڵبژاردووە و تێکەڵ بە لایەنێکی سیاسی بووە. جەنابیشتان ئەزانن کە من لە ڕابوردوو و ئێستایشدا هەر ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانم قبوڵ بووە و ئێستا وەک پێشمەرگەیەکی حیزب لە ناوچەکەدا خەبات دەکەم. ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتیشم بۆ بەڕێزتان هەیە. لە بیستنی ئەم قسە ناڕەحەتی زۆری پێوە دیار بوو، بەڵام بە لەسەرخۆییەوە گوتی کەیفی خۆتانە بەڵام من چاوەڕوانییەکی دیکەم لە تۆ هەبوو. گوتم قوربان، داوای لێبووردنت لێدەکەم، بەڵام من وەک باوەڕ بە ڕێباز کار دەکەم. ئێستا جەنابت وەک ڕێبازی دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین کار دەکەیت و منیش ڕێبازێکی دیکەم هەڵبژاردووە کە ئەویش ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئیتر بەدوای ئەم قسانەدا خواحافیزەم کرد و ڕۆیشتم.

لەو ماوەدا دەنگوباسی بزووتنەوە و چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی بانە بە گوێی ڕێژیم و ئەفرادی پاسگاکان دەگات و ترسیان لێدەنیشێ. ئەوە بوو ئەفرادی پاسگای سیاومەش دوای هەڵاتنی نەفەراتی پاسگای بەنەژاژ شەوێک هەڵدێن بۆ پاسگای کۆخان. ئیتر ئەفرادی پاسگاکانی مەنیجەڵان، دولْهەرزن، سیاومە، کۆخان و بەنەژاژ هەموویان لە پاسگای کۆخاندا کۆبوونەوە. لەگەڵ بەتالیۆنی مامە قالە ڕۆیشتین بەرەو بناری نەمەشیر. سەردانی گوندەکانی نجنێی سەروو، نجنێی خواروو، مەنیجەڵان، پیاوێن، بەردەڕەش و سووتوومان کرد. لەم گەشتە سیاسییەدا خەڵکی گوندەکانمان بانگهێشتن کردن بۆ مزگەوتەکان و قسەم لەسەر سیاسەتە ناڕەوا و زاڵمانەکەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و دواڕۆژی گەلی کورد بۆ کردن. لە هەمان کاتیشدا گەشتەکەمان مانۆڕێکی نیزامییش بوو بە دەوری هێزی ڕێژیم لە کۆخاندا. بەدوای ئەم گەشتە سیاسی نیزامییەدا گەڕاینەوە بۆ ئاڵۆت بۆ دامەزراندنی بنکەیەک بۆ ئەو بەتالیۆنە. دیارە ئەو کاتە هێندێک زوو بوو بۆ ئەوەی بنکەی پێشمەرگە لە بناری کۆخان دامەزرێنین کە ناوەندی چالاکی ئەو بەتالیۆنە بوو. بۆیە یەکەم جار بنکەی بەتالیۆنمان بۆ ماوەیەکی کاتی لە ئاڵۆت دامەزراند. هەروەک شوێنەکانی دیکەش کۆبوونەوەم بۆ خەڵکی ئاڵۆت ڕێکخست و دەربارەی شەڕی پارتیزانی و دواڕۆژی کوردستان و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم دەرحەق بە گەلی کورد بە دوورودرێژی بۆ باس کردن. جێگای باسە دوای ماوەیەکی کورت کە دواتر دێمە سەری، سەرکەوتن بەسەر دوژمندا و گرتنەوەی پاسگای کۆخان ئەو هەلە ڕەخسا کە بنکەی بەتالیۆنی مامە قالە بچێتە گوندی سپیارە/سپیدارە لە بەربناری نەمەشیر. هەروەها دوای ماوەیەک کاک حەبیب ساوانی کە پێشتر هاوڕێیەکی کۆمیتەی شارستان چەکی دابوویە و هەلی بۆ ڕەخسێندرابوو  داوا بکات لە لکی مامە قالەدا وەک سەرپەل و جێگر جێگای بۆ دیاری بکرێت، وەک بنکەی دووەمی بەتالیۆنی مامە قالە بنکەی خۆی لە گوندی نجنێی سەروو دامەزراند.

## دیدارێکی سەیروسەمەر لە گوندی ئالۆت

دوای ڕێکخستنی بەتالیۆنەکەی مامە قالە، پیاوێکی ئالۆتی بە ناوی کاک مستەفا کە لە کۆخەکانی خوار ئاوایی ئالۆتەوە ئەژیا، وەک ڕێزلێنان لە پێشمەرگە بانگهێشتنی تایبەتی مالّی خۆی کردین. لەگەلّ چەند پێشمەرگەدا چووم بۆ مالّیان. بزنێکی بۆ سەربڕین و برنجێکی باش و زۆریان بۆ نیوەڕۆ بۆ ساز کردین. کاتێ ئێمە گەیشتینە مالّیان، کاک مستەفا گوتی فلاّن کەس، کاک بەکری حاجی سەفەر کە یەکێکە لە بەرپرسانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە چەند پێشمەرگەوە لە مالّی دراوسێییەکی ئێمەن کە چەند دەقیقەیەک لە ئێمەوە دوورن. ئەگەر تۆ ڕازی بیت پێم خۆشە ئەوانیش دەعوەت بکەم. زۆر پێم خۆش بوو کاک بەکر ببینم. دوایین جار لە شاری بانە پێش داگیرگرتنەوەی لەلایەن ڕێژیمەوە لە ستادێکی هاوبەشدا بۆ بەرگری لەو هێرشەی کە کرایە سەر بانە و هێرشەکەش بە گرتنی بانە تەواو بوو، بینیبوو. بە کاك مستەفام گوت ئەگەر ئەو میوانداریيەت بۆ قورس نابێت، ئێمە زۆرمان پێخۆشە و سوپاست دەکەین. لەلایەکی دیکەشەوە زۆرم پێخۆش بوو دوای هەستانەوەی هێزی حیزب و گەل بەرامبەر ڕێژیم کەلّک لە ئەزمونەکانی کاک بەکر وەرگرم، چونکە ئەوان لەمێژ بوو پێشمەرگە بوون و ئەزمونێکی تەواویان هەبوو لە شەڕی پارتیزانی و بەڕێوەبردنی پێشمەرگەدا، و هەردووک لایشمان هاوخەبات و هاوبیر بووین، ئەوان لە کوردستانی عێراق و ئێمەش لە کوردستانی ئێران. ناردمان بەدوای کاك بەکر و هاوڕێیانیدا. کاتێک کاک بەکر هات لە ڕوالّەتی دیار بوو نارەحەتە لەوەی کە بانگمان کرد بۆ ئەو مالّە. پێشمەرگەکانی لە دەوروبەر ڕاوەستابوون و بۆخۆیشی هات بۆلامان. بەرەوپیری چووم و بەگەرم بەخێرهاتنم کرد، بەلاّم ئەو بە ساردی وەلاّمی دامەوە و گوتی ئێمەت بۆ چی بانگ کردووە؟ گوتم کاکە بەکر، تەنیا مەبەستی من ئەوە بوو کە ئەمڕۆ بەیەکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆین. کاک مستەفا زەحمەتی کێشاوە و میوانداری تایبەتی بۆ کردووین و هەم من و هەم کاک مستەفا وەک خانەخوێ پێمان خۆش بوو لەم میوانداری و زیافەتەدا هاوبەشیمان بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە پێمخۆش بوو بە قسەلێکردن لە زانیاریی و ئەزموونی چەندسالّەی خەباتتان لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا کەلّک وەرگرم. لەوە زیاتر هیچ مەبەستێکی دیکەی تێدا نییە. ئێستاش ئەگەر داواکەی ئێمە قبولّ ناکەن چۆنتان پێخۆشە وا بکەن. کاک بەکر بەدوای قسەکانمدا هێندێک هێواش بۆوە بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا گوتی ئەگەر کاری تایبەتتان نییە پێم خۆشە بڕۆم. گوتم چۆنتان پێ چاکە وا بکەن. میواندارییەکەیان قبولّ نەکرد و ڕۆیشتن. کاک بەکر چۆنی بیر لەو میواندارییە کردەوە و بۆچی وای کرد، ئێستاش بۆم پرسیارە.

دوای ڕێکخستنی بەتالیۆنی مامە قالە سەردانی لای کاک فەتاح ئەحمەدیم کرد لە گوندی سالۆکی سەروو. ئەو کات بنکەیان لەوێ بوو. کاک فەتاح بە ماوەیەک پێش ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا چووبووە لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە ڕیزی پێشمەرگەی یەکێتیدا لەگەلّ مەفرەزەی حەمەئەمین ئاغای بارێ گەورە خزمەتی دەکرد.

لەو کاتەدا کاک مستەفا چاوەڕەش بەرپرسی پێشمەرگەی ناوچەکانی سنووری بانە بوو. کاک فەتاح زۆرتر ڕەنگوڕووی پێشمەرگەیی بە خۆی و جەماعەتیەوە دیار بوو و توانیبووی کۆمەڵێک هاوڕێی باش بۆ پێشمەرگایەتی ئامادە بکات. ئەندامانی حیزب بەشێکیان لە ڕیزی ڕێکخستنەکەی ئەودا کۆببوونەوە. بەشێک لەو هاوڕێیانە لەم دواییانەدا تاکو پلەی سەرلکی و فەرماندەی هێزی چوونە پێشەوە و هەر یەکەیان دەوری هەرە بەرزی شۆڕشگێڕی و ئازایەتی و نیشتمانپەروەرییان بە لوتکە گەیاند. یەکەم جار لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەشدا کۆبوونەوەیەکم لەسەر دروشمەکانی حیزب و دوارۆژی کوردستان و پێشمەرگایەتی کرد. لە کۆتایی قسەکاندا بڕیار درا کاک فەتاح ئەحمەدی بە ئامربەتالیۆن و کاک عەلی عەزیزیش بە بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕێکخستنەکانی بەتالیۆن دیاری کران. چەند هاوڕێی دیکەیش بە سەرلق و سەرپەل دیاری کران.
کاک عومەر هۆمەر و کاک محەممەد سلێمان بەدوای هاتنیان بۆ بنکەی کۆمیتەی شارستان لە نیروان بە بەرنامەی کار و کردنەوەی بنکە لە هەر شوێنێک لەسەر پێشنیار و تێبینی خۆیان، ناردەوە بۆ ناوچەی چەمپاراو. سەرەتا بنکەیان لە شوێنێک لە قەراغ ئاوایی چەمپاراو لە شوێنێکی باش و شاخاویدا کردەوە. بەدوای ڕێکخستنی بەتالیۆنی کاک فەتاح و مامە قالەدا سەردانی بنکەی چەمپاراوم کرد. شەوەکەی لەگەڵ هاوڕێیان چوومە مزگەوت و دەربارەی پێشمەرگە و دوارۆژی کوردستان قسەم بۆ کردن. هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەم بە هاوڕێیانی پێشمەرگەش کرد. بەپێی هەلومەرجی ناوچە و چالاکییەکانی پێشووی خۆی عومەر هۆمەر بە ئامربەتالیۆن دیاری کرا. هەروەها چەند هاوڕێیەکیش بە سەرلق و سەرپەل دیاری کران. یەک لەو سەرپەلانە کاک محەممەد سلێمان بوو کە هاوکات جێگری کاک عومەریش بوو. بڕیارمان دا بۆ بەرزبوونەوەی ورەی خەڵک جەولەیەک بکەن بۆ قووڵایی ناوچەکە و دەوروبەری شار و لە مزگەوتی گوندکان دەربارەی شەڕی پارتیزانی و دوارۆژی کوردستان قسە بۆ خەڵك بکەن. لە هەر کوێیەکیش بۆیان هەڵکەوێ دەست لە دوژمن بوەشێنن. لەو جەولەدا بەو ئاکامە دەگەن کە بنکەکەیان بەرنە ناوەوە و ئیتر لە چەمپاراو کە لە شارەوە دوور بوو نەمێنن. ئەوە بوو بنکەیان بردە گوندی کانیی سوور بە پاڵ کێوی نهێنییەوە. هەر بەم شێوەیە جەولەیەکی سەرانسەری نێو پێشمەرگەکانم کرد و بناخەی هێزێکمان وەک سەرەتایەک دامەزراند، هەرچەند لە سەرەتاوە هێندێک لاواز بوو. بەدوای پاشەکشە لە شەڕی گرتنەوەی بانە و ئەو جەولە سەرانسەرییە و کۆکردنەوەی ئەو جەماعەتانە ماوەیەکی پێچووبوو و پێوستیم بە پشوودان و حەسانەوە بوو. بڕیارم دا بۆ چەند ڕۆژ پشوودان بچینەوە بۆ بنکەی هێز لە دونێس. بەدوای ئەوەدا زۆری پێنەچوو بنکەمان گواستەوە بۆ گوندی مووچە و لە مزگەوتەکەدا شوێنێکمان تەرتیب کرد. هەواڵی سەرکەوتنی هاوبەشی بەتالیۆنی کاک فەتاح و مامە قالەم بۆ هات کە توانیویانە نەفەراتی گورهانی دۆڵهەرزن و پاسگاکانی مەنیجەلان، سیاومە و بەنەژاژ کە هەموویان لە ترسان لە پاسگای کۆخاندا کۆببونەوە و زیاتر لە سەد کەس ژاندارم و سەرباز و ئەفسەر و دەرجەدار ئەبوون، بێ هیچ جۆرە خەساراتی گیانی

پێشمەرگە بەدوای چەند ڕۆژ دەورەگرتن و شەڕ و پێکدادان تەسلیم بکەن و بە دیل بیانگرن. کاتێ ئەم هەواڵم بۆهات بەرەو کێوەرۆ ڕۆیشتم کە هاوڕییان کاک فەتاح و پێشمەرگەکان لەوێ ببینم. بەم شێوەیە هەواڵەکەیان بۆ گێڕامەوە: هەرچەند چەند جارێک پێشتر پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش ئەچنە دەوری پاسگای کۆخان بەڵام سەرکەوتوو نابن و پاسگاکە بەجێ دەهێڵن و هیچ سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنن و پاشەکشە دەکەن. بەڵام کاتێ هەواڵی ئێمەیان زانیبوو کە پاسگای کۆخانمان ئابلۆقە داوە و چەند ڕۆژێکە دەورەمان گرتوون، هەروەها نەفەراتی پاسگا توانای خۆڕاگریان نەمابوو و خۆیان بە دەستەوە دا، لە هەمان کاتدا جەماعەتێک پێشمەرگەی کۆمەڵە گەیشتنە لامان و داوای بەشیان کرد لە دەسکەوتەکان. ئێمەش بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبین وامان بە باش زانی کە دەسکەوتەکان لە بەینی خۆماندا بەش بکەین. هەر بەدوای دەستبەسەرداگرتنی پاسگا و قسە بۆ کردن و ڕوونکردنەوە لە هەدەفی حیزب کە دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە، سەرباز و ژاندارمەکانمان ئازاد کردن و تەرتیباتی چوونەوەیانمان بۆ شار بۆ کردن. ئەفسەر و دەرەجەدارەکانیشمان لەنێو ماشینێکی نەفەرهەڵگردا کە پڕ بوو لە چەکوچۆڵە و خواردەمەنی، ئەوەتا هێناوە بۆ ئێرە. هەواڵێکی پڕ خۆش بوو، بەگەرمی دەستخۆشیم لە کاک فەتاح و پێشمەرگەکان کرد و سوپاسم کردن بۆ ئازایەتی و دڵسۆزییان. ئەو شەوە لە کیوەرۆ حەساینەوە و بۆ بەیانییەکەی پێشمەرگەکانی بەتالیۆن گەڕانەوە بۆ دەوروبەری شاری بانە. کەلوپەلەکەم لە ماڵی هاوڕێیەک بە ئەمانەت دانان و ئەفسەر و دەرەجەدارەکانیش کە حەڤدە کەس بوون بردن بۆ بنکەی هێز. ئەم هەواڵە لە ناوچەی بانە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک گەورەترین سەرکەوتن دەنگی دایەوە و کاریگەری باشیشی لەسەر ورەی خەڵکی ناوچەکە دانا. ماوەیەک بوو هاتبووینە گوندی مووچە و لە مزگەوتەکەدا بووین. دوای دوو ڕۆژ قسەکردن بۆ دیلەکان و ڕوونکردنەوەیان لە سیاسەتی حیزب ئەوانیشمان لەڕێگەی خاچی سووری بانەوە ناردنەوە و ئازادمان کردن. لە گەڕانەوەی کیوەرۆدا چەند ڕۆژێکی پێچوو کاک مینە بەگی بیراندەرە کە زووتر پەیوەندی پێوە گرتبووم و دەربارەی دەستبەسەراگرتنی پاسگای بیراندەرە قسەمان کردبوو، داوای هێزێکی پێشمەرگەی کرد. منیش داوام لە بەتالیۆنی کاک فەتاح کرد. ئەویش دەستەیەک پێشمەرگە بە سەرپەرستی کاک عەلی عەزیزی بۆ دەنێرێ. هەرچەند کاک عەلی عەزیزی بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕێکخستنەکانی ئەو بەتاڵیۆنە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی نیزامیکار و پێشمەرگەیەکی ئازا و هۆشیار و بەبەرنامە بوو. ئەو دەستە پێشمەرگەیە وەک پێویست هاوکاری کاک مینە بەگ دەکەن، بەڵام کاک مینە بەگ وای تەرتیب کردبوو کە زۆر بە ئاسانی و بێ تەقە و لێکدان دەست بەسەر پاسگاکەدا دەگرن و بەتەواوی کەلوپەلی پاسگاکەیان لەگەڵ دەرەجەدارەکانی هێنابوو بۆ بنکەی هێز لە مووچە. سەرباز و ژاندارمەکانیشی دوای ڕوونکردنەوە لە سیاسەتی حیزب ڕەوانەی شاری سەقز کردبوونەوە. دوو سەرکەوتنی گەورە لە ماوەیەکی کورتدا مایەی ئەوپەڕی خۆشحاڵی و هیوا بوو بۆ گشت لامان. دوای دەستخۆشی لە کاک مینە بەگ و حەسانەوەیان،

نامەیەکـەم بـۆ نووسـی بـۆ بـەتالیۆنی عومـەر هۆمـەر کـە کـاک مینـە بـەگ بـە خـۆی و هاوڕێیانیـەوە لـە ناوچـەی ئێـوە نـزیکن و پێیـان خۆشـە لـەلای ئێـوە لـەو ناوچـەدا خزمـەت بکەن، خۆیشتان ئـەتوانن شوێن و پلـەی بۆ دیاری بکەن. بەڵام من پێشنیار دەکـەم کـە خـۆی بە سەرپەل دیـاری بکـەن چونکـە هێشتا بـەتالیۆنی ئێوە سـەرپەلێکی کەمـە و کـاک مینـە بەگیش بۆخۆی جەماعەتێکن و ناوچـەی بیرانـدرەیش ئیمکـانی باشـی هەیـە بـۆ زیـادبوونی پێشمەرگە و پێم وایە زۆر زوو ئـەتوانێت لـەو ناوچەدا پەلێک پێشمەرگە ڕێکبخات.

## سەردانی دەفتەری سیاسی و وەرگرتنی حوکمی فەرماندەهێزی

بەم ئاڵوگۆڕ و ڕێکخستنانە کە باسم کردن تا ڕادەیەک قەوارەی هێز جێی خۆی گرت و منیش فکرم حەساوەتر بوو، بۆیە بیرم لە سەفەرێک بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب کردەوە. بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای کاک هاشمی کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان. گوتم پێم خۆشە سەردانێکی دەفتەری سیاسی بکەم. گوتی چۆنت پێ خۆشە ڕەئی خۆتە بەڵام لەپێشدا کاروباری هێز ڕێکخە. خۆم ئامادە کرد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بەرەو ئالانی سەردەشت و لە ناوچەی سوێسنایەتی‌یەوە بەرەو دەفتەری سیاسی کە ئەودەم لە ئاشی پشکاوێ بوو، ڕێکەوتین. بە سێ یان چوار ڕۆژان گەیشتینە دەفتەر. ئەوەی کە من دیم چەند خانوویەکی بچوک لەنێو شیو و دۆڵێکدا بوو. چۆمێکی چکۆلە کە ڕەنگە هەر لە بەهاراندا ئاوی هەبووبێت بە بەردەمیدا ئەڕۆیشت. بەهۆی کێوەکانی دەوروبەریان و چاڵایی ئەو دۆڵە ئاسمانیان کەمێک لێوە دیار بوو. چەند خێوەت بۆ میوان و پێشمەرگەش هەڵدرابوون. زووتر چەند ماڵێکی ئاژەڵدار لەوێ ژیابوون. دیارە ژیان لە شوێنی ئاوادا هەر کەسانی ئاژەڵدار و پارتیزانێک لە زەرورەتدا پێی ڕازی دەبێت دەنا ئەو شوێنە جێگای ژیان نەبوو. هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی و کادرەکانی سەر بە دەفتەر هەموویان لە چەند خانوو و خێوەتدا زۆر بە سەختی و ناخۆشی دەژیان. لە یەکەم بنکەی پرسگە ڕێنوێنی کرام بۆ یەکێک لە خێوەتەکان. یەکەم جار کاک جەعفەری حامیدی، خەڵکی بۆکان، لەو خێوەتەدا بینی و یەکترمان ناسی. ئەویش وەک ئێمە لەوێ میوان بوو. وەک لەبیرم بێت بۆ پێداویستی و کاروباری هێزی بۆکان هاتبوو بۆ دەفتەر. شەوەکەی چوومە لای دوکتۆر قاسملوو. کاک ئەمیری قازی و چەند کەسێکی دیکەش لەوێ بوون. نانی شەوم لەگەڵ ئەواندا خوارد. د. قاسملوو پرسیاری وەزعی بانەی لێکردم. ئەوەی هەبوو و دەمزانی بۆم باس کرد. دوکتۆر لە چالاکییەکانی هێزی بانە ڕازی و دڵخۆش بوو. بۆم باس کرد هێزی بانە لە باری چەک و تەقەمەنی سووکەوە وەزعی باشە بەڵام پێوستیمان بە ئارپیجی و چەند دۆشکەیەکی کالیبرگەورە هەیە بۆ بەرگری لە تانك و هێزی ئاسمانی. هەروەها باسی ئەوەم کرد کە هەلیکۆپتەرەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر ئەزیەتمان دەکەن و زۆر جاریش بەهۆی ئەوانەوە ناتوانین چالاکیی پێویست ئەنجام بدەین، ئەگەر ئێمە وەک پارتیزانێک ئەو دوو چەکەمان هەبێت زۆر سەرکەوتووتر دەبین لە بەرامبەر دوژمندا. هەرچەند هیوادارم کە لە دواڕۆژی نزیکدا ئەو چەکانەش لە بەرەکانی جەنگدا بەدەست بهێنین. بەڵام بۆ ئێستا ئەگەر چەند دانەیەکمان بدەنێ زۆر باشە. دوکتۆر گوتی با لەگەڵ بەشی تەداروکات قسە بکەم بزانم چیمان هەیە، بەیانی وەڵامت دەدەمەوە. ئاخر قسەم ئەوە بوو کە هەروەک خۆتان ئەزانن من ئێستا جێگری فەرماندە هێزم و داوام لێکرد کە فەرماندەی هێزمان بۆ دیاری بکەن. قسەکانی من تەواو بوون. نامەیەکی لە بەردەستم دانا و گوتی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی هاتوون وان لە بێورانن. شێخ عێزەدینیش لەوێیە. بڕیارە منیش بچم بۆ ئەوێ بۆ وتووێژ. ئەو نامەی کە لە بەردەستتاندایە کورتەی داواکانی ئێمەیە. تۆیش وەک کادرێکی ئەو حیزبە تەماشای بکە و هەر تێبینییەکەت

هەیــە پێمــان بڵــێ. دوای خوێندنــەوەی نامەکــە و داواکــانی حیــزب گــوتم کــاک دوکتــۆر، داوانامەیەک جەنابت و دەفتەری سیاسی دیاریتان کردبێت من بەشبەحاڵی خۆم لـە بـاری تێگەیشـتنی سیاسـییەوە ئـەو توانایـەم نییـە کـە بتـوانم کـەم و زیـادی پـێ بکـەم و هـەر ئەوەندە دەڵێم دەستتان خۆش بێت زۆر باشە. منیش کەسێکی نیزامیم و زانینی ئەو شتانە کاری جەنابت و پسپۆڕانـی ئـەو بوارەیە. ئەوەندەی من لێی حـاڵیم بـۆ ئێستای ئێمـە و ئـەم باردۆخــە زۆر باشــە. دیــار بــوو کــاک دوکتــۆر دەیەویســت زانیــاری و هۆشــیاری مــن هەڵسەنگێنێت. کاتی خەو چوومـەوە خێوەتەکـە لای پێشـمەرگەکان. بۆ بەیانییەکـەی کـاک ئەمیری قازی بانگی کردم و کلاشینکۆفێکی موزەللی لـەگەڵ دووربینێک دامێ. گوتی ئەوانـە تایبەت هی خۆتن وەک فەرماندەی هێز. گوتم من جێگری فەرماندەی هێزم. گوتی بـەڵێ ئەتۆ فەرماندە هێزی بانەی، ئەوەش حوکمی فەرمانـدەهێزی بانـە کـە بـە قەڵـەمی دوکتـۆر قاسملوو نووسراوە و ئیمزا کراوە. خۆشحاڵ بـووم لـەوەی کـە متمانـەی دەفتـەری سیاسیم بەدەستهێنابوو بـۆ خزمـەت بـە گـەل و نیشـتمانم و بەرپرسـایەتیی ئـەو ئەرکـە پیـرۆزم پێدرابوو. کاك ئەمیر گوتی بە کاک غەفووری هەمزەییدا چەند تفەنگی پەرەشوت و چەند کلاشینکۆفێکی قوناخدارمان بۆ هێز ناردووە. لەوانەیە ئێستا گەیشبنەوە بانە. هەروەها لـە دواڕۆژی نزیکدا ئـارپیجی و دۆشکەتان بـۆ دەنێـرین. دیـار بـوو کـاک غـەفوور هـەمزەیی، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانـە، پێش من هاتبووە ئـەوێ. ئـەو شـەوەش ماینـەوە و ڕۆژی دوایـی ماڵاواییمـان لـە هاوڕێیـان کـرد و بـەرەو بانـە گەڕاینـەوە. کـاتێ گەیشـتینە گونـدی بێوران، شێخ عێزەدین و هەیئـەتی دەوڵـەت لـەوێ بـوون و چـاوەڕوانیی دوکتـۆر قاسملوویان دەکرد. لەو کۆبوونـەوەدا دوکتۆر وەك قسەبێژ و شێخ عێزەدینیش وەکو سـەرۆکی هەیئـەتی نوێنەرایـەتی کـورد دیـاری کرابـوون. کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان چـاوەڕوانیی هـەواڵی دڵخۆشکەر بوون بەڵام بەداخەوە چەند جار ئەو جۆرە هەیئـەتانـە هـاتن و ڕۆیشـتن و جگـە لـە فرتوفێڵ و کات بـەفیڕۆدان هیچـی دیکـەیان پـێ نـەبوو بـۆ گـەلی کـورد. ئـەو سـەفەرەش تەواو بوو. گەیشتینەوە بنکەی هێز لە مووچە. ئیتر بەرنامـەی کـارکردنم ڕوون بـۆوە و وەک فەرماندەی هێز ئەرکی کاروباری هێزی بانـەم کـەوتە ئـەستۆ.

هێندێک دەگەڕێمەوە دواوە. بەدوای هێرشەکەی مستەفا چەمران بۆ بانـە و داگیرکردنـەوەی ئـەو شـارە بـەدوای یـەک هـەتا دوو حـەوتوو، ماڵومنـداڵی بەشـێک لـە کـادر و پێشـمەرگەی حیزب لەگەڵ بەشێک لـە برادەرانـی سـەر بـە دەفتـەری مامۆسـتا و کۆمـەڵێک کەسـایەتیی سەربـەخۆ ڕۆیبوونـە کوردستانی عێراق و لـەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس لە ناوچـەکانی ماوەت، پێنجوێن، ڕانیە و عەربـەت نیشتەجێ بووبوون. بۆ ئاگاداری زیاتر، لەو سـەردەمەدا کە حکومـەتی کۆمـاری ئیسلامی ئێران هێرشـی هێنایەسـەر کوردسـتان کـە بـە شـەڕی سـێ مانگە ناسراوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لـە ترسی گرتن و ئـازاری ڕێـژیم هـەڵاتن بۆ ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق. حکومـەتی عێـراقیش لـە بـاری سیاسـییەوە، وەرگـرتن و پـەنادانـی ئـەو خـەڵکـە بـێ دەرەتـان و بـێ ئیمکانـەی لـە بـەرژەوەنـدیی خۆیـدا دەبینـی و پەنای بە هەموان دا و ئۆردوگای لـە سەرانسـەری سنوورەکە بۆ کردنـەوە. دیـارە

بەشێکیش لەو خەڵکە هەر لەخۆیانەوە ئاوارە بووبوون کە لەڕاستیدا تێکەڵ بە هیچ کارێکی سیاسی نەبووبوون و هەر پێیان خۆش بوو بچنە دیوی عێراق. حیزبی دێموکرات بەو کۆچە ڕازی نەبوو. بە هەمان شێوە ماڵی ئێمەش وێڕای ماڵی ئەو خەڵکە بە هاوکاری کاک سەلیمی ئەحمەدی لەگەڵ دەیان بنەماڵەی دیکەدا بەرودوا دەڕۆن بۆ عێراق. کاتێ من لە شەڕی جادەی مەریوان-بانە گەڕامەوە دێهاتەکانی بانە، کاک سەلیم ماڵومندالّی خۆی و ماڵومندالّی منیش ئەپێچێتەوە و لە ڕێگای مەخفەری سیاگوێزی عێراقەوە دەچن بۆ ئۆردوگای پێنجوێن. بەم جۆرە دەیان بنەماڵە سەر بە حیزبی دێموکرات و بەشێک لە دەفتەری ماموٚستا کە دوایی بوون بە سازمانی خەبات، ماڵی شێخ جەلال و خزمان و هاوکارانی، نیشتەجێی ئۆردوگای ماوەت و پێنجوێن بوون. بەدوای گەڕانەوەم لە دەفتەری سیاسی لە پشکاوێ لە کۆبوونەوەیەکدا قەوارەی هێز لەسەر بەرنامەی نوێی حیزب کە هەموو هێزەکانی حیزبی لە شیمالەوە هەتا جنوب دەگرتەوە، بەم شێوە هاتە گۆڕان: هێز، لک، پەل و دەستە. فەرماندەی هێز و جێگەر. فەرماندەی لک و جێگەر و بەرپرسی سیاسی. فەرماندەی پەل و جێگەر. فەرماندەی دەستە و جێگەر. لک بریتی بوو لە سێ پەل. هەر پەلەی بریتی بوو لە سێ دەستە. هەر دەستەیە دە پێشمەرگە بوو. واتە لک نەوەد پێشمەرگەی لە خۆ دەگرت جگە لە فەرماندەی لک، پەل، دەستە و جێگرەکانیان. سەرلک بە ئاگادارییی فەرماندەی هێز و بە هەڵبژاردن لەنێو پێشمەرگەکاندا دیاری دەکرا. هەروەها بە ئاگادارییی سەرلک و بە هەڵبژاردن سەرپەلەکان دیاری دەکران. هەر بەو شێوەیە و بە ئاگادارییی سەرلک و سەرپەل سەردەستەکان دیاری دەکران. هەر فەرماندەیەک لە ئۆرگانی خۆیدا جێگری بۆ خۆی دیاری دەکرد. فەرماندەی هێز لە کاتی گیروگرفتدا لە نێوان ئۆرگانەکانی پێشمەرگەدا ئاگادار دەکرا و ڕاستەوخۆ دەچووە نێو کێشەکانەوە و بەگوێرەی هەڵسانگاندن و هاوبیری بەرپرسی ئەو ئۆرگانە گیروگرفتەکانی چارەسەر دەکردن و ئاڵوگۆڕی لەنێو ئۆرگانەکەدا پێکدەهێنا. فەرماندەی هێز ڕاستەوخۆ لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە دیاری دەکرا. جێگری فەرماندەی هێز لەلایەن فەرماندە هێزەوە دیاری دەکرا. فەرماندەی هێز بۆی هەبوو هەمیشە سی پێشمەرگەی لەگەڵدا بێت لە بنکەی هێز بۆ پارێزگاری لە بنکە و سەردانی جەبهەکان و جەولە بۆ ناوچەکان و سەردانی لکەکان. بەدوای دامەزراندنی ئەم قەوارەیە بەرپرسی ئۆرگانەکانی هێز بەم شێوەیە دامەزران: ناوی هێز "هێزی شەهیدانی وردی". ئەم ناوە بۆ ماوەیەک مایەوە و دواتر گۆڕا بە هێزی ئاربەبا. فەرماندەی هێز، ڕەشید ئەحمەدی. جێگر، سەید ئیبراهیم هاشمی. لکی یەك، شەهید مستەفازادەگان. فەرماندەی لک، فەتاح ئەحمەدی. جێگر و بەرپرسی سیاسی، عەلی عەزیزی. سەرپەلەکان، کەریم ساڵحی، عێزەتی پەیڕەوان و عەلیە ڕەش. لکی دوو، شەهید مەلا برایمی حیکمەت. فەرماندەی لک، مامە قالەی سووتوو. جێگر و سەرپەل ئیبراهیم حاجی ڕەسوڵ، مام ساڵح بەنەژاژی و حاجی ساڵح. لکی سێ شەهید ڕەحمان. فەرماندە، عومەر هۆمەر. جێگر محەممەد سلێمان. سەرپەلەکان، محەممەد سلێمان جێگر و سەرپەل، ئەکرەم بەگ و مینە بەگ. زۆری پێ نەچوو ناوی ئەم لکە گۆڕا

بـە لکـی شـەهید محەممـەد ئـەمین مـەعروفی. بـەردەوام ئـاڵوگۆڕ بەسـەر بەرپرسـەکاندا دەهاتن و جێگۆڕکێ و وازهێنان لـە ئەرک و مەسئولیـەتدا دەهاتە پێشەوە. سەرەتا لکـی دوو و سێ بـەرپرسی سیاسی‌یان نـەبوو. دوای ماوەیـەک بـەرپرسیان بۆ دیاری کران. مەبەست لـە ناوهێنانی ئـەو بـەرپرسانـەی کە لێرەدا ناویان هـات ئـەوەیـە کـە ئـەم هاوڕێیانـە کەسانێك بوون کە لـە دارشتنی یەکەم قەوارەی هێزدا دیاری کران. ئیتر بـەهۆی ئـاڵوگۆڕی بـەردەوام بە پێویستی نازانم نـاوی ئـەو هـەموو کەسانـە بهێنم کـە دواتـر بـەرپرسایـەتییان کەوتۆتـە سەر شان. بەدوای ئـەم ڕێکخستنـە نوێیـەدا بـەردەوام لکـەکان چالاکییـان دەکـرد و ڕۆژبـەڕۆژ ڕێژیم جێگای بـەرتـەنگ دەبـۆوە تـا گـەیشتـە ڕادەیـەک کـە تـەنیا دەسـەڵاتی بـەسـەر شـار و چـەند کێویێکی دەوروبـەری شاردا مابۆوە. تەنانـەت زۆربـەی شـەوەکان پێشمـەرگە دەچوونـە نێو شار و بۆ چـەند سەعات لـەنێو شاردا دەمانـەوە و لـە بڵنـدگۆی مزگـەوتـەکانـەوە قسـەیان بۆ خـەڵکی شار دەکرد و زۆر جاریش دەچوونـە سەر پێگـەکانی سوپای پاسداران لـە گۆشـە و کەناری شار و دەستی باشیان لێ ئەوەشاندن.

## بیری خێزان و سەفەر بۆلایان

بەدوای ئەم چەند مانگەدا زۆر بیری خێزانەکەم دەکرد. بە پێویستم زانی سەردانێکیان بکەم. لەڕاستیدا ئۆباڵی ژن و منداڵەکانم بەهۆی سەرقاڵی کاری سیاسی زۆر دەکەوێتە ئەستۆ، کە ناتوانم لەژێری بێمە دەرێ. مەگەر ئەوان بە خۆشەویستی خۆیان بمبەخشن کە من بەهۆی سەرقاڵی خۆمەوە بوومە هۆی تێکدانی ژیانی ئەوان بۆ ماوەی چەند ساڵ لەژێر کەپر و نێو خیوەت و کۆخە چۆڵاندا و ئاوارەیی لە هەندەران و سەرما و گەرما و بێ ئیمکاناتی و لە هەمووشیان خراپتر دوورکەوتنەوە و دواکەوتن لە دەرس و خوێندنیان کە سووچی هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە سەر من. تەنیا شتێکی کە لە بەرامبەر ئەم زوڵمەدا هێندێک ویژدانم ئاسوودە دەکات ئەوەیە کە لەپێناو گەلە بەشخوراوەکەمدا ئەم کارەم کردووە نەک لەپێناو هەوا و خەیاڵی خۆمدا، بۆیە هیوادارم کە ئازادم بکەن. هەرچەند بەهۆی هاتوچووی هاوڕێیان و دۆستانەوە ئاگام لە ژیانیان هەبوو بەڵام دیداریان لە نزیکەوە شتێکی دیکە بوو. بۆ سەفەری لای خێزان پرسی بەرپرسی کۆمیتەی شارستان، کاک هاشمی کەریمیم کرد و هێزەکەم تەحویلی جێگری هێز، کاک سەید ئیبراهیمی هاشمی دا. لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا چوومە مەخفەری سیاگوێزی عێراق و خۆم پێ ناساندن. دوای ماوەیەک ماشینیان بۆ حازر کردم و ڕەوانەی ئۆردوگای پێنجوێنیان کردم. بۆ شەو گەیشتمە لایان. زۆر شاد بووم بە دیداریان. شەو لە دەوری یەک کۆبووینەوە. زۆر خۆش بوو کە دوای ئەو هەموو گیروگرفتانە و ماوەیەک دووری شەوێکی ئاسوودەم لەلای خێزان و منداڵە ئازیزەکانم بردەسەر. ئەو ماوە کاک سەلیمی ئامۆزام زۆر یارمەتی و هاوکاری ماڵومنداڵمی کردبوو. ئۆردوگای پێنجوێن بریتی بوو لە کۆمەڵە خێوەتێک کە بۆ ئەو پەنابەرە ئاوارەکانی کوردستانی ئێران هەڵدرابوون. شوێنەکە دەشت بوو و لە هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەری بنکەی سەربازی عێراقی لێ بوو بۆ پاراستنی ئەو ئۆردوگایە. ئاوی خواردنیان بە تانکەر بۆ دەهێنان و لە بیری ئاویش سوودیان وەردەگرت. لە بەردەم هەر خێوەتێکدا تەنکییەکی بچوک بۆ زەخیرەی ئاو لێ دانرابوو. لەنێو هەر خێوەتێکدا گڵۆپێکی کارەبا هەبوو. بۆ جل شۆردن کەڵکیان لە چۆمێک وەردەگرت کە لە نزیک ئۆردوگاکە بوو. لە باری توالێت و ئاوەڕۆوە وەزعیان زۆر خەراپ بوو. دەبوو تەواو دوور بکەوتنایە و لە بەرچاوی ئۆردوگاکە نەمانایە یان شەوانە هەر لە دەوروبەری خێوەتەکان کاری سەرئاویان بەجێدەهێنا، کە بووبووە هۆی پیسوپۆخڵی دەوروبەری خێوەتەکان. دیارە ئەم وەزعە خێزانەکانی تووشی ناڕەحەتی و نەخۆشی کردبوو و زۆریش بێزار بوون لەو ژیانە. کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی هیچ حیسابێکیان بۆ ژیانی ئەو خەڵکە نەدەکرد و ڕێزیان وەك پەنابەرێك لێ نەدەگرتن. خاچی سووریش هیچ نوێنەرێکیان لەوێ نەبوو هەتا باشتر پێیان ڕابگەن. حکومەتی عێراقیش هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو ڕایانگوێزێت بۆ باشووری عێراق. لەسەر داوا و بڕیاری حیزب ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب و بەشێکیش لەو خەڵکە گەڕانەوە کوردستانی ئێران، بەشی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. من یەکێک بووم لەو کەسانە کە خێزانەکەم هێنایەوە کوردستانی ئێران، کە لە شوێنی خۆیدا وردتر باسی دەکەم. باقی ئەو

کەسانەی کە نەگەڕانەوە حکومەتی عێراق هەموویانی لە ئۆردوگاکان کۆکردنەوە و ڕەوانەی ئۆردوگای ڕومادیەی کردن. ئەو پەنابەرانە ساڵانێکی درێژ ژیانێکی زۆر ناخۆش و پڕ لە کوێرەوەرییان لەو ئۆردوگایە بردەسەر. حەوتوویەك لای ژن و منداڵەکانم مامەوە و دوایی گەڕامەوە بۆ ناوچەی بانە.

سەرەتای وەرزی پاییز بوو. هاتوچوو بۆ ناوچەکان و چالاکیی پێشمەرگە بەردەوام بوو. پێشمەرگە لە سەرانسەری کوردستاندا چالاکیی دەنواند و ئاگری شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و حکومەتدا هەموو شارەکانی کوردستانی تەنیبۆوە. پێشمەرگە لە هەموو شوێنێک تەنگیان بە دەسەڵات هەڵچنیبوو. هێزەکانی سوپا و ئەرتەش خۆیان لەنێو پادگانی نزیک شارەکاندا کۆکردبۆوە و تەنیا دەسەڵاتیان لە دەوروبەری شارەکان هەبوو. دێهاتەکانی کوردستان تێکڕا بەدەست پێشمەرگەوە بوون. ستونێکی ئەرتەش کە بە گاردی جاویدان بەناوبانگ بوو، لە سەردەشت ـەوە بە مەبەستی هاتن بۆ بانە دەکەوێتە ڕێ. لە زۆر شوێنی ئەم ڕێگایەدا دەکەوێتە بەر هێرشی پێشمەرگە هەتا دەگاتە پێچەکانی جادەی هەژدەدۆڵان لە دە کیلۆمەتری شاری بانە. سەرەتا لەو پێچانە لەلایەن پێشمەرگەی دەفتەری مامۆستاوە کە ئەو کات شێخ جەلال حوسێنی بەرپرسی بوو، کۆمەڵێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی ڕەشید بەگی دارێنەوە ئابلۆقە ئەدرێن و تەقەیان لێ دەکەن. لەو تەقەولێکدانەدا برایەکی ڕەشید بەگ بە ناوی ئەحمەد بەگ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە شەهید دەبن. هەروەها چەند پێشمەرگەیش بریندار دەبن. دەستەیەک لە لکی هێزی شەهیدانی وردی بە فەرماندەیی ئەنوەر ئەحمەدی لەو نزیکانە دەبێت و بەدەم ئەو شەڕ و تەقەوە دەچێت و تێکەڵ دەبێت. لەم تەقەولێکدانەدا ئەوانیش بەقەد توانایی خۆیان خەساری گەورە لە میری ئەدەن. دوژمن بەو شێوەیە بە شەڕ و نیوەشەڕ بەرەو شاری بانە هەڵدێ و خۆی بۆ ڕاناگیرێ. لە نێوان گوندی سوێروێ و شاردا بۆ جاری دووەم جەماعەتێک پێشمەرگەی دەفتەر بە فەرماندەیی عەبدوالکەریم حوسێنی، کوڕی شێخ جەلال، لەو نزیکانە دەبێت و گوێی لە تەقەی ئەو شەڕە دەبێت، هەر چۆنێک بێت خۆی دەگەیێنێتە ستونەکە و دەستی گورچکبڕیان لێ دەوەشێنێ و بەتەواوی هیلاکیان دەکات. ستونەکە هەر بەو شێوەیە بە نیوەشەڕ و هەڵاتن و تێکشکاوی خۆی دەگەیێنێتە سەر پردەکەی نێو شار. لەو کاتەدا لەسەر پردەکە ئەندامانی نهێنیی حیزب و هێزەکانی دیکە و چەند پێشمەرگەیکی حیزب کە بە شێوەی نهێنی شەوی پێشوو بۆ سەردانی کەسوکاریان چووبوونە نێو شار، یەکێک لەو پێشمەرگانە عەلی عەزیزی و ح. م. و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە، بە هاوکاری تێکۆشەران و ئەندامانی نێو شار و خەڵکی بانە هێرشیان دەکەنەسەر. بەکورتی، لەو ستونە بەشێکی کەمیان ڕزگار دەبێت. هەر چۆنێک بێت چەند چەکدار و چەند ماشینێکیان دەگەنە پادگان. ماشینەکانیان بە مەیت و ئەسیرەوە دەکەونە دەستی پێشمەرگە و خەڵک. ئەم لێدانە لە هێزی ڕێژیم لە بانە وای کرد کە هێزەکانی دیکەی میری نێو شار چۆڵ بکەن و بچنە نێو پادگان، کە ئەویش تەنیا دەسەڵاتی پارێزگاری لە خۆی هەبوو. ئیتر لەو شەڕە بەدواوە دەسەڵاتی هەموو ناوچەی بانە کەوتەژێر دەستی پێشمەرگە. بەدوای ئەو سەرکەوتنەدا هەموو هێزەکانی

پێشمەرگە و ڕێکخستنی ڕێکخراوە سیاسییەکان بنکەیان بردەوە نێو شار. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بنکەی هێز و تەشکیلاتی کۆمیتەی شارستانمان بردە نێو خانووی سلێمان خانی مجێسە و مانگانە کرێمان ئەدا بە بنەماڵەکەی. بنکەی لکەکان هەر لە شوێنی خۆیان لە دێهات مانەوە. هەر مانگە بۆ حەسانەوە و سەردانێکی نێو شار و بەشێکیش بۆ هاوکاری و پاسەوانی لە شار و بنکەی هێز، هەر دە ڕۆژ جارێک بە نۆبە پەلێک پێشمەرگە لە یەکێک لە لکەکان دەهاتن بۆ بنکەی هێز. شوێنی خەو و حەوانەوەیان لە بنکەی هێز بۆ دابین دەکرا.

بە ماوەیەک دوای چوونەوەمان بۆ نێو شار، نامەیەکم لە دەفتەرەوە بۆ هات کە سەردانێکی هێزی سەقز بکەم و بۆ ماوەیەکی کاتی سەرپەرستی ئەو هێزەش بە ئەستۆ بگرم. گوایە بەشێک لە کادرەکانی کۆمیتەی شارستان دژی ئەوە بوون کە قادر خانی سوڵتانپەنا فەرماندەی هێز بێت. ئەرکی من لەو سەردانەدا ئەوە بوو کە لە نزیکەوە گیروگرفتەکانیان ببینم و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆم بنێرمەوە بۆ دەفتەری سیاسی. لەپێشدا چوومە بنکەی تەشکیلات. هێز و تەشکیلات هەر ئەو دەفتەرەیان هەبوو لەنێو شاردا. لەسەریەک لە باری چەک و تەقەمەنی و نەفەراتەوە لاواز بوون. بەشێک لە کادرەکانی نێو شار دژ و بەشێک موافق بوون بەوەی کە قادر خانی سوڵتانپەنا فەرماندەی هێز بێت. ئەوەی لەبیرم بێت مامە قالەی دەباغی کەسێک بوو کە لە زەمانی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستانەوە هەتا ئێستا کە ئەم نووسینەم لەبەر دەستدایە، هەمیشە وەک چیای نەکەرۆس بەرامبەر دوژمن وەستاوە و تەنانەت زیندانەکانی حەمەڕەزا شا و کوێرەوەری ڕۆژگاریش نەیتوانیوە چۆک بەو پیاوە شۆڕشگێڕە بدات. مامە قالە وەک کەسایەتییەکی بەرچاوی کۆمیتەی شارستان موافقی قادر خان وەک فەرماندە هێز بوو. لەلایەکی دیکەشەوە هێزی ئەسڵی پێشمەرگەش ئەودەم زۆرتر لە خەڵکی دێهات پێکهاتبوو. ئەوانیش لایەنگری قادر خان بوون. بەداخەوە ئەم دووبەرەکییە کاریگەری خراپی دانابوو کە ببوە هۆی ئەوەی هێزی سەقزی تەواو لاواز کردبوو. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکار. بەشێک لە خەڵکی شار لە ڕابوردووی ئاغا و خانەکان بیرەوەرییەکی باشیان نەبوو. هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە بیری تودەیی لەنێو بەشێک لە کادرەکانی حیزبدا کاریگەری خۆی دانابوو. هێندێك تێڕوانینی هەڵەیش لەسەر وشەی خان و ئاغا وای دەکرد کە لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی هەڵە لەسەریان دروست ببێت کە لە ئاکامدا دەبووە هۆی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ناکۆکییانە. بەهەرحاڵ، ئەوەندەی من توانیم هەوڵی خۆم لە نێوانیاندا دا. بەدوای سەفەرەکەم بۆ سەقز بە پرسیار و لێکۆڵینەوە لەگەڵ هاوڕێیانی نیزامی و سیاسیدا بەو ئاکامە گەیشتم بوونی قادر خان بۆ ئەو کاتە وەک فەرماندەی هێز لە بەرژەوەندیی هێزی سەقزدایە. وەڵامی من بۆ دەفتەری سیاسی بە سەراحەت ئەوە بوو کە قادر خان وەک فەرماندەی هێز بەتایبەت لەو کاتەدا زەرورەتی هەیە بۆ سەقز. زۆری پێنەچوو قادر خان بە ڕەسمی لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بە فەرماندەی هێز دیاری کرا.

## مەئموریەتێک بۆ دیواندەرە

چەند ڕۆژێک پێش فەرمانی ئاگربەستی خومەینی، سەرکردایەتی هەستی بەو بڕیارە کردبوو، بۆیە لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە ئاگادار کرام کە جەولەیەکی ناوچەی دیواندەرە بکەم بە مەبەستی زیاتر خۆپیشاندانی پێشمەرگەی حیزب و چالاکیی سیاسی و ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب لە ناوچەکەدا. هەروەها بڕیار درابوو کە بە هیچ جۆرێک هێرش نەکەینە سەر دامودەزگاکانی حکومەت. تەنیا مافی پارێزگاری لە خۆمان هەبوو. جێگای باسە تا ئەو کاتە ئێمە چووین بۆ ئەوێ لە ناوچەکەدا ڕێکخستنی سیاسی و نیزامی حیزبی لێ نەبوو. ئەوەی هەبوو تەنیا لایەنگر بوو. ئەگەر ئەندامی حیزبیشی لێ بووبێت هێشتا ڕێکخستنێك نەبوو کە لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە، یان ئەگەر لێیشی هەبووبێ ئەوەندە لاواز بوو کە دیار نەبوو. بۆیە ئەو سەردانە بە پێویست زانرا لەلایەن سەرکردایەتییەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم زیاتر لە سەرەتاوە لەو ناوچانە پێشمەرگەی کۆمەڵە و ڕێکخستنی سیاسیی ئەوان حزوری هەبوو. دەکرێ بڵێم لەو بارەوە حیزب زۆر کەمترخەمی کردبوو سەبارەت بە نەبوونی چالاکی و حزوری لە جنوبی کوردستان، کە زیان و دواکەوتنی بۆ حیزب بەدواوە هەبوو. بەدوای وەرگرتنی ئەم بڕیارە، نزیک بە سەد پێشمەرگەمان لە لکی یەک و لکی سێ ئامادە کرد. دوو فەرماندە لک فەرماندەیی ئەو هێزەیان دەکرد، کاک فەتاح ئەحمەدی بە فەرماندەی لکی یەک و کاک عومەر هۆمەر بە فەرماندەی لکی سێ. هەروەها ئەم سەرپەلە کارامە و بەتوانایانە، ئەکرەم ئەحمەدی، عیزەت پەیڕەوان و عەلی حەنیفی، جێگری فەرماندە هێز و سەید ئیبراهیمی هاشمی. ئەم هاوڕێیانە بەگشتی بە ماشینی جیپ، لەندرۆڤەر و وانێتبار بە چەک و تەقەمەنیی باشەوە کە بریتی بوو لە دۆشکە، ئارپیجی، نارنجەکهاوێژ و خومپارە بەرەو ناوچەی دیواندەرە لە ڕێگای سووتەوە ڕێکەوتین. شەوی یەکەم چووینە گوندی ئێرانشا. لەو گوندە پاسگای ژاندارمری هەبوو. خانووی پاسگاکە لە سیمان و ئاسن دروست کرابوو و زۆر قایم بوو. کاتێ چووینە ئاوایی بۆ بەردەمی مزگەوت، لە سەرەتاوە هێندێک بە وریاییەوە ڕاوەستاین و بەو نێوەدا بڵاوبووینەوە بۆ ئەوەی مەبادا پاسگا لە چوونی ئێمە و ترسی خۆی یەکسەر تەقەمان لێ بکات. هەر زۆر زوو کەسێکی ئاوایم نارد بۆ پاسگا ئاگاداریان بکات کە ئێمە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتین و نیازی شەڕمان نییە، تەنیا مەبەستی ئێمە جەولەی سیاسییە و ڕوونکردنەوەی خەڵک لە سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حیزب لەژێر دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان. بەدوای ئەوەدا خەڵکی ئاواییش کە سەرەتا ئەترسان و نەیاندەوێرا لێمان نزیک ببنەوە و مەترسییان لە هەڵایسانی شەڕ هەبوو، بەڵام دواتر لە مەبەستی ئێمە حاڵی بوون و پێشوازیی گەرمیان لێ کردین. سەرەتا هەموومان لە مزگەوت و دەوروبەری مزگەوت کۆبووینەوە. بۆ شەو لە ماڵان میوانداری کراین. دوای خواردنی نانی شەو ئێمە و خەڵکی ئاوایی هەموو لە مزگەوت کۆبووینەوە. قسەم بۆ خەڵکی ئاوایی کرد لەمەڕ داواکان و مافی گەلی کورد و ئەرکی

پێشمەرگە و خەڵک. خەڵکەکە زۆر خۆشحاڵ بوون. بەتایبەت لاوەکانیان پێیانخۆش بوو کە هەر لە دەوروبەری پێشمەرگەکان بن و حەزیان لە سیمای دلێرانەی پێشمەرگە دەکرد. پێشمەرگەکانیش هەر یەک لە ئاست خۆی قسە و باسی پێشمەرگایەتییان بۆ لاوەکان دەکرد. ئەم هەڵسوکەوتەی ئێمە پەیوەندییەکی گەرمی لە نێوان ئێمە و خەڵکی ئێرانشادا دروست کرد. هەر ئەو شەوە کۆمەڵێک لاو داوایان کرد بێنە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە. پێمانگوتن باشتر وایە تێکەڵ بە هێزی سەقەز بن و لەوێ ببنە پێشمەرگە. شایانی باسە، ڕەئیسی پاسگا کە کەسێکی کورد بوو لەگەڵ ژاندارمێک شەو هاتن بۆ مزگەوت و لەوێ مانەوە تا کۆتایی کۆبوونەوەکەمان. ئێمەش ڕێزمان لێ گرتن. بەیانییەکەی ڕۆیشتین بەرەو بەخشداریی دیواندەرە. ئەو کات دیواندەرە بەخشداری بوو. کات ئێوارە بوو کە گەیشتینە نێو مەیدانی شارەکە. ئەوەشمان دەزانی کە گورهانێکی ژاندارمری تێدایە. هەروەها دەمانزانی کە مەرکەزی گورهان لە قەراغ شارە و لە مەیدانی شارەوە دووە. هەروەها بیستبوومان چەند ڕۆژێک بوو پێشمەرگەی کۆمەڵە دەوریان دابوون کە چەکیان بکەن بەڵام فەرماندەی گورهان گوتبووی نە حازرین چەک بدەین و نە ئیجازەتان پێدەدەین لێمان نزیک ببنەوە و ئەگەر نزیک ببنەوە تەقەتان لێ دەکەین. چەند بنکەیەکی نیزامیی دەوروبەری شارەکەش لە ترسی کۆمەڵە چووبوونەوە پاڵ گورهان لەنێو شاردا. کۆمەڵەش کە زانیبووی بەبێ شەڕ و لێکدان چەک نابن کشابۆوە بۆ دێهاتەکانی دەوروبەری دیواندەرە. ئەم حاڵەتانەی کە باسم کردن ئەمنیەتی پێکهێنابوو و باشتر هەلی بۆ ئێمە ڕەخساند کە لەنێو شاردا بحەوێینەوە و چالاکیی سیاسی بکەین. دوای ماوەیەک هەڵسانگاندنی بارودۆخەکە چووینە مزگەوتی گەورەی شار و شورای شارمان بانگ کرد بۆ ئەوەی تەرتیباتی چوونە ماڵامان بۆ بکەن. بڕیاری پێشوومان ئەوە بوو کە پەلێک پێشمەرگە لە دوو مزگەوت نیشتەجێ بن. شەویش پاسەوانی لە مزگەوت و چەند جێگایەکی شاردا بدەن. ئیتر باقی جەماعەت هەر چەند کەس لە ماڵێک ئیسراحەت بکەین. ئا لەم کاتەدا چەند کەسایەتییەکی فەرهەنگی، واتە مامۆستای قوتابخانەکان، لەگەڵ کەسێکی خەڵکی بانە هاتن بۆلام. کەسە بانەییەکە خۆی ناساند بە ناوی ڕەحمان شەعبانی نەژاد و خەڵکی بانە و بەرپرسی (شرکت تعاون)ی شار و دێهاتی دیواندەرە بوو. ئێمەش بە هاتنی ئەو جەماعەتە خۆشحاڵ بووین و بەوپەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا کردن. کاک ڕەحمان داوی کرد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا بچینە ماڵی ئەو. مامۆستاکانی تریش پێشمەرگەیان بردەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئەو شەوە لەگەل کاک سەید ئیبراهیم و کاک فەتاح و چەند پێشمەرگەیەک میوانی کاک ڕەحمان بووین. با لێرەدا ئەوە باس بکەم کە کاک ڕەحمان بەدوای ساڵانێک خەبات و تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، دوایی بە چەند هۆیەک لە حیزب چووە دەرێ و ئاخریەکەی دوای هێندێ ئەملا و ئەولا لە شاری سلێمانی بەدەست جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران شەهید کرا. هەر ئەو شەوە مامۆستاکان و کۆمەڵێک کەسایەتیی خەڵکی دیواندەرە هاتن بۆ ماڵی کاک ڕەحمان بۆ دیدار و قسەکردن لەسەر مەسەلەی کوردستان و ئەو هیوا و هومێدانەی کە ئەو

ڕۆژانە تروسکەی ئەدا. لە ئەنجامی قسە و باسێکی زۆردا بەو ئاکامە گەیشتین کە بەیانی لە خانووی بەخشداری، کە چۆڵ کرابوو، کۆبوونەوەیەک بکەین و کۆمیتەیەکی کاتی لەو هاوڕێیانە کە ئامادەییان هەبوو هەڵبژێرین بۆئەوەی کاروباری حیزب لە ناوچەکە دوا نەکەوێت. بەیانی چووینە خانووی بەخشداری. ئەو هاوڕێیانە زووتر ئامادەییان تێدا هەبوو بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەرکە نیشتمانییە بۆیە هەر زوو خۆیان پێکهاتن بۆ کۆمیتەیەکی بەرێوەبەریی کاتی و بە تێکڕای دەنگی ئاشکرا کاک ڕەحمانیان بە بەرپرسی کۆمیتەکە دیاری کرد. هەروەها بۆ ئۆرگانەکانی دیکەش لەنێو خۆیاندا ڕێککەوتن و بەرپرسیان دیاری کرد. ئەو هاوڕێیانەی بەشدار بوون نزیک بە پەنجا کەس دەبوون. لە کۆتاییدا چەپڵەیەکی گەرم لێدرا و پیرۆزباییم لە هاوڕێیان کرد و هیوای سەرکەوتنم لە ئەرك و کارەکانیاندا بۆ کردن. بەدوای کۆبوونەوەکەدا داویان کرد هیندێک چەک و تەقەمەنییان بۆ ئامادە بکرێت و کادرێکی کارامەش بۆ ماوەیەک بێتە نێویان بۆ ئەوەی کە کاری ڕێکخستنەکانیان بە شێوەی دروست بۆ ڕێک بخات هەتا لە دوارۆژدا خۆیان بتوانن کۆمیتەی شارستان و هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی شیاو پێکبهێنن. خاڵێکی گرینکی دیکەش کە قسەمان لەسەر کرد ئەوە بوو کە هاوڕێیان پێیان وا بوو کە بەشێک لە پارێزگای کوردستان، بەتایبەت شاری سنە، لەلایەن حیزبەوە لەیاد چووە و وەک پێویست کاری سیاسی و حیزبی بۆ نەکراوە، بۆیە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی دیکە توانیویانە نفوزی خۆیان لەو شارە و دەوروبەردا بەهێز بکەن و بەردەوام حزوریان هەبێت. بۆیە پێوستە لەم کاتەدا د. قاسملوو شەخسی خۆی سەردانێکی سنە بکات و کەسایەتییەکانی شاری سنە و لایەنگرانی حیزب ببینێ و لە مەیدانی ئیقباڵ قسە بۆ خەڵک بکات و هەروەها ئاڵوگۆڕێک لە کۆمیتەی شارستانی سنەدا بکرێت کە وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە سیاسییە بێت کە پێش هاتووە. لەسەر ئەم ئەساسە بڕیارمان دا من بچم بۆ مەهاباد و ئەنجامی کۆبوونەوە و پەیامی هاوڕێیانی دیواندەرە و داخوازییەکانیان بە دەفتەری سیاسی بگەیێنم. بەیانیی ڕۆژی دوایی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بەرەو مەهاباد کەوتینە ڕێ. هاوڕێیانی دیکەش لە دیواندەرە مانەوە. ئێوارە گەیشتمە دەفتەری حیزب. هەواڵم بۆ د. قاسملوو نارد کە کاری تایبەتی و گرنگم هەیە و دەبێ ئەمشەو بیبینم. ڕێنوێنی کرام بۆ ماڵێک. کاتێ چوومە ژوورێ چەند کەسێکی دیکەیش لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزب و هەروەها کاک سەننار مامەدی لەوێ بوون. ئەوە یەکەم جار بوو کاک سەننار ببینم. کاک سەننار فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بوو لە ناوچەی شیمال. پێش ئەوەی من قسەیەك بکەم د. قاسملوو خۆی داوای کرد بچینە ژوورێکی تایبەت تا قسەوباسی سەفەرەکەمی بۆ بگێڕمەوە. بەوردی ئاکامی سەفەرەکەم بۆ باس کرد. زۆر ڕازی بوو لە بەرهەمی ئەو سەفەرە بۆیە هەر ئەو شەوە ڕێککەوتین کە کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی بۆ دیواندەرە ئامادە بکرێت کە من بەیانی لەگەڵ خۆم بۆیان ببەم. د. قاسملوو گوتی پێم خۆش بوو خۆم بهاتمایە بۆ سنە بەڵام ئەوەی من بزانم لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ئاگربەست ڕادەگەیێنرێت و هەیئەتی دەوڵەتیش بۆ وتوویژ دێت بۆ مەهاباد، بۆیە من خۆم ناتوانم بێم بۆ ئەوێ و بوونم لێرە پێویستە. بەڵام بەدوای هاتنی

هەیئەت و لە کاتێکی گونجاوتردا ئەو سەردانە بە شتێکی زەروری و پێویست دەزانم. بۆ ئێستا مامە غەنی و کاک مەلا ڕەسوڵ دیاری دەکەین بێن بۆ دیواندەرە و کاتی ئەوەش هاتووە بچن بۆ نێو شاری سنە و قسە بۆ خەڵک بکەن. گەڕامەوە بۆ دیواندەرە. کاتێ گەیشتمە ئەوێ دیتم هاوڕێیان خانووی بەخشدارییەکەیان کردۆتە بنکەی کۆمیتەی دیواندەرە و تابلۆیان لێداوە و لەسەری نووسیبوویان بنکەی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کە لە ڕێگای سەقزەوە دەهاتیتە دیواندەرەوە ئەو خانوویە ئەودەم یەکەم خانوو بوو دەردەکەوت، بۆیە یەکسەر تابلۆی بنکەی حیزب سەرنجی ڕاکێشام و چوومە بەر دەرگا. پێشمەرگەیەك لەوەکانی بانە پاسەوانی دەدا. ماشینەکەمان ڕاگرت و چووینە ژوورێ. جەماعەتێک لە هاوڕێیانی دیواندەرە و پێشمەرگەکانی بانە لەوێ دانیشتوون. بە هاوڕێیانی دیواندەرەم گوت هێندێک چەکمان بۆ هێناون وان لەنێو ماشینەکەدان دەتوانن دایانگرن. بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوون و هەستان چوون تفەنگەکانیان هێنان کە سەرجەم دە تفەنگ بە هەزار فیشەکەوە بوون. گوتم ڕاوەستن با بەرپرسی کۆمیتە و هاوڕێیانی دیکەتان بێن ئەودەم دابەشیان بکەن. هەر لەو ماوەدا بە هەواڵی گەڕانەوەی من لە مەهابادەوە کاک ڕەحمان و چەند هاوڕێیەکی کۆمیتە هاتن بۆ بنکەی حیزب. قسەوباسی سەفەرەکەم بۆ گێڕانەوە و ئاگادارم کردن کە بەیانی مامە غەنی و کاک مەلا ڕەسوڵ بۆ ئێوارێ دەگەنە ئێرە و دواتر دەچین بۆ سنە. هاوڕێیان ئەم هەواڵەیان زۆر پێخۆش بوو و بە هاتنی چەکەکانیش خۆشحاڵتر بوون. چووینەوە ماڵی کاک ڕەحمان. ئەو چەند شەوە زیاتر میوانی ئەو بووین. شەو هاوڕێیان داوایان کرد نامەیەک بنووسم بۆ فەرماندەی گورهان و داوای چوونە نێو گورهان و دانیشتنیان لەگەڵ بکەین تاکو زیاتر لە سیاسەتی حیزب ڕوونیان بکەینەوە و هەروەها ئەو ناخۆشییەش بشکێ کە لە نێواندا هەیە. نامەیەکەم بۆ ناردن و داوای دانیشتنم لەگەڵیان کرد. بەدوای نامەکەدا فەرماندەی پاسگای مەرکەزی گورهان، کە ئیستوارێک بوو، لەلایەن فەرماندەی گورهانەوە هات بۆلامان و قبوڵی داواکەی ئێمەیان کرد. کاک سەید ئیبراهیم، کاک فەتاح، کاک عومەر هۆمەر و کاک ڕەحمان و چەند پێشمەرگەیەک و هەروەها خۆم چووین بۆ مەرکەزی گورهان. بۆ وریاییش پێشمەرگەیەکی زۆرمان هێنایە دەوروبەری گورهان. کاتێ گەیشتینە بەردەمی گورهان فەرماندەی گورهان بە خۆی و ئەفسەرەکانییەوە تا پێش دەمی گورهان پێشوازیان لێ کردین. دوای بەخێرهێنان و چەند قسەیەکی ئاشتیخوازانە چووینە ژوورێ. قسەمان کرد دەربارەی سەفەرەکەمان کە تەنیا مەبەست ڕوونکردنەوەی سیاسەتی حیزبە کە بریتیە لە خەبات بۆ دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان و سیاسەتی ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بەم داوا ڕەوایە. لەلایەکی دیکەشەوە هەمیشە گوتوومانە و دەڵێین کە ئێمە شەڕخواز نین بەڵام زۆر جار لەلایەن دەسەڵاتی مەرکەزییەوە چ لە ڕابووردا و چ ئێستایش شەڕمان بەسەردا ئەسەپێ. ئێمە نەچووینە سەر مڵک و ماڵی کەس، ئەوە داگیرکەران بوون کە هێرشیان کردووینە سەر و ئێمەش ناچار بووین پارێزگاری لە خۆمان و خاکەکەمان بکەین و ئەوەش بە مافی ڕەوای خۆمان دەزانین. لە

کۆتاییدا هەردوک لامان هیواداریمان خواست کە لەوەبەدوا عەقڵی لێکحاڵیبوون و بەیەکەوەژیان بە ئاشتی، جێگای شەڕ و ناخۆشییەکان بگرنەوە. بەم شێوەیە قسەکانمان بە کۆتایی هات و لەدوایدا فەرماندەی گورهان گوتی ئەم ڕۆژانە جەماعەتی کۆمەڵە دەیانویست بێنە سەرمان و شەڕمان لەگەڵ بکەن و چەکمان بکەن بەڵام من ملم نەدا بۆ داوای ئەوان و پێم ڕاگەیاندن ئەگەر بێنە سەرمان شەڕتان لەگەڵ دەکەین هەتا ئاخرین گوللە. چەند ڕۆژێك لە دەوروبەرمان مانەوە بەڵام کە زانیان ئێمە ملکەچی قسەی ئەوان نابین ناچار دەوری ئێمەیان چۆڵ کرد. بەم قسانە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان هات و لە گورهان هاتینە دەرێ. چوونی ئێمە بۆ گورهان وەک چەککردنی گورهان وابوو لە نەزەر خەڵکی دیواندەرەوە بەڵام ئەوەشیان قبوڵ بوو کە حیزبی دێموکرات سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە ڕەچاو دەکات و هەتا بۆی بکرێت هەوڵ ئەدات بێ کێشە و گرفت چارەسەری کێشەکانی گەلی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی بکات. ئەم جووڵانەوەی ئێمە ئەوەی دەگەیاند کە دەسەڵاتی چەککردنی گورهانمان هەیە بەڵام لەپێناو سیاسەتی ئاشتیخوازانە و بۆ گەیشتن بە مەبەستی گەورەتر ئەو کارەمان نەکرد. هەمان ڕۆژ بۆ ئێوارەکەی مامە غەنی و کاک مەلا ڕەسوڵ بە نزیکەی سەد پێشمەرگەوە بە شێوەیەکی نیزامی وەک ستونێکی ئەرتەش بە چەکی دۆشکە، ئارپیجی، هاوەن و نارنجۆکهاوێژ هاتن. ماشینەکانیان بەشێکیان جیپی ئەرتەشی بوون لەگەڵ چەند جیپی مەدەنی و لەندرۆڤەر و وانیتبار بۆ هەڵگرتنی پێشمەرگە و چەکە نیوەقورسەکانیان. هاتنی ئەو هاوڕێیانە خۆشی و شادییەکی زیاتری بە خەڵکی دیواندەرە بەخشی. شەو هاوڕێیانی کۆمیتەی تازە هاتنە ماڵی کاک ڕەحمان. مامە غەنی، مەلا ڕەسوڵ، کاک فەتاح ئەحمەدی، خۆم و چەند پێشمەرگەی دیکەش لەوێ میوان بووین. مامە غەنی و مەلا ڕەسوڵ کە تازە هاتبوون سەرلەنوێ ڕیزە قسەوباسێکیان بۆ هاوڕێیان کرد کە بەشێکی پەیوەندی بە کاری ڕێکخستنەوە هەبوو. هەر ئەوە شەوە بڕیارمان دا ڕۆژی دوایی بچین بۆ شاری سنە. بەڵام هەواڵێکی تازەمان بەدەست گەیشت کە گوایە ستونێکی ئەرتەش بە چەکی قورس و سووکەوە بە چەند تانك و زرێپۆش لە چەند کیلۆمەتری ئەملای سنە واتە ڕێگای سەقز-سنە دابەزیوە و سەنگەربەندی کردووە و چاودێری جادەکە دەکەن. جێگای پرسیار بوو کە بۆچی لەم کاتەدا ستونێک هاتۆتە ئەو جێگایە. بۆیە بڕیارمان دا کاتێ گەیشتینە ئەو جێگایە بە حیسابێکی دروستەوە ئەو ماوە ڕێگایە ببڕین بۆ ئەوەی تووشی تێکهەڵچوون و زیان نەبین. بەو جۆرە ئەو شەوەش تەواو بوو. بۆ بەیانییەکەی بە شێوەی ستونی سەربازی کەوتینە ڕێگا. ئەوەش لەبیر نەکەم کاتی ڕۆیشتنمان دەکرێ بڵێم خەڵکی دیواندەرە بەگشتی لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەرێ و لەمبەر و ئەوبەری جادە وەستابوون و هەتا دەری شار بە دروشمی بژی حیزبی دێموکرات و گوڵباران بەدرەقەیان کردین. ئەو چەند ماشینەی پێش کاروانەکە کە دەگەنە ئەو شوێنەی ستونی سەربازی ڕێژیمی لێ دەردەکەوێ، ڕادەوەستن. شوێنەکە بەرزایی بوو. ئێمە دیار نەبووین لە ستونەکەوە. دابەزین بە دووربین سەیری مۆڵگەکەمان کرد. دیار بوو ئامادەیی تەواویان هەبوو. خاوەنی هەموو جۆرە چەکێک بوون.

شوێنی مۆڵگەکە دروست بەسەر جادەکەدا سوار بوو و گوللەی هەموو جۆرە چەکێکیان دەگەیشتە سەر جادەکە. دوای بیرلێکردنەوە هەرچەند دەکرا بە ڕێگای چەپەکدا بڕۆشتینایە کە بۆ ڕۆژی دوایی دەگەیشتینە نێو شاری سنە، بەڵام بڕیارمان دا ماشینە ڕەنگ مەدەنییەکان لەپێشەوە دانە دانە بڕۆن تا لەبەر چاوی ستون ون دەبن ئەودەم ماشینێکی ڕەنگ نیزامی بڕوات، ئەگەر تەقەیان نەکرد ئەوە هەموومان بڕۆین. ئەگەر بە سەعاتیکێش درەنگتر بگەینێ هەر باشترە لەوەی کە مەبادا توشی شەڕ و کێشە ببین. بەو جۆرە تاقیمان کردەوە و هەموو ماشینەکان ڕۆیشتین بەبێ تەقە و گیروگرفت. هەموو لە قاوەخانەکەی عەزیز خان کۆبووینەوە. ئەو قاوەخانە ئەو کاتە لە قەراغ شار بوو بەڵام ئێستا دەبێ کەوتبێتە ژوورەوەتر، ئەگەر مابێت. با ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە پێش چوونمان بۆ سنە هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستانی سنە ئاگادار کرابوون لەو سەفەرە و بڕیارمان دا مانۆڕێک بە شاردا بدەین. لەو بارەوە ڕێکخستنەکانی حیزب کارسازییان کردبوو بۆ پێشوازی خەڵک لەو مانۆڕە. ماوەیەک بوو هیچ هێزێکی نیزامی لەنێو شاردا نەمابوو. تەنیا کۆمەڵێک پاسدار لە قەڵای ناوەندی شاردا مابوونەوە، ئەویش گوایە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە چەند ڕۆژێک دەورەیان دابوون و هێندێ تەقەشیان لێ کردبوون بەڵام نە تەسلیم بووبوون و نە شوێنەکەشیان چۆڵ کردبوو و هەر لە شوێنی خۆیان مابوونەوە. هەر ماشینە بە ماوەی دە مەتر لێک دوور بە هەڵکردنی چرای ماشینەکان و بە سرودی ئەی ڕەقیب لە یەکەم خیابانی سەرەکیی ڕێگای سەقزەوە بۆ مەیدانی ناوەندیی شار ڕۆیشتین. بە بینینی ئەم کاراوانەی پێشمەرگە خەڵکی شار خرۆشا و پیادەڕەوی خیابانەکان پڕ بوون لە خەڵك. سەر بانەکان و پەنجەرەی ماڵانیش هەموویان پڕ بوون لە خەڵك و کەوتنە گوڵباران و نوقڵبارانمان. بەم جۆرە زیاتر لە دوو سەعات بە خیابانەکانی سنەدا هەڵسووڕاین. بە سەدان ماشینی شاری سنە تێکەڵاومان بوون و دروشمی "بژی حیزبی دێموکرات، نیشاندەری ڕێی خەبات" شاری پڕ کردبوو. لە کۆتایی ئەم مانۆڕەدا چووینە بەردەمی بارەگای حیزب لە خیابانی سنە بەرەو ڕێگای کرماشان، کە ناوی خیابانەکەم لەبیر نەماوە. کاتێ دابەزین سەدان خانەخوێی دڵگەرم و پێشمەرگەخۆشەویست بە درێژایی ئەو خیابانە لەبەردەم بارەگای حیزبدا وەستابوون تاکو ئەو شانسەیان پێ بدرێت پێشمەرگەیەک میوانیان بێت. پێشمەرگەکان ماشینەکانیان بە ڕیز لەسەر خیابانەکە لەلای بارەگای حیزبەوە ڕاگرتبوون و خۆیشیان هێندێک لە دەرەوەی بارەگا و هێندێک لەنێو ژوورەکاندا دامەزران. دۆستان و هاوڕێیانی شاری سنە هەر کەسێک لە گۆشەیەکدا و لەگەڵ پێشمەرگەیەك وەستابوون و قسەوباسی پێشمەرگەیی و دوارۆژی کوردستانیان دەکرد. ئیتر نۆبەی ئەوە هات کە هەر خانەخوێی دڵگەرم و دەم بە پێکەنین چەند پێشمەرگە لەگەڵ خۆیدا بەرێتەوە بۆ ماڵی خۆی. دوایین بڕیاریشمان ئەوە بوو کە پێشمەرگەکان لە ماڵان بنوون. لەلایەن کۆمیتەی سنەوە ناوی خانەخوێکان و ئەو پێشمەرگانەی کە چووبوونە ماڵیان نووسران. هەروەها پێشمەرگەکان ئاگادار کرابوون کە بەیانی سەعات نۆ هەموویان بێنەوە بارەگای حیزب. من خۆم لەگەڵ چەند پێشمەرگەدا

دواییین کەس بووین کە لە بارەگا مابووینەوە. خانەخوێیەک بە نیگرانییەوە هاتە لام و گوتی کاکە، کەس بۆ من نەمایەوە، پێم خۆشە ئێوە لەگەڵ هاورێکانت بێن بۆ ماڵی ئێمە چونکە من بەڵێنم بە هێندێ لە خزمەکانم داوە کە پێشمەرگە میوانم دەبن و کۆمەڵێک لە لاوەکان دەیانەوێ وێنە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بگرن. ئەگەر ئێوەش بە ماڵی من ڕازی نەبن ئەوا ئەو لاوانە دڵشکاو دەبن. گوتم ئازیزم، من بە شانازییەوە دێمە خزمەتتان. فەرموو با بڕۆین. ڕێکەوتین بۆ ماڵی ئەو ئازیزە. کاتێ گەیشتینە ماڵیان خێزانی و چەند کەسێک پێشوازی گەرمی کوردانەیان لێ کردین. دوای دانیشتن زۆری پێ نەچوو زیاتر لە دە کچ و کوڕی لاو هاتن بۆ ئەو ماڵە. ژووری میوانخانەکە زۆر گەورە بوو و بە ئاسانی جێگای هەموان دەبۆوە. لەوە دەچوو هەموویان کەسوکاری ئەو ماڵە بن. کامێرای وێنەگرتنیان هێنابوو. نان حازر کرا و سفرەیەکی ڕەنگین و سەخاوەتمەندانەی کوردانە ڕازایەوە. نان خورا و دەست کرا بە قسەوباسی شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگانە. وێنەیەکی زۆری بەکۆمەڵ و یەک و دوو گیران. لاوەکان هەروەها بە چەکەکانی ئێمەوە هەتا توانیان وێنەیان لە خۆیان گرت. شەوێکی فرە خۆش بوو لە خزمەت هاووڵاتیانی سنەدا. شەو درنگانێک بەگوێرەی بەرنامەی پێشوومان ئێمە بۆ خەو هاتینەوە بارەگای حیزب. لەوێ جێگاوبانمان بۆ تەرتیب کرابوو. بەرپرسی ئەودەمی کۆمیتەی شارستان کاک سەید عەلی بوو. بۆ بەیانییەکەی لە مەیدانی ئیقباڵ بە بڵندگۆ خەڵک ئاگادار کرا بۆ گوێگرتن لە نوێنەری حیزب، مامە غەنی بلوریان، کە لەسەر سیاسەتی حیزب قسە بۆ خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری سنە دەکات. مامە غەنی لەگەڵ چەند هاورێیکی کۆمیتەی شارستان و کۆمەڵێک پێشمەرگە چوون بۆ مەیدانی ئیقباڵ. هەر لە دەسپێکی قسەکانیدا وەک عادەتی خۆی مامە غەنی بە شێوەی بیرکردنەوی تودەییەکان ڕاست بە پێچەوانەی ئەو هەلومەرجەی کە لە شاری سنە حاکم بوو دەست بە قسان دەکات. زۆری پێناچێ بەشێکی زۆر لە بەشداران دەکەونە دروشمی دژی حیزب و "مرگ بر حیزب دمکرات". دیارە ئەوەش هەلێکی باش بوو بۆ ڕکەبەرەکانی حیزب کە بکەونە نێو خەڵکەکەوە و زیاتر هانیان بدەن بۆ دروشمی دژ بە حیزب. بەپەلە چەند هاورێیەک هاتن بۆ بارەگا. من و کاک مەلا ڕەسوڵ پێشنماز و کاک سەید ئیبراهیم و کاک فەتاح هەر لەوێ مابووینەوە. گوتیان فریا کەوەن ئەگەر مامە غەنی قسەکانی درێژە بدات ئیمکانە هێرشی بەرنەسەر. ئیتر ئێمە بەپەلە ڕۆیشتین بۆ مەیدانەکە. تووڕەیی بە خەڵکەوە دیار بوو. هەر کەس لەبەر خۆیەوە هێندێک بە دەنگی بەرز دروشمی دژی حیزبیان دەدا. مەلا ڕەسوڵ چووە پێش و هێواش مامە غەنی حاڵی کرد و میکرۆفۆنەکەی لێ وەرگرت. مەلا ڕەسوڵ باری قسەکانی بەرەو ڕێبازی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی گۆڕی و توانی تا ڕادەیەك خەڵکە ناڕازییەکە ئارام بکاتەوە. زۆری پێنەچوو ئارامی و بێدەنگی گەڕایەوە نێو بەشداران. ئێمە، کاک سەید عەلی، کاک سەید ئیبراهیم، کاک فەتاح و خۆم هەر کەس بە نۆبەی خۆمان کە خەڵکێکی زۆرمان لە دەوروبەر بوو، قسەمان بۆ کردن و هەر چۆنێک بێت نەمانهێشت بگاتە شوێنێکی ئاڵۆز. با ئەو ڕاستییە لە مێژوو ون نەبێت، ئەو مانۆڕەی ئێواری خۆشەویستی حیزبی

گەیاندە لوتکە، بەڵام مامە غەنی بە ماوەیەکی کورت بە هێندێ قسەی بێ وەخت بە ئاویدا دا. داخ و هەزار داخ کە حیزبی ئێمە بەهۆی بیری تودەییەوە زۆر جاران تووشی خەسار و زەرەر بووە. ئەکرێت بڵێم ئێستایشی لەگەڵ بێت بەتەواوی نەیتوانیوە ئەم کەمایەسییە لەنێو ڕیزەکانی خۆیدا نەهێڵێت و هەر کاتە بە شێوەیەك سەرهەڵدەدات و دونیایەک زیان بە قەوارەی ئەو حیزبە دەگەیێنێ. سەفەری سنەیش کۆتایی پێهات و هێندێ پێشمەرگەی بانە بۆ هاوکاری و یارمەتی کۆمیتەی شارستانی سنە مانەوە و باقی گەڕاینەوە بۆ بانە.

هەواڵنێرییەکان بڵاویان کردەوە کە هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ وتوویژ هاتۆتە مەهاباد. دوای شەڕی سێ مانگە و شکستە پەیتاپەیتاکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران ئەمە یەکەم لیژنە بوو بۆ وتوویژ بێتە کوردستان. ڕێژیم ناچار کرا بۆ چەندەیەم جار لەگەڵ کوردانـدا بکەوێتەوە وتوویژ. سەرەتا ئەم لیژنەیە لەگەڵ نوێنەرایەتی حیزب دانیشتنێکی لە مەهاباد ڕێکخست. لە ئەنجامی گەڕانەوەی هەیئەت بۆ تاران فەرمانی ئاگربەست لەلایەن شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە لە ڕۆژی ٢٦ی آبانی ١٣٥٨دا دەرچوو. بەدوای ئاگربەستدا چەند جار هەیئەتی نوێنەرایەتی ڕێژیم هاتە شاری مەهاباد و وتوویژیان لەگەڵ نوێنەرانی کورد کرد بەڵام ئەم جارەش وەك جارەکانی پێشوو مەبەستی ڕێژیم تەنیا فێڵ و کات بەسەربردن بوو بۆ هەلی باشتر بۆ شەڕ و داپڵۆسینی ئەم خەڵکە بەشخوراو و هەمیشە شەڕبەسەداسەپاوەدا.

## گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان بۆ کوردستانی ئێران

بەدوای ئاگربەستدا دەفتەری سیاسی حیزب ئاگادارییەکی دا بە کۆمیتەی شارستانی بانە کە دەبێت هەموو ئەو پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانەی حیزب کە وەك پەنابەر چوونەتە ئۆردوگاکانی حکومەتی عێراق بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران لەبەر ئەوەی مانەوەیان لە عێراق لە بەرژەوەندیی حیزب و شۆڕشدا نییە. بەدوای ئەم ئاگادارییەدا بەشێکی زۆر بڕیاری گەڕانەوەمان دا بۆ ئەو بەشە کوردستانەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش. من خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە ڕۆیشتم بۆ هێنانەوەی خێزانەکەم. زووتر هەواڵم زانیبوو کە بەشێک لەو پەنابەرانە گوێزراونەوە بۆ سلێمانی و شارۆچکەی عەربەت. ماڵومنداڵی من و چەند هاوڕێیەکی دیکە چووبوونە سلێمانی. منیش پێشمەرگەیەک بە ناوی سەلیم سەعید کە خەڵکی ئەنجێنە بوو، وەک هاوسەفەرێک لەگەڵ خۆم برد و چووینە ناحیەی باسنێ سەر بە قەزای شارباژێر. ئەو ناحیەیە لەمێژ بوو خەڵکەکەی گوێزرابۆوە بۆ موجەمەعەی قەڵاچوالان. لە باسنێ ئۆردوگایەکی عەسکەریی بەهێزی عێراقی لێبوو. چومە لای ڕەئیسی ئۆردوگاکە و خۆم پێناساند. چەند سەعاتێك ڕایانگرتین. لەو ماوەدا خەریکی پێوەندی بێسیمی بوو. دوایی بە جیپێکی عەسکەری ڕەوانەی چوارتایان کردین. ئەو شەوە لە چوارتا لەنێو ئۆردوگایەکدا ماینەوە. بەیانیی ڕۆژی دوایی بردیانین بۆ موخابەرات. ئەم ئیدارەیە بۆ کاروباری سیاسیی خەڵکی بیانی بوو و کاری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەوێ جێبەجێ دەکرا. لەوێش هێندێ پرسیارم لێ کرا و منیش خۆم ناساند و گوتم ماڵومنداڵم لێرەیە، لە شاری سلێمانی، هاتووم بۆ سەردانیان. تەلەفۆنێکیان کرد و کەسێک هات بە ناوی شێخ ڕەئوف کە لە ڕۆژانی دواییدا زانیم برای پارێزگاری ئەودەمی سلێمانی بوو و خۆیشی بەرپرسی کاروباری گەشتوگوزار بوو. بەڵام وا دیار بوو کاریشی لە پەیوەندی لەگەڵ پەنابەران و موخابەراتدا دەکرد. ناوبراو بە ماشینی خۆی منی بردەوە بۆ ماڵێ. لە ڕێگادا گوتی من بەرپرسیاری کاروباری ئێوە و ئەو پەنابەرانەم کە لە شاری سلێمانی دەژین. هەروەها گوتی ماڵی محەممەدی کەریمی و حاجی دەروێش وەیسیش لە سلێمانی‌یە و بۆخۆیشیان هەر لێرەن. گوتم بەڵێ ئەو برادەرانەی کە ناوت هێنان دەیانناسم و خەڵکی بانەن. ڕۆژی دوایی کاک حەمەدەمینی سیراجی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە عێراق، هات بۆلام و سەردانی کردم. پێش منیش ئەو ماوە کە ماڵمان چووبووە سلێمانی جاری دیکەش سەردانی ماڵەکانی کردبوو و وەک پێویست هاوکاری کردبوون. لەگەڵ کاک حەمەدەمین دانیشتین و قسەمان لەسەر بارودۆخی کوردستانی ئێران و گەڕانەوەی ماڵەکان، بەگشتی ئەوانەوەی کە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران، کرد. بۆم باس کرد کە حیزب بڕیاری داوە ئەو کەسانەی کە خۆیان بە حیزبی دەزانن پێویستە هەرچی زووتر بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران. هەروەها حیزب داوای لە هەموو پەنابەرەکان بەگشتی، حیزبی و ناحیزبی، کردووە کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران. کاك حەمەدەمین خۆشحاڵ بوو کە حیزب ئەو بڕیارەی داوە و گوتی کاك

ڕەشید، ئەم ماوە تاکو تەرتیبی گەڕانەوەتان بۆ دەکەم دەبێ هاوکاریم بکەیت و سەردانی ئۆردوگای ڕانیە و عەربەت بکەین بەڵکو بێجگە لە هاوڕێیانی حیزبی، ئەو خەڵکە غەیرە حیزبییەش ڕازی بکەین بە گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی ژێردەسەڵاتی شۆڕش. گوتم ئامادەم بۆ هەر کوێیەک دەڵێیت هاوسەفەر و هاوکاریت بکەم. سەرەتا چووینە ئۆردوگای ڕانیە. خەڵکمان کۆکردەوە. کاک حەمەدەمین زۆر سیاسییانە و باش دەربارەی گەڕانەوەی پەنابەران بۆ کوردستانی ئێران قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. بەشێکی زۆر کەم گەڕانەوەیان قبوڵ کرد. ئەوانەش کە قبوڵی گەڕانەوەیان کرد زۆربەیان هاوڕێیانی حیزبی بوون. ناوی ئەو کەسانەی گەڕانەوەیان قبوڵ کرد نووسران. بۆ ئەوەی لەگەڵ موخابەرات بۆ تەرتیباتی گەڕانەوەی ماڵەکان قسە بکرێت گەڕاینەوە سلێمانی. ڕۆژی دوایی چووین بۆ ئۆردوگای عەربەت. لەو ئۆردوگایەش هەر بە شێوەی ڕانیە کاك حەمەدەمین قسەی بۆ خەڵک کرد. لەوێش لەنێو سەدان ماڵە ئاوارەدا جەماعەتێکی کە بە پەنجەی دەستان دەژمێردران قبوڵی گەڕانەوەیان کرد. لەنێو ئەو ئاوارانەدا ئەندامی حیزب زۆر کەم هەبوو. ئەو خەڵکە هەریەک بۆ مەبەست و خەون و خەیاڵێک هەڵاتبوون. گەڕاینەوە سلێمانی. بەیانییەکەی بانگیان کردم بۆ موخابەرات و هەواڵی ئەو سەردانەی ڕانیە و عەربەتیان لێ پرسیم. لە قسەیان دیار بوو ئەو بڕیارەی حیزبیان پێخۆش نەبوو. دەیانەویست ئەو خەڵکە لە عێراق وەمێنن و هەر یەک بە شێوەیەک کەڵکیان لێ وەرگیرێت. دواییش ئەو خەڵکە بردرایە چۆڵەوانی ڕومادیە و وەک پێویستیش ژیانیان بۆ دابین نەکرا. حکومەتی عێراق ئەو ئاوارانەی ئەوەندە موحتاج کردبوو کە توانی لە کۆمەڵێکیان بە قازانجی خۆی سوود وەرگرێت. بۆیە ئەو خەڵکە ناچار بوو جارێکی دیکە ئاوارەی هەندەران ببن و بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێگەی وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتانی دیکە بگرنەبەر. کۆمەڵێکیش لەبەر بێدەرەتانی بە هەژاری و برسیەتی ساڵانێکی درێژ لەو بیابانەدا هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە کوردکوژە مانەوە. دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس لە عێراق ئەو خەڵکە بە شێوەیەکی زۆر سەخت هەر کەس بە لایەکدا سەری خۆی هەڵگرت و ڕوویان کردە وڵاتانی دراوسێ و بەشێکیش بە ناچاری گەڕانەوە ئێران. دێمەوە سەر باسەکە. لە موخابەرات پێیان گوتم پێمان خۆشە ماڵەکەت لێرە بمێنێتەوە و حازرین هەموو خزمەتێکی شیاویان بکەین، و خانووەکەتان بۆ ئەگۆڕین بە خانوویەکی باشتر. هەروەها گوتیان ئەگەر ماڵەکەت لێرە وەمێنێ سەیارەشت ئەدەینێ بۆ کاروباری ڕۆژانەی خێزانەکەت. بەهەرحاڵ، خۆشخوڵقی زۆریان کرد کە ڕازیم بکەن بە مانەوە. لە وەڵامدا سوپاسم کردن کە ئەو چەند مانگە ماڵومنداڵم میوانیان بووە و ئەوەی پێویست بووە میوانداری کراون، و لە کۆتایی قسەکانمدا گوتم دەبێت ماڵەکەم بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران لەبەر ئەوەی ئێستا بەشی زۆری خاکی کوردستان بەدەست خۆمانەوەیە و پێیشمان خۆش نییە لەوە زیاتر سەرباری ئێوە بین. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە بڕیاری حیزبە کە دەبێت ماڵەکانمان بەرینەوە بۆ کوردستان و منیش ئەندامی ئەو حیزبەم و دەبێت لە بڕیاری حیزب دەرنەچم. بەدوای قسەکانی مندا ڕەنگتاڵییان پێوە دیار بوو بەڵام هیچیان نەگوت. ئەو ڕۆژە بەو

شێوەیە کۆتایی هات و چوومەوە بۆ ماڵ. کاک محەممەدئەمین سیراجی شەو هات بۆ ماڵەوە و گوتی بەیانی دەبێ بچین بۆ موخابەرات و داوایان کردووین. بەیانی لەگەڵ سیراجی چووین بۆ موخابەرات. جگە لە ڕەئیسی موخابەرات کەسێکی دیکەش لەوێ دانیشتبوو کە من نەمدەناسی. ڕەئیسی موخابەرات بە منی گوت ڕەشید، پەیامێکی ئێمە هەیە لە چوونەوەدا دەبێت بچیت بۆلای دوکتۆر قاسملوو و پێی بگەیێنی. ئەم قسانە ئەو کەسەی کە لەوێ دانیشتبوو بە زمانی کوردی بۆ منی تەرجومە دەکرد. گوتیان بە دوکتۆر بڵێ کە ئێمە لەوەدوا نامانەوێ محەممەدئەمین سیراجی نوێنەری پەیوەندییەکان بێت لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی تودەییە. تودییەکانیش دژی ئێمە و ئێوەن و دەیانەوێ لە نێوان ئێوە و ئێمەدا گرفت دروست بکەن. ئەگەر بڕیار بێت محەممەدئەمین لێرە وەمێنی ئێمە دەزانین کە پەیوەندییەکانی نێوان ئێمە و حیزب ئەشێوێنێ. لە نێوان قسەکاندا کاک محەممەئەمین ویستی قسە بکات بە عەرەبی بەڵام ڕەئیسی موخابەرات گوتی بۆت نییە بە عەرەبی قسە بکەیت، ئەوە موتەرجم حازرە ئەتوانی بە کوردی قسە بکەیت با ڕەشیدیش لە قسەی هەردوو لا تێبگات کە چی ئەڵێین. دەرکەوت کە موخابەرات بە سەردانی ئۆردوگاکان و قسەی کاک محەممەدئەمین ڕازی نەبوون کە داوای کردووە جەماعەت بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران. هەروەها لەوەش دەچوو مەوزوعی دیکەش هەبووبێت لە بەیندا کە من نەمدەزانی. بەڵام بیانوویەکەی بەو شتانە دەگرت کە باسم کردن. با گەیاندنی پەیامی موخابەرات بۆ دوکتۆر قاسملوو بمێنێت بۆ جێگای خۆی. لێرەدا تەنیا ئەوە دەڵێم کە بە حزوری کاک محەممەدئەمین سیراجی پەیامەکەم بە دوکتۆر گەیاند.

لەو سەردانەدا نزیک بە مانگێک لەلای ماڵومنداڵ مامەوە چونکە موخابەرات هەر ڕۆژە بیانوویەکی دەگرت و هەوڵی ئەوەی ئەدا بە هەر نرخێک بێت ئەو خەڵکە نەڕۆنەوە، بەتایبەت کادر و ئەندامانی حیزب. بەڵام ئێمە بڕیاری گەڕانەوەمان دابوو. ئەگەر موخابەراتیش ڕازی نەبوایە من خۆم بڕیارم دابوو کەلوپەلی ماڵ بەجێ بهێڵم و بە یارمەتی هێندێ لە خزمانی کوردستانی عێراق بە نهێنی لەگەڵ خێزانەکەم بگەڕێمەوە. چاوەڕوانی وەڵامی موخابەرات بووین. لە کۆتایی مانگدا موخابەرات ڕۆژێک من و کاک محەممەدی کەریمی، برای کاک هاشمی کەریمی، و حاجی دەروێشی وەیسی‌ی بانگ کرد بۆ موخابەرات. ئاگاداریان کردین کە بەغدا موافەقەتی کردووە کە بگەڕێنەوە و ئێمەش ئاسانکاریتان بۆ دەکەین بۆ گەڕانەوەتان. دەستورمان داوە سەیارەتان بۆ بەکرێ بگرن بۆ کەلوپەلەکانتان هەتا پێنجوێن و بۆ هەر ماڵەی سەد و پەنجا دینار تەرخان کراوە بۆ باقی خەرجی گەڕانەوەتان. سوپاسی میوانداریمان کردن بۆ ئەو ماوەی لەوێ بووین. هەروەها گوتمان پێویست بەو سەد و پەنجا دینارە ناکات و خۆمان پارەمان پێیە و تەنیا ئەوە بەسە کە سەیارەمان بۆ حازر دەکەن. ڕەئیسی موخابەرات دوبارە گوتی ئەگەر ئەو پارە قبوڵ نەکەن مانای ئەوەیە لێمان عاجزن، هەرچەند پارەیەکی وا نییە بەڵام ئەوە وەکو ئاخرین هەدیەی ئێمە بۆ ڕێگایە. ئیتر نەمانویست زۆری لێ بدوێین و سوپاسمان کردن و

قبوڵمان کرد. ڕۆژێک ئاگادار کراین خۆمان وەپێچن بۆ بەیانی سەیارە دێتماڵەکانمان بار دەکەن بۆ پێنجوێن. بەیانی سەیارە هاتن و ماڵمان بار کردن. بۆ شەوێ گەیشتینە پێنجوێن. جگە لەو چەند ماڵە چەند ماڵێکی دیکەش هەبوون کە ناویانم لەبیر نەماوە. هەر خێزانەی چووینە لای ناسیاوێک. زستان بوو و بەفرێکی زۆر لە پێنجوێن باریبوو. جادەی پێنجوێن-مەریوان ئەسفالْت نەبوو و بەفرەکەیشی نەماڵدرابوو. ماشینەکان نەیاندەتوانی بەو جادەدا بڕۆن. بەیانییەکەی لەگەڵ کاک محەممەد کەریمی چووین بۆ ئیدارە بۆلای قایمقام کە داوای لێ بکەین یارمەتیمان بدات بۆ پاککردنەوی جادەکە. گوتی من ناتوانم کاری وا بکەم، ئەو ڕێگایە ئێستا لە ئیختیاری عەسکەریدایە و دەبێ ئەوان ئەو کارەتان بۆ بکەن. لەڕاستیدا هەر دەیانویست تەگەرە بخەنە سەر ڕێگامان و نەتوانین بگەڕێینەوە. ناچار چووینە نێو شار و چەند تراکتۆرمان بە کرێ گرتن و کەلوپەلەکانمان لە سەیارەکان داگرتن و خستماننە نێو تراکتۆرانەوە. ڕۆژێکی زۆر سارد بوو، بای دەهات. هەر چۆنێک بێت ئیرادەمان کرد و کەوتینە ڕێ. بۆ ئێوارەدرەنگانێک گەیشتینە گوندی بایاوای مەریوان. ڕێگاکە لە هەواخۆشیدا هێندە دوور نییە کە بۆ ئێمە لەو سەفەرەدا ئاوا درێژ بۆوە. بەڵام گیرکردنی تراکتورەکان و ڕاوەستانی هەموو لایەک بۆ دەرهێنانەوەیان ڕێگای دوو سەعاتی کردە چەند بەرابەر. بەحەرحاڵ، بە خۆشییەوە دەرباز بووین و ئەو شەوە لە ماڵی میواندۆستانی بایاوە ماینەوە. لە بایاواوە بۆ مەریوان ڕێگاوبان باش بوو و هاتوچوو دەکرا. بەیانییەکی زوو ناردمان لە مەریوانەوە چەند ماشینمان بۆ بێن. بۆ نیوەڕۆ ماشین بەپێی ڕاسپاردە هاتن. بۆ شەو گەیشتینە مەریوان. لەوێش هێندێکمان چووینە هوتێل و هێندێکیش ماڵی ئاشنا و دۆستان. هەرچەند ترسی ڕێگای قەرەژدابانمان هەبوو کە بەفر گرتبێتی و هاتوچوو نەبێت بەڵام بەیانییەکەی بەرەو بانە ڕێکەوتین. بەخۆشییەوە بۆ ئێوارە درەنگ گەیشتینە بانە. گەیشتنەوەمان بە بانە هەستێکی وەها خۆشی بە هەموو لایەکمان دابوو کە گێڕانەوە و هێنانە سەر کاغەزی لە توانای مندا نییە. سەرکەوتنێکی گەورە بوو کە توانیمان لەو گرفتارییە ڕزگارمان بێت و بگەڕێینەوە جێگایەک کە زێدی خۆمان بوو، هەم لەژێر دەسەڵاتی کوردانیشدا بوو. هەر لێرەوە جارێکی دیکەش پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو بنەماڵانەش دەکەم کە لە ئۆردوگای پێنجوێن یارمەتیی خێزانەکەمیان لە کاتی پێویستدا دا. خۆشەویستان تەڵا خانم خۆی و کیژەکانی، بنەماڵەی مەحموود بەگی گۆڵی، بنەماڵەی حەمەڕەشید خان و حەمەمین خانی شیوەگوێزان، بنەماڵەی سلێمان ئاغا و حەمەئەمین ئاغای بارێی بچووک، بنەماڵەی بەکر ئاغای قزڵجە، هەروەها ئەو کاتەی کە ماڵەکەمان لە سلێمانی بوو خزمانی ئالان بەگشتی، سوپاس و پێزانین بۆ هاوکاری و یارمەتیی هەموو لایەکیان.

خانووەکەی خۆم لە گرتنەوەی بانەدا پاسدار دەرگا و پەنجەرەکانیان دەرهێنابوون و بەشیکیشیان شکاندبوون. لە دیواری ژوورەکانیش دروشمی دژی منیان نووسیبوو کە بەگشتی پێویستیان بە تازەکردنەوە و دەستکاری هەبوو. تەنانەت لوولەی ئاوەکەیان خراپ کردبوو و کاسەی شوێنی دەموچاو لێشتن و کاسەی توالێتەکەیان دەرهێنابوون. هەروەها

یەخچاڵ و ئاوگرمکەریان بردبوون بۆیە بۆ ئەوە نەدەبوو لەڕێوە بچمەوە ناوی و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبوو. ئەوەش کتوپڕ بەو زستانە نەدەکرا. حاجی قادر خانی ئەحمەدی خانوویەکی لە بانە هەبوو کە بەشێکی چۆڵ بوو. هەرچەند خانووەکە زۆر کۆن و پەرپووت بوو بەڵام چووینە نێوی. ناوبراو ئەو خانووەی بێ بەرامبەر دامێ و چەند مانگی تێدا ژیاین. زۆری پێنەچوو بانە بۆ جاری دووەم لەلایەن ڕێژیمەوە داگیر کرایەوە و ئێمەش ئاوارە بووینەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە دێهاتی کوردستان ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا ماینەوە، کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەم.
کاتێ لە سلێمانییەوە گەڕاینەوە بۆ بانە، پاش چەند ڕۆژ حەسانەوە چووم بۆ سەردانی دەفتەری سیاسی و دیداری دوکتۆر قاسملوو لە مەهاباد لەمەڕ گەیاندنی پەیامی موخابەراتی سلێمانی. چوومە لای دوکتۆر قاسملوو. کاک محەممەدئەمینی سیراجی گەڕابۆوە و لە دەفتەری سیاسی بوو. دوای بەخێرهێنانی یەکتر گوتی بەڕاستی زۆرم پێخۆش بوو کە لێرە بینیمت. پێم خۆشە منیش لەلای دوکتۆر بم کە پەیامەکەی موخابەراتی پێدەدەیت، چونکە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە من فریوی بەعسم نەخوارد و بە کەیفی ئەوان کارم نەدەکرد بۆیە تاوانبارم دەکەن بە تودەیی و لێم ناڕازین. من کارم بۆ حیزبەکەی خۆم دەکرد نەک بۆ ئەوان. بەهەرحاڵ، بەیەکەوە چووینە لای دوکتۆر و گوتم پەیامێکم لە موخابەراتی سلێمانییەوە بۆ تۆ پێیە. کاك محەممەدئەمینیش حەزدەکات لەم دانیشتنەدا بەشدار بێت. گوتی چ پەیامێکت پێیە فەرموو. دەقی قسەکانی موخابەراتم بۆ گێڕایەوە. دوکتۆر پێکەنی بەڵام هیچی نەگوت. ئەوەندەی من بزانم کاك محەممەدئەمین سیراجی وەک نوێنەر نەچۆوە بۆ عێراق و یەکی دیکەیان لە جێگای ئەو نارد. جێگای ئاماژەیە لە کاتی ئەم نووسینەدا تەلەفۆنی لەگەڵ کاک محەممەدئەمین قسەم کرد و پرسیارم لێکرد ئاخۆ چەندە ئەم قسانەی لەبیر ماون. لە وەڵامدا گوتی من نە موخابەراتی سلێمانی و نە ئەو دانیشتنەی دەفتەری سیاسیم لەبیر نییە. من دەڵێم لەوانەیە کاک محەممەدئەمین بەهۆی سەرقاڵی و کاروباری دەفتەری سیاسی و زۆر شتی دیکەوە لەبیری نەمابێت، یان پێی خۆش نەبێت لەبیری بێت. بەڵام من ئەو سەفەرەم تایبەت بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بوو بۆلای دوکتۆر قاسملوو. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ڕاسپاردە بۆ من زۆر گرنگ بوو، هی وڵاتێک بوو بۆ سەرکردایەتیی حیزبەکەم.

## کۆنگرەی چوارەمی حیزب

کۆنگرەی چوار لە کاتێکی هەستیاردا نزیك دەبۆوە. سەرەتا کۆمیتە شارستانەکان دەستیان بە پێکهێنانی کۆنفرانس کرد. وەک لەبیرم بێت هێشتا کۆمیتەی ناوچەمان بۆ ڕێکخستنەوی ئەندامانی نوێ بۆ کۆمیتەی شارستان هەروەها بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ بەشداری لە کۆنگرەی چواردا پێک نەهێنابوو. ئەمە یەکەم کۆنفرانس بوو بۆ کۆمیتەی شارستانی بانە کە بە ئازادی و لەنێو شاردا پێکبێت و نوێنەری خۆی بۆ کۆنگرە هەڵبژێرێت. کۆمیتەی شارستان هەتا ئەو کاتە هەڵبژێردراوی کۆنفرانس نەبوو، بەڵکو تەنیا کۆمیتەیەکی کاتی بوو کە بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروبارەکان دیاری کرابوو. لەم کۆنفراسەدا لایەنگرانی بیری تودەیی بەشێکی زۆری دەنگەکانیان چ وەك نوێنەر بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا و چ بۆ ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمیتەی شارستان هێنایەوە. کاک هاشمی کەریمی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و من وەک فەرماندەی هێز مافی ئەوەمان هەبوو بەبێ خۆکاندیدکردن بەشداری کۆنگرە بین. لە کۆنفرانسدا جەماعەتێک بەهۆی کاریگەری تودییەکان دەنگیان لێ بەرز بۆوە کە دەبێت منیش بە خۆکاندیدکردن و دەنگدان مافی بەشدارییم لە کۆنگرەدا هەبێت. بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت لەبەر ئەوەی ئەو مافە نەک تەنیا بە من بەڵکو بە هەموو فەرماندە هێزەکان درابوو. ئەوەش بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بوو کە بە داوای کەسانێک هەڵنەدەوەشایەوە. خۆ ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرایە دڵنیا بووم کە من دەنگم دەهێنایەوە. بەڵام ئەو جەماعەتە هەر لە سەرەتاوە دەیانویست دژایەتی ئەو کەسانە بکەن کە بیری نەتەوەیی و کوردستانییان هەبوو بۆیە لە هەموو شوێنێکدا هەوڵی خۆیان دژ بە من ئەدا بەڵام بێ ئاکام دەمایەوە. بەکورتی، هەر خۆیان گوێگری قسەی خۆیان بوون. بەگشتی بیری تودەیی لە کوردستان بەرەو نامۆیی ئەڕۆیشت و باوی نەمابوو بۆیە لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتنیان وەدەست نەدەهێنا. ئەگەرچی بێ زەرەر و زیانیش کۆڵیان نەدا و تا ئەو جێگایەی بۆیان کرا دژایەتی و مەیدانداریان کرد بەڵام لە ئاکامدا بە نابوودی خۆیان چ لە کوردستان و چ لە ئێراندا تەواو بوو.

زۆری پێنەچوو بەدوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکاندا بەرەو کۆنگرەی چوار لە شاری مەهاباد ڕۆیشتین. کۆنگرە لە سالۆنێکی گەورە، ئەگەر هەڵە نەکەم سالۆنی سینەما بوو، لە ٣ی ڕێبەندانی ١٣٥٨دا دەستی بە کاری خۆی کرد. ئەمە یەکەم کۆنگرە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بە بەشداری نزیک بە سێ سەد کەس بە ئازادی لە شاری مەهاباد پێکیهێنا. لەم کۆنگرەیەدا لایەنگرانی تودەیی کەم نەبوون. زۆر بە ڕاشکاوی بیری تودەیی لە قسەکانیاندا دیار بوو و توانیشیان لە زۆر خاڵدا ڕای خۆیان بسەلمێنن، یان بە گوتەیەکی دیکە بسەپێنن. شوێنەواریان دیار بوو. زۆر جاریش گرژی و دەنگبەرزکردنەوە لەسەر دوو بیری جیاواز، وەک بیری نەتەوەیی و بیری تودەیی، دەهاتە ئاراوە. بۆ نمونە هاوڕێیەک لە بەشدارانی کۆنگرە هەر ئەوەندە ئاماژەی بە سەد هەزار سەربازی ڕووسی لە ئەفغانستان وەک داگیرکەر کرد، جەماعەتێک ئەگەر بەریان پێ نەگیرایە سوار ملی

دەبوون و زۆریان لێدەدا. هەر بابەت و قسەیەک لایەنگری بۆ سۆڤیەت تێدا نەبوویایە یان کەمترین ڕەخنە لە سیاسەتی ئەوان بگیرایە، بێگومان لەگەڵ تووڕەیی و بەرزبوونەوەی دەنگ ڕووبەڕوو دەبۆوە. ئەو کاتە تودەییەکان لە کەسایەتیی غەنی بلوریان کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام بە بوونی کەسایەتییەکی وەک دوکتۆر قاسملوو و کۆمەڵێک کەسایەتیی دیکەی هۆشیار تودەییەکان ڕەنگ و دەنگێکی ئەوتۆیان نەبوو و وەک ویستی خۆیان دەنگیان نەدەهێنایەوە. پێم خۆشە بۆ مێژوو ئاماژە بەوەش بکەم کە سەردەمانێک هەتا حەفتاکان شەخسی دوکتۆر قاسملوو لە کەسانی پێشڕەوی بیری تودەیی و لایەنگری سیاسەتی سۆڤیەت بوو. لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسی ئەوەم کردووە کە دوکتۆر قاسملوو بە تاوانی نزیکایەتی لە تودەییەکان و حیزبی شیوعی عێراقی، لە مانگی مارسی ١٩٦٠دا لەسەر داوای چەند کەسێک، لە بەغدا دەرکرا و ڕۆیشتەوە بۆ چیکوسلۆڤاکیا. بەڵام زۆری پێ نەچوو ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی عێراقدا پێکهات و عەبدولکەریم قاسم تێداچوو و دەسەڵات کەوتە دەست بەعسییەکان و حکومەتی بەعسی عێراقی دۆستایەتی و پەیوەندی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت گرێدایەوە. دوکتۆر قاسملوویش وەک پیاوێکی بەتوانا و زانا زوو هەست بە بارودۆخی ناوچە و ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم دەکات و بەخۆیدادێتەوە. دوکتۆر ئەو کاتە لە چیکوسلوڤاکیا دەژیا. ئەلەکساندر دوپیچک، سەرۆکی ئەودەمی ئەو وڵاتە، بیرێکی نوێی دژ بە بیری کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت هێنابووە ئاراوە کە لە ئەنجامدا ڕووسیە بە سوپاوە هاتە نێو ئەو وڵاتە و دوپیچکیان بە دیکتاتۆری و زۆرەملیی هێزی سوپا گرت و لەسەر کار لایانبرد و دواتر دووریان خستەوە بۆ یەکێک لە گوندەکانی ئەو وڵاتە. بیری دوپیچک لایەنگری زۆری لە چیکوسلۆڤاکیا هەبوو. دوکتۆر قاسملوویش یەکێک بوو لە لایەنگرانی ئەو بیرە. ئەوە بوو قاسملوو هەر بەو تاوانە خۆی و خێزانی، نەسرین خانم، ڤیزایان لێسەندرایەوە و وەک پەنابەر چوونە فەرانسە. هەروەها بەدوای کاریگەری ئەو بیرە نوێیە لەسەر دوکتۆر قاسملوو، ئەویش کەوتە بیری ڕزگاری نەتەوە و خاکی کوردستان، بۆیە هەوڵی دا هەر چۆنێک بێت بەهۆی هێندێک لە دۆستانییەوە بتوانێ بگەڕێتەوە بەغدا و لە هاوڕێیانی نزیک وەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەحمەد تۆفیق بە هۆیەکی نادیارەوە دەکەوێتە بەندیخانەی حکومەتی بەعس لە بەغدا. باقی هاوڕێیانیش لە حاڵەتێکی پڕشوبڵاوی و بەهۆی گوشاری شۆڕشی ئەیلولەوە و لەلایەکیش ناتەبایی نێو خۆیان، دەبێتە هەلێك بۆ دوکتۆر قاسملوو کە سەرلەنوێ هەوڵ بدات بۆ کۆکردنەوەی هاوڕێیان و بەستنی کۆنگرەی سێی حیزب لە بەغدا لە ١٩٧٣/٩/٢٢دا. ئەو کۆنگرەیە لە کاتێکدا گیرا کە حیزب زۆر لاواز بوو. بە کردەوە چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوو. هاوڕێیان پڕشوبڵاو بوون. ئەحمەد تۆفیقیش لە بەندیخانەی حکومەتی عێراقدا بە شێوەیەکی گوماناوی گیرابوو و چارەنووسی نادیار بوو کە سەرئەنجام تێداچوو. بەڵام دوکتۆر لەو هەلومەرجە ئاستەمەدا حیزبی بە هاوکاریی هاوڕێیان لەو ئاڵۆزیی و سەرگەردانییە ڕزگار کرد و سەرلەنوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان حیزبی چالاک کردەوە. هەرچەند بە بۆچوونی من دوکتۆر یان نەیتوانیوە تودەییەکان لە حیزب دوور بخاتەوە یان وای لە

بەرژەوەندیی حیزبدا بینیوە کە مەسڵەحەتە هێندێک لە لایەنگرانی بیری تودەیی لەنێو حیزبدا بۆ ماوەیەکی دیکەش وەمێنن چونکە ئەو کاتە یەکێتیی سۆڤیەت یەکێک بوو لە دەسەڵاتە گەورەکانی سەردەم - هەرچەند هیچ کات لە بەرژەوەندیی کوردان هەنگاوێکی هەڵنەگرت. ئەوە بوو بەشێک لە سەرکردەکانی بیری تودەیی هەر لە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیدا هەتا کۆنگرەی چوار مانەوە. لە کۆنگرەی چواردا بەشێک لە ئەندامە کۆنەکان دەنگیان نەهێنایەوە بەڵام بەهۆی بوونی ئەو گەرایەوە هەلومەرجی سیاسیی ئەودەم جارێکی دیکە کۆمەڵێکی چالاکتر و هێندێک نەناسراو لە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی سەریان هەڵدایەوە هەتا لە ئاکامدا جێگایان زیاتر لەرزۆک بوو و نەیانتوانی زیاتر لە حیزبدا بمێننەوە و بە مەرامی خۆیان بگەن. ئەوە بوو ماوەیەک دوای کۆنگرەی چوار بە ناوی لایەنگرانی کۆنگرەی چوار لە حیزب جیابوونەوە و چوونەوەی باوەشی دایک واتە حیزبی تودە و جمهوری ئیسلامی بەڵام پاش ماوەیەک بەشێکیان گەڕانەوە لای حیزب و بەشێکیان بە تەواوی چوونە لای حیزبی تودە. هەتا زەمان دەچووە پێشەوە دوکتۆر قاسملوو وەک سیاسەتوانێکی بەتوانا و بە تێگەیشتن لە ئاڵوگۆڕەکان هەمیشە پێش هاوڕێکانی خۆی هەستی بەوە دەکرد کە کوردستان پێویستی بە بیری سەردەم، بیری نەتەوەیی، بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی هەیە. بۆیە ئەم جارەیان بە بیرێکی زیاتر بەلای نەتەوەییدا دەستبەکار بوو بۆیە پێوستی بە هەڵسوکەوتی وردبینانە هەبوو کە حیزبەکە بە لەسەرخۆیی و ڕێگایەکی دروستدا بەرێتە پێش بۆ ئەوەی تووشی لەتبوون و زیان نەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ بدات بۆ هەست و بیری نەتەوەیی و کوردستانی لەنێو هاوڕێیانیدا. هەرچەند ئەو بیرە تودەییە لە کۆنگرەکانی دوایشدا ئاسەواری هەر مابوو و دوبارە لەسەر "کورتە باس" لە کۆنگرەی پێنجدا دەنگی ناڕەزایی بەرز بۆوە. سەرئەنجام دوکتۆر لە کۆنگرەی شەشدا جارێکی دیکە هێنایەوەبەر باس، ئەگەرچی ئەم جارەش دەنگیان بەرز کردەوە بەڵام دەنگیان لاواز بوو و نەیانتوانی سەرکەتوو بن. کورتە باس وەک بیرێکی نوێ هاتە نێو ڕێبازی حیزبەوە و ئاڵوگۆڕیشی بەدواوە بوو. دوکتۆر قاسملوو وەک کەسایەتییەکی بەتوانا بە دەرککردن و هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم و بیری نوێخوازی بەردەوام لەبیری ڕیفۆرم و نوێکاریدا بوو لە ڕێبازی سیاسیی حیزبدا و هەوڵی دەدا کادر و ئەندامان بە بیری نەتەوەیی پەروەردە بکات. بەڵام بەداخەوە بەهۆی شەهیدبوونی لەپێناو ئاشتی و ئازادیدا فریا نەکەوت وەک پێویست ئەو بیرە، بیری تودەیی، بنبڕ بکات، بۆیە ئێستاش کەم و زۆر بە شێوازی جۆراوجۆر لە حیزبی دێموکراتدا ڕەنگ دەداتەوە و زۆر جاریش گیروگرفت پێکدەهێنێ.

کۆنگرەی چوار تەواو بوو. شایانی باسە بەشدارانی کۆنگرە ئەو چەند ڕۆژە میوانی خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەی مەهاباد بوون. ئێمە نوێنەرانی کۆمیتەی شارستانی بانە لەلایەن کوردێکی دڵسۆزی ئەو شارەوە لە هۆتێل میوانداری کراین. هۆتێلەکە لە نزیك سەددەکەی شار بوو. هۆتێلێکی توریستی و زۆر پێشکەوتوو و خۆش بوو. هەموو جۆرە کەلوپەلێکی میوانداری تێدابوو. خەرجی پێنج ڕۆژی ئێمە ئەو کوردە نیشتمانپەروەرە کە بەداخەوە

ناوەیەکەیەم لەبیر نەماوە دای. پێم خۆشە ئاماژە بەوەش بکەم، کاک مەلا غەفور دەباغی کە لە ئەسڵدا خەڵکی بانە بوو بەڵام ناوبراو ئەو کاتە لە مەهاباد ئەژیا بەهۆی ناسیاوی و بانەیی بوونیەوە میوانداری کردین. ئەوەی ئەو شەوە بەشدار بوون لەو زیافەتەدا، مامۆستا هێمنی شاعیر بە خۆی و شیعرە بەسۆزەکانی، کاک هاشمی کەریمی، ڕەشید خانی فەیزنەژاد بە خۆی و ئامێری موسیقا و دەنگە خۆشەکەیەوە، کاک غەفوری هەمزەیی، کاک ڕەحمانی خدری، کاک کەمالی دەباغی برای کاک مەلا غەفور و ئەگەر هەڵە نەکەم وام دێتە خەیاڵ کاک مەلا ڕەسوڵی پێشنمازیش لەوێ بوون کە هەر یەک بە شێوەیەک ڕۆڵیان هەبوو بۆ ڕازاندنەوەی ئەو کۆڕە خۆشە. بەداخەوە لەو دوایانەدا کاک کەمال لە کاتێکدا بەرپرسی کۆمیتەی ناوەندی ئاژوان و بەرپرسی شاری کرماشان بووە لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە شاری کرماشان لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبیدا نۆکەرانی ڕێژیم پێدەزانن و دەسبەسەری دەکەن و تەحویلی بەندیخانەی ئەدەن و دوای چوار ساڵ ئەزیەت و ئەشکنجە لە پاییزی ١٣٦٤دا ئیعدام دەکرێت.

## هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران

بەدوای گەڕانەوەمان بۆ بانە زۆری پێنەچوو حکومەت بڕیاری دا خولی یەکەمی هەڵبژاردن بۆ شورای ئیسلامی ئێران دەستپێبکات. حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی ڕەسمی نوێنەرانی خۆی بۆ بەشداری لە شورای ئیسلامی ئێراندا بە هەموو خەڵکی کوردستان ناساند. فاروق کەیخوسرەوی بە نوێنەری سەقز و بانە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ناسێندرا. بە مەبەستی باشتر ناساندنی فاروق کەیخوسرەوی، دوکتۆر قاسملوو هاتە شاری بانە و لە مەیدانی ناوەندی شار، کە هەر سەردەمە بە ویستی دەسەڵاتدارانی ناوچە ناوێکی هەبووە و ئەو کاتە کە دەسەڵات بە خەڵک بوو ناوی مەیدانی کرێکار بوو، لەو مەیدانەدا دوکتۆر قاسملوو قسەی بۆ خەڵک کرد. حەشیمەتێکی زۆر بۆ گوێگرتن لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو هاتبوون. قاسملوو داوای لە خەڵک کرد دەنگ بە فاروق کەیخوسرەوی وەک نوێنەری حیزب بدەن. حیزبی دێموکرات خۆشەویستی سەرجەم خەڵکی کوردستان بوو. بەڵگە بۆ ڕاستی و دروستی ئەم قسەی من ئەوەیە کە خەڵک لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەڵامی حیزبی خۆیان بە بەڵێ دایەوە. ڕۆژی دوایی دوکتۆر گەڕایەوە. لە گەڕانەوەدا پێمگوت پێم خۆشە هەتا بۆکان لە خزمەتتاندا بێم. گوتی زۆرم پێم خۆشە و هێندێ قسەیشم هەیە لە ڕێگادا دەیکەین. بۆ نیوەڕۆ میوانی خەڵکی گوندی میرەدێ بووین کە زووتر خۆیان دەعوەتی دوکتۆریان کردبوو. کاتێ نزیک بە گوندی میرەدێ بووینەوە لە چەند کیلۆمەتری گوندەوە پێشوازیمان لێکرا و حەشیمەتێکی زۆری گوندەکانی دەوروبەریش بۆ پێشوازی لە دوکتۆر هاتبوونە ئەو دێیە. میوانداربییەکی کوردانە کراین. دوای نانخواردن هاتینە مزگەوت بۆ دیداری ئەو حەشیمەتە. دوکتۆر لە مزگەوت قسەی لە زۆر بواراندا بۆ خەڵك کرد. هەروەها داوای کرد خەڵك دەنگ بدەن بە فاروق کەیخوسرەوی. ئەوەی لەبیرم بێت مامە قالەی دەباغی و فاروق کەیخوسرەوییش قسەیان کرد. دوای ئەوان دوکتۆر داوای کرد منیش قسە لەسەر پێشمەرگە بکەم. گوتم دوای جەنابتان و هاوڕێیانی دیکە پێویست ناکات من قسە بکەم. گوتی ئێمە باسی ئەرک و خەباتی پێشمەرگەمان نەکرد کە ئەوە باسێکی گرینگە و پێویستە لە هەموو شوێنێك بکرێت. هەستام ئەوەندەی زانیم دەربارەی ئەرک و واجبی پێشمەرگە باسێکم بۆ بەشداران کرد. دوای هەستانمان چەند لاوێک هاتن بۆلام و گوتیان پێمان خۆشە ببینە پێشمەرگە. منیش ڕێنوێنیم کردن بۆ هێزی سەقز کە بچن لەوێ ببنە پێشمەرگە. کاتێ لە میرەدێ ڕێکەوتین دوکتۆر گوتی پێم خۆشە بێیتە لای من دانیشی، یەکێک لە هاوڕێیانی ئێمە با بچێتە ماشینەکەی تۆوە. من و دوکتۆر لە دواوە دانیشتین. یەکەم قسەی دوکتۆر دەربارەی تودیییەکان بوو. پرسیاری کرد وەزعی کادرە تودەییەکانی نێو خۆمان لە بانە چۆنە، ئاخۆ هاوکاریمان ئەکەن یان نا. گوتم ڕاستییەکەی ئێمە وەک کاری نیزامی زۆر تێکەڵیان نین، هەرچەند تەئسیریان لەسەر هێندێ لە کادرەکانی نیزامییش هەیە و زۆر جار دەیانەوێ دەخالەت لە هێندێ کاردا بکەن بەڵام بوارمان پێ نەداون. هەروەها گوتم تودیییەکان لە بانە جەماعەتیان زۆرە بەڵام پێم وا نییە ببنە گرفت. دیار بوو دوکتۆر باشتر ئاگای لە

ئەوزاع هەبوو و دەیزانی تودەییەکان شتێکیان بەدەستەوە هەیە بۆیە گوتی پێم چاکە لەنێو بەشی نیزامیدا هەرگیز ڕێگایان پێ نەدرێت کە قسەوباسی تودەیی بکەن، و هەر زەمان هەستت کرد کە کادرێکی نیزامی بۆنی ئەوانی لێ دەکرێت ئەتوانی لە بەشی نیزامی دووری بخەیتەوە. لێرەدا بۆم پرسیارە بۆچی دوکتۆر قاسملوو کاک فاروقی کەیخوسرەوی وەك نوێنەری سەقز و بانە لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا دیاری کردبوو لە کاتێکدا بۆچوونی ئاوا بوو لەسەر تودییەکان؟ ڕێگای میرەدێ - بۆکانمان بە قسەوباس لەسەر تودەییەکان بڕی. گەیشتینە بۆکان و چووینەماڵی کاک ئەبوبەکری هیدایەتی. دوای حەسانەوە، ئیجازەم لە دوکتۆر وەرگرت و بەرەو بانە گەڕامەوە. شیاوی باسە پێش ئەوەی نوێنەران بچنە مەجلیسی شورای ئیسلامی لە تاران وتووێژەکان گەیشتنە بنبەست و بێ ئاکام مانەوە. هیچ یەک لەو نوێنەرانەش کە لەو دەورەدا خۆیان ئامادە کردبوو ڕێگەیان پێ نەدرا بچنە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێرانەوە. ڕێژیم لەو ماوەدا هێزەکانی خۆی ڕێکخستەوە و هێندی پاکسازیی لەنێو ئەرتەشدا کرد. ئەو جارە بە ئەزمونێکی دیکەوە شەڕی بەسەر گەلی کورد و کوردستاندا سەپاندەوە. ئیتر ڕێژیم کەوتە هەڕەشە و پلان بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە شارەکاندا.

## شەڕی یەک مانگەی شاری بانە

ئەو ڕۆژانە فڕۆکە شەڕکەرەکانی کۆماری ئیسلانی بە زۆری دەهاتنە سەر ئاسمانی بانە و بە مەبەستی ترساندن و تۆقاندنی خەڵك بە دەنگێکی زۆر بەرزەوە بە نزمی بەسەر شاردا لەگەڕدا بوون. بۆ ئاگاداری، هەتا ئەو ماوەیە کە وتوویژ لەگۆڕێدا بوو پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوان ئێمە و فەرماندەی پادگاندا هەبوو. ڕۆژانە سەرباز و دەرەجەدار بۆ کڕینی کەلوپەل بەبێ چەك دەهاتنە نێو بازاڕەوە. ئێمەش بەرمان پێ نەدەگرتن. ئەوە وەکو ڕێککەوتنێک وا بوو لە نێواندا. کاتێ فڕۆکەکانی ڕێژیم وەك هەڕەشەیەك لە خەڵك دیواری دەنگیان لەسەر ئاسمانی بانە شکاند، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ فەرماندەی پادگان ناڕەزاییم بەرامبەر ئەو کارەیان دەربڕی. لە وەڵامدا بە ڕاشکاوی گوتی ئێوە پیاوی بێگانەن و دەبێ شار چۆڵ بکەن دەنا بەزۆر پێتان چۆڵ دەکەین. بەدوای ئەم قسانەی فەرماندەی پادگاندا بێ ڕاوەستان چووم بۆ دەفتەری سیاسی و بۆلای شەخسی دوکتۆر قاسملوو و وەزعەکەم بۆ باس کرد. گوتی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی بانە قسە بکە بزانە ئەوان بۆچوونیان چییە لەسەر چوونەسەر پادگان و گرتنی، ئەودەم لە ئاکامی کۆبوونەوەکە ئاگادارم بکەرەوە. هەر ئەو کاتە هێندێ چەکوچۆڵەمان درایە بەڵام بە ناتەواوی. بۆ نمونە هێزی بانە خاوەنی دوو کالیبر ٥٠ بوو کە هەر دووکیان کاری تەواویان نەدەکرد. دوای تەقاندنی یەک شریت فیشەک ڕادەوەستان. بەکورتی، ئێمە لە بەرامبەر هێزی ئاسمانیدا لاواز بووین و کارێکی ئەوتۆمان پێ نەدەکرا. هەروەها تۆپ و هاوەنی گەورە و ڕووخێنەرمان نەبوو بۆ لێدانی خانووەکانی پادگان، کە ئەوە شتێکی زۆر پێویست بوو. کاتێ گەیشتمەوە بانە دیتم کۆمەڵە، چریک و دەفتەری مامۆستا سەنگەریان گرتبوو و لە حاڵەتی لێداندا بوون. تەنیا ڕێگا ئەوە بوو داوام لێیان کرد بۆ گرتنی کۆبوونەوەیەک و بڕیاردان بۆئەوەی ئاخۆ لەنێو شاردا شەڕ بکەین یان نا، و هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە دەستپێنەکا. دۆستان بە داواکەمەوە هاتن و کۆبوونەوە پێکهات. لەڕاستیدا ئێمە بڕیارمان لەسەر چوونەسەر پادگان بدایە یان نا، ئەو ڕێکخراوانە پێشەکی بڕیاری خۆیان دابوو. تەنانەت وەستا ئەحمەدی مێعمار لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی شار، کە لایەنگری کۆمەڵە بوون، هاتن بۆ بنکەی حیزب و زۆر بەتوندی ناڕەزاییان دەربڕی کە بۆچی ئێمە، حیزبی دێموکرات، دەستبەکار نابین. ئێمەش لەژێر ئەو فشارانەدا بڕیاری شەڕی نێو شارمان دا. ئاکامی ئەو بڕیارەشم بۆ سەرەوە ناردەوە و ئەوانیش چرای سەوزیان لێدا. ئەوە بوو لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا ناوەندێکی نیزامیی هاوبەشمان پێکهێنا. دوای پێکهێنانی ئەو ناوەندە بڕیاری گرتنی پادگانمان بەپێی نەخشە و پلان داڕشت. بەشی زۆری جەبهەکان لە ئەستۆی پێشمەرگەکانی حیزب بوون. ئیتر لەو ڕۆژەوە هەر شەوە بە شێویەک لە پادگانمان ئەدا. ڕۆژانە لە شوێنی تایبەتی، واتە بنکەی هێزەوە کە جێگامان گواستبۆوە بۆ ژێرزەمینی خانوویەک، چەند جار سەردانی سەنگەرەکانی دەوروبەری پادگانم دەکرد. لەم هاتوچوانەدا زۆر جار لەسەر ڕێگا و شەقام و کۆڵانەکاندا خەڵکی بێتاوانم دەبینی کە

بەهۆی تۆپبارانی پادگانەوە شەهید و بریندار بوون. هەر لە شەوی یەکەمدا یەکێک لەو شەهیدانە کە هاتمە سەر خوێنی سوور و گەرمی، شەهید برایم خانی ئامۆزام بوو. جەنازەکەی لەوێ نەمابوو، خەڵکی ئازا و خۆڕاگری بانە ڕایانگواستبوو بۆ گوندی بۆیەنی خواروو. زۆربەی شەهیدەکانی ئەو شەڕە یەک مانگییە لە گۆڕستانی شەهیدانی بۆیەن بە خاک سپێردران. کاتێ گەیشتمە ئەو شوێنەی برایم خانی لێ شەهید بوو، کەسێکم لەو نزیکە بینی و لێم پرسی ئەمە خوێنە، دەبێ کەسێک شەهید بووبێت؟ گوتی بەڵێ، بەداخەوە برایم خانی خزمت بوو، جەنازەکەیان برد بۆ گوندی بۆیەن. شەهید هەموویان سەربەرزن، هەموویان وەک یەک ئازیزن، بەڵام ناکرێت کەسێک هاوڕێی نزیکی خۆت بێت، دونیایەك بیرەوەریت لەگەڵیدا هەبێت، خەمی لەدەستدانی ڕاتنەتڵەکێنی و نەتخاتە پەژارەوە. ماوەیەکی درێژ لەسەر خوێنی شەهید برایم ئەحمەدی مامەوە و کەوتمە دنیای خەیاڵات و بیرەوەرییەوە، بیرەوەری ئەو کاتانەی پێکەوە بووین و قسەمان لە داهاتوو و ئازادیی و سەربەستی نیشتمانەکەمان دەکرد.
لە حەوتووی دووەمەی ئەم شەڕەدا لەسەر داوای هێزی بانە لە دەفتەری سیاسی لکێکی پێشمەرگەی هێزی زمزیران لە سەردەشتەوە بە فەرماندەیی کاک ئەحمەد نستانی بۆ هاوکاری هات بۆ بانە. ئەو لکە تۆپێکی سەدوپێنجی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە هومێدێکی زۆری پێدابین. لەڕاستیدا پادگان زۆر لاواز بووبوو، تەنیا چەند تانك و سێ زرێپۆشیان هەبوو بۆ پارێزگاریی لە خۆیان. بەڵام بە شێوەیەکی نامرۆڤانە بەردەوام بە خومپارە شاریان ئەدایە بەر دەستڕێژ و هیچ کوێیەکیان نەدەبوارد. ڕۆژانەش فانتۆم و هەلیکۆپتەرەکان نێو شاریان ئەکوتا و بەوپەڕی بێبەزییانە دەستیان لە هیچ کوێیەک نەدەپاراست. شار جگە پێشمەرگە و تاکوتەرا خەڵکی شار کە لە ژێرزەمینی خانووەکاندا مابوونەوە، بەتەواى چۆڵ کرابوو. ژن و منداڵ هەموویان چووبوونە دێهاتەکانی دەوروبەر. تەنیا هێزی پێشمەرگە لەنێو شاردا مابۆوە. لەم شەڕەدا چەندین داستانی قارەمانانە لەلایەن پێشمەرگەکانی حیزب و باقی هێزەکانی دیکەوە تۆمار کران. شایانی باسە لە هێرشێکی دەستوبرد و شۆڕشگێڕانەدا بۆسەر بنکەیەکی سەربازی لە بەرزایی چیای ئاربەبا بە فەرماندەیی کاک فەتاح ئەحمەدی و پێشمەرگە ئازاکان و چەند سەرپەلی ئازای وەک عێزەت پەیڕەوان، عەلی‌یە ڕەش، دەست بەسەر بنکەکەدا گیرا و دوای کوژرانی هێندێک لە چەکدارەکان، ئەوانی دیکە بە دیل گیران و باقی لە تاریکیی شەو کەڵکیان وەرگرت و خۆیان بە پادگاندا کردەوە. ئەوەی زۆر گرنگ بوو ئەو بەرزاییەی کێوی ئاربەبا بوو کە کەوتە دەستی پێشمەرگەی حیزب و هەتا ئاخری شەڕ فەرماندەیی و پاراستنی ئاربەبا بۆ بەرگری لە دابەزاندنی هێزی ڕێژیم بەهۆی هەلیکۆپتەرەوە لە ئەستۆی لکی کاک فەتاح ئەحمەدی بوو. دیارە جاروباریش ئاڵوگۆڕ بە پەلەکان دەکرا لەم شوێن بۆ ئەو شوێن. دروست یەک مانگی کێشا و پێشمەرگەی ئەو لکە بە هاوکاری لکەکانی دیکە بە نۆرە تا کۆتایی شەڕ کێوی ئاربەبایان پاراست. بە درێژایی ڕۆژ فڕۆکەی شەڕکەر و هەلیکۆپتەر بۆمباران و مووشەکبارانیان دەکرد و هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە بتوانن

پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکانیان دەرپەڕێنن و هێزی خۆیانی لێ دابەزێنن. بەڵام پێشمەرگەکانی هێزی ئاربەبا سەنگەرەکانیان بۆ یەک چرکەسات چۆڵ نەکرد و هەتا دوا بڕیار لە شوێنی خۆیاندا مانەوە. لە حەوتووی دووەمدا بڕیارمان دا هەر چۆنێک بێت بچینە نێو پادگانەوە. جەبهەکان دابەش کران. کۆمەڵە لە بەشی ڕۆژهەڵات لە بەربناری ئاربەباوە، چریک فیدایی لەلای گۆڕستانی سلێمان بەگەوە لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەی حیزب، دەفتەری مامۆستا لە دەروازەی پادگان لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەی حیزب و لە شیوی سۆغانان ڕاستەوخۆ حیزب بەشداری کرد. جەبهەی سۆغانان جەبهەیەکی قایم بوو کە بەشی ژاندارمری بوو. ڕیزێک خانووی کۆنکرێت و بە ئاسن دروستکراوی لێبوون و لە پێشی خانووەکانیش خەندەقی قووڵ دەوراودەور هەڵکەندرابوون. لە پێش ئەویشەوە بە سیمی خاردار (تەلی دڕکاویی) پەرژین کرابوو. شەوانەش بە هێزێکی زۆرەوە بە هەموو جۆرە چەکێک پاسەوانی دەکران. هەموو هێزەکان وەک کۆمەڵە، چریک و دەفتەری مامۆستا بەشدارییان کرد. لە کاتی دیاریکراودا هەر هێزە لە جەبهەی خۆیەوە هێرشی کرد. من خۆم لە بەشی جەبهەی سۆغانان بەشداریم کرد. لەم هێرشەدا پێشمەرگەی لکەکانی یەک، دوو و سێ بە فەرماندەیی مامە قالە، عومەر هۆمەر و سەرپەل و پێشمەرگە ئازاکانی ئەو لکانە بەشداریان کرد. شەڕێکی زۆر قارەمانانە کرا. بەشێک لە پادگان گیرا و پێیان چۆڵ کرا. هەر لە یەکەم دەسپێکدا کۆمەڵە چەند شەهید و برینداریان دا. ئەوان شوێنەکەیان دەشتایی بوو و شەوەکەی مانگەشەو و زۆر ڕووناک بوو. ناچار بوون بەهۆی هێنانەوەی شەهید و بریندارەکانیان و ڕووناکی مانگاشەو پاشەکەشە بکەن. ئێمە پێشمەرگەی حیزب لە جەبهەی خۆمانەوە توانیمان لە تەلی دڕکاوی بچینە ئەودیو خەندەقەکان و سەنگەری پێش خانووەکان بگرین. زۆری پێنەچوو توانیمان بچینە نێو خانووەکانەوە. بەشێکی زۆر کوژراو لە خەندەقەکان و لەنێو خانووەکاندا بەجێ مابوون. ئەوی زیندوو مابوو هەڵاتبوو بۆ بەشی خانووەکانی ئەرتەش و تانك و زرێپۆشەکان کە وەک ڕەهێڵەی باران بە هەموو جۆرە چەکێک پارێزگاریان لەو بەشە دەکرد. ئێمەش فەرماندەیەکی پەلمان بە ناوی خاڵە کەریم، ناسراو بە کەریم سووتاو، بریندار بوو کە برینەکەی سەخت بوو. ئەوەش هێندێ کاری ئێمەی دواخست. هەتا هێندێک بە خاڵە کەریم ڕاگەیشتین شەو هاتە کۆتایی و وردەوردە هەوا ڕووناک بۆوە. ئیتر ئاسان نەبوو لە ڕۆژی ڕووناکدا لەو خانوانەدا وەمێنین. لەلایەک تانکەکان بە تۆپ لێیان دەداین و لەلایەکی دیکەوە چاوەڕوان دەکرا فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکان بە مووشەک خانووەکانمان بەسەردا بڕووخێنن. بڕیارمان دا لە خانووەکان پاشەکشە بکەین و بگەڕێینەوە نێو شار. لە حەوتووی سێیەمدا پەنامان بردەبەر ئەو تۆپەی کە لە سەردەشتەوە هێزی زمزیران لەگەڵ خۆی هێنابووی. لە گردەکانی نێوان گوندی خواجامیر و کەوپێچ تۆپەکەمان لە شوێنێکی قایم و باشدا دوور لە دیتنی هێزی ئاسمانی دوژمن دابەست. ڕاستییەکەی ئەگەر چەند تۆپێک لە پادگان بدرایە هێزی دوژمن بەتەواوی ئەڕووخا و ئەگەری خۆبەدەستەوەدانی زۆر بوو. بەڵام بەداخەوە تۆپچییەکەمان نەیتوانی یەک گوللە لە خانووەکانی پادگان

بدات. هەر گوللەی بۆ شوێنێک ئەچوو. بەو هەڵەوپەڵەی گوللە تۆپەکان پادگان لەوە دڵنیا بوو کە تۆپچییەکەی ئێمە ئەو شارەزاییەی نییە، ئیتر ئەو مەترسییەشیان نەما. جێگای باسە ڕۆژانە دەیان جار هەلیکۆپتەر سەرباز و پاسداری لەگەڵ زەخیرەی شەڕ و خواردەمەنی لەنێو پادگاندا دادەبەزاند. هەروەک پێشتر باسم کرد، ئێمە تەنیا دوو دانە کالیبرپەنجای ئەمریکیمان هەبوو کە ئەوانیش کاری پێویستیان نەدەکرد. بەڵام جەماعەتی دەفتەری مامۆستا دۆشکەی ڕووسی‌یان هەبوو کە زۆر توانایی هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکان. هەرچەند جاروبار بەکاریان دەهێنا. لەوە دەچوو ئەوانیش وەک پێویست نەیاندەتوانی یان نەیاندەزانی بەکاری بهێنن. لە سەرەتای حەوتووی چوارەمدا ڕۆژێک لەناکاو چەند هەلیکۆپتەر لە کێوێك لە نزیک گوندی قایبەرد کە دروست بەرامبەر پادگان هەڵکەوتووە و پشتی جەبهەی سلێمان بەگ بوو، هێزێکی لە سوپای پاسداران دابەزاند. هەر کە دابەزین دەستبەجێ دەستیان کرد بە سەنگەرلێدان. گرتنی ئەو شوێنە بۆ هێزەکانی ڕێژیم بەتایبەت بۆ پاریزگاری لە پادگان و تێکدانی بەشێک لە جەبهەکانی ئێمە، دەسکەوتێکی گرنگ بوو بۆ دوژمن. دەستەیەک لە پێشمەرگە لەخۆبوردووەکانی لکی یەک بە فەرماندەیی کاک عەلی عەزیزی، هێرشیان کردەسەر ئەو هێزە تەکاوەرانەی کە لەو بەرزاییە سەنگەریان گرتبوو. لە لایەکیش پادگان بە تۆپ و هەلیکۆپتەرەکانیش بە هەموو جۆرە چەکێک پارێزگارییان لێ دەکردن. بەڵام پێشمەرگەکان توانیان لە چەند سەعاتدا هەموویان لەنێوبەرن یان بە دیل بیانگرن. ئەوە زەربەیەکی کوشندە بوو لە پەیکەری هێزی دوژمن و ئیتر لەوەدوا غیرەتی نەکرد لە هیچ کوێیەک هێز دابەزێنێ. حەتووی چوارەم هەر بە شێوەی حەوتووەکانی پێشوو تۆپبارانی پادگان و مووشەکبارانی فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکان بەردەوام بوو و هێزی پێشمەرگەیش شەو نەبوو بە تاکتیکی نوێوە بۆسەر گۆشەیەکی پادگان هێرش نەکات. لە ماوەی ئەم چوار حەوتووەدا کەم کات هەبوو گرمەی تۆپ و ویزەی گوللە و شریخەی فڕۆکە لە گوێ ببڕێت. ڕۆژێک شەڕەکە زۆر گەرم بوو. ئەو ڕۆژە فڕۆکە شەڕکەرەکان و هەلیکۆپتەرەکان لە تەوای ڕۆژدا بە چڕی بۆمبارانی نێو شار و بەرزاییەکانی ئاربەبایان کرد. دیار بوو ئەوە پێش هێرشی هێزیکێ دیکەی دوژمن بوو کە لە ڕێگادا بوو بەرەو بانە. ئێمە تا ڕۆژی هاتنی ئاگامان لێی نەبوو. لە هێرشی ئەو ڕۆژەدا هەلیکۆپتەرەکان ئەوەندە نزم دەبوونەوە کە بە ئاسانی چەکی دەستمان دەیگێشتێ. ئەوە بوو دروست لەسەر بەرزایی ئاربەبا بە ڕووی پادگاندا هەلیکۆپتەرێک کەوتە خوارێ. فڕەکەوانەکەی توانی سەربەرەوخوار خۆی بگەیێنێتە نێو پادگان. لە سەرەوە چەند هەلیکۆپتەری دیکە بە خەستی سەنگەری پێشمەرگەکانیان ئەکوتا بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان نەتوانن فڕۆکەوانەکە بگرن. زۆری پێ نەچوو هەلیکۆپتەرێکی دیکە لەسەر پادگان دووکەڵی لێهەستا و کەوتەخوارێ. هێزی دوژمن کەمتر دەیوێرا لە خانوو و سەنگەرەکانیان بێنە دەرێ، بۆیە نەیانوێرا بچن بۆلای هەلیکۆپتەرە سووتاوەکە و فڕۆکەوانەکانی. گومانی ئەوە دەکرا کە فڕۆکەوانەکان لەنێو هەلیکۆپتەرەکەدا سووتابن. ئەو ئێوارەیە گەورەترین سەرکەوتن و دەسکەوت بوو کە دوو

هەلیکۆپتەر لە ماوەی چەند سەعاتدا بخەینە خوارێ. ئەم چالاکییە هیوای ئەوەی پێداین کە لە ڕۆژانی دواییدا پادگان بە ناچاری تەسلیم بێت. بەڵام هیواکانی ئێمە و هێزی زۆر و زۆرداری دوژمن دوو شتی لێک جیاواز بوون. لە ئاخری ئەو حەوتووەدا هێزێکی تەیار بە هەموو چەکێکی قورس و سووک بە مەبەستی گرتنەوەی بانە و پشتیوانی لە پادگان لەگەڵ گوردانێکی زرێهی کە بریتی بوو لە شانزە تانك و چەند زرێپۆش لە ڕێگای سەقزەوە گەیشتە کەلیخان. ئێمە تا گەیشتنی ئەو هێزە و نزیکبوونەوەی لە کەلیخان لە دە کیلۆمەتری بانە، ئاگامان لە هاتنەکەی نەبوو. بەڵام وەک پێویست پەلێک پێشمەرگەمان لە پێچەکانی گوندی سەبەدڵو دانابوو بۆ ئەوەی ئەگەر هێزی دوژمن لەناکاو سەریهەڵدا ئەوە بەرنگاری ببنەوە و ڕایگرن هەتا هێزی پێشمەرگەی دەگاتێ. کاتێ هێزی ڕێژیم دەگاتە کەلیخان ئیمە لەنێو شار بووین و ئاگادار کراین. بەشێک لە پێشمەرگەکانم ئاگادار کردەوە کە بەرەو گوندی سەبەدڵو بکەونە ڕێ بۆ هاوکاری هاوڕێیان. چەند سەعاتێکی ڕۆژ مابوو هێزی ڕێژیم گەیشتە دوایین پێچەکانی خوارەوەی سەبەدڵو بەرەو بانە. پێشمەرگە دلێرەکانی لکی ٣ بە فەرماندەیی عومەر هۆمەر و دوو پەل پێشمەرگەی لکی ٢ بە فەرماندەیی عێزەت پەیرەوان و عەلی حەنیفی دەستپێشخەر دەبن بۆ لێدانی ئەو هێزە. لە یەکەم دەستڕێژی خۆیاندا بە ئارپیجی چەند تانکێکی پێشی جەبهەی دوژمن ئەپێکن و دەیانسووتێنن و ئەچنە سەریان. شۆفیرەکانیان دێنە دەرێ و خۆیان تەسلیمی پێشمەرگە دەکەن. بەدوای ئەو چالاکییەدا پێشمەرگە لە هەموو لایەکەوە ئاگربارانیان دەکەن. بەشێکی زۆر لە هێزی ئاربەبا و هێزەکانی دیکەی کوردستان خۆیان دەگەیێننە شوێنی شەڕەکە و هەر کەس بە ئەندازەی خۆی بەشێکی جادەکە لە هێرشی دوژمن دەپارێزێ. هەرچەند هێزی ئاسمانی ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا بەڵام هێزی پێشمەرگە لە خۆی ڕادەبینی بەرەنگاری ئەو ستونە بێتەوە و لە ئاکامدا دوای شەڕێکی قارەمانانە توانی ئەو هێزە گەورەی دوژمن تەسلیم بکات. بەڵام بەشی زۆری سەرباز و پاسدار کە لەنێو دار و دەوەندا خۆیان شاردبۆوە توانیان لە تاریکایی شەودا خۆیان ڕزگار بکەن و لە ناوچەکە دوور بکەونەوە. لە شانزە تانك یانزەیان بە کۆمەڵێك دیل و دەسکەوتێکی یەکجار زۆرەوە کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە و لایەنەکانی دیکە. لەو یانزە تانکە چواریان بەشی حیزب بوو کە یەکیان درا بە لکی هێزی زمزیران و سێ دانەکەی دیکە پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکاندا لە جەبهەکە دووریان خستنەوە و بەشێکیش لە ماشینکانیان کە لەکارکەوتبوون ئاگریان تێبەردرا و سووتێندران. جێگای باسە ئەو تانکانە هەموویان بە ساخی و بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ گەیبێت خۆیان بەدەستەوە دا و هەر بە خودی شۆفیرەکانەوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەدا لە جەبهەکە دوورخرانەوە. ئا لەم کاتەدا جەماعەتێک لە پێشمەرگەی کۆمەڵە لەنێو شارەوە بە مەبەستی بەشداری و هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوڕێیانی خۆیان لەم شەڕەدا بەنێو دار و دەوەنی چۆمی بانەدا هەڵدەگەڕێن بۆ شوێنی شەڕەکە. پادگانیش دەیزانی کە بەردەوام لە شارەوە هێزی پێشمەرگە دەچێت بۆ پشتیوانی ئەو پێشمەرگانە، بۆیە بەردەوام ڕێگای نێوان شار و

سەبەدڵوی بە تۆپ دەکوتا. بەداخەوە چەند پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ڕێگای چۆمی بانە بۆ جەبهەکە کە تەنیا چەندسەد مەترێک لە شارەوە دووره شەهید و بریندار دەبن. ئەوەی من لەنێو ئەو پێشمەرگانەدا دەمناسین حامید تاهیری بوو کە لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەی ئەحمەدی‌یەکان و کوڕی حەمەکەریم بەگی پیاوێن بوو. شەهید حامید لاوێکی تازەپێگەیشتوو بوو، مرۆڤێکی زانا و بەتوانا و دڵسۆز بوو. هەر ئەو شەوە پێشمەرگەکان کە زۆر ماندوو و هیلاک بوون، ئەوەی لەو جەبهەیە بوو دوورکەوتنەوە بۆ حەسانەوە. ئەو پێشمەرگانەی لە شار بوون لەوان ماندووتر بوون بۆیە بۆ ڕۆژی دوای ڕێگای کەلیخان چۆڵ بوو و هیچ هێزێکی پێشمەرگەی لێ نەما. بەیانی زوو هێزێکی گەورەتری حەساوە بە هاوپشتی چەند هەلیکۆپتەر دەگەنە بەرزایی کەلیخان و بە جادەدا دێنە خوارێ بەرەو شاری بانە. هەلیکۆپتەرەکان بەردەوام ئەو پاسدار و سەربازانەی کە لە دار و دەوەندا خۆیان شاردبۆوە هەڵدەگرنەوە. ئەو هێزە تازە بەبێ تەقە و لێکدان گەیشتە گوندی ڕەشەقەڵات لە چەند کیلۆمەتری بانە. با ئەو ڕاستییەش بگوترێت، پێشمەرگە ماندوو بوو و هێزێکی ئەوتۆم لەلا نەمابوو، ڕێکخراوەکانی دیکەش هەر یەک بۆ حەسانەوە ڕوویان کردبووە جێگایەک. ئەوەی کە هەبوو نزیک بە دە پێشمەرگەیەک دەبوو کە لەنێو شار لەلام مابوونەوە. ئەگەر پێشمەرگەی ڕێکخراوەکانی دیکە یان پێشمەرگەی حیزب لەنێو شاردا بووبن من ئاگام لێیان نەبوو، بۆیە چەند پێشمەرگەیەکەم نارد بۆ گەڕان بەدوای پێشمەرگەدا لە بنکەکانی نێو شار بەڵکو هێندێ پێشمەرگە پەیدا ببن کە لانیکەم تاکو شەو نەهاتووە و هێزی دوژمن جێگایان قایم نەکردووە دەستی خۆمان بەوەشێنین، بەڵام بەداخەوە پێشمەرگەیەکی ئەوتۆیان نەدیبوو. تەنانەت ئەکرێت بڵێم ئەو شەوە بانە بەتەواوی چۆڵ کرابوو. لە هەمان کاتدا پادگانیش کەیفی خۆش بوو کە هێزی کۆمەکی لە چەندکیلۆمەتری خۆی دەبینی بۆیە بە هەموو جۆرە چەکێک بە هەر چوارلادا ئاگربارانی شار و دەوروبەری شاری دەکرد. دوای ماوەی مانگێك بەو ئاکامە گەیشتین کە ئیتر ناتوانین لە شاردا وەمێنین، بۆیە لە دەمەو بەیانییەکدا شارمان چۆڵ کرد و چووینە گوندی بۆیەنی خواروو. لەوێ هێندێک حەساینەوە. ڕۆژانی دواتر بەرەو گوندی بلەکێ ڕۆیشتین. ئەوەی کە تۆ ئەتویست لە بلەکێ کۆببۆوە و ئەبینرا، پڕ بوو لە پێشمەرگە، لە خەڵکی شار، حەشیمەتێکی یەکجار زۆری لێبوو کە حەوانەوەیان زۆر زەحمەت بوو. ئەوەندە لەوێ نەماینەوە و بەرەو گوندەکانی بناری سوورکیۆ ڕۆیشتین. بەشی زۆری هاوڕێیان چووبوونەوە ئەو گوندانە کە لە ئەساسدا بنکەی هێز و کۆمیتەی شارستان لەوێ بوون، واتە نیراون و مووچە. کۆمیتەی شارستان و هێز و لکەکان هەموویان چوونەوە شوێنەکانی خۆیان. بۆ بەیانییەکەی ئەو هێزە نەیوێرابوو بە نێو شاردا بڕوات ناچار بە دەشتی شاردا، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شار، لە ڕێگای قەسابخانەوە دەچێتە نێو پادگانەوە. دوای چەند ڕۆژ کە وەزعی شاریان لێ حاڵی دەبێت، پێشەکی بە تانك و سەرباز دەوری شار دەگرن ئەوجار دێنە نێو شارەوە و بەم جۆرە شاری بانە دەگیرێتەوە. پێویستە هۆی شکست و سەرنەکەوتن بۆ گرتنی پادگانی بانە و زیان و خەساری ئەو شەڕە بەپێی ئاگادارییەك کە

هەمبوو لێرەدا باس بکەم. کەم دیتراوە هێزێکی پارتیزان وەک شەڕی جەبهەیی لە بەرامبەر دوژمندا بوەستێت لە کاتێکدا زۆر جار و لە زۆر شوێندا پێشمەرگەی حیزب بە دەستوری ناوەند بە درێژایی چەندین مانگ وەک دوو بەرەی شەڕ وەستاوە و شەڕی کردووە کە لە کۆتاییدا پێشمەرگە دوای کۆمەڵێک خەسار ناچار پاشەکەشەی کردووە. کاری پارتیزان و هێزێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە داواکەی دەبێت بەرنامەی درێژخایەنی هەبێت، وەک بوونی پێشمەرگە لە گۆڕەپانەکە و بوونی ڕێکخستنی بەتوانا لە شارەکان کە بتوانێ درێژە بە خەبات و بەرخودان بدات. پێشمەرگە دەبێ خۆڕاگر و بەپشوو بێت و لە هەموو کوێیەک حوزوری هەبێت و دوژمنیش کەمتر بیبینێ. کاری پارتیزان ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا دەست بوەشێنێ و دەرچێ؛ شەو لە شارەکان، لە کوچە و کۆڵانان چالاکیی خۆی بکات و دواتر خۆی ون بکات. ڕێخستنەکانی نێو شار دەبێ دابیم لە کەمیندا بن بۆ دەستوەشاندن لە دوژمن. پێشمەرگە لە شەو و ڕۆژدا دەبێ لە گۆشە و ڕێگاوبانەکاندا بۆسە بۆ دوژمن دانێ و لە کاتی گونجاودا لێیدا و دەرباز بێت. پارتیزان دەبێ شوێنە ستراتیژییەکانی دوژمن بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە و لە هەر کاتێکدا هەلی گونجاوی بۆ هەڵکەوت دەستی خۆی بوەشێنێ و ئەمنیەت و ئاسایش وا لێ بکات کە دوژمن لە هیچ کات و ساتێکدا ئیسراحەتی نەبێت. بەکورتی، لایەنی بەرامبەر هەراسان بکرێت بۆئەوەی ناچار ببێت بە ملدان بۆ پەسندکردنی داوای پێشمەرگە. خۆڕاگریی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا هەرچەند وورەی دوژمنی زۆر دابەزاندبوو بەڵام پێشمەرگەیشی هیلاک کردبوو. ئەم هیلاکی و ماندووییە وای کردبوو کە پێشمەرگە زۆر جاران وەڵامی فەرماندەی نەدەدایەوە و بە دڵی خۆی دەکرد. نمونەی ئەمە دوایین ئێوارەی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ دوژمن لە جادەی کەلیخان- بانە بوو کە پێشمەرگە لە ماوەی ئەو مانگەدا ئەوەندە ماندوو بووبوو کە ئیتر بۆخۆیان بڵاوەیان لێکردبوو و ڕۆژی دوایی کەسمان نەبوو بەرگری بکات بۆیە دوژمن بە ئاسانی توانی ئەو سەرباز و پاسدارانەی کە لە دەوەنەکانی ڕێگای کەلیخاندا کە ڕۆژی پێشوو تێکشکابوون و خۆیان شاردبۆوە، کۆبکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەبێ شەڕ هاتە دەشتی ڕەشەقەڵات لە چەند کیلۆمەتری بانە. ئەمە وا ناگەیێنێ کە پێشمەرگە خاوەنی دیسیپلین نییە یان لە بەرەی شەڕ بێزارە؛ لەڕاستیدا ئەگەر زۆر کەمتر لەوەیش سەربازی سوپایەکی زۆر بەپرنسیپ هیلاک بکرێت و خواردن و خواردنەوە و کەرەسەی شەڕی پێ نەگات، هەرگیز ئەمری فەرماندەی قبوڵ ناکات، ئیتر یان خۆی تەسلیم دەکات یان بەرەی شەڕ چۆڵ دەکات. بە ئینسافەوە قسە بکەین، ئەوەندەی کە پێشمەرگە بەردەوامە لە گەیشتن بە ئامانج و حازر نییە سەنگەر چۆڵ بکات، بەو کەرەسە کەمەیش کە هەیەتی، سەربازی هیچ سوپایەکی پۆشتە و پەرداخ ئەو تواناییەی نییە. چونکە پێشمەرگە بە باوەڕەوە ئەجەنگێ و پارێزگاری لە نیشتمانی داگیرکراوی دەکات. بەڵام دیسان ئەو خۆڕاگرییەش سنووری هەیە. مرۆڤ چەندە ئەتوانێ لە سەرما و گەرمادا بێ نان و کەرەسەی شەڕ ڕاوەستێ؟ تەنیا هەر پێشمەرگەیە کە خاوەنی ئەو باوەڕەیە و ئەتوانێ ئەوەندە خۆڕاگر بێت. نمونەیەکی دیکە، پێشمەرگەی

ئێمە لە تەواوی ئەو مانگەدا هەر ئەو جەماعەتە بوو کە شەو و ڕۆژ لە سەنگەردا بوو. ئەکرێت بڵێم لە تەواوی ئەو ماوەدا زۆر پێشمەرگە هەبوون کە نەیانتوانیبوو بۆ جارکێش خۆیان بشۆن یان جلەکانیان بشۆن و کەمێک بە خۆیان ڕابگەن. هەروەها خواردن و خواردنەوەیشیان وەک پێویست پێ نەگەیشتووە، بەڵام دەڵنیام ئەگەر هەر ئەو ڕۆژانە هێزی یارمەتیدەر نەگەیشتایە پادگان لەگەڵ ئەوەشدا کە نان و ئاو و کەرەسەی شەڕ و جێگای ئیسراحەت و سەنگەری قایمیان هەبوو، بەهۆی درێژبوونەوەی شەڕ و ماندووبوونیان پادگان تەسلیم دەبوو. بەڵام دوژمن دەوڵەمەندە و هێزی سەربازیی زۆرە، ناچێت بە هێزێکی ماندووەوە بچێتە بەرەکانی شەڕ. ئەوە بوو ڕۆژی دوایی هێزێکی تازەنەفەس و بەتواناتری هێنا کە ئاگای لە شەڕی ڕۆژی پێشوو نەبوو کە هاوڕێکانیان چییان لێ بەسەر هاتووبوو. بەڵام هێزی پێشمەرگەی ئێمە خوێنی سووری هاوڕێکەی شەڕی دوێنێی هەر لەبەرچاو بوو، ئەمە جگە لە ماندووبوون و هیلاکی. نەبوونی و بێ ئیمکانی و بێ خەوی و بێ ئیسراحەتیش لەوێ بوەستێت. ئا لێرەدایە دەردەکەوێت کە پێشمەرگە چەندە بەتوانا و خۆڕاگرە؛ دوای دوو ڕۆژ حەسانەوە هەمان پاڵەوانی سەنگەرە.

لە کاتی نووسینی ئەم بیرەوەرییەدا بە تەلەفۆن و بە دیتن لەگەڵ چەند هاوڕێی بەشدار لەو شەڕەدا قسەم کرد، بەڵام هیچ کامیان لەبیریان نەمابوو شەهیدی شەڕی یەک مانگەی بانە چەند کەس بووە. هێندێک لە هاوڕێیان پێیان وایە بە پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنییەوە بیست و چوار کەس بووە. هێندێکیش پێیان وایە حەڤدە کەس بووە. بەڵام بە باوەڕی خۆم حەڤدە کەسەکە زۆرتر لە ڕاست ئەچێت. لە هەموویان ڕاستتر ئەرشیڤی حیزبە کە بەداخەوە لە کاتی نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانەدا دەستم پێی ڕانەگەیشت هەتا بە دروستی ئەو ژمارەیە وەربگرم.

## چی بەسەر شاری بانە هات

ئـەو شـارە جـوان و ئـاوەدانـە بـووە کەلاوەیـەک. کـەم مـاڵ هـەبوو گوللـە خومپارەیـەکی لـێ نەکـەوتبێت و سـەر بانەکـەی چەنـد کـونی تێنـەکرابێت. کـەم دوکـان هـەبوو فەنـەرەکـەی (دەرگا) بـە خومپارە لێک بـڵاو نـەبووبێت و کەلوپـەلی دووکانەکـەیش هەڵنـەڕژابێتـە دەرێ. کەم لوولەی ئاو هەبوو نەشکابێت و ئاو بە کـۆڵان و سـەر شـەقامەکاندا نـەڕژابێت. تـەواوی خیابانەکانی شار ئیسفاڵتەکەیان بە گوللەی خومپارە کون کون و لەتوپەت بووبوو. سیمی داربەرقەکان بەشێکی زۆریان پچڕابوون و هەر لە ڕۆژی یەکـەمی شـەڕدا کارەبا نـەمابوو. بـە ڕاستی شـار بەتـەواوی وێران کرابـوو. کـاتێکی زۆری بـرد هـەتا خـەڵکی بانـە توانویـان وردەوردە خانووەکانیان و شارەکە ئاوەدان بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بـەهۆی بـەرزی ورە و گیانی نیشتمانپەروەرییەوە لە کەم کەس لە خەڵکی بانە دەبیسترا گلەیی و گازندەی لـەم حاڵە هەبێت کە بەسەر شارەکەدا هات. من خۆم پێم وایە ئـەو بڕیارە بڕیـارێکی بەپەلـە بـوو و دەبـوو لـەلایـەن هـەموو لایەکمانـەوە لێکدانـەوەی زیـاتری لەسـەر بکرایـە و هـەموو لایەنـەکانی لەبـەرچاو بگیرایـە کـە ئایـا شـەڕی نێـو شـار چەنـدە دروسـتە و چەنـدە سـەرکەوتنی تێدایـە. یـان بـۆ گرتنـی پادگانێـک چەنـدە هێـز و چ چـەکێک پێویسـتە بـۆ سەرکەوتن. خۆ ئەگەر پادگـانیش تەسلیم بوایە هـەر بۆ ماوەیـەک دەبـوو و دوبـارە هێـزی دوژمن ئەیتوانی جارێکی دیکە بیگرێتەوە. چونکـە دوژمـن هێـزی ئاسمانی و تـۆپ و تـانکی هـەبوو، لـە کاتێکدا ئێمـە چەکی دژەئاسمانی بـەهێزمان نـەبوو، یـان لـە بەرامبـەر تـۆپی دوژمندا چەکێکمان نەبوو کـە بتوانێ وەڵامدەر بێت. ئەگـەر پادگانیشمان بگرتایـە لەبـەر ئـەوەی پادگـان خـۆی سـەنگەرێکی دیـار و هـەدەف بـوو ئێمـە وەک پێشـمەرگە هـەرگیز نەماندەتوانی تێیدا بمێنینەوە. دەبوو بیر لە هەموو ئەو لایەنانە بکرایەوە، بەتایبەت ئەو هەموو زیان و خەسارە کە بە خەڵکی شاری بانـە گەیشت. هەرچەند ئێمە پێشمەرگە بووین و فـەرمانمان بـەڕێوە دەبـرد بـەڵام مـن بەشـبەحاڵی خـۆم ویـژدانم ناڕەحەتـە کـە بیـر لـەو هەموو زەرەر و زیانـە دەکەمـەوە کـە بـەو خەڵکـە گەیشت. مـن بـۆ ئـەم بڕیـارە بەپەلـە لـە بەرامبـەر خـەڵکی شـارەکەمدا ویـژدانم ناڕەحەتـە. لەڕاسـتیدا هـەروەک پێشـتر ئـەرکی پارتیزانم باس کردووە ئێستایش دەیڵێمەوە کە کاری ئێمە لێدان لە شوێنە سەربازییەکانە کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی ڕێژیم. وەڕەزکردن و بێتاقەتکردنی دوژمن لـە ژیـانی ڕۆژانـە و شـەوانە لـە بنکـە و پادگـان و مۆڵگەکانیدا گرنگـە نـەک شـەڕی نێـو شـار کـە ئـەو هەموو زیانەی بەدواوە بێت. پێم خۆشە ئاماژە بەوەش بکەم کـە بەشێک لـە ئۆرگانـەکانی کۆمیتەی شارستان و کۆمیتە ناوچەکان لە ماوەی شەڕی یەک مانگەی نێو شاردا لـە هـەموو کات و ساتێکدا لەگەڵمان بوون و بەجێیان نەهێشتین و ئـەوەی لـە توانایانـدا بـوو کردیـان. بۆ نمونە خواردەمـەنی و کەرەسـەی پێویستی شـەڕیان پێدەگەیانـدین. ئاگادارکردنـەوە لـە هەواڵـەکانی پشتی جەبهـە و پێشـی جەبهـە، ڕاگواستنی شـەهیدەکان بـۆ بەخاکسـپێری و ڕاگواستنی بریندارەکان بـۆ نەخۆشخانەی حیـزب، بـە تێکـرا ئـەوە کـە لەدەسـتیان هـات

کەمترخەمییان نەکرد و بە هەموو توانایەکەوە ئەرکی حیزبایەتی و نیشتمانپەروەریی خۆیان بەجێهێنا. بریا هەمیشە ئەو هەستە نیشتمانپەروەریی و ئەو یەکدەنگییە لە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە و کۆمیتە شارستانەکاندا بەردەوام بوایە، کە بەداخەوە زۆر جار و لە زۆر جێگایان بە پێچەوانە ئەشکایەوە. زۆر جاریش لەسەر شتی بێجێ هەردوو لا دەکەوتنە دەمارگرژی بەرامبەر یەکتر، کە زیانی گەورەی لێدەکەوتەوە.

بەدوای گرتنەوەی شاری بانە هێزەکانی ڕێژیم بە مەبەستی قایمکردنی دەوروبەری خۆیان کەوتنە بیری دانانی چەند بنکەیەک لە دەوروبەری شار. بۆ ئەم مەبەستە پێش هەموو شتێک کەوتنە هەوڵی پەیداکردنی چاوساخ و دروستکردنی جاش و سیخوڕ. لەم بوارەدا هەوڵی خۆیان دا و چەند کەسێکیان پەیدا کرد. بە یارمەتی ئەو چاوساخ و سیخوڕانە توانیان چەند بنکەیەک لە دەوروبەری شار لە بەرزایی گوندی قاییەرد، بەرزایی گوندی سوێرویێ، بەرزایی پشتی گوندی بەڕۆژەکۆن، کێوی ئاربەبا و گۆڕستانی سلێمان بەگ دابمەزرێنن. ئیتر هێزی میری بە دروستکردنی ئەم چەند مۆڵگەیە پێی وا بوو ئەتوانێ ئەمنیەتی شار بپارێزێ و فکری ئاسودە دەبێت بەڵام بە پێچەوانە شەو نەبوو پەلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب نەچنە شارەوە و چالاکییەک ئەنجام نەدەن. لەو ماوەیەدا هەرگیز پێشمەرگەی کوردستان، واتە هەموو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان، بواریان نەدا کە ڕێژیم ئۆقرە بگرێت و شەوێک بحەسێتەوە. بەڵام ئەمجارە دوژمن بە تاکتیکی تازەوە هاتە مەیدان. ئەوان پەلەیان نەبوو لە گرتنەوەی جادەکان و بردنەوەی پاسگاکان. هەروەک باسم کرد، بەدوای ماوەیەک لە گرتنەوی شار توانی لە بەرزاییەکی دەوروبەری شار چەند مۆڵگەیەک دامەزرێنێ. سەرەتا جگە لەنێو شار ڕێژیم هیچ شوێنێکی بەدەستەوە نەبوو. بەڵام بەدوای چەند مانگ خۆقایمکردن لە دەوروبەری شار، هەروەها دروستکردنی جاش و جاسوس، زیاتر ئاگادارییان لە بارودۆخی ناوچەکە و پێشمەرگە وەرگرت، ئەودەم کەوتنە بیری دامەزراندنی ناوەندی گورهان و پاسگاکان. ئەوەش لە ماوەی ساڵێکدا توانیان چەند پاسگایەک لە دەوروبەری شار لە نزیک جادەکان دامەزرێنن؛ وەک پاسگای سەر بەرزایی کەلیخان، بۆیەنی خواروو و سەبەدلۆ. شایانی باسە ئەو چەند پاسگایە هیچ دەورێکیان نەبوو لە بەرپێگرتن لە هاتوچووی پێشمەرگە بۆ ناوچە، تەنیا ئەرکی پاسەوانییان هەبوو لە خۆیان. بەڵام هەر بەو تاکتیکە و بە چاوساخی و کەڵکوەرگرتن لە جاش و جاسوس ئیتر بۆ هەر جادە و شوێنێک بڕۆیشتنایە مۆڵگەیەکیان لە چەند کیلۆمەتری یەکتر دادەمەزراند. هێزی دوژمن بەم شێوەیە وردەوردە دەهاتە پێشەوە و دەستی بەسەر ناوچەکاندا دەگرتەوە. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، واتە هاوینی ١٣٥٨، نەیتوانی تێکڕای ناوچەکان بگرێتەوە، بەڵکو هەتا دەکیلۆمەتری شار دەسەڵاتی هەبوو.

## مەئموریەتێک بۆ کۆمیتەی شارستانی مەریوان

ڕۆژێک لە کۆمیتەی شارستانەوە نامەیەکەم بۆ هات کە بچم بۆلایان بۆ باسکردن لەسەر داوایەکی دەفتەری سیاسی. هەر ئەو ڕۆژە چووم بۆلای بەرپرسی کۆمیتە. پاش پشوودان و دانیشتنێکی کورت، بەرپرسی کۆمیتە، کاک هاشم کەریمی، گوتی سەرکردایەتی داوای لێکردووین کە هێزێکی پەنجاکەسی پێێشمەرگە بنێرین بۆ یارمەتی هێز و کۆمێتەی شارستانی مەریوان، لەبەر ئەوەی کۆمیتەی شارستان و هێز چەند کێشە و گرفتی دەرەکی و نێوخۆییان هەیە کە پێوستە یارمەتی بدرێن. هەروەها لەنێو خۆیشیاندا چەند گرفتیان هەیە. یەکێک لە گرفتەکان ئەوەیە کە بەینی هێز و کۆمیتەی شارستان لەگەڵ یەکێک لە لکەکان بە ناوی لکی تۆفیق مەریوانی، ناکۆکی هەیە و هەر یەک بە هۆکارێکەوە یەکتری تاوانبار دەکەن. ئەم کێشەیە وای کردووە کە هاوکاری یەکتر ناکەن. جێگای باسە لکی تۆفیق مەریوانی بەهێزترین لکی ئەو هێزە بوو. گرفتی دووەم ئەوەیە کە لەپەنای ئەو کۆمیتە و هێزەدا سوپای ڕزگاری هەیە کە ئەویش هێزێکی دژ بە ئێرانە بەڵام لەڕاستیدا هێزیکی دروستکراوی عێراقییە کە لە کوردە هەورامییەکانی هەر دوو بەشەکەی کوردستان، واتە عێراق و ئێران پێکهاتووە. ماوەیەکە ئەو هێزەش دژایەتی حیزب دەکات لە مەریوان و چەند جاریش لەگەڵ یەکتر تووشی شەڕ و تیکهەڵچوون بوون. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە دوژمن سوود لەو بارودۆخە وەرگرێت و هێرشێکی کتوپڕ بکاتە سەریان، بۆیە پێویستە بەهێز بکرێن. لە وەڵامدا بە کاک هاشمم گوت من ئامادەم لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەی بەتوانا و کارامە بچم بۆ ناوچەکە و وەک پێویست یارمەتییان بدەین، بەڵکو تۆفیق مەریوانی و هاوڕێیانی هێز و کۆمیتەی شارستانیش بەیەکەوە دانیشتنیان پێبەکەین و لەگەڵ یەکدا ئاشتیان بکەینەوە. ئیتر بەدوای ئەم بڕیارەدا داوام لە جێگری هێز کرد کە بە هۆشیارییەوە ئاگای لە کاروباری هێز بێت. تێبینی: تۆفیق مەریوانی بە تۆفیق عەلی مەریوانی‌یش ئەناسرێت و زۆر جاریش بە عەلی مەریوانی بانگ دەکرا بەڵام تۆفیق ناوی ئەسڵی خۆیەتی و ناوی باوکیشی عەلی‌یە، کەوابوو تۆفیق عەلی مەریوانی دروستە. بەدوای حەوتوویەکدا هێزێکی پێکهاتوو لە پەنجا پێشمەرگەم لە هێز و لکەکان بۆ ماوەیەکی چەند ڕۆژی ئامادە کرد. فەرماندەی پەلەکان بە ناوی کاک عێزەت پەیڕەوان و کاک عەلی حەنیفی، ناسراو بە عەلی‌یە ڕەش لەگەڵ بیست پێشمەرگە ئامادە بوون. بەرپرسی لک، کاک عومەر هۆمەر، خۆی لەگەڵ بیست پێشمەرگە ئامادە بوون. منیش دە پێشمەرگەی هێزم لەگەڵ خۆمدا ئامادە کرد و بە دوو ماشین لە ڕێگای بلەکێ، بۆیەن و قەرەژدابانەوە ڕێکەوتین. بۆ شەو گەیشتینە گوندی بیراندەرە. بەیانییەکەی بەرەو مەریوان تا ئەو جێگایەی ئیمکانی ڕۆیشتنمان بە ماشین هەبوو ڕۆیشتین، ئیتر لەوە بەدوا دەبوو بە پێیان بەرەو گوندەکانی سەرسنووری مەریوان-پێنجوێن بڕۆشتینایە. کاتێ دابەزین شۆفێر و ماشینەکانمان گێڕانەوە بۆ بانە و خۆیشمان بەرەو گوندی هەنجیران کەوتینە ڕێ. لەپێشدا چووینە مزگەوت، ئەو گوندە بنکەی هێزی

پێشمەرگەی مەریوانی لێبوو، پاشان بەسەر ماڵاندا دابەش کراین. بۆ بەیانییەکەی داوامان لە بەرپرسی بنکەکە کرد دوو پێشمەرگەی شارەزامان بۆ ڕێنوێنی لە ناوچەکەدا لەگەڵ بنێرن. ڕێگاکە بەرەو گوندی بایاوا بە دەشتاییەکدا تێدەپەڕی. مۆڵگەی سەربازیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە و هی عێراق لە ڕۆژئاواوە دیار بوون. ئەو ماوە ڕێگایەیان لەژێر چاودێریدا بوو. مۆڵگەی عێراقییەکان هێندێ لێمانەوە نزیک بوو. مۆڵگەی ئێرانییەکان تفەنگی نەدەگەیشتێ بۆیە بڕیارمان دا کە هەر بە ڕۆژی ڕووناك لەو شوێنەوە تێپەڕ بین. دووکەس دووکەس بە ماوەی دوو سەد مەترێک لە یەک دوورتر ڕۆیشتین و بێ گیروگرفت گەیشتینە گوندی بایاوە. شەو لەوێ ماینەوە. ڕۆژی دوایی کەسێک بە ناوی کاک ڕەشە هەورامی، کە یەکێک بوو لە کادرەکانی ئەو لکەی کە فەرماندەکەی عەلی تۆفیق مەریوانی بوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک هاتن بۆلامان. عەلی تۆفیق خۆی بە مەسڵەحەتی نەزانیبوو یان نەیوێرابوو بێت بۆلامان چونکە بە وتەی کاک ڕەشە هەورامی دیار بوو دەنگۆ بڵاوبووبۆوە کە دەبێ لەسەر داوای کۆمیتەی شارستان و هێزی مەریوان دەفتەری سیاسی ئێمەی ناردبێت بۆ چەککردنی ئەو لکە پێشمەرگەیە کە ماوەیەک بوو لەگەڵ هێز و کۆمیتەی شارستاندا ناکۆکییان هەبوو. کاک ڕەشە هەورامی کەسێکی خۆشەویست بوو لەنێو خەڵک و هێزی پێشمەرگەی مەریواندا بۆیە کاک عەلی ئەوانی ناردبوو بۆ ئەو پرسە. ناوبراو گوتی فلان کەس، وەکو بیستوومانە لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە مەئموریەتت هەیە بۆ چەککردنی کاک عەلی و جەماعەتمان. ئەمە قسەی مەحموود ئاشتیانی و فەرماندەی هێز کاک حامید بەگە. بەڵام سوێندت ئەدەم بە گۆڕی شەهیدان کە ڕاستم پێ بڵێیت ئاخۆ ئەو هەواڵە چەندە ڕاستە. گوتم ئەم هەواڵە ڕاست نییە و من مەئموریەتی بەو شێوەم پێ نییە. ئەوەی کە کاری ئێمەیە هاتووین بۆ هاوکاریی ئێوە لە بەرامبەر سوپای ڕزگاریدا، هەروەها ئاشتبوونەوەی هاوڕێیان و لێکحاڵیبوونی باشتر و هاوکاری کردنتان بەیەکەوە لەگەڵ کۆمیتەی شارستاندا. ئێمەش ئامادەین گوێ بگرین لە قسەی هەردوو لا. کاک ڕەشە هەورامی گوتی فلان کەس، دڵنیا بم لە قسەکانت؟ گوتم بەڵێ دڵنیا بە! بەدوای ئەم وەڵامەی مندا جارێکی دیکە هەستا و دەستی لەگەڵ لێدامەوە و سوپاس و پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی. منیش گوتم بڕۆرەوە بۆلایان و سڵاوی من بە کاک عەلی و هاوڕێیانی بگەیێنە و پێی بڵێ دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە لە دیزڵی سەردانی ئەوانیش دەکەین. بەدوای ئەوەدا بڕیارمان دا لەپێشدا بچین بۆ بنکەی کۆمیتەی شارستان و هێز لە دیزڵی، دواتر سەردانێکی عەلی مەریوانی بکەین لە گوندی ئاسناوا کە بنکەیان لەوێ هەبوو. لە بایاواوە ڕێکەوتین، بۆ شەو چووینە گوندێک ئەگەر هەڵەم نەکردبێت و باشم لەبیر مابێت ناوی سیاناو بوو. تراکتۆرەکان بەرەو بایاوا گەڕانەوە. بۆ بەیانییەکەی تراکتۆرێک و کۆمپرێسییەکمان پەیدا کرد. لەو گوندەوە سوار بووین بەرەو دیزڵی. ڕۆژەکەی هەوا خۆش بوو. ڕۆیشتین تا گەیشتینە بەربناری کێوێک کە درێژ دەبۆوە هەتا سەر دەربەندی دیزڵی. هەر ئەوەندەمان زانی لەسەر بەرزایی ئەو کێوەوە بە چەند جۆر چەک تەقەمان لێکرا. ئێمەش بەپەلە لە کۆمپرێسی و تراکتۆرەکە

دابـەزین و هـەر یـەک لـە بـن بـەرد و چـاڵ و چۆڵـدا سـەنگەرمان گـرت بـێ ئـەوەی بـزانین دوژمنمان کێیە. ئێمەش دەستوبرد وەڵامی تەقەکەمان دایەوە و هەر پێشمەرگە لـە حاست خۆیەوە چەند گوللـەیەکی بـەرەو بـەرزایی کێوەکە و سەنگەری دوژمـن هاویشت. تفـەنگێکی پـەنجا و حـەوتمان پـێ بـوو کـە سـێ کیلۆمـەتر بـوردی هـەبوو. ئـەم چەکـە بـە دەسـت پێشمەرگەیەکی کارامەوە بوو. چەند گوللـەیەکی هاویشتە سەنگەرەکانی دوژمن. زۆری پـێ نەچوو لە ماوەیەکی کورتدا بێدەنگ بوون. هیچمان لـێ حاڵـی نـەبوو ئـەم تەقەیە چی بـوو و لەلایەن کێوەیە بوو و بۆچی هـەروا زوو بێدەنگ بـوون. کـاتێ لـە کۆمپرێسـی و تراکتۆرەکـە دابـەزین بـە لێخوڕی کۆمپرێسییەکە و پێشمەرگەیەکم گوت کە ئـەوان هێنـدێ بچنـە پێش و لـە شوێنی شـەڕەکە دوور وەکـەون و لـەوێ ڕاوەسـتن هـەتا ئێمـە دێینـە لایـان و ئاگاداریـان دەکەینـەوە، و هـەروەها نـابێ بـە هـیچ لایەکدا بـڕۆن. بـەڵام ئـەوان گوێیـان لـە قسـەی مـن نـەگرتبوو و بـەرەو دەربەنـدی دیزڵـی کـە کـەمێک لـە جێگـای شـەڕەکەوە دوور بـوو، دەچنـە بنکەیـەکی پێشـمەرگەی مـەریوان کـە دروست لەسـەر دەربەندەکـە بـوو. لـە پێشـمەرگەکان هەواڵ دەپرسن ئەوانیش دەڵێن هیچ هـەواڵێک نییـە و ئێمـەش تـەنیا گوێمـان لـەو تەقەیـە بوو بەڵام نازانین چییە. بەدوای ئـەو قسانـەدا لێخوڕی کۆمپرێسییەکە کـە پێشـمەرگەیەکی ئێمـەی لـەگـەڵ دەبێت، هـەروەها خومپارەیـەک، تیربـارژێسێیەک، دوو سندوق فیشـەکی ژ. سێ، دوو سندوق فیشەکی کلاشینکۆف و هێنـدێ گوللـە ئـارپیجی هـەروەها ساکێکی مـن کـە کەلوپەلی تایبەتی خۆمی تێدا بوو ئـەڕۆن بـۆ گونـدی دیزڵـی بـە مەبەسـتی ئاگـادارکردنی هێز و کۆمیتە، بەڵام بەداخەوە قەدەر شتێکی دیکە بوو، کۆمپرێسییەکە ناگەڕێتـەوە. دوای ماوەیەک کە کۆمپرێسییەکە هـەر ناگەڕێتـەوە و دیـار نییـە، لێخـوڕی تراکتۆرەکـەش بـەرەو دیزڵی دەکەوێتـە ڕێگـا. کاتێك دەگاتـە ئـەودیو دەربەندەکـە بـە ڕووکـاری دیزڵێـدا دەبینـێ هەلیکۆپتەرێک لە دیزڵی خەریکی نیشتنە. ئا لێرەدا لێخوڕی تراکتۆرەکە حاڵی دەبێت کـە ئـەو تەقـەی لـە ئێمـە کـرا لەسـەر بەرزاییـەکان، ئـەوە پاسدار بـووە و کۆمپرێسـییەکەش نـەیزانیوە تـا گـەیوەتـە نێـو دیزڵـی و چارەنووسـی لێخوڕەکـە و پێشـمەرگەکەی ئێمـەش نادیارە، هەر بۆیە هەر لەوێوە بەرەو ئێمە و دەربەند دەگەڕێتەوە. لەو کاتەدا کە ئێمە لە دەربەندەکە بووین و بە جادەکەدا ئەڕۆیشتین بەرەو دیزڵی، تراکتۆرەکە بەپەلە گەڕایـەوە بەرەو ئێمە. کاتێ گەیشتە لامان شۆفیرەکە دابەزی و گوتی ئاوایی پڕە لە پاسدار. ئیتر بـۆ ئێمە ڕوون بۆوە ئەو شەڕە کـە ماوەیـەکی یـەک سـەعات پێشتر تووشمان بووبوو و زوویش بێدەنگ بوو پاسدار بوون لەو بەرزاییە. پێشمەرگەکانی ئـەو بنکەیـەش کـە پاسـەوانی ئـەو ڕێگایەیان بەئەستۆ بوو هیچ هەواڵێکیان نەبوو تەنیا لـە تەقـەی شـەڕەکەی ئێمـە هێنـدێک شڵەژابوون. بەهەرحاڵ، ئێمە هەستمان کرد کە پلانێک هەیە و دیزڵێش گیـراوە، ئیتـر چـی ڕووی داوە و چۆن گیراوە ئێمە بێ خەبەر بووین و بۆمـان پرسیار بـوو. لـە لایـەکی دیکـەش چارەنووسی پێشمەرگەکەمان و هێـز و کۆمیتـەی شارسـتانی مـەریوان و کۆمپرێسـییەکەش نادیار بوو. ناچار بەرەو دەربەند گەڕاینەوە. کاتێ گەیشتینە ئەوێ پێشمەرگەکانی بنکەی مەریوان لەوێ نەمابوون و بنکەکەیان هەروا بە کەلوپەلەوە بەجێهێشتبوو. لەڕاستیدا زۆر

هیوامان بە پێشمەرگەکانی ئەو بنکەیە هەبوو کە هاوکاریمان بکەن لە هەموو بوارێکدا و چاوساخیمان بکەن لە دەربەندەکە. ئێمە کە نە خواردنمان پێبوو نە شارەزای ناوچەکە بووین، ئەو هیوایەشمان نەما. هەروا خێرا و بەپەلە لەگەڵ هاوڕێیانم لەسەر جادەکە ڕاوێژمان کرد و بیرمان لەوە کردەوە کە دروست نییە هەر ئێستا بە ڕێگای خۆماندا بگەڕێینەوە چونکە ئیمکانە دوژمن کەمینی بۆ دانابین. ئا لەو قسانەدا بووین دیتمان لە بەرزاییەکانی بەرامبەرمان بە لای مەریوانەوە ئەرتەش و سوپا دابەزیووە و بەڕێوەیە بەرەو دیزڵی. ئەوان هەواڵیان هەبوو کە شەوی ڕابردوو دیزڵی گیراوە. بەڵام بە بوونی ئێمە لە دەربەندەکە ناچار بوون لە شوێنی خۆیان دامەزرێن و سەنگەر بگرن. لەو ماوەدا هەلیکۆپتەر بەردەوام بەسەرماندا لە هاتوچوودا بوو بەڵام تەقەیان نەدەکرد. ئێمە گرفتمان زۆر بوون، یەکەم هیچ خواردنێکمان پێ نەبوو بەو هیوایەی کە بۆ نیوەڕۆ میوانی هێزین لە دیزڵی. لەلایەکی دیکەشەوە ناشارەزا بووین لە ناوچەکە. لە پێشمانەوە جەماعەتی سوپای ڕزگاری و بنکەی دیزڵی بوو کە ئەویش دوژمنی لێ بوو. لە بەرامبەریشمان هێزێکی سوپا و ئەرتەشی لێبوو. بەکورتی، لە چەند لاوە لە گەمارۆدا بووین. بۆ ئێمە شەڕی مان و نەمان بوو بۆیە بڕیارمان دا تا دوایین گوللە شەڕ بکەین. هەر لەو کاتەدا دوو جەبهەمان کردەوە. هەردوو بەری دەربەندەکەمان لە خوارێ هەتا سەرێی بەرزاییەکان گرت. لەسەر جادەکەش دە پێشمەرگەمان لەمبەر و ئەوبەر دانان. باشترین سەنگەری لێبوو، ئەویش بەرد و شاخ بوو کە لە هەموو کات و ساتێکدا هاوڕێ و پشتوپەنای پێشمەرگە بووە. جێگاکەمان تا بڵێیت قایم بوو. ئەوە بەهێزترین هیوای ئێمە بوو بەرامبەر بە دوژمن. کات گەیشتە نیوەی ڕۆژ، دوژمن نەیتوانی جووڵە بکات. ئیتر کات بەرەو ئێوارە دەڕۆی و ئێمە زیاتر دڵخۆش بووین. ئا لەو کاتانەدا ماشینێکی سواریی ڕەنگ سوور هاتە قاوەخانەکەی ئەوبەر پردەکەی نێوان بیەکەرە و دەربەند. قاوەخانەکە چۆڵ بوو. جەماعەت دابەزین و هێندێکیان بەملا و ئەولادا ڕوانی و پاشان سوار بوونەوە و یەکسەر بە جادەدا هاتن بەرەو دیزڵی. کاتێ گەیشتنە بەردەم پێشمەرگەکانی سەر جادە، پێشمەرگەکان دەنگیان دان. ئەوانیش دابەزین. دیار بوو پێچەوانە حاڵی بووبوون. دوایی وردتر باسی دەکەم. پێشمەرگەکان پێیان دەڵێن تەسلیم بن، ئەوانیش کە سێ نەفەر بوون بە جلی پاسدارییەوە، یەکسەر دەچنە سەنگەرەوە و تەقە لە پێشمەرگەکان دەکەن. لە یەکەم تەقەدا یەکیان دەکوژرێت و دوانەکەی تر بە دیل دەگیرێن. ئێمە جەماعەتمان لە سەنگەرەکانی سەر شاخەکانەوە هەموو چاومان لەو ڕووداوە بوو. بەو دەسکەوت و سەرکەوتنە خۆشحاڵ بووین. بە بێسیمی دەستی بە فەرماندەی پێشمەرگەکان، کە کاک عیزەتی پەیڕەوان بوو، گوت ئەو دوو دیلە لەسەر جادەکە دوور بخەنەوە و بە دوو پێشمەرگەدا بیاننێرن بۆلای ئێمە. پاسدارێکیان بریندار بوو و لە ترساندا میزی بە خۆیدا کردبوو. ئێمە ئەوەندەی توانیمان پانسمان کرد و برینەکەیمان پێچا. گوللە لە ڕانی درابوو، بەڵام ئێسقانی نەگرتبوو. پێم گوتن بەداخەوە نە نانمان هەیە و نە ئاو کە بتاندەینێ، بۆیە دەبێ ئێوەش وەکو ئێمە قەناعەت بکەن تاکو ئێوارێ. پاسدارە بریندارەکە

مەسئولی بەشی تەداروکاتی سوپای پاسدارنی مەریوان بوو. ئەوی دیکەیان پاسدار بوو. ئەوی کە کوژرا جاش بوو. ئەم جەماعەتە کە لە مەریوانەوە دێن، بەو حیسابە دێن کە دیزڵی گیراوە و ڕێگا بەدەست خۆیانەوەیە. لەو ئەرتەشەی سەر جادە و کێوەکانی بەرامبەریشمان لە بارودۆخی جەبهەکە ناپرسن. هەر ئاوا مل پێوەدەنێن بەرەو دیزڵی. سەرەتا کە دائەبەزن پێیان وا بوو ئەو چەکدارانە پێشمەرگەی نالە هەورامین تاکو پێشمەرگەکانی ئێمە دەنگیان ئەدەن و دوای چەند قسەیەک حاڵی دەبن کە ئەوەی ئەوان بۆی چوون وا نییە بۆیە یەکسەر چوونە بن بەردەکان و تەقەیان کرد. ئەمە دەقی قسەی ئەو پاسدارە بوو کە بەرپرسی تەداروکاتی سوپای پاسدارانی مەریوان بوو. پێم خۆشە باسی ئەوەش بکەم کە لەو ماوەدا نالە هەورامی، کە سەر بە قیادەی مەوقەت بوو، لەو ناوچانەدا ئەژیا و بنکە و بارەگای هەبوو، و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سوپای پاسدارانەوە هەبوو و لە گرتنەوەی بنکەی دیزڵیدا بە خۆی و هەموو پێشمەرگەکانییەوە گرنگترین دەوریان هەبوو. ئیتر ڕوون نەبوو ئەو هاوکارییە لەگەڵ سوپای پاسداران، سەرکردایەتی قیادە مەوقەت چەندە ئاگای لێبووە یان تەنیا بڕیاری خۆی بووە. ئێوارە داهات، هیچ ڕووداوێکی دیکە ڕووی نەدا. هەوا تاریک بوو و هاتینە سەر جادەکە. بنکەی پێشمەرگەکانمان سووتاند، چون دەمانزانی کە لەوەدوا پێشمەرگەی حیزب هەروا بەو زوانە ناتوانێ سوودی لێ وەرگرێت. بڕیارمان دا بەو ڕێگایەی کە پێیدا هاتبووین بگەڕێینەوە بەرەو بنکەی عەلی مەریوانی لە گوندی ئاسناوا. کاتێ ڕێکەوتین لەلایەن ئەو سوپایەی بەرزاییەکانی بیەکەرە، ئەو جادەی کە ئێمە پێیدا ئەڕۆیشتین بە خەستی تۆپباران دەکرا. لەبەر ئەوەی شەو و تاریك بوو هەر بە گۆترە تۆپبارانی ڕێگاکەیان دەکرد کە بە خۆشییەوە هیچ زیانێکمان نەبوو. دوای ماوەیەک تۆپباران ڕاوەستا. ئێمە دوور کەوتینەوە بەڵام زۆر هیلاک و برسی بووین. کاک عێزەتی پەیڕەوان لەگەڵ چەند پێشمەرگەدا لە پێشەوە ئەڕۆیشتن و من لە دوایانەوە بووم. لەناکاو شتێکیان دەنگ دا. چەند جار دوپاتەیان کردەوە، هیچ دەنگ نەبوو. منیش بەپەلە چوومە پێشەوە و گوتم چییە، چیتان دیوە؟ کاک عێزەت گوتی شتێک دیارە هەر وەک تانك دەچێت، کەسیش دەنگ ناکات. هێندێ زیاتر لێی چووینە پێشەوە. دیتمان ترێلیی تراکتۆرە لەسەر جادەکە. بە هێواشی و وریاییەوە چووینە پێشەوە. کەسی لەلا نەبوو. کاتێ تەماشای نێو ترێلییەکەمان کرد، دیتمان چەند کیسە خورمای تێدایە. بانگی جەماعەتمان کرد و هەموو کۆبووینەوە. کیسەیەک خورمامان داگرت و هەتا توانیمان خواردمان. هێندێکیشمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت. ئیتر نەمانزانی ماڵی چ فەقیرێک یان دەوڵەمەندیک بوو بەڵام دڵنیام ئەگەر خاوەنەکەیشی لەوێ بوایە زۆر بە دڵفراوانییەوە خوڵقی دەکردین و خورمایشی ئەداینێ و گەردنیشی ئازاد دەکردین. بەهەرحاڵ، خورما هێزی پێداینەوە. ئەوەی کە بیرمان کردەوە ئیمکانی ئەوە هەبوو لە تەقوتۆقی بەیانییەکەی ئێمە ئەو تراکتۆرە بەوێدا تێپەڕیبێت و هەر چۆنێکە بێت ترێلیەکەی بۆ دەرنەچووە یان ترساوە و بەجێیهێشتووە. چەند پێشمەرگەیەک بە شۆخییەوە دەیانگوت بە ڕاستی ئەوە ئیمدادی غەیبیی ئیمامی

زەمانە. بەدوای حەسانەوە و خورماخواردندا کەوتینەوە ڕێ. هێندێ شەوی مابوو گەیشتینە گوندێک بە ناوی دۆڵەبی. چووینە مەزگەوت. زۆرمان خەو دەهات و نەیشماندەزانی لە چ شوێنێکی مەریواندایین و ئایا شوێنەکەمان چەندە ئەمنیەتی هەیە. بەڵام ماندووبوون و بێخەوی وای کرد کە لە هیچ نەپرسین، تەنیا بخەوین. کاک عێزەت پەیڕەوان گوتی کاک ڕەشید ئێوە بخەوەن من لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا تا ڕۆژ دەبێتەوە لە دەوری مزگەوت وریا دەبین. باوەڕی تەواوم بە کاک عێزەت هەبوو بۆیە قبوڵم کرد کە بە تەواوی ئیستراحەت بکەین. بەیانی مامۆستای ئاوایی دێت بۆ نوێژی بەیانی بۆ مزگەوت. کاک عێزەت وەزعی ماندووبوونی پێشمەرگەکانی بۆ باس دەکات. مامۆستا لە جوابدا دەڵێت بە ڕاست ئەوە خێرترە کە پێشمەرگەکان بنوون، با ئێمە ئەو نوێژە جەماعەتە نەکەین و ئەو پێشمەرگە دڵسۆزانە بحەسێنەوە. ئیتر مامۆستا بانگی بەیانی نادات و ئەڕواتەوە بۆ ماڵ. کاک عێزەت باری جوغرافیای گوندەکە لە مامۆستا دەپرسێت. بە گوتەی مامۆستا ئەو گوندە دوورە لە مۆڵگەکانی دوژمنەوە بۆیە کاک عێزەت چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لە پەلەکەی خۆی هەڵدەستێنێ و بۆخۆی ئەنوێت. کاتێ کە هەستاین چەند سەعاتێک لە ڕۆژ ڕۆیشتبوو. پشوویەکی باش بوو. چووینە ماڵان نانی بەیانیمان خوارد و برسیایەتی ڕۆژی پێشوویشمان کە هیچمان نەخواردبوو قەرەبوو کردەوە. هەروەها بۆ حەسانەوەیەکی زیاتر تا پاشنیوەڕۆ درەنگانێک لە دۆڵەبی ماینەوە. دوایی بڕیارمان دا تاکو هەواڵی مەحموود ئاشتیانی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و حەمید بەگ، فەرماندەی هێز، دەزانین بچینە لای عەلی مەریوانی لە گوندی ئاسناوا. بەدوای ئەو بڕیارەدا دوو پێشمەرگەم لە پێشەوە نارد بۆلای عەلی کە ئاگاداری بکەن بۆ شەوێ دێین بۆلایان. بۆیە زووتر دوو پێشمەرگەم نارد بۆلای عەلی، مەبەست ئەوە بوو کە عەلی هێندێ لە خۆی گومانی هەبوو و پێم مەسڵەحەت بوو ئاگادار بێت لە چوونەکەمان. شەو گەیشتینە گوندی ئاسناوا. لە پێشەوە چووینە بەردەمی مزگەوت. خەڵکی ئاوایی بەدەممانەوە هاتن. لە هەمان کاتدا کاک ڕەشە هەورامی هات بۆلامان و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین. پێشمەرگەکانی لە ماڵان دامەزراند و بۆخۆیشی لەگەڵ مندا هات بۆ ماڵێک. ئەو شەوە تا درەنگانێک بەیەکەوە بووین و دوایی ڕۆیشتەوە بۆ بنکەی خۆیان. ئەوانیش هەواڵی هێرشی ڕێژیمیان هەبوو بۆ دیزڵی. تەنانەت هەواڵی ئەوەیشیان هەبوو کە گوایە مەحموود ئاشتیانی چۆتەوە هەنجیران و حامید بەگیشیان لە گوندی سەردوش دیوە بەڵام ڕەشە هەورامی هەر ئەو کاتە ڕەئی وا بوو کە مەحموود ئاشتیانی و حامید بەگ دەستیان هەبووە لەو وەزعەی کە بەسەر دیزڵیدا هاتبوو. ناوبراو دەیگوت باشە ئەگەر ئەوان ئاگایان لەو ڕووداوە نییە بۆ ئەوان و لایەنگرەکانیان هیچیان نە کوژراون نە بریندارن و نە بە دیل گیراون؟ دیارە ئەو کاتە ئەو بۆچوونە بۆ من جێگای باوەڕ نەبوو. لەڕاستیدا من ئاگام لە ڕابردووی هیچ لایەکیان نەبوو بۆیە نەدەکرا هەروا بە ئاسانی قسەکەی قبوڵ بکەم. لە گرتنی بنکەی هێز و کۆمیتەی شارستانی مەریوان تا من لە ناوچەکەدا بووم هەواڵی شەهید و بریندارەکان بە ئێمە نەگەیشتبوو. بۆ ئەوەی بتوانم پەیوەندی بە مەحموود ئاشتیانی و حامید بەگەوە بگرین

چەند ڕۆژێك لە ئاسناوا ماینەوە. هەواڵیشم بۆ ناردن بەڵام گوتبوویان ئێستا ئێمە بەو زوانە ناتوانین پەیوەندیتان پێوە بگرین. لە ئاکامدا دەرکەوت هەر بەتایبەتی خۆیان پاراست لە دیتنی ئێمە. دواتر دەرکەوت پلانێکی دیکەیان هەبوو کە دواتر دێمە سەری. لەو ماوەیەشدا کە لە ئاسناوا ماینەوە تۆفیق نەهات بۆلامان. دیار بوو ناوبراویش گومانی لە خۆی هەبوو بۆیە خۆی پیشان نەداین. بە وتەی ڕەشە هەورامی خزمێکی زۆر نەخۆش بووە و بردوویەتی بۆ عیلاج بۆ سلێمانی. بەڵام کاک ڕەشە هەورامی ئەوندەی کە توانی ڕێزی گرتین و خزمەتی کردین و وەک پێشمەرگەیەکی دیموکرات ئەرکی هاوڕێیەتیی خۆی بەجێهێنا. ئیتر ئێمە سەرئەنجام بڕیاری گەڕانەوەمان دا بۆ بانە. لە کاتی ڕۆیشتندا بە ڕەشە هەورامیدا سلاوم نارد بۆ کاک عەلی و گوتم پێی بڵێ بە باوەڕی من پێویستە بۆخۆی سەردانێکی دەفتەری سیاسی بکات و خۆی ساخ بکاتەوە ئاخۆ پێشمەرگەی حیزبە یان هی لایەنێکی دیکە. کاتێ ڕۆیشتن کاک ڕەشە هەورامی دوو پێشمەرگەی بۆ شارەزایی لەگەڵ ناردین. جارێکی دیکە چووینەوە گوندی بایاوا و شەوێک و ڕۆژەکەی تا لای ئێوارە لەوێ ماینەوە. چەند سەعاتێکی ڕۆژ مابوو بەرەو ڕێگای سەر سنووری مەریوان و ناوچەی پێنجوێن کەوتینە ڕێ. لە بەرزاییەکانی سنووری پێنجوێن کە لێمانەوە هێندێ دوور بوو تەقەیان لێ کردین بەڵام پێشمەرگەکانی ڕەشە هەورامی ئاگادار و شارەزای وەزعەکە بوون و لەگەڵ تەقەکەدا بانگیان کرد و ناوی چەند کەسیان هێنا و گوتیان تەقە مەکەن ئێمە جەماعەتی کاک عەلی مەریوانیین. ئیتر تەقە بێدەنگ بوو. دیار بوو بنکەی عەسکەری عێراقی لەو شوێنە هەبوو، بەڵام جەماعەتی سوپای ڕزگاریشیان لەگەڵدا هەبوو. لەوە دەچوو جەماعەتی سوپای ڕزگاری بوو کە ئەو چەند تەقەیان کرد بە وتەی ئەو دوو پێشمەرگەی جەماعەتی کاک ڕەشە هەورامی. لەوێ دەرباز بووین. لە تاریکیدا گەیشتینە سەر سنوور. پێشمەرگە شارەزاکانی مەریوان گەڕانەوە. ئێمەش کەوتینە ڕێگا. کاک عومەر هۆمەر و چەند پێشمەرگەیەکی ناوچەی سەیرانبەنی بانەمان لەگەڵدا بوون کە شارەزای ئەو ڕێگایە بوون. بەشێکی زۆری ڕێگاکە بە شەو بەنێو گوندە چۆڵکراوەکانی ناوچەی شلێردا ڕۆیشتین. تەواوی شەوەکە لە ڕێگادا بووین تاکو گەیشتینە سنووری بانە و گوندی سەیرانبەن. لە بومەلێڵدا گەیشتینە ئاوایی. زۆر هیلاک بووین. هەر چەنددانە پێشمەرگە چووینە ماڵێك. شارەزای ماڵەکان بووین و زۆریانمان بە ناو ئەناسین. نانی بەیانیمان خوارد و نۆبەی خەو هات. چەند سەعاتێک بۆی نووستین. ئیتر دوای حەسانەوە بە سنوورەکەدا ڕۆیشتین، دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە بنکەی کۆمیتەی شارستان لە گوندی نیروان.

پێویستە تیشک بخەمە سەر هێندێ لە ڕووداوەکانی کە لە دیزڵی ڕوویاندا. لەڕاستیدا مەحموود ئاشتیانی وەک بەرپرسی تەشکیلاتی شارستانی مەریوان و حامید بەگ وەک فەرماندە هێزی مەریوان و عەلی تۆفیق ناسراو بە عەلی مەریوانی وەک سەرلکی ئەو هێزە هیچیان لە بەرژەوەندیی حیزب و گەل کاریان نەدەکرد. ڕقەبەرایەتی بێجێ و نەبوونی هەستی نیشتمانپەروەری وای لێکردبوون کە مەحموود ئاشتیانی و حامید بەگ

دوای گرتنـــەوەی دیزڵـــی بـــە چەنـــد ڕۆژ دواتـــر خۆیـــان و چەنـــد پێشـــمەرگە بـــە کۆمـــەڵێک تەقەمەنییەوە لەگەڵ تۆپێکی سەد و پێنج کە لە بنکەی هەنجیران بوو خۆیان تەسلیمی ڕێژیم کردەوە. دەکرێت ئەوەش ڕاست بووبێت کە بۆخۆیان ڕێژیمیان ڕێنوێنی کردبێت بۆ دەستبەسەراگرتنی دیزڵی. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی کە بە عەلی تۆفیق مەریوانی دەگوترا کە وابەستەی حکومەتی عێراقە ڕاست دەرچوو. ناوبراویش بە تەواوی وازی لە حیزب هێنا و چووە باوەشی ڕێژیمی بەعسەوە. ئەو پێشمەرگەی ئێمەش کە لەگەڵ کۆمپرێسییەکەدا ڕۆیشتبوو بۆ دیزڵی، کاتێ دەگاتە ئاوایی و دەبینێ هەر چواردەوریان پاسدارە، هەر لەوێ دایدەگرنە خوارێ و بێ دادگا و پرسیار تیربارانی دەکەن. ئەو شەهیدە لاوە هەمووی نزیک بە دوو مانگ دەبوو هاتبووە ڕیزی پێشمەرگە و خزمەتی گەل. ئێمە بە پێچەوانەی ڕێژیم ڕێزمان لەو دوو دیلەی ئەوان گرت و برینەکەمان بۆ دەرمان کرد و نەمانهێشت تەشەنە بکات. ئەم دوو دیلەمان لەگەڵ خۆمان هێنایەوە بۆ بانە و لەوێوە ڕەوانەمان کردن بۆ دەفتەری سیاسی. دوایی زانیمان پاسدارەکە و نەفەری دووەم کە بەرپرسی بەشی تەداروکاتی سوپای پاسدارانی مەریوان بوو، بە گۆڕینەوەی دیلی ئێمە لای ڕێژیم ئازاد دەکرێن. لەنێو کۆمپرێسییەکەدا تیربار ژێسێیەك، خۆمپارەیەك، چەند سندوق فیشەکی جۆراوجۆر، چەند گوللەی خومپارە و ئارپیجی و هەروەها کۆڵەپشتییەکی من بە مۆری فەرماندە هێز و چەند نامەی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی شارستان کە لە پەیوەندی لەگەڵ کاروباری پێشمەرگەدا بوو، ئەوانیش گیران و تێداچوون. کاتێ گەیشتمەوە بنکەی کۆمیتەی شارستانی بانە پێش هەموو شتێک دەفتەری سیاسیمان ئاگادار کرد کە لەڕێگەی ڕادیۆدەنگی کوردستانەوە ئاگاداری بدات کە مۆری هێزی ئاربەبا بە هۆیەکەوە ون بووە و تاکو مۆری تازە بە شێوەیەکی دیکە ئەو مۆرە جێگای باوەڕ نییە. دیارە مەبەست لەم ئاگادارییە ئەوە بوو کە مەبادا دوژمن لەو مۆرە بە قازانجی خۆی سوود وەرگرێت. ئەوە ئەنجامی ئەو مەئموریەتە بوو کە بەداخەوە زۆر ناخۆش و بێ ئاکام بوو. دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە و ڕاگەیشتن بە کارەکانی هێز بە پێوستم زانی بۆ ڕاپۆرتی ئەو مەئموریەتەی مەریوان بچم بۆ دەفتەری سیاسی و لە نزیکەوە نەزەراتی خۆم و بارودۆخی ناوچەکە بۆ هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی باس بکەم. چوومە لای کاک هاشمی کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان، و لەو بارەوە نەزەری خۆم لەگەڵ باس کرد و ئەویش باوەڕی وا بوو کە بچم بۆ دەفتەر. دوای حەوتوویەك ڕۆیشتم بۆ دەفتەر. داوای چاوپێکەوتنی دوکتور قاسملووم کرد. کاتێ چوومە لای، دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی‌یش لەوێ بوو. قسە و باسی سەفەرەکەم بەوردی بۆ گێڕانەوە. لەسەر چەند خاڵ لە پێوەندی لەگەڵ دوارۆژ و ڕێکخستنەوەی هێز و کۆمیتەی مەریوان پرسیاریان لێ کردم. منیش بۆچوونی خۆمم بۆ باس کردن. ئەو ڕۆژە لە دەفتەر مامەوە. مۆری تازەی هێزیشیان بۆ ئامادە کردبووم. لەگەڵ هێندێ تەقەمەنی وەرمگرتن و ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ بانە.

## سەردانێکی سەید ڕەسوڵ بۆ بانە و گەشتێکی سیاسی نیزامی

زۆری پێ نەچوو لە گەڕانەوەی سەفەری مەریوان کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە بە کۆمەڵێک پێشمەرگەوە هات بۆ سەردانی هێزی ئاربەبا لە بانە. دوای چەند ڕۆژێک مانەوەیان لە بانە بڕیارمان دا گەشتێکی ناوچەی سەرشیوی سەقز بکەین. ئەوەی لە بیرم بێت چەند کادرێکی کۆمیتەی شارستانی بانەش، کاک محەممەدی کەریمی و کاک جەمالی کوڕی، هاوسەفەر بوون لەو گەشتە سیاسی نیزامییەدا. بەرەو سەرشیوی سەقز ڕێکەوتین. سەردانی چەند گوندی ناوچەکەمان کرد. لە هەموو گوندەکان خەڵکمان بانگاواز کردن بۆ مزگەوتەکان و لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و شۆڕش قسەمان بۆ کردن. زۆرتر وتەبێژ کاک سەید ڕەسوڵ بوو. ئەم گەشتە لەسەریەک کاریگەری باشی هەبوو لەسەر خەڵکی ناوچەکە بۆ نزیک بوونەوە و بەشدارییان لە شۆڕشدا. دەیان لاو ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا دەربڕی. چووینە گوندی بیراندەرە. ئێوارەیەکی هەواخۆش بوو. وەک عادەتی دێهات خەڵکێکی زۆر لە سەر بانی ماڵەکان کۆبووبوونەوە. کاک سەید ڕەسوڵ گوتی کاک ڕەشید، با نیشانەیەک داکەین. گوتم زۆر چاکە. بوتڵێکی پڕ لە ئاو و هێلکەیەکمان نارد بۆ گردی ئەوبەر ماڵان و لەوێ دایانکرد. دەست کرا بە تەقە لە بوتڵەکە. دوای چەند کەسێک سەید ڕەسوڵیش چەند فیشەکێکی هاویشت و بوتڵەکەی شکاند. خەڵکی دەوروبەر و ئێمە جەماعەتێک دەستخۆشیمان پێگوت. دوایی نۆبە گەیشتە هێلکەکە و زۆری تەقە لێکرا و هێلکە نەپێکرا. سەید ڕەسوڵ گوتی کاک ڕەشید، نۆبەی تۆیە. منیش دوای چەند فیشەک هێلکەم شکاند. سەید ڕەسوڵ و جەماعەت دەستخۆشیان لێکردم و منیش سوپاسم کردن. سەید ڕەسوڵ گوتی حیسابی ناکەم، ئەوە ڕێکەوت بوو. ئەم جارە دایدەکەینەوە، ئەگەر شکاندت بۆت حیساب دەکەم. گوتم من سابیقەم هەیە، هەر لەو ماوەدا لە گوندی گەرماوی بانە نیشانەیان داکرد، دیارە ئەو بوتڵی شووشە بوو. دوایی کە جەماعەت لێی ماندوو بوون، من بە یەک فیشەک شکاندم. ئەوە کاک محەممەدی کەریمی حازر و شاهیدە. هەر ئەودەم کاک محەممەدی کەریمیش هەر ئەو قسەی جەنابتی پێگوتم. ئەوەش خۆی حازرە بۆ شاهیدی قسەکەم. ئێستاش من نیشانەی خۆم شکاندووە با بۆ ئەم ئێوارەیە بەس بێت. ئەگەر پێت خۆش بوو ڕۆژی دیکەشمان هەیە. ئێوارەیەکی خۆشمان بەسەربرد. بەدوای چەند ڕۆژ لە گشتەکەمان گەڕاینەوە بۆ بانە و کاک سەید ڕەسوڵیش گەڕایەوە بۆ پیرانشار. ئەم بەشە بیرەوەرییەم کاک جەمالی کەریمی کە خۆی لەو گشتەدا هاوسەفەر بوو، بیری هێنامەوە. منیش وەک بیرەوەرییەکی خۆش و یادێک لە یادزیندوان کاک محەممەدی کەریمی و کاک سەید ڕەسوڵ لێرەدا باسم کرد.

لە ڕۆژانی ئاخری زستانی ١٣٥٩دا بووین. باشم لەبیر نایە، یان بەهۆی کۆمیتەی شارستان یان ڕاستەوخۆ لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە ئاگادار کرام کە لکێک پێشمەرگە بۆ هاوکاریی هێزی شاهۆ بنێرم بۆ هەورامان. منیش لکی کاک فەتاح ئەحمەدیم بۆ ئەو

مەئموریەتە هەڵبژارد. دوای حەوتوویەك كاك فەتاح دەوروبەری چل پێشمەرگەی ئامادە کرد و بەرەو هێزی شاهۆ ڕێکەوت. هەر لە ڕۆژانی گەیشتنیان بە هێزی شاهۆ، هێزی ڕێژیم هێرش دەکات بۆ ئەو ناوچەیە. هاوڕێیانی ئێمە لە گوندی نەرویێ ئەبن کە ڕێژیم هێرش دەکات. جگە لە هێزێکی زۆری زەمینی بە یارمەتی هەلیکۆپتەرەوە هێزێکی زۆریش تەکاوەر لە بەرزاییەکانی کێوی سەرکۆ دائەبەزێنێ. کاک فەتاح لەگەڵ پێشمەرگەکانی لکی یەک و پێشمەرگەی هێزی شاهۆ بەشداری لە شەڕی ئەو تەکاوەرانەدا دەکات. ئەو تەکاوەرانە بە قسەی هاوڕێیان چل کەس بوون کە بیستیان دەکوژرێن و بیستەکەی تر بە دیل ئەگیرێن. دیارە ئەو هێرشەی ڕێژیم وەکو لە کاک کەریم بابایی، یەکێک لە فەرماندە لکەکانی هێزی شاهۆم بیستووە، زۆر بەرین بووە و چەند ڕۆژ بەردەوام درێژەی هەبووە. چەند جار ڕێژیم پاشەکەشەی پێکراوە و دوبارە هێرشی هێناوەتەوە. لەو هێرشانەدا دوژمن زیانی گەورەی پێگەیوە. وەک کاک کەریم خۆی دەڵێ نزیک بە سەد و پەنجا کەس کوشتە و بریندارێکی زۆر و سی و پێج دیلی هەبووە. ماوەیەک گوزەرا، دروست نازانم چەندەی پێچوو، کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە ئاگاداری کردم کە ئەیەوێ بچێ بۆ سەردانی هێزی شاهۆ بۆ ڕاپەڕاندنی بەرنامەیەک. هەروەها کۆمەڵێک پێشمەرگەی هێزی شەهید ئاوارەیش بۆ هاوکاری هێزی شاهۆ کە ماوەیەکە لە هەورامانن، قەرارە لەم سەردانەدا چاوی پێیان بکەوێ. سەید ڕەسوڵ بۆی نووسیبووم بیستوویەتی کە هێزی ئاربەبایش پێشمەرگەی ناردووە کە پێی خۆشە بەیەکەوە بچین بۆ سەردانیان. وەڵامم بۆ ناردەوە. لە شوێنێک یەکمان گرتەوە و بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆلای هاوڕێیانمان. ئەوەی لە بیرم بێت لە گوندی دزاوەر کاک فەتاح و پێشمەرگەکانم بینین، چاوەڕوانی ئەوە سەردانەیان نەبوو و زۆریان پێخۆش بوو کە یەکترمان گرتەوە. شەهید عەلییە ڕەش وەک سەرپەل لەو مەئموریەتەدا هاوکاری کاک فەتاحی دەکرد. کاتێ هاوڕێیانم بینی زۆر سەرحاڵ و خۆشحاڵ بوون لەو سەرەکەوتنە کە لەگەڵ هێزی شاهۆ بەدەستیان هێنابوو. دیلەکان ئەو کاتە لە تەحویلی پێشمەرگەکانی بانەدا بوون چونکە ئەوان بۆ چەند ڕۆژ حەسانەوە دوای شەڕی سەرکۆ هاتبوونە دزاوەر و دەورەوبەر. ئێمە لەوێ ڕۆیشتین بەرەو گوندی نۆتشە و بۆ شەو گەیشتینە ئەوێ. چەند هاوڕێیەک لە بەرپرسانی هێزی شاهۆمان بینین. ئەوانیش هاتبوون بۆلامان. سەید ڕەسوڵ بەرنامەی هەبوو لەو سەفەرەدا هەر چۆنێک بێت بتوانین پاسگای نەوسو کە لەو ناوەدا مابۆوە دەستی بەسەردا بگرین. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی دوایی لە گوندی نۆتشە سەرکەوتین بۆ بەرزایی باشووری ئاوایی کە لەوێوە پاسگاکە دیار بوو. بە دووربین سەیرمان کرد شوێنەکەی زۆر قایم بوو. پاسگاکە لە سیمان و ئاسن دروست کرابوو و هەر چواردەوری سەنگەر و تەلی دڕاوی بوو. وەک خەڵکی ئاوایی باسیان دەکرد هەر چواردەوری پاسگاکە مینڕێژ کرابوو. بیرمان لێکردەوە دەستبەسەراگرتنی ئەو پاسگایە چەکی ڕووخێنەری گەورە و بەهێزی ئەویست، کە ئێمە نەمانبوو. بەو چەکانەی ئێمە بۆ چوونەسەر پاسگایەکی لەو جۆرە مەترسی گەورەی هەبوو، و زەرەر و زیانی گەورەی بەدوواە دەبوو. بۆیە وازمان لەو بەرنامەیە هێنا. چەند ڕۆژ لەو ناوەداماینەوە و چەند

کەسێک لە بەرپرسانی هێز و ناوچەی شاهۆمان بینین. دوایی هەر یەک بۆ ناوچەی خۆمان گەڕاینەوە. هاوڕێیانی پێشمەرگەی بانەش سەرجەم ماوەی چل ڕۆژ وەک هێزی پشتیوان و یارمەتیدەر لە ناوچەی هێزی شاهۆ مانەوە. دوایی ئەوانیش گەڕانەوە بۆ بانە.

## هێندێ کێشە و گیروگرفت لە نێوان کۆمیتەی شارستان و هێزدا

دەکرێت بڵێم هەر لە سەرەتای دەسپێکی کاری هێز و کۆمیتەی شارستانەوە هێندێک کێشە و گرفت لە نێوان هێز و بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەدا هەبوو و هەتا دەهات زیادی دەکرد. پێم خۆشە باسی ئەوە بکەم کە جگە لە بێ ئەزمونی هەردوو لا، نەبوونی هەستی بەرپرسایەتی و نەشارەزایی لە کاردا هۆکاری گەورەی ئەم گرفتانە بوون کە سووچی ئەمەش لە خۆیدا دەگەڕایەوە سەر ڕێبەری حیزب. لەڕاستیدا ئەوانیش بێ ئەزمون بوون لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە و کاری نیزامی. ئێمە هیچ ڕێنوێنییەکمان نەبوو بۆ کاروباری ڕۆژانە. تەنانەت هیچ لایەک ئەرك و واجبی خۆمان وەک پێویست نەدەزانی. بەتایبەت کۆمیتەی شارستان کە پێی وا بوو چونکە بەشی سیاسییە بۆی هەیە لە هەموو کاروبارێکی بەشی نیزامیشدا خۆی تێکەڵ بکات. هەر بۆیە بەردەوام دەخالەتی لە تەواوی کاروباری نیزامیدا دەکرد. لە کاتێکدا من پێم وا بوو کۆمیتەی شارستان ئەتوانێ بڕیار بدات، ئێمەش وەک بەشی نیزامی جێبەجێی بکەین نەک دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە چالاکییە نیزامییەکاندا یان دابەشکردنی پۆستەکانی نیزامی یان دروستکردنی پەلێک پێشمەرگە و دانانی سەرپەل بە بڕیار و دەسەڵاتی خۆیان. ئەم شێوە دەخالەتانە ئەگەڕانەوە بۆ کەمئەزمونی ڕێبەری. خۆ ئەگەر وا نەبوایە دەکرا ڕێبەری، مەبەستم کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی‌یە، پێڕەوێك (دستورالعمل، ئاییننامە) بۆ کاری ڕۆژانە لە نێوان هێز و کۆمیتە شارستانەکان و ئۆرگانەکانی دیکەدا دانێت کە هەموو ئۆرگانەکان چوارچێوەی کاری خۆیان بزانن، تاکو لە کاروباری یەکتر خۆ تێهەڵنەقورتێنن و چی دیکە گرفت نەیێتە پێش. بەڵام ئەوەندەی من بزانم و ئاگام لێی بووبێت ڕێبەری هەرگیز بیری لە شتێکی ئاوها نەکردەوە. من وەک فەرماندەهێز هەرگیز شتێکم وەك پێڕەوی کار بۆ نەهات و نەمدی. بۆیە کۆمیتەکانی شارستان و هێزەکان و ئۆرگانەکانی سەر بە ئەوان هەریەک بەپێی عەقڵ و تێگەیشتن و ئارەزووی خۆیان کاریان دەکرد. هەر ئەوەش دەبووە هۆی گیروگرفت لە نێوان کۆمیتەکان و هێزەکان، هەروەها ئۆرگانەکانی دیکەدا. ئەوەندەی من ئاگام لێی بووبێت، بۆ نمونە چەند مەئموریەتیشم هەر بۆ ئەو مەبەستە درایە بۆ بەدەمەوەچوونی ئەو ناکۆکیانەوە بۆ چارەسەریان. یەکەمیان گرفتی کۆمیتەی شارستان و بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان بوو کە پێشتر باسم کردووە کە بە چەند هۆوە چارەسەری نەکرا. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە هەتا من گەیشتمە ناوەندی کۆمیتەی شارستان و هێز لە دەربەند دیزلی، لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هێرشی کرایە سەر و دەستی بەسەردا گیرا و و لێک هەڵوەشان. ئەوەش پێشتر بەوردی باسم لێ کردووە. گرفتی دووەم کێشەی نێوان کۆمیتەی شارستان و هێزی دیواندەرەیە کە لە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانمدا باسی دەکەم. کێشەکانی دیکەش لە لاپەڕەکانی دواییدا دێمە سەریان. ئەوانیش پێوەندییان بە کۆمیتەی شارستان و هێزی پیرانشارەوە هەیە، کە بۆخۆم ماوەیەک لەوێ وەک جێگەری فەرماندەهێز خزمەتم دەکرد و لە نزیکەوە ئاگام لەو کێشە و

گرفتانەوە هەبوون. ئەم گرفتانەی کە باسم کردن و باسیان دەکەم بەشێکن کە من لە نزیکەوە ئاگام لێیانە. دیارە وەک باس دەکرا ئەم گرفتانە لە زۆربەی نێو کۆمیتەکانی شارستان و هێزەکانی دیکەی سەر بە حیزب لە ناوچەکانی دیکەدا هەبوون. کەوا بوو بەگوێرەی ئەم فاکتەرانە کە پێشتر باس کراوە دەکرێت بڵێم ئەم گرفتانە تەنیا لە جێگایەک نەبوون کە ئۆباڵی بخەینە سەر ئەستۆی ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ئەو ناوچانە. دەکرێت بڵێم بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بێ بەرنامەیی و نەبوونی مودیریەتی دروست لە ناوەندی حیزب و باقی ئۆرگانەکانی دیکەدا کە نەیاندەتوانی یان نەیانکرد بەرنامەیەک بۆ کاروبارەکان دامەزرێنن. دەبوو پێڕەوێک هەبوایە کە کاری بە شێوەی گشتی پێ بکرایە نەک عەقڵ و شێوازە جۆربەجۆرەکانی تاکەکەسەکان. مەبەستم ئەوە نییە کە عەقڵ و مێتودی هاوڕێیان بە کەم بگرم بەڵام دەبوو لەسەر گشت عەقڵ و ئەزموونەکان شێوەکارێکی گشتی داڕێژرایە و کاری پێ بکرایە کە بێگومان سەرکەوتووتر ئەبوو.

## کێشەکانی کۆمیتەی شارستانی بانە

چەند کەسێک لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بۆ بەهێزبوون و خۆسەپاندن بەسەر هێزدا کێشەی خۆیی و نێوخۆیان دروست کردبوو. یەکێك لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان خەڵکی شار بوون و بەشێکیش خەڵکی دێهات. بەڵام پێشمەرگە و فەرماندەکان لەو سەرەمەدەا کە من باسی دەکەم زۆربەیان خەڵکی دێهات بوون. چەند کادرێک لە کۆمیتەی شارستان هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە فەرماندەلکەکان هەموویان لە خەڵکی شار دیاری بکرێن چونکە ئەوانە هاوڕێیان بوون و لە لایەکی دیکەشەوە بیریان دەکردەوە کە باشتر گوێڕایەڵیان دەبن. لە بنەڕەتدا نەدەبوو بیرێکی لەو چەشنە لەنێو هێزدا سەری هەڵدایە چون وەکو پرینسیپ من وەک فەرماندەهێز بڕیارەکانی گشتیی کۆمیتەی شارستانم ڕادەپەڕاندن. فەرماندەهێز خۆبەخۆ (ئۆتۆمات) لە هەموو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی شارستاندا بەشدار بوو. هەر بڕیارێکیش بدرایە هێز لەسەری بوو بە کردەوە ڕاپەڕێنێ. کەوابوو ئەو چەند هاوڕێیە لە هەڵەدا بوون کە بەو شێوەیە بیریان دەکردەوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تەنیا بە مەبەستی بەرژەوەندیی و دەسەڵاتی خۆیان بوو نەک حیزب و کۆمیتەی شارستان. بەڵام هێندێ لە کادرەکان هەر خۆلیای کێشە دروستکردنیان هەبوو. من پێم وا بوو کە کارەکان دەبوو بدرێن بەو کەسانەی کە ئەو کاتە توانایی ئەو کارەیان هەبوو، ئیتر گرنگ نەبوو خەڵکی شار بن یان دێ چونکە هەردوو لا کوڕی کورد و ئەندامی یەک حیزب بوون و بۆ یەک مەبەست خەباتیان دەکرد. بەڵام بۆ سەرەتای سەردەمی ڕاپەڕینی گەلی کورد و بۆ داوا ڕەواکانیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، بە باوەڕی من ئەو سەرەردەمە سەرەتای کار و ئەزموون بوو، بۆیە من پێم وا بوو کاروباری نیزامیی کوڕەکانی دێهات لەو بوارەدا و لەو سەرەتایەدا سەرکەوتووتر بوو لەبەر ئەوەی بەئەزموونتر بوون. لانیکەم شارەزا بە باری جوغرافیای ناوچەکە و ناسراوی خەڵکی ناوچەکە بوون، ئەوەش بۆ پارتیزانێک زۆر گرنگە. دیارە لە ئەنجامی داهاتووی کاردا نۆبە دەگەیشتە کەسانی شایستە و بەتوانا لە کار و ئەرکی پێشمەرگایەتیدا و پێویستی بەپەلە و کێشە دروستکردن نەبوو چونکە هەر شتە زەمان و سەردەمی خۆی هەیە. بۆیە پێم وا بوو کە نۆبەش دەگەیشتە هەموو لایەک بەڵام پەلەی چەند کادرێکی کۆمیتەی شارستان کێشەی دروست کرد. بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە چەند نمونەیەک لە کۆمیتەی شارستانی بانە باس دەکەم. کاک حەبیب ساوانی بەهۆی ناسینی چەند هاوڕێیەکی کۆمیتەی شارستانەوە بەبێ ئاگاداریی هێز چەکی درابوویە و ئیمکانی کردنەوەی بنکەیان بۆ پێکهێنابوو. هەرچەند یەک دەستە پێشمەرگەی هەبوو بەڵام ناویان نابوو سەرپەل. وەک ئوسولیش دەبوو لەنێو هێزدا جێگای بۆ دیاری کرایە نەک سەربەخۆ. ئەوە بوو ئێمەش بەخاتری ئەو چەند هاوڕێیە لە لکی مامە قالەی سوتوو وەک سەرپەل و جێگری لک جێگامان بۆ دیاری کرد. بەڵام ئەو کارە تەنیا هەر بە قسە و ڕواڵەت بوو، دەنا لەڕاستیدا بە شاهیدی مامە قالە کە ئێستا بە خۆشیەوە لە سەنگەری خەباتدایە، کاک

حەبیب قەت نە فەرمانی سەرلکی گوێ دەگرت نە گوێڕایەڵی بڕیارەکانی فەرماندەی هێز بوو و بە ڕاشکاوی دەیگوت من پێشمەرگەی فلان و فلانم و فەرمانی کەس بەڕێوە نابەم. ئەوەش ئەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە لە سەرەتادا ئەو هاوڕێیانە هەموو ئیمکاناتێکیان دەستەبەر کردبوو بەبێ ئاگاداریی هێز و لک. لە لایەکی دیکەشەوە پشتیوانیی ئەو چەند هاوڕێیە کاریگەری هەبوو بۆیە ناوبراو خۆی بە پێشمەرگەی هێز نەدەزانی. من دووپاتی ئەکەمەوە، هێز هەمووی سەر بە کۆمیتەی شارستان بوو، ئیتر پێویست نەبوو سەرپەلێک بۆخۆی ڕاستەوخۆ ئاوا بیر بکاتەوە و خۆی و نێوخۆیی دروست بکرێت. ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی ناوبراو کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر کەسانی دیکەی نێو هێز و کۆمەڵێک بێ نەزمیی لەنێو هێزدا دروست کردبوو. کاتێ من لە بانە ڕۆیشتم بۆ پیرانشار، ماوەیەکی پێچوو گوشار لەسەر هێزی پیرانشار لەلایەن ڕێژیمەوە زۆر بوو. بەو بۆنەوە لە چەند هێزەوە وەک هاوکاری پێشمەرگەیان ناردبوو بۆ پیرانشار. هێزی بانەش حەبیب ساوانی بە کۆمەڵێک پێشمەرگەوە هاتبوو بۆ هاوکاری هێزی شەهید ئاوارە. بە شاهیدی پێشمەرگەی پیرانشار کاك حەبیب ڕۆژێک جەبهە بەجێ دەهێڵێ و بێ پرس بە هیچ ئۆرگانێک دەگەڕێتەوە بۆ بانە، چونکە ناوبراو فێری ئەوە شێوە کارە بووبوو کە وەک حەزی خۆی کار بکات. ئەوەش بوو بە جێگای ڕەخنەی توندی هێزی شەهید ئاوارە بەرامبەر بە هێزی ئاربەبا و ناوبراو. نمونەیەکی دیکە، کاک غەفور هەمزەیی و کاک ڕەحمانی خدریش بەردەوام کاریان نانەوەی دووبەرەکی بوو لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا. کاک غەفور لە هەموان زیاتر حەزی لێدەکرد. کاک ڕەحمان خدری خۆی پیاوێکی دڵپاک بوو بەڵام زۆرتر لەژێر کاریگەری کاک غەفوردا بوو. قسەی پشتەملە و پڕۆپاگەندەی نادروست بە دژی فەرماندەی هێز بۆ دابەزینی کەسایەتی و بە مەبەستی کەمبوونەوەی دەسەڵات تاکو دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بسەپێنن بەسەر هێز و فەرماندە هێزدا، هەوڵی بەردەوامیان بوو. لە کاتێکدا ئەم دوو کەسە لە هێرشی کۆماری ئیسلامیدا بۆسەر کوردستان، واتە پێش شەڕی سێ مانگە، کاتێ شارمان چۆڵ کرد سەرەتا وەزعمان لاواز بوو و بارودۆخی پێشمەرگە نادیار بوو بە کوێدا دەشکێتەوە، تەنیا یەک حەوتوو لە دەرەوە لەگەڵماندا مانەوە، چونکە وایان بیر کردبۆوە کە ئیتر شۆڕش نەماوە و پێشمەرگە تێکشکاوە بۆیە وایان بە پەسند زانیبوو کە زیاتر خۆیان ماندوو نەکەن و خۆیان تەحویلی ڕێژیم دایەوە و تەنانەت لەو سەردەمەدا ڕۆژنامە گەورەکانی تاران هەواڵی خۆتەحویل دانەوە و تۆبەنامەکەیانی بڵاوکردەوە. بەڵام دوای شەڕی سێ مانگە و گرتنەوەی شارەکان و بەهێزبوونی دەسەڵاتی پێشمەرگە، هەر دووکیان هاتنەوە نێو حیزب و بەهۆی گروپبەندی و دەستەبازی کە هەبوو لە یەکەم کۆنفرانسدا دەنگیان هێنایەوە بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی شارستان و بەدوای ئەوەشدا لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان بۆ دابەشبوونی کار هەردووکیان بوونە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان. کاک غەفور هەمزەیی لە سەرەتادا بوو بە بەرپرسی بەشی بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی شارستان و دوایی بوو بە بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی. کاک ڕەحمانی خدریش سەرەتا بەرپرسی بەشی

کۆمەڵایەتی بوو و دوایی بوو بە بەرپرسی بەشی دارایی کۆمیتە. لە سەرەتادا بەرپرسی بەشی دارایی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو تا کاتێ حیزب بەهۆی گوشاری زۆری ڕێژیمەوە بنکەکانی گواستەوە بۆ کوردستانی عێراق. لەو سەردەمەدا کاک ڕەحمان بەهۆی هێندێک گیروگرفتی ماڵی کە بۆی پێکهات شوێنی کاری گوێزرایەوە بۆ یەکێک لە کۆمیسیۆنەکانی دەفتەری سیاسی. ئەگەر هەڵە نەکەم کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو. ماوەیەک لەوێ مایەوە و دوایی بۆ جاری دووەم خۆی تەسلیمی ڕێژیم کردەوە. هێندێ لە ئەسڵی باسەکەم دوور کەوتمەوە. دیارە ئەو کەسانە بەهۆی دەستە و دەستەبازی لە کۆنفرانسەکاندا دەنگی زۆریان دەهێنایەوە و بە ئاسانی دەبوونە ئەندامی کۆمیتەی شارستان و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و دەستیان دەکرد بە دووبەرەکی دروستکردن لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا. ئەو کاتە کاک هاشمی کەریمی بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو. ئەو هەرگیز حەزی بەو ئاژاوە و دووبەرەکییە نەدەکرد. کاک هاشم پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ و حەواوە بوو؛ ئەیتوانی لەگەڵ هەموو کەسدا کار بکات. لە تەواوی ئەو ماوەدا گیروگرفتمان بۆ پێش نەهات بەڵام بەداخەوە بە هەر هۆیەک بێت نەیتوانی بەر بەو کەسانە بگرێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کەسانە بەهۆی دەستەبازییەوە پێشیان پێ نەدەگیرا. هۆی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ باندبازی لە کۆنفرانسەکاندا کە زەمینەی خۆش دەکرد بۆ دەنگهێنانەوەی ناسالم بۆ ئەو جۆرە کەسانە. نمونەیەکی دیکە پێم خۆشە بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر ئاماژەی پێ بکەم. ڕۆژێک نامەیەکی مامە قالە سوتوویی‌م بۆ هات. ناوبراو سەرلک بوو و بنکەی پێشمەرگەیان لە گوندی سپیدارەی لای نەمەشیر بوو. لەو نامەدا داوای کردبوو پێویستە سەردانێکی بکەم. دیار بوو موشکیلاتی هەبوو. لەگەڵ چەند هاوڕێی پێشمەرگەدا چووم بۆ گوندی ناوبراو. شەو قسەم بۆ پێشمەرگەکان کرد دەربارەی ئەوەی کە پێشمەرگە کردار و گوفتار و ڕەوشتی چۆن بێت لەنێو کۆمەڵدا. دوای قسەکان مامە قالە داوای دانیشتنێکی دووقۆڵی کرد. چووینە ژوورێک. بێ هیچ پێشەکییەک گوتی یان من لێرە بگوێزەوە یان کاک عومەری ڕەحیمی! عومەر لەلایەن کۆمیتەی شارستانەوە وەک بەرپرسی بەشی سیاسی هاتووە بۆ ئەم لکە، بەڵام لەجیاتی کاری سیاسی و ڕێکخستنی پێشمەرگەکان و دانی زانیاری سیاسی ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی غەیبەتکردنی منە لەلای پێشمەرگەکان. ئەو نایەوێ کاری سیاسی بکات بەڵکو کاری ئاژاوەنانەوەیە. بەرداوام لەنێو پێشمەرگەکاندا ئاڵۆزی دروست دەکات بە مەبەستی ئەوەی کە خۆی ببێتە سەرلکی ئەم لکە پێشمەرگەیە. ئیتر تۆ کاممان لە بەرژەوەندیی حیزبدا ئەبینی بۆ کاروبای ناوچەکە با ئەو کەسەمان لێرە وەمێنێ. ئەگەر عومەر لێرە بێت و بە شێوەی ئێستا کار بکات من ناتوانم کار بکەم.

کاک عومەر ڕەحیمی گەنجێکی خوێندەوار بوو و زانیاری سیاسی هەبوو بەڵام هێشتا خەڵکی ناوچەکە نەیاندەناسی و لە کاری نیزامیشدا ئەو کاتە ئەزمونێکی ئەوتۆی نەبوو. کاک عومەر لە تۆپبارانێکی ڕێژیمدا لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەدا شەهید بوون. لە جێی خۆیدا ئەو ڕووداوە تاڵە بەرینتر باس دەکەم. مامە قالە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بوو

بە هەموو چین و توێژەکانیەوە. خەڵکی ناوچەکە حیسابیان بۆ قسەکانی دەکرد. پێشتر لە ساڵەکانی ١٣٣٨ هەتا ١٣٤٠ی هەتاویدا بە تاوانی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی بانە و شارەکانی دیکەی کوردستان دەخرێتە زیندانەوە لە تاران. لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە ساڵی ١٣٥٧ وەک پێشمەرگەیەکی چالاک و شۆڕشگێڕ پەیوەندی بە حیزبەوە دەگرێت. مامە قالە پێداگر بوو لەسەر بەجێهێنانی سیاسەتەکانی حیزب. ئەم کەسە وەک لێهاتوویی خۆی و بەرژەوەندیی حیزب و خەڵکی ناوچە ئەو ئەرکەی پێسپێردرابوو. کاک عومەر ڕەحیمی لاوێکی بەهەست و شۆڕشگێڕ بوو و بۆ پاشەڕۆژی حیزب وەک سەرمایەیەک حیسابی بۆ دەکرا، بەڵام بۆ ئەو کاتە بوونی مامە قالە لەو شوێنە و بۆ بەجێهێنانی ئەرکی سەرلکی پێوستی زیاتر و لە بەرژەوەندیی حیزبدا بوو. ئەو توانیبووی بارودۆخی ناوچەکە چ لە باری نیزامی چ لە باری کۆمەڵایەتییەوە بە باشی لە هەموو بوارێکدا سەقامگیر بکات. پێشمەرگەکانیش ئەوپەڕی ڕەزامەندییان لێی هەبوو. بەڵام ئەو کاتە بۆ کاک عومەر زوو بوو کە سەرلک بێت بەتایبەت لەو لکەدا. بەدوای قسەکانی مامە قالەدا بانگی کاک عومەرم کرد و ویستم هەر چۆنێک بێت ڕازی بکەم ئەو کارەی کە پێیسپێردرابوو وەک ڕێکخستنی نێو پێشمەرگەکان، ئەنجامی بدات و هەوڵ بدات لەگەڵ مامە قالەدا هاوکاری بکات. بەڵام بەدوای قسەکانی مندا زۆر بەتوندی گوتی من هەرگیز حازر نیم لێرە و لەم لکە پێشمەرگەیەدا خزمەت بکەم. ئەم لکە بۆ ئەوە نابێ کاری ڕێکخستنی تێدا ئەنجام بدەم چونکە مامە قالە ڕێگری دەکات بۆ ئەو کارە. ئێستا دەچمەوە بۆ کۆمیتەی شارستان. هەرچی هەوڵم دا کە پەلە مەکە با هێندێک لە ناوچەکە شارەزایی پەیدا بکەیت، خەڵک بناسیت، پێشمەرگەکان زۆرتر بەهۆی ڕێکخستنی کاری سیاسییەوە لەگەڵت ئاشنا بن، بەڵام بە قسەی نەکردم. بۆیە ناچار بووم مامە قالەم لە جێگای خۆی وەک بەرپرسیاری لک پەسند کردەوە و کاک عومەرم بردەوە بۆ کۆمیتەی شارستان. ئەو بڕیارەش بۆ من بە گران تەواو بوو و کۆمەڵێک ناڕەزایی چەند کەسانێکی بەدوادا هات. ئەویش دەگەڕایەوە بۆ پشتیوانی و دەخالەتی نادروستی چەند کادرێک لە کۆمیتەی شارستاندا بە دژی کاروباری هێز. خاڵی دووەمی داوای مامە قالە ئەوە بوو گوتی لەوەبەدوایش مەسئولیەتی کاک حەبیب ساوانی لە ئەستۆ ناگرم، هەرچەند تا ئێستاش هیچی بە قسە نەکردووم، بە خەیاڵ ناوبراو سەرپەل و جێگری لکی من بووە، بەڵام هەروەک خۆت ئەزانی ئەم کەسە خۆی بە پێشمەرگەی هێز و لک نازانێ بەڵکو خۆی بە پێشمەرگەی فلان کەسێک لە کۆمیتەی شارستاندا ئەزانێ بۆیە هەر وەکو حەزی خۆی کار دەکات نەک بڕیاری لک و هێز. تا ئێستا چەند جار خەڵکی نێو شار شکایەت و گلە و گازندەیان لێی هەبووە کە گوایە بە ناوی یارمەتی شۆڕش داوای پارە و کەلوپەلی کردووە. منیش پێم گوتووە تۆ مافی ئەم کارەت نییە، ئێمە بەشی دارایی و تەداروکاتمان هەیە لە کۆمیتەی شارستاندا و ئەو کارە ئەرکی ئەوانە. پێشمەرگە مافی نییە خۆ لەو کارانە هەڵقورتێنێ بەڵام بە قسەی نەکردووم. پێم خۆشە سبەینێ سەردانێکی بکەین لە بنکەی خۆیان لە گوندی نجنێی سەروو بەڵکو بە قسەی تۆ بکات و

واز لەو کارانە بهێنێ و چی دیکە گلە و گازندەمان لەلایەن خەڵکی شارەوە نەبێتەسەر. ڕۆژی دوایی چووین بۆلای کاک حەبیب. میوانداریی‌یەکی باشی کردین. دوای حەسانەوە و نانخواردن پێشمەرگەیەکی نارد بۆ ماڵی خۆیان. پێشمەرگە هاتەوە و بەقەد ژمارەی پێشمەرگەکان جامانەی بۆ هێنیان. گوتی ئەم جامانانە خەڵکی شار بە دیاری و یارمەتی بۆ شۆڕش بۆیان ناردووین و منیش پێم خۆشە ئەم چەند جامانە وەکو دیاری خەڵک و دیاری خۆم بدەم بە ئێوە. گوتم زۆر سوپاس، من کە جامانەکەم تازەیە و پێویستیش بە جامانەی زیادی نییە، پێشمەرگەکانیش خۆیان دەزانن. بەدوای قسەکەی مندا مامە قالە و گشت پێشمەرگەکان گوتیان نامانەوێ. پاشان گوتم کاک حەبیب، پێم خۆشە لە شوێنێک لەگەڵ مامە قالە بۆ چەند قسەیەک لەگەڵت دانیشین. ژوورێکی دیاری کرد و لەسەریەک لە گلە و گازەندەی خەڵکی شار و مامە قالە ئاگادارم کردەوە و پێم گوت ئەو کارە کاری ئێمە نییە و ئەوە کاری بەشی تەداروکاتی کۆمیتەی شارستانە. تکات لێدەکەم نە داوا لە کەس بکە بە ناوی یارمەتی بۆ شۆڕش، ئەگەریش کەسێک یان کەسانێک شتێکیان بۆ ناردی وەریمەگرە و ڕوونیان بکەرەوە کە ئەو کەسە یان هەر کەسانێک دەیانەوێ یارمەتی شۆڕش و پێشمەرگە بدەن با یارمەتییەکەیان بنێرن بۆ بەشی تەداروکاتی کۆمیتەی شارستان. هەروەها تۆ وەکو ئۆرگان پەیوەندیت بە لکی مامە قالەوە هەیە و پێویستە بە ڕێنوێنی و ڕاوێژ لەگەڵ ئەودا کار بکەیت نەک بە کەیف و حەزی خۆت. کاک حەبیب لە قسەکەمان ناڕازی بوو. گوتی هەر کەس یارمەتیمان بۆ بنێرێت قبوڵی دەکەم. ئێمە زەحمەتکێشین و پارێزگاری لەو خەڵکە دەکەین و مافی خۆمانە کە یارمەتییەکانیان وەرگرین. لێم دوپات کردەوە کە بەڵێ ڕاستە، ئەو خەڵکە یارمەتیمان دەدەن و ئێمەش وەریدەگرین. ژیانی ئێمە ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرە دابینی دەکات بەڵام نابێ من و تۆ وەریگرین. ئۆرگانی تایبەت بە ئەو کارە دیاری کراوە. ئێمە دەبێ چوارچێوەمان هەبێت بۆ کارەکانمان. بەڵام ناوبراو لەسەر قسەی خۆی هەر سوور بوو. من دەمزانی کە وەڵامی هەر ئەوە دەبێت، بەڵام لەبەر دڵی مامە قالە ئەو تاقیکاریەشمان کرد. ئەوە کرداری کاک حەبیب بوو. کاک حەبیب بەدوای گواستنەوەی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢دا بۆ کوردستانی عێراق بەهۆی هێرشی ڕێژیمەوە، وازی لە کار هێنا و لە ماڵی خۆی دانیشت. دروست کاتەکەی نازانم بەڵام ئەوەی لە بیرم بێت لە ئاخری هەشتاکاندا لە ماڵی خۆی لە شاری سلێمانی و ئاوارەییدا کۆچی دوایی کرد، ڕۆحی شاد. ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بەم ڕووداوانەوە هەیە زۆریان ماوەن و بەخۆشییەوە یەک لەوان مامە قالەی سووتووە کە دوای لەدەستدانی قاچێکی بەهۆی مین و هەروەها تەمەنێکی بەرزەوە ئێستایش هەر لە سەنگەری خەباتدایە، کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەم.

کێشەیەک لە نێوان دوو کەس لە ئاغایانی گوندی تاژان سەرهەڵدەدات. (کاتێ کە مرۆڤ باسی ئاغا دەکات، مەبەست کەسێکی خاوەن زەوی و دەسەڵاتە، بەڵام لە زۆربەی دێهاتەکانی بانە زۆر لە کەسەکان پاشناوی ئاغا یان بەگیان هەیە بێ ئەوە خاوەن زەویەکی ئەوتۆ یان خاوەنی دەسەڵات بن. ئەم کەسانە خاوەنی چەند پارچە زەویی

بچوکن کە تەنیا بە ژیان و بژیوی خێزانێکی بچوك ڕادەگات. ئەمانە کەسانێکن کە باوک و باپیریان گوندێکی بچوکیان هەبووە و ئێستاش بەهۆی زیادبوونی خێزانەوە بوونە چەند بنەماڵەی بچوکتر و هەر یەک لەو بەناو ئاغایانە تەنیا بەقەد جوتیارێکیان زەوی هەیە. بەڵام ناوی ئاغایەتییەکەیان وەک میراتێکی بێ کەڵک بۆ ماوەتەوە. زۆر جاریش ئەم پاشناوانە زیانیان پێدەگەیێنێ) ئەم دوو ئاغایە، یەکیان ناوی ساڵح ئاغا و ئەوی تریان حەمە ئاغا بوو، گرفتیان هەبوو لەسەر ئاو. ساڵح ئاغا کە ماڵەکەی لە پشت ماڵی حەمە ئاغاوەوە بوو، لەو ساڵەدا کارێزێکی لە نێو زەویی خۆیدا لێدابوو. ئەم کارێزە بووبوە هۆی ئەوە کە ئاوی کارێزەکەی حەمە ئاغا لە خوارەوە کەمتر وەبێت. بۆیە حەمە ئاغا سکاڵای هێنابوو بۆ کۆمیتەی شارستان بۆ بەشی کۆمەڵایەتی. کۆمیتەی شارستانیش کاک غەفور و کاک ڕەحمانی دیاری کردبوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. ئەم هاوڕێیانە جارێك چووبوون بەڵام بۆیان چار نەکرابوو. ڕۆژێک کە لە گەشتی نیزامی گەڕابوومەوە کاک غەفور هات بۆلام لە بنکەی هێز و داوای لێکردم بەیەکەوە بچین بۆ ڕێکخستنەوە و ئاشتیی ئەو دوو بنەماڵەیە. گوتم کاک غەفور، ئەوە کاری من نییە، کاری ئێوەیە. من پێم خۆش نییە لە کاروباری ئێوەدا دەخالەت بکەم. پێویستە ئێوە خۆتان بچن و جێبەجێی بکەن. لە وەڵامدا گوتی ئێمە خۆمان ڕازین کە تۆ هاوکاریمان بکەیت، چونکە ئێمە جارێک چووین و بۆمان بە ئاکام نەگەیشتووە. پێمان خۆشە ئەم جارە ئێوەش بەشداری بکەن بەڵکو بە هاوکاریی هەموو لایەک بتوانین کێشە و گرفتی ئەو دوو بنەماڵەیە چارەسەر بکەین. گوتم مادام پێتان وایە هاتنی من بێ ڕێ و شوێن نابێت، لەگەڵتان دێم. کاتێ چووین میوانی هەر دوو ماڵەکە بووین. لە شوێنێک لە نێوان ملکی هەردوو لادا لە بن سێبەری دارێکدا جێگامان بۆ تەرتیب کرابوو بۆ دانیشتین. دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ دەستمانکرد بە قسەوباس. ئەوە ڕاست بوو کە بە لێدانی ئەو کارێزە ئاوی حەمە ئاغا کەم بووبۆوە و کشتوکاڵەکەی تووشی کەمئاوی هاتبوو، بەڵام ماڵی ساڵح ئاغا هیچ کە ئاوی ساڵانی هەر وەکو خۆی هەبوو هەمیشەش دەستەپاراوێک ئاوی لەو کارێزە تازەی کە لێیدابوو بۆ زیاد بووبوو. هەرچەند کارێزەکە لە زەوی خۆیدا بوو بەڵام ئەوە ڕاست بوو کە بووبووە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی کارێزەکەی تر. لەسەر ئەم ئەساسە داوام لە ساڵح ئاغا، خاوەن کارێزی تازە، کرد کە ڕازی بێت لە حەوتوودا شەو و ڕۆژێک (بیست و چوار سەعات) ئاوی ئەو کارێزە بچێت بۆ حەمە ئاغا تاکو کشتوکاڵەکەی وشک نەبێت. ناوبراو لە وەڵامدا گوتی من لە قسەی تۆ دەرناچم، هەر بڕیارێک بدەن من ڕازیم. لەسەر ئەو ئەساسە گرێبەستمان لە نێواندا نووسین. بەو شێوەیە ڕازیمان کردن و لەگەڵ یەك ئاشت بوونەوە کە پێشتر دەنگیان لە یەکتر دابڕیبوو. ئا لێرەدا بوو کاک غەفور هەمزەیی بە کاک ڕەحمان خدریی گوت من نەمگوت ئەگەر کاک ڕەشید بێت ئەتوانێ جێبەجێی بکات؟ چونکە دێهاتییەکان باشتر بە قسەی ئەو دەکەن تاکو ئێمە. منیش بە پێکەنینەوە گوتم کاک غەفور، ئێمە خەڵکی دێهات هەمووومان دۆستی یەکترین و قسەی یەکتر باشتر ئەزانین. بێگومان لەخۆڕا نییە بە قسەم دەکەن و لە من باشتر حاڵی دەبن تا لە ئێوە، بۆیە دەبێ ئێوە ئەوەی قبوڵ

بکەن. بەڵام تەنانەت قبوڵکردنی ئەم شتانەش بۆ ئەوان سەخت بوو. لە کاتێکدا ئەوە خزمەتێکی کۆمەڵایەتی بوو کە گرفت و کێشەیەکی خەڵکیمان جێبەجێ دەکرد، هەر لە بیری ئەوەدا بوون بە هەر جۆرێک بێت من لە بانە نەبەم تاکو ڕەنگی ئەوان پڕڕەنگتر بێت. ئەمە تەنیا نمونەیەکە لە دەیان شتی لەو جۆرە. هەوڵیان دەدا دەرینەخەن بەڵام لە دروونی خۆیاندا زۆری پێ عاجز بوون کە بۆچی خەڵک بە قسەی من باشتر دەکات تاکو ئەوان. ئەو هاوڕێیانە ئەم حاڵەیان بە کەمایەسییەک بۆ خۆیان حیساب دەکرد. هەر ئەم کارە و زۆر کاری دیکەی ئاوا بوونە هۆی ئەوە ڕێگا خۆش بکەن کە من لە بانە بڕۆم بۆ هێزیکی دیکە. بۆ من گرنگ نەبوو لە هەر کوێیەک خزمەت بکەم لەبەر ئەوەی من پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و ئەو خەڵکە بووم و خەڵکی بانە و هەموو شارەکانی کوردستان بۆ من وەک یەک بوو. هەموو ئەو شوێنانەش هەر کوردستان بوون و هیچ کارێکی تایبەتیشم لە بانە نەبوو تاکو لە ناوچەکانی دیکە بۆم نەکرێت. کاری ئێمە سەنگەر بوو بەرامبەر بە دوژمن. پێم چاکە ئاماژە بەوەش بکەم کە ساڵانێک گوزەرا، من کەوتمە تاراوگە و وڵاتی سویدەوە. کاک غەفوریش بەهۆی کاری حیزبەوە لە بەغدا بوو. لە ساڵی ١٩٩٤دا ڕێکەوت بە سەفەر گەڕامەوە بۆ کوردستانی باشوور و لەوێشەوە چووم بۆ قەندیل کە سەرکردایەتی حیزب ئەو کاتە لەوێ نیشتەجێ بوو. چووم بۆ دیداری هاوڕێیان. کاک مستەفا هیجری لە سەفەری دەرەوەی وڵات بوو. وەک بزانم ئەو کاتە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە جێگری سکرتێر بوو. داوام کرد تەرتیباتی سەفەرێکم بۆ ئۆردوگای ئەڵتاش (ڕۆمادیە) بۆ بکات. ئەم سەفەرەم بۆ ئەڵتاش بۆ ڕاپەڕاندنی کارێك بوو کە لەلایەن فیدراسیۆنەوە "فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید"، پێم سپێردرابوو. ئەو کاتە من ئەندامی کۆمیتەی گشتی بووم لە فیدراسیۆندا و ئەندامی کۆمیتەی پەنابەران بووم. بە ماشینێکی حیزب لەگەڵ چەند هاوڕێدا چووینە بنکەی حیزب لە بەغدا. کاتێ دابەزین لە بەردەم بنکەی حیزب، کاک غەفور هەمزەیی لە یەکێک لە ژوورەکانی بنکەوە منی بینی و هات بەپیرمەوە. زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کردم. دوو شەو لە بەغدا مامەوە. ڕۆژی یەکەم چوومە ڕۆمادیە و بۆ شەو گەڕامەوە دەفتەری حیزب. کاک غەفور ئەو دوو شەوە لە دەرەوەی بنکە لە یەکێک لە ڕێستورانەکانی بەغدا میوانداریی کردم. کاتێ قسەمان گەرم بوو، لە نێوان قساندا گوتی کاک ڕەشید، بریا بە عەقڵ و ئەزمونی ئێستام ساڵانی پێشوو لە بانە هاوڕێیەتی تۆم بکردایە، کە دڵنیام بە قازانجی هەردوو لامان دەبوو. گوتم بریا وا بوایە بەڵام هیوادارم لەوەبەدوا ئەو ڕێگایە بگریت، بە وتەی کوردان زەرەر لە نیوەیشی وەگەڕێ هەر باشە. باسی ئەو سەفەرەی بەغدا لە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانمدا دەکەم. سەرئەنجام لە ئاکامی قسە هێنان و بردنێکی زۆر بۆ دەفتەری سیاسی، ئەو چەند کادرەی کە باسم کردوون و لەو دواییانەشدا چەند هاوڕێیەکی کۆنە چریکی تازەهاتوو بۆ کۆمیتەی شارستان، هەر یەک بۆ کاری بەشێک لە ئۆرگانەکانی کۆمیتە هاتووچۆی دەفتەری سیاسییان ئەکرد. هاوڕێیانی دەفتەریان ئەبینی. وێدەچێت هەر جارە قسە و باسێکیان دەرحەق بە من کردبێت کە من ئاگام لێ نەبووە، چونکە من بە کاری نیزامییەوە

مەشغوڵ بووم. ئەتوانم بڵێم ساڵی جارێک یان دوو جار ئەگەر بۆ دەفتەر بچوومایە لەبەر ئەوەی ئەگەر کاری تایبەت نەبوایە فەرماندە هێزەکان کەمتر ئەچوون بۆ دەفتەر، کە من بۆخۆم وا بووم. کاتێکم زانی هەیئەتێک کە بریتی بوو لە کاک مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و شەهید ئەبوبەکری هیدایەتی، هاتن بۆ بانە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گرفتەکانی هێز و کۆمیتەی شارستان. بەداخەوە ئەو هەیئەتە تەنیا قسەی کۆمیتەی شارستانی وەرگرت. من لە گەشتێکی نیزامیدا بووم و ئەوان ئامادە نەبوون تاکو من لە جەولەکەم بگەڕێمەوە و منیش قسەی خۆم بکەم. تەنانەت ئاگاداریش نەکرام کە گەڕاونەوە بۆ دەفتەری سیاسی، کە ئەودەم لە ناوچەی نەڵێنی سەدەشت بوو. ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە کە بۆچی هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی لە هەیئەتیان نەپرسی ئەی باشە قسەی ڕەشید ئەحمەدی چی بووە. یان دەبێ هەر نەیانپرسیبێت ئاخۆ منیان دیوە یان نا؟! ئەی لەسەر چ ئەساس و ڕاستییەک ساخ بوونەوە کە قسەی ئەو چەند هاوڕێیانەی کۆمیتەی شارستان و لێکۆڵینەوەی هەیئەتیش دەرحەق بە من ڕاستە، کە دەفتەر ڕازی بوو جێگای خزمەتم بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. من قسەیەکی دوکتۆر قاسملووم لەبیرە، گوتی کاک ڕەشید، ئێمە پێمان وا نییە هەرچی هاوڕێیانی کۆمیتەی شارسان گوتوویانە ڕاستە بەڵام ئەوەی کە بزانین ئێوە لەگەڵ یەکدا ناتوانن کار بکەن. بۆیە بەو ئاکامە گەیشتووین کە تۆ نەفەرێکی و گواستنەوەت ئاسانترە هەتا چەند کادرێکی کۆمیتە، دڵنیاشم تۆ لە هەر کوێیەک بیت سەرکەوتووتر دەبێت تاکو لە بانە. ئیتر نەیشمزانی هەیئەت چۆنیان ڕاپۆرت داوە و قسەیان چی بووە لەسەر من. ئەوەی دوایی لێرە و لەوێ بیستمەوە چەند خاڵێک بوون. بۆ نمونە گوایە باڵەخانەیەکەم لە پارەی حیزب دروست کردووە بۆ بنکەی هێز. بەڕاستی هەر بیریشم لە شتی وا نەکردبۆوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هێز خاوەنی هیچ پارە و ئیمکاناتێک نەبوو. هەر چییەکشمان بوو لە تەداروکاتی کۆمیتەی شارستانمان وەرماندەگرت بە یارمەتی مانگانە و خواردەمەنییەوە، چونکە هێز دەخالەتی لە هیچ کاروبارێکدا نەدەکرد، تەنیا کاری نیزامی ئەنجام ئەدا بەرامبەر بە دوژمن. داهاتی حیزب، بەتایبەت گومرگی سنووری بانە بۆ کوردستانی عێراق، کە یەکجار زۆر بوو، ئەویش بەرپرسی بەشی ماڵی، کاک ڕەحمانی خدری، وەریدەگرت نەک هێز. دەکرا لەو داهاتە چەند هێزی پێشمەرگەی پێ بەخێو بکرێت بەڵام زۆر بە کەموکووڕی و لاوازی بە ئێمە ڕادەگەیشتن. هێز بۆخۆی هیچ سەرمایەیەکی نەبوو، تەنانەت ئەو تەقەمەنیەی کە لە دەفتەرەوە دەهات لەپێشەوە ئەچوە تەداروکاتی کۆمیتە ئەودەم هێندێکیان بۆ مەسرەفی ڕۆژانە ئەدا بە تەداروکاتی هێز. ئەم باڵەخانەی کە بە قەولی هاوڕێیان وەک هەستی ئاغایەتی دروستم کردبوو، بە شاهیدی هەموو ئەو هاوڕێیانی کە ئێستا زۆریان بەخۆشیەوە ماوەن، بنکەی هێز لە مزگەوتەکەی گوندی مووچەدا بوو. نیوەی هەیوانی مزگەوتەکەمان بە تامان بڕیبۆ و سیواقمان کردبوو بۆ بەرگری لە سەرما. ئەمە لە کاتێکدا پێویستیمان بە قوژبنێکی ئاوا هەبوو بۆ کاروباری هێز. تەنانەت سێ ژەم نانەکەشمان لە ژووری مزگەوت لەگەڵ پێشمەرگەکان دەخوارد و تەنیا بۆ خەو لەگەڵ

جێگر، کاک سەید ئیبراهیمی هاشمی، و چەند پێشمەرگەیەک لەو شوێنە دەنووستین یان ئەگەر کاتێکیش سەرلک و سەرپەلەکان بۆ کار و پێداویستیی نیزامی بهاتنایە بۆ هێز، یان ئەگەر میوانێکی هێزمان بهاتایە لەو ژوورەدا میوانداریمان دەکرد. ئەمە هەموو باڵەخانە و ئەو قەسرە بوو کە هاوڕێیان بە دەفتەریان گوتبوو لەگەڵ کۆمەڵێ شتی لەو جۆرە. ئەم قسە زۆر گەورە کرابۆوە بە ناوی ئەوەی کە من هێشتا گیانی دەرەبەگی و ئاغایەتیم تێدایە کە وا ڕازی نابم لە هەر جێگایەک بژیم. تەنانەت بیستم جارێک دوای من کە شوێنی خزمەتم گۆڕا بۆ ناوچەی پیرانشار، کاک جەلیل گادانی بۆ چاودێری کۆنفرانسێک دێت بۆ بانە و دەچێتە بنکەی هێز. کاتێك هیچ قەسرێک نابینێ، دەڵێت من لە ناوچەی شیمال بیستم کە فەرماندە هێزی بانە، کاک ڕەشید ئەحمەدی، بۆ بنکەی هێز خانوویەکی زۆر موهیمی دروست کردووە کە جێگای سەرنجە بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت کە وا نییە و ئەو قسە دوورە لە ڕاستی! کاتێ من گەڕامەوە بۆ بنکەی هێز بە هاتنی ئەو هەیئەتەم زانی کە زۆر خزمەت کراون لە کۆمیتەی شارستان. تەنانەت بۆ ساتێکیش نەهاتوونە بنکەی هێز کە لانیکەم ئەم قەسرەی فەرماندە هێز ببینن و لەوێشدا ئیسراحەتێک بکەن. ئەم هاوڕێیانە هێندێ پێشمەرگەیان فێرکردبوو بەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ مندا بوون پشتەملە پێیان دەگوتن "عەدەد مەسینە" واتە ئافتاوە هەڵگر، لە کاتێکدا هەموو کادرێکی کۆمیتەی شارستان کە ئەچوون بۆ ئەملا و ئەولا چەند پێشمەرگەیان لەگەڵدا بوو. ئەمە لە کاتێکدا تەنانەت سەردەستەیەک ئەو مافەی هەبوو کە هەمیشە کۆمەڵێک پێشمەرگەی لە دەوروبەر بێت. بەڵام بۆ فەرماندە هێزێک بە باوەڕی ئەو هاوڕێیانە ئەو مافەی نەبوو چەند پێشمەرگەی لەگەڵدا بێت. بە باوەڕی من ئەو هاوڕێیانە لە هەڵەدا بوون دەنا هەموو ئەو کەسانەی کە ناوم هێنان مافی خۆیان بوو پێشمەرگەیان لە هەموو کات و ساتێکدا لەگەڵدا بێت چونکە دوژمن هەمیشە لە پلاندا بوو بۆ کوشتن و تیرۆری ئەو کەسانە. هاوڕێیان ئەم پڕۆپاگەندانەیان بۆیە دەکرد کە ناوی من کەمڕەنگ بکەن و گوشارم بخەنەسەر کە لە بانە بڕۆم. ئەوەی من بزانم دوای ڕۆیشتنی من لە بانە هیچ فەرماندەهێزێک لە ساڵێک زیاتر لە بانە نەمایەوە و هیچیشیان بە ڕەزامەندیی خۆیان نەڕۆیشتن. زۆر جاریش لەنێو پێشمەرگەکاندا تەبلیغاتیان دەکرد کە دەبێ من فشار بخەمەسەر پێشمەرگە و بە قەولی ئەوان هێشتا بیری دەرەبەگی و ئاغایەتیم ماوە و ئەم فشارانە لەوێوە سەرچاوە دەگرن. ئەگەر بەوردی سەرنجی سەرەتای بیرەوەرییەکانمت دابێت ئەبینی من نەکەوتمە نێو ژیانی ئاغایەتییەوە و هەر لە سەرەتاوە بوومە ئەندامی حیزب و زۆری پێنەچوو کە ئاوارەی هەندەران بووم لەپێناو ئامانجەکانی حیزب و گەلدا. کاتێکیش گەڕامەوە بۆ وڵات "ئیسلاحاتی ئەرزی" (دابەشکردنی زەویوزار) لەلایەن حکومەتی محەممەدڕەزا شاوە کرابوو. ئیتر باسێک لە ئاغایەتی نەک بۆ من بەڵکو بۆ ئاغاکانی دیکەش نەمابوو. هەر کەس لە شاردا بە کارێکەوە مەشغوڵ بوون و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دابین دەکرد. منیش یەکێک بووم لەو کەسانە کە زۆر بە ئازار و دەردەوە بەدەست سازمانی ئەمنییەتەوە ژیانی ڕۆژانەم بە ئارەقی نێوچاوان بۆ منداڵەکانم پەیدا

دەکرد. من بە ڕەشید خان دەناسرام و زۆر ئاسان و ڕەحەت بوو پڕۆپاگەندەکردن بە ناوی خان و دەرەبەگەوە دژ بە من، بەتایبەت لەو سەردەمەدا. ئەوەش ڕاست بوو کە گوشارم هەبوو بەڵام نەوەك گوشاری ئاغایەتی و دەرەبەگی، بەڵکو گوشار بۆ نەزم و دیسپلین بۆ پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ، کە بریتی بوو لەم چەند خاڵە: من ڕێگریم دەکرد لە پێشمەرگە و سەرلک و سەرپەلەکان و هەتا من لە بانە بووم ئیجازەم نەدا لە هیچ بنکەیەک ئەوەندەی کە من ئاگام لێی بووبێت مەشروباتی ئەلکولی بخورێتەوە. ئێمە شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە بووین و هەمیشە لە حاڵەتی هێرشکردن یان هێرش بۆسەرمان بووین و نەدەکرا لە حاڵەتێکی ئاوادا مەشروب بخورێتەوە. ئەگەر ئیجازەی شتی ئاوام بدایە تووشی زیانی گەورە دەبووین و تەنانەت لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە زەبرمان دەخوارد. گوشارێکی دیکەی من ئەوە بوو کە ئیجازەم نەئەدا پێشمەرگە هەر باڵندەیەکی لە سەر ڕێیە بینی تەق گوللەیەکی پێوەنێت. فیشەک بۆ ئێمەی پارتیزان پێویست بوو. تەنیا ڕازی بووم کە بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگە بە ئاگاداری بەرپرسەکەی فیشەک بتەقێنێ. یان هەر دەسکەوتێک لە جەبهەدا دەسکەوتایە ئەوەندەی کە من بمزانیبایە نەدەبوو هەڵگیرایە بە قازانجی شەخسی. دەبوو تەحویلی بەشی تداروکات بدرایە. دیارە کەسانێک هەبوون لە پێشمەرگە و بەرپرسەکان ئەم ڕەوش و گوشارەیان پێخۆش نەبوو و حەزیان دەکرد بە کەیفی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن. من بەهۆی ئەم گوشارانەوە بەشێک لە خۆشەویستیی و لایەنگری پێشمەرگەم لەدەست دا. ئا لێرەدا بوو کە پڕۆپاگەندەی چەند برادەرێکی کۆمیتەی شارستان بە دژی من لای ئەو جەماعەتە کە بەم گوشارانە قەڵس بوون جێگەی دەگرت و کۆمەڵێک پێشمەرگەیان دەکەوتەپاڵ بۆ دژایەتی من. لە کاتێکدا دەبوو پشتیوانیان لەو گوشارانەی من بکردایە چونکە ئەوە نەزم بوو بۆ ڕۆژانەی ژیانی پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ. بەداخەوە دوای ڕۆیشتنی من لە بانە شەو نەبوو لە بنکەی هێز مەشروب نەخورێتەوە. شاهید بۆ ئەم قسەیە زۆرن. نایشارمەوە خۆ منیش پێم خۆش بوو جاروبار سەرم گەرم کردایە، بەڵام هەرگیز لە زەمانی شۆڕشدا نە ئەو ئیجازەم بە خۆم دا نە بە پێشمەرگە چونکە ئەو ڕۆژانە من بەرپرسیار بووم لە بەرامبەر ئەرکێک کە پێم سپێردرابوو. ئەم کارانە بەشێک بوون لە گوشارەکانی من. ڕاستییەکەی هەستم بە پلانێک کرد بۆیە بە پێویستم زانی خۆم بچم بۆ دەفتەر. داوای دیدارم کرد لەگەڵ هاوڕێیانی دەفتەر. چاوم بە دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی کەوت. سەرەتا داوای ئاڵوگۆڕی جێگام کرد. ویستم بزانم هەستی هاوڕێیانی دەفتەر چۆنە بەرامبەرم. دیار بوو هاوڕێیانی بانە و هەیئەت کاری خۆیان کردبوو. یەکسەر دوکتۆر قاسملوو گوتی منیش پێم باشە ماوەیەک لە جێگایەکی دیکە خزمەت بکەیت چونکە هاوڕێیانی بانە پێیان وایە کە تۆ ئەگەر لە بانە نەبیت لە هیچ شوێنێکی دیکە ناتوانی خزمەت بکەیت. جا بۆیە پێم باشە بە هاوڕێیانی بانە بسەلمێنی کە تۆ لە هەموو کوێیەک ئەتوانی خزمەت بکەیت. دیار بوو ئەم بڕیار و داوایەی دوکتۆر نیشانەی ئەوە بوو کە هاوڕێیانی بانە هەیئەتیان ڕازی کردووە. هەیئەتیش ڕێوشوێنی لەسەر هاوڕێیانی دەفتەر داناوە. دوکتۆر گوتی بڕیارە کاک

کەریم حەداد، فەرماندەهێزی سەردەشت، ئاڵوگۆڕ بە پۆستەکەی بکرێت و ئەرکی دیکەی بۆ دیاری کراوە. تۆ ئەنێرن بۆ سەردەشت وەک فەرماندەهێز بەڵام مەلا حەسەنی ڕەستگار کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتە ئێستا لە ناوچە نییە و بۆ کارێکی حیزبی چۆتە ناوچەی شیمال، کاتێ گەڕایەوە تۆ ئەنیرین بۆ سەردەشت و دەست بە کاری خۆت دەکەیت. بۆ سەردەشت زۆرم پێ چاک بوو چون لەگەڵ جوغرافیای ناوچەکە و باری کۆمەڵایەتی خەڵکەکەی ئاشنا بووم کە بۆ منی پارتیزان زۆر پێویست بوو. گوتم کاك دوکتۆر، ئیجازەم بدە تا گەڕانەوەی مەلا حەسەن بچمەوە چۆمان بۆلای خێزانم و منداڵەکان. هەر کات ئاگادارتان کردم ئەگەڕێمەوە. لە گەڕانەوەم بۆ چۆمان چەند ڕۆژ چاوەڕوانی کێشای بۆ مانگێك. هیچ هەواڵێکم لە دەفتەرەوە بۆ نەهات. لەو ماوەدا کاك فەتاح ئەحمەدیش کە لە هێزی بانە تا ئەو کاتە سەرلک بوو، بانگ کرابوو بۆ دەفتەر کە ئەویش لە بانە وەگوێزن. دەفتەر بەڵێنی پێدابوو کە هێزێکی تازە دروست بکەن بە ناوی "هێزی تایبەت" کە لە تیپی لاو پێکبێت. دەفتەریش چەک و کەلوپەلی بداتێ و کاك فەتاحیش بۆخۆی سەردانی ناوچەکان بکات بۆ ئامادەکردنی لاوەکان بۆ ئەو هێزە و هەر خۆیشی فەرماندەهێزی بێت. کاك فەتاح لە گەڕانەوەدا هەواڵی بۆ ناردم بچم بۆ دەفتەر. بە وتەی ئەو گوایە دوکتۆر لێم عاجزە و دەبێ لەمێژ بێت نامەی بۆ ناردبم بەڵام من کەمترخەمیم کردووە و نەچووم بەدەم بانگاوازی دوکتۆرەوە. من هیچ هەواڵێک یان نامەیەکم لەلایەن دوکتۆرەوە پێ نەگەیبوو. هەموو ڕۆژێکیش چاوەڕوانیم دەکرد. ئیتر هەر بۆ بەیانییەکەی خۆم پێچایەوە و ڕۆیشتم بۆ دەفتەر. کاتێ چوومە لای دوکتۆر، گوتی کاك ڕەشید نزیک بە مانگێکە نامەم بۆ ناردووی. بۆچی نەهاتی؟ گوتم من هیچ نامەیەکم پێ نەگەیوە. گوتی لەڕێگەی بێسیمی کۆمیتەی شارستانەوە ئاگاداریمان بۆ ناردووی. گوتم عەرزم کردی، من هیچ ئاگادارییەکەم پێ نەگەیوە، ئەمەش لوتفێکی دیکەی کۆمیتەی شارستانە کە دەرحەق بە من کردوویانە. مافی خۆمە کە عەرزت بکەم ئاگادارنەکردنی من و کەمترخەمی لە بێسیم و نامەی دەفتەر کە بە من نەگوتراوە جێگای لێکۆڵینەوەیە. هیوادارم کە ئەم مافەم ژێر پێ نەخرێت! دوکتۆر بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت. دوای تاوێك بێدەنگی گوتی ڕاستییەکەی دوای مانگێك کە بەدەنگ پەیامی ئێمەوە نەهاتی بۆ دەفتەر، ناچار بووین فەرماندەهێز بۆ سەردەشت دیاری بکەین. ئێستا شۆڕش ئەحمەدی لە سەردەشت فەرماندەی هێزە. دوکتۆر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی سەید ڕەسوڵی بابی گەورە لە پیرانشار فەرماندەهێزە، ئەگەر پێت خۆشە ئێستا جێگری نییە و ئەتوانی وەک جێگر بچیت بۆ ئەوێ تاکو جێگایەکی دیکە پەیدا دەبێت کە وەک فەرماندەهێز بتنێرین. گوتم زۆرم پێخۆشە، چون سەید ڕەسوڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە و کەسایەتییەکی بەرچاو و خاوەن ئەزموونە. پێمخۆشە و ڕازیم وەک جێگر لەوێ خزمەت بکەم و ئەزمونی لێوەرگرم. هەردوو نەمران قاسملوو و شەرەفکەندی، ئەم ڕازیبوونەی منیان پێخۆش بوو. گوتیان بڕۆرەوە بۆ بانە، ئێمەش ئەنێرین بەدوای سەید ڕەسوڵدا کە بێت بۆ دەفتەر لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ دەکەین. ئەو کات ڕاستەوخۆ ئاگادارت ئەکەین بڕۆیت بۆ پیرانشار.

گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆم لە چۆمان. زۆری پێنەچوو ڕۆژێک دەستەیەک پێشمەرگە دێنە قاوەخانەی بەردەرەش، کە سەر ڕێگای هەموو هاتوچووی پێشمەرگەی زۆربەی کۆمیتە شارستانەکان بوو، نامەیەک ئەدەن بە قاوەچییەکە کە بینێرێت بۆ من. قاوەچییەکەش هەر ئەو ڕۆژە بە خەڵکی چۆماندا نامەکەی بۆ ناردبووم. لە دەفتەرەوە داوا کرابووم بچم بۆ ئەوێ. کاتێک لە بانە خزمەتم دەکرد ماشینێکی لەندرۆڤەری شەخسیی خۆم لەگەڵ پێنج پێشمەرگە کە وەک هاوڕێی نزیک و تایبەتییان لێ هاتبوو و هەر لەگەڵم مابوونەوە، بەیانییەکی زوو ڕۆیشتم بۆ دەفتەر. تێبینی: لەو ماوەدا کە من فەرماندەهێزی بانە بووم ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە فەرماندەلک و سەرپەل و سەردەستەکاندا پێکهات. بەڵام تا من لە بانە بووم کاک سەید ئیبراهیم وەک جێگری فەرماندەهێز لەگەڵمدا مایەوە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهات. ناوبراو ئەوپەڕی هاوکاریی کردم. لەڕاستیدا ئەرکی خۆی وەک جێگرێک بەجێهێنا. دەمەوێ لێرەدا سوپاسی هەموو ئەو سەرلک، سەرپەل و سەردەستە و بەگشتی پێشمەرگەکان بکەم کە لەو ماوەدا هاوکارییان کردم.

## چوونم بۆ پیرانشار و سەرکەوتنێکی گەورە لە دوایین ڕۆژەکانم لە بانە

هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی، بەیانییەکی زوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەدا خۆمان ئامادە کرد بڕۆین بەرەو پیرانشار. کاتێ گەیشتینە سەر بەرزایی کێوی گاکڕ دەنگی تەقەمان لە سەر جادەی بانە سەردەشتەوە هاتەبەر گوێ. دەنگەکە لە بەرزاییەکانی کێوی کەندەڵ و سەر جادەی گوندی زەرواوەوە دەهات. تەقە زۆر گەرم بوو. دیار بوو سوپا و ئەرتەش هێرشیان هێنابوو بۆ بەرزاییەکانی کەندەڵ، کە تا ئەو کاتە بەدەست پێشمەرگەوە بوو. پێشمەرگەی کۆمەڵە لەوێ دەبن و لەناکاو لە بەیانی زوودا هێزێکی ئەرتەش و سوپا بە هاوبەشی هێرشیان دەکەنەسەر و بەرزاییەکانی سەر گوندی کەندەڵ هەتا کۆنە پاسگای گوندی زەرواو دەگرن. پێشمەرگەی کۆمەڵە بەهۆی کەمی نەفەراتەوە ناتوانن پێشی پێ بگرن و ناچار پاشەکشە دەکەن. هێزی ڕێژیم لەسەر بەرزاییەکەی کەندەڵ هەتا سەر جادە و گردی سەر پاسگاکە سەقامگیر دەبن و خەریکی سەنگەرهەڵکەندن دەبن. ئێمەیش، خۆم و ئەو پێنج پێشمەرگەیە، لە حاستی گوندی کانیسێو بەرەو شەڕەکە ڕۆیشتین و لە جادەی ئەسڵی بانە - سەردەشت بەرەو ڕیزە کێوەکانی کەندەڵ لاماندا. سەرەتا تووشی کاک عومەر هۆمەر بووم لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا بوو. ناوبراو یەکێک لە سەرلکەکانی هێزی ئاربەبا بوو. زۆر ناڕەحەت بوو. گوتی کاک ڕەشید، دوژمن هێرشێکی بەرینی هێناوە. جەماعەتێک لە پێشمەرگەی کۆمەڵە کە لە بەرزاییەکانی کەندەڵ بوون ئامادەیی تەواویان نەبووە و زۆریش کەم بوون، ئێمەش کەسمان لە سەر جادە نەبووە بۆیە دوژمن بە هەلی زانیوە و بە هێزێکی زۆرەوە هەڵیانکوتاوەتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، کە دوای تەقە و لێکدانێک پێشمەرگەکان تەنیا توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن. لە گوندی واژە تووشیان بووم، ئیتر خۆم بۆ نەگیرا و بەرەو ئێرە هاتم. دەڵێن کاک عێزەتی پەیڕەوان لەگەڵ جەماعەتێک لە پێشمەرگەی خۆمان بەرەو شەڕەکە ڕۆیشتوون و ئیتر ئاگام لێیان نییە ئاخۆ لە چ بارودۆخێکدان. گوتم زۆر باشە، ئێستا ئێوەش جەماعەتێکن، با پێکەوە بەرەو کاک عێزەت بڕۆین بزانین وەزعەکە چۆنە. هێندێ ڕۆیشتین دیتمان کاک عێزەت بە پەرۆشییەکی زۆرە بەرەو ئێمە دەێ. کاتێ منی بینی چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و باوەشی پێداکردم و ئەملاولای ماچ کردم. گوتم کاک عیزەت، بۆ وا ناڕەحەتی؟ گوتی چەند شت ناڕەحەتیان کردووم. یەکەم، بەداخەوە کەوتینە کەمینی پاسدارەکانەوە و شەهید و بریندارمان هەیە. شەهیدەکەمان کاک محەممەدی مروەتییە لەگەڵ دوو بریندار. دووەم، ئێمە و کۆمەڵە هەردوو لا پاشەکشەمان کردووە. خۆ ئەگەر ئەو هێزە ئەمشەو وەمێنێ خۆیان قایم دەکەن و زەحمەتە دوایی بتوانین دەریانپەڕێنین. دوژمن گرنگترین جێگای گرتۆتەوە، چونکە ئەو شوێنە زاڵە بەسەر ناوچەکەدا. سێیەم ئەوەش بۆ من زۆر ناخۆشە کە تۆ ئەڕۆی و بەجێمان دەهێڵی. ئەم سێ شتە هەرسێکیان بۆ من زۆر جێگای دڵتەنگی و پەرۆشین، بۆیە ئاوا ناڕەحەتم. هەموو لایەکیشمان پاشەکشەمان کردووە. ئەگەر دوژمن ئەو شوێنەی پێبێت ژیانمان لە ناوچەی دەشتەتاڵ لێ ناخۆش دەکات. بە دڵنیاییەوە خۆ

ئامادە دەکات بۆ چوونە پێش بەرەو ڕێگای سەردەشت. کاک عێزەت هەروەها گوتی کاک ڕەشید، وام بیست کە ئەتۆ چەند ڕۆژە ڕۆیشتوویت بۆ پێرانشار. بەداخەوە تا ئێستا فەرماندەی هێزی تازەیشم نەدیوە، کە گوایە کاک ئەحمەد نەستانی، خەڵکی سەردەشتە. من هەروەک خۆم لەم نزیکانە بووم و گوێم لە تەقە بوو و بەرەو ئەم شەڕە هاتووم کە بەداخەوە کاک محەممەدی مەروەتیمان شەهید بووە و دوو پێشمەگەشمان بریندارن کە بەخۆشییەوە برینەکەیان سووکە. ئێستایش وا بێ هیچ دەسکەوتێک گەڕاوینەوە و دوژمنیش بەرزترین لوتکەی کێوی کەندەڵی گرتووە کە بەسەر هەموو ناوچەکەدا زاڵە. دەکرێ بڵێم گرنگترین سەنگەرمان لەدەستداوە. ئێستاش من نیازم بوو کە بگەڕێمەوە بۆلای شەهید و بریندارەکان، بەڵام کە تۆم دی ورەم بەرز بۆوە. ئەگەر ئێوە سەفەرەکەتان ئەمڕۆ وەدوا بخەن پێم خۆشە بە فەرماندەیی و هاوکاری تۆ ئەم جارەش هێرشیان بکەینەسەر. هیوادارم تۆڵەی شەهید و بریندارەکان بسێنینەوە و پاشەکشەیان پێ بکەین. گوتم ئەگەر ئێوە و کاک عومەر هۆمەر ئامادەن من حازرم ئەمڕۆ سەفەرەکم وەدوا بخەم. چونکە سەفەری من لەو شەڕە گرنگتر نییە. با ئەرکی من لێرەش نەمابێ بەڵام هاوبەشیی من لەگەڵ ئێوە لەپێناو بەرژەوەندیی گەورەتردایە ئەویش پارێزگاری لە وڵاتە کە بە واجبی سەرشانمی ئەزانم. ئێستا بۆ من کە دوژمن هێرشی هێناوە، پارێزگاری لەم شوێنە لە هەموو شتێک گرنگترە. ئەم جارەش بە هاوکاری هەموو لایەک هێرشیان بۆ دەکەین بەڵکو بتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین. کاک عێزەت لەم بڕیارەی من زۆر خۆشحاڵ بوو. شەهید و بریندارەکانی بەرەو گوندی واژە ڕەوانە کردبوو. ئێمە بە جەماعەت گەڕاینەوە بەرەو جەبهەکە. تا گەیشتینە ئەوێ جەماعەتێک لە پێشمەرگەی سازمانی خەباتیشمان گەیشتێ. ئەم جارە کاک عێزەت باشتر ئەیزانی دوژمن لە کوێدا سەنگەری هەیە. گوتی کاک ڕەشید، من جەماعەتێک پێشمەرگە، ئەوانەی ئامادەییان هەیە، بە دڵخوازی خۆیان لەگەڵ خۆمدا دەبەم. ئاخرین سەنگەری دوژمن کە بە ڕووی ئێمەدایە بەرزە و لە بن لوتکەی کێوەکەدایە، ئەوان ئێمە نابینن. ئێمە لە خوارەوە بە شێوەی "سینە خیز" (سنگە خشکە) هەتا نزیک سەنگەرەکانیان دەڕۆین. هەمووشمان بە نارنجۆکەوە و کلاشینکۆفەکانیشمان دەخەینە سەر ڕەگبار. ئێوەش لەو ماوەدا بەسەر ئێمەدا ئەوەندەی بۆتان دەکرێت بەگەرمی تەقەیان لێ بکەن تاکو زۆر ئاگایان لە ئێمە نەبێت و نەتوانن زۆر سەر بەرز بکەنەوە، هەتا ئێمە دەگەینە چەند مەتری سەنگەرەکانیان. ئەودەم ئێوە ئێمەتان چاو لێیە و تەقە ڕاگرن. ئێمەش یەکسەر هەڵدەکوتینە سەر سەنگەرەکانیان. هیوادارم کە سەرکەوتوو بین. جەماعەتێک لە پێشمەرگەی سازمانی خەباتیش ئامادە بوون بۆ ئەم فیداکاری و لەخۆبوردنە لەگەڵ کاک عێزەت. هەر بەو شێوە کە کاک عێزەت بەرنامەی دانا، هەرچەند زۆر پڕمەترسی بوو، بەڵام منیش بەرنامەکەیم قبوڵ کرد. دەستبەکار بووین و لە ماوەی چەند دەقیقەدا پێشمەرگەکان لەژێر ئاگری چەکەکانی ئێمەدا گەیشتنە سەر سەنگەری دوژمن و بە هاواری بژی دیموکرات و بە فڕێدانی نارجۆکەکانیان بۆ نێو سنگەرەکانیان، خۆیان گەیاندە نێو سەنگەری دوژمن. دوژمن توانای

هیچ دەسکردنەوەیەکی نەما. ئەوانەی کوژران مەیتەکانیان لەوێ بەجێ مان و ئەوەی توانی هەڵێ، بەرەو سەنگەرەکانی دیکەیان هەڵاتن. ئەو سەنگەرە بەرزترین سەنگەرەکانیان بوو. بەدوای گرتن و شکانی ئەو سەنگەرەدا پاشماوەی چەکداری دوژمن خۆیان بۆ نەگیرا و سەنگەر بە سەنگەر هەڵاتن بەرەو خوارەوە هەتا ناوەندی فەرماندەییان. ئێمەش ئەوندە ورەمان چووبووە سەرێ بە ڕەگباری چەکەکانمان بەسەریاندا ئەمانگوراند و سەنگەر بە سەنگەر هێرشمان دەکردنە سەر و سەنگەرەکانمان پێ چۆڵ دەکردن تا نزیک بووینەوە لە بنکەی فەرماندەییان کە لەسەر گردۆڵکەیەک بوو لە دووسەد مەتری کۆنە پاسگای زەرواو. ئەو کاتە پاسگاکە چۆڵ بوو. هێشتا دەسەڵاتی ڕێژیم نەگەیبووە ئەوەی ئاوەدانی بکاتەوە. لەو شوێنەدا چەند هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی شەڕکەر هاتنە سەرمان و بە مووشەک و چەکی کالیبرگەورە دایانگرتین. بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک ئاگری هێزی هەواییمان لەسەر بوو بەڵام شوێنەکەمان یەکجار دارستان و دەوەن بوو کە زۆر کاریگەری لەسەرمان نەبوو. لە فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکانەوە دیار نەبووین و ئەوانیش بێ هەدەف و بە گۆترە تەقەیان دەکرد تەنیا بە مەبەستی ترساندنی ئێمە کە هەر چۆنێک بێ باقی هێزەکەیان ڕزگار بکەن و بتوانن بکشێنەوە. ئەوە بوو هێزی تێکشکاوی ڕێژیم توانیان لەو هەلە کەڵک وەرگرن و زۆر بە گورجی سواری ماشینەکانیان بوون و بەرەو شاری بانە هەڵاتن. ئیتر ئێمە بە ئیسراحەت چووینە جێگای ئەسڵی فەرماندەیی. دوو تۆپی سەدوپێنجیان لێ بەجێ مابوو کە فریا نەکەتبوون لە ماشینەکانیان بەستنەوە، لەگەڵ چەند ماشینی زیل پڕ لە خواردەمەنی. باری یەکێک لە ماشینەکان بەشێکی شووتی بوو. ئێمەش زۆر دەموشک بووین و هەتا توانیمان لەجیاتی نان و ئاو شووتیمان خوارد. هەروەها چەند ماشینی وانێتبار کە تایبەت بە سوپای پاسداران بوون لەگەڵ کۆمەڵێک تفەنگی کلاشینکۆف و ژ. سێ و ئارپیجی و گوللە ئارپیجی و فیشەک، هەروەها مەیتێکی زۆر تا ئەو کاتە من ئاگام لێبوو کۆکرابوونەوە کە نزیک بە دە کوژراو دەبوون، لەگەڵ چەند بریندار و چەند دیل بەجێ مابوون. جێگای ئاماژەیە یەکێک لە کوژراوەکان فەرماندەی سوپای ڕۆژئاوای ئێران و فەرماندەی ئەو هێزە بوو. دیارە ئێمە ئەو کاتە بۆمان شوناسایی نەکرا لەبەر ئەوە ئەو فەرماندەیە جلوبەرگی وەکو باقی نەفەرەکانی دیکەی لەبەردابوو. بەڵام دوای ڕۆیشتنی من بۆ پیرانشار، مەیتەکانیان بەهۆی خاچی سوورەوە تەحویل بە ڕێژیم ئەدەنەوە، ئەودەم دەزانن کە یەکێک لەو کوژراوانە فەرماندەی ستوونەکە و کەسێکی گەورەی سوپا بووە. گوایە ڕادیۆ تارانیش ئەو هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە.

شتێکی دیکە کە جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە پێشمەرگەی ئێمە لەو ناوچەدا جەماعەتێک بوون کە بە سەردان هاتبوونەوە بۆ ماڵی خۆیان. کاتێ کە گوێیان لە تەقەی شەڕ دەبێت هەر بەو شێوە و بێ بەرنامە ڕوودەکەنە شوێنی شەڕەکە بێ ئەوەی چلۆنایەتی شەڕەکە و هەڵسوکەوتی دوژمن بزانن. لەو بێ بەرنامەییەدا دوو پێشمەرگەمان بە ناوەکانی عەلی مەمەد ناسراو بە عەلی توبا و ڕەشیدی حەمە حاجی بە دیل ئەگیرێن. لە کاتی ئاڵوگۆڕی

دیلەکان و تەحویلدانەوەی تەرمی کوژراوی دوژمن ئەیانگۆڕنەوە. بە خۆشیەوە ئەو دوو پێشمەرگە لە ئەشکەنجە و ئیعدامی دوژمن ڕزگار دەبن. کاتێ ئێمە لەو شوێنە ڕاوەستابووین و مەشغوڵی کەلوپەل کۆکردنەوە بووین کاک ئەحمەد نەستانی، فەرماندەی نوێی هێزی بانە، گەیشتە لامان. زۆر بە خۆشحاڵیەوە هاتە پێشەوە و دەستی لە مل کردم و بەگەرمی پیرۆزبایی و دەستخۆشانەی ئەو سەرکەوتنەی لێکردم. هاوکات هەواڵێکی زۆر ناخۆشی پێدام، گوتی بۆیە وا درەنگ گەیشتمە ئێرە بەهۆی ئەوە کە ئێمە بە لای گوندی یاکوباواوە هاتین و لە نزیك ئێرە دیتمان بەداخەوە کاک عەلی حەنیفی سەرپەل، ناسراو بە عەلیە ڕەش، خۆی و چەند پێشمەرگە شەهید بوون. هەروەها چەند پێشمەرگەیەکمان کە لە گوندی زەرواو نزیک شەڕەکە دەبن ئەوانیش بەدەم شەڕەکەوە دەچن و وەک بۆیان باس کردم پێشمەرگەیەکی ئاڵۆتی بە ناوی ساڵح باڵوڵ شەهید دەبێت. هەر بەیانی زوو جەنازەی ساڵح باڵوڵ دەبەنەوە بۆ ئاڵۆت. لەگەڵ ئەو جەماعەتە پێشمەرگەیەکی دیکەشمان خەڵکی گوندی زەرواو بە ناوی مامە قالە بریندار دەبێت کە ئەویش ڕەوانەی کۆمیتەی حەوتوانە لە گوندی سیاومە دەکەن. بەڵام کاتێ من گەیشتمە نزیک یاکوباوا جەنازەکانی عەلیە ڕەش و هاوڕێیانیان ئەگێڕایەوە بۆ دواوە و ماوەیەک بەوانە مەشغوڵ بووم. بە بیستنی ئەو هەواڵە چەندە بەو سەرکەوتنە خۆشحاڵ بووم چەندئەوەندە بە شەهیدبوونی عەلیە ڕەش و ئەو هاوڕێیانە ناڕەحەت بووم. لەو کاتەدا مامە قالەی سوتوو، فەرماندەی یەکێک لە لکەکانی پێشمەرگە، بە پەلێک پێشمەرگەوە گەیشتە لامان. ئەوانیش بەدەم تەقەکەوە هاتبوون بۆلامان بەڵام فریای شەڕەکە نەکەوتبوون. هەر لە هەمان کاتدا هێزێکی چەندنەفەری لە دۆستانی کۆمەڵەش گەیشتنە لامان. دیار بوو داوای بەشیان دەکرد لەو دەسکەوتانە بەڵام مامە قالە پێی گوتن ئێوە بە چەند مەترێک لە پێش ئێمەوە بوون، دوایی ئێمە پێش ئێوە کەوتینەوە بەڵام هیچمان فریای ئەم شەڕە نەکەوتین. ئیتر ئێوە بە چ حەقێک داوای بەش دەکەن؟ لە قسەکەی مامە قالە بێدەنگ بوون و هیچی دیکەیان نەگوت و ڕۆیشتن. بە کاک ئەحمەد نەستانیم گوت تۆ ئێستا فەرماندەهێزی بانەیت. دەسەڵاتی ئەم کاروبارە بە تۆیە. پێم چاکە ئاگادارت بکەم کە پێشمەرگەی سازمانی خەبات بەشداری ئەم شەڕە بوون و زۆر باشیش چالاک بوون. تکایە حەقی خۆیان لە دەسکەوت بدەنێ و بێدڵیان مەکەن. گوتی بە ڕەئی تۆ چییان بدرێتی باشە؟ گوتم ماشینێکی زیل بە مەوادی خواردەمەنییەوە لەگەڵ ماشینێکی وانیت و چەند جۆری چەک. لەسەر ئەمە ساخ بووینەوە. ئیتر من خواحافیزیم لە کاک ئەحمەد و هاوڕێیان کرد و بەرەو پیرانشار ڕێکەوتین. ئەوەی لە بیرم بێت بۆ شەو چووینە گوندی کۆخان. لە ڕێگادا یەکێک لە پێشمەرگەکان گوتی من کلاشینکۆفەکەم قوناخدارە، لەم شەڕەدا کلاشینکۆفێکی بێ قۆناخ دەسکەوتم بوو و لەگەڵ خۆمدا هێناومە. پێم خۆشە ئەو بێ قۆناخە هەڵگرم و قۆناخدارەکەش نازانم تەحویلی کێی بدەم؟ گوتم ئەی بۆ لە جێگای شەڕەکە پێت نەگوتم، هەر لەوێ بە کاک ئەحمەد نەستانیم دەگوت و بێ قۆناخەکەمان تەحویل ئەدا. ئەم کارەت باش نەبوو! بەهەرحاڵ، کاتێ گەیشتینە دەفتەری سیاسی تەحویلی ئەنباری

تەداروکاتی دەفتەری ئەدەین کە تەحویلی بانەی بدەنەوە. پێم چاکە ئاماژە بەوەش بکەم کە ڕەحمانی کەریم ئاغای سیاومە شۆفیری جیپ بوو و لەو ڕێگاوبانەدا کاسپی دەکرد. ئەو ڕۆژە لە کاتی ئەو شەڕەدا لە گوندی سیاومە نەفەر دەبات و دەچێت بۆ قاوەخانەی بەردەڕەشی لای کیوەرۆ. لەوێ تووشی کاک غەفور هەمزەیی و کاک ڕەحمان خدری ئەبێت کە هەر دووکیان ئەو کات ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی بانە بوون. ناوبراوان لە کاک ڕەحمانی کەریم ئاغا دەپرسن ئەو تەقە و شەڕە لەلای کەندەڵ و زەرواوەوە چییە؟ تۆ لەوێوە هاتووی لەو هەواڵە چی ئەزانی؟ ڕەحمانی شۆفیر بەم شێوەیە هەواڵەکەیان بۆ ئەگێڕێتەوە: بەیانی شەووڕۆژی هێزی ڕێژیم هاتووە و بەرزاییەکانی کەندەڵی گرتۆتەوە بەڵام دەڵێن کاک ڕەشید کە لە ڕێدا بووە بەرەو دەفتەری سیاسی کاتێک گوێی لەو شەڕ و پێکدادانە ئەبێت بەدەم شەڕەکەوە ئەچێت و دەڵێن لەگەڵ جەماعەتێک لە پێشمەرگەکان گەورەترین سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. کاك غەفور هەمزەیی دەڵێت خۆ ئەو نەقڵ بووە بۆ پیرانشار، ئیتر بە چ حەقێک چووە بۆ ئەو شەڕە؟ ڕەحمانی شۆفیر لە قسەکەیان ناڕەحەت دەبێت و جوابەجەنگیان ئەکات و پێیان ئەڵێت باشە ئێوە چ دەکەن لێرە؟ ئێوە هەردووکتان ئەندامی کۆمیتەی شارستانن، لە جیاتی ئەوەی بچوونایە بەدەم ئەو شەڕەوە و پێداویستی ئەو پێشمەرگانەتان دابین بکردایە ئێستا ناڕەحەتن لەوەی کە کاک ڕەشید بەدەم شەڕەکەوە چووە و هاوکاریی پێشمەرگەکانی کردووە و باشترین سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. ناوبراوان لە قسەکەی ڕەحمان تووڕە دەبن و پێ دەڵێن تۆ دەمدرێژی ئەکەیت. هەروەها ویستبوویان لێی بدەن بەڵام دانیشتوانی قاوەخانەکە ناوبژیوانی دەکەن و ناهێڵن لێی بدەن. من خۆیشم جارێک لە گەڕانەوەمدا بۆ بانە ئەم قسانەم لە خودی ڕەحمانی شۆفیر و چەند کەسێکی ئەو قاوەخانە بیست. ئەودەم بنکەی کۆمیتەی شارستان لە گوندی گەورەدار بوو. ئەو دوو هاوڕێیە ویستوویانە بچن بۆ سیاومە بەڵام کاتێ دێنە بەرزایی بەردەبووک بەجێی ئەوەی بچن بۆ گوندی سیاومە کە نزیک بە شەڕەکە بووە، دەڕۆن بەرەو کیوەرۆ و قاوەوەخانەی بەردەڕەش و تا ئێوارێ و کۆتایی شەڕەکە لەوێ دەمێننەوە. پاشان دەگەڕێنەوە بۆ سیاومە، کە ئەو کات بنکەی ناوچەی حەوتەوانە لەوێ دەبێ. بەهەرحاڵ، ئێمە بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتینە دەفتەری سیاسی. چوومە لای هاوڕێیان دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر سەعید. هەردوکیان لە ژووری دەفتەر بوون. دوکتۆر قاسملوو پرسیاری کرد بە ئامادەیی هاتووی؟ گوتم بەڵێ، هەر کات بفەرموون ئامادەم بڕۆم بۆ پیرانشار. لە نێوان قساندا کاک دوکتۆر سەعید گوتی هەواڵمان بۆ هاتووە کە لە بانە هێرشێکی ڕێژیمیان تێکشاکاندووە و باشترین سەرکەوتن بەدەستهاتووە بەڵام پێشمەرگەیەک کە لەگەڵ تۆیە گوایە کلاشینکۆفێکی هێناوە کە دەسکەوتی ئەو شەڕە بووە. ئەوەش پەیوەندی بە هێزی بانەوە هەیە و پێویستە تەحویلی تەداروکاتی دەفتەری بدەن تاکو بۆیان بنێرینەوە. گوتم کاک دوکتۆر، پێش ئەوەی محاسبەمان بکەیت باش وا بوو کە من لە بانەوە هاتووم دەنگوباسی ئەو شەڕەت لە من بپرسیایە تاکو باشتر لە چلۆنایەتی شەڕەکە ئاگادار بوویتایە. بەڵام بەداخەوە

شتەکان هەمووی پێچەوانە باس دەکرێن. لەم قسانەی من دوکتۆر گوتی پێم چاکە تۆ چۆنی ئەزانی بۆمان باس بکەیت. منیش تەوای دەنگوباسی ئەو شەڕە چۆن بووە و سەرکەوتن چۆن بەدەستهاتووە وەك خۆی بۆم باس کردن. دوای گێڕانەوەی وەزعەکە گوتم من چاوەڕوانیم لە کۆمیتەی شارستان و هێزی بانە ئەوە بوو کە ئەوەندە سەداقەت و ڕاستگۆییان هەبوایە کە ئەو ڕووداوە چۆن بووە وەك خۆی بۆ ئێوەیان بنووسیایە. ئێوەش بەڕێزان کە سەرکردەمانن وەکو عادەتی کوردەواری خەڵاتتان کردمایە. بەڵام بەداخەوە شتەکان هەموو پێچەوانە کراونەوە! ئێستا هیوادارم بۆ ڕاستی و دروستی ئەم شەڕە خۆتان پرسیار بکەن ئاخۆ چۆن بووە. ئەگەر بۆ جارێکیش بێت با حەقی خۆم بدرێتێ! ئەو هاوڕێیانە هیچ ڕاستییەکیان بۆ ئێوە نەنووسیوە، تەنیا بۆ بەدناوکردنی من و ناوی ئەو پێشمەرگانە ناوی ئەو کلاشینکۆفەیان هێناوە. پێشمەرگەیەکی کە لەگەڵ مندا هاتووە، هێناویەتی، بەڵێ ئەو کلاشینکۆفە هاتووە و من لە ڕێگادا زانیم کە ئەو پێشمەرگە ئەو چەکەی هێناوە و لێیشی عاجز بووم بەڵام لە وەڵامدا گوتی هەموو هاوڕێکانم کلاشینکۆفی بێ قۆناخیان هەیە و منیش پێم خۆش بوو وەکو ئەوان چەکی بێ قۆناخم هەبێت. ئێستاش ئەوە کلاشینکۆفەکە. من دلم نەهات هیچی تری پێ بلێم چونکە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا و دڵسۆزە. تەنیا ئەوەم گوت کە ئەگەر لە کۆتایی شەڕەکەدا بتگوتایە، کاک ئەحمەد نەستانی لەوێ بوو و شتەکەم بەوی دەگوت کە دڵنیام هیچ قسەیەکی نەدەبوو و لانیکەم قۆناخدارەکەمان تەحویل ئەدا. بەهەرحاڵ، بڕیارم دا لێرە تەحویلی تەدارەکاتی دەفتەری بدات کە پێم وایە ئێستا ئەو کارەی کردبێت، چونکە کاتێ هاتم بۆلای ئێوە پێم گوت بچێ بۆ عەمبار و تەحویلی بدات و ڕەسیدێک وەرگرێت. بەدوای ئەم قسانەدا هەردوکیان بێدەنگ بوون و بۆ ماوەیەک هیچیان نەگوت. دوای ماوەیەکی کورت دوکتۆر قاسملوو بە دوکتۆر سەعیدی گوت حوکمی بۆ بنووسە با بڕوات بۆ پیرانشار. وەک جێگری فەرماندەهێز حوکمم وەرگرت و ڕۆیشتم بەرەو پیرانشار.

## پیرانشار و ئەرکی نوێ

ئەو پێشمەرگانەی هاوڕێم بوون بۆ پیرانشار، ئەم کەسانە بوون: کاک حامید حەسەنی، خەڵکی گوندی زەرواوی خواروو، لە ساڵی ١٩٨١ی زایینیدا بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرابەردا لەگەڵ هێزی ڕێژیم لە گوندی پیاوێن شەهید بوو. کاک عومەر فەرەج، ناسراو بە عومەر بڵەسەنی، دوای ساڵانێک کە من لە بەشی نیزامیدا نەمام ناوبراو ڕۆیشت بۆ نێو سازمانی خەبات و بەداخەوە کات و زەمانی شەهیدبوونەکەی نازانم، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم لە نزیک گوندی بڵەسەن لە شەڕێکی زۆر سەختدا فیشەکی لێ دەبڕێت و بۆ ئەوەی دەست دوژمن نەکەوێ بە تەقاندنەوەی نارنجۆکێك خۆی شەهید دەکات. کاک ڕەحیم قادرپور، ناسراو بە ڕەحیم ئاڵۆتی، ناوبراویش تا من لە بەشی نیزامی خزمەتم کرد هاوڕێم بوو، دوای ئەوە ڕۆیشتەوە بەشی نیزامی لە هێزی بانە و تا زەمانێک کە بەهۆی هێرشی ئێرانەوە سەرجەم هێزە سیاسییەکان ئاودیوی کوردستانی عێراق بوون ناوبراویش وەک هەزاران کەس کە ئاوارەی هەندران بوون ڕێگای تاراوگەی گرت و ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. کاك حەسەن، ناسراو بە حەسەن بێ قۆڵ، دەستێکی نەبوو بەڵام زۆر چالاک بوو و بە یەک دەست کاری دوو دەستی دەکرد و هیچ کەمی نەبوو. ناوبراو دوای ماوەیەک لە پیرانشار داوای مەرەخەسی کرد و ڕۆیشتەوە بۆ ئاڵۆت. حەسەن خاڵێکی هەبوو بە ناوی کوێخا خدر لە گوندی بێژوێی سەر بە ئالانی سەردەشت. گوایە ناوبراو ڕایەڵیەکی جاسوسی لە کەسوکار و دەروبەری خۆی بۆ ڕێژیم پەروەردە کردبوو. کاتێ حەسەن ئەچێت بۆ سەردانی خاڵی، ئەویش لەسەر تەبلیغاتی خاڵی دەکەوێتە نێو ئەو ڕایەڵکەوە و دوای ئەمە ئیتر نەگەڕایەوە بۆلامان و خۆی تەحویلی ڕێژیم لە بانە دایەوە. دوای ماوەیەک سوپای پاسداران مەئموریەتی ئەداتێ کە بچێت مین لەسەر ڕێگای ماشینەکانی کۆمیتەی شارستانی بانە دانێ. ئەو کاتە بنکەی کۆمیتەی شارستان لە گوندی گەورەدار بوو. حەسەن تووشی پێشمەرگە دەبێت و دەگیرێ. دوای لێکۆڵینەوە ڕەوانەی دادگای شۆڕش دەکرێت و دەچێتە بەندیخانەی حیزب لە دۆڵەتوو. کاتی گواستنەوەی بەندیخانە و دەفتەری سیاسی لە ناوچەی سەردەشت بۆ ناوچەی ئالان لە ڕێگادا کە ویستبووی هەڵێت پێشمەرگە تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. سەلام ڕەحمانی، ناسراو بە سەلامە ڕەش، تاکو من لە بەشی نیزامیدا خزمەتم کرد مایەوە و دواتر لێی بێخەبەر بووم و ئاگام لێی نەما. ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەم پێشمەرگانە کە ناویان هات ڕێکەوتین و بۆ شەوێ چووینە بنکەی کۆمیتەی ناوچەی میراوێی سەر بە شارستانی سەردەشت. وەک لە بیرم بێت شەهید هومایونی ئەردەڵان بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بوو. بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتینە بنکەی هێزی پیرانشار لە گوندی ترکەشی سەروو. ئەم گوندە لە چەند ماڵێک پێکهاتبوو و بنکەی هێز لە خانوویەکی بچکۆلەدا بوو. کاتێ چووین، کاک سەید ڕەسوڵ، فەرماندەی هێز و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەواڵی زانی و هات بۆ بنکەی هێز و بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و لە چوونەکەمان پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕێ. گوتی کاک ڕەشید، جێگای

پێشمەرگەکان زۆر بچوکە، دەبێ بۆ تۆ جێگایەک مشور بخۆم هەر لە ئێستاوە، کە ئەم شوێنە ئەبینی دڵتەنگ مەبە! گوتم دڵنیام بە بوونی فەرماندەیەکی وەك جەنابت هیچ کەمایەسییەکمان نابێ. ئێوارە بوو نزیکی نانخواردن، گوتی کاک ڕەشید ئەمشەو خۆت و پێشمەرگەکانی هاوڕێت میوانی منن لەماڵەوە، پێم خۆشە بچینەوە بۆ ماڵی ئێمە. کاک سەید ڕەسوڵ لەنێو گوندەکە خانوویەکی چکۆلەی ڕەشۆکی هەروەک خەڵکی ئاوایی بۆ ژیانی خۆی و خێزانەکەی هەبوو. هاوسەرەکەی ناوی ئامان خانم بوو. کوڕێك و کچێکی خنجیلانەیان بە ناوەکانی بڵێسە و شنە هەبوو. ئامان خانم ژنێکی ڕێکوپێک و بەحورمەت و دەستڕەنگین بوو. ئەو شەوە نان و خوانێکی باشی بۆ دروست کردبووین. دوای قسە و باسێکی زۆر هەر ئەو شەوە حاڵی بووم کە کۆمیتەی شارستان و هێز نێوانیان زۆر ناخۆشە و وەزعیان لە بانە خراپترە. ئەو هەواڵە بۆ من زۆر ناخۆش بوو چونکە من خۆم بیرەوەریی زۆر ناخۆشم لەو وەزعە هەبوو. بۆم ناخۆش بوو هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی گەیشتنم بە پیرانشار جارێکی دیکە تێکەڵ ئەو ژیانە وەبم، بۆیە لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا هەر چۆنێک بێت خۆم تێکەڵ بەو کێشەیە نەکەم و بتوانم لەو نێوەدا بێلایەنی خۆم بپارێزم و هەوڵ بدەم بە لانی باشیدا ڕێوشوێنم هەبێت نەک ببمە بەشێک لە کێشەکە، هەرچەند کە سەید ڕەسوڵ هەوڵی ئەدا لایەنی ئەو بگرم. شەوەکەمان بە قسە تەواو کرد و بۆ خەو چووینەوە لای پێشمەرگەکانی هێز. وەک لە بیرم بێت نزیک بە دە تا پانزە پێشمەرگەیەک دەبوون. جێگای خەومان زۆر ناخۆش بوو. بۆ بەیانییەکەی سەید ڕەسوڵ پێشمەرگەکانی بانگ کردن و قسەی بۆ کردن. گوتی هەرچەند من فەرماندەهێزی پیرانشارم بەڵام لە ئێستا بەدواوە کاک ڕەشید فەرماندەهێزە و بۆ هیچ کارێک مەیەن بۆلای من. هەر کارێکتان هەبوو کاك ڕەشید فەرماندەهێزە و من قبوڵمە لەجیاتی من هەموو کار و ئەرکەکان بەڕێوە بەرێت و هەر بڕیارێکیش ئەدا بڕیاری منە، چونکە ناوبراو فەرماندەهێزی بانە بووە و ئەزموونێکی زۆری هەیە و پێویستی بە من نییە و لە نزیکەوە دەیناسم کە پیاوێکی بەتوانایە و زۆر لە من باشتر ئەتوانێ هێزی پیرانشار بەڕێوە بەرێت. لە وەڵامدا سوپاسم کرد و گوتم من جێگری کاک سەید ڕەسوڵم و بەگوێرەی ڕێنوێنیەکانی ئەو کار دەکەم لە هێز. بەدوای ئەم قسانەدا سەید ڕەسوڵ گوتی هەر لە سبەینێوە دەبێ لە بیری جێگایەک بم بۆ ژیان و کاروبارتان. ئەوە بوو ڕۆژی دوایی ناردی بەدوای کەسێکدا کە ماڵەکەی بە هەوار چووبووە قەندیل و خانووەکەی چۆڵ بوو هەتا کۆتایی پاییز (ئەو کاتە ئاخری هاوین بوو). کابرا هات و سەید ڕەسوڵ داوای بەشێک لە خانووەکەی لێکرد کە بە کرێ بمانداتێ. ناوبراو گوتی بەسەرچاو، کرێشم ناوێ. ژوورە گەورەکەی کە زستانان بۆخۆی تێیدا ئەژیا درا بە ئێمە و بەشەکانی دیکەی خانووەکەی بۆ خۆی هێشتەوە. هەر ئەو ڕۆژە کلیلی خانووەکەی داینێ. لەگەڵ سەید ڕەسوڵ چووین تەماشای خانووەکەمان کرد. جێگایەکی زۆر باش و گەورە بوو بۆ حەوانەوەی ئێمە. خانووەکە لە سەر جادەی سەردەشت پیرانشار لە چەندسەد مەتری گوندی ترکەش بوو. جادەکە بە بەینی خانووەکە و قاوەخانەکەدا ئەڕۆی و بۆ ئێمە زۆر جێگایەکی خۆش و باش بوو. زۆر جار پێشمەرگەکان دەچوون نانیان لە

بنکەی هێز دەهێنا و هەر لەوێ نانمان دەخوارد. ئەو پێشمەرگانەی کە لە بانەوە هاتبوون پێنج کەس بوون. پێنج پێشمەرگەی پیرانشاریشم هێنا بۆ ئەو خانووە. لەوێش وەک پارێزگاری لە جادەکە بنکەیەکی تازە دروست کرا. لە هەمان کاتدا کە پاسەوانی خۆمان ئەدا وەک پرسگەیەک، جادەکەشمان چاودێری دەکرد لە هەر چەشنە هاتوچوو و جموجوولێک. هەر ئەو کاتە کاک سەید ڕەسوڵ بڕیاری دا کە خانوویەکی گەورە و باش دروست بکەین بۆ بنکەی هێز. هەرچەند ساڵ ئەوەندەی بەدەمەوە نەمابوو بەڵام خانوویەکی زۆر باشمان دروست کرد کە بریتی بوو لە دوو ژوور. ژوورێك بە ناوی دەفتەری فەرماندەهێز، ئەوی تر بە ناوی دەفتەری جێگری هێز. جگە لەوە هۆڵێکی گەورە کە نزیك بە پەنجا پێشمەرگە و میوانی لەخۆدەگرت. سەرما دەستیپێکرد و ژوورەکانمان بە گەرمای ئاگری کوورە وشک بوونەوە. ماوەیەکی پێچوو سەید ڕەسوڵ ناردی بەدوای سەرلکەکاندا و کۆبوونەوەی بۆ کردن. لەو کۆبوونەوەدا منی بە هاوڕێیان ناساند. گوتی هەر کات کارێکتان بە هێز بوو پێویست ناکات بێن بۆلای من، کاک ڕەشید لە جێگای من فەرماندەی هێزە و هەر بڕیارێک ئەو بیدات من ڕازیم. بۆخۆیشی ئەو ڕۆژانە سەردانی هەموو لایەکتان دەکات و هەر ئاڵوگۆڕێکی ئەو پێی چاک بێت ئەتوانێ بیکات و پێویست بە پرسی من ناکات. دوای قسەکانی کاك سەید ڕەسوڵ گوتم منیش پێشمەرگەیەکی ئەو هێزم و لە خزمەت هاوڕێیاندام. کاک سەید ڕەسوڵ فەرماندەی هەموو لایەکمانە و هەموو لایەک گوێ دەگرین بۆ ڕێنوێنییەکانی. بەم جۆرە قسانە کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو و هاوڕێیان گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. پێم خۆش بوو لەگەڵ سەید ڕەسوڵ بچینە لای هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستان و من بە ئەوان بناسێنێت بەڵام بەهۆی کێشە و گرفتێک کە لە نێوانیاندا هەبوو بیانووی دەهێنایەوە و لەگەڵم نەدەهات. گوتی موافقم بۆخۆت بچۆ و خۆتیان پێ بناسێنە، پێویست بە من ناکات. گوتم جەنابت کارت هەیە یان بە هەر هۆیەک بۆت ناکرێت دەبێت ئیجازەی من بدەی بچم بۆلایان چونکە پێوستە بەینی ئەم دوو ئۆرگانە پەیوەندی و هاوکاری هەبێت. ئێمە هەمیشە پێویستیمان بە هاوکاریی یەکتر بۆ بەڕێوەبەری کارەکانمان هەیە. بۆ نمونە ئەوان مانگانە و مەوادی خۆراکی پێشمەرگەمان ئەدەنێ، کەوابوو پێوستی بە هەماهەنگی نێوان ئەو دوو بەشە هەیە. بۆیە پێوستیە بە شێوازێک لە بەینی ئەم دوو بەشەدا پردێک هەبێت. سەید ڕەسوڵ گوتی تۆ بچۆ، من پێم چاکە.

## کردنەوەی خولێک بۆ مامۆستایانی شۆڕش لەلایەن حیزبەوە

حیزب بڕیاری دابوو بۆ ئەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوون خولێک بکاتەوە بۆ مامۆستایانی شۆڕش کە بە منداڵانی کورد لە کلاسی یەک هەتا پێنجی سەرەتایی وانە بگوترێتەوە. هەوڵ ئەدرا لەم خولەدا مامۆستاکان زۆرتر فێری زمانی کوردی ببن. لەم بوارەدا کچەکانم گلاوێژ و پەخشان کە لە گوندێکی سەر بە بانە بە ناوی چۆمان لەگەڵ دایکیان و منداڵە چکۆلەکانم دەژیان هەواڵیان بۆ ناردم کە پێیان خۆشە بەشداری لەم خولەدا بکەن. منیش وەڵامم دانەوە کە زۆرم پێخۆشە بەشداری بکەن. ئەم خولە لە گوندی ئاڵۆتی بانە کرایەوە. مامۆستای وانەوتنەوەی خولەکە ئەم کەسانە بوون: ئابووری و سیاسی، دوکتۆر قاسملوو. ئەساسنامەی حیزب، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە. فێربوونی زمانی کوردی، کاک مەلا حەسەنی ڕستگار. باقی مامۆستاکانی دیکە کە وانەی جوغرافیا، حیساب و کۆمەڵایەتیان دەگوتەوە کاک هاشم کەریمی، کاک غەفوری هەمزەیی و کاک ڕەحمانی خدری بوون. ئەم خولە لە پاییزی ١٣٦٠ی هەتاویدا دەستیپێکرد. سەرجەم کەرەسەی ئەم مەدرەسانە و خزمەتکردنی قوتابییەکان لەلایەن حیزبەوە دابین کرابوو. بۆ ئەوەی حیزب فریا بکەوێت لەم ساڵەدا جێگا و شوێن بۆ وانە گوتنەوە واتە خانوو، کتێب، پێنووس و باقی پێداویستییەکانی قوتابخانە دابین بکات، ماوەی خولەکە تەنیا دوو حەوتوو بوو. هۆیەکی دیکەی کورتبوونی ماوەکە ئەوە بوو چونکە گوتنەوەی دەرسەکان بۆ ساڵی هەوەڵی فێربوونی زمانی کوردی واتە کلاسی یەکەمی سەرەتایی بوو. هەروەها زۆربەی ئەو قوتابیانەش کە لەو خولەدا بەشدار بوون پێشتر یان مامۆستای زمانی فارسی بوون یان کەسانێک بوون کە دیپلۆم یان لەژێر دیپلۆمەوە بوون. بەم شێوەیە ئەم خولە تەواو دەبێت و هەموو ئەو قوتابیانە دەبنە مامۆستای شۆڕش. چوار کچ بەم ناوانە بەشدار بوون: نەزیرە فەتحیان، کچی قادر فەتحیان ناسراو بە مامە قالە شۆڕش. شیرین ئەحمەدی، کچی کەریم ئەحمەدی کە دەبێتە برازام. گەلاوێژ و پەخشان ئەحمەدی، کچی خۆمن. دیارە من هەر ئەم کەسانەم دەناسی کە ناوم هێناون بەڵام سەرجەم قوتابییەکان وەک کچەکانم بۆیان باس کردووم نزیک بە هەشتا قوتابی بوون. شوێنی دەرسگوتنەوەی ئەم کچانە ئەم شوێنانە بوون: نەزیرە فەتحیان گوندی بەردەڕەش. شیرین ئەحمەدی گوندی ساڵە. پەخشان و گەلاوێژی ئەحمەدی گوندی چۆمان. باقی قوتابییەکان هەریەک لە گوندێک وانەیان دەگوتەوە. ئەم قوتابخانانە دوو ساڵ مامۆستای شۆڕش وانەیان تێدا گوتنەوە. دواتر بەهۆی هێرشی ڕێژیم ناوچەکەکان گیرانەوە و حیزب ناچار بوو ڕوو بکاتە کوردستانی عێراق، کە ئەو کات لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسدا بوو، و فێرگەکانیش داخران. کچەکانم باسیان دەکرد لەبەر ئەوەی کات کەم بەدەستەوە مابوو بۆ کردنەوەی کلاسەکان، سیواقی دیواری دیوی ژوورەوەی قوتابخانەکەیان هێشتا تەڕ بووە کە قوتابییەکان چوونە نێوی و دەستیان بە خوێندن کردووە، هەر بەم هۆیەوە دوای ماوەیەك بەهۆی گەرمای کوورەکە دەنکە گەنمی نێو سیواقەکە بە دیوارەکەوە شین دەبنەوە. دوای

ماوەیەك چڵە گەنمەکان بە وشکی بە دیوارەکەدا شۆڕ دەبنەوە. ئەو مامۆستایانە ماوەی ئەو دوو ساڵە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە وانەی زمانی کوردییان بە منداڵان گوتووە کە جێگای ڕەزامەندی خەڵکی ناوچەکە بوو. کاک تەیمور مستەفایی کە هەر ئەودەم یەکێک لە کادرە بەتواناکانی ناوچەی هەورامان بووە لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە گەشتێکی خۆی لە ناوچەی بانە دەکات و دەنووسێت چوومە گوندی کیوەرۆ کە قوتابخانەی شۆڕشی لێبوو، کچێک بە ناوی گەلاوێژ ئەحمەدی کە کچی ڕەشید خان و مامۆستای شۆڕش بوو وانەی کوردی بە منداڵەکان دەگوتەوە. کاك تەیمور ڕەزامەندیی خۆی لە پرسیار و وەڵام و ڕێکوپێکی ئەو قوتابخانەیە دەربڕیوە. پێویستە ئاماژە بە شتێک بکەم، گەلاوێژ ئەحمەدی لە گوندی چۆمان مامۆستای شۆڕش بوو بەڵام لە واقیعدا گوندی کیوەرۆ خاوەنی نۆ (قشلاخ) یان بە واتایەکی دیکە نۆ مووچەیە کە هەر یەکە بۆخۆی گوندێکی چەند ماڵین و هەموویان سەر بە کیوەرۆن. یەکێك لەو مووچانە چۆمانە. هەموو ئەو مووچانە لە یاسای حکومەتی شا و حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا هەر بە کیوەرۆ ناسراون و یەک (دهبان)ی ڕەسمییان هەبووە لە زەمانی شادا. هەتا دەسەڵاتی حیزبیش لە ناوچەدا بوو هەر یەک شورای دێیان هەبوو. ئێستا بەهۆی زیادبوونی خێزانەوە هەر یەک لەو مووچانە گەورەتر بوونەتەوە و دەکرێت حیسابی گوندیان بۆ بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر پێیان دەڵێن کیوەرۆ یان ناوچەی خێڵەڕەش.

## سەردان لە كۆمیتەی شارستانی پیرانشار

لێرەدا مەوزوعی باسكردنی ئەو خولە خوێندنە دروست لەو كاتەدا بوو كە من چووبوومە ناوچەی پیرانشار. چووم بۆلای هاوڕێیانی كۆمیتەی شارستان. ئەو كات كاك ئەبوبەكری ڕاد، خەڵكی سەردەشت، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی كۆمیتەی شارستان بوو. دوای خۆپێناساندن، هاوڕێیان بەگەرمی بەخێرهاتنیان كردم و ڕێزیان بۆ دانام. قسەوباس دەربارەی گیروگرفتەكانی نێوان هێز و كۆمیتە كرا و كۆمەڵێك گلە و گازەندە لە سەید ڕەسوڵ هاتە ئاراوە. لە ئاكامی قسەوباسی ئەو ڕۆژەدا بڕیارمان دا كە هاوكاری تەواومان بەیەكەوە هەبێت بۆ ئیش و كارەكانی كۆمیتە و هێز. هاوكات هاوڕێیان بڕیاریان دا كە ڕۆژانە ڕۆژی پێنج تمەن بۆ خواردنی هەر پێشمەرگەیەك زیاد بكەن. ئەو بڕە پارە بۆ ئەو كاتە زۆر باش بوو لەسەر خواردن و گوزەرانی ڕۆژانەی پێشمەرگە. لە ئاكامی گۆڕینەوەی بیروڕادا بەو ئاكامە گەیشتین كە بۆ چوونەپێشی كارەكانمان پێویستە باشتر هاوكاری یەكتر بكەین. منیش لەو بوارەدا بەڵێنم دانێ كە بەتەواوی لە توانای كاری خۆمدا هاوكارێیان بكەم. بەو شێوەیە دانیشتنی ئەو ڕۆژەمان تەواو بوو و گەڕامەوە بنكەی هێز. ئاكامی سەفەرەكەم بۆ سەید ڕەسوڵ گێڕایەوە. گوتی من زۆرم پێخۆشە و هیوادارم هاوكاریمان بكەن. چەند ڕۆژێك گوزەرا بە سەید ڕەسوڵم گوت پێم چاكە سەردانی لكەكان بكەم و لە نزیكەوە لەگەڵ سەردەستە و سەرپەل و پێشمەرگەكان دانیشم و لەگەڵیان ئاشنا بم. سەید ڕەسوڵ زۆری پێ چاك بوو كە هەرچی زووتر ئەو سەردانە بكەم. شوێنی بنكەكانیان هەموو بە ماشین هاتوچوویان بۆ دەكرا و بەشێك لە بنكەكان لە كۆنە پاسگاكانی زەمانی شادا بوون. توانیم لە ماوەیەكی كورتدا سەردانی هەموو لكەكان بكەم. لە هەموو بنكەكان قسەم بۆ فەرماندە و پێشمەرگەكان دەربارەی ئەركی پێشمەرگایەتی و بەجێهێنانی ئامانجەكانی حیزب كرد. لەو سەردان و كۆبوونەوانەدا پرسیارێكی زۆرم لێ كرا و بەپێی توانایی خۆم وەڵامم دانەوە. هەر لە سەرەتای چوونەكەمدا بە بەشی دارایی لكەكانم گوت كە كۆمیتەی شارستان بەڵێنی پێداوین كە پینج تمەن لە ڕۆژدا بۆ خواردن و ڕۆژانەی پێشمەرگەكان زیاد بكرێت. زیادكردنی ئەو بڕە پارە لە لایەن كۆمیتەوە لەو كاتەدا وەك ڕێزلێنانێك لە من وابوو. دوای ناسینی فەرماندە و پێشمەرگەكان بە پێویستم زانی چالاكییەكی نیزامی ئەنجام بدەین. بۆ ئەم مەبەستە پێشنیارم بە سەید ڕەسوڵ كرد. لە وەڵامدا گوتی هەر چۆنێك خۆت پێت باشە پرسی منی ناوێ و منیش پێم چاكە لە هاتنی تۆدا چالاكییەك ئەنجام بدرێت.

## سەردانی دەفتەری سیاسی و ڕووداوێکی ناخۆش

چەک و تەقەمەنیمان کەم بوو. داوام لە سەید ڕەسوڵ کرد پێویستیمان بە کەرەسەی شەڕ هەیە. گوتی نامەت بۆ دەنووسم بۆ بەشی تەداروکات بەڵام لە پێشەوە بچۆرە لای دوکتۆر سەعید و لەگەڵ ئەوان قسە بکە. ئەتوانی بۆخۆت بچیت بەڵکو بتوانی هێندێ زیاتر تەقەمەنی وەرگریت چونکە لەوە دەچێت بەهاری ئەمساڵ گێچەڵ و شەڕمان زیاتر لەسەر بێت. دەبینی جەماعەتی قیادە مەوقەت بە هاوکاری ڕێژیم هەڕەشەمان لێدەکەن. هێزەکانی شومالمان لەژێر فشاری ڕێژیم و قیادە مەوقەتدان و لەوانەیە ئەو فشارە بگاتە لای ئێمەش. چووم بۆ سکرتاریەت. سەرەتا سەردانی دوکتۆر سەعیدم کرد. نامەی بۆ نووسیم بۆ بەشی تەداروکات. ئەوەندەی ئیمکان بوو تەقەمەنیم وەرگرت. تراکتۆرێکمان بە ترێلییەوە بەکرێ گرت بۆ هەڵگرتنی تەقەمەنییەکە. بۆ شەو گەڕاینەوە گوندی میراوا کە کۆمیتەیەکی ناوچەی شارستانی سەردەشتی لێبوو. بۆ شەوی دوایی بەهۆی سەرما و بەفرەوە نەمانتوانی بگەینە بنکەی هێز. ناچار چووینە گوندی چەکۆ و شەو لەوێ ماینەوە. ڕووداوە ناخۆشەکە لێرەوە دەستپێدەکات. ماوەیەک بوو نووستبوین. نیگەهبان لە خەو هەڵیسەندم و گوتی گوێیم لە چەند تەقە بووە لەنێو ئاواییەوە. لەو قسانەدا بوو کابرایەکی خەڵکی ئاوایی هات و گوتی ئەمشەو سێ نەفەر کە بە قەولی خۆیان پێشمەرگەی کوردستانی عێراق بوون، میوانم بوون و لە ژوورێکدا جێگام بۆ ڕاخستن، دوای ماوەیەک گویم لە چەند تەقە هات لە ژوورەکەیاندا، کاتێ چووم دیتم یەکیان کوژراوە و دوانەکەی دیکەش دیار نین. لەوە دەچێت دوانەکەی دیکە هاوڕێیەکەی خۆیان کوشتبێت و هەڵاتبن. منیش ویستم ئێوە ئاگادار کەمەوە. کاتێ ئەم قسەمان لە کابرا بیست کەوتینە پشکنینی ماڵان بەڵام پێش ئەوەی بگەینە ماڵێک خاوەن ماڵەکە خۆی هات و گوتی ئەو دوو کەسە هاتوون بۆ ماڵی ئێمە و ئێستا لێرەن. ئێمەش دەوەری ماڵەکەمان گرت و داوای تەسلیم بوونمان لێ کردن. دوو نەفەرەکە بەبێ دەستهاتن خۆیان تەسلیم کرد. دەرکەوت ئەم سێ کەسە پێشمەرگەی حسک بوون. ئەو دوانەیان ویستبوویان خۆیان تەسلیمی ڕێژیمی عێراق بکەنەوە و ئەو هاوڕێی کە کوشتبوویان نەیویستبوو لەگەڵیان بڕواتەوە و ئەوانیش بۆ تەماعی دەمانچەکەی و هێندێ پارەی کە پێیبووە کوشتبوویان. بەهۆی سەرمای زۆر و بوونی بەفرێکی زۆر لە زەویدا ڕێگایان نەزانیبوو، ناچار دوای هێندێ ئەملا و ئەولا لە دەرەوەی ئاوایی ناچار گەڕابوونەوە ئەو ماڵە. ئێمەش ئیسراحەتی ئەو شەوەمان لێ تێکچوو و هەتا بەیانی پاسەوانیمان کردن. ڕۆژی دوایی خۆم و چەند پێشمەرگە لە چەکۆ ماینەوە و ئەو دوو پێشمەرگەی حسكیشم ڕەوانەی بنکەی کۆمیتەی میراوێی سەردەشت کردن. کاتێ پێشمەرگەکان گەڕانەوە ڕۆژ زۆری نەمابوو و درەنگانێک گەیشتینەوە بنکەی هێز لە ترکەش. ئەو ئێوارەیە لە دەشتی ترکەش سەرمایەکی زۆر توندمان خوارد و دوایی چەند کەسێکمان نەخۆش کەوتین. یەکیان خۆم بووم. دواتر بیستمان کۆمیتەی ناوچەی میراوێ دادگای خەڵکی پێکهێنابوو و خەڵکی ئاوایی میراوێیان

لـە مزگـەوت کۆکردبـۆوە و دەنگیـان وەرگرتبـوو بـۆ ئـەوەی چـی لـەو دوو کەسـە بکـەن. لـە ئاکامی دەنگوەرگرتنەکەدا ساخ بووبوونەوە کە ئەمانە خەڵکی کوردستانی عێراقن و باش وایە تەحویلی برادەرانی حسکیان بدەنەوە با ئەوان خۆیان بڕیاریان لەسەر بدەن.

## شەڕی گردە سوور

بە سەردانی پێشمەرگە و هاتوچووی بنکەکان و ناسینی باری جوغرافیای ناوچەکە زستانم گەیاندە بەهار. کەوتمە بیری چالاکییەکی بەرچاو، کە ماوەیەک بوو لەو هێزەدا نەکرابوو. فەرماندە لکەکانم کۆکردنەوە و ڕاوێژم لەگەڵدا کردن. کاک محەممەد سیریژ گوتی من ئامادەم لە ناوچەی لکی مندا یەکەم چالاکی ئەنجام بدرێت. من ئامادەم بۆ هێرشکردنە سەر گردە سوور و گردی عارەبان کە مۆڵگەی سەربازی و سوپای لێیە لەسەر بەرنامەیەکی تایبەت کە بۆخۆم پێشبینیم بۆ کردووە بەو مەرجەی کە کاک ڕەشید هاوکاریم بکات. دڵنیاشم لەوەی کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنین. تێکڕا لەو کۆبوونەوەدا ساخ بووینەوە نۆبە بدرێت بە لکی کاک محەممەد سیریژ بۆ یەکەم چالاکی. دوای ئەوە داوام لە هاوڕێیان بەگشتی کرد بۆ پاراستنی ئەو نهێنییە تاکو کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکە. هاوڕێیان بڵاوەیان لێ کرد. من مامەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ کاک محەممەد بەرنامەیەکی باش داڕێژین کە شانسی سەرکەوتنمان زۆرتر بێت. کاک محەممەد گوتی پێم خۆشە دووقۆڵی باس لەو بەرنامە بکەین کە پێشبینیم کردووە. ناوبراو گوتی ئێمە تۆپی سەدوپێنجمان هەیە و تۆپچی باشیشمان هەیە. کاك حەسەن لەیلان تۆپچییەکی باشە بەو مەرجە تۆ بتوانی تەرتیبی ئەوە بکەیت کە ماوەیەک پێش هێرشەکەی ئێمە بە چاودێری خۆت بە تۆپ لەو بنکانە بدەن. ئەگەر تۆپەکان بتوانن لە هەدەف بدەن دڵنیام کە سەرکەوتنمان حەتمیە. ساخ بووینەوە لە سەرەتای دەسپێکی هێرشدا کەڵک لە تۆپی سەدوپێنج وەرگرین بۆ لێدانی مۆڵگەی گردە سوور. تۆپەکانمان لە ئەشکەوتێکدا بوون لە نێوان گوندی خورنج و گردەبن. شوێنێکی قاییم و باش بوو. جەماعەتێک پێشمەرگە پارێزگارییان لێ دەکردن. یەکەم جارم بوو بچمە ئەو شوێنە. یەکێک لە تۆپەکانمان بە تراکتۆر هێنایە نزیک گوندی سۆغانلو و لەنێو بێشە و چنارستانێکی زۆر چڕدا جێگامان بۆ دروست کرد و بە شێوەیەکی ئەوتۆ دامانمەزراند کە ئەگەر هەلیکۆپتەر بهاتایە ناوچەکە نەیتوانێ بیدۆزێتەوە. ناردم بەدوای حەسەن لەیلان. وەک لە بیرم بێت لە لکی مەلا باییزدا خزمەتی دەکرد. تۆپەکەم تەحویل دا و چەند پێشمەرگەشم بۆ هاوکاری لەلای هێشتەوە بۆ پارێزگاری لە خۆیان و تۆپەکە. کاک حەسەن ئەو ڕۆژە تا ئێواری خەریکی پاککردنەوەی تۆپەکە بوو کە چەند بەشێکی ژەنگی هێنابوو. ئەوەی بۆی کرا بە نەوت و ڕۆنی تایبەت پاکی کردەوە و ژەنگەکەی لێکردەوە. نزیک بە بیست گوللە تۆپمان ئامادە کرد بۆ چالاکیی ڕۆژی دوایی. بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامەیەکی دروست داڕێژین هەستام چووم بۆلای کاک محەممەد سیریژ و دوایین قسەمان کرد کە بەیانی ڕۆژی دوایی سەعات هەشت دەست بکەین بە تۆپبارانی مۆڵگەی گردە سوور و پاش تۆپبارانەکە بە گورجی و خێرایی پێشمەرگە هێرش بکەنە سەر مۆڵگەکە. من هەر ئەو شەوە لە درەنگانێکدا گەڕامەوە بۆ بنکەیێ هیز. بەیانی پێش سەعات هەشت لە سۆغانلو لای تۆپەکە و هاوڕێیان ئامادە بووم. کاک حەسەنی تۆپچی پیش من خۆی ئامادە کردبوو و چاوەڕوانی بڕیار بوو. ئیتر من چوومە سەر بەرزاییەک لە

پشت تۆپەکەوە کە لەوێوە مۆڵگەی گردە سوور دیاربوو. لە نێوان من و کاک حەسەندا دوو بێسیمی دەستیی بچووکمان پێبوو بۆ پەیوەندیی نێوانمان لەمەڕ ئاکامی تۆپبارانەکە. دوای ئەوە کاک حەسەنم ئاگادار کرد دەستبەکار بێت. یەکەم و دووەم تۆپ سەریان کرد و ئاگادارم کردەوە. بەدوای ئەوەدا گوللەی تۆپەکان بەردەوام دەکەوتنە نێو سەنگەرەکانی دەوروبەر و نێو مۆڵگەکە. تۆپبارانێکی چڕوپڕمان کرد. بە دووربین ئەمانبینی نەفەراتی مۆڵگەکە بەملا و ئەلادا هەڵدێن و دووکەڵ لە هەموو کوێیەکی مۆڵگەکە بەرز بۆوە. ئیتر لەو کاتەدا کاک محەممەد بە بێسیم ئاگاداری کردم کە تۆپباران ڕاوەستێنین. نۆبە گەیشتە هێرشی کاک محەممەد و پێشمەرگە ئازاکانی. زۆر بە خێرایی توانیان هێرش بکەنە سەر مۆڵگەکە و مۆڵەتیان پێنەدان دەست بکەنەوە و لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان بەسەر مۆڵگەکەدا گرت. بەدوای هێرشی پێشمەرگەکاندا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بە ماشین بە جادە فەرعییەکاندا، کە زۆرتر جادەی تراکتۆر بوو، گەیشتینە مەیدانی شەڕەکە و کاک محەممەدم بینی کە لە سەر گردە سوور دەهاتە خوارێ. بەرووپیری چووم و یەکترمان لە ئامێز گرت و دەستخۆشانەم لە خۆی و پێشمەرگەکان کرد بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیە. هەواڵی شەڕەکەم لێ پرسی، گوتی هێشتا هەواڵی پەلی کاک سەید ڕەسوڵمان پێ نەگەیشتووە بەڵام بەخۆشییەوە جەماعەتی ئێمە بەدوای ئەو سەرکەوتنە گەورەدا شەهید و بریندارمان نییە، لە کاتێکدا دوژمن زیاتر لە دە نەفەر کوژراو و چەند بریندار و دیلیان لەدەست ئێمەدایە کە یەک لەو دیلانە ئەفسەرێکی ستوان سێیە. دەسکەوتی زۆریشمان چەک و تەقەمەنی هێنایەوە و چەند ماشینیش کە ئیمکانی هێنانیان نەبوو هەر لەوێ ئاگرمان تێبەردان. باقی نەفەراتی مۆڵگەکە بەرەو مۆڵگەی عارەبان هەڵاتن. بەڵام پەلێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی کاک سەید ڕەسوڵ ئەحمەدی، ناسراو بە سەید ڕەسوڵە چکۆڵە، دیاریمان کردبوون بۆسەر مۆڵگەی عارەبان بە مەبەستی ئەوەی کە سەرگرم کرێن تاکو نەتوانن بە هاواری مۆڵگەی گردە سوورەوە بێن. هەر لەو ماوەدا بوو کاک سەید ڕەسوڵیش گەڕایەوە. دیار بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو مۆڵگەیە لە تۆپبارانی گردە سوورەوە هۆشیار دەبێتەوە و بەهۆی هەستکردنی لێدانی مۆڵگەی گردە سوور ئامادەییان زۆرتر هەبووە و لە نزیکبوونەوەی پێشمەرگەکان لێیان، ئەوان زووتر دەستدێن و تەقە لە پێشمەرگەکان دەکەن. بەداخەوە لەو پەلە پێشمەرگەدا چوار شەهیدمان بووە لەگەڵ برینداریك. بریندارەکە فەرماندەی پەلەکە دەبێت بە ناوی کاک سەید ڕەسوڵی ئەحمەدی. شەهیدەکانیش ئەم کەسانە بوون: مەحموود خەلیفانی ناسراو بە مەحموود سمێڵ، محەممەد گولابی، محەممەد ئاهەنگەر و حەسەن پوریان ناسراو بە حەسەن زێنێ. هەرچەند گرتنی گردە سوور بە باشترین و سەرکەوتووترین چالاکی دەژمێردرا لە هێزی ئاوارەدا بەڵام بەداخەوە شەهیدبوونی ئەو چوار ڕۆڵە کوردە و بریندار بوونی فەرماندەی پەلەکە جێگای داخ و پەژارە بوو. بەخۆشییەوە کاک سەید ڕەسوڵ برینەکەی چاک بۆوە و ئێستا لە ژیاندایە. بۆ ئاگاداری دروست لەمەڕ شەڕی گردە سوور و گردی عارەبان لەگەڵ سەید ڕەسوڵ بە تەلەفۆن قسەمان کرد و ڕوونکردنەوە و زانیاری باشی دامێ چ لە ناوی

شەهیدەکان و چ لە گشت ڕووداوەکە. بۆخۆیشم لە بیرم مابوو بەڵام بۆ دڵنیایی پێم چاک بوو لەگەڵی قسە بکەم. بەم جۆرە ئەو چالاکییەش تۆمار کرا لەگەڵ دەیان چالاکیی دیکەی هێزی شەهید ئاوارە لە مێژووی ئەو هێزەدا. بەتایبەت ئەم چالاکییە کاریگەری باشی هەبوو لەسەر خەڵکی ناوچەکە و بەرزبوونەوەی ورەی پێشمەرگە و دابەزینی ڕۆحیەی دوژمن. ئیتر دوژمن بەدوای ئەوەدا هەستی کرد کە پێشمەرگە توانای هەیە بە تۆپی گەورە مۆڵگە و بارەگاکانی تێکوپێک بدا. هەروەها لەم بارەوە لەگەڵ هاوڕێم کاک سەید عەلی هاشمی، خەڵکی پیرانشار و کادری یەکێک لە کۆمیتەکانی ناوچەی پیرانشار، بۆ هاوفکری و زانیاری لەسەر ئەو ڕووداوە قسەم کرد ئەویش هەر بەو جۆرە کە نووسراوە باسی کرد.

## کۆتایی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم

لێرەدا کۆتایی بە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکان دەهێنم. هەروەک پێشتر داوام لە هاوڕێیان و دۆستان کردبوو، دووپاتی دەکەمەوە کە ئەگەر کەسانێک لە بەسەرهات و ڕووداوەکاندا هەبوون و لە یادم چووە ناویان بهێنم، داوایان لێدەکەم بە گەورەیی خۆیان بمبوورن. سوپاسیان ئەکەم ئەگەر زەحمەت بکێشن بە هەر وەسیلەی ئیمکان چلۆنایەتی ڕوواداوەکەم بۆ بنێرن هەتا لە بەشی دووەمدا بینووسمەوە. یاخود ئەگەر پێیان وایە هەڵەیەک هەیە دووبارە ئەتوانن یارمەتیم بدەن بۆ ڕاستکردنەوەیان.

بۆ نووسینی ئەم بەشەی بیرەوەرییەکانم بە تەلەفۆن یان لە نزیکەوە، لەگەڵ هەر یەکە بۆ شتێکی تایبەت بە خۆی، پرسیارم کردووە و ئەوانیش بەقەد زانیاریی خۆیان هاوکارییان کردووم و وەڵامیان داومەوە. پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم کە لە نووسینەوەی ئەم کتێبەدا یارمەتییان داوم.

بۆ بەشیک لە ڕێککەوتەکان و چەند زانیارییەکی دیکە لەم سەرچاوانە کەڵکم وەرگرتووە: کتێبی نیو سەدە تێکۆشان، هەر دوو ژمارەکەی لە نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە. کتێبی جغرافیا و تاریخ بانە لە نووسینی کاک ڕەئوفی تەوەکولی. بیرەوەرییەکانی کاک کەریمی حیسامی. کتێبی لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٢ تاکو ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی لە نووسینی کاک مەلا محەممەدی خزری. کتێبی پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن لە نووسینی کاک نەوشیروان مستەفا. کتێبی حەمەڕەشید خانی بانە لە نووسینی کاک کەیوان ئازاد ئەنوەر.